




# بەشێک لە بابەت و نووسراوەکانی
# هاوڕێ برایم جەهانگیری

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤ ...................... لاپەڕەی ............... ١١

١- نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان...

٢- نە مێژووی حەسەن زیرەکتان بۆ خەوشدار دەبێ و نە مەهابادتان بۆ بەچۆک دادێ...

٣- پێشمەرگە...

٤- زستان...

٥- شەڕی چارە نووسساز...

٦- داعش و کوردو سیاسەت...

٧- سەرکەوتنێکی گەورە بۆکوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان...

٨- کێ راست دەکا ؟ ئێمە یان ئەوان؟...

٩- بڵێی داعش و گروپە دەسکردەکەی دوژمن کورد لە خەوی گران ڕاپەڕێنێ؟...

١٠- سیاسەت زانستێکی واقعبینانە...

١١- لە یادی ساڵوەگەری مامۆستا هێرش کاک سولەیمان چیرە...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥...................... لاپەڕەی ............... ٤٠

١- واقع لە دەرەوەی خواست و ئیرادەی مرۆڤەکان وجوودی هەیە...

٢- با لێشیان فێر بین و هەستیش بە مەترسی بکەین!...

٣- لە یادی محەمەد حەلاق و هاوڕێیانی دا...

٤- ئایا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە ناوەندی شەڕیکی گەورەی ئیقلیمی...

٥- ئێران لە سەراولێژی دارماندا...

٦- مشت لە درێشە دەگەڕێتەوە...

٧- تاڵە ژین دایکی کورد...




سەرچاوە
Serchawe

٨- ئایا سەرکەوتنی هەدەپ سەرکەوتنی کوردیش مانا دەکرێتەوە؟...
٩- ئێران لە رێگای پ ک ک و یەکیەتییەوە شەڕ بە کورد دەفرۆشێ...
١٠- تاڵە ژین: بۆچی نیگەرانم، بۆ بێ سڵ کردنەوە کورد کوشتن مەحکووم دەکەم!...
١١- پ ک ک میلیشیایەکی چەکدار نەک حیزبێکی سیاسیی...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٦...................... لاپەڕەی .............. ٧٤

١- تاڵە ژین: شاهیدیەک بۆ مێژوو...
٢- هەڤپەیڤین دەگەڵ بەرێز برایم جەهانگیری نووسەر و چالاکی سیاسی بەبۆنەی ٨ی مارس...
٣- تالە ژین لە دەلاقەیەکی بچووکەوە...
٤- خۆتان شلوێ مەکەن ئەوە حەقیقەتی کۆمەڵگای ئێمەیە...
٥- شارلاتانیزم، لۆمپەنیزم...
٦- کۆنگرەی ١٦ حدک و بەرپرسیارەتی مێژوویی...
٧- تاڵە ژین، مامەکەریم و خاڵە محەمەد...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧...................... لاپەڕەی .............. ٩٤

١- ٢٠١٧ مان زۆر خەراپ بەرێ کرد چۆن بەرەو ٢٠١٨ دەچین؟...
٢- سەرکردەکان سەت هەلتان لەدەست دا هەلێک بقۆزنەوە...
٣- جەنابی شێخ لاهوورێوە لەسەودای سیاسەت دا هەر فرۆشتن فێر بوون!...
٤- هەوڵی بێئاکام...
٥- دەوڵەت بەشەق دروست دەبێ نەک بە دێمۆکڕاسی...
٦- ئەترسم خەیانەت ببێ بە کولتووری کوردان...
٧- مام جەلالی ئێوە و ئەبووبەکری ئێمە...
٨- هەست و ئیحساس، نەتەوە نیشتمان...
٩- گۆران بەر لە گۆڕینی کوردستان پێوستی بە خۆ گۆڕین هەیە...
١٠- تەنیا بەرپرسی شکستی کورد بنەماڵەی خائینی تاڵەبانین...

١١- حەیا دڵۆپێکە ئەگەر تکا تکا...
١٢- پیلانی گەورەتر بەڕێوە...
١٣- فشە بە ئازادی...
١٤- کەس گوێت ناداتێ تا نەبییەوە بەهێز...
١٥- هاوارێک بۆ کوردستان...
١٦- ئایا پارتیش خەیانەتی کرد؟...
١٧- بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی، بۆ یەکێتیە کوردستان فرۆشەکان...
١٨- شرۆڤە هەڵەی هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد...
١٩- لە کاناداوە پەیامی کوردێکی بێ وڵات و بێناسنامە بۆ دەنگدەرانی باشوور..
٢٠- گۆڕان براوەیە یان دۆڕاو هەر خۆی بەرپرسە ڕۆژهەڵاتی گوناهیان چییە؟...
٢١- کاک بەهروز گەلاڵی بەڵێ دەوڵەت بە عەقڵ و مەنتیق دروست دەبێ...
٢٢- جیاوزی من و تۆ لەنێوان داکۆکی لەسەربەخۆیی و دژایەتی کردنی دا...
٢٣- سایکس پیکۆی نوێ...
٢٤- ئەمن دەیڵێم و بێباکم...
٢٥- کاک شاسوار عەبدولواحید ئاگات لەخۆت بێ دەتکوژن...
٢٦- سازی ناساز سەمای تێکەڵ نەزانینی سیاسەت...
٢٧- خێڵ و بەرەی نا بۆڕیفراندۆم لەچی دەترسن؟...
٢٨- دەنگی گەل لە دروشمەوە بۆ کردار...
٢٩- چەپی کورد و پرسی نەتەوە و نیشتمان...
٣٠- گۆڕان لە کێبەرکێیەکی چارەنووسسازدا...
٣١- لە شۆڕشگێرێکی پارلەمانتارەوە بۆ پۆپۆلیستێکی سەرشەقام...
٣٢- نامەیەکی کراوە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان...
٣٣- حەقیقەت تاڵە...
٣٤- کوڵی گریانێک لە بوغزی عومەر نەک حوببی عەلی...
٣٥- لە پەراوێزی هەندێ قسە و قسەلۆکی بێمانا...
٣٦- ریفراندۆم رێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران...
٣٧- دەستی چەوری خۆتان دەسەر ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی هەڵمەسوون...
٣٧- دەردە کورد...

٣٨- ئەو کوردستانە نیوەی زیاتری سەلاحی خەدیوە...
٣٩- سیامەک عەلیار ئەو کەسەی کەم ژیا و کەڵ ژیا...
٤٠- دەگەڵ تۆمە هاوڕێم دۆستم!...
٤١- کاوە قریشی بە کجا چنین شتابان...
٤٢- لە یادی ناسری قالە کرمانج دا...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٨....................... لاپەڕەی ............... ١٧٩

١- ڕۆژهەڵاتیەکان دەبێ شانازی بە خۆیانەوە بکەن...
٢- بارزانی و دوژمنانی بارزانی...
٣- تۆکێی؟ تۆچی؟ تا بژاردەی ئەمریکا بی؟...
٤- تاڵە ژین: دنیایەکی کڕ...
٥- پێشمەرگەو ئەو...
٦- کۆماری کوردستان و ٢ سەرنج...
٧- دیسانیش با دیواری هیواکانمان هەر لە سەر باوەربەخۆبوون هەڵچنین..
٨- ئێمەو ئەوان...
٩- کورد خۆی هەر خۆی بەرپرسی هەموو نەهامەتیەکانی خۆیەتی...
١٠- نەڵێی پ ک ک سیاسەتی چەوت و سەقەتە دەنا تۆ دژی شەڕوانی کوردی!...
١١- شەڕی عەفرین لە نێوان سووریا و تورکیادا...
١٢- ئایا شەڕی سووریا بەرەو شەڕێکی گەورەی ناوچەیی دەچێت؟...
١٣- کە ئیرادەی بەرگری هەبوو دیفاع لە خاک ونیشتمان دەکرێ...
١٤- هەر بەڕاستی بڵێی گەلێ ئێمە هەر ئەوەندە عەقڵی بڕ بکات؟...
١٥- ڕۆژئاوا قوربانی دروشم و قسەی زل...
١٦- پ ک ک ییەکان دەستی چەوری خۆیان دەسەری خەڵکی هەڵدەسوون...
١٧- ترامپ و هەڵوەشانەوەی بەرجام و پرسیارێک...
١٨- مەنگورەکان، حیزبی دێمۆکرات و سیاسەت...
١٩- دوکتور عەبدوڵای ئەبریشمی و کۆمەڵەی ژ - ک...
٢٠- ئێران و دووڕییانی نەمان...

٢١- حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسایەتی لە ئاست هاوولاتیان...

٢٢- ئیرادەو باوەڕ بە خۆ بوون...

٢٣- سەرکردەکان ئێوەش دەمرن...

٢٤- ئایا حیزبی دیمۆکڕات داگیر کراوە؟...

٢٥- با کەس فریوی درۆ چەوشەکاری دوژمن نەخوا...

٢٦- من وا نەبووم...

٢٧- بۆ ئەوانەی بە خوێنی گەل بە ڕێ دەچن...

٢٨- ترۆر لە دەمانچەی بێدەنگەوە و بۆ مووشەکی زیرەک...

٢٩- بۆ قەلا نیشینان...

٣٠- پێشنیارێک بە خەباتکاران و چالاکانی سیاسیی و مەدەنی ناوخۆ و دەرەوە...

٣١- حیزبەکانی ڕۆژهەلات کەرکووک ئازاد بکەن...

٣٢- تکایەکی برایانە...

٣٣- پرسیارێک لە دیمۆکراتەکان و هانا و هاوارێک...

٣٤- ڕەسووڵ نادری ماڵئاوا...

٣٥- ئەگەری دووباره هێرشکردنه سەر قەلا زۆره...

٣٦- کورد دەڵێ بە بووکیان بردن...

٣٧- تاکە حیزبێک لە باشوور مابێ پارتی دیمۆکراتی کوردستانە...

٣٨- رۆژی سەرخستنی ریفراندۆم پیرۆز بێ کوردستانم...

٣٩- گلەییەک لە حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران...

٤٠- خواستی یەکگرتنەوە و کردەوەی کەمپینەکان...

٤١- قسەیەک لەسەر هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان...

٤٢- ئێمەو ئەوان...

٤٣- سبەی ئێوە شەرمەزار دەبن...

٤٤- حووسیەکانی کوردستان...

٤٥- ١٦ی ئۆکتۆبر رۆژە ڕەشەکەی کورد...

٤٦- کۆماری کوردستان و ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان...

٤٧- ڕەنج بە خەسار...

٤٨- پێشمەرگەی نەخوێندەوار بەلام ئاگا فەیلەسووفی خوێندەوار بەلام گەمژە...



سەرچاوە
Serchawe

٤٩- ئەوڕۆ ١٦ی ئۆکتۆبر بوو...
٥٠- فەرهاد سەنگاوی شەرم بتگرێ...
٥١- شرۆڤە مەسلەحەتیەکان لەبارەی ڕێفراندۆم و خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبر...
٥٢- حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە کوێوە بۆ کوێ...
٥٣- ئەگەر ئازادیش بێ ئازادی جادەیەکی یەکتەرەفە نییە...
٥٤- ون بوون لە گێژاوێک بەناوی حیزبدا...
٥٥- ئێمەو ئەرکە هەنووکەییەکان...
٥٦- با حدک پەرە بە جیاوازیەکەی خۆی دەگەڵ حیزبەکانی دیکە بدا و شانازیشی پێوەبکات...
٥٧- جێوازی نەتەوەیی بوون و حیزبی بوون...
٥٨- قۆنتراتی موخالیفەت...
٥٩- پۆزی ڕۆناکبیری...
٦٠- هەر سەبارەت بە کەر و سەنتوورەکە ئیسلاح تەڵەبی گوناە نیە...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٩ ...................... لاپەڕەی ............... ٣٠٠

٦١- سەعد قازی لەژێر تیغی بێ ئینسافیدا...
٦٢- ڕۆژهەڵات تەوەرەکان بۆ لەئاست ترۆر و کوشتنی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات بێدەنگن؟...
٦٣- قاسملوو...
٦٤- تاڵە ژین...
٦٥- جنێوفرۆشی لەجیات ڕەخنە کولتوورێکی مەترسیدار...
٦٦- جنێودان محەکی شۆڕشگێری نیە...
٦٧- دوو هۆکار بۆ زیندوو مانەوەی کورد...
٦٨- قاسملوو و ڕێڕەوانی...
٦٩- من بۆ باوەڕەکانی خۆم دەنووسم...
٧٠- ویدۆی وەحشیگەری تورک بەرامبەر بە ئاڵای کوردستان و چەند سەرنجێک...
٧١- پرسیار و وڵامەی پرسیارەکان...

٭ وڵامی کاک قادر وریا...

* وڵامی کاک سەعید بەیگزادە...

* وڵامی کاک ڕۆستەم جەهانگیری...

* وڵامی کاک حوسێن یەزدانپەنا...

* وڵامی کاک رەزا کەعبی...

٧٢- دۆڕان کاڵکان: نابێ بە تەنها باشووری کوردستان ئیسراحەت بکات...

٧٣- پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە نان وئاو پێویستترە...

٧٤- مرۆڤ و ژیان و سەربردە...

٧٥- مرۆڤ و خوو و خدە...

٧٦- خەباتی مەدەنی چیە خەباتکاری مەدەنی کێیە...

٧٧- لەباسی ئەحمەد تۆفیق دا...

٧٨- قسەیەک دەگەڵ کاک کاوە ئاهەنگەری...

٧٩- تۆ بڵێی ئەو خەوە هەستانی بێ...

٨٠- کورد وەستای لەدەست دانی دەرفەتەکان...

٨١- لە خۆبایی...

٨٢- یاد و ناوی تازەترین شەهیدانی حیزب و گەل لە دڵدا زیندوو...

٨٣- مودیرنیەت و خێڵ لە ڕوانگەی چەپڕەکەکانەوە...

٨٤- بزووتنەوەی کوردایەتی و چەند سەرنجێک...

٨٥- شەهیدانی ١٧ی خەرمانان...

٨٦- مودیرنیەت و خێڵ لە ڕوانگەی چەپڕەکەکانەوە...

٨٧- دوایین نامە...

٨٨- عەداڵەت...

٨٩- کۆمەڵە و نەبوونی ئاڵای کوردستان لە یادی شەهیدی نەمر کاک فواد...

٩٠- مەرگ بر سەربەخۆیی خواز... مەرگ بر سەربەخۆیی!...

٩١- ئەورێژیمە بە تۆ ناڕووخێ دەزانم بەڵام ...

٩٢- پرسیار؛ خودموختاری تا سەربەخۆیی...

٩٣- ڕۆژێک پڕ لەشانازی و شکۆ...

٩٤- بۆ ئەوانەی نایان هەوێ بزانن کە ڕیفراندۆم دەسکەوتی چی بوو...



سەرچاوە
Serchawe

٩٥- ئافەریم ئیلهام ئەحمەد...

٩٦- کورد شەڕکەری چاکە!...

٩٧- تەواری ئازادی...

٩٨- پەشێویش ئیتر مەزن نەما...

٩٩- ئارامییەک پێش تۆفان...

١٠٠- چەند سەرنجێک لەسەر هەڵبەز دابەزی فەیس بووک...

١٠١- سمایل بازیار و سەرکەوتنێکی دیکە...

١٠٢- نقورچێکی بەرەبەیان...

١٠٣- خۆپێشاندانی ئەمڕۆی تۆرۆنتۆ...

١٠٤- هەندێ کەس ڕەخنە دەگرن...

١٠٥- مامۆستای جواننووس شێرکۆ هەژار لە سەر ئاڵا دنووسێ...

١٠٦- بایکۆت تاکە بژاردەی کوردە...

١٠٧- لە ئیدیعاوە تا حەقیقەتی روون...

١٠٨- یان ڕەش یان سپی...

١٠٩- یۆسفی قازی کەسایەتی خۆش نێو و خێرخوازی مەهاباد یادت هەمیشە سەوز...

١١٠- نقورچێکی بەرە بەیان...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠٢٠.......................... لاپەڕەی ............... ٤٠٦

١١١- کوردستان، نیشتمانی باب وباپیران، ساڵێ تازەت پیرۆز بێ...

١١٢- هۆکاری کەمی بەشداربوانی مەهاباد لە مەراسیمی بە خاکسپاردنی قوربانیانی فرۆکە ئوکراینییەکە چ بوو؟...

١١٣- هاوارێک کە نازانم ئایا گوێ فاشسیتەکان دەیبیسێ یان نا...

١١٤- حکوومەتی هەرێم و هەڵوێستە فەرمیەکان...

١١٥- ڕۆژهەلاتتەوەری لە دروشمەوە بۆ کردار...

١١٦- بایکۆتیهەڵبژاردن...

١١٧- مەلاڕەسوڵی پێشنماز، قوتابخانەی دێمۆکڕات...

١١٨- ئێران ناوەندی بڵاوبوونەوە وایرۆسی کرۆنا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست...

١١٩- دیاری هیوا و دەردەسەرییەکی تازە...

١٢٠- کورد لەبەردەم تاقیکارییەکی کەموێنەدا...

١٢١- قسەیەک دەگەڵ خوشک وبرایانی موسوڵمانی کوردستان...

١٢٢- دەوڵەت و نەتەوە ونیشتمان و چەپی سەقەتی کوردی...

١٢٣- شاعیری کوردپەروەر ناسری ئاقابرا بەجێی هێشتیین...

١٢٤- ئێمەو کەیسی مستەفا سەلیمی غەدرلێکراو بەرەو کوێ؟...

١٢٥- پرسیارێک بۆ ڕەخنەگرانی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە...

١٢٦- ترامپ و بێبەختی خۆی...

١٢٧- سەرکردەکان بەویژدانەوە چاوێک لە چاوی شەهیدان بکەن...

١٢٨- کورتە پەیامێک بۆ کاک مستەفا هیجری و موخالیفانی لە ناو حدکا...

١٢٩- وشیاری هەمە لایەنە و خوێندنەوەی ڕووداوەکان وەکوو خۆی ئەرکە...

١٣٠- دیمۆکراتەکان با دەداوی پیلانی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی نەکەون...



# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان

### بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعوود بارزانی

وەک کوردێکی رۆژهەڵاتی و وەک تاکێکی چالاکی سیاسیی هەتا ئێستاش جەنابتان و هەڵسووکەتی جەنابتان و هەڵوێستە نەتەوەییەکانت بۆم جێگای سەرنج بووە و هەیە، نەک بۆم جێگای سەرنج بووە بەڵکوو زۆر جاران سەرەڕای جەوێکی زۆر سەخت و دژواری دژایەتی بارزانی و پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بێگومان ڕیشەکەی لە ستراتیژی سیاسیی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ و لەوێوە دەخزێتە ناو سیاسەتی تاک و لایەنی کوردییەوە، هەمیشە و بە ڕاشکاوی پشتیوانی هەڵوێست و کردارەکانی جەنابتان بووم. دیارە نەک من بەڵکوو بە خاترجەمی زۆربەی کوردی رۆژهەڵات لەو بارەوە هەمیشە بەچاوێکی رێز و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی سەیری جەنابتیان کردووە.

گومانم نیە بەڕێزتان زۆر چاک ئاگادارن کە حکوومەتی ئیسلامی ئێران هەمیشە دژایەتی راستەوخۆی جەنابت و پارتەکەت و حکوومەتی هەرێمشی کردووە ، ئەو دژایەتیەش ڕاست بەو هۆکارانەیە کە من باسم کردن و کوتم کە کوردی رۆژهەڵات لایەنگرتانن. ئێران بە ڕوونی لە بەرەی دژی جەنابتان دایە، هەر لە هەڵوێستە نەتەوەیەکانتان ڕا بگرە تا نزیکیتان لە رۆژئاوا و لە سەرووی هەموانەوە ئەمریکا و دژایەتی حکوومەتی بەشار ئەسەدی دڕندە و دیکتاتۆڕهەر هەمووی دژایەتی ڕاستەوخۆی هەیە دەگەڵ ستراتیژی سیاسەتی ئێران لە ناوچە و جیهاندا.

ڕەنگە باش ئاگاداری سیاسەتەکانی ئێران بی لە دەغەڵبازی و درۆزنیدا بەڵام با من یەک دوو نموونەی بچووکتان وەبیر بێنمەوە. ئێران ئەوا چەندین ساڵە لە بەرنامەی وزەی ئەتۆمی دا کێشە و گەنگەشەی دەگەڵ هەموو جیهان دا هەیە، چەندین جار دانیشتنی کردووە و هەڵوەشاوەتەوە و هیچ پێکهاتنێک لە نێوان حکوومەتی ئیسلامی ئێران و ناوەندی وزەی ئەتۆمی و لایەنە پێوەندیدارەکانی رۆژئاوادا نەکراوە، لە ڕاستیدا ئێران بە ئاشکرا ئەو ناوەندانە بە گێل دەزانێ و کات دەکوژێ و لە بنەوەش هەر خەریکی کاری خۆیەتی! ئێران بە ئاشکرا کڵاو لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەنێ، درۆیان

دەگەڵدا دەکات، لە تازەترین دەهۆ و فێڵدا پاش ئەوەی گەمارۆی سەختی خرایە سەر ئەوجار دووبارە دانووستاندن دەستی پێکرد، هەندێ شەرتی سەرەتایی قەبووڵ کرد تا پارە دەست بەسەر داگیراوەکانی وەرگرتەوە. ئێستا دووبارە خەریکە سەوداکە تێکدەچێ و سەرەداوی فریودانی دووبارەی رۆژئاوا خەریکە وەدەر دەکەوێ. ئەوە نموونەیەکە کە ئێران هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە لارێدا دەبا جا تۆ بڵێی کوردی باشوور و حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆ لەبەرامبەر پیلانەکانی ئێرانی ئیسلامیدا بگرن ئەوەیش بەو ماڵە شپرزەیەی حکوومەت و حیزبەکان هەیانە؟

ئێران سوور دەزانێ لە ناوچەدا تەنیا یەک لایەنی کوردی زەق و بەرچاو هەیە کە دژایەتی پیلانە سیاسیی و ستراتیژیەکانی ئەو دەکات، یان لەگەڵ ستراتیژی سیاسیی ئەو د اهاوتەریب نییە. ئەویش پارتی وبارزانییە، ئەو دەزانێ بەو هۆکارەی کە من باسم کرد کوردی رۆژهەڵات لە پارتی و لە بارزانی نزیکترە، سیاستەکانی ئێوە لە بەرژەوەندی کوردی رۆژهەڵات دابوون، لەگەڵی هاوتەریب بوون. هەر بۆیە رۆژهەڵات و باشوور لە زۆر پرسدا یەکدەنگن، لێت ناشارمەوە و من و زۆر کەس لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی هەر لەسەر ئەو هەڵوێستانەی بەرامبەر بەجەنابت و حکوومەتی هەرێم هەمانە زۆر جاران کەوتووینە بەر تانەو تەشەر، بەڵام نە من ونە کەس لەو دەستەیەی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی جەنابت بەرز دەنرخێنن قەتمان گوێ بەو قسە و تانە و تەشەرانە نەداوە و دیسانیش تا لە سەر هەڵوێستەکانت سوور بی بە دڵنیاییەوە زۆربەی کوردی رۆژهەڵات پشتیوانتن.

بەڵام ئەوەی منی هێنایە سەر نووسینی ئەم نامەیە ئەوەیە کە بەڕێزتان یان بە ڕاستی ئاگاتان لەو هەڵوێستەی کوردی رۆژهەڵات نیە و یان دەبێ بۆتان گرینگ نەبێ کە بە هەڵسوکەتی نەگونجاوی دوور لە نەریتی کوردانەتان زەبر لە پێگەی خۆشەویستی خۆتان لە ڕۆژهەڵات بدەن، ئەگینا چۆن دەبێ ئاگاداری پیلانی ئێران نەبی کە چۆن خەریکە بن کۆڵی ئەو دیوارە متمانەیە دەکا کە لە نێوان ئێوە و کوردی رۆژهەڵاتدا هەیە؟ ئێران ئاگاداری ئەو پێگەیە هەیە و بە پیلانی زۆر مەترسیدار و بێ ئابڕووانە خەریکە زەبری قەرەبوو نەکراوت لێدەدا. داخی گرانم ئەوەی لە یەک دووڕۆژی ڕابردوو دا دیتم هەرگیز لە هەڵوێستی بەڕێزتان و لە باوەڕی جەنابتان چاوەڕوان نەدەکرا! ئایا ئاگات لێ نییە قاسملووی کوردان چەندە خۆشەویستە لە ڕۆژهەڵات و بگرە لە باشووریش؟ ئایا ئاگات لەوە نییە کە ئەوەی جەنابت دەستت خستۆتە دەستییەوە قاتڵی دوکتور قاسملوویە؟! سەحراروودی ئەو تڕۆریستە دڵرەق و ترسەنۆک و خوێڕی وسەخیفەیە کە دوکتور قسملووی پێشمەرگەی لە سەر مێزی وتووێژ دا زۆر نامەردانە تڕۆر کرد و جەنابیشت ئەوە باش دەزانی! چۆن دڵت بڕوای دا دڵی میلۆنان کوردی رۆژهەڵات بریندار بکەیەوە و دەستی جوامێرانەت بخەیە ناودەستی گڵاو و خوێناوی قاتڵی دوکتور قاسملوو؟!

بەڕێز مەسعوود بارزانی من نازانم دەبێ چ بکەی؟ دەبێ داوای لێبوردن بکەی؟ دەبێ روون کردنەوە بدەی؟ دەبێ بەیاننامە دەر بکەی وبڵێی جارێکی دیکە سەحراروودی بۆی نییە پێ بخاتە خاکی باشووری کوردستان! نازانم دەبێ چ بکەی بەڵام سوور

دەزانم دڵی بریندارى میلۆنان کوردی رۆژهەڵاتت وەها کولاندەوە کە لە گوتن نایە. تکایە سەیری ئەو وێنەیە بکە و بزانە کێ بۆی بڵاو کردوویەوە ، هەر ئێران و ماڵپەڕەکانی ئێران بەو مەبەستەی من ئاماژەم پێکردووە بۆیان بڵاو کردوویەوە! مەبەست لە هێنانی بکوژی قاسملوو بۆ لای جەنابت تەنیا پێک هێنانی ئەو وەزعەیە کە لایەنگرە هەرە توند و تۆڵەکانیشت لە بەرامبەر رەخنەی کوردی رۆژهەڵاتدا متەقیان لێبڕاوە. ئاخر هەقمانە و ئەوەی ئێوە کردتان لە ئێوە نەدەوەشایەوە! تکایە.... دیسان تکایە ئەو متمانە و ئەو دیواری خۆشەویستی و رێزلێنانە وێران مەکە! کوردی رۆژهەڵات مەنتیقین، دەزانن باشوور پێویستی بە پێوەندی دیپلۆماسی و بازرگانی دەگەڵ دراوسێکانی هەیە و کەس نکۆڵی لەوە نیە، بەڵام نابێ لە پەنا پێوەندی دیپلۆماسی رێگا خۆش بکرێ قاتڵی سەرکردەیەکی کورد وەک کەسایەتی دیپلۆماتیک فەرشی سووری لەبن پێ رابخرێ! بەڕێز بارزانی ئەو وێنەیە و پەیامی ئەو وێنەیە لە مێشکی کوردی رۆژهەڵاتدا بسڕەوە، مێژوو حوکمی یەکجار خەراپت لەسەر دەردەکا... من دۆستی تۆم، رێزم بۆت هەیە و هەمیشە پشتیوانی هەڵوێستەکانت بووم، بەڵام بە دیتنی ئەو وێنەیە راستت بوێ شەرمەزار بووم شەرمەزار....!

تێبینی: تکام وایە ئەوەی دۆستی بارزانی یە ئەو نامەیە بگەیەنێتە بارزانی، ئەگەر پەرۆشی خۆشەویستی و کەسێتی مەسعود بارزانی لەو نامەیە ئاگاداری کەوە.

٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## نە مێژووی حەسەن زیرەکتان بۆ خەوشدار دەبێ و نە مەهابادتان بۆ بەچۆک دادێ

باسێکی دیکە لەسەر ڕاپرسیە ئامانجدارەکەی دەنگ و رەنگی رێژیم لە مەهاباد

دەنگ و رەنگی رێژیمی ئیسلامی ئێران لە مەهاباد لە ڕاپرسیەکدا کە وەک هەمووشتێک دەچوو جگە لە ڕاپرسی سێ دەنگبێژ و هونەرمەندی خستنە ناو کێ بەرکێییەکی ناعادیلانە کە ئەو کارە بە ئاشکرا ئامانجی زەبر وەشاندن لە هونەر و کولتووری کوردانی لە پشت بوو.

**یەکەم**؛ لە هەڵبژاردنی شێوەی ڕاپرسی دەبێ دوو شتی گرینگ ڕەچاو بکرێ یەکەم راپرسیەکە لە نێوان ئەو کەس یان لایەنانە دا بێ کە لە یەک بوار دا کار دەکەن، ئەگەرکارەکە هونەری بێ دەبێ سەبکەکان یەک بن و ناکرێ راپرسی لە نیوان دوو شێوازی جیاواز دا بکرێت و دەبێ ڕاپرسیەکە کارناسانە و هەڵسەنگێنراو بێت، بەڵام سەبارەت بە ڕاپرسیەی دەنگ و رەنگی رێژیم لە مەهاباد ئەو پرسیارە هەیە کە چۆن دەکرێ ڕاپرسی لە نێوان سێ هونەرمەند دابنرێ کە یەکەم:

یەکیان کورد بێ ودوویان فارس بن، یەکیان واتە حەسەن زیرەکی نەمر، زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە ژیاندا نەماوە وبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە هەموو دەسگا راگەیەنەرەکانی ئێرانیدا قەدەغە کراوە. ئەوەش بەو مانایەیە کە مەگەر مەمانان کە تەمەنمان لە سەرێیە ئەو دەم و کاتمان باش لەبیرە کە حەسەنزیرەک و چریکە بەسۆزەکەی زەوی و ئاسمانی کوردستان و تەنانەت ئیران و عێراقیشی داگرتبوو ودەنگی و ناوبانگی ئەو کەڵە هونەرمەندەمان هەر لە یاد و لە مێشکیدا ماوە ، دەنا خەڵکی دیکە بە تایبەتی بەرەی لاو لەو دەنگە سیحراوییە بێبەش کراوە ودەگەڵی نامۆیە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە رەوانشاد موورتەزا پاشایی لە ناوەندی دەنگ و رەنگی رێژیم دا ئاوازەکانی بڵاو دەبنەوە و هەن و قەدەغەیان لەسەر نییە. ئەوە سەرەڕای ئەمەی کە مورتەزا پاشایی هەر یەک دووهەفتە لەمەوبەر بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە گیانی سپارد و خەڵکێکی زۆریش بۆی بەداخ بوو و بە دڵنیاییەوە لاوانی هونەر دۆستی کوردیش لەو خەمبارییە دا بەشدار بوون . ئەگەر لێرە تەنیا سەرنجی ئەو کارەی دەنگ و رەنگی رێژیمی ئیسلامی لە مەهاباد بدەین دەبینین کە لە حاڵ و هەوایەکدا کە زۆر لاوی کوردیش هۆگری بۆ مورتەزا پاشایی هەبووە و خەمناکی کۆچی ناوەختی ئەو هونەرمەندە دەنگ خۆشە هێشتا بەرۆکی بەرنەداوە لەپڕ بەرەوڕووی پرسیارێکی ئامانجداری وا دەبێتەوە سروشتیە کە دەنگ بدا بە مورتەزا پاشایی. من وەک خۆم ئەو کارە هیچ بە تاوانی خەڵکی مەهاباد و لاوانی مەهابادیش نازانم، جگە لە هەمووی ئەوانە ، لاوی کوردیش مافی خۆیەتی گۆرانی کێی پێ خۆش بێ یان نەبێ ، ئەوە هیچ گوناە و سووچێکی لە پشت نییە، گوناە و تاوان لەوەدایە کە بەڕیوەبەرانی ئەو پیلانە ئامانجیان وردکردنی حەسەنزیرەک و شکاندنی هەیبەتی مێژوویی مەهابادە. دەنا ئەگەر وا

نەبوایە چۆن لە دوای ئەو هەمووە ناڕەزایەتیەی خەڵک سەبارەت بەو کارە ناڕەوایە هەیانبوو، بەرێوەبەران لە جیاتی ئەوەی داوای لێبوردن لە خەڵک بکەن بەوپەڕی رووهەڵماڵراوی دێن ودەڵێن ئێمە تەنیا پرسیارمان کردووە گوناهمان نییە؟! ئەوە خەڵکە رای خۆی دەربڕیوە؟! بەڵێ ئەوە لە پیلانەکانی ئیدارەی ئیتلاعات دەچێ و زۆر شارەزایانە کاری بۆ کراوە، ئەگەر کەسانێکیش ئۆباڵی ئەو سەرکەوتنەی ئیتلاعات دەگرنە ئەستۆی خۆیان و دەداوی ئەو پیلانە دەکەون ئەوە خۆیان لە داهاتوو و لە مێژووی خۆیان بەرپرسیارن.

**دووهەم**، سەبکی وتنی ئەو هونەمەندانە جیاوازە، مۆرتەزا پاشایی پاپی فارسی کوتووە و حەسەنزیرەکی کورد زیاتر گۆرانی و مەقامی فۆلکلۆری کوردی وتووەتەوە. پاشان هەر کام هی زەمەن و کاتێکی دیاری کراوی مێژووی هونەر و سیاسەت و کۆمەڵناسین، چۆن دەکرێ پێکیان هەڵکێشێ؟ کام ئوسوول و کامە پرەنسیبی ئەخلاقی ئەو ڕێگایە بە خۆیدەدا وێرای ئەو باسەی سەرەوە دەنگێکی قەدەغەکراوی لەبیرکراو لە پیلانێکی گڵاوی زاڵمانە دا بخرێتە ڕاپرسی دەگەڵ دەنگێکی ئەمرۆیی ئازاد و سەردەمیانە.

**سێهەم**، پاش ئەو ڕاپرسیە چما ئەو دەمگۆیەتان بڵاو کردۆتەوە کە مەهابادی قەڵای کوردایەتی و قوربانیدان پشتی لە کولتوور و هونەری کورد کردووە و رووی لە فارس و فارسیسم و هونەری داگیرکەران کردووە؟ ئەو دەنگۆیەتان ڕاستی ئەوە بۆچوونە دەسەلمێنێ کە ئەوە پیلانێکە و ڕاست بەو ئامانجە گەڵاڵەکراوە کە ئێوە مەهاباد و شاری کومار لە بەرچاوی خەڵک ڕەش بکەن و کێشە و دووبەرەکیش بخەنە ناو خەڵکی خودی شارەکە. بەداخەوە پیلانەکانی رێژیم هەمیشە لای روناکبیر و لای حیزب و لایەنی کوردیش هەر بە کەمتەرخەمی سەیری کراوە و زۆرجار بێ هەڵوێست بوون بەرامبەری ئەوانی وا لێکردووە کە خۆیان بە خاوەن هەق بزانن و ئەسپی خۆیان لە مەیدانی دوژمنایەتی کورددا تەقڵەکوت غاربدەن! ئەم بەشە لە رووناکبیر و لایەنی حیزبیش باشترین قسەیان لە کاتی وادا ئەمە بووە ، دەی کاکە ئەمە چییە گەورەی دەکەنەوە؟! ئەوە رەنگدانەوەی توێژی رووناکبیری کوردە بۆیە برادەرێک لە تاران ڕا بۆی نووسیبووم کە دۆێنێ شەو لە تەلەویزیۆنی مەهاباد ئەوەی دیتم تەنیا هەر ئارمی تەلەویزیۆنی مەهاباد بوو دەنا ئەوی دیکە و ناوەرۆکی بەرنامەکان دەگەڵ هی تاران و قوم و کاشان فەرقی نەبوو!

ئەگەر لە پیلانی شانۆسازی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دا و بە نێوی حەرەکەتی مەدەنی تەسلیمی شەپۆلی ئابڕووبەرانەی دەداوکەوتوان و فریوخواردوانی شانۆی هەڵبژاردن نەبایەین و هەڵوێستی شیاومان هەبایە ئەمرۆ وا بە هاسانی بە ناوی دەنگی خەڵک تەمای رووشاندنی هەیبەتی ئوستوورە هونەریەکانمان ناگرن و خەونی بە چۆکداهاتنی مەهابادی شاری کۆمار و شاری شۆڕش و قوربانیدانمان پێوە نابینن.

با کەس پێی وانەبێ ئەمن هێندە دەمارگرژم کە پێم وایە خەڵکی ئێستا خەڵکی زەمانی کۆماری کوردستانە، با کەسیش پێی وانەبی کە من لاموایە خەڵکی ئێستا تەنانەت خەڵکی ٣٠ ساڵ لەمەوبەرە، بەڵی ئەوانیش داکشانیان هەبووە هەر وەک ئێمە و حیزبەکان داکشانی گەورە بە رووخسارمانەوە دیارە. روحی شۆڕشگێری لە ناو خەڵکی ئێمەدا لە تەنکیی داوە چوون ئیتر شۆڕشێک و بەرخۆدانێک لە ئارا دا نییە، خۆمە خۆمە و پاوان خوازی و خۆبەزلزانی ، شۆڕش و بەرخۆدان و کوردایەتی هەمووی وێکرا قووتدان. سەرەڕای ئەمە هەر ئێستاو لە ناوخۆی کوردستان و لە هەلوومەرجی زۆر سەخت دا زۆرن ئەوانەی بە قەرا نووکە دەرزیەک سەریان بۆ رێژیم دانەنواندووە هەرگیز بە سازی رێژیم سەمایان نەکردووە. ئەو رووحە هەڵچووە و بەئیرادەو باوەڕە جارێکی دیکە دەبێ لە ناو خەڵکی رۆژهەلات دا بە گشتی زیندوو بکرێتەوە باهەندێ خەڵکی سوک و بێ نرخ شانازی بە کارە شوورەییەکانیانەوە نەکەن و لاوان لە خشتە نەبەن. ئەگەرچی ئەو باسەی دوایی زۆریش پیوەندی بەو باسەی سەرەوە بەشێوەیەکی کۆنکرێت و دەقاودەق نییە بەلام وەبیرهێنانەوە و ئاوڕدانەوەیەک لە خۆمان و ئینجا لە خەڵک ڕەنگە خەراپ نەبێ.

وتەی دواییم بۆئەوکەسانەی بەرپرسیاری ئەو ڕاپرسیەن ئەمەیە، ئەگەر دەداوی پیلانی رێژیم نەکەوتوون داوای لێبوردن لە خەڵک بکەن و پێ لە هەڵە و کارە سەقەتەکەی خۆتان بنێین، ئەگەر نا بەتەمای بەڕیوەبردنی پیلانەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتن کە بەڕیوەبەری ڕاستەوخۆی تەلەویزیۆنی مەهابادە ئەوا دڵنیا بن نە مێژووی حەسەن زیرەکتان پێ خەوشدار دەکرێ و نە مەهابادتان پێ بە چۆک دادێ

١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

---



سەرچاوە
Serchawe

# پێشمەرگە

زۆرن ئەوانەی هەر ناوی پێشمەرگەیان بیستووە و هەر بە ناوناوبانگەوە سوجدە بۆ گەورەیی و سوجدە بۆ بوێری و کڕنۆش بۆ لە خۆبردوویی پێشمەرگە دەبەن، زۆرن ئەوانەی هەر ناوی پێشمەرگەیان بیستووە و نە لە ماڵ و نە لە پایگا و نە پەنا تۆپ و تانکەکانی داگیرکەران دا لە ترسانی حەجمینیان هەیە.

زۆریشن ئەوانەی هەر ناوی پێشمەرگەیان بیستووە و نە هەستی پڕ لە هەستی ئەویان دەرک کردووە، نە هەرگیز لە مانای روانینی پێشمەرگە بۆ ژیان تێگەیشتوون، نە هەرگیز فەلسەفە و باوەڕی بە هێزی پێشمەرگەیان بۆ قووت دراوە! و نە هەرگیزیش لە مانا و ناوەرۆکی پێشمەرگە دەگەن.

پێشمەرگە ئەو ئینسانە لە خۆبردووەی بە هەزار پیلان و بە هەزار هەوڵی چەواشەکارانەی دوژمن دڵخۆشکەر و بە هەزاران دەهۆ و دەگەی نامەردانە نە لەگەورەییەکەی کەم دەبێتەوە و نە ناوە پیرۆزەکەی بە قەرا زەڕەیەک خەوشدار دەبێ، ئەوەی نەیهەوێ لە پێشمەرگە تێبگا... بە کوتکیش لەسەری دەی تێناگا، ئەو بڕیاری خۆی داوە، ئەوەش کە لە ئاست گەورەیی و لە خۆبردوویی و پیرۆزی ناوی پێشمەرگەدا خۆی بە بەرپرسی وێژدانی دەزانێ ئەوا دڵنیام وێرای من بە شانازییەوە بۆ گەورەیی و فیداکاری ئەو مرۆڤە گیانفیدا و لە خۆبردوویە سەری کڕنۆش دادەنوێنێ.

من سەرم لەو هەمووە هێز و باوەڕە سووڕ ماوە، من حەپەساوم لە ئاست گەورەییت، من بێتوانام لە ئاست لێکدانەوەی ئەو ئیمانە و ئەو هەستە بەرزەت، من چەندە بێنرخم کاتێ فاخری فەخری کوردستان بەم شێوەیە لە جیاتی وەک پەککەوتە لە ماڵ بمێنێتەوە و وەدوای ژیانی ماڵ و منداڵی خۆی کەوێ، پارەو دراو کۆکاتەوە و قەڵا و کۆشک و باڵاخانەی پێساز بکا... لە مەیدانی ئەو مین و تەوقەمەنیەی کە داعش بۆ خەڵکی کوردی داناوەتەوە و ئەو خەریکی هەڵگرتنەوەیانە گیانی پاکی بە خاک و نیشتمانی کوردان دەبخشێ...

ئای کەلەئاست گەورەییت هیچ شتێکم پێشک نایە کە لەگەڵتی بخەمە تای تەرازوویەک و پێکتان هەڵکێشم، یان هیچ شتێکم پێشک نایە کە بە نموونەی بێنمەوە و لانی کەم بڵێم کە ئەویش تات ناکات! نا.. نا ..بە دڵنیایەوە تۆ بێ هاوتای... هەر خۆت گەورە و هەر خۆت سەروەر و هەر خۆت سەرداری، هەر تۆ و هاوڕێیانی پێشمەرگەت فەخری کوردستانن...

دووباره کرنۆش و خۆزگە دەسەڵاتم هەبا لانی کەم یەکەم پەیکەرەی پێشمەرگەم لە هەیبەتی تۆ و لە پێتەختی هەرێمی کوردستان ساز کردبا فاخری برام... فاخری پێشمەرگە.... کوردستان و ئاڵای کوردستان خۆش...

٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# زستان

لە کوردەواریدا دەڵێن کە زستان هات بەرەی فەقیری درا! ئەوەش راست بەو هۆیە کوتراوە کە مرۆڤی فەقیر بێ کار و کاسبی دەبێ و نانێکی لێ دەچێتە پشتی شێران. لەم بارەوە بەڵێ زستان روویەکی دزێو و ناحەزی هەیە.

بەڵام رووی دیکە زستان ئەو سروشتە جوانەیە کە لە زۆر وڵاتی جیهاندا وەک یەکێک لە چوار وەرزەکەی ساڵ جێگای خۆی لە نێو رۆژژمێر و مانگەکاندا کردۆتەوە. زستان زۆر جاران رەوتی ژیانی مرۆڤەکان دەگۆڕێ، لەم بارەوە بەو باری دا دەخات، وەک کوتم فەقیر و بێ ئەنوا بە تایبەتی لە کوردستانی خۆمان ڕەنگە رقیان لێی بیێتەوە، بەڵام هەر لەو کوردستانە ڕەنگە منداڵەکان تەنانەت منداڵی فەقیر و هەژارەکانیش کەیفیان پێێ بێ، ئەوان خۆیان بۆ خلیسکێن و تۆپ تۆپێنی بەفر و دروستکردنی پەیکەرەی جۆراوجۆری بەفرین ساز دەکەن.

زستان بە هەموو سەختی و ساردو سڕییەکەیەوە لای زۆر کەس جوانی خۆی هەیە، من کە منداڵ بووم یەکێک لە خۆشترین و جوانترین وەرزەکانی ساڵ بەلامەوە زستان بوو. خلیسکێن و تەپکە دانانەوە کایە دیارەکانی ئەو دەمە بوو کە من سەیر تامەزرۆیان بووم. من و هەڤاڵانم کە لە گەڕەکی شیرکەتی نەوتی لە مەهاباد دەژیان، زۆر جاران بۆ خلیسکێن دەچووینە هەورازی تەپەی قازی یان ئاشی مام ئەحمەدی، لەو سەراولێژییەڕا رابە خلیسکێن هاتنە خوارەوە تامێکی سەیری هەبوو، ناڵچە لێدان و چەست لێدان ولە سەر یەک لاق رۆیشتن کاری هەمو کەس نەبوو بە تایبەتی لەو سەراولێژییەی ئاشی مام ئەحمەد و تەپەی قازی.

تەپکە دانانەوە یەکێک لە خۆشترین کاتەکانی ژیانی زستانی منی بە خۆوە تەرخان دەکرد، کەیفم پێی دەهات، بیرەوەریە شیرینەکانی ئەو دەمە هەر ماون. جیرانێکمان هەبوو نێوی گوڵبەهار بوو، ئەو ژنێک بوو خاوەنی چەند کوڕ و کچ کە زۆریان لە من بە تەمەنتر بوون، هەمیشە تەپکەی دادەناوە لە زۆر کەس پتری دەگرت، ئەوکات هەر پشت ماڵە خۆمان و چەند سەت میتر ئەولاتر هەمووی زەوی و زار بوو و زستانان بابەتی تەپکە دانانەوە بوو. گوڵبەهار تورک بوو، منیش رەفیقێکی بە رەگەز تورکم هەبوو بەڵام زۆر زەحمەت بۆت لێک دەبووە کە تورک بێ، ناوی حەیدری باهووش بوو، برای گیانفیدا شەهریاری باهووش.

باهووش بە هۆش بوو لە فێڵ و تەڵەکەشدا بە تایبەتی، ئەو دەیزانی گوڵبەهار جێگای چاک دەبینێتەوە بۆ تەپکە



سەرچاوە
Serchawe

دانانەوە و هەمووڕۆژێ ڕیرەوی تەیر و باڵندە بچکۆلەکانی وەک، سریلە، قازەلاخ، چۆڕە، سێروو و ئەوانی دیکەی لە مەمانان چاکتر دەدیتەوە. هەر بۆیە دەچوو تەپکەکەی یان لە پیش تەپکەی گوڵبەهار دادەناوە و یان لە دوای ئەو، باهووش باریکەڵەودرێژ و چوست و چالاکیش بوو، دەگەڵ ئێمە لەتیمی فوتبالێ گەڕەکێدا کایەی دەکرد. جار جارە هەر داعبایەک بە تەپکەکەی گوڵبەهارەوە دەبوو باهووش لە پێش هەموان دا غاری دەدایە و دەیکوت ئەها بە هی منەوە بووە. لە دووریش ڕا زۆر زەحمەت بوو بۆت لێکبدەبۆوە کە ئەو باڵندەیە بە تەپکەی کێوە بووە؟ هەتا گوڵبەهاری هەناسەسارد دەگەیشتێ باهووش کە لە سەر توولە ڕێگاکە و پشتی دە ئێمە بوو کاری خۆی دەکردو داعباکەی لێدەکردەوە و دەچوو لە سەر تەپکەکەی خۆی کە هەر دوو بست لەو لاتر بوو و لە قەستی خەریکی داپۆشینی سەر لە نوێی تەپکەکەی خۆی دەبۆوە، ئەننەما داعباکە هەر ڕاست بە تەپکەی خۆیەوە بووە! دیارە بەو حاڵەش گوڵبەهار لە ئاخری دا کە هەموانی پتر دەگرت. جار جارەش گوڵبەهار شکی لێدەکرد و دەبووە قڕەیان بەڵام گوڵبەهار زوو خاو دەبۆوە و پێدەکەنێ و دەیکوت هەتیوە "دازەلاخی" من بدزی دارت بۆ دەکەم ها!

زستان بۆ من بەو یادەوەریانەوە جوانیەکەی جارانی هەر ماوە، ئێستاش وەک رابردوو و بە پێچەوانەی زۆر کەس هەرگیز ساردی و سەرما ڕێگای ئەوەی لێنەگرتووم کە سێ مانگەی زستانێ و بە تایبەتی لە ڕۆژانی بێکاریم دا لە قوژبنی ماڵ دابنیشم و ئەو دنیا جوان وبەرفراوانە بۆ ٤ بست و چوار دیواری ژوورێک بەجێ بێڵم. ئێستاش هەر وەک دەورانی منداڵێم خۆلیا و خۆزگەکانم هەر لە ناو سروشت و جوانیەکانی سروشت دا دەبینمەوە و هەر بەیادی ئەو کاتیش پاشماوەی تەمەنی پڕ لە چەرمەسەریم کە ڕەنگە زۆری بەبەرەوە نەمابێ لە ناو سروشت و جوانیەکانی سروشت بە هەموو وەرزەکانییەوە دەبەمەسەر.

٢١ی نۆکتۆبەری ٢٠١٤

# شەڕی چارە نووسساز

بەداوای چڕبوونەوەی گەمارۆی کۆبانێ و هاتنە دەنگی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بۆمبارانی بنکە و بارەگاکانی داعش لە دەوروبەری کۆبانێ لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکا، ئەگەرچی هیرشەکانی داعش بۆ سەر کۆبانێ کەمبوونەوە جار جارە سستی لە پەلامارەکانیاندا دەبینرێ بەڵام مەترسی داگیرکردنی کۆبانێ و کوشتاری بە کۆمەڵی پارێزەرە قارەمانەکانی کۆبانێ هەر وا بە قووەت لە جێگای خۆیەتی.

ئەو شەڕە و ئەو هجووم وپەلامارەی داعش ئەوندەی بەرهەمی دوژمنایەتی داعشە وەک هێزێکی وەحشی و دڕندەی مەترسیدار بەرامبەر بە کورد، شەڕێکی ئێقلیمی و ناوچەییە کە بە گشتی لە نێوان ئێران و بەشار ئەسەد شیعە و عەلەوی وهاوپەیمانەکانی لە لایەک و تورکیا و عەرەبستانی سعوودی و بەرەی سووننی لە لایەکی دیکەوەیە. ئەگەر ئێران بە پاڵنانی داعش بەرەو باشووری کوردستان بووە هۆکاری شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە زیاتر لە بەرەی دووهەم و سووننە نزیکە ئەوا تورکیا بە پاڵنان و هاندانی داعش بەرەو کۆبانێ ویستی گۆمەکە زیاتر بشڵەقێنێ و بە ئێران نیشان بدا کە ئەویش توانای وڵامدانەوەی بە پیلانگێرییەکانی ئێران هەیە و دەتوانێ بە حەرەکەتێک هەم پێگەی ئێران وئەسەد لە ناوچەکە لەق بکات و هەمیش دوژمنێکی بناگوێی خۆی کەم کاتەوە.

ئەو کێ بەر کێی و شەڕی ئێقلیمیە بەداخەوە کارتی یاریەکەی بەخوێنی کوردان دەگەڕێ کە هەمیشە بۆ بەرژەوەندی دوژمنان وداگیرکەران خۆشدەست بووە.

لەوەتا کورد هەیە لەو یاریانە دا دۆڕاو و خەسارەتباری سەرەکی بووە. بەڵام ئەوجارە جگە لە مەترسی لە ناوچوونی هەندێ دەسکەوتی کورد لەو ناوەدا شەڕێکی ئێقلیمی گەورەتر لە ئارادایە کە ئەوەندەی بۆ کورد چارەنووسازە بۆ ئێران وئەسەد و هاوپەیمانانیشی چارەنووسسازە.

ئەگەرچی تا ئێرە و لە باری جووڵاندنی شەقامەوە ئێران و بەرەی ئێران وەک سەرکەوتو دیارن بەڵام بە ڕوانینێکی سەرپێێ لەئایندە بۆمان دەرکەوێ کە ئەمجارە تورکیا خاڵی سەرەکی کێشەکەی دیوەتەوە و لەڕاستیدا لە سەری مارەکە دەگەڕێ و سوورە لەسەر بە ئەنجامگەیاندنی بیرۆکەی بەرەی سوننی و دنیای غەربیش بە هەر نرخێکی مومکین. هەربۆیە لە ئاست پەلاماری داعشدا بۆ سەر کۆبانێ تورکیا بۆ یەکەم جار لەهەموو مێژووی سیاسیی خۆیدا بەرامبەر بە ئەمریکا وناتۆ

ڕاوەستاوە دەڵێ شەڕی داعش ناکەم مەگەر زەمانەتی ئەوە هەبێ کە ئەو شەڕە بە ڕووخاندنی بەشار ئەسەد و حکوومەتی سووریا تەواو بێ. دیارە ئامادەیی خۆشی دەربڕی کە تەنانەت بە هێزی سەربازی دەگەڵ داعش ڕاستەوخۆ بکەوێتە شەڕ و لە یەکەم ڕۆژەکانیشدا فرۆکەکانیان چەند گەشتێکیان بە سەر کۆبانێ و دەوروبەریدا لێدا کە دەس بەجێ دەگەڵ کاردانەوە و مەحکووم کردنی سووریا و ئێران بەرەوڕوو بوو. لەم نێوە دا ئێران باشدەزانێ کە نەمانی بەشار ئەسەد یانی نەمانی ئەڵقەی پێوەندی ئێران و حیزبوڵڵا و ئێران و حەماس، یانی نەمانی ئێران و نەمانی هەموو ئەو دلسۆزیە بەدرۆیانەی بەرامبەر خەڵکی فەلەستین و لوبنان لە خۆی نیشانددا بۆ ئەوەی بیکاتە بەهانەیەک بۆ کوتان و سەرکوت کردن و دەمکوت کردنی ئازادیخوازانی ئێرانی وکورد کە لە بچووکترین مافی ئینسانی و نەتەوەیی بێبەش کراون.

دوای ئەو قسانە ئیتر ئێران وسووریاش کەوتنە خۆ و ئەوەی ئێستا لەباکوور و لە ڕۆژهەڵات و لە هەولێر دەیبینین گومانی تێدا نییە کە بەشێکە لەو شەرە ئیقلیمییەی کورد تێدا سادەتر و بێ ئەنوا ترین کارتی گوشارە. بەڕوونی و بە ئاشکرا ئێران پەیامی خۆیدا بە ئەردوغان وبە تورکیا کە ئەگەر دەست لە رووخانی ئەسەد هەڵنەگری ئەتۆش ناتوانێ ڕووی ئاسودەیی بە خۆتەوە ببینی. ئیزندان بەسووتاندنی ئاڵای تورکیا بۆ یەکەم جار لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەلاتی کردستان گەمژەترین پەیامی ئێران بوو بە تورکیا.

بە داخەوە لەم نێوەدا هەر کوردە کە لەباکوور و لە کۆبانێی و لە باشوور کەتۆتە بەر پەلاماری تورک و داعش کە جارێ لە بەرەیەکی دژ بە کورد دا یەکیانگرتۆتەوە. لەم نێوەدا ئەگەرچی داعش لە لایەن ئەمریکا وهاوپەیمانانی لە ژێر گوشار دایە بەڵام زیرەکترین یاریکەری مەیدانەکەیە، بۆ هجوومکردنە سەر باشوور پارەو پوڵ و چەک لە ئێران و لە سووریا وەردەگرێ، بۆ هێرش کردنە سەر کۆبانێ هەموو جۆرە یارمەتیەکی لە لایەن تورکەکانەوە پێدەگا، بۆ هێرشکردنە سەر ئەسەدو هێزەکانی حکوومتی عێراقیش ئەوا دۆلار و دیناری عەرەبستان وقەتەریشی بە لێشاو بۆ دێت. لە ئێستاشدا ئامانجی سەرەکی هێرشکردنە سەر کۆبانێ ئەمەیە کە وەک خاڵێکی سەرەکی بازرگانی و توجاری سەیری ئەو سنورە دەکات تا لەوێوە و لە ڕێگای فرۆشی نەوت بەتورکیا بتوانێ بە کلۆ دۆلار بۆ خۆی و بۆ جیهادیەکانی هاوبیری کۆبکاتەوە.

ئەوەی سەرەوە ڕاستیەکە ڕەنگە زۆر کەس و سەرکردە کوردەکانیش بیزانن، ئەگەر نایزانن با بیرێک بکەنەوە و ئاگادار بن کە ئاسۆی ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەچێ و ئایندەی ئەو کوردە لە هاوکێشە ئیقلیمیەکان لەو دەڤەرە پڕ کێشەیە بە نەمانی بەشارئەسەد کە لە پلانی ئەمجارەی ڕۆژئاوادا ئەگەریکی بە هێزە چی لێدێ؟

٥ی نۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# داعش و کوردو سیاسەت

کورد لە ناوچەدا نە حاکم و دەسەڵاتدار بووە و نەستەمگەر، ئەو هەمیشە زوڵمی لێکراوە، قوربانی دەستی زۆرداری داگیرکەران بووە،هەر لەسنەو پاوەڕا تا مەهاباد و ورمێ هەر لە بارزان تا هەڵەبجە، لەئەنفال و کیمیا باران و قەتلوعامی بە کۆمەل کراوە ، دەیان و سەدان هاولاتی کورد لە باکور بوونەتە قوربانی رەگەزپەرەستی تورک، لە رۆژئاوا رێژیمی ئەسەدی باوک و کور جگە لە حاشاکردن لە بوونی کورد لەو ولاتە سەدان کوردیان لە ژێر ئەشکەنجە دا کوشتووە، کورد لەو ولاتانە بە گشتی لە ژێر ستمەی سیاسیی و کۆمەلایەتی و ئابووریەکی کەم وێنە دابووە، ئەو ستەملێکراوترین گەل و نەتەوەی هەمووسەدەی ڕابردوو بووە.

کورد موسوڵمانە، زۆربەیان سوننین، کۆمەڵگایەکی سوننەتی ئیمانداری هەیە، ئەدی خێرە داعش کە خۆی نوێنگەی سوننی و ئیسلامی محەممەدییە رووی شەڕ و کوشتاری کردۆتە کوردستان؟

داعش کە ساز بوو سەرەتا وەک رێکخراوێکی دژی بەشار ئەسەد سەری هەڵدا، بەڵام لەو رۆژەوە تا ئێستا بەقەرا ئەو چەند رۆژەی شەڕی کۆبانێی نە فیشەک بە حکوومەتی ئەسەدەوە ناوە و نە شەڕی دەگەڵ کردووە و نە زەرەری بۆی هەبووە، لە دوایی شەڕی دەگەڵ ئەسەد دا شاری رقەی گرتەوە کە پێگەیکی نیزامی و ئاسمانی گرینگی حکوومەتی سوریای تێدابوو، بەڵام سەرەڕای تەبلێغاتێکی زۆر کە گۆیا چەند سەت کەس لە شەڕی گیرانەوەی رقەدا کوژران ئەویش هەر شانۆیتەک بوو کە لە لایەن بەشاری کوڕێ حافز ئەسەدەوە بەرێوە چوو. شانۆیەک راست بە کۆپی کردن لە مالیکی و تەسلیم کردنی موسڵ و سەلاحەدین وئەنبار و هەموو ئەو چەکو چۆڵانەی کە لەو ناوچەیە داهەبوو . لە زۆر شوێندا شوێن دا داعش پەلاماری هێزەکوردیەکان دەدا و هەوڵ و تەقەلای ئەوەیە کە خۆی بگەیەنێتە شوێنە ستراتیژیەکان بە تایبەتی شوێنە نەوتیەکان، رێگاو بانە سەرەکیەکان، ئاو و رووبار وبەنداوەکان، کێ ئەو زانیاریە و ئەو خەریتە سەربازی و ئەو نەخشەسەربازییە پڕ بەهایە دەداتە داعش و ئەوانە کێیان دەگەڵ دایە کە وەها بە بەرنامە و بە جیددی کار بۆ داگیرکردن یکوردستان دەکەن ؟ ئایا داعش دەیهەوێ خەلافەتی ئیسلامی یان ئیمپراتۆریەکی عوسمانی دیکە لە سەر خاکی کوردستان و بەشێک لە خای عەرەبی سوریاو عێراق دابمەزرێنێ؟ ئەوانە پرسیارگەلێکی جیددین کە پێویستە هەموو لایەک بیر لە وڵامەکانی بکەنەوە.
هێرشی سەرەکی داعش هەر لە جەلەولا تا دەگاتە کەرکووک و مەخموور و شنگال لە باشوور و حەسەکە و جزعەو تەل حەمس و کۆبانێ تا ئێستا درێژەی هەیە، رۆژ نییە کورو کچانی کورد لەو شەڕانەدا خەڵتانی خوێن نەکرێن، رۆڵەکانی کورد لە رۆژئاوا و لە باشوور خەریکی بەرگری قارەمانانە لە کوردستان و خاکی کوردستانن، ئەو شەڕە تاکەی بەردەوام دەبێ؟

بۆچی کورد بۆتەئامانجی سەرەکی هێرشەکانی داعش؟ کورد لەو کات ودەم دا دەبێ چ بکا؟ ئەوانەی هەمووی پرسیار گەلێکن کە وڵامەکەی تەنیا لە لای دەسەڵاتدارانی حیزب و حکوومەت دەست دەکەوێ، ئێمە ئەوەندە دەزانین حیزبەکان لە جیاتی ئەوەی کە دوژمنی سەرەکیان لە بیربچێتەوە و هەر خەریکی یەکتر تاوانبارکردن و کوتان و هیرشکردنە سەر یەک بن، واچاکە مەترسی داعش بەجیددی وەربگرن، داعش ئێستا هیزێکی بە هێزی ئیقلیمیە هەم لەباری ئیدئۆلۆژی و هەمیش لەباری پێگەی جەماوەری و هەمیش لەباری پشتیوانیکردن لە لایەن دەوڵەتە عەرەب و دەوڵەتە دژبە کوردەکان.

لەملاوە کورد هیچ پشتیوانیەکی ستراتیژی تا ئەم دەقیقەیە نیە، هەرچی پشتیوانییە بە هی ڕۆژئاواشەوە هەمووی لە سەر ئەساسی یەکگرتنەوەی بەرژوەندیەکانە، هەر بۆیە ئەگەر نەتوانێ هاوپەیمانی ستراتیژی بۆخۆی پەیدا بکات و نەتوانێ متمانەی جیددی لە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تایبەتی ڕۆژئاوا و لەسەرووی هەموانەوە ئەمریکا بەدەست بێنێ، گومان نییە کە دەبێ چاوەڕوانی زۆر شەڕ و کاولکاری و کارەساتی دیکە بین. کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسیە، ئەو شەرەی بەرۆکی کوردی گرتوە بەر لەوەی شەڕی هێزێکی چەکداری خیلە سەر بێ شەڕی باوەڕ و فکرەیەکی سساسیی و ئیدئۆلۆژیەکی نەگۆڕ و چەقبەستوویە کە سەدان ساڵە کاری بۆدەکرێ و تەنانەت لە ناو کردەکانیش دا بە دڵنییایەوە لەیەنگری بەرچاوی هەیە، کەواتە قورسایی کاری کورد و تێکۆشانی کورد وێڕای بەرخۆدان ومقاومەتی سەرسەختانەو قارەمانانە دەبێ سیاسەت و دیپلۆماسیەت و پەیداکردنی دۆست وهاوپەیمانی ستراتیژی بێ، کورد ئەگەر بەتەمای ڕزگاری خۆیەتی و حیزبەکان ئەگەر خەمی خەڵکیان لەبەرە وێڕای واز هێنان لەو دووبەرەکی و دژایەتیکردنەی یەکتر، نابێ بۆ ئێستا سیاسەت بکەن بەڵکوو دەبێ داهاتوویان لەبیر بێ و لە ڕاستیدا شەڕی داهاتوو بکەن نەک ئێستا.خۆ قەرار نییە کورد هەتا هەتایە هەر لە ئاوارەیی و شەڕ و کاولکاری دابێ، ئەدی ژیان ، ئەدی ئاسوودەیی، ئەدی ئاوەدانی؟

١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## سەرکەوتنێکی گەورە بۆکوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئەگەرچی ئێمەی کورد هێشتاش راهاتوون کە دڵخۆش بین بەوەی کە بە قرمەی تفەنگ گردۆکەیەک، تەپۆلکەیەک لەدەستی دوژمن یان ئەم و ئەو دەربێنین و بە سەرکەوتنی مەزنی بزانین، بەڵام کێشەي کورد کێشەو گرفتێکی سیاسییەو بەو پێیە تەنانەت قرمەی تفەنگەکانیشمان دەبێ هەر لە خزمەت سیاسەت دابێ.

کۆڕەوی کوردان و کیمیا باران کردنی هەڵەبجە یەکێک لە تراژیدیەکانی مێژووی نەهێندە دووری ئێمەیە کە لەو دا بە هەزاران ئینسانی بێدیفاع و بێتاوان گیانی خۆیان لەدەست دا کە چی وێڕای ئەو هەمووە نەگبەتی و چارەرشیە کورد توانی پشتیوانیەکی نێودەوڵەتی بۆخۆی بەدەست بێنێ تا ئەو جێیەی مەداری ٣٢ دەرەجە و قەدەغە کردنی فڕینی هێزی ئاسمانی عێراقی بە سەر بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستانی بە دوای خۆیدا هێنا و هەر ئەمەش لە دوایی دا بۆ بە هۆی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی ٩٢ - ٩١ کە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو. ئەو حکوومەتەی سەرەڕای هەموو کەموکوڕیەکانی تاکە حکوومەتی دیار و یاساییە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانی پێداناوەولە پێتەختی ئەو حکوومەتە دا بە دەیان کۆنسوولگەری و نوێنەرایەتی سیاسیی و بازرگانی جیهان جێگیر و لەو پەڕی ئارامی وئاسایش دا کار و باری خۆیان بەڕێبردووە.دیارە ئەوە بە یەکەم و گەورەترین دەسکەوتی سیاسیی هەموو مێژووی کوردیش تا ئەم کاتەی ئێستا دێتە ئەژمار.

لە تازەیرین دوژمنکاری و پیلانی داگیرکەراندا و بەدوای هێرشی داعش بۆ سەر قەزای شنگال و داگیرکردنی شنگاڵ و چەند گوندێکی ئەو دەڤەرە و ئەگەرچی زۆر یەک لە دوژمنان و بەشێک لە ناحەزان و ئەوانەی خەونی گولیان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەبینی وایان دانا کە ئیدی حکوومەتی هەریمیش وەک حکوومەتی عێراقی بەسەر دێ و هێزی پێشمەرگەش لە ئاست داعش و پەلامارەکانیدا وەک سوپای عێراق دەست بەردەداتەوە و تەسلیم دەبێ و خۆلا هەڵناگرێ ئەو دوولایەنە تا ئێرە بە شەریکی زۆریشیان هەوڵ دا تا وەری پێشمەرگەو خەڵک بڕۆخێنن بەڵام بە دەیان پەلاماری چووک و گەورەی داعشی ترۆریست لە ئاست بەرخۆدانی پێشمەرگە دووچاری شکست و سەرشۆڕی هات. ئەگەرچی ئەو بەرخۆدانە تا ئێرە بە گیانفیداکردنی زیاتر لە ١٥٠ پێشمەرگەی کوردستان تەواو بووە. ئەو خۆڕاگریە بە تایبەت سەرەڕای نەبوونی چەکووچۆڵی تەواو و پێشکەوتوو وەک ئەوەی داعش لەبەردەستی دایە بوو بە جێگای سەرنجی هەموو جیهان و میدیا جیهانیەکان پێشمەرگەیان وەک سوپایەکی رزگاریدەر و بەتوانا لە بەرامبەر هێرشەکانی داعشدا پێناسە کرد و لە مێدیا جیهانیەکان ناوی پێشمەرگە بوو بە رەمزی بەرخۆدان و دیفاع لە خاک و نیشتمان.



سەرچاوە
Serchawe

ئێستا و ئیدی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بووە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرباری ساوایی و کەموو کورپەکان باشترین و جێمتمانەترین حکوومەتی ناوچەکەیە (بەدوای تورکیا دا) کە بتوانێ ئەمنیەت و ئاسایشی کوردستان و تەنانەت دەوروبەریشی لە داهاتوو دا بپارێزی، هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاو دا دەوڵەتی ئەمریکا بە فەرمانی ئۆباما راستەخۆ بڕیاری دیفاع کردن لە حکوومەتی هەریمی کوردستانی دەرکرد و لە دووهەم کاردانەوەی دا بڕیاری ناردنی راستەوخۆی چەک و تەقەمەنی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەرکرد. ئەوە یەکەم دەسکەوت و یەکەم سەرکەوتنی سیاسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو لە قۆناغێکی یەکجار چارەنووس سازدا.

ئەمڕۆ بە دوای هەڵوێستی بە جێی ئەمریکا وڵاتانی ئەڵمان و فەرانسە بە فەرمی ڕایانگەیاندووە کە بڕیاری ناردنی ڕاستەوخۆی چەک و تەقەمەنیان بۆ هەرێمی کوردستان داوە و بە دڵنیایەوە وردە وردە وڵاتانی ئوروپایی بە گشتی بەو قەناعەتە دەگەن کە یارمەتیدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتیە بە ئاسایش وئارامی ناوچە و یارمەتیە بە پرۆسەی دێمۆکراسی لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوەش بە بڕوای من گەورەترین دەسکەوتی سیاسیی حکوومەتی هەرێمە لە قۆناخێکی زۆر هەستیار دا هەر بۆیەشە دوژمنان و ناحەزان لە بەرامبەر گەی کورد و ئیرادەی ئەو گەلە ، حکوومەت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یان سەری تەسلیمیان بەرداوەتەوە و لەو پەڕی پروپاگەندە دژی حکومەتی هەریم ڕا هاتوونە سەر ئەوەی کە بڵێین "ئێمە ئامادەین چەک و تەقەمەنی و یارمەتیەکانی دیکە پێشکەش بە حکوومەتی هەرێم بکەین" یان ئەوە هەندێک لە خەڵکی بەرژەوەندیخواز و قین لە دڵ کە ئامادەن کوردستان بکەنە قوربانی لە پێناو ئامانجە حیزبی و تاکە کەسیەکانی خۆیان شەپۆلی هێرش و پەلامارو بوختانی بێ جێیان بۆسەر حکوومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەو حکوومەتە واتە مەسعوود بارزانی کە بە دڵنیاییەوە شوێندانەرترین و کاراترین کەسایەتی پێکەوەژیانی برایانەیە لە کوردستان و لە ناوچەکەشە درێژەدەدەن، دیارە من لەوە دڵنیام کە لە کۆتایی دا جگە لە شەرمەزاربوون لە بەرامبەر مێژوو دا چیتریان بۆ نامێنێتەوە ڕۆژێک دادێ ئەو کۆمەڵە خەڵکە لە خۆیان بپرسن کە لە مەترسیدارترین کاتەکاندا ولە گەرمەی جنایەت و کارەساتی داعشی ترۆریست لە پەلامەری بۆ سەر کوردستاندا ئەوان چۆن هاوکاری داعشبوون بۆ دابەزاندنی ورەی خەڵک و پێشمەرگە و دەوری ستوونی پێنجەمیان گێڕا ئەگەرچی بە خەیاڵی خاوی خۆیان جۆرێک دڵسۆزیان دەنواند بۆ کورد و بۆ خەڵکی لێقەماوی شنگاڵ. ئەمڕۆ و بە لە گۆڕانی پیلانی هەرە گەورەی داگیرکەران بە خۆشیەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی خێرای دیکەی بەرەو بە دەوڵەت بوون و سەربەخۆیی هەڵێناوتەوە و زامنی ئەو هەنگاوەش بەر لە هەموو شت یەکدەنگی و هاوئاهەنگی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی پێوێستە دەنا پشتیوانی نێودەوڵەتی وەک کاراترین پاڵپشت و ئیمکان ئەوە ئێستا ئامادەیە و لە بەردەست دایە.

بۆ پێشەوە بەرەو یەکیەتی و برایەتی هێزە سیاسیەکانی کوردستان

**بۆ پێشەوە بەرەو ئامادەکاری راگەیاندنی دەوڵەتی سەبەخۆی کوردی**

**بژی کورد، بژی کوردستان**

**١ی ناگۆستی ٢٠١٤**

---



سەرچاوە
Serchawe

## کێ ڕاست دەکا ؟ ئێمە یان ئەوان؟

با زۆر بەڕاشکاوی بڵێم کە ئەوەی دیارە و هەموومان دەیزانین ئەمەیە کە لەسەر پرسی سەربەخۆیی کورد بە گشتی بۆتە دووبەش، بەتایبەتی لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات کە بە کردەوە چارەنووسیان بە یەکەوە گرێدراوە. ئەگەر من خۆم وەک یەکێک لەو لایەنانە دابنێم دەبێ بڵێم کێ ڕاست دەکات ئێمە یان ئەوان؟ لەم دابەش بووونە دا لایەنێک پێی وایە کە کاتی ڕاگەیاندی دەوڵەتی کوردی و ڕاپرسی گشتی واتە ڕێفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی لە گەڵ عێراق مانەوە و نەمانەوە وەڕێ بخرێ و لایەکیش پێی وایە کە کاتی وەی نەهاتووە و باشترە دەگەڵ عێراق و حکوومەتی ناوەندی بمێنینەوە، چوونکە هەر چوارلامان دوژمن و داگیرکەرە و ئەوان ناهێڵن کورد ببێ بە دوڵەت و رای گشتی دنیاش دەگەڵمان نییە.

من دەگەڵ خەتی یەکەمیانم و پێم وایە کات بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە ڕێگای ڕێفراندوم و ڕاپرسی گشتی زۆر لەبارە. بەڵام با جارێ بێمە سەر ئەو هۆکارانەی کە لایەنی دژ بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی پشتی پێدەبەستێ، ئەوان و ئەو لایەنەی کە وا بیر دەکەنەوە و لە ڕاستی دا لە ڕوانگەی منەوە لەمپەرێکن لە بەر دەم ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بە پلەی یەکەم یەکیەتی نیشتمانی و بە پلەی دووهەم پ ک ک و لق و پۆپەکانی دێن. لە باشوور تا ئێستا گۆڕان بە ڕەسمی هیچی نەکوتووە و بە ڕوونی دیار نییە دەگەڵ کام لایەنە، وادیارە ڕاوەستاوە تا بزانێ قورسایی و گرانی ویستەکە بە کام لا دادەگەڕێ ئەو دەم خۆی یەک لا بکاتەوە. ئیسلامیەکان ئەگەرچی بەگشتی و بەڕەسمی هیچیان نەکوتووە بەلام وادیارە ئەوان زیاتر دەگەڵ حەلافەتی ئیسلامین تا دەوڵەتی کوردی!

هۆکار یان باشتر بڵێم بەهانەی لایەنی دووهەم بۆ هەوڵنەدانی پێک هێنانی دەووڵەتی کوردی لە ڕاستیدا بۆ دوو یان سێ هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکیەتی نیشتمانی و پ ک ک ش بە گشتی پێوەندییەکی ژێر بە ژێر و قوڵیان دەگەڵ ئێران هەیە و بەو پێیەش دەبێ نێوانیان دەگەڵ مالیکی کە هیچ گومان نیە داردەستی ئێرانە خۆش بێ. لەو بارەوە ماوەیەکە پ ک ک بێدەنگەی لێکردووە چوون دەزانێ ویستی سەربەخۆیی خەریکە دەبێتە ویستی کۆمەڵانی خەڵک و ئەویش نایهەوێ لەو بارەوە زیاتر لە سەر مەسەلەی باشوور خۆی بەرەوڕووی پرسیاری بێ ولام بکاتەوە. بەڵام یەکیەتی لەبەر هۆکاری دووهەم کە ئەویش ئەمەیە ئەوان پشکی سەرۆک کۆماریان لە عێراق بەرکەوتووە و بەداخەوە لێرە بەرژەوەندی حیزبی و مەسلەحەتی تاکتیکی بەری چاوو ڕوانینی یەکیەتی کز کردووە و ناهێڵێ واقعبینانە بیر لەو دەرفەت و هەلە بکاتەوە کە بۆ کورد هەڵکەوتووە. کە واتە دووهەم هۆکار بۆ ئەوەی یەکیەتی بەرامبەر پرسی سەربەخۆیی پێجەوانەی هەڵوێستی مێژوویی خۆشی

ڕەفتار بکات، ئەمەیە کە ئامادە نییە دەست لە پۆستی سەرۆک کۆماری بەغدا هەڵگرێ کە ئیدی هەمومومان دەزانین بێ دەسەلاتترین حکومەت لە هەموو جیهان دا ڕەنگە ئێستا حکووتی ناوەندی بەغدا بیت ئەو حکوومەتەی کە سەرۆک کۆمارەکەی هەرگیز دەسەڵاتی هچی نەبووە. بەڵام پرسی سێهەم وهۆکاری سێهەمی یەکیەتی ئەمەیە کە دوای شکانی یەکیەتی لە هەڵبژاردنەکاندا بەرامبەر گۆڕان ئەوان هاتن و سیاسەتی گۆڕانیان کردە ستراتیژی 4 ساڵی داهاتوو و پێیان وایە بە دژایەتی حکوومەتی هەرێم (کە خۆیان بەشێکی چالاکی ئەو حکوومەتەن) و بوون بە ئۆپۆزیسیۆن دەتوانن دەوری گۆڕان بگێڕن و جێگای جارانیان بگرنەوە ، ئەوان لە یەکەم هەڵویستی ڕەسمیان بەرامبەر پرسی سەربەخۆیی کوتیان کە پارتی پرسی سەربەخۆیی وەک ڕێکلام و تەبلیغات بۆ حیزب بەکار دێنێ؟! ئەو بابەتەیان دەمەتەقەی زۆری دروست کرد کە ڕاگەیەنەرەکانی پارتی لەو بارەوە بەڕەسمی وڵامی یەکیتیان دایەوە. بەڵێ یەکیەتی بەو سێ هۆکارە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی ئازادی گەلی کورد تا ئێرە وەدوا کەوتووە وبە دڵنیاییەوە بەو هەڵوێستە نەشیاوەی زەبرێکی کوشندەی لە خۆی و لە مێژووی خۆیداوە کە من هیوادارم هەرچی زووتر ئەو هەڵوێستە نەشازەی یەکیەتی گۆڕانی جیددی بەسەر دابێ. با ئەو ڕاستیەش بڵێم کە ئەگەرچی تا ئێستاکە ئەوە هەڵوێستی باڵادەستە لە ناو یەکیەتی دا بەڵام هەڵویستی هەموو یەکیەتی نییە و بە دڵنیایەوە بەشێکی بەرچاو لە کادر و ئەندامانای ڕێبەری و ئەندام ولایەنگری یەکیەتی دەگەڵ ئەو هەڵویستە نییە هەر بۆیە یەکیەتی نیشتمانی دەبێ چاوەڕێ قەیرانێکی دیکە بێ کە بە زوویی یەخەی دەگرێ ئەگەر لە سەر هەڵوێستی ساخکردنەوەی حکوومەتە شەق و شرەکەی بەغدا سوور بێ و پشت لە ئامانج و ئارەزووەکانی گەلی کورد بکات.

## بۆ کاتی ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردی نییە؟

با بریک بەرەو دوا بگەڕێننەوە، با ئاوریک لە مێژووی نەهێندە دووری کۆماری کوردستان بدەینەوە، ئەو کات ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان کەمتر لە سێ بەیەکی کوردستان بوو، هێزی پیشمەرگەی کوردستان مستەفا بارزانی و پیشمەرگەکانی باشووری لێدەرکەی چی لێدیار نەبووو چی لەباران دا نەبوو، دوژمن لە چاو کورد بەهێز و تەیار و کورد بێ ئەنوا و بێ پشت و پەنا بوو، لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ڕاگەیاندن مەرجی سەرەکی بۆ هاوار و دادی ستەملێکراوان لە چاو ئەمڕۆ فتیلەیی بوو. هەم ڕاگەیاندنی دنیا و هەمیش هی کوردان. کەچی پێشەوا قازی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، کۆمارێک کە هەموو کوردێک لە هەر سووچێکی ئەم جیهانە شانازی پێوەدەکات. پیشەوا بە ڕاگەیاندنی کۆمار تەنیا کۆماری نەخستە لاپەڕەکانی مێژوو، ئەو ئەرکی خستە سەر شانی بەرەی دوای خۆی، ئەو سیمبولی نەتەوەیی بۆ کورد دیاری کرد. ئەو ئاڵای کوردی بەرز کردەوە. لەو کاتەوە ئەوەی هەمانە هەر هی ئەوو هەرهی کۆمارە، کەس چی پێوە زیاد نەکردووە! ئەمڕۆ چی؟ دوژمن لە هەر چوار لاوە دەگەڵ قەیرانی مەشرووعیەت، دەگەڵ قەیرانی ئابووری، سیاسیی و کۆمەڵایەتی هەمە چەشن و هەمە لایەن بەڕەوڕوون، دەوڵەتانی دنیا چ متمانە و باوەڕی پێیان نەماوە، دنیای دەرەوە ئامادە نییە بایی شاییەک سەرمایەگوزاریان لەسەر بکات. تەنیا یەک وڵات هەیە کە ئەویش بە ڕواڵەت برێک باشترە، تورکیا کە



سەرچاوە
Serchawe

بەحەقیقەت وەک داریکی زل و زەبەلاحی ناو کلۆڵ وایە.

کورد چی؟ لە باشوور هەموو خاکی خۆی و هەموو هیزی خۆی لەبەر دەستی خۆیدایە. حکوومەتێکی هەیە تەجرەبەی دوو دەیە حکومەتداری لە کارنامە و میژووی خۆیدا تۆمار کردووە، لە پێتەختی ولاتی ئەو حکوومەتی کوردیە دا دەیان کۆنسوولخانە و دەفتەری دەوڵەت و ڕێکخراوە جیهانیەکانی لێیە. بە کردەوە و بە ئاشکرا تا ئێستا وەک دەوڵەتێک رەفتاری دەگەڵ کراوە و دانی پێدا نراوە. کورد لەو ولاتە هەر لەسەرەتای هەڵوەشانەوەی حکوومەتی سەدامەوە تا ئێستا (چەند ساڵ شەری ئابڕووبەرانەی براکوژی لێدەرچێ) سەرچاوەی ئەمنیەت وئاسایش بووە. ژیان و بووژانەوەی ئابووری بە خێرایی بەرەو پیش چووە وبەرەوپێشچوونی سیاسیی و تەمرینی دێمۆکڕاسی لەو ولاتە هەنگاوی بەرچاوی ناوە و ئەوە شتێکە تەنانەت دوژمن حاشای لێناک. لە رۆژئاوا، کورد لە سەر بەشێکی زۆر لە خاکی خۆیدا حوکمڕانە، ئەگەرچی شەڕێکی لابەلای ترۆریستان بەرۆکی گرتووە بەڵام بە دڵنیاییەوە کەس ناتوانێ زەفەریان پێبەرێ چون ئەوان داکۆکی لە خاک و نیشتمانی خۆیان دەکەن. دەوڵەت لەو وڵاتە دا واتە حکوومەتی سوریا نەماوە، حکومەت دیمەشق و چەند شاریکی دەورەوبەری بەدەستەوە ماوەو بڕۆ بە دەشتێدا، داعش بەشێکی بەدەستە و سوپای ئازاد حوکمڕانی بەشیکی دەکات و کوردیش بەشی بەرچاوی کوردستانەکەی بەدەستەوەیە. سوریا ئەو حکووومەتە نییە کە لە پیلانی لە ناوبردنی حکوومەتی کوردی دا بەشدار بێ. ئەو دەگەڵ دەرد ومەرگی خۆی دەستەو یەخەیە. مالیکی و حکوومەتە شەق وشڕەکەی دەسەڵاتی بەغدایان بە تەواوی نییە، ئەو بەشیکی زۆری وڵاتی بەتایبەتی ئەوەی سوونە نشینە لەدەست داوە. بە دڵنیاییەوە ناتوانێ هیچ کردەوەیەک لە دژی ئەو حکوومەتە کوردیە لە خۆی نیشان بدا ئەگەر رابگەیەنرێ. دەمینێتەوە ئێران، ئێران هەر ئێستا لە دوو بەرە دا بە کردەوە لەشەڕ دایە، لە غەزە و لە سووریا بە ئاشکرا و لە عێراقیش بە نیوە ئاشکرا ئەگەرچی وادیارە سەرەداوەکانی ناردنی هێز بۆ عێراق وبۆ کوردستانیش وردە وردە دەردەکەون. کەواتە ئەو هەموو قۆناغەی بۆ ناکرێ، ئەو جار کێشەی هەرە گەورەی لە گەڵ دنیای دەرەوەدا هەیە و لەسەر پرسی پیتاندنی ئورانیۆم جارێ خۆی کلکی بەتەڵەوە بووە. ئێران لە ناو خۆ دا وەزعی زۆر لە سوریا خەراپترە. گەندەڵی سەرتاپای ئەو وڵاتەی داگرتووە، سپای پاسداران وەهای هێز و دەسەڵات لەدەستەخۆی دا قەبزە کردووە کە کەسی بە خۆیەوە نەهێشتووە، ئێران بە کردەوە ویرانەیەکە سەری داپۆشراوە و دوور نییە بە زوویی خەراپتر لە هەموو ئەو وڵاتانەی بەسەر بی کە ئێستا دەیانبینین حاڵیان بە چ حاڵە. دەمێنیتەوە تورکیا، من باوەڕم بە دۆستایەتی تاسەری هیچ داگیرکارێک نییە دەگەڵ کورد، بەلام مەسڵەحەتی بازرگانی و سیاسیی وای کردووە تا ئێرە تورکیا تەنانەت بەفەرمی دژایەتی پێکهاتنی دەوولەتی کوردیش نەکات. جگە لەمە تورکیا دەگەڵ پرسی کورد و کێشەی چارەسەر نەکراوی کوردان بەڕەووڕوویە کە لەمپەری بنەڕەتییە لە بەردەم چوونی تورکیا بۆ یەکیەتی ئوروپا. لەو لاشەوە تورکیا نایهەوێ خۆی بە شەڕێکەوە خەریک بکات کە لە ئەساس دا هی ئەو نییە و لە راستیش دا ئەو توانایەی نییە. ئەو ئەگەر خاوەنی توانایەکی وا بوایە بە قەرا نووکە دەرزیەک لە بەرخۆدانی کوردان و هیزی گەلی کوردانی باکوور واتە پ ک ک کەمدەکردەوە. کەواتە بە بڕوای من هیچ یەک لەو دەولەتانە نە خاوەنی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

توانایەن کە بەرگری لە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی بکەن و نە دەشیان هەوێ خۆیان بە کێشە لابەلاکانەوە خەریک بکەن، ئێران لەم ناوە دا لە هەموان زیختره بۆ دەست تێوەردان، بەڵام با ئاکامی ناردنی هیز بۆ سوریا لێکداتەوە ئەنجا دەزانێ چەند کونی دەبەدەنی بووە.

بەڵێ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی کاتیەتی و وەدرەنگ خستنی تاوانە، راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە رێگای رێفراندۆمەوە ئەرکی هەنووکەیی حیزبە کوردستانیەکان بە تایبەتی حیزبەکانی باشوورە، وەدرەنگێ خستنی تاوانە، روو لە خەڵک بکەن وئەو پرسە بەخەڵک بسپێرن، با حیزبەکان دیسان نەبنە لەمپەر لەبەر دەم راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، کاتی خۆشی و چەند ساڵ لەمەوبەر خەلک روویان لە ئیمزا کۆکردنەوە کرد بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەو کاتیش هەر حیزبەکان بوون نەیان هێشت خەڵک داواکاری خۆی بەگوێ دنیا بگەینێ. وەری خستنی رێفراندۆم ئەرکی حکوومەتە، ئەگەر ئەو نەیکرد ئەدی رێکخراوە مەدەنیەکان و چالاکانی سیایی لە کوێن. هەلەو هەڵکەوتووە، دەرفەتە و هاتۆتە دەست، بەرەی دوارۆژ چاوی لە هیمەتی ئێوەیە تا بۆ هەمیشە لەکۆڵ ستەمکاری داگیرکەرانی بکەنەوە، ئەو پرسە بە رێفراندۆمێک دەبیتە پرسێکی نێونەتەوەیی، کوردان و چالاکانی باشووری کوردستان تەکان و جوولەیەک وەرێ خەن، سەربەرزی و سەرکەوتن و بوون بە دەوڵەت لە گرەوی بە گشتیکردنی خواستی سەربەخۆییە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە. با لە کۆماری کوردستان و با لە پیشەوا قازی و با لە مستەفا بارزانی فێری بوێری و نیشتمانپەروەری و بڕیاردان بین.

١٠ی جوونی ٢٠١٤

## بلێی داعش و گرووپە دەسکردەکەی دوژمن کورد لە خەوی گران ڕاپەڕێنێ؟

هیچ گومانی تێدا نییە داعش گرووپە دەسکردەکەی دوژمن کە لە سوریا و بە فیتی دوژمنان لە دایک بوو و هەر لەوێ و بە ناوی شەڕ دەگەڵ بەشار ئەسەد، وەدارە دارە کەوت و پێێ هەڵگرت، بابەتێکی هەستیار و مەترسیدار و جێگای ڕامانە. ئەو گرووپەی کە بۆ فریوی خەڵکی دنیا و سوریا سەرەتا دژایەتی بەعسی سوریای دەکرد و کە چی بەم دواییانە بە تەواوی شەڕی لە دژی ئەسەد و هاوپەیمانانی ئەسەد وەساتاندووە و بۆ شوێنەونکە نەبێ بەرامبەر بە سوپای ئەسەد و هاوپەیمانانی تەقەی لە تفەنگێ نەهاتووە.

داعش کە دەبوو شەڕی هەرە گەورەی دەگەڵ بەشاری کوڕی حافز ئەسەد بوایە، سەرەتا شەڕی لە دژی جەبهەتولنوسرە دەست پێکرد و دوایەش پەلاماری ژن ومنداڵی بێتاوانی کوردی ڕۆژئاوای دا و کارەساتی وەحشیانەی خوڵقاند. ئیدی بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە ئێستا ئیدی داعش نەتەنیا هیچ مەترسی نییە بۆسەر بەشار ئەسەد و دەوڵەتەکەی بەڵکوو بە فیتی ئەسەد و هاوپەیمانانی ئەسەد خەریکە بەرەو باشوور دەکشێ و لە کوردستانی ئازاد نزیک دەبێتەوە. دوژمن دەزانێ باشوور و حکوومەتی کوردی گەورەترین مەترسین بۆ سەر دەسەڵاتە دیکتاتۆڕەکانی ئەوان لە ناوچەکەدا. سیستەم و دەسەڵاتی کوردی لە باشوور مەترسی گەورەن بۆ سەر حکوومەتی بەعسی سوریا، بۆ سەر ئێران بۆ سەر حکوومەتی ناوەندی عێراق. لەبەر ئەوەی یەکەم دەسەڵاتی دێمۆکڕاتیک کە لە ناوچەکە دا هەبێ ئەوە بێ گومان دەسەڵاتی حکوومەتی باشووری کوردستانە. خۆ بەوەی نییە کە کوردی خۆ پێ زۆری قسە زلی بە هیچ ڕازی نەبوو ڕۆژهەتا ئێوارێ بن کۆڵی حکوومەتی هەریم دەکات و ڕاست و هاوتەریب دەگەڵ سیاسەتەکانی سایتی "دیار و نادیار" لە دە بابەت ٩یانی لە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

لەم لایەش دەردی سەرباری دەردان حیزب و لایەنە سیاسیەکانن کە لە جیاتی لەو مەستیە و سەرخۆشیەی خۆلیای دەسەڵات و کورسی و پلەو پایەیە بێنە دەرو بیرێک لە کوردستان بکەنەوە کە هێشتا تا لێوارەکانی دەریای ئازادی مەودای زۆرە. کە هێشتا جارێ ئێسک و پروسکی شەهیدانی ئەنفال و هەڵەبجەیان وەرنەگرتۆتەوە وکە.... ئەوان تا ئێستاش هەر خەریکی ڕقابەتی ناسالم و کێ بەر کێی نابەجێن لە سەر پۆست وپلە و کورسی پارلەمان و نە کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان بەلاوە گرینگە و نە کێشە سیاسیەکان. لە لایەک بە قاسم سولەیمانی فەرماندەی سپای پاسدرانی ئێران هەڵدەلین ولە لایەک هەیئەتەکانی سپا دێنە کوردستان و لەو کێ بەر کێیە دا خەریکن ئەسپی خۆیان تاو دەدەن و دەبنە دەم ڕاستی ئەم و ئەو و لە لایەکی دیکەشەوە ئەوا داعش خەریکە بارەگاکانین لە موسڵ پێ چۆل دەکات!

داعش خەریکە لە کوردستان نزیک دەبیتەوە؟ داعش بۆچی موسڵی هەڵبژاردووە؟ ئایا بە گرتنی موسڵ حکوومەتی ناوەندی عێراق دەکەوێتە دەستی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق وشام؟ ئایا دەولەت و سوپای عێراق توانای بەربەرەکانی و بەرەنگار بوونەوەی داعشیان هەیە؟ ئەگەر هەیانە بۆ هەنگاوێکی جیدیی هەڵناهێننەوە؟ ئەگەر نییانە ئەو هەمووە هارت و پورتەیان لە چییە؟ بۆ لە سەر کورد بوونە بابئۆغلی و قووت و مووچەی خەڵکی کوردستان دەبڕن ؟؟!! داعش ئەو گرووپەیە کە بۆشەڕ لە دژی حکوومەتی هەرێم ساز کراوە، خۆ ناکرێ هەر راستەو ڕاست و لە سەرەتاوە هاتبایە  ناو مەیدانی شەڕی دژی کورد؟! ئەو دەبوو هەندێ شەڕ و شوڕی دیکە لە ناو شارەکانی دیکەی عێراق ساز بکا دەنا دوایە خەڵک لە مالیکی و پیلانەکەی قاسم سولەیمانی وەشک دەکەوتن؟! داعش  پشتیوانی زۆر گەورەی هەیە و بە دڵنیاییەوە لە لایەن دەوڵەتانی دەوروبەرەوە پڕچەک و تەیار کراوە. من لە پیلانی داعش نیگەرانم نەک لەبەر ئەوەی پێم وابێ دەتوانێ زەفەر بە کورد بەرێ بەڵکوو لەبەر ئەوەی کورد لەشەڕێکی نەخوازراو وەردەرێ و دیسان لە جیات حەسانەوە و لە جیات ئاوەدانی کوردستان دەبێ شاهیدی شین ورۆڕۆی دایک و خوشک و بابەکان بین. دەنا خۆ وەک ڕۆژێ لێم روونە داعش و هەر هێزێکی دیکە تەنماحی خاکی کوردستانی هەبێ  لە بەرانبەر ورە و ئیمانی خۆراگری پێشمەرگە دا هەر بە چۆک دادێ.

کۆتا قسەم ئەوەیە کە ئەو پیلانە مەترسیدارە بۆ ئەوە دەبێ جارێکی دیکە تاکی کورد بە حیزبی و ناحیزبییەوە لە خەوی گران ڕاپەڕێنێ و هەر کەس لەبەرە خۆیەوە بە ئەرکی مێژوویی خۆی بزانێ کە نەتەوەیی و نیشتمانی بیرکردنەوە و هەنگاو هەڵێنان ئەرکی ویژدانی و کوردانەی هەر تاکێکی ئێمەیە، هیوادارم ئەو هجووم و پیلانە داڕێژاوەی داعش کورد لە خەوی گران ڕاپەڕێنێ و وشیاری کاتەوە کە بەڵێ پاش زیاترلە بیست ساڵ دەسەڵاتی کوردی ئەو دەسەڵاتە هێشتا هەر ساوایە لە سیاسەت دا و ساوایە لە دەوڵەتداریدا.

٢٩ی ئەپریلی ٢٠١٤

# سیاسەت زانستێکی واقعبینانە

سیاسەت لە هەموو جیهان دا هەر لە رۆژی هەوەڵەوە لە سەر بناخەی بەرژەوەندی و مەسڵەحەت دامەزاوە و پەیرەو کراوە. پیوەندی نێوان لایەنەکان، دەوڵەتان، حیزب و تاکی دەست رۆیشتوو و بێ ئەنوا، کارخانەو فابریکا و مامەڵە وبازرگانی تەنانەت بەشێک لە رەوتی عەشق و خۆشەویستیش هەر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی وخویندنەوەی ئایندە و... دادەرێژرێ.

لە کوردستان تا چەند ساڵ لەمەوبەر هیزە سیاسیە کوردستانیەکان ئەو دەرسەیان چاک نەدەزانی، بەرژەوەندی دوارۆژ کەمتر سەرنجی دەدرایە و پلان و تاکتیکەکان هەر بۆ کورت ماوە دادەرێژران. بە هاتنە سەر کاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چووکە دەوڵەتی کوردی لە باشوور، کورد کەوتە نێوان ٤ بەرداشی بەهێزی وێران کەر و لە هەر چوار لا پیلان و دەستدرێژی دیار و نادیار بۆ سەر ئەو بەشە لە نیشتمانی تازە رزگار بوو وەک بارانەی بەهار دادەباری.

یەکەم پرۆسەی مەترسیداری ئەو دوژمنانە پێک وەرکردنی کورد لە ناوخۆی کوردستان بوو کە بەداخەوە دەمارگرژی حیزبی و گرووهی ئەو زەمینەیەی زۆر بەهاسانی رەخساند تا حکوومەتە تازە پێگەیشتوەکەی کوردستان هەر لە دەدسپێکی ڕا سیمایەکی نامەدەنی و ناپێشکەوتوو بە کورد و بە هەموو جیهانیان نیشان بدات. شەڕی براکوژی کارنامەی هەرە ڕەشی حکوومەتی هەریم و پارتی دێمۆکڕات و یەکیەتی نیشتمانیە کە لە مێژووی کورد دا وەک پەڵەیەکی نەنگین دەمێنێتەوە. بە دوای ئەودا ترۆری شۆڕشگێرانی رۆژهەلات بە کۆمەڵە و دیمۆکراتەوە و هێنانی لەشکری سپای پاسداران لە لایەن یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بۆ سەر بنکە بارەگاکانی حیزبی دێمۆکڕات و پاشانیش شەڕی نێوان پ ک ک و پارتی و یەکیەتی، پ ک ک و پارتی، پ ک ک یەکیەتی، کە بە سێ قۆناخی جیاواز دا تێپەڕبوو بەشێک بوون لە پیلانی دوژمنان کە چەندە دوژمن تێدا تاوانبار بوو کورد خۆی دوو ئەوەندەی لەو تاوانە بەر دەکەوێ بەتایبەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوور.

شەڕی براکوژی تەواو بوو و بە هیمەتی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکان پێش بەو خوێنرێژییە گیراو لەسەرڕا پارلەمان و حکوومەت دەست بەکار بووە، کورد ئەمجار پێی نایە قۆناخێکی تازەترەوە و مەیدانێکی دیکەی بۆ تاقیکاری هەڵبژارد. ئەوجار دووبارە دوژمن بێکار دانەنیشت و شەری گرووپە ئیسلامیەکانی لە دژی یەکیەتی بۆ کورت ماوە تاقی کردەوە. کورد بەرە بەرە و بە پێی جەبری زەمان تەسلیمی ئەو راستیە بوو کە بیر لە شێوازێکی دیکەی خەبات بکاتەوە و بەتایبەتی بۆ رکەبەرایەتی دەگەڵ یەکتری رێگایەکی نوێ هەڵبژێری ئەویش هەڵبژاردن و خەباتی پارلەمانی بوو. ئەگەرچی تا ئێرە لەو بوارەشدا هەر کاڵ و کرچە بەڵام بە خۆشیەوە مەلۆتکەی ئارەزووەکانی کورد لەوبەشە دا خەریکە وەردە وردە پێهەڵدەگرێ و سەر بە قۆناخێکی دیکە لە ژیانی سیاسیی خۆیدا دەکات.

لەم پێوەندییە دا دوو خاڵ جێگای سەرنجن. یەکەم پێوەندی دیپلۆماسی حکوومەتی کوردستان دەگەڵ دنیاو دەوروبەر بە تایبەتی دەگەڵ دوژمنانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان جێگای ڕامان و لیوردبوونەوەیە. پارتی دێمۆکرات و یەکیەتی وەک دوو هێزی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان تا ئەم دواییانە هەر یەک و هەر لە سەر ئەساسی پاشخانەکانی شەڕی براکوژی لایەنێکی لە جیرانە دوژمن بە کوردەکە هەڵبژارد، پارتی زیاتر بەلای تورکیا دا شکایەوە و یەکیەتی بەلای ئێران دا. ئەگەرچی پێوەندیەکان جار جارە لە سنووری پێوەندی دیپلۆماسی ترازاون بەلام ئەو درێژەدان و بەردەوام بوون بە پێوەندیەکان دەگەڵ ئەو دەوڵەتانە خاڵی هەرە بەهێزی وەرچەرخانە لە سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی باشووری کوردستان دا. پارتی وەک دەسەڵاتتداری سەرەکی لە حکوومەت وپارلەمانی کوردستان دا سەرەڕای دوژمنکاری لایەنگرانی پ ک ک سەبارەت بە پێوەندیەکانی دەگەڵ تورکیا دا و تۆمەت و سووکایەتی لێرەو و لەوێ، هەرگیز گوێی بە قسەی پ ک ک و هیچ کەسی دیکە نەدا و وەک دەوڵەتێک هەڵسووکەوتی دەگەڵ پرۆسەی خۆ ناساندن و بە دەوڵەتبوونی خۆی کردووە. تا دێ پێوەندیە سیاسیی و دیپلۆماسی و بازرگانیەکانی خۆی دەگەڵ تورکیا بەهێز دەکات. ئەگەرچی ناحەزانی پارتی ئەو ڕاستیە نابینن کە تورکیای تا سەر ئێسقان دوژمن بە کورد ئێستا و لە پاش ئەو پێوەندیانە چۆن دەڕوانێتە کورد و بە تایبەتی حکوومەتی باشووری کوردستان. بەڵام ئەو ئاڵوو گۆڕانەی لە ڕوانگەی تورکیا دا بەرامبەر بە کوردستان و کورد چ لە باشوور و چ لە باکوور هاتوونەتە پێش بێ شک ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە ڕۆڵی سیاسەتی دیپلۆماسی حکوومەتی کوردستان و پارتی لەو بارەوە دیار و بەرچاوە و کاریگەری بارزانی بەتایبەتی بەسەر سیاسەتمەدارانی تورکەوە حاشای لێناکرێ.

لەو لاوە یەکیەتی نیشتمانیش بە هەمان شێوە و سەرەڕای نارەزایەتی کوردانی ڕۆژهەلات و لایەنگرانی دێمۆکرات بە تایبەتی هەمان سیاسەتی خۆی ڕەچاو کردوە و پێوەندیەکانی خۆی بێگوێدانە ناز و گلەیی دێمۆکراتەکان پەرە پێداوە، لەم ناوە دا ئەوەی جێگای گلەیی بێ لە برایانی یەکیەتی ئەمەیە کە بەداخەوە زیاد لە ئەندازە ڕێگایان بۆ دەست تێوەردانی ئێران لە کارو باری خودی یەکیەتی و ناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکیەتی ئاوەڵا کردووە.یەکیەتی بەم ڕەفتارە بەر لەهەموو کەس و لایەنیک زەرەر لە کەسێتی خودی یەکیەتی دەدات و شکستی یەکیەتی نیشتمانی لە هەڵبژاردنەکانی چەند مانگی ڕابردووی پارلەمانی کوردستان پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا بوو کە یەکیەتی دەبێ بە هەموو ئاکار و ڕەفتاری خۆیدا بچێتەوە ئەگەر دەیهەوێ جارێکی دیکە ببێتەوە هێزێکی کاریگەری مەیدانی خەباتی نوێ گەلەکەمان لە باشوور.

دەسکەوتی هەرە گەورەی حکوومەتی باشووری کوردستان بەتایبەتی ئەوە بووە کە توانیوێتی بێ ئیزنی بەغدا نەفتی کوردستان بنێرێتە دەرێ و بیفرۆشێ. ئەگەرچی زۆر کەس و لایەن لەو بارەوە ڕەخنە لە حکوومەت و لە پارتی دەگرن بەڵام خاڵی هەرە بەهێز لە سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا ئەمەیە کە نەوتی کوردستان بێ ئیزنی بەغدا بفرۆشێ و ئەمەش یانی دەسەلات و سەروەری سیاسیی و ئابووری حکوومەتی کوردستان. ئەوە یەکەم هەنگا و گرینگترین هەنگاویشە بە



سەرچاوە
Serchawe

بنیات نانی حکوومەتێکی کوردی کە چاک یان خەراپ سبەی دەتوانێ ئاڵووگۆڕی بەسەر دا بێ و جێ گۆڕکێی دەسەلات بکرێ وەک لە ناوچەی یەکیەتی و لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پارلەمان دا دیتمان.

سیاسەت زانستی چۆن مامەڵە کردنە دەگەڵ ڕوودا و پێشهاتەکان، پاراستنی بەرژەوەندەیە بەتایبەتی بەرژەوەندی گشتی. وادیارە کوردیش خەریکە فێری ئەو زانستە دەبێ و لە مەیدانی کردەوە دا پەیرەوی دەکات. دانیشتنی ئەمڕۆی پارلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆک و سکرتێری پارلەمان ئەو ڕاستیەمان زیاتر بۆ دەردەخا کە بەڵێ کوردیش فێری خەباتی پارلەمانی و سات و سەودای سیاسیی بووە. ڕاپۆرتی ڕووداو لەو بارەوە بخوێنەوە.

ڕووداو - هەولێر لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان چەند کەسێک خۆیان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە پێکدێت لە سەرۆک، جێگر و سکرتێری پەرلەمان، پاڵاوت. دەنگدانەکە بەشێوەیەکی نهێنی بۆ هەرسێ پۆستەکە بەڕێوەچوو. یوسف محەممەد، لە فراکسیۆنی گۆڕان بەبێ ڕکابەر خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کاندیدکردو بە زۆرینەی دەنگ (٨٤ دەنگ) بووە سەرۆکی پەرلەمان. جەعفەر ئیمنیکی لە پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کاندیدکردو ئەویش بە زۆرینەی دەنگ (٧٨ دەنگ) بووە جێگری سەرۆکی پەرلەمان. هەریەک لە فەخرەدین قادر لە فراکسیۆنی کۆمەڵ و ئەبو کاروان لەسەر لیستی حیزبی شیوعی خۆیان بۆ پۆستی سکرتێری پەرلەمان پاڵاوت، بەڵام بە زۆرینەی دەنگ ( ٧٣ دەنگ) کاندیدەکەی کۆمەڵ یەکلابووەوە. هەر لە سەرەتای دانیشتنەکەدا فراکسیۆنی سەوز ڕایگەیاند "دەنگ بەو پرۆسە ناتەندروستە نادەین". -

http://rudaw.net/sorani/kurdistan/2904201411#sthash.okXSFEgE.dpuf

١٤ی ئەپریلی ٢٠١٤

## لە یادی ساڵوەگەری مامۆستا هێرش کاک سولەیمان چیرە

لە ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەری نیشتمانپەروەر" مامۆستا هێرش" سولەیمان چیرە دا بێ ئەمەگییە ئەگەر ئاوڕێکی سەرپێیێ لێ نەدەمەوە و چەند بیرەوەرێکی لێ نەگێڕمەوە.

کاتی لە ساڵی ٦٢ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران هێرشی بەربڵاوی کردە سەر حیزبی توودە کاک سولەیمان وێڕای دەیان کەسی دیکە ئاوەدیوی سنووری باشوور بوون و خۆیان لە ناو حیزبی شیوعی عێراق دا دیتەوە. ئەو کات منیش لەوێ بووم، ساڵێک پێشتر بە هۆی کێشە دەگەڵ تەشکیلاتی حیزب لە مەهاباد و هەڵنەکردن لەو ناوچەیە منیش پەیڕەوەی لای حیزبی شیوعی بووم.

دیتنەوەی ئەم جارەی کاک سولەیمان دیدار تازەکردنەویەک بوو، ئەگەرچی دیداری یەکەم تاقە یەک جار ویەک دوو ڕۆژ بوو بەڵام لە بیر ناکرێ. دیدارێک کە کە ئەو کات کاک سولەیمان لە ڕیزی حیزبی دێمۆکڕات دابوو و هەر هەمووومان لە چرکە ساتێک دا دەگەڵ مەرگی لە نەکاو بەرەوڕوو بووین. ساڵی ٥٨ و بۆ یەکەم جار و لە گەرمەی شەڕەکانی کوردستان دا من و کاک سولەیمان هاوڕێی سەفەرێکی پڕ ماجەرا بووین کە بەداخە وە لە بەر هەندێ هۆکار هێشتاش باس کردنی بە پێویست نازانم و هەلەکە گوونجاو نییە دەنا داستانی ئەو ڕۆژە خۆی کتێبێکە، ڕۆمانێکە.

کاک سولەیمان بەر لە کۆچی دوایی داوای لێکردم کە ئەوەی لەو ڕۆژە لەبیرم ماوە با بۆی بنووسم و بۆی بنێرم کە منیش بۆم نووسی و بۆم نارد بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا تا بزانم لە کوێ و وەک چی ئەو داستانە بڵاو دەکاتەوە، دیارە باس و خواسەکان و ئاڵوگۆڕی بیرورا لە بارەی ئەو ڕۆژەوە هەر وا لە لام پارێزراوە.ئەوەی لە سیمای کاک سولەیمان من هەمیشە لەبەر چاومە، قاقا و پێکەنینەکانێتی، قاقای کاک سولەیمان لای من خۆشترین نەغمەی موسیقا بوون، چون لە ناخی دڵەوە پێدەکەنی، جار جار هاوکات دەگەڵ پێکەنین و قاقاکانی بە دەست لە سەر ڕانی خۆی دەدەواو وەک منداڵ خۆی هەڵداویشت، ئاخر بەڕاستی دڵێکی ساف و سادە و بێگەردی منداڵانەی هەبوو. ئەو دیمەنانەم هەرگیز لە بیر ناچن.بە بڕوای من کاک سولەیمان بەر لەوەی بۆ سیاسەت دروست کرابێ بۆ ئەدەبیات و شێعر دروست کرابوو. من ماوەی نزیک ٤ ساڵ لای حیزبی شیوعی لێی نزیک بووم، کە سەردانیم دەکرد یان ئەو دەهاتە لام هەمیشە شێعری بۆ دەخوێندەمەوەو دوایەش دەیکوت دەی جا غەزلێکم بۆ بخوێنەوە. لە ناو کەپرۆکە و چادرەکەیدا هەمیشە دەفتەری شیعر و هەمیشە کتێبی شیعر و هەمیشە دیوانی هێمن و حافزی لە تەنیشت داندرابوو، من نەمدیت ڕۆژێک لە ڕۆژان کتێبێکی سیاسیی و فەلسەفی لە لا بێ،

وەنەبێ مەبەست ئەوە بێ کە نەیدەخوێندەوە ، نا مەبەستم ئەوەیە هۆگری بە شیعرەوە هەبوو ، بە وشەی جوانی کوردیەوە هەبوو، عاشقی جوانی بوو، دیمەن و پێدەشت و چیاو لووتکە و دامێن و سەوزەزاری پڕ لە گوڵ و هەستی دەبزواند، دەگەڵ ئەواندا دەژیا نەک دەگەڵ سیاسەت دا.

تودەییەکان دەگەڵ دێمۆکراتەکان نێواناین خۆش نەبووە و ئیستاش لە هەردووک لا ئەوانەی هەر لەسەر هەوای کۆن دەژین هەر وان، ئێستاش هەندێکیان لە سەر هەمان بیرۆکەی قەدیم ماون و روانگەکانیان بەرامبەر بە یەکتری فەرقی نەکردووە، لە ناو دێمۆکراتەکانیش دا هەر وا. زۆرن لە ناو ئەوانیش دا دید و بۆچوونیان بەرامبەر بە توودەییەکان نەگۆڕاوە، لای من هەردووکیان هەڵەن. ئەوەی رووی دا، چووە ناو لاپەڕەکانی مێژوو، لاپەڕەی تازە دەبێ هەڵبدرێتەوە، سیاسەت وا دەخوازێ.

کاک سولەیمان لەو کەسانە نەبوو، تێکەڵ بە دەمارگرژی حیزبی بێ لە ژیانم دا یەکجارم لێ نەبیست باسی دێمۆکراتەکان بە خراپە بکات، نەمدیت بیان بوغزێنی. کاری بەسەریانەوە نەبوو، ئەو لە موسڵۆک و لە خوارەوەی مقەرە ئەسلیەکەی برادەرانی توودەیی چادرێکی بۆ خۆی هەڵدا بوو تەنانەت زستانیش لەوێدا دەژیا، خۆی و خێزانی و شیعر و گۆرانی و....... هەمیشە کەتریە ڕەشەکەی لە سەر کوورە دارییەکە داندرابوو، چای هەمیشە ئامادە بوو ، نەبوو جارێکی من میوانی بم و شیعرێکی تازەم بۆ نەخوێنێتەوە. دڵساف، بێ غەل و غەش، بێ کێنە و بێ گرێ و گۆڵ بوو، ئەو یەکپارچە گوڵ بوو هەر بۆیەش عەمری کەم بوو.

زۆرم یادوەری و بیرەوەری لە کاک سولەیمان هەیە. گێڕانەوەیان عەزابم دەدات، کاتی خۆی و لە مەرگی ناوادەی دا ئەو چەند دێڕەم وەک هەستی خۆم بۆ نووسی بەڵام بۆ کوری یادەوەریەکەم نەنارد تا نەکا شوێنی نووسینی برادەرێکی دیکە بگرمەوە بەڵام دامنابوو لە سالوەگەڕی کۆچی ناوادەیدا بڵاوی بکەمەوە ئەگەرچی شیاوی دڵە جوانەکەی کاک سولەیمان چیرە نییە.

بۆ مەرگی لە ناکاوی مامۆستا هێرش

"یاخودا بەخێربێ بەهار، لەو بەهارەی ڕەنگینە"
سەراسەری کوردستان خەملیوە، سەوز و شینە
ئەگەرچی بای شەماڵ و خونچە و چرۆی سەرچڵان
وەک ماری ئاشقەوماشقە لێک ئاڵاون ببینە
خاک وەک گوڵی نوێبەهار تازە دەم دەکاتەوە
کانیی بەر پاڵ و پەسیو چاو لە ڕێی شۆڕەبینە
بەفری نسار و پەنا چۆڕاوگەیان بەستووە

دەنگی جۆگە و جۆباران خۆشترین نەغمەی ژینە
بولبول دەخوێنێ بە کوڵ، دارە بی دەشنێتەوە
کۆتر بە قەندە و لەنجە وا خەریکی گمینە
ئەوانە تێکرا مۆژدەن بۆ وەی دڵ گەش بێتەوە
ناخی قەتماخە گرتوو بە شنە ببوژێتەوە
بەڵام دیسان هەواڵێک، کۆستی خەمێکی گران
بەهاری لێ تاڵ کردم، بەو خەبەرە حەزینە
عاشقێکی دووروڵات غەریب سەری نایەوە
هەتاو کزو بێ تین ما، "گزینگ" چاو بە ئەسرینە
خەیاڵ بڕ ناکا، تاسا، وێنە تارمایی گرتی
ئەدەب و وشەی کوردی، دەڕنن بەرۆک و سینە
باخچەوانی گوڵستان، شوانەوێڵەی کوردستان
دەگەڵی ئاشنا نەبوون، ڕق و بوغزاندن و کینە
کۆچی مرۆڤێک لە گوڵ، هەڵقولاوی کانیی دڵ
بۆیە لە ناخی مندا هەروا شەپۆڕ و شینە

-------------------

میسرەعی یەکەم فۆلکلۆرە

ئەو شێعرەم کاتی خۆی بۆ کۆچی ناوادەی نەمر سولەیمان چیرە (مامۆستا هێرش) نووسی.

١٢ی ئەپریلی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥

### واقع لە دەرەوەی خواست و ئیرادەی مرۆڤەکان وجوودی هەیە

ئەو رستەیەی سەرەوە شتێک نییە کەسمان گویمان لێنەبووبێ و تەنانەت رەنگە رۆژانە لێرەوە لەوێش گوێبیسی بینەوە. کورد لە هەموو مێژوودا یان لە لایەن داگیرکەرانەوە هاشای لێکراوە یان بە هێند وەرنەگیراوە وهەمیشە حیسابی شارۆمەندی دەرەجە دووی بۆ کراوە، بەڵام کورد هەم بوونی خاریج لە ئیرادەی داگیرکەر هەبووە و هەمیش بە پێچەوانە وەک باقی گەلانی ئەو ولاتە و دەوروبەری مرۆڤێکە رێک وەک وان.

لە تورکیا دەسەلاتتادارنی تورک ئەوەندەی وەبیرمان دێ حاشایان لە کورد کردووە و تا ئەم کاتەش ئەم حاشالێکردنە بە بارێکی دیکەدا بەردەوامە، ئەردوغان وحیزبە ئیسلامیەکەی کە چەند ساڵێکە دەسەلاتی بەسەر تورکیا دا هەیە ئەگەرچی لەزەمانێکی جیواز لەوانی بەر لەخۆی سیاسەت دەکات بەلام بە جۆرێکی دیکە هەمان رچەی پێاوە. لە ئێران و لە عێراق و لە سووریاش بە هەمان شێوە بەلامکوردبەدەر لە ئیرادەو خواست و ئارەزووی ئەوان وجوودی هەبووە بە کردەوە هەرگیز ئەو ئارەزوویە لای هیچیان وەدی نەهاتووە.

کوردەش بەهەمان شێوە و لانی کەم دەبی لەو هەمووە حاشالێکردن و لەو هەمووە ئارەزووە خەیاڵیەی دوژمنان کە هیچیان نەهاتوونە دی دەرس و پەند وەرگرێ. بەرامبەر بە نەیارانی، بەرامبەر بە موخالیفانی واقعبین بێ و لە کوتنی راستیەکان سڵ نەکاتەوە دەنا تووشی هەڵەی قەرەبوو نەکراو دێ.

مەبەستی ئەو باسە تورکەکانی ئازەربایجانن. ئازەربایجان ئەو ناوەی کە بە فیتی داگیرکەران و بۆ ئەوەی هەستی کوردانی رۆژهەلات لە کزی بدرێ و لە باری جوغرافیاییەوە دابڕ دابڕ بکرێ بە سەر بەشێک لە خاکی نیشتمان دا سەپا و ئەمرۆ لێمان بۆتە بەلا. ئازەربایجسن ئەو شوێنەیە کە بۆتە بەلای ناگەهان و بەروکی ئێمەی کوردی گرتووە و لە داهاتوو دا گرفتی هەرە گەورەمان بۆ ساز دەکا.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام تورک وەک بەشێکی بەرچاوی ئەو ناوچانەی کە کوردستانن و ناوی ئازەربایجانیان بەسەر دا سەپاوە بووونیان هەیە لە دەوروبەری ئەو شارە کوردیانەش ئەوان چەندین ساڵ جیران ودراوسێی کوردانن. ئەوەی مەترسی بۆ ئێمە و بۆ ئەوانیش دروست کردووە ئەوە نییە کە ئێمە جیرانی یەکترین یان ئەوان لە زۆر ساری کوردستان تێکەڵاو دەگەڵ کورد دەژین! کێسە ئەمەیە کە ئەوان ئیدیعای داگیرکاریان بە نیسبەت خاکی کوردستانن هەیە و زۆریش جیددین، ئمن زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم کە ئەوان نەک ماکۆ و شاپوور و ورمێ بەڵکوو ئیدیعای مەهاباد و سەردەشت وبۆکان وشنۆ و بانەش دەکەن کە ملکی باب و باپیریانە!چار چییە ؟ بە سووکایەتی پێکردن و بە جنیودان و بە دروشمدان چمان پێدەکرێ؟ لە روانگەی منەوە و دڵنیام لە ڕوناگەی زۆربەی کوردانەوە دەبێ کورد و تورک لە تەنیشت یەک وەک بترا بژین هیچ کێشەیەک ئەوان لە بەرامبەر یەک ڕانەگرێ و سبەی مەترسی شەڕێکی خوێناویمان لەو بارەوە و لە نێوان ئەو دوو نەتەوە ستەملێکراوە نەبێ، بۆ ئیدارەی ئەو شارانەش دەبێ پشت بە هەڵبژاردن ببەسترێ نەک هیچ ڕیگایەکی دیکە، ئەمن سوور دەزانم ئەوە سیاسەتی زۆربەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشە. بەڵام ئایا ئەوسن واتە تورکەکانیش بیرۆکەیەکی لەم چەشنەیان هەیە بۆ پێکەوە ژیان؟!

ئەمن لێرەو لەو کانادایە دەگەڵیان دانیشتووم و لە کۆبوونەوەیان بەشداریم کردووە ، ئەوان بەڕەرووی ئێمە ئیدیعای مەهاباد و بانە و سەردەشتیان هەیە و بە ملکی خۆیانی دەزانن و پێیان وایە ئەو بابەتە قسەی لەسەر ناکرێ؟ ئەوە بیری زاڵە بە سەر زۆربەی هێز و ڕێکخراوەسیاسیەکانی تورکی ئازەربایجان. ئەو تورکەی ئەمڕۆ لە ئێران وەک هێزی یەکەم و یەکگرتوو دژی داگیرکاری ئێران قسە دەکات و کە هەموو بۆنەیەکی وەرزشی و ئایینیدا ئاڵای نەتەوەکەی خۆی بەرزدەکاتەوە چ لە تەوریز چ لە تاران!

ئەو باسەم بۆیە هێنایە گۆرێ تا تۆزێ بەرچاوڕوونیم دسبێ بەو کەسانەی کە زانیاریان لەسەر تورکی ئێران نییەو بۆئەوەشی دەورووژێنم کە بە دۆستان بلێم کاکی برام خوشکی بەڕێز نە بەدروشم وبێڕێزیکردن چارەی دەری ئێمە دێ و نە بەوشێوازەش توانیومانە بیرۆکەی داگیرکاری لە مێشکی تورکان وەدەر بنێین. ڕیاگ زۆران و یەک لەوان و سەرەکیترینیان یەکگرتنی هێزەسیاسیەکانە لە بەرەیەکی دێمۆکراتیکی ئازادیخوازانە و دژی دیکتاتۆری دا، تا یەک نەگرین نابین بە هێز، تا نەبین بە هێز کەس حیسابمان بۆ ناکات، نە دۆست ، نەدوژمن!

١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## با لێشیان فێر بین و هەستیش بە مەترسی بکەین!

هەموو ڕاگەیەنە جیهانیەکان و لۆکاڵیەکان باسی خۆپێشاندان ی بەربڵاوی تورکەکانی ئێران دەکەن، دیارە سەرەڕای لێکدانەوەی ناواقعی کە پێی وایە تورک بەشێکە لە حکوومەت و حکوومەت کاری بەسەریانەوە نییە وادیارە حکوومەت بە هەموو شێوەیەک بەرەوڕوویان بۆتەوە بەڵام جارێ تا ئێرە چون تورک یەکگرتوو و یەکدەستە لە هەموو خۆپێشاندانەکان تەنانەت ئەوەی تارانیش سەرکەوتوو بووە و تەنانەت لە چەند شوێنی تاران ماشێنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیان سووتاندنووە.

خۆپێشاندانی یەکگرتووانەو ئازایانەی تورکەکان بۆ لێفێربوون دەبێ، ئەوان چۆنە وا یەک دەست هاتوونە سەرشەقام و کۆشکی حکوومەتە ستەمەگەرەکەی تارانیان وەلەرزە خستووە؟ مەگەر ئەوان حیزبیان نییە؟ مەگەر ڕایجیوازیان لە نێودانییە؟ بە دڵنیاییەوە هەموویان یەک بیر و باوەڕ یەک جۆری بیرکردنەوەیان نییە بەرامبەر بە ڕووداو پێشهاتەکان بەڵام لەوەدا یەکدەنگ و یەکڕەنگن کە تورکن! کە بێڕێزی لە لایەن دەسەڵاتی تارانەوە قەبووڵ ناکەن.

ئەوەی کورد بەتایبەتی کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبەکانی بە دەرەجەی یەکەم دێمۆکراتەکان وکۆمەڵەکان لێی خافڵن و بە خەیاڵی ئاسوودە پاڵیان لێداوەتەوە و هەر لە فکری لەمەیدان بەدەرکردن وپاکتاوکردنی یەکتری دان ئەوان نەیانکردووە، ئەوان لە دەوری یەک کۆبوونەوە بە ناوی" حیزبی ئازەربایجانی جنووبی " کە خۆلیای داگیرکاری کوردستانیشیان لەسەردایە کۆبوونەوە و لە ڕاستیدا ئەو حیزبە بەرەیەکە لە هەموو لایەنەکان بە چەپ و ڕاستەوە. دیارە ڕەگەزپەرەستی و بیری داگیرکاری بە تایبەتی داگیرکردنی کوردستان بەسەریاندا زاڵە. ئەوان بە ئاشکرا داوای سەربەخۆیی ئازەربایجان دەکەن و بە ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاواییەکەی! ئەوەی لەو باسە دا مەبەستمە ئەمەیە کە تورک زۆر درەنگی دەست پێکرد، تا دوێنێ کەواسووری بەرلەشکری ئێران و حکومەتی تاران بوو و لە هەموو مێأوی شەڕ و سەرکوتکاریەکان دژی کورد ئەوان پێشەنگ بوون بەڵام باسی من ئەمە نییە، ئەم بەشە هەر بۆ ئەوەیە کەس ئەو لاپەڕەیە لە بۆچوونەکاندا هەڵنەداتەوە کە ئیترمنداڵی مەدرەسە ئیبتدائیەکانیش دەیزانن. باسی من ئەمەیە کە ئەوان وا درەنگ هاتوون و ئەوندەش لە پێش ئێمەوەن!

یەکەم کورد تا ئێستاش لەڕۆژهەڵات پێێ شەرمە وناوێرێ باسی سەربەخۆیی بکات! یان ئەگەر لە جێی دیکەش باسی دەکرێ بەشێکی لێڕاست دەبێتەوە دژی دەوەستێ! ئەو کوردە یەکنەگرتوو و بڵاو پەرتەوازەیەی هەموو لایەکی دوژمنە خۆشی لە

ناوخۆی دا ئێستا بۆتە دوژمنی قەستەسەری یەکتری. کەس لە کەسی قەبووڵ ناکات، خوا رەحمی پێکردین داعشمان لێ پەیدا بوو دەنا ئێستا کارێکمان دەکرد ئابڕوومان بۆ کورد نەدەهێشتەوە.

دووهەم تورک مەترسییە، مەترسی بۆسەر سەروەری خاکی کوردستان، ئەوان هەم خۆیان یەکگرتوو و بە هێزن هەمیش ٢ دەوڵەتیان لە پشتە کە هەردووک دەوڵەت هەم دوژمن بە کوردن هەمیش بە ئێران. ئەان بە شێکی زۆر خاکی کوردستانیان لەبن چنگیدایە بە نێوی ئازەربایجانی رۆژئاوایی! ئەوەیان لێکردووینە بەڵگە و هاوکات کە شەڕی سەربەخۆیی دەکەن شەڕی دەرپەڕاندنی کوردیش دەکەن لە خاک و لە زێد و لە نیشتمانی خۆی، ئەگەر کورد دڵی بەوە خۆش کا کە ئەو کەسانە کەمن و توندڕەوی باوی نەماوە لە ناو تورکانیش دا هەر وای بینن، ڕاست لێکدانەوەکەیان بەو ئەندازەیە ڕاستە کە تۆ فارس ببینی و باوەڕی بە ئازادی و دیمۆکڕاسی و مافی گەلام هەبێ کە بۆ پۆزی رۆشنبیرانەش یەکیان نابینی!

دیسان ئەو هەستانەوە و ئەو خۆپێشندانە وەخەبەرتان ناهێنێ چون ئامادە نین بڵێین ئێمە هەڵەمان کردووە! چون ئامادە نین رەخنە لە ڕابردووی خۆتان بگرن! مێژووش لەسەرمان ڕاناوەستێ و هەنگاوەکانی بەخێرایی با توند کردوون و خەریکە کارەساتێکمان لەسەر تۆمار دەکات کە سەت ساڵی دیکە وەک چۆن داستانی شێخ مەحموودمان بۆ دەگێڕنەوە کە گۆیا دەگەڵ ئینگلیسیەکان ڕێکنەکەوتووە چون پێی وابووە گڵاون! ئەو داستانەش بۆ ئێوە سەرکردەکانی کورد دەنووسێتەوە.

٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## لە یادی محەمەد حەلاق و هاوڕێیانی دا

محەمەد حەلاق کادرێکی سەربازی و فەرماندەیەکی بەوەج و چاونەترسی حیزبی شیوعی عیراق بوو. لە بنەماڵەیەکی شەهیدپەروەری کوردپەروەربووو، ئازا و چاونەترس بوو، لە دەشتی هەولێر بە جیڤارای کوردستان دەناسرا ،بالآبەرزی سمێڵ خورمایی، هەمیشە دەم بە خەندە، من نێوانم دەگەڵی زۆر خۆش بوو، کاتێ لە پشتئاشان و لای هاوڕێیانی حیزبی شیوعی دەژیام تا هاتبایەوە ئەو ناوە دەرفەت هەبا یەکترمان دەدیت،ئەو لوتفی دەگەڵ ئێمەی رۆژهەلاتی هەبوو، بەتایبەتی کاک ئەفراسیاب هەورامی هەمیشە لەدلدا زیندوو و منی هەر دەدیت. دوای شەڕی پشتئاشان و دوای داگیرکردنی پشتئاشان لە لایەن یەکیەتیەوە و کوژرانی نزیک ٨٠ کەسی شیوعی محەمەد حەلاق بەجارێ سیمای گۆڕابوو، ئیتر هەر کات دیتبات لە جیاتی زەردەخەنە و بزە شیرینەکانی نیوان دوو برۆیانی گنجی پێوەدیار بوو، خەمناک... خەمێکی قووڵ کە وەک مەتەڵێکی تەمو مژاوی کەس ماناکەی بۆ لێکنەدەدرایەوە.

کوردستان ئازاد کرا و پارتی ویەکیەتی هەر یەکەوە دەفەرێکی بۆخۆی بردا و خەڵک بە لێشاو روویان لەو دوو حیزبە کوردیە کرد. حیزبی شیوعی سۆڤیەت (شورەوی پێشوو) بە دوای هاتنە سەرکاری گورباچۆڤ و پرۆسترۆیکا و چاکسازی گۆرباچۆف لە بەر یەک هەڵتەکا، بە دوای ئەو دا هەر حیزبە کۆمۆنیستەی لە قوژبن و سووچێکی ئەم دنیایە هەبوو وەک پزدان دەپووچایەوە و لە بەر یەک هەڵدەوەشا! حیزبی شیوعی عێراقیش وێرای پێشینەیەکی زۆر خاوێنی سیاسیی و بوونی سەدان کادری بەوەجی کورد و سەدان پێشمەرگەی قارەمان لە ریزی ئەو حیزبە دا لەو هەڵتەکاندنە بێبەری نەبوو، لە ناکاو هەڵتەکا و زۆربەی کادرەکانی روویان لە پارتی دیمۆکڕاتی کوردستان کرد، بەلام محەمەد حەللاق لە گەڵ هاوڕێ ئەبوو حیکمەت پارتێکی تازەی چەپی کوردیان دروست کرد بە ناوی پارتی کاری سەربەخۆ.

جارێکیان کە بە سەردان چووبوومە باشوور برادەرێکی کۆنە شیوعیم بینی کوتی محەمەد حەلاق هەواڵی پرسیوی، کوتم لە کوێیە زۆرم پێخۆشە ببینم. کوتی وەڵا ئەوە لە کوێیە، هاتمە لای هاوڕێ شاخەوان و هاورێ هەوراز بە پرسیار ئەوانم دیتەوە و لە رێگای ئەوانەوە ماڵی کاک محەمەد و خودی کاک محەمەد حەلاقیشم دیتەوە، شەوێک میوانی بووم و زۆرمان باسی ڕابردوو و گۆرانکاریەکانی ئەم جیهانە و بەتایبەتی کورستان کرد. هەمان گوڕوتینی جارانی پێوەدیار بوو، دڵخۆش بوو بە رزگاری کوردستان بەڵام نیگەرانی داهاتوو بوو. باسی شیعرێکی منی کرد و کوتی ئەگەر لات ماوە تکایە نوسخەیەکم بدەیە، شیعرەکە ناوی "هەڵۆ تاکە" بوو و بۆ کارەساتی پشتئاشان و هێرشی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بۆ سەر هاوڕێیانی شیوعی نووسرابوو، سەرەتای ئەو شێعرە ئاوا دەست پێدەکا:

"هەڵۆ تاکە"

ئاسۆ لێڵ و وڵات کۆترێکی تاساوە

لەسەر بانی ماڵێکی چۆل هەڵکورماوە

تاریکایەکی سامناک

شار و گوندی داگرتووە

چەقولووری سەگی کۆڵان

لە هاتنی دزی شەو و

ڕێبوارێکی نائاشنا خەبەر دەدا

لە گوێسوانەی گوندەکانا

کوندەبوو تەقڵە لێدەدا

چاوی ئاسمان کز دەسوتێ

بزەی زەوی پڕوکاوە

مانگ ژنێکی چارشێو ڕەشە

ئەستێرەکان ڕووی دەڕنن

بزەی شیعری ئاگراوی

لە گێژاوی خەیاڵات دا حەپەساو..!

ئەوەم بۆ خوێندەوە، سەری لەبەر خۆی نا و هەناسەیەکی هەڵکێشا و کوتی هەک.... هەموو برینەکانم نوێ بوونەوە! ئاگام لێبوو دەفکرانەوە چوو، نارەحەت بووم و کوتم خۆزگە بۆم نەخوێندبایەوە. کاتی خۆی بەشێک لەو شێعرەم بۆ خوێندبۆوە، وابزانم لە سەفەری سووریا گەڕابۆوە و تیربارێکی بی کەی سی بەدەستەوە بوو، بیستبووی ئەو شیعرەم بۆ هاوڕێیانی پشتئاشان و کارەساتە لەبیرنەکراوەکەی کوتووە.

ئەوشەوە دوایین دیداری من بوو دەگەڵ کاک محەمەد و ئیتر نەمدیتەوە. لە مەهاباد و لە سەر دووکان بووم کە لە هەواڵەکان بیستم لە بازگەی کۆیە تەقە لە محەمەد حەلاق و هاوڕێیانی کراوە و شەهید کراون،ڕەنگە هەر هەمان بازگە بێ کە شەهیدانی دێمۆکراتی تێدا خەڵتانی خوێن کرا!

یەکیەتی زۆری خەڵک کوشتووە، هەر ئەو نا حیزبەکانی دیکەش زۆر جار دەستیان بە خوێنی خەڵکی سوور بووە، بەڵام ئەو تاوانەی یەکیەتی هەرگیز لە بیر هیچ ئینسانێکی بەوێژدان ناچێتەوە، ئاخر نە محەمەد حەلاق و نە حیزبەکەی ڕکەبەری



سەرچاوە
Serchawe

یەکیەتی و هیچ حیزبێکی دیکەی باشووریان پێنەدەکرا، ئەوان تازە بناخەی پارتێکی چەپی کوردیان دامەزراندبوو بەناوی پارتی کاری سەربەخۆ، بەداخەوە تا ئێستاش نازانرێ هۆکاری ئەو کوشتارە سامناک و جنایەتکارانەیە چ بووە، کێ بووە فەرمانی ئەو جنایەتەی داوە و بە دەستووری کام بەرپرسی یەکیەتی ئەو تاوانە نەبەخشراوە ئەنجام دراوە و چۆنە تا ئێستا هۆکاری ئەو کوشتارە دیار نییە؟

بەڵێ بەداخەوە لە ڕۆژی ٢ - ١١ - ١٩٩٥ و لە دەروازەی کۆیە دەستی ڕەشی تاوان لە ناو ڕیزەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەسڕێژی لەو کۆمەڵە تێکۆشەرە کرد و ئەوەی لەوێ شەهید کرا دەنا ئەوانی دیکە راگوێزران و پاشان هەموویان گوللە باران کران. ئەو تاوانە ڕاست وێنەی تاوانی شەهیدکردنی کۆمەڵێ کادر و پێشمەرگەی دێمۆکرات تا هەتایە بە ناوچاوانی یەکیەتییەوە وەک پەڵەیەکی ڕەش دەمێنێتەوە . خۆزگە ئەوانەی ئێستا بوونە بڵیندگۆی ئازادیخوازی و دادپەروەری و دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ ئەو کەیسەیان زیندوو کردباوە و لانی کەمی هۆکاری کوشتنەکەیان بۆ خەڵکی روون کردبایەوە.

یادی محەمەد حەللاق و هاوڕێیانی هەمیشە لەدڵدا زیندوو

نەفرەت لە بکوژان و نەفرەت لەوانەی وا بە هاسانی دەستیان دەچێتە خوێنی مرۆڤەکانەوە

نەفرەت لەوانەی کە ئاگایان لەو کارەساتە هەیە و تا ئێستا بێدەنگەیان لێکردووە.

٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

# ئایا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە ناوەندی شەڕیکی گەورەی ئیقلیمی

هەموو ئاماژەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە بە بچووکترین هەڵەی زلهێزەکان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی دەروبەری ئێمەی نەتەوەی کورد ، بەرەو شەڕێکی ماڵوێرانکەر هەنگاو دەنێ.سووریە وەک تا ئێستا مەیدانی کێ بەرکێ و شەڕی هێزە ئیقلیمیەکانە دەبێتە سەرەکیترین مەیدانی هەڵگیرسانی ئەو شەڕەو بێگومان کور بەشێ جیانەکراوەی شەڕەکە دەبێ کە ڕەنگە لە ئێستادا لە یەک بەرەدا، بەڵام لەدواڕۆژدا .ڕەنگە لە دووبەرەی دژ بەیەک لە شەڕ دابن.

ئەگەرچی کورد لەمڕۆدا دەبوو زیاتر لە هەموو کاتێک بیر لە خۆپتەوکردن و خۆ ڕێکخستن و ناوماڵی کورد ڕێکخستن بکاتەوە،بەڵام تا ئێرە خۆمە خۆمە و پاوانخوازی بێ ئەژماری سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەوپەڕی خۆیدایە و سبەی کە کار لە کارترازا ئیتر هەزار هاوارە پوڵێکی!

لەم نێوەدا ئێران بۆتە پشیلەی ڕەجەبە شێتی و خەریکە گەڕەکە ماڵێک بە خۆیەوە دەسووتێنێ، دوور نییە ئەوان هەمان فەلسەفە پەیرەو بکەن کە دەڵێ: تا دنیا ئاڵۆز نەبێ و خوێن سەران نەبا ئیمامی زەمان زوهوور ناکا! لە رووی سیاسیشەوە ئێران ناچارە پشتیوانی لێبڕاوانەی خۆی لەسوریە و حکوومەتە دیکتاتۆریەکەی ئەسەد بکا، هۆکارەکەشی زۆرئاسانە، ئێران بە هۆکاری زەق کردنەوەی مەترسی دوژمنی دەرەکی هەمیشەیی هەموو جۆرە سەربزێوی و ناڕەزایەتیەکی هاووڵاتیانی ئێرانی سەرکوت دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش ئەو پردی پەرێنەوەی کەلوپەلی نیزامی و سەربازی بۆ حیزبوڵڵای لوبنان کە بە بازووی سەربازی ئێران و سوپای پاسداران لە ناوچەکە ناسراوە تا بە قەولی خۆیان ئیسرائیل لە سەر نەخشەی .جیهان بسڕنەوە.

ئەوە بە کورتی حاڵ و هەوای ناوچەکەیە کەلە باری سیاسییەوە بە دوو ڕیزبەندی ئاشکرا دا گوزەر دەکات: بەرەی یەکەم واتە ئێران و عێراق و سوریە و حیزبوڵڵا و رووسیە و بەشێک لە هێزە کوردییەکانی باشوورو باکووری کوردستان کە ئەم هێزانە بەم دواییانە بە ئاشکرا خۆیان لە ریزبەندی یەکەم دا دەبیننەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەش عەرەبستان و تورکیە و ولاتانی رۆژئاوایی و لە سەرووی هەموانەوە ئەمریکا و هێزێکی دیاری باشووری کوردستان دەکەونە خاڵبەندی دووهەم. سەیر لێرەدا ئەمەیە کە لە جیاتی ئەوەی کورد بە ستراتیژی و تاکتیکێکی دیار و یەکگرتووەوە بەرەورووی ئەم رووداو و پێشهاتانە بووبایەوە بەداخەوە لە هەموو کات زیاتر پەرت و پەرەوازەیە.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە کە لەو کێشەو هەرا مەنتەقەیی وئیقلیمییە هەر دەوڵەتە و وەدوای بەرژەوەندی حکوومەتی و



سەرچاوە
Serchawe

نیشتمانی و بازرگانی و سیاسیی خۆی کەوتـووە، کـورد وەدووی چـی کەوتـووە!؟ بـۆ هەر یەکەو بە لایەک دا ڕایدەکێشـێ!؟ لەم ئـان و سـاتە ئاستەمەدا کـورد و سـەرکردایەتی کـورد و حیزبەکـان بـۆ دەبـێ بیرێک لە خۆیـان و بەرژەوەندییـەکانی خەڵکی کوردستان نەکەنەوە ئەو شەڕەگەڕەکە نێوخۆییەی بۆ تووشی خۆی کردووە؟

هیـوادارین ڕەوتـی ڕووداوەکـان بەو ئاراستەیەدا نـەڕۆن و ئەو نـاوچەیە نەبێتە مەیـدانی شـەڕێکی مـاڵوێرانکەر. چوونکی لە ئەگەری وەها حاڵەتێکدا بەو پرشو بڵاوییەی هێزەسیاسییەکانی کوردستان تووشی بـوون، بە دڵنیـاییەوە زەرەرمەنـدی یەکەم هەر خـەڵکی کوردستان دەبـێ، هەرچەنـد و لە حـاڵەتی وشیاری نەتەوەیـی و نیشـتمانی و یەکگرتـوویی هێزەسیاسیەکان دا دەکـرێ ئەو گۆرانکـاری و شـەڕ و کاولکـارییە بە هەمـوو زەرەر و زیـانە مـادی و مرۆییەکانیـەوە کە کـوردیش پشـکی شێری بەرکەوتووە و بەری دەکەوێ، لانی کەم لە ڕووی سیاسییەوە لە بەرژەوەندی خۆی بقوازێتەوە.

١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# ئێران لە سەراولێژی داڕماندا

ماوەیەک لەمەوپێش نووسیم ئێران خەریکە لە هەموو بەرەکان تێکدەشکێ و وادیارە یەکێک لە پێشبینیەکانم وەڕاست گەڕاوە، کە دەڵێم لە هەمو جەبهەکاندا تێکدەشکێ مەبەستم لە بەرەو جەبهانەیە کە ئێران ساڵەهایە سەرمایە گوزاری قورسی ماددی ومانەوی لەسەر کردوون، ئەو جەبهانەی کە لە دەرەوەی وڵاتەکەیدان و تەنیا بۆ بە قەولی خۆی ناردنەدەرەوەی شۆڕش خوێن فرمێسکی خەڵکی بێدەرەتانی ئێرانی بۆ خەرج کردوون.

بەرنامەی ناووکی و ئەتۆمی ئێران پاش ساڵەها سەرمایەگوزاری قورس و بە دوای گەمارووە ئابووریەکاندا گەڕاوە سەر خاڵی سفر و ئێران ملکەچی هەموو بڕیار وڕاسپاردەیەکی وڵاتانی رۆژئاویی بوو. ئێران کە ساڵەهای ساڵ هەرچی پارەو پووڵی ئەو خەڵکە هەیە خەرجی سیاسەتەدەرەکیەکانی خۆی دەکات لە لوبنان، سووریا، غەزە ی حەماس، عیراق وباشووری کوردستان، ئێستا وردە وردە لەوشوێنانەش نیشانەکانی شکستی پیلان و بەرنامەکانی وەدیار دەکەوێ.

فەرماندەی ئەو پیلانانە کەسێکە بە ناوی قاسم سولەیمانی کە بەرپرسی قەرارگای قودسی سپای پاسدارانە، ئەو سپایە و ئەو بەشەی سپای پاسداران کە بەرپرسی هەموو ترۆرەکانی چەندین ساڵی ڕابردوویە لە هەندەران، لە ئوروووپا، لە تورکیا، لە باشووری کوردستان، لە نێویاندا ترۆری ڕیبەرانی حیزبی دێمۆکڕات، قاسملوو وشەڕەفکەندی. قاسم سولەیمانی و سوپای قودس کە بەرپرسیارەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی لە ئەستۆیە! وردە وردە دەبێ هەست بە تامی تاڵی شکستی ژاراوی بکات.

لە یەمەن زۆر پارێزگا و ناوچەی ژێردەسەڵاتی حووسیەکان و عەلی عەبدوڵا ساڵحی هاوپەیمانی ئێران لە لایەن هێزەکانی خەڵکی و ئەرتەشی ئەو وڵاتە دووبارە رزگار کرانەوە و چاوەڕوان دەکرێ لە چەند سەعاتی داهاتوودا شەڕ بۆ ئازادکردنی سەنعای پێتەختی ئەمەن دەست پێبکات و ئاماژەکان ئەوەیان لێدەردەکەوێ کە هێزەکانی سەر بە حووسی و شیعەکانی سەر بەئێران بە جارێ وەڕەیان بەرداوە و ڕەنگە نەتوانن بەربەرەکانێکی ئەوتۆ لە بەرامبەر هێرشی هێزەگەلی و خۆجییەکان و ئەرتەشی یەمەندا بکەن.

ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە یەمەن کاتێ لاقی لەبەرەی خۆی پتر ڕاکێشا، ئیتر وڵاتە عەرەبییەکان و لە سەرووی هەموانەوە عەرەبستانی سعوودی و میسر بەگژ سیاسەتەکانی ئێران داهاتنەوە و ڕاستەوخۆ بۆ پشتیوانی لە حکوومەتی "عبدربه منصور

هادی" هێرشی هەواییان کردە سەر حووسیەکان و لە ڕاستیدا لە ماوەیەکەی کەمدا توانیان کە بنکەو بنیاتە نیزامیەکانی سەر بە حووسیەکان وێران بکەن و ڕێگای گەیشتنی یارمەتیەکانی ئێرانیان بۆ حوسیەکان بە تایبەتی لە بەندەری عەدەنەو ە بەست وئیتر حووسیە شیعەکانی لایەنگری ئێران دەستیان وەهیچ کوێ ڕانەگەیشت و تا وردە وردە بەرەو سەراولێژی دارمان شۆڕبوونەوە و ئەمەش یەکەم شکستی روون ودیاری سیاسەتە مەزنیخوازانەکەی ئێرانە لە ناوچە کە بە دڵنیاییەوە بەدووی دادێ.

لە سووریا لە گەرمەی دەنگۆی سەردانەکەی محەمەد جەوادی زەریف بۆ دیمەشق ناوەندی ئەو شارەو ئەو پێتەختەی دیکتاتۆری ئەسەد لە لایەن موخالیفانەوە تۆپباران کرا، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە بەشێک لە دەوروبەری پێتەختی سووریا لە بەردەستی هێزە دژبەرەکانی سووریادایە. کەواتە سووریا تەنانەت دەسەڵاتی پێتەختەکەی خۆشی بەتەواوی نییە و دوور نیە دووهەم شکستی ستراتیژی سیاسەتەکانی ئێرانی ئیسلامی لە دیمەشقەوە سەرهەڵبدا، دیمەشق بۆ ئێران شارەگی حەیاتی سیاسەتە چەواشەکارانە و خەڵک فریودەرانەیە، کە دیمەشق نەمێنێ ئیتر حیزبوڵلا ئوتوماتیک دەکەوێتە گەماورۆ و هەم لووبنان لە چنگانی ئاسوودە دەبێ و هەمیش ئاژاوەگێڕیەکانی ئێران بۆ هەتایە لەو ناوچەیە کۆتایی دێ. لە خۆڕا نییە کە ئێران وەحەولەوەلا کەتووە تا بەڵکوو بتوانێ بە تەرفەند وفێڵ وتەڵەکەیەک ئەسەدی هاوپەیمانی لە سەرەمەرگدا زیندوو کاتەوە!

گەلۆ ئێران دوای ئەم دۆڕانە گەورانەی هەموو ئیعتیبار وکەسێتی سیاسیی خۆی لانی کەم لەناو خۆیدا لەسەر دانابوو چی بەسەر دێ؟ تۆ بڵێی نۆرەی بوومەلەرزەکەی ئێران نەبێ و زستانی عەرەبی و تورکی و کوردی و بلووچی و تورکەمەنی مێشکە چەقبەستووەکەی سەدەکانی ناوەڕاست دووچاری بەستەڵەکی تا هەتایی نەکات.

خزمینە لەئەگەری روودان و هاتنە دی ئەو لێکدانەوەیە تۆ بڵێی ئێمەی کورد وهێزەسیاسیەکانمان هیچ ئامادەکارێکیان کردبێ تا لەو دەرفەتە کەڵکی بەجێ وەرگرن و بە تەجرەبە وەرگرتن لە پارچەکانی دیکەی کوردستان خەونی بنیاتێکی قایم و دێمۆکراتیک و کوردستانی بەو بەشە ستەملێکراوەی کوردستان واتە ڕۆژهەڵاتی ئاگر و گڕ ببینین؟

١٢ی جوونی ٢٠١٥

## مشت لە درێشە دەگەڕێتەوە

سەرنجێک لە سەر سەفەرەکەی قەشقاوی و هەیئەتی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان

کورد کوتوویە " مشت لە درێشە دەگەڕێتەوە" ئەو پەندەکوردییە زۆر جاران وەڕاست گەڕاوە. ئێران یەکێک لەو وڵاتە زەبەلاحە گەندەڵانەیە کە تا درێشەی پێشان نەدەی بارانی مشتەکۆڵەی ناوەستێ هەموو لایەک ئاگادارن کە ئێران لەوەتا هەیە چۆنی دوژمنایەتی کورد بە تایبەتی کوردی باشوور و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، هەرچی خوێنی لە شەڕی براکوژیدا ڕژا لە خۆ بەزلزانی و پاوانخوازی کورد و پیلانی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران ڕاسەرچاوەی گرت.

ئێران هەرگیز دەستی لە پیلانگێری دژی حکوومتی هەرێمی کوردستان بەرنەداوە و لە چەند مانگی ڕابردوو دا چەندەها پیلانی دژی حکوومەتی هەرێمی کردستان و بە تایبەتی دژی یەکدەنگی و یەکدڵی کورد لە باشوور وەرێخست تەنیا بۆ ئەوەی خەونی سەربەخۆیی لەبار بەرێ. بەداخەوە هەلوومەرجی کوردستان و جوغرافیای سیاسی کوردستان واهەڵکەوتووە کە سیاسەتوانی کورد زۆر بە پارێزەوە دەگەڵ ئەو کەڵەگایی و ملهوڕیەی داگیرکەران بەرەوروو بێ و لەبەر یەک نەبوون نەبوونی یەکرێزی لە ناو حیزبە کوردیەکان دا وەک کورد دەڵێ ناچارن جار جارە بە حەریفی دایکیان بڵێن خاڵە!

لێرەوە بەڕاشکاوی دەمهەوێ باسی ئەو بابەبەت بکەم کە لەم چەند ساڵە دا بە تایبەتی پارتی کە بە پێچەوانەی حیزبە هاوپەیمانە دژبەرەکەی کە سەر بە ئێرانە و نەک سەر بە ئێرانە بەڵکوو بە قەولی کاک سەلاحی موهتەدی دەڵێ سپای پاسداران حوکمی یەکیەتی دەکات! پارتی لە بەرەی ڕۆژئاوا دایە و هەر بۆیەش دەگەڵ ئێران ئەگەر لە سەرەوەش و بە ڕواڵەت و بە دیپلۆماسی تایبەتی کە دەبێ دەگەڵ ئێران هەیانبێ دۆست بن ئەوا لە بنەوە ددان لێک دەچیرەوە دەبەن و بەتایبەتی ئێران بە خوێنی سەری پارتی و بارزانی تینووە.

هەرچی ئورگانی سەر بە سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانە لەو ماوەیەی ڕابردوودا و هاوکات دەگەڵ هەندێ هێزی کوردی حەشریان بە پارتی و بە بارزانی کردووە، ئەوەی ڕەجانیوز و بازتاب و باقی ماڵپەڕەکانی سەر بە سپای پاسداران بۆ دژایەتی پارتی و هەزینە کردن بۆ ئەو دژایەتیە کردوویانە نە لە چاوی پارتیەکان دوورە و نە لە چاوی هیچ چاوەدێرێکی سیاسیی ونبووە. لە هەمان کاتدا ئەندام و لایەنگرانی پارتیش وا بۆ یەک دووساڵ دەچێ ئیتر بە ئاشکرا لە دژی ئێران دەنووسن و دەپەیڤن.

پارتی تینی بۆهات، چەقۆی گەیشتە سەر ئێسقانی، لە دوژمنایەتی و دژایەتی کردنی ئێران بەرامبەر بە خۆی ماندوو بوو، لەولاش گوشارێکی زۆر هەبوو کە بۆچی کوردی ڕۆژهەلات دەبێ شۆڕش و ڕاپەڕینەکەی هەروا لە سێبەری هەلوومەرجی تایبەتی باشوور دا بمێنێتەوە و وردە وردە بەرەو تەوانەوە یان حیزبەکانی بەرەو دابڕان لە خەڵک بچن! ئەو بۆشاییە تا کەی دەبێ هەبێ و تا کەی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان دەبێ ئاوڕ لە خۆزگەو ئارەزووەکانی شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەلات نەداتەوە و تا کەی دەبێ بەربەست بێ لەبەردەم کردنەوەی بارەگا وبنکەی حیزبەکانی ڕۆژهەلات لە سەرسنوور.

قەشقاوی بۆ بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە هەولێر، ئەوان چاک لەخۆیان و لە ناخی کلۆڵی خۆیان ئاگادارن، لەوە دڵنیان چەخماخەیەکی بچووک ڕەنگە وەک ئاوری پووش و پەڵاشی قەدپاڵێک بە خێرایی بتەنێتەوە و هەرچی هەیە لە حکوومەت و لە دەسەڵات و لە هێزی بێبنەما دەگەڵ خۆی بەرێ. پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان نابێ بچنە ژێر هیچ چەشنە گوشارێکی حکوومەتی ئیسلامی ئێران و ڕاست بە شێوەی خۆیانیان سیاسەت دەگەڵ بکەن. لەسەرەوە بڵێن بە چاوان و لەبنەوە لێگەڕێن با بۆسۆ وبۆچرووک لە ریش و پەشمی مەلایان هەڵبستێ و ئەو دێوەزمەیە بە یەکجاری لە کۆڵ گەل و وڵاتی داگیرکراومان کوردستان ببێتەوە. هەیئەتی ئێرانی تەنیا لە ترسی چوونەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەردانی هەولێری کردووە و بەس!

ئێران ئەو دارە زلەیە کە لە دوورەوە دەیبینی دەیان لق و پۆی لێبۆتەوە بەڵام کاتێ لێی نزیک دەبێیەوە گەندەیڵ و کلۆڵی هەر لە خۆی جوانە. ئێران ئەو ڕێژیمەیە کە مەرگی شەیتانی گەورەی بە قۆنتەرات هەڵگرتبوو بەڵام ئێستا هەرچی شەیتانی گەورە بڵێ شەیتانە بچکۆلە نالێ نا! بەڕێزانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گرۆگیڤی ئێران نەتان خەجڵێنێ ئێوە ڕاست قامکتان لە سەر خاڵی هەرە لاوازی حکوومەتی ئێران داناوە. لەبیرتان نەچێ زۆر جار مشت لە درێشەدەگەڕێتەوە.

١١ی جوونی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# تاڵە ژین دایکی کورد

دایکی کورد واتە دایکی رۆڵەی کوردان ڕەنگە پڕ کوێرەوەریترین دایکی دنیا بێ. لەبیرمە تازە لە زیندان هاتبوومە دەر، وەزعی رووحیم هەرچەندی بلێێ خەراپ بوو، لوقمانی برام ڕەنگە شاهید بووبێ کە من زۆر رۆژان بە دەنگی" اندک اندک جمع مستان میرسند" ی شەهرام نازری گۆرانیەکانی شەجەریان و... شوان و... کۆڵێ فرمێسکم هەڵدەوەراند، من نەخوازراو تووشی وەزعێک بووبووم کە بەدەست خۆم نەبوو، لە یاران هەڵبڕابووم کە لانی کەم بەو شێوەیەی ئەو کات خۆمم بۆ ئامادەنەکردبوو وبە شاهیدی هەمو دۆستان تا ئەو کاتەی هاتمە دەرێش هەرگیز نەمتوانی بۆ یەک چرکەش دەگەڵ وەزعی مەوجوودی ناوخۆو ئێران و کوردستان ڕابێم.

لەبیرمە کاتێ پاش ماوەیەکی زۆر لە ماڵ مانەوە دۆستی هەرە نزیکم وەستا ڕەشیدی ئازەرپوور هاتە لام و دەگەڵ خۆی بردمییە دەرێ و بۆ قەراخ سەد دەرۆیشتین زۆرمان دەردە دڵ کرد، زۆرمان قسە و باسی رابردوو بۆ یەک گێڕاویەوە، سەر ئەنجام هاتمە سەر ژیانی تایبەتی و خاو وخێزانی ولێم پرسی، چەند منداڵت هەیە؟ وابزانم ئەوکاتی کوتی ٤، منیش کوتم ماڵتە جا چوار منداڵت بۆچن خۆ بەتەما نین جووجەخانەیان لێدابنێی! کوتی برایم پێم سەیرە قسەی وادەکەی، کورد لانی کەم دەبێ ٤ منداڵیان هەبێ، کوتم بۆ؟ کوتی یەک بۆ زیندان، یەک بۆ چوونەدەر و پێشمەرگایەتی، یەک بۆ ماڵ و بەردەستی دایک وباب ئەگەر پێمانەوە بمێنێ، یەکیش بۆ زاپاس!

ئەو کاتی ئەو قسەیەم چوو دەکەلەیەوە و بەقسەیەکی تەواو ڕاستم زانی بۆیە تا ئێستا وەک شێعری ناسک و جوان لەبەرمە. بەلام ئەو داستانە زەجر و کوێرەوەری دایک وبابیشی بەدواوەیە. دایک و بابی هەناسە سارد هەر خۆیان دەزانن لە نەبوونی منداڵکانیان لای خۆیان وبەتایبەتی لە پێشمەرگایەتیدا چ گۆڕەوشارێک دەدرێن هەموو ڕۆژ و هەموو شەوێک. چەند جار دمن چەند جار دەژینەوە! دایکی منیش یەکێک لەو دایکانەیە.،

باش لەبیرمە لە ١٢ خەرمانانی ساڵێ ١٣٥٨ دوای شەڕێکی چەند رۆژە لە هەردوو بەری مەهاباد میانداو و مەهاباد نەغەدە - ورمێ و گەمارۆی سەختی چەند مانگەی ئابووری لە سەر شار سەرئەنجام لە ئێوارێی ئەو رۆژە ئەرتەش و سپای دژی گەلی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران مەهابادیان داگیر کردەوە. من رۆژێک پێشتر پۆلێکم پێشمەرگە بردبوون بۆ قاوەخانەی ئەمیرئاباد و رۆژی دوایی گەڕامەوە مەهاباد و ئەو رۆژەی کە یەکێک لە تاڵترین و ناخۆشترین رۆژەکانی ژیانم بوو، کاتێ ئەرتەش گەیشتە سەر بلواری میاندواو و ئەو تەپەیەی کە ئێستا دانشکای پەیامی نووری لێیە گرتی و بە هێلیکۆپتیریش لە

داشامەجید هێزی پیادەکرد ئیتر وردە وردە شار لە بنکە رەسمیەکانی حیزب چۆل کرا و منیش بۆ خودا حافیزی چوومەوە ماڵ، جیبێکی ئەرتەشیم پێبوو، لەبەر دەرگا ڕامگرت و چووم کۆڵە پشتیەکم هەبوو دەستم دایەوە وەدەر کەوتم..

لەبەر دەرکێ دایکم بەدووم داهات و کوتی برایم بۆ کوێ دەچی؟ کوتم دایە دەڕۆم دەچمە دەرێ لە شار ، غاری دامێ و توند بەرۆکی گرتم و کوتی " شیری ئەو مەمکانەت لێ حەلاڵ بێ رۆڵە مەڕۆ "! دایکم ماچ کرد و خودا حافیزیم لێکرد و ئەگەر راستیشتان بوێ زۆریشم گوێ لە داواکەی نەبو و هەستێکیشم بەرامبەر پاڕانەوەکەی دایکم نەبوو، هەست و غروور و هەموو سۆزێک ئەو دەمی کوردستان وحیزب و پێشمەرگایەتی بوو، ئیتر وەزعەکە وابوو و گوناهی کەسی تێدانەبوو هەرچی پێشمەرگە بوو ئەو کات ئەو غرورەی هەبوو.

دایکم بەجێ هێشت و بۆسەرهەڵێنان لە بنکەی خۆمان کە لە شوێنی کەلانتەری و رووبەرووی کووچەی مزگەوتی حاجی ئەحمەدی بوو سەردانی ئەوێم کرد کە بزانم کێی لێیە دەگەڵ خۆم بیبەمە دەرێ، کەچی بەسەر هەواری خاڵی داکەوتم و کەسم تێدا نەدیت، سەیر ئەوە بوو تا هاتمە دەر ماشێنەکەیان دزیم و خۆم بە تەنێ لەوگۆڕەی مامەوە. یادی بەخێر هەزار جاری دۆستێکی زۆر خۆشەویستم بە ماشێنی خۆی تا هەمزاوایەی بردم لەوێ دیتم چەند پێشمەرگەیەک ماشێنەکەی منیان پێیە و لەوێ ڕاوەستاون. لە پێشدا ماشێنەکەم لێ هەستاندنەوە گلەیم لێکردن کە ئەگەر ماشێنیان پێویست بوو دەبو ئاگادارم بکەن خۆ من بەتەنێ بووم و ئەوانشم دەگەڵ خۆم دێنا دەر. بەڵام ئەوان هەر بەدەم فشەکردنەوە کوتیان کاک برایم بە خودای خەجاڵەتین نەمانزانی هی تۆیەو پاشان لەو بەلبەشۆیەی دا کێ لە ماشێنی کێ دەپرسێ؟.

بەڵێ ئەمە داستانی ژیانی کولە مەرگی کوردە، ئەوان ڕۆلەکان بوون و ئەمانیش دایکەکانن، ئێستا دایکم و دایکەکانی دیکەش بێ ئەوەی ئارەزووی خۆیان ورۆلەکانیان وەدی هاتبێ، یان بەجێیان هێشتووین و یان پیری چواردەوری ژیانی تەنیون و بڕستی لێبڕیون. ئەو دایکانە و ئەوانەوی ڕۆلەکانان لە ڕێگای داکۆکی کردن لە ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کورد فیداکرد هەمووی دەبێ تاجی سەر بن، هەموو دەبێ نموونە بن، لەمەش گرینگتر دەبێ خۆزگەکانیان لە لایەن دەسەلاتدارە حیزبییەکانەوە بە هێند بگیرێ.

هۆ دایکە دڵ پڕ لەخەم و ژیان پڕ لە کوێرەوەیەکە.. هۆ دایکانی ڕۆڵەخەباتکارەکانی کورد تۆزی بەرپێتانم، بمان بوورن نیشتمان پێوستی پێمان بووە و هەر کەس بە عەقڵی خۆی و بە تێگەیشتنی خۆی ملی لە ڕێگایەک ناوە کە بتوانێ خزمەتێکی ئەگەر بچووکیش بێ بە گەل و نیشتمانەکەی بکا.

١٢ی جوونی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئایا سەرکەوتنی هەدەپ سەرکەوتنی کوردیش مانا دەکرێتەوە؟

ئەگەر بە دوور لە دەمارگرژی و بە دوور لە بازنەی سیاسەتی داخراوی گرووپیدا ئەو سەکەوتنەی ە د پ وەرد دەینەوەلە یەکەم هەنـاودا ئەو سـەرکەوتنە بە شکستی دەسـەڵاتداری تـاک لایەنەی حیزبـی داد و گەشـە پێـدان کە سـەرۆکەکەی ئەردوغانێکی لەخۆبایی و چەواشەکار و دروزنە تەواو بووە، واتە لە تورکیا هیچ لایەنێک بەتەنیا ناتوانێ بڵێ من حاکمی موتڵەقم.

لەوەدتا تورک هەیە و حکوومەتی هەیە هەرگیز ئەو وڵاتە لە حکوومەتێکی یەک لایەنە و خۆبەزلزانی تاکڕەو نەترازاوە، دیمۆکڕاسی و سیستەمی پارلەمانی لە وڵاتە هەمیشە یان بەدەم کودەتا سەربازیەکان و یان بەدەم دەسەڵاتی حکوومەتە فاشیستی و تاکڕەوەکانەوە بووە کە هەر هەموویان تاسەر ئێسقان دوژمن بە کورد و داوا ڕەواکەی کورد بوون. ئێستا ئەو هەیمەنە و ئەو تابۆیە بەدەستی کورد، بەڵێ بەدەستی کورد و بەدەنگی کورد چرژی تێکەوت، ئیدی هەیمەنەی تورک بەسەر کورددا هەرگیز لەم ڕۆ بەو لاوە وەک ڕابردووی لێنایەتەوە و ورد وخاش کرا. ئایا ئەوە سەرکەوتنێک نییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بە دیمۆکڕاسی هەیە و خوازیاری ئازادی و گەشەکردنی فرەدەنگی و فرە چەشنین، ئەویش بیستنی دەنگی کورد؟! خۆ هیچ کەسمان گومانمان لەوە نییە کە ئەوەی دەنگی بە ە د پ داوە زۆربەی هەرە زۆریان کورد بوون. تۆ بڵێی ئەو کوردە کە خۆڕا دەنگی بە ە د پ دابێ؟

دووهەم مەسەلە کە دەبێ باسی لێوەبکرێ و بە ی‌ڕوای من یەکجار گرینگە ئەمەیە کە، کورد لە باکوور بە رەسمی و بە دەنگی گەل پێی نایە قۆناخێکی تازەی سیاسەت کە بەدڵنیاییەوە پڕەدەسکەوتترین خەباتی کورد دەبێ لە باکوور و دەرسێکیش دەبێ بۆ هەموو لایەنەکانی دیکە. گرینگی دیکەی ئەو بابەتەش ئەمەیە کە ئیتر کورد تەنیا هیوای چەک وچیا نییەو بە جیدی بیر لە چرکردنەوەی خەباتی مەدەنی کە لووتکەی خەباتەکە دەبێتە خەباتی پارلەمانی بکاتەوە و کاری بۆ بکا. ڕاستە دوژمنان کوردان وەک نەتەوەیەکی چەک خۆشەویست وێنا کردووە بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کوردی مەجبوور کردووە کە پەنا بۆ چەک بەرێ ئەوە داگیرکەرانی کوردستانن دەنا کورد لەوەتا هەیە هەوڵی ئەوەیە کە لە ڕێگای دەنگدان و لە ڕێگای هەڵبژاردن و لە ڕێگای بنیات و دامەزراوە مەدەنیەکان قسەی خۆی بە گوێی کەڕی داگیرکەران بگەیەنێ بەڵام ئەوان خۆیان لە ئاست داوخوازیەکانی کورد هەمیشە کەڕ و کر وکپ کردووە،

هەڵبژاردنی ئەمجارەی تورکیا و سەرکەوتنی کوردەکان لەو هەڵبژاردنە دا بە دڵنیایەوە گۆڕانکاری گەورە هەم لە سیاسەتی

کوردان دا و هەمیش لە سیاسەتی تورک دا بە دوای خۆیدا دێنێ بە تایبەتی ئەگەر کورد ژیرانە هەڵسوکەت دەگەڵ مەسەلەکە بکات. راستە ئەوەی تا ئێستا ئینکاری کورد و مافی کوردانی لە تورکیا کردووە دەسەڵاتتدارانی تورک بوون بەڵام ئیدی وەزن و سەنگی نوێنەران وپارلەمانتارانی کورد لە پارلەمانی تورکیا بۆ بە کەمگرتن نابێ و تورک دەبێ روانگەی بە رامبەر بە کورد گۆڕانی جیددی بەسەر دابێ.

بەڵێ لە هەڵبژاردنی ئەمڕۆ دا کوردی باکوور سەرکەوت و ئەردووغان و فاشیزم وڕەگەز پەرەستی تورک بە چۆکداهات، گەمەی سیاسیی دوای چوونە ناو پەرلەمانی ه د پ شتێکە کە هەر خۆیان دەبێ بزانن چۆنی دەگەڵ ڕادێن کە لەویش دا هیوای سەرکەتنیان بۆ دەخوازم.

٢ی جوونی ٢٠١٥

# ئێران لە ڕێگای پ ک ک و یەکیەتییەوە شەڕ بە کورد دەفرۆشێ

## بەشی یەکەم

ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران تووشی دەیان قەیرانی ئابووری و سیاسیی ناوخۆ و دەرەوە بۆتەوە کە توانایی چارەسەر کردنی هیچیانی نیە و تا بینەقاقای لە زەلکاوی هەڵدێر و نەمان ڕۆچووە. هەر ئێستا و لە سوریا گەورەترین دۆست و هاوپەیمانی ستیراتیژی ئێران واتە بەشارئەسەد دوایین هەناسەکانی دەدات و ئوپۆزیسۆنی سوریا و گرووپە تروریستیە مەسەبیەکان ئاڵقەی گەمارۆی دیمەشقیان لە هەموو کات تەنگتر کردۆتەوە و هەر بۆیە ئێران وەهەناسەبڕکەیەکی سەیر کەوتووە. لەوەش گرینگتر حیزبوولای لوبنانیش وەک گەورەترین میلیشیای دەسکردی ئێران لە ناوچەکەدا و بە بەشداری کردنی ڕاستەوخۆیی لە شەڕی سووریا و پشتیوانی کردنی لە ئەسەد بە فەرمانی ئێران تووشی هەمان چارەنوسی ئەسەد دەبێتەوە و بەدڵنیاییەوە تێداچوونی ئەسەد تێداچوون و تەفروتونابوونی ئەوانیشی بەداوە دەبێ. کەواتە تا ئێرە ئێران سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی چەندین ساڵەی لە سووریا و لوبنان خەریکە بەجاری کاول و وێران دەبێ و بەسەر یەکدا دەڕژێ.

لە یەمەن کە ئێران لە مێژە سەرمایەگوزاری لەسەر دەکات و زۆر بە هیواوە دەیڕوانیە هەڵمەتی میلشیا شیعەکان واتە حووسیەکان، وەزعەکە ئاڵوگۆڕی جیددی بەسەر داهاتووە، بەرەی عەبد ڕەببە سەرۆک کۆماری هەڵبژێراوی یەمەن و هێزی بەرگری گەل کە زۆرتر لە سوننیەکان پێکدێن لەچەند ڕۆژی ڕابردووە سەرکەوتنی زۆر بەرچاویان بەدەست هێناوە، ئەوان ئێستا لەچەند قۆڵەوە پەلاماری حوسیەکانیان داوە و چەند شار و ناوچەیان لێهەستاندوونەوە و زەبری گرانی مادی و رووحی وە پەیکەرەی حووسیەکان و عەبدولا سالحی کۆنە کۆمونیست و کۆنە پارێزی هاوپەیمانی حووسیەکان و ئێران کەوتووە، ئەوە سەرەڕای بەردەوامی هێرشی خەستی هەوایی هاوپەیمانان بە ڕێبەری عەرەبستانی سعوودی کە ڕۆژانە بە خەستی لە ڕێگەی ئاسماییەوە بۆمبارانی پێگە و بنکە بارەگاکانی حووسیەکان دەکەن. کەواتە ستارتی شکستی پیلانی ئێران لەو ناوچەیەش خەریکە وردە وردە سەرەداوەکەی دەردەکەوێ و لە خۆڕا نییە کە موحسینی ڕەزایی هەڕەشە لە عەرەبستان دەکات و دەڵێ: " ئەگەر بتان هەوێ ئەمنیەتی ئێمە تێک بدەن دەتان گەڕێنینەوە پێش سەردەنی پیشەسازی"! هەڕەشەیەک کە دەبێ لە ئازار پێگەیشتنێکی کوشندەوە سەرچاوەی گرتبێ.

لە عێراق ئەوە بۆ چەند مانگە کە شەڕ لەسەر پارێزگای ئەنبار و ڕۆمادی لە نێوان هەزاران پاسدار و بەسیجی ئێرانی و میلیشیا شیعەکانی سەر بە ڕێژیمی بەغدا - تاران دەگەڵ سوونیەکانی ئەو دەڤەرەو دەگەڵ داعش لە شەر دن و گرتنەوەی ئەو

شارو ناوچانە چەندین جار لە نێوان حکومەت شەق و شڕەکەی بەغدا و داعشدا لە ئارادایە و حکوومەتی عیراق سەرەڕای پشتیوانی هێزی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان و هەبوونی ئەرتەش و میلیشیا سیعەکان و باشترین وپێشکەوتووترین چەکی ئەمریکایی نەیانتوانیوە ئارامی بۆ ئەو شار و پارێزگایە بگێڕنەوە و ناوچەداگیرکراوەکان لە داعش وەرگرنەوە. لە حەوتووی ڕابردووش دا گرتنی یەکێک لە بنکە گرینگەکانی سەر سنووری سووریا و عراق لە لایەن داعشەوە بە ناوی "التنف" وای کرد کە ئیتر نە عێراق و نە سووریا کۆنترۆڵیان بەسەر سنووری نێوان بەغدا دیمەشقدا نەمێنێ. ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەی دیکە بوو بۆ داعش و شکستێک بۆ حکوومەتی بەغدا - تاران. ئیتر داعش زۆر بەهاسانی دەتوانێ لە نێوان میلیشیاکانیدا لە عێراق و لە سوریا پێوەندی هەبێ و هەموو ئیمکانێکی لوجستیکی بە خیرایی و لە ئەمنیەتی تەواودا بگوازێتەوە بۆ ئەو دیو یان ئەم دیو.

وەک دەبینین ئێران لەو دوو سێ ساڵە بە هیزە ستراتیژیە شکستی گەورەی خواردووە و وەبەرهێنانی دەیان ساڵەی بەجارێ خەریکە دەبێتە بڵقی سەرئاو و مهەندیس و بەرنامەدارێژی ستراتیژی دەستتێوەردانی ناوداری ئێرانیش واتە قاسم سولەیمانی ئیتر لەو شوێنانە چی لەدەست نایە و شکستی پرۆژەی ناردنەدەرەوەی شۆڕش بە کردەوە خەتیکە تووشی دارمان دەبێ و هەموو خەون وهەموو هیواو ئاواتی ڕیبەر و سەرکردەکانی تاران خەریەکە بە قوونەوە لەقەبری دەنرێ. بەڵام ئەوان بیری چەپەڵ و مەترسیداری خۆیان لێرە ڕانەگرتووە و لەمێژە بە کڕینی پ ک ک و یەکیەتی نیشتمانی خەونی پێگەو دەسەڵاتێکی دیکەیان لە کوردستان بنیات ناوە و دوای دۆڕانی گەورە لە قوماری ناردنەدەرەوەی شۆڕش بۆ ولاتانی عەرەبی ئێستا خەون بە داگیرکردنی کوردستان و بە تایبەتی باشووری کوردستانەوە دەبینێ کە دیارە لەو بارەشەوە لە مێژە بە دەستەمۆکردنی هەندێ سەرکردەی پ ک ک و یەکیەتی نیشتمانی خەریکی بنکۆڵکردنی پێگەی خەڵکی و جەماوەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەو حکوومەتی لە نێوان هەموو ولاتانی ناوچەدا ڕەنگە دوای تورکیە دووهەم ولات بێ کە هەڵبژاردان و حکوومەتی پارلەمانی وەک بنەمای بنیات نانی دەوڵەتێکی دێمۆکراتیک تێدا لەبەرچاوگیراوە. (لە تورکیا ئەو دێمۆکراسیە بۆ تورک بەتەواوی هەیە و پرپشکەیەکی بچووکیشی بەر کورد کەوتووە لە هەڵبژاردن وبەشداری پارلەمانیدا) ئەو دووهێزە و تەبلیغاتی یەکجار بێشەرمانەی و دروزنانەی ئەو دووپارتە کوردیە لەو ماوەیە دا دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستیە دەسەڵمێنێ کە نیازی ئێران و پیلانی ئێران وەک پیلانی سێکوچکەی تاوان پیلانێکی مەترسیدارەو ڕەنگە جارێکی دیکە کورد تووشی شەڕێکی دیکەی کورد کوژی بکاتەوە دیارە ئەگەر بۆیان بکرێ کە ئەمەیان بەلێکدانەوەی توناکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێگەی حکوومەتی هەرێم لە ناوخۆ و دەرەوە جێگای گومانە.

پ ک ک و یەکیەتی بە تەمای چین..

٢٧ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# ئێران لە ڕێگای پ ک ک و یەکیەتییەوە شەڕ بە کورد دەفرۆشێ

## بەشی دووهەم

پ ک ک و یەکیەتی بە تەمای چین..

یەکیەتی و پ ک ک و ڕێککەوتنێکی نامویارەک

ئەو دوو هێزە چەکدار و سیاسییە لە دوای دوڕاندنی یەکیەتی بەرامبەر بە گۆڕان وپارتی لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی ڕابردووە و بە پیلانی یەکیەتی دەستیان لێکگرێدا، لە ڕاستیدا ئەگەرچی پ ک ک بە هۆی پاوانخوازی و خۆ بە تاکەسواری مەیدان زانین وچون جگە لە خۆ کەسێ پێ هەونییە ئەو زمینەیەی هەر تێدا بوو تا بچێتە ناو هەر سەنگەربەندییەک کە دژی پارتی دیمۆکڕات بێ. ئەو باش دەزانێ جارێ لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەوەی لە هەموو بارێکەوە لە پ ک ک لەسەرتر و هیچ خواستێکی نا بەجێش لە پ ک ک قەبووڵ ناکات تا ئێرە هەر پارتی دیمۆکڕاتی کوردستانە هەر بۆیە لە خوای دەوێ دەگەڵ هەر کەس و لایەنێک بچێتە ناو پێکهاتەیەک کە دژی پارتی و بارزانی بێ، بۆ:

١- دژایەتی حکوومەتی هەریم بەگشتی و بەتایبەتی دەسەڵاتی پارتی لە ڕوانگەی پ ک ک وە

٢- دژایەتی دەسەڵاتی پارتی و گۆڕان بەتایبەتی لە زوومی سەوز واتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی لە ڕوانگەی یەکیەتییەوە

لەسەر ئەو دوو ڕووانگەوە یەکیەتی وپ ک ک دیارە بە چاوساخی و بە پێشنیاری ئێرانی هاوپەیمان و پشت وپەنا ساخ بوونەوە کە یەکگرتنێکی ئاشکرایان بە تایبەتی لە باری ئیعلامی و ڕاگەیاندنەوە هەبێ. یەکیەتی دوای ئەو دۆڕانە پارلەمانیەی کە باس کرا لە جیاتی ئەوە وەک حیزبێکی پێشکەوتوو کە باوەڕی بە بنەماکانی دیمۆکڕاسی هەیە واز لە بیری عەسکەرتاریەتی خۆی بێنێ و هەوڵ بدات کوردستان بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی پێشکەوتوو بەرێ بە پشت بەستن بە هێزی چەکداری خۆی و مقاوەمەت کردن لە بەرامبەر ویستی حکوومەت و خەڵک بۆ یەکدەست کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر لەسەرەتاوە نیشانی دا کە ئەو باوەڕی بە هیچ هەڵبژاردنێک نییە و هەست و نەستی نەتەوەیی و دەرفەتی



سەرچاوە Serchawe

زێرینیش کە بۆ کورد هەڵکەوتووە لای ئەو لەبەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندیە حیزبیەکان پووشێ ناهێنێ. یەکیەتی رایگەیاند کە ئەو ئیتر دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن و بەهەڵەش ڕێچکەی گورانی گرتە بەر کە لە کاتی ئوپۆزیسیۆن بوونیدا دژی گەندەڵی و دەسەڵاتی تاکرەوانەی یەکیەتی وپارتی دەدوا و هەڵوێستی دەگرت و ئەوەی ڕاستیش بێ گۆڕان زیاتر دژی گەندەڵکاری دەسەڵاتی سلێمانی بوو و هەر ئەو هەڵدانەوەی لاپەڕەی گەندەڵکارانی سلێمانی وای کرد کە گۆڕان لای خەڵک خۆشەویستر بێ و لە یەکیەتی و لەو ناوچەی سەوز دەنگی یەکەم بێنێتەوە. یەکیەتی لێرەدا تووشی هەڵەیەکی منداڵانە هات، ئەو هەمان ڕچەی گۆڕانی گرتە بەر لە حاڵێکدا خۆی بەشێک بوو لە حکوومەت، بەڵام ئەو ڕچەیە و ئەو ڕێگایە زۆر زوو دەری خست کە یەکیەتی نە دەگەڵ خۆی ڕاستە و نەدەگەل خەڵکیش. بۆیە کاتێ ئەوەی بۆ نەچووە سەر و ئەمجار لەهەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانیش بە گۆڕانی دۆڕاند ئیتر هەمو ریسەکانی لێبۆوە بە خوری. تازە هیچ مەجال نەما و ناچار دووبارە بە پشت بەستن بە هێزی سەربازی و چەکدار وای کرد کەبۆ ماوەیەکی زۆر پۆستی پارێزگای سلێمانی ئاڵوگۆڕی بەسەر دانەیە و پاش چەندین دانیشتن سەرئەنجام بەرێککەوتنی کوێخایانە ملی بۆ سازشێکدا کە پۆستەکان دەورەیی بن ویەکەم دەورەش هەر دەبێ خۆی پۆستی پارێزگای بەدەستەوە بێ.

یەکیەتی بەو کارەی هەموو ئەو یاسایانەی لە ژێر پێ نا کە خوێنی بۆدابوون، کە خۆی دەنگی بۆدابوو، یەکیەتی سەلماندی کە بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعایانەی دەیان کات هەرگیز باوەڕی بە ئازادی رادەربڕین نەبووە و دەنگی خەڵک لای ئەو بەهیچ حەسێو ناکرێ.

لەو لا پ ک ک بە توندی بەر هەڵستی پارتی وحکوومەتی هەرێم (بەشی پارتی) دەبۆوە ئەو ئیدیعای گەندەڵی و راووروت و دزی وفزی حکومەتی هەریمی دەگەیاندە لووتکەی تەبلیغات و خەڵک و لایەنگرانیشی بە توندترین شێوە دژی ئەو گەندەڵیە ڕادەوەستان وشتەکانیان دە هێندە گەورە دەکردەوە و ئەوەی نەشبووبا دیسان بە تەبلیغاتی بەربڵاو مێشکی خەڵکیان لە دژی حکوومەتی هەرێم ئامادە کرد، پ ک ک بە تایبەتی پاش دەست بەسەرداگرتنی رۆژئاوای کوردستان ئیتر هێندە غروور گرتبووی کە سالح موسلیمی وا لێکردبوو چەندین جار بەهەڕەشە بفەرموێ" ئەم حکوومەتی باشووریژ تەربیەت بکەین"! ئەوان وایان کرد کە ڕۆژئاوا و پ ی د- دەسکردی پ ک ک بەتەواوی ببێتە دوژمنی پارتی و بە تایبەتی دوای هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ پ ک ک هەم حکوومەتی تورکیای بەتەواوی لەبیر کردبۆوە و هەمیش داعش، هەموو تەبلیغاتەکان هەر بۆدژایەتی پارتی و بارزانی بوو بە تایبەتی ئەوەیان دەکردە پرسیار کە بۆ حکوومەتی هەرێم هاریکاری کۆبانێ ناکات؟! لە حاڵێکدا خۆیان ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە چەند هەزار چەکداری ئامادەیان لە قەندیل هەیە! دیارە زۆر کەسیش بۆی پرسیار بو کە باشە ئەتۆ کەخۆت لەوێ حکوومەتت بەدەستە و چەند هەزار چەکدارات هەیە، بۆچی ناچێ و یارمەتیان ناکەی بۆ لە حکوومەتی هەرێمت هەڵپێچاوە؟ لە حاڵێکدا نە ڕێگا هەبوو بۆ کۆبانێ تا پ ک ک یان حکوومەتی هەرێم بتوانێ یارمەتیان بۆ بگەیەنێ و پ ک ک ش ئەوەی زۆر باش دەزانی. تەنیا ڕێگا دەبوو بە خاکی تورکیا داڕۆیشتبا، کە دوایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای ئەمریکاوە گوشاری خستنە سەر تورکیا ورازی کرد تا سەرئەنجام هێزی پێشمەرگەی کوردستان سنووری باشوور و تورکیای بە ئاڵای کوردستانەوە بری و بەرەو کۆبانێ وەڕێ کەوت



سەرچاوە Serchawe

کارێک کە دنیای هەژاند بەڵام برایانی پ ک ک ئاگایان لێی نەبوو! جگە لەمە پ ک ک خۆی باش دەیزانی کە کوردی باشوور و حکوومەتی هەرێمیش خۆی لەشەڕێکی سەخت دابوو دژی داعش و بنەماڵەی کورد و پێشمەرگە لەو بەشەی نیشتماندا هەموو ڕۆژێ چەندین شەهید و برینداری بۆ دەهاتەوە! دیارە هەر خۆشیان وڵامیان دەدایەوە کە پارتی یارمەتی نادات و و پارتی خۆی بە هاوکاری تورکیا داعشی دروست کردووە!! p k k ڕاست لەگەرمەی شەڕەکاندا و لەو کاتەیدا کە هێشتا پێشمەرگەی کوردستان بە تەواوی خۆی نەگرتبوو بۆ بێ ئیعتیبار کردنی وەزارەتی پێشمەرگە داوای فەرماندەیی هاوبەشی دەکرد و پێێ وابوو کە ئەوانیش دەبێ بەشێک بن لە فەرماندەی ئەو شەڕانە و لەو بارەوە یەکیەتی بە تەواوی پشتگیری دەکرد، ڕەنگە داخی یەکیەتی لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەوە بێ کە مستەفا سەید قادر سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە بەڵام بەهەر حال ئەو داوایەیان بە توندی ڕەتکرایەوە تا وای لێهات ئیتر پ ک ک بەرەکانی شەڕی باشووری بۆ جێگەی تایبەت بەجێ هێشت.

هەر وەک لە کاتی هجوومی داعش بۆ سەر باشوور و لەیەکەم ڕۆژەکانی گرتنی شنگال و چەند ناوچەیەکی دیکە پ ک ک و لایەنگارەکانی تەبلیغاتێکی وەهایان بە قازانجی داعش و لە دژی پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرد کە هیچ دوژمنێک نەیدەکرد ، هەواڵنێرە دیارەکانی پ ک ک لە سەر ڕێێ کشانەوە یان هەڵاتنی پێشمەرگە فیلم و ویدۆیان هەڵدەگرتەوە و بە پرسیاری : "هون چما شنگال هێلا و چما و درەڤن؟" بۆچی شنگالتان بەجێ هێشت وبۆ کوێی و بۆچی هەڵدێن، تەواوی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانیان پڕ کردبوو، ئەوان شەو ڕۆژ تەبلیغاتیان بۆ گرتنەوەی هەولێر دەکرد وخودا خودایان بوو هەرچی زووتر هەلێر لە لایەن داعشەوە دەستی بەسەر دابگیرێ، لەڕاستیدا پ ک ک و لایەنگرانی باشترین ئەندامی تەبلیغاتی داعش بوون لەو کات و دەمانە دا. ئەگەرچی لەو بارەوە کەس نەبوو فیلم و دێکۆمێنت لە هەڵاتنی پ ی د هەلگرێتەوەکە ئەوانیش بە هەموو هێزی پ ک ک و پ ی د وە لە یەک شەو دا زیاتر لە ١١٠ گوندیان تەسلیمی داعش کرد و نیوەی زیاتری کۆبانێش لە ماوەیەکی کەمدا کەوتە دەستی داعش کە بە هاوکاری هاوپەیمانان ولە سەرووی هەموانەوە ئەمریکا و قارەمانەتی کەم وێنەی شەروان و پێشمەرگەی کوردستان سەرئەنجام تا ئێرە مەترسی داعش لە سەر کۆبانێ و دەوروبەری ڕەوییەوەتەوە بەڵام زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی کۆبانێ و دەوروبەر تا ئێستاش ئاوارەن ولە تورکیا نیشتەجێن. ئەوە لە حالێکدایە کە کە هیچ کەس ولایەنێک بەتایبەتی حکوومەتی هەرێم و پارتی دێمۆکڕاتیش نەتەنیا ڕەفتاری پ ک ک یان ڕەچاو نەکرد بەڵکوو بە ناردنی هێزی یارمەتیدەری پێشمەرگە بۆ کۆبانێ توانیان لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەی بەیەکەوە بوون و برایەتی وهاودەنگی و هاوئاهەنگی نێوان بەشەکانی دیکەی کوردستان بە جیهان نیشان بدەن، ئەو کارەی حکوومتی هەرێم بۆ ماوەیەکی زۆر تۆپخانەکانی تەبلغاتی پ ک ک لە دژی پارتی راگرت و بێدەنگی کردن.

ئێستا لای یەکیەتی شتەکە سەرەڕای وێرانی ئەو حیزبە و نەمانی هیچ ئوسول وپرەنسیپێکی حیزبی ئارمانگەرایانە و نەبوونی هیچ سیستەمێکی دروستی تەشکیلاتی یەک شت گرتنگە، دژایەتی هەموو هەلوێست و هەموو ئاکارێکی پارتی وحکومەتی هەرێم کە خۆشی بەشێکێتی، ئەو لە داخی پارتی ئامادەیە هەموو شتێک بکات و تەنانەت کوردستان بکرێتە

گۆمی خوێن وئەوەی هەشە لەدەست بچێ بەس پارتی نەتوانێ هەر وا لە سەر کورسی دەسەڵات بمێنێ. یەکیەتی رق و کینە بەرامبەر بە پارتی وەها بەر چاوی گرتووە ئەو دەرفەت زێڕینەی بۆ کورد هەڵکەوتووە نایبینێ و دەستی دەگەڵ دوژمترین و دڕندەترین دوژمنانی کورد تێکەڵکردووە و بۆلەبار بردنی هەر ویستێکی خەڵک کە پارتی هاوڕای بێ ئامادەیە هەمو کارێک بکات.

**یەکیەتی دەستی لە خۆی شتووە**

یەکیەتی دوای ئەوەی دیسان بۆی سەلما کە ناتوانێ نە بە هەڵبژاردن و نە بەهێز لە بەرامبەر پارتیدا راوبوەستێ و گۆڕانیش کە لە دوو هەڵبژاردندا شکستی سەختی بەسەر یەکەیەتی دا سەپاندبوو، ئەوجار پیلانێکی دیکەی گرتەبەر. لەکاتی هێرشی داعشدا رێگای بۆ پ ک ک ئاوەڵا کرد تا بە ناوی دیفاع لە کوردستان بە لێشاو بڕژێنە ناو کوڵان وشەقامی رانیەو قەڵادزێ و سلێمانی و هەر ماشێنەی پ ک کە ٤ کەسی لەسەر با ١٤ ئالای پ ک ک و ک ج ک ی لەسەر دەشەکایەوە، دیارە بێ گومان گریلا قارەمانەکان لەو شەڕانەی باشووریشدا دەوری خۆیان هەبوو و گیانفیدایانە بەرگریان لە کوردستان کرد. لێرە مەبەست پیلانی سیاسیە نەک دەوری گریلا گیان فیداکان. بەڵێ یەکیەتی دەستی لە خۆی شوتووە وبۆیە لە بەشێکی دیکە لە کوردستان واتە ناوچەی سەوز جێگا و بنکە و بارەگای بۆ پ ک ک دابین کرد. بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو هەڵسووکەوتەی پ ک و یەکیەتی بێ ئاگاداری ئێران نەکراوە و ناکرێ کە خۆی دوژمنی قەستەسەری بارزانی و پارتییە، ئاخر چ بمان هەوێ و نەمان هەوێ بارزانی لە خەتی هاوپەیمانەتی رۆژئاوا و لە سەرووی هەموانەوە ئەمریکا دایەو لەمەش گرینگتر ئەو جار جارە باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکات. پارتی و بەشەکەی لای پارتی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنانەت ئیزنی نەدا حەشدی شەعبی و هێزەکانی ئێران وەک بە ئاشکرا لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکەیتیدا تەراتێنیان دەکرد لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی بوونیان هەبێ.

پ ک ک ئێتر باشترین دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە تا لاوانی لایەنگری یەکیەتی کە مێشکیان بە دوژمنایەتی پارتی گۆش کراوە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، لەم نێوە دا یەکیەتی هەڵەیەکی گەورەی دیکەشی کرد و بە خۆی نەزانی، ئەو نەیزانی ئەوانەی لە دەوری پ ک کۆ دەبنەوە هەر ئەندامان ولایەنگرانی هەرە توندڕەوی یەکیەتین نەک کەسی دیکە، خۆ پارتی نابێتە پ ک ک، خۆ حیزبی سۆسیالیست و شیوعی و گۆران بۆ لای پ ک ک ناچن چون ئەو ئێتیحادە ئامانجدارەی لە نێوان پ ک ک و یەکیەتی هەیە لە نێوان پ ک ک و باقی حیزبەکانی دیکەی باشوور دانییە. کەوایە دیسان یەکیەتی کورد ئاوای بەسەر دێ کەگوتەنی "لەبا و لە بارانێ هەر لە عەمری بەفرێ کەم دەبێ."

**پ ک ک و قەندیل و ستراتیژی پاراستنی سنوورەکانی رۆژهەڵات**

**٢٩ی مای ٢٠١٥**

# ئێران لە ڕێگای پ ک ک و یەکیەتییەوە شەڕ بە کورد دەفرۆشێ

## بەشی سێهەم

### پ ک ک و قەندیل و ستراتیژی پاراستنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات

پ ک ک کاتی خۆی کە سوریای چۆل کرد لە چیا و دۆڵە سەختەکانی "خواکورک" پترجێگیر بووو ئەو ناوەی کردە بنکەی سەرەکی خۆی، خواکورک دەگاتە سێکوچکەی ئێران، تورکیا، عێراق، خۆاکورک یان دڵی خواکورد لە ڕاستیدا دۆڵێکە هەزار بەهەزار. تەنانەت لە قەندیل زۆر سەختر و ئاستەم ترە. یەک دۆڵە بەڵام سەتان دۆڵی لێدەبێتەوە. لایەکی دەڕواتەوە بۆ زێوەی مەرگەوەری و لایەکی تری دەکرێ بڵێین بە دۆڵی "کەوەرت" و دەراو دا بەرەو "لۆلان" هەڵدەکشێ کە ئەویش هەر دەگاتەوە ناوچەی شنۆ. لەم لایەشڕا دەچێتە سەر کەوەرت و "لێکان" و دەشتی "سیدەکان" کە عەشیرەتی هەرکی لێ نیشتەجێن. لایەکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆڵی "حەیات" وشۆڕدەبێتەوە بۆ دەشتی "بەرازگری" و لەوێڕا بەرەو حدوودی باکووری کوردستان دەکشێ، ئەو شوێنە بۆ پ ک ک باشترین شوێن بوو، ئاوێکی زۆر و شاخی هەزار بەهەزار و دۆڵ و دەرەی بێ ئەژمار، لە ڕاستیدا خۆی وڵاتێکە. بەڵام چی پێنەچوو پ ک ک لە ژێر گوشاری بۆمباران وتۆپخانەکانی تورکیا خواکورکی بەجارێک چۆل کرد و ڕووی لە قەندیل کرد کە بەدەیان کیلۆمێتر لە حدوودی تورکیا دوورە.

ڕەنگە لە سەرەتا دا پ ک ک بۆ دەرباز بوون لە گوشارەکانی تورکیا خواکورکی چۆل کردبێ و قەندیلی وەک بنکەی سەرەکی خۆی هەڵبژاردبێ بەڵام وردە وردە قەندیل بوو بە مەکۆی حەسانەوە دەسدرێژی کردنە سەر باشوور و بیری سازکردنی حیزبیش بۆ ڕۆژهەڵات هەر لەو پێوەندیەدا و لەوێڕا زیاتر ئەو بیرە لە لایان زەق بۆوە و بە چەندین قوونە شەڕی پڕاک دەگەڵ سپای پاسداران توانیان هەستی لاوی ڕۆژهەلاتی بجووڵێنن و کۆمەڵی گەنجی ڕۆژهەڵاتی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.

ئەگەرچی تورکیا چەند جار هەوڵی دا کە پ ک ک لە قەندیل دەربکا بەڵام دووری ڕێگا و بوونی سەدان کۆسپی ئابووری و هەروەها بوونی گریلا گیان فیداش لە ناوچە جیاجیاکان ئەو ئیمکانەی لای تورکیا هێندە ئاسان نەدەکرد. بۆیە پاش چەندین جار هێرشی ئاسمانی ئەویش ئیتر وازی لە هەڕەشە و گوڕەشە هێنا بە تایبەتی کاتێ دیتی ئیتر پ ک ک ئەو مەترسییە سەربازییەی جاران نەبوو بۆ تورکیا.

ئێستا و ئەوا چەند ساڵێکە بە هەوڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێڤاژۆو گفتگۆی ئاشتی لە نێوان حکوومەتی تورکیا لە لایەک و ئۆجالان لە ئیمراڵی و "ەدپ" لە باکوور و سەرکردایەتی پ ک ک لە قەندیل ساز بووە و لەو کاتەشەوە تا ئێستا ئەگەرچی هەم ئەردۆغان و حکوومەتی تورکیا دەگەڵ کورد ڕووڕاست نین و درۆ دەکەن و هەوڵی سادقانەیان نیە بۆ چارەسەری پرسی کورد لەو بەشە بەڵام لایەنی شەڕخوازی ناوپ ک ک ش هەر تاو ناتاوێ بە هەڕەشە و گوڕەشە وڵامی قسە و کردارەکانی تورکیای داوەتەوە کە ئەو هەڕەشانە هەرگیز نەچوونە خانەی کردارەوە.

گرینگترین گۆڕان لە سیاسەت و تاکتیکی پ ک ک کاتێ ڕوویدا کە ڕۆژئاوا دوای شەڕی ناوخۆیی سووریا لە ساتوسەودایەکی نێوان پ ک ک- بەشار ئەسەد دا کەوتە دەست کوردەکان و ئیتر پ ک ک کەوتە تەراتێن و لە کورت ماوەترین کاتدا هەرچی حیزبی ئەو بەشەی کوردستان بوو ڕایماڵین وبە ترۆر و تەقە لێکردن و گرتن وتۆقاندن وایکرد کە زۆربەی ئەو حیزبانەی کاتی خۆی دژایەتیان دەگەڵ سووریا دەکرد و ئەندامانیان لە ژێر ئەشکەنجەو ڕاوەدوونانی حکوومەتی ئەسەد دابوون ڕۆژئاوای کوردستان لەترسی پ ک ک چۆل بکەن، ڕاست ئەو کاتەی هێزەکانی ڕۆژئاوا لە زیندانەکانی سوریادا لە ژێر سەختترین ئەشکەنجەی حکوومەتی ئەسەددابوون  پ ک ک دەستی دەگەڵ ئەسەد تێکەڵ بوو و بە ئاشکرا بنکەو بارەگای لە سووریا داهەبوو، بەڵام کە لەم چەند ساڵەی دوایی هەلومەرجەکە گۆڕا پ ک ک بە هێزی سەربازی توانی دەست بە سەر ڕۆژئاوا دابگرێ و هەرچی حیزبی ئەو بەشەیە ڕایانماڵێ و تا ئەم کاتەش ئامادە نییە دەگەڵ هیچ هێزێکی کوردی هاوپەیمان بێ لە حاڵێکدا لە تازەترین هاوپەیمانیدا جگە لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بە ئاشکرا لە هەندێ شوێنی وەک حەڵەب دەگەڵ هێزەکانی ئەسەدیش دا چۆتە بەرەیەک بۆ بەرەبەرەکانی داعش.

بەڵام سەبارەت بەرۆژهەڵات،  پ ک ک لە قەندیل و دوای چەندین شەڕی پژاک و سپای پاسداران و بە ڕێککەوتنێک دەگەڵ حکومەتی ئێران پژاکی بە جارێ بێدەنگ کرد تا ئەو جێگایەی ئێستا لە بەیاننامەدەرکردنیشدا ناوی لە کوولەکەی تەڕدا نەماوە. ئێستا ئیترئەو تەجرەبەیەی ڕۆژئاوای بۆ بۆتە حوکم و بۆی بۆتە تئوریەک کە پشتی پێدەبەستێ هەر بۆیە لە تازەترین کەڵەگایی ئاشکرایدا بەرامبەر بە حدکا و باقی هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەڵێ ئیزنی مانەوە بە هێزەکانی ڕۆژهەڵات نادات تا لە سنوورەکانی خاکی باپیرانیان بنکە بکەنەوە و بەرەو ئەو دیوی سنوور شۆڕ بنەوە. ئەگەر لە هۆکار و پاساو هێنانەوەی بێ بنەما وەک " هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ئارادان بۆیە تورکیا و بارزانی و حدکا دەیان هەوێ زەبرمان لێدەن"! گەڕێن پ ک ک بە دوو هۆکار ئەمە دەکات، لە ئێستا دا ئەو هەوڵەی بە پێی ئەو ڕێککەوتنە نهێنییانەیە کە لە نێوان پ ک ک و حکومەتی ئیسلامی ئێران داهەیە. بۆ داهاتووش وا پێشبینی دەکات کە ڕەنگە ئێرانیش لە باشترین حاڵەتدا وەک ئەسەدی لێ بێ! دەی ئەو کات ئەو ئەوە لە سنوورەکانی ڕۆژژهەڵات و ئێران نیزیکە وهەمان سناریۆی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتیش دووپات دەکاتەوە.

ئەووەپوختەی لێکدانەوەی پ ک ک یە و هیچ کەس نابێ گومانی لەو شتە دا هەبێ. ئێستا ئایا هێزەکانی ڕۆژهەلات دەگەنە ئەو راستییە کە کاتی گالتە کردن بە خۆیان وبە ڕابردوویان بۆ نییە؟ دەگەنە ئەو عەقلیەتە کە وشیاری خۆیان نەبن سبەی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش دەبێ ببێتە جێگەی رمبازێنی پ ک ک و لەوێش بە پێی ئیدئۆلۆژیەکانی خۆی ئەو بەشە لە کوردستان تووشی کارەسات و تووشی بێ سیاسەتی بکات . من بێ هیچ پێچ و پەنایەک ئاسۆیەکی تاریک و لێل لە داهاتووی ئەو ناوچەیە دێتە بەرچاوم و هیچ باوەڕیشم بە پ ک ک نییە دەگەڵ کەس بێتە ڕەدایە، ئەوان سیاسەتی خۆیان بێ زەرڕەیەک ئەو لاو ئەم لا پەیرەو دەکەن و ئەوەی لە ئیعلام و راگەیاندنیش دا جار جارە باسی دەکەن ئەگەرچی بە ئاشکرا دیارە بە زۆر بەسەر زاریان دا دێ تەنیا بۆ چەواشەکردنی خەلکەو چیتر نیە. پ ک ک هێزێکی باکووری کوردستانە بە دلنیاییەوە ناتوانێ چۆن بەسەر رۆژئاوا دا زاڵ بوو بە سەر رۆژهەلاتیشدا زاڵ بێ، جیاوازی یەکجار زۆر لە نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا دایە، ئەوانەی دیفاع لەو سیاسەتە ولە دەست تێوەردانەی پ ک ک دەکەن بەرپرسیاری هەموو ئەو خوێنانەن کە لە داهاتوو و لە شەڕی کورد کوژیدا  لە نێوان پ ک ک و باقی هێزەکانی رۆژهەلات و باشوور و رۆژئاوا گیان لەدەست دەدەن. سەرکردایەتی پ ک ک دەبێ ئاوڕ لە مێژووی خۆی بداتەوە و بزانێ هەر لەسەر ئەو مەزنیخوازییەی لەسیاسەتدا هەیەتی چها خوێنی لە شەڕی کوردکوژی دا ڕشتووە. چها خەلکی لە خۆی کردووە بەنەیار!  ڕێبەرایەتی پ ک ک زۆر بەجیددی دەبێ بیر لەوە بکەنەوە و فریوی چەند کەسی چەپلە لێدەری چاوقووچاوەی ڕۆژهەلاتی نەخۆن و لەوە دلنیا بن کە رۆژهەلات رۆژئاوا نییە. ئەگەر ئەمڕۆ ئەوان هێزی چەکداریان لە هێزەکانی ڕۆژهەلات زیاترە هەر بەووش دەخورن حیزبەکانی رۆژهەلات هەم لە ناو خەلک وهەمیش لەناو کۆمەلگای ناودەولەتی ئیعتیبار و گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە و تێکەوتن دەگەڵ ئەو هێزانە وا بە هاسانی بۆ پ ک ک بووز ناخوا. جگە لەمە دێمۆکڕاتەکان دەتوانن لە کەمترین ماوەدا هێزی چەکداری خۆیان بگەیننە هەزاران ئەو شتەی پ ک ک زۆر باش دەیزانێ بە شەرتێک دەرفەتیان هەبێ لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

هیوادارم لێرەوە دەنگی نارەزایەتی زۆر کەس و لایەن بەرامبەر بە کرداری مەترسیداری پ ک ک بلێند بێ و هەموو لایەنێک ئەو مەزنیخوازییەی پ ک ک و ئەو کەلەگاییەی پ ک ک بە پێی توانای خۆیان لە قاو بدەن بەلکوو بۆ یەکجار بووبێ سەرکردایەتی پ ک ک واز لە سیاسەتی پاوانخوازی و دژبەری بەرامبەر هەموو پارت و هێزێکی کوردستانی بێنێ و ڕێگای دیالۆگ و گفتگۆ و برایەتی بگرێتە بەر. با هەموو لایەکیش ئەوە بزانێ مماشات و چاوپۆشی کردن لە سیاسەتی هەلە ورەخنە نەگرتن لە کرداری نانیشتمانی هێزە سیاسییەچەکدارەکانی کوردستان بەرەو هەلدێر دەبات نەک نوسینی چەند دێڕ رەخنە ئەگەر بە زمانی کوتکیش بێ!

٣٠ی مای ٢٠١٥

# تاڵە ژین

## بۆچی نیگەرانم، بۆ بێ سڵ کردنەوە کورد کوشتن مەحکووم دەکەم!

تا ساڵی ١٣٥٧ و تا دژە شۆڕشی گەلانی ئێران بە ڕێبەری ئایەتوڵا خومەینی من زۆر باشم لەبیرە کە، ماڵمان لە گەڕەکی یەرغوو وکووچەی شیرکەتی نەفتی بوو، ئەوندەی من لەبیرم بێ زۆر منداڵ بووم کە لە نێو خزمان دا حاجی جانگیری بابم یەکەم کەس بوو کە خانووی لەو شوێنە دروست کرد کە پێی دەکوترا کووچەی شیرکەتی نەوتی، بەدوای ئەودا، ئامۆزا و بن ئامۆزاو و برا وبە گشتی بەشێک لە تایفەی جەهانگیری لەدەوری یەک کۆ بوونەوە، هەرکەسە و لە تەنیشت ماڵی ئێمە یان دوو خانوو خوارترو سەرتر یان ڕووبەڕووی ماڵە بابم خانوویەکی بچکۆلانەی ساز کرد.

ئەوان بۆیە لە پەنا یەک و لەنزیک یەک سەریان پێکەوە نا و مالیان ساز کرد  تا ئەگەر کەسێک تەعەدای لێکردن بتوانن بەهاواری یەکترەوە بێن. هەر واش بوو یەکدوو شەڕ و نووکەشەری بابم و مامە حاجیمله خەڵکی لەبیرە کە چۆن لەسەر یەکیان کردۆتەوە دەگەڵ مەست و ئەو لات و لووتانەی بە مەستی بە گەڕەکی مەدا دەهاتن و بەتایبەتی کە ئەواکاتی ئێتر هەر یەک ماڵ لەدوای ماڵی ئێمەوە بوو، ئەویتر زەوی و مەزرایەک بوو کە گەنم و جۆ کەرویشکەی دەکرد. زستانان جێگا و مەکانی تەپکەدانانەوە بوو.

تاساڵی ٥٧ و تا هاتنی خێروبەرەکەتی ئیسلامی بۆ ئێران وبۆ کوردستان ئەو برایەتییەو ئەو سەمیمیەتە هەر درێژەی هەبوو، لەپڕ بوو بە هەرا و تەزاهورات و ڕاپەڕین و شا هەلات و خومەینی جێگای گرتەوە. حیزب هاتەوە و مقەراتیان دامەزراند و کۆمەڵە دەفتەروبارەگایان کردەوە، چریک و حیزبی توودە و پەیکار و ڕەزمەندەگان و... خۆلاسە مەهاباد بۆ بە مەهدی دێمۆکراسی! چ دێمۆکڕاسیەک لە پێشدا خەڵکیان لێک کردە دوژمن، برایان لەبرا هەڵبری، باب و کوریان لێک کرد و دایک و کچیان لێک هەلاوارد. ئێتر ئینسانیەت بە گشتی باری کرد و ناویشی لە کوولەکەی تەڕ دا نەما.

ئێمە دەگەڵ ماڵە مامە حاجی جیرانی دەرک بەدەرکێوە بووین، دیواری حەسارمان تەنیا چوارچیوەیەکی دەرکەی تێدابوو و قەتی دەرگا بە خۆیەوە نەدیت، واتە یەک ماڵ بووین. نیورۆیان چیشتی کام لا خۆشتر بوایە هەموو ڕوومان دەوێ دەکرد، کفتەی ئایەفاتم و خۆرشت و دۆکلیوی دایکم بازبازدێنیان لە نێوان ئەو دوو ماڵە دروست کردبوو، لەپڕ یەکمان بووین بە دێمۆکڕات وئەو دیکە بوو بە کۆمەڵە، ئەو نێوانە نەما، خوشکوبرایەتیمان چرژی تێکەوت، وردە وردە بووینە دوژمنی قەستە سەرا! دایکمان.... بەڵی دایکی هەناسە ساردی من وەی منداڵەکانی مامە حاجیش کە هیچیان ئەلف وبێی سیاسەتیان



سەرچاوە
Serchawe

نەبیستبوو نەک بیزانن! ئەوانیش لە سیاسەت وەردران،ئەوانیش لەبەر خاتری منداڵەکان لایەک دێمۆکڕات و لایەک کۆمەڵەی هەڵبژارد، ئەوان ئێمەیان دەکوتا وەی ئێمە ئەوانیان دەکوتا. سفرەی هابەش کۆکرایەوە، هاتووچۆ نەمان، لێک نەبان بوین، سەیر، وێرانیان کردین و هیچ بنەمایەکی ئینسانیمان لە نێودا نەما، دەمارگرژی حیزبی وکۆمەڵەیی بڕستی لە جەستەی بریینداری کورد بڕی... وێران کراین...

وێرانیان کردین، دایان پلۆسین ودایان ماڵین لە هەموو نەریتێکی ئێنسانی، ئێستا پاش ئەو هەمووە ساڵە ئەو شتانەم دیتەوە بیر و نیگەرانم، ئەمن بۆیە بەڕاشکاوی مەحکووم دەکەم، ترسی ئەورۆژمە کوڕی دێمۆکرات و پ ک ک هەر یەکەو لە پێگەیەکەوە تەقە لەوی دیکە بکا و بیکوژێ و بە خەیاڵیشی دانەیە کە چ کارەساتێک لەسەر دەستی ئەو و بە گوللەی ئەو خەریکە ڕوودەدات! ئاخر ئەوان بە پرۆژە پەروەردە دەکرێن ولە کاتی پێویستداکورد کوشتن بە شانازی و بە سەرکەوتن دەزانن! بەڵێ ئەمن ترسی ئەو ڕۆژمە نەزانین بۆ کێ پرسە دابنین و نەزانین سەرەخۆشی لە کێ بکەین و چ ناوێک لە گیانبەختکردووەکانمان بنێین!

وێنەکە ماڵی ئێمە و ماڵی مامە حاجی ساڵەیە کە دەگەڵ بابم بن ئامۆزا بوون بەڵام هیچ برایەک ئەوەندەی ئەوان یەکتریان خۆش نەدەویست و لەیکتر نزیک نەبوون.

٢٥ی مای ٢٠١٥

## پ ک ک میلیشیایەکی چەکدار نەک حیزبێکی سیاسیی

هەر حیزبێکی سیاسیی کوردستانی تا ێستا نە گەیشتبێتە ئەو باوەڕە کە پ ک ک حیزب نیە و سیاسەت ناکات و سیاسەت تەنیا بۆ بەهێز بوونی خۆی و گرووپەکەی دەکات نەلە خۆی حاڵی بووە نە لە پ ک ک . پ ک ک ئەو گرووپە چەدارە بەهێزەیە کە هیچ ئامانجێکی سیاسیی تۆکمە و بەرنامەیەکی سیاسیی و ڕوون و دیاری بۆ ئێستا و داهاتووی کورد تەنانەت لە تورکیاش نییە. ئەوان تەنیا لە بازنەی بەهێزکردنی خۆیان دا خولدەخۆن و ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەگەر چەک نەبێ و ئەگەر شەڕ نەبێ پ ک ک بوونی نییە.

پ ک ک بە شەڕ زیندووە، لەشەڕدا گەشەدەکا، خەڵکی وێهەڵدەگەڕێ، هەربۆیە هەرگیز بەلایەوە ئەخلاقی سیاسیی ، دووربینی سیاسی،بەرژەوەندی سیاسیی چ بۆ خۆی و چ بۆ کوردستان گرینگ نەبووە. لەبیرمە کاتێ بە میوانی لای حیزبی شیوعی بووم بە شاهیدی هەموو ئەو تووەدەبیانەی ئێستا بۆ هەموو سەرمەقولاتێکی پ ک ک چەپڵە لێدەدەن و لە ئاست هەڵەو تاوانەکانی پ ک ک چاو دەنووقێنن، حیزبی شیوعی دووهەمین هێز بوو کە یارمەتی پ ک ی دەدا، یەکەم هێز پارتی بوو کە لە تفەنگ و چەکو چۆڵ ڕا بگرە تا ئاردی مقەڕەکانیشیانی دابین دەکرد. حیزبی شیوعی مەفرەزی دەناردە سووریا بۆ چەک هێنان، ئەو کات سووریا یارمەتی چەکوتەقەمەنی بە شیوعیەکانی عێراق دەکرد، حیزبی شیوعیش هەموو جارێک چەند کەسێکی پ ک ک هەم وەک شارەزای ڕێ و هەمیش وەک هاوڕێ دەگەڵ خۆیان دەبرد و لە گەڕانەوەش دا بەشی ئەوانیشیان لەو چەکانە دەدا کە لە سووریا وەریان گرتبوو، ئەو باسە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی١٩٨٣ - ١٩٨٤. جارێکیان برادەرانی پ ک ک گەڕانەوە و پێشمەرگەکانی شیوعی دیار نەمان و دۆستانی پ ک ک ڕایانگەیاندبوو کە ئەوان لەکەمینی هێزەکانی عێراق کەوتوون و شیوعیەکان وەبەر هاتوون و شەهید بوون.

خەمێکی گەورە باڵی بەسەر بنکەکانی شیوعی داکێشا، ئەوە یەکەم جار بوو کارەساتێکی وا گەورە ڕووی دەدا و بە کەمینی بەعسیەکان چەند پێشمەرگەیەکی شیوعی گیانیان بەخت دەکرد، بەڵام چی پێنەچوو گریلایەکی پ ک ک هەڵات و هاتە ناو حیزبی شیوعی و ڕاستی مەسەلەکەی ئاشکرا کرد کە داستانەکە شتێکی دیکە بووە.

ئەو گریلایە کوتی کە ئەوان پێشمەرگەکانیان لە خەودا کوشتووە تا چەکەکانیان دەست کەوێ ولە قوڵکەیەک دا فرێیان داون، حیزبی شیوعی دەسبەجێ مەفرەزەیەکی ئامادە کردو دەگەڵ ئەو گریلایە کە ویژدانی لەو کارە خرۆشابوو و عەزابی دەدا چوونە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی عێراقیان هێنایەوە. بە دوای ئەمەدا حیزبی شیوعی

لە هێرشێکی بەرفراواندا بۆسەر بنکەکانی پ ک ک لە هەموو ئەو شوێنانەی لە نزیک مقەڕەکانی ئەوان بوون دەریان پەڕاندن و بۆ ماوەیەکی زۆر لێرەو لەویّ شەڕی نێوان ئەو دووە هەر هەبوو. با هاوڕێیانی حیزبی شیوعی ناوی ئەو شەهیدانە و دەقی روودانی ئەو کارەساتە بۆ مێژوو بنووسنەوە.

بەڵێ پ ک ک ئەو گرووپەیە و ئاوا شکڵی گرتووە، ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان لە هیچ شتێک سڵ ناکەنەوە، باکیان بە وە نییە چۆنیان باس دەکەن، لە خەمی ئەخلاقی سیاسیی دانین، کوتری سپی لەسەر دەستیان دا هەڵدەگرن و وێنەی دەگرن، باز بازدێنی مەڕە کێوی وبزنە کێوی بە سەر قەڵاندۆشیان دا دەکەنە ویدۆ، شیر بەزاری بیوەڵە ورچەوە دەکەن، بەڵام لە منداڵی کورد کوشتنیش هەرگیز سڵناکنەوە. لەبیرمان نەچۆتەوە بەقسەی عەبدوڵا ئۆجالان لە یەک شەو دا لە "٢١ پایگای قەرەقۆڵی توکیان دا" یەکەم هێرشی پ ک ک بۆ سەر پارتی و شەڕی خوێناوی کورد کوژی لە باشوور. لەوشەڕەدا پ ک ک پرد نەما نەیتەقێنێتەوە، گوند نەما وێران وکاولی نەکا، ئاو و ئاوەڕۆ نەما بە تی ئین تی هەڵی نەتەکێنێ، مەڕو مالآت نەما تالآنی نەکا، گەنجی باشووری بە تاوانی لایەنگری وبنەماڵەی پێشمەرگەی پارتی بە زیندوویی دەسووتاند، دەیان فیلم و دیکۆمێنت لەو بارەوە هەیە، هیوادرام یەکێک پەیدا بێ و ئەوانە کۆبکاتەوە و بۆ بەرچاوڕونی خەڵک لە تویی بەڵگەنامەیەکدا بیخاتە بەر دیدەی خەڵکی کوردستان.

پ ک ک لە باکوور ماڵ نەماوە داغداری نەکات، کەم لایەنی سیاسیی هەیە زەبری خوێناوی پ ک ک وێنەوتبێ، ئەوەندەی لە تورکی کوشتووە بگرە زیاتری لە کوردان کوشتووە، با لێرەدا کەس خۆی سوور وشین هەڵنەگێڕێ، بڕۆن مێژووی پارتی کرێکاران بخوێننەوە لە نوسینی هەڤاڵ جومعە بزانن هەر لە تەسفیەی حیزبی دا چیان بەسەر ئەو کادر و ئەندامانە هێناوە کە لە ڕیزەکانی پ ک ک دا نازڕازی بوون. کانی یلماز یەکێک لە دیارترین کادرەکانی پ ک ک هەر چەندساڵ لەمەوبەر کە بە هۆی نارەزایەتی لە سیاسەتەکای پ ک ک ڕێزەکانی ئەو ڕێکخراوەی بەجێ هێشتبوو لە ساتو سەودایەکی نێوان پ ک ک و یەکیەتی نیشتمانی دا لە سلێمانی ترۆر کرا، بۆمبی بۆ داندرایەوە، کوژرا.

پ ک ک دووجار شەڕی پارتی کردووە یەکیان کە لە یەکەمین هێرشیدا و لە یەک شەو دا لە ٢١ پێگەی هێزەکانی پارتیدا و دواییش کە ئەو شەڕە درێژەی کێشا و سەدان کەسی تێدا بوون بە قوربای و کاتێ پ ک ک دیتی نا پارتی ئەو هێزە نیە بەرامبەر بە ویستی پ ک ک بە چۆک دابێ ناچار ڕێککەوتنێکی دەگەڵ پارتی ئیمزا کردو زۆربەی مەرجەکانی پارتی قەبووڵ کرد، ئەو مەرجانەی هەرگیز نە باوەڕی پێی بوو و نە ڕەچاویشی کرد. دووهەم جار پ ک ک بە هاوکاری یەکیەتی و حیزبی سۆسیالیستی زەحمەتکێشان و بە هاوکاری سەتا سەتی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران هێرشێکی بەرفروانیان بۆ سەر پارتی دەست پێکرد، دیسان بە بوونی پ ک ک لەو ناوچەیەدا و پیلانەکانی ئەو هێزە چەکدارە وبە هاوکاری ئێران شەڕێکی دیکە بەرۆکی باشووری گرتەوە، تۆپخانەکانی ئێران بە خەستی بنکەکانی پارتیان دەکوتا و یەکیەتی لەو

لاو پ ک ک لە حدوودی حاجی ئۆمەران کەوتنە پەلاماردانی بنکەکانی پارتی و شەڕێکی خوێناوی کوردکوژی دیکەیان بەسەر کوردی ماڵوێران دا سەپاند، قەت لەبیرم ناچێ راگەیاندنی پارتی بۆ یەکەم جار و لەهەموو ژیانی خۆیدا دەستە وشەی"کۆماری کۆنەپەرەستی ئیسلامی ئێران" ی بۆ رێژیمی ئیسلامی ئێران بەکار هێنا ئەویش کاتێ لە هێرشی کاتیوشا و تۆپخانەکانی ئێران و پ ک ک نزیک ٩٠ کەسی لێ کوژرابوو. دیسان لەو شەڕانە دا کورد خوێنی خۆی بە دەستی خۆی و بە پیلانی داگیرکەران وهەڵبەز دابەزی میلیشاکانی پ ک ک ڕشت. ئەو شەڕە چەندین رۆژی خایاند سەدان، کەس لە هەردووک لا بوونە قوربانی پیلانە گڵاوەکانی دوژمنانی داگیرکەری کوردستان و زیادەخوازیەکانی پ ک ک، خوێنی لاوی کوردی باتمانی و دیاربەکری ئامێدی و هەولێری و سلیمانی و قەڵادزەیی تێکەڵ بەیەکتربوون و لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی لە مێژووی شەڕی کوردکوژی دا خستە سەر لاپەڕەکانی مێژووی ڕەشی کورد. شەڕ دریژەی هەبوو تا پارتی لە رێککەوتنێکی ئاشکرا دا دەگەڵ بەعس وحکومەتی عێراق سوپای داگیرکەری بەعسی هێنایە سەر یەکیەتی و لە چاو تروکانێکدا هەر بابا بوو هەڵدەهات، یەکیەتی لە هەولێر هەڵاتهەڵاتی بوو پ ک ک خەریک بوو قەندیلیش چۆل بکات، لە هەموو بەرەکاندا ئەوجار هێزەکانی پارتی لە پێشڕەوی دابوون، یەکیەتی قەڵادزێ و ڕانیە سەهلە و سلێمانیشی بە نیوسەعات چۆل کرد و بەرەو ئێران وئەودیو سنوورەکان هەڵاتن و پارتی دەستی بەسەر هەموو کوردستان داگرت. چی پێنەچوو دیسان یەکیەتی بە پشتیوانی ئێرانی برا و پشت و پەنا خۆی گەیاندەوە کوردستان و ئەوانیش لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا هەموو ئەو شوێنانەیان گرتەوە کە پارتی لە پێشدا دەستی بەسەر داگرتبوو، بەڵام ئەوجار پ ک ک خۆی لەشەڕەکە وەرنەدا.

پ ک ک لای پارتی بەیەکجاری ئیعتیباری چوو و ئیتر پارتی تا ئەو دەقیقەیەش هیچ ئیعتیبارێک و هیچ متمانەیەک بە پ ک ک ناکات، بەڵام یەکیەتی هەر لە سۆنگەی دژایەتی ودوژمنایەتی پارتی ڕاست وەک ئێستا دەگەڵ پ ک ک دەستی تێکەڵ کرد و بوون بە برا. یەکیەتی بۆ بەرژەوەندیەک و پ ک ک بۆ بەرژەوەندیەک. یەکیەتی مقەڕ و بنکەو بارەگای بۆ پ ک ک لە زۆربەی شوێنەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی دابین کرد. بەڵام چی پێنەچوو نێوانیان تێکچوو، گرژی کەوتە نێوانیان، یەکیەتی داوای لە پ ک ک کرد کە هەموو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئەو چۆل بکات، پ ک کوتی نایکەم،کێشەکە گەورە بۆوە، لە نەکاوێک و شەوێک پ ک ک ڕاست چۆن پەلاماری پارتیدا ئەوجار پەلاماری یەکیەتی برا و هاوپەیمانی خۆیدا و وەک دەڵێن لەو پەلامارەدا سەدان کەسی یەکیەتی تێدا کوژرا، دیسان شەڕ دەستی پێکردەوە یەکیەتی بنکەکانی پ ک ک لە دەشتی قەرەداغ و ناوچەی گەرمیان گەمارۆ دا و داوای لە پ ک ک کرد کە خۆیان تەسلیم بکەن و چەکەکانیان تەحویل بدەن، ئەوانیش ملیان نەدەدا، یەکیەتی پەرامارپدان، ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوی دیکە بە دیل گیران. لەوشەڕانەدا چەند کوردی ڕۆژهەڵاتیش بوون بە قوربانی.

ئەوە مێژوویەکی کورتی خێرو بەرەکەتی بوونی پ ک ک یە لەو ناوچەیەدا، دەکرێ یەکێک پێم بڵێ پ ک ک بۆچی وادەکات، بەتەمای چییە؟ ئایا ئەو حیزبێکی سیاسییە یان میلیشیایەکی چەکدار کە تەنیا بە "عەرزی عەزەڵات" نیشاندانی

هێزی سەربازی و قرمەی چەکەکانی دەژی. با دوور نەڕۆین، لە هێرشی داعش بۆسەر کوردستان هەموومان دیتمان پ ک ک چۆن لێکدا لێکدا بەیاننامەی بڵاو دەکردەوە و دەیکوت لە هەر کوێیەک گەل پێویستی پێمان بێ ئێمە ئامادەین داکۆکی لێبکەین. ئەوان داکۆکیان لەگەل کرد یان لە خۆیان؟ ڕاستە شەڕی قارەمانەیان لە بەرامبەر داعشیشدا کرد و چەند گریلای قارەمان گیانیان بەخت کرد و یادیان بۆ هەمیشە لە دڵدا زیندوو، بەڵام پ ک ک بۆ خۆ مەترەح کردن ئەو شەڕەی دەکرد و لەو شەڕەدا بەشدار دەبوو. ماشێنێک کە چوار گریلای لەسەر بوو بە ١٤ ئاڵای پ ک ک ی لەسەر دەشەکایەوە، هەڵبەت لە ناوچەی یەکیەتی، ئەوان ئێستا لە جاران زیاتر لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکیەتی چالاکن و لە ڕاستی دا وەک جارێکی دیکەش باسم کردووە، یەکیەتی ئیتر دەستی لە خۆی شوتووە و لە داخی گۆڕان و پارتی خەریکە باشوور و ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی بەخری تەسلیمی پ ک ک دەکات. کارێک کە هیچ گومانم نییە سبەی گەورەترین کێشە بۆ باشوور و بۆ ناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکیەتی دروست دەکات.

## لە سەر هێرشکردنە سەر پێشمەرگەکانی دیمۆکرات

جارێ لە پێشدا دەبێ بڵێم کەس نابێ گلەیی لە پ ک ک بکات کە بۆچی وادەکات، پ ک ک پشت ئەستوورە بەو هەمووە ڕووناکبیر ونووسەر و چالاکە سەربەخۆیەی! مامۆستای پاساو هێنانەوە مامۆستای شێواندنی ڕاستیەکانن، ئەوان نایان هەوێ کێشەکە گەورە بێتەوە! نایان هەوێ شەڕی براکوژی دروست بێ! وای کە چەندە دڵسۆزی کوردن ئەوانە! نەفرەت لەوەی شەڕی کوردکوژی دروست دەکات، نەفرەت لەوەی یەک وشەدەنوسی کە هاندەری شەڕی براکوژی بێ و نەفرەت و سەرشۆڕیش بۆ ئەو کەسانەی خەریکن خوێنی ڕژاوی یەک ئینسانی بێتاوانی دڵ پڕ لەهیوا دەکەن بە ئاو. پ ک ک هێرشی کردۆتە سەر حدکا، بەو تاوانەی ئەوان دەیان هەوی بە ناوچە سنووریەکان دا بچنەوە ئێران و شەڕی ئێران بکەن! وەک دەڵێن گۆیا برادەرێکی بەرپرسی ملیشیا چەکدارەکانی پ ک ک کوتوویەتی ئەوەی ئێمە کردوومانە پێویست بووە بۆ تەمبێ کردنی حیزبێک کە گوێی بە فەرمانەکانی ئێمە نەداوە. ئیتر ئەوە پاساو هێنانەوەی بۆچییە، شەهامەتی مەحکووم کردنیت نییە بێدەنگەی لێبکەی سەنگینتری! وێنەی گوڵ و بووبولی خۆت دابنێ و دوو ئاوازی گوگووش و... بخە سەر لاپەڕەکەت باشترە لەوەی شرۆڤەی ئەو وەزعە ئاوا بکەی.

هێرشی گرووپە چەکدارەکانی پ ک ک بۆ سەر پێشمەرگەکانی دیمۆکرات بە دڵنیاییەوە پەڵەیەکی ڕەشی تاوانی مێژوویە بە ناوچاوانی سەرکردەکانی پ ک ک وە و بۆ هەتا هەتایە لە بیر ناچێتەوە، ئەگەرچی ئەوان باکیان بەوە نیە. پ ک ک ئەوەیە کە دیتووتانە و هیچ گومانتان نەبێ هەمیشەش هەر وا دەمێنێتەوە، ئەو تەنیا لە بەرامبەر هێز دا پاشەکشەدەکات دەنا سیاسەت و ئەخلاقی سیاسی لای ئەوان نە بوونی هەیە و نە گوێی دەدەنێ، ئەوان هێزیان هەبێ بەسە، شەڕ و ئاڵۆزی دروست بێ بەسە. یەک دەڵی ئەوە دیمۆکڕات بۆیە چۆتە وێندەرێ تا شەڕ دەگەڵ پ ک ک بکات چون کاتی هەڵبژاردنی

تورکیایە پ ک ک و ە د پ زەبریان وێدەکەوێ! چون پێشمەرگەیان کوشتووە دەنگەکانیان کەمتر دەبێتەوە! نەخێر قوربان ئێوە درۆ دەکەن، سوور دەزانن لایەنگرە دوکتور و پرۆفسۆرەکانی پ ک ک ئەگەر بە زاهیر نیسکێک ئەو کوشتارەیان پێناخۆش بێ لە ناخەوە هەست بەسەر کەوتن دەکەن. ئەوان دەڵێن هەمممم پ ک ک لە رۆژهەڵاتیشدا باڵا دەستە، ئوسولەن لایەنگر و ئەندامنی پ ک ک هەر بەو فەلسەفیە گۆشیان گرتووە، کەواتە ئەوە سەرکەوتنە بۆیان و دەنگیان پێی زیاد دەبێ نە کەم! هەر بۆیە پ ک ک ڕاست لەو کاتە دا ئەو هێرشە دەکات و پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات شەهید دەکات. دەڵێن نا سەیری هەڵوێستان بکەن بزانن بێ پاساو هێنانەوە یەک کەس هەیە لە ئەندام ولایەنگرانی پ ک ک ئەو کورد کوشتنە مەحکووم بکات!؟

گەنجان لاوانی نیشتمانپەروەری کورد، چاوتان خورد کەنەوە، لە داوی وێنەو ویدۆ و قرمەی دەنگی تەفەنگان مەکەون، کورد بە تفەنگ رزگاری نەبووە و نابێ، کێشەی کورد کێشەی تەقە وتفەنگ نییە، پەناگەی کورد تەنیا چەک وچیا نییە. کورد کێشەی سیاسیی هەیە و تەنیا لە رێگای سیاسییەوە و بە حیزبی سیاسیی چارەسەری ئەو کێشەیە دەکرێ، ئەو مەسەلەی پ ک ک هەمیشە لێی هەڵدێ و کە باسی ئاشتی دەکرێ ئەوان کێچیان دەکەوێتە دەکەوێ. ئەمن نزیک ٦٠ساڵم تەمەنە، دەزانم لای تۆی مێشک شۆراوە و گۆشکراو بە فکری ئاپۆچی زەحمەتە کارتێکەری ئەو قسانە هەبێ بەڵام بۆ مێژوو پێت دەڵێم، ئەگەر بە کوشتنی پێشمەرگە هەستت بە سەرکەوتن وغروور کرد نەک لە کوردایەتی و کوردبوونی خۆت شک بکە بەڵکوو لە ئینسانبوونی خۆشت وەشک کەوە.

قسەی کوتایی، پ ک ک با پێی وانەبێ بە چەند رووناکبیر سمێڵ زلی قسەزلی سەفسەتەباز دەتوانێ لە کاردانەوەی نیگەتیڤی هێرش بۆسەر پێشمەرگەی دێمۆکرات وا بەهاسانی قوتاری بێ. ئەگەر پێشمەرگە مەرگی بە سۆغرە گرتووە، دڵنیاش بن زۆرن ئەو قەڵەمبەدەست و رووناکبیرانەی مەرگ بەسۆغرە دەگرن و لە ئاست تاوان و جنایەتەکانی ئێوە بێدەنگ نابن، هیچ کوردێک نەتەنیا نابێ لەو تاوانە بێدەنگ بێ بەڵکوو دەبێ لە ماڵ، لە چایخانە، لە ناو ئوتووبووس، لە لاپەڕەکانی سەر فەیسبووک و تویتر ئەو ئابرووچوونەی پ ک ک، ئەو تاوانە نەبەخشراوەی پ ک ک لە قاو بدەن، ئێوە دەستتان بە خوێنی رۆلەیەکی کورد سوور کردووە دەتانهەوێ خەڵک نەڵێ بۆچی وادەکەن! سەت کیلۆمێتر سنووری باکووری کوردستانتان بە جێ هێشتووە و هاتوون پاسەوانی سنوورەکانی رۆژهەڵات دەکەن و بە ناوی دەڤەر و سنووری مێدیا ناوی دەبەن دەتانهەوێ خەڵک نەڵێ ئەوە چەندی بەچەند! کوردی رۆژهەڵات نابێ بێ ئیزنی ئێوە بچێتەوە رۆژهەڵات؟ ئەوانە پرسیارگەلێکن هیچ وڵامێکیان بۆی نییە و خاترجەم بن ئەوە تەنیا پرسیاری من نییە و پرسیاری زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئەندام و لایەنگرانی دێمۆکرات، بە جنێودان و سووکایەتی ئاستی خۆتان لە هەموو بارێکەوە دێننە خوارێ، بە هەڕەشە و

گوڕەشە و ئاگری شەڕێک خۆشدەکەن کە پ ک ک لە خودای دەوێ. بەر لە هەموو شتێک خۆ ڕێکخستن و ماڵی خۆ ئاوەدان و ساخکردنەوە پێویستە، دێمۆکرات نە شەڕخواز بووە و نە نانی لە شەڕ دادەگەرێ، نەشەڕێش چارەسەری کێشەکانە. دان بە خۆداگرتن لەهەمانکاتداو لە قاودانی ئەو کارەساتە تەنیا کارێکە کە دەتوانێ پێش بە کارەساتی گەورەتر بگرێ.

٢٧ی مای ٢٠١٥

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٦

# تاڵە ژین

### شاهیدیەک بۆ مێژوو ١

من کە چوومە ناو حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ووەک ئەندام و پێشمەرگە دەستم بە کار کرد. گەنجێکی ٢١ ساڵە بووم. بەڵام زیت و وریا و چوست وچالاک، لە گرتنی شارەبانی مەهاباد دا دەستی باڵام هەبوو ئەگەرچی پێش گرتنی شارەبانی لەترسی گیران هەڵاتبوومە سنە و لە ماڵی کاک عەبدوڵای حوسێن پوور دەمامەوە کە کوڕە خاڵ و مامۆستای کوردایەتیم بووە. تا ئەو شەوەی کە ئیتر بۆ بە هەرا کە شا سبەی بارگەی تێکدەنێ و بە بارەگە تێکنانیشی قوڕێکی خەستتر لە قوڕی دەشتی شاماتی بەسەر سەری میلەت وگەلانی ئێران دادەکا. ئێران لە ئاوری خەلاسی دەبێ و تووشی لافاو و سێڵاوی بێئامانی دڵڕەشتریین ئینسانەکان دەبێ.

کە شارەبانی گیرا دەسبەجێ هێرش برایە سەر ستادی ژاندارمەری. سەرەتا لە ستادڕا تەقەیان کرد و ئێمەش بێچەک خۆمان وەپەنا گۆشە خەیابانی پەهلەوی ئەوکاتی دابوو، رووبەڕووی بانکی سپە لەو بەری نزیک مەیخانەکە خۆمان بە دیوارییەوە نووساندبوو، تەقە هێندەی نەبرد ئەوجار برێک خەستتر بوو، یەکێک بە جلی کوردی لە بن شێرەبەردینەکان درێژ ببوو و تەقەی لە قاتی سەرووی ستاد دەکرد کە لەوێڕا تەقەیان لەخەڵک دەکرد. دوایە بیستمەوە کە کوتیان ئەوە مینەی کاکە سواری بووە تەقەی لە ستاد کردووە کە بەداخەوە دوایە چەکی بۆ ڕێژیم هەڵگرت و بەدەستی پێشمەرگەش کوژرا.

دوای ئەو تەقەیە خەڵکی وەهای هێرش بردە ناو ستاد کە کەس لەبەر پاڵەپەستۆ دەدەرگا زەلامەکەی ستادەوە نەدەچوو. سەیریش ئەوە بوو کەس نەیزانی ژاندارم وئەفسەر و دەرەجەداری ستاد بە کوێدا هەڵاتوون و بۆ کوێ چوون. نازانم چەندی پێچو بەڵام کەمتر لە سەعاتێک ستاد ئاداری بەسەر پاداریییەوە نەما و هەر بابا بوو برنەوێک یان ژ س ییەک بەدەستەوە و لە دەرگای ستاد دەهاتە دەرێ. من لەو هەڵمەتە دا برنەوێکی درێژم دەسکەوت. کە دوایی تەسلیمی مزگەوتی هەباس

ئاغام کرد کە لەوێ گۆیا چەکیان وەک کومیتەیەک خڕەکردەوە و ناویان دەنووسی و دوایە دەماندەنەوە کە قەتم چاو پێێ نەکەوتەوە. دوای ئەو هێرش وپەلامارە ئەوجار هێرشمان بردە سەر هەنگی ژاندارمەری کە نزیک سێ ڕێیانی وەفایی و "کوی فرح" بوو. لەوی تا دیوارکونکردنیش چووینە پێش، وردە وردە تاریک دادهات و وابزانم خەڵک دەستیان بە هێندێک چەکوچۆڵ راگەیشتبوو کە گرمە و قرمەیەکی سەیر پەیدا بوو، لە نەکاو کوتیان تانک لە پادگانێڕا هاتوون و خەڵکیان وەبەر گوللەداوە، چەند کەسێک کوژراون و چەند کەسێکیش بریندار بوون. ئیتر دەستمان بە کشانەوە کرد و تانک هاتنە سەر سێ ڕێیانی وەفایی و لای شێروخورشیدی قەدیمیش. ئێمە لە ترسی دەسڕێژی گوللە خۆمان بە مالێکی داکرد کە ئەوەندەی لەبیرم بێ ناوی کابرا رەحمان بوو. کڵاو جەمەدانی لەسەر، هەر کەس هاتبا ژوور لێێ دەپرسی کوڕی کێ، ئەویش دەبوو خۆی ناساندبا، کە گەیشتە من کوتی کوڕی کێێ، کوتم کوڕی حاجی جانگیریم، هەرای کرد سمایل وەرە خزمەکەشت بە چەکەوە پەناهەندە بوو. کە سمایل هات رەحمەتی کاک سمایلی شەڕافەتی. ماڵی کاک ڕەحمان یەکی دیکە نەدەبرد وابزانم نزیک ٣٠ کەسی تێدا بوو. جگە لە من چەند کەسی دیکە چەکیان پێبوو.

٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# تاڵە ژین

## شاهیدیەک بۆ مێژوو ٢

کە تانکەکان گەڕانەوە و ئێمە لە ماڵە کاک ڕەحمان هاتینە دەر، من و چەند کەسی چەک بەدەست گەڕاینەوە مزگەوتی هەباس ئاغای و و لەوێ بڕنۆ دریژم تەحویل دا(کاک حەسەنی ماوەڕانی لە بابەتێکدا دەلی ئەوان واتە ئەو و کاک سولەیمان چیرەی یاد بەخێر ئەو کومیتەیەیان دانابوو) و چوموە لای شارەبانی، ئەگەر هەڵە نەبم کاک ع-ق م لەوێ دیت کە دەگەڵ یەکێکی دیکە ڕاوەستابوون و قسەیان دەگەڵ ئەو چەند چەکدارە دەکرد کە لە ناو شارەبانی ڕاوەستابوون، کە منیان دیت ئەوەی دەگەلی راوەستابوو گوتی فلان کەس وەرە، و ئاماژەی بەمن کرد کە با فلان کەس سەرپەرەستی ئێرە بکا. ئیتر لەو دەقیقەوە ئاسایشی شار کەوتە دەستی ئێمە و وردە وردە خەڵکمان لێزیاد بوو، تا ئیتر نیگابانی هەموو شوێبەکانی شار وەک هەر دوو دەروازەی میانداو و ورمێ و بانکەکان و رادیۆ و تەلەویزیۆن و چوارڕێ و مەیدانەکان. لەو پێشمەرگانە ئەگەر هەڵە نەبم دوو کەسم لەبیرن، یەکیان کاک سەرهەنگ و ئەوی دیکەیان کەریم حەسەنی ڕەحمەتی.

تا پادگان گیرا، من لەو شوێنە بووم، ئیپر چەندی کێشا نازانم بەلام هەرگیز جگە بۆحەمام کردنێکی بەپەلە و جلوبەرگ گۆڕینێک نەدەچوومەوە ماڵی خۆمان بۆ پشوودانیش، نەک هەر من هەرچی لەوێ بوو هەر وابوو، ئەوێمان پێ لەماڵ خۆشتر بوو، چون ولاتمان بە هی خۆمان دەزانی. کەس هەستی بە ماندوو بوون نەدەکرد.

ئیتر کارەکەمان هەر دەهات ونەزمی پەیدا دەکرد تا هەموو بنکەو بارەگاکانی حیزب و باقی رێکخراوەکانی دیکە لە ناو شار دامەزارن. پاش ماوەیەک بەرێیان کردم بۆ پادگان کەتبووە دەست خەڵک. لە پادگان کاک مەلاحەسەنی شیوەسەڵیم بۆ یەکەم جار دیت. لاوێکی بەهەستی و پڕ کاری چوست وچالاک، هەرچی کردبای وهەرچی کوتبای بزەی لەسەر لیوی نەدەبڕا. ماندووبوون نەبوو، من ماویەکی کەمی لەگەڵ نەبووم، هەر لەیەک ژوور ولە یەک شوێن ،کارمان دەکرد. هەڵبەت جاری وابوو شەووڕۆژێک یەکترمان نەدەدیت، هەر هەلات هەلات بوو. لیستێکدەهات دەبوو مەسەلەن، ٢٠ ژ س و چەند سندووق فیشەک بدەین بەکێ و .. کارەکەمان سەرباقی پاراستنی پادگان دانی ئەو چەکانە بوون کە بە نامەی حیزبی دەهاتن و ئێنمەش دەبوو داباماڼ بە خەڵک. لە هەڕەتی لاوەتی دا ئەوجار شانازی ئەوەم پێبڕا کە بۆ ماوەیەکی دیار هاوکاری مامۆستا مەلاحەسەنی شیوەسەڵی بم و زۆر شتی لێفێر بم. ئەلهەق و ئینساف لەوماوەیەدا ئەوەی من دیتم یەکێک لە سادقترین وپاکترین و دڵسۆزترین ئەندام وکادرەکانی حیزب بوو.



سەرچاوە
Serchawe

لەوێش کارمان هاسان نەبوو، دەبوو نیگابانمان بۆ هەموو زاخەکان دانابا، سەر دوندی چیای پشت پادگان و هەموو دەوری سیمی خاردارەکانمان بە نیگابانی کرچ و کاڵ پڕکردباوە، کە دەڵێم کرچ و کاڵ ئینسافەن چیان نەدەزانی و منیش هەر وەک وان. ئەوەندە بوو زۆر بەنەزم و دیسپلین کارەکانمان دەکرد و پۆستی نیگابانی لە کاتی دیاریکراودا دەگۆڕدرا، سەردانیان دەکرا و بەتایبەتی شەوانە بە دوو دەستە بەسەریان دا دەگەڕاین، تیمێکی ئامادەشمان هەمیشە هەبوو. دیارە هەندێ کەسی بەئەزموون و کۆنە پێشمەرگە و کادری حیزب جار جارە دەهاتنە نێو پادگان، هەرە کەسەو چەند پێشمەرگەیەکی دەگەڵ بوو، وەک کاک مەلاڕەسوڵی پێشنماز، شادڕەوان سەیدرەسووڵی بابی گەروە، جگە لەوانە کوڕێکی گەنجی لێبوو کە وابزانم ناوی میرزا عەلی بوو، باڵابەرزی کەڵەگەت کە دەیان کوت لە فەلەستین دەورەی دیوە. بۆ ماوەیەک ئەو کەسەش لە پادگان دەمایەوە، دوایە ئیتر نەمدیتەوە. ئەگەر هەڵە نەبم کاک عەلێ شەمیش ماوەیەک لەپادگان مایەوە، جەفەنگ و قسەخۆشەکانی لەبیرناکرێن. ئەو زیاتر نیگابانی لای زاغەو موهیمات بوو.

ڕاگرتنی پادگان بەو خەڵکەی تێکەڵەی کە زۆربەیان چیان نەدەزانی کارێکی هێندە ئاسان نەبوو، چەندین جار بە تەحزریکی هێزەسیاسیەکانی دیکە خەڵک هێرشی هێنایە سەر پادگان و جارێکیان بەتایبەتی هێرشیانب کردە سەر مامۆستا مەلاحەسەنی شیوەسەڵی کە کاک عەلی شم و هەندێ لەو پێشمەرگە گەنجانەی ئامادە بەگژیان دااتینەوە و چەک ڕاکاشرا و شەقەی چەماغ ڕاکێشان لەهەردووک لایەن دەستی پێکرد، هەرچۆنی بوو خەلەککەمان وەدەر نا و دووبارە ئارامی گەراوە ناوپادگان.

جگە لەمە شەوانە لە گۆشەو کەناری پاسدگان ڕا تەقەیان لیدەکردین و هێرشیان دێنا بۆ ناو پادگان و تەنانەت ڕۆژێک باشنم لەبیرە کۆمەڵێ خەڵکی چەکدار کە ئەوەندەی لەبیرم زیاتر لە مەنگوڕەکان بوون دوای تەقەیەکی زۆر خۆیان گەیاندە نیو پارکی مۆتۆری. تەقە وەها گەرم بوو دەتگوت حەشرە یەکەم شەڕی من ئەو ڕۆژە بوو کە تیربارێکی ژ س یمان لە زاغە ڕا هێنایە خوار و بە هەموو لایەک هەرچی ماشین و دەوروبەری پارکی مۆتوڕی بوو وەها گوولەباران کرا بۆ ماوەیەکی زۆر کەس نەیوێرا خۆی بە پادگان دا بکات. ئەو ڕۆژە کوتیان کوشتە وبریندار هەبووە لە ناو پارکی مۆتۆری و بەلام تا ڕەنگان ئیمە ناهاتینە خوار ئاگاشمان لە دەفتەری نیگابانی نەبوو کە دخوا چی بەسەر هاتووە، بەلام وادیار بوو هێرشەکە هەر بۆ زاغەو موهیماتەکە بوو.

٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# تاڵە ژین

## شاهیدیەک بۆ مێژوو ٣

لەبیرم ناچێ جار جارە دەگەڵ کاک مەلاحەسەن شیوەسەڵی دەچووینەوە ماڵی خۆمان، دایکم هەموو کەڕەتێ دەیکوت ڕۆڵە ئەوە خەڵکی سەردەشتێیە و پێێ بڵێ شەرمێ نەکا ئەویش وەک تۆ وایە، هەر کوڕی خۆمە ، با بێ و حەمامێ بکا و جلوبەرگی دابنێ بۆی دەشۆم. (لە ٢٠١٤ کە من بۆ سەردان چوومە سوێد زۆرم هەوڵدا کە سەردانی کاک مەلاحەسەن بکەم و دووسێ دۆستیش بەڵێنیان پێدام کە دەگەڵم بێن و بچینە لای بەلام بەداخەوە هەر دەستی نەدا.) لەپادگان مامەوە تا چەکوچۆڵی پادگان شەوانە بە ماشێنان ڕادەگوێزران.

چی پێنەچوو شەڕ دەستی پێکرد، لەهەموو لاوە خەبەر وباسی شەڕ بڵاو دەبۆوە، لەسنە تێژیم بە هەموو هێزییەوە پەلاماری سنەی دابوو، ڕۆژێ بەسەتان تۆپ و خۆمپارە لەو شارە وەهەردی دەکەوت کە شەهدی وبرینداری زۆری لێکەوتبۆوە.

لە مەهاباد و دەوروبەریشی شەڕ دەستی پێکردبوو، یەکەم عەمەلیاتی شەڕ و هێرش بۆسەر دوژمنم کاتێ تاقی کردەوە کە دەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان و بەرپرسانی سەربازی لە ئوردووگایەکی ئەرتەش و سپامان دا لە نزیک محەمەدیار، لێدانەکە وا قەرار بوو بە تۆپ لێی بدرێ بەلام ئێمەشیان دەگەڵ خۆیان برد و لە شوێنێک کەمینێکمان دانایەوە کە دوای لێدانەکە ئەگەر بەو شوینەدا هاتبان ئێمە دەبوو لێیان دەین. تاریکە شەوێک بوو چاو چاوی نەدەدیت، قەرار بوو سەرگورد عەباسی بەتۆپ لەو ئوردووگایە بدا کە لەوێ مۆڵدرابوو تا لەوێرا هێرشی سەر مەهاباد بکەن. بەڵێ نیوە شەو تەقەی تۆپان و گرمەی تەقینەوەی تۆپەکان بێدەنگی ئەو ناوەی وەها شڵەژاند هەر مەپرسە. ئێمە لە گوندێک نزیک بووین وابزانم خەلیفەلیان بوو، بووو بە چەقوولوری سەگان لە هەموو لاوە، وادیار بوو ئەوانیش ترسا بوون. ئەگەرچی ئەو شەوە ئێمە و ئەو مەفرەزەیەی کە مەلارەسووڵی پێشنمازو وابزانم کاک سەیدحەسەنی ورچان سەرپەرەستیان دەکرد چمان نەکردو کەسمان دەکەمین نەکەوت بەڵام ئەو شەوە هەم ترس و هەم هەست بە غروورێکی عەجایب تەواوی وجوودمی داگرتبوو.

ئەو ڕۆژەی کە ئەرتەش لە دەروازەی میانداوەوە لە مەهاباد نزیک دەبۆوە، دەستەیەک پێشمەرگەم بردبوون بۆ قاوەخانەی ئەمیرئاباد، لەوان یەکیان کاک کوروشی شەهابی بوو. خۆم کە گەڕامەوە ناوشار، شار بە تەواوی شڵەژابوو، ئەرەتەش بە هەموو جۆرێک ناوشاری دەکوتا، فانتۆم بەیانی ونیوەڕۆ ئێواران بەسەر شاردا دەخولایەوە و دیواری سەوتی دەشکاند،

داشامەجید پۆلێکی پێشمەرگە لێبوون ئەوان بە کالیبر پەنجا تەقەیان لە فانتۆمەکان دەکرد بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نەبوو، ئاخری ئەو دەستە پێشمەرگەیە لە ژێر بارانی ڕاکێت و مووشەکی فانتۆمەکان ناچار داشامەجیدیان چۆل کرد و بەدیوی شاریدا هاتنەخوار.

تا شار گیراو تانک هاتنە سەر ئەو تەپەیەی ئێستا زانکۆی پەیامی نووری لێیە خەڵکێکی زۆر وەک پێشمەرگە هەر لە ناو شار بوون، بەڵام ئیتر هەرکەسەو بەجۆرێ خەریک بوو شاری بەجێ دەهێشت، دەفتەری حیزب چۆل کرابوو، شووڕای نیزامی کەسی تێدا نەمابوو. بەرەبەرە شار چۆل دەکرا، خەڵکێکی زۆر هەرچی وەدەستیان کەوتبا وەک ماشێن وتەڕاکتۆر و ئوتووبووس سواری دەبوون و شاریان بەجێ دەهێشت.

ئەو کات من ماشێنیکی پەیکانی خۆم پێبوو کە ساڵی ٥٦ لە ورمێ کڕیبووم، سواری ماشێنەکەم بوومەوە چوومە بەردەرکی ماڵە خۆمان و ماشێنەکەم لەوێ بەجێ هێشت ماڵاوییم لەدایکم خواست. نازانم لەوەدمی دا بابم لە کوێ بوو بەڵام دایکم زۆرم لەبەر پاراوە کە نەچمە دەرێ و بەجێیان نەهێڵم و دەستی بەسینگییەوە گرت و گوتی:" برایمە شیری ئەو مەمکانەت لێ حەلال بێ ڕۆڵە مەچۆ دەرێ و بە جێمان مەهێڵە" باوەڕ کەن وەمدەزانی دەگەڵ داروبەرد قسە دەکات، کوتم دایە گیان من خۆ هەر کوڕی تۆ نیم کوڕی ئەو خەڵکەم و خودا حافیز." ئەوە خۆ هەڵکیشان نییە هەرچی کوڕ وکچی ئەو کاتی بوو لە سەتا نەوەدیان وا بوون، کەلەمان بە باوەڕی شۆڕش و بەرخۆدان گەرم بوو، نیشتمان کەوتبۆوە بەر گوشاری ڕێژیم و بەسەختترین و وەحشیانەترین شێوە ڕەفتاری دەگەڵ خەڵکی ئەو شارو شوێنانە کردبوو کە پێش مەهاباد گیرابوونەوە. نەفرەتێکی سەیر لەو ڕێژیمە ناخمانی داگرتبوو. دەستم دەملی دایکم کرد ولە حاڵێکدا فرمێسک بە سەر گۆنا چرچەکان ڕێچکەیان بەستبوو بەجێم هێشت. نازانم کوڕو کچەکان لەکاتی وادا بیرەحمن یان دەردە کورد وایە کە دەبێ هەمومان هەر یەکەوە وبەجۆرێک بە ژانی بێئامانییەوە بتیلێینەوە.

ئیتر من بە پێ هاتم و لەسەر زارکی کووچەی شیرکەتی نەفتی سواری تاکسیەک بووم و چوومە بەردەرکی شارەبانی، کەچی بەسەر هەواری خاڵی دا کەوتم، نەماشێنێکی لێمابوو نە کەسێ لێدیار بوو. یەکێک لەدۆستە کۆنەکانم بە ماشێن بەوێدا هات وزۆر بەنیگەرانی کوتی ئەرێ ئەوە ئەتۆ لێرە چدەکەی؟ کوتم وەڵا هاتووم لێرە دەگەڵ ئەو باقی پێشمەرگانە بچمە دەرێ کەچی ئەوان ماشێنەکەیان بردووە و منیش لێرە ماومەوە، کوتی وەرە سەرێ، دەگەڵی سوار بووم و تا هەمزاوایەی هێنام، لە ڕێگا جادەدی سەردەشت تەپووتۆزێک بوو چاو چاوی نەدەدیت. هەر خەڵک بوو بە سەرای ماشێن وتەراکتۆر ومۆتۆڕسیکلێت لە ساری وەدەردەکەوت ودەرێە کەتبو. ئەو دۆستە و ئەوکەسەی ئەو ڕۆژە منی لە شار هێنایە دەر کارمەندی دەوڵەت بوو، لە ژیاندا نەماوە، بەڵام دیسان ناوێرم ئەو جوامێرە و ئەو ڕەفیقەی ڕۆژی لێقەومان بناسێنم چون مناڵەکانی پارەی بازنشەستەگی و خانە نشینی ئەو وەدەگرن و دەترسم ناوی بێنم ئەو ڕێژمە زاڵمە دوژمن بە ئینسانە ئەو پارەیەش

لە زاری ماڵ و منداڵی بگێڕێتەوە. یادی کاک م - س هەمیشە لەدڵدا زیندوو.

ماوەیەک لە هەمزاوا و دەورەبەری ماینەوە، حیزب بەو پاشەکشە لە نەکاوە بەجارێ شیرازەی لەبەر یەک هەڵوەشابوو، ئاخر خۆ هێشتا خۆی نەگرتبوو، تەشکیلاتەکان و هێزی چەکدار بەتەواوی سازمان نەدرابوون کە شەڕێکی دژوار بەرۆکی گرت. بەڵام بە خێرایی و بە وردی خەریکی خۆ ڕێکخستنەوە بوو، پەل و مەفرەزەو لکەکان دادەمەزران.

پاش ماوەیەک ئێمە بەڕێکراینە کاولان و لەوێوەش دەگەڵ دەستەیەکی یەکیەتی لاوان بەرەو سنووری ناوزەنگ ونۆکان وەڕێ کەوتین . لەوێ بۆ ماوەیەک ماینەوە و پاش قەدەرێک دەبوو بچین ئەبووبەکری ڕەشیدزادە لە ئوردووگایەکی قەڵادزە بێنینەوە بۆ نۆکان کە بەرپرسێکی سازمانی جەوانان یان کوڕێکی هەڵسووری سازمانی جەوانانی حیزب بوو. ئەو کارە خۆی داستانێکی دوور ودرێژی هەیە.

٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---

## تاله ژین -  له دەلاقەیەکی بچووکەوە

### ئەو ڕۆژانە قسەی کوڕە بچووکەکەم، هێمن م هاتەوە بیر

چەند ساڵ لەمەوبەر کە من وێڕای ژانی دیسکی کەمەر ڕۆژانە دەگەڵ دۆستێک کاری کلێنیکم دەکرد، واتە وڵاتم خاوین دەکردەوە، کەسکم لێدەدا، پەنجەرەم دەشووت، عەیب نەبێ دەست شوویی و تواڵەتم پاک دەکردەوە، ئێوارەیەکی زۆر ماندو بووم، شەلاڵی ئارەقە هاتمەوە ماڵ، جلەکانم فڕێدانە سەر باڵکون و ئاوێکم بە خۆم داکرد و هاتم لەساڵۆن لە پشت کۆمپیوتێرەکەم دانیشتم.

هێمن هەڵیدایە و کوتی ئێستا ڕاحەتتری یان ئەو دەمی کە بە مسقاڵ زێڕت دەفرۆشت؟ ڕاچڵەکیم لەو پرسیارە، ئاخر چاوەڕێ ئەوە نەبووم. کوتم مەنزوورت چییە ڕۆڵە؟ کوتی هیچ لە خۆت نەگەڕای ئاخر ئەو حاڵە هەتە بە نەخۆشی وبەو کوتم ڕۆڵە، ئینسان بۆیە ئینسانە هەڵوێستی هەبێ، گا بەو زلییە دەگێرەی دەکەن دەنگی نایە، دەجووتی دەکەن دەنگی نایە، دەست و پێی دەبەستن بۆ سەر بڕین ئامادەی دەکەن کێردی بەگەرووی دادێنن ئەوجار وەلینگە فرتە دەکەوێ. دەی خۆ مرۆڤ گا نییە؟ دەبێ هەڵوێستی هەبێ. بەڵێ هەزار جار لێرە ڕاحەتترم. یەکەم لەووتا لێرەم هیچ قوڵە پاسدارێک بەربینگی پێنەگرتووم بپرسێ لەکوێڕا هاتووی و بۆ کوێ دەچێ؟ دووهەم هەموو هەفتان لە ئیدارەی ئیتلاعات بانگم ناکەن و ژیانم لێناکەن بە جەهەندەم.... سێهەم ئێوەم گەیاندۆتە وڵاتێک کە داهاتووی ڕوونتان دەبێ ئەگەر بتان هەوێ.

جا وات نەکردبا را با بانگیان نەکردبای؟ زندەگیان لێ نەکردبایە جەهەنەم.

چیم کردبوو؟ ئەو حکوومەتەم خۆش نەدەویست و وەک کوردێک بچووکترین کارێک کە لەدەستم هاتبێ بۆ گەلەکەم کردوومە! دەی باشە پیرۆزت بێ سبەی تاجت لەسەر دەنێن!

بۆ تاج لەسەر نان هیچم نەکردووە، ئەوەی کردوومە بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانیوە. لەڕێگای بیرو باوەڕدا کردوومە.

بیری ئەو ڕۆژە کەوتمەوە کە سمایلی بازیار( ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئەو کاتی) زەنگی بۆ لێدام کوتی ئەمن وەستا شەریفم کاک مەریوان فەرشەکانت ماون؟ دڵم داخورپا، کوتم ئەوە لە کوێی وەستا بەڵێ ماومن. کوتی دبێ بت بینم دێمە کن مزگەوتی سەید نیزام تا نیوسەعاتی دیکە. تەلەیفوون قەتع بوو.

خیزانم نانی شەوی دانابوو هێندە بە پەلە خۆم پێچایەوە لێنگێکم گورەوەی لەبیرچووبوو بیکەمە پام. بە شڵەژاوی هات کوتی ئەوە چ بووە دیسان؟ کوتم هیچ ئەمن کارێکم بۆ هاتۆتە پێش ئێوە نان بخۆن چاوەڕێی من مەبن، زۆر بەنیگەرانییەوە یەخەی گرتم کوتی چ بووە. هیچ نەبووە دێمەوە ئێوە نانتان بخۆن.

وەدەر کەوتم و لەنزیک مزگەوتی سەید نیزام کە ئەزقەزا رووبەڕووی ماڵە خەزوورم بوو جارێک ڕۆیشتم و مزگەوتم بەجێ هێشت. وەستا شەریف دیار نەبوو، دیسان گەڕامەوە و تاوێک لەبەردەرکی مزگەوت ڕاوەستام وەستا دیار نەبوو، دەدەقیقەی لە قەرار لادابوو هەر دیار نەبوو، زۆر نیگەران بووم، چوومە ناو مزگەوت و دیتم چەند کەسێک دەست و چاویان لەسەر حەوزەکە دەشوت. هیچیان هەو نەبوون. هاتمە دەرێ و دووبارە لەدەرکی مزگەوت بەرەو سەر هەڵکشام، یەکێک لە لە ڕوبەڕوم ڕا هات وهەر ئەوندەی کوت مەریوان وەدوام کەوە.

بەتەنیشت کووچەی مزگەوتی سەیدنیزام دا دەگەڵ کاک سمایل چووینە لای پشت قەلا و تاریکە شەوێک بوو مەپرسە...

ئەو شەوە ژیانی من وماڵی ئێمە تاڵترین ژیان بوو. ئاخر لە لایەن ئیتلاعاتەوە زۆر بەتوندی چاوەدێری دەکرام، هەر نیگەران بووم سمایل بگیرێ ئیتر هەم ژیان وهەم ئابڕوو دەکەوتە خەتەرەوە. من درەنگانێک سمایلم بەجێ هێشت و گەڕامەوە، کەدەرگام کردەوە خێزانم لەسەر پلیکانەکان بەرەورووی دەرگا دانیشتبوو. نیگەرانی... نیگەران... لە سیمای دا وەها وێرانیییەکم دەدیت هەر مەپرسە. خۆمان هیچ بەڵام مەمانان چ زوڵمێکمان لە ماڵو منداڵێش نەکرد.

بەڵێ ئەوە نوختەیەکی بچووک لە ژیانی ئێمە بووە. لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بێوەفایی و بێسفەتی نزیکترین دۆست و هاوڕێیانی خۆم بۆ دەرکەوت و بە خۆم کوت جار جارە منداڵێک دەتوانێ لە مامۆستایەکی زانکۆش عاقڵانەتر و واقعیتر بیر بکاتەوە.

یادی ئەو ڕۆژەو یادی هاوڕێ سمایل بازیار و هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەی لە ناوخۆ دەستەویەخەی مەرگ و ژیانن بەخێر.



سەرچاوە
Serchawe

## خۆتان شلوێ مەکەن ئەوە حەقیقەتی کۆمەڵگای ئێمەیە

کە حدکا لە یەکەم چوونەوە ناوخۆی ئەمساڵیدا زیاتر لە دە شەهیدی دا ناڵێم هەموو بەڵام زۆر کەسی سەر بەلایەنەکان لەجیاتی هاودەردی دەگەڵ بنەماڵەی قوربانیان خوێیان بە برینان دادەکرد. دەیان کوت چۆن پێشمەرگە دەبێ دەخانوویەک دا لە کەمین کەون؟ ئەوە کەی پێشمەرگایەتیە؟ حدکا گیانی پێشمەرگەکانی بۆ گرینگ نییە و.... بەشێک لە قسەکە ڕاست بوو بەڵام کاتی نەبوو.

کە حدک لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێشمەرگەکانی لە دەوروبەری سەردەشت بەسەر تەڵەی تەقینەوەی دوژمن دا کەوتن دوو شەهید و یەک بریندارریان دا، کەم نەبوون ئەوانەی لە لایەنەکانی دیکە هەمان خوێندنەوە و هەمان هەڵوێستیان بۆ حدک هەبوو. زۆر بەڕاشکاویش کاک حاجی ئەحمەدی هەردووک لای کردە ئامانجی گورزی قسەکانی کە چۆن دەبێ هاوار بکەی ئەوە هاتم و ئەو دێم و خولاسە تا گەیشتە نەقلی پشیلەڕەشەی مەشهوور.

ئێتستا کە گریلا لەکەمین کەوتوون و دوازدە کەسیان بە دەستی هێزە دژی بەشەریەکانی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران شەهید بوون لێرەو لەوێ هەمان کاریان کرد، بەناوی دڵسۆزی و بە ناوی نیگەرانی وپێناخۆش بوون وێنەی شەمزاو وتەرمی کوڕ و کچە گریلای شەلاڵی خوێنیان بڵاوکردەوە.....

خۆ شلوێکردنی ناوێ، تووڕە بوونیشی پێویست نییە، نەسیحەتکردنیش کار ساز نیە، یەکەم ئەوە ڕاستی ناخی کۆمەڵگای ئێمەیە، ئەوە حەقیقەتی ئەو گەل و نەتەوەییە کە دەبوو چون یەکێک لە دەگمەن نەتەوە و گەلانی بێ ئالا وبێ وڵاتە لە هەموو میللەتێک یەکگرتووتر با، بەڵام نین، شپرزە و پەرتەوازە و دوژمن بەیەک، دوژمن لێمان دەکوژێ ئێمە خەریکین دەیکەیەن بەهانە بۆ کوتانی لایەنێکی دیکەی حیزبی، لە سیاسەت و هەڵسوکەوتدا شکستێک دەخۆین خەریکین خەڵکی دیکەی پێتاوانبار دەکەین بۆ ئەوەی خۆمان لە ژێرباری ڕەخنە قوتار کردبێ.

بەشکستی لایەنێک خۆشحاڵ و بەسەرکەوتنی خەمبارین، لێرەدا ئەگەرچی ئەمە بەشەخسیش هەڵکەوتووە بەلام بە گشتی ئەوە پەروەردەی هەموو حیزبەکانە، ئەوان وایان دەوێ، کەسیان و هیچ لایەنێکیان ئامادە نییە پەروەردەیەکی ئەخلاقی و شۆڕشگێرانە بکاتە بنەما وئەگەر کەس لێێ لادا ئەوا سزای بدەن، لە ناو تەشکیلات و حیزب و ڕێکخراوەکدا دەری بکەن. نا ئەوان ئەو خەڵکەیان وا بار هێناوە. خەڵکی وایان پێویستە.

کابرا رۆژنامە نووسە، خۆی پێ رۆشنبیرە و چالاکی سیاسییە، چەندین ساڵە لەهەندەران دەژی، بە درۆ و بە خۆ هەڵاوەسین بە فلانە حیزب و رێکخراوی سیاسیی رۆژهەتا ئێوارێ پێشەی بۆتە جنێودان بەم و بەو، کەس نییە شووڵێک دەست داتێ و دووی لە لمبۆزی دا و هەسی داتەوە! دەی ئەو کۆمەڵگایە بۆ وێران نابێ و بۆ دا ناماڵرێ لە ئەخلاق و بۆچی بێ دایک وباب و سەرسەری و جنێو فرۆش دەسەڵاتی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەدەستەوە ناگرن.

خەسارەتی لەدەستدانی ئەو پۆلە ئینسانە ئەویش وا سووک و هاسان جگە لەمەی کەهەیبەتی ئەو هێزانەی شکاند کە نماد و سیمبولی کورد و بەرخۆدانی کوردانن ، رواڵەتێکی بەهێزیشی بەرێژێمێکی گەندەڵی سەرتاپا پڕ لە کێشە و قەیران بەخشیوە. خۆ لەو ناوەدا هێزەکان هیچیان تاوانبار نین. چ گریلا و چ پێشمەرگە لەو خەسارەتانە دا هیچ تاوانێکیان نییە، ئاخر ئەوان نە وەک گریلاو نەوەک پێشمەرگە ناچنەوە ناوخۆ و هیچ خەباتێکی چەکداریش لە گۆڕیدا نییە، بەڵکوو ئەوە تەنیا نمایشێکی چەکداریە کە زیاتر حیزبەکان لە رقی یەکتری دەیکەن. خۆ پێشمەرگەش لە هەموو خەسلەتەکانی خۆی تەنیا ناو و تەنیا باوەڕی خۆی دەباتەوە ناوخۆ نەک خەسلەتەکانیتر.

گرفتی هەرە سەرەکی لەو کارەساتانە دا لێرەدایە کەئەوەی لەوچەند ساڵەی دوایی دا لە رۆژهەڵات کراوە خەباتی چەکداری نەبووە. ئەمە چوونەوەی پۆلێ کادر وپێشمەرگەی حیزبەکان بووە بۆ کاری رێکخستن جا ئەگەر دەکەمین کەوتبن کە تێ کەوتوون و ئاکامەکەشمان دیتووە ئەودەم کە ئیتر دوژمن بە دڵنیاییەوە باڵادەست بووە دەستیان کردۆتەوە نەک بۆ ئەوەی زەبر لە دوژمن بدەن تەنیا بۆ ئەوەی خۆ دەرباز کەن و نەجاتیان بێ لە کەمینەکە.

ئەوە حەقیقەتی کۆمەڵگای کوردی و حەقیقەتی حیزب ومەسەلەی چوونەوەی پیشمەرگە وگریلایە، کەوایە بە براوی من دەبێ حیزبەکان، ئەوانەی بە نیازن پێشمەرگەیان لە ناوخۆ هەبێ بیرێک و چارەیەک لەو ستەمە بکەنەوە کە دەرهەق بە پیشمەرگە دەیکەن، ئەگەر پێشمەرگە دەچێتەوە دەبێ وەک پێشمەرگە بچێتەوە ناوخۆ، ئەو پێشمەرگەیەی دوژمن بە بیستنی ناوی چۆکی دەلەرزێ، لەبیرمە کاتێ دەیان کوت حیزب دەمەنتەقە دایە لە ٢ی پاش نیوەڕۆ بەولاوە هیچ ماشێنێکی سپا و هیزە ئینتیزامیەکان بە هیچ جادەیەکی ئەو ناوچەیەی دەنگۆی حزووری پێشمەرگەی لێ هەبوو هامووشۆی نەدەکرد. ئێستا پێشمەرگە بۆ کاری رێکخستن دەچێتەوە ؟! پێشمەرگە و کاری رێکخستن ئەویش لەو دەروزەمانەدا؟ بۆ کاری رێکخستن ئێستا دەیان رێگای سالم و بێ مەترسی پێوەندی گرتن هەیە. ئامرازی پیوەندیگرتن یەکجار زۆرە، تەلەویزیۆنەکان هەموو شەوێ و هەموو رۆژێ ئیوە وباوەڕ و بۆچوونەکانتان دەبەنەوە ناوخۆ و بۆ کاری رێکخستن پێویست بە ناردنەوەی نیشانەی بجووڵ ناکا!

**یادی هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی کورد وکوردستان بەخێر**

**٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٦**

## شارلاتانیزم، لۆمپەنیزم

بێ هیچ دڕدۆنگی و سڵەمینەوەیەک لەو راستیە عەلی کەریمی نموونەی هەرە دیاری ئەو مەکتەبە و شاگردی هەرە بەوەفای ئەو دیاردە قێزەونەیە. من ئێستا کە وتار و دیمانە شانۆگەریەکانی دەبینم بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەگەر کاتی خۆی یەکێک لە ناوکۆمەڵە دابووبێ و خاوەنی ئەو فکرە بووبێ کە ویستبێی حیزبە وردەبورژوازیەکەی دێمۆکرات لە ناو بەرێ ولەجیاتی ئەو حیزبی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان لە کوردستان حاکم بکات ڕەنگە عەلی کەریمی بێ. وەنەبێ لە لایەن دێمۆکراتیش عەلی کەریمیەکان نەبووبن کە پێیانوابوو کۆمەڵە بە مەنجلێک دۆڵمە تێردەخۆن و هەر بەرگەی قەڵتێکی دێمۆکرات دەگرێ وبەس! ئاخر ئەو فکرە و ئەو مێشکە ژەنگگرتوویە و ئەو دڵەی کانگای نەفرت و کینەیە لەوە زیاتر ناکرێ چیدیکەی لە دەفتەری ببیرەوەریەکانی لێهەڵکرێنێ.

شەڕی براکوژی نێوان کۆمەڵە و دێمۆکرات لەسەر ئەوچەشنە ڕوانینەو ئەو چەشنە لێدوانانە قەومان و دەیان و سەدان لاوی بەهەستی کۆمەڵە و دیمۆکراتی تێدابوون بە قوربانی.

هەموو ئەو کەسانەی دوور و نزیک دەگەڵ دەستەوشە و ئیسلاحاتی سیاسیی ئاشنان ڕەنگە ئەو دوو دەستەوشەیە و ئەو دوو دەستەبرایەی سیاسەتیان بیستبێ. شارلاتانیزم و لۆمپەنیزم کە دایک وبیوەڵەی یەکترین، ئەم دووە بەر لەوەی دەستە وشەیەکی سیاسیی بن، کولتورێکن کە ڕەنگە زۆر جار هەر لەبنەماڵەرا یان لە کۆمەڵگارا بەکەسێک براببێ. من لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدام و لەو بارەوە ڕەنگە بە رادەی پێویست تەجرەبەم هەبێ و سوور دەزانم هەندێ شت تەنانەت پێوەندی بە بنەماڵەو کۆمەڵگاشەوە نییە و هەر وەک خوو و خدە دەگەڵ لەدایک بوون دەخوێنی هەندێ مرۆڤ دایە و هەر دەمێنێ.

عەلی کەریمی یەکێک لەو مرۆڤانەیە کە بەڕاستی دەتوانرێ وەک پێشەنگی مەکتەبی شارڵاتانیزمی کوردی پێناسەبکرێ. ئەو کەسە کە بە ناوی شرۆڤەکاری سیاسیی ڕۆژهەڵات لە لایەن بزووتنەوەکەی نەوشیرەوان مستەفاوە گەورە کراوەتەوە و تەلەویزیۆنی KNN ی لە ئیختیاردایە بۆ هەڵرشتنی قین و بوغزەکانی نەوشیرەوان مستەفا بەرامبەر بە پارتی، لە تازەترین تۆمەتنامەیدا کۆمەڵێ قسەی سووک و بیقیمەتی بازاری بەرامبەر بە من ڕیزکردووە کە ئەو دەربڕینە و ئەو ئەدەبیاتە بێجگە لە بوختانەکانی دەقیقەن لات و لووتانە و شارلاتانەیە و هەر لەخۆی جوانن.

کاک عەلی بەجارێ چاوی سوور بوون و خوێنی تێچزاوە کە دەبینێ یەکێک نزیک ساڵێک لەمەوبەر ڕەخنەی لێگرتووە.

هەربۆیە لە هەموو نووسینەکەی مندا تەنیا بە ڕستەیەکەوە نووساوە کە من کاتی خۆی بەهەڵە بەرامبەر بە کاک عەلی بەکارم هێناو دەسبەجێش پاش یەک دوو بۆچوونی کاک یوسف شێخ محەممەدی(ماڵی هەزار جار ئاوەدان بێ ) من زانیم کە هەڵە بووم ورستەکەم لابردو بەتایبەتیش داوای لێبووردنم لە عەلی کەریمی کرد. بەڵام لە باقی نووسینەکەم هەرگیزپەشیمان نیم چون هێشتا چیم لەبارەیدا نەکوتووە هەر بۆیەش کاک عەلی بە یەک وشەش بەلای بۆچوونەکەی من دا لە باقی نووسینەکەدا نەچووە.

کاک عەلی تازە وەبیری هاتۆتەوە یان لەبەر کار و مەشغەڵەی کوردایەتی و شەڕی جەبهەی دژی داعش هێندەی سەر قاڵ بووە نەپرژاوەتە ئەوەی کە نووسینەکان و ڕەخنەکان لەبارەی خۆیدا ببینێ یان بەهەر حاڵ و بەهەر دەلیلێکی دیکە ئەو کەیسەی جارێکی دیکە ئابدیەت کردۆتەوە. ئەگەرچی من لە دڵەوە پێشوازی لەو تازەبوونەوەیە دەکەم چون من و کاک عەلی زۆر شت هەیە کە دەبێ دەگەڵ یەکی یەک لا کەینەوە. وەنەبێ من خوازیاری شەڕ وەهەرا بم یان وەنەبێ چون ئەو ڕێزە تۆمەتە منداڵانەیەی لەمن داوە وبەشێک لە لۆمپەنەکانی هاوڕێی لەسەر دیوارەکەی ئەو تەنانەت بابی منیشیان کە چەند ساڵە کۆچی دوایی کردووە لە جنێوەکانیان بێبەش نەکردووە لێێ تووڕە بم و بمهەوێ تۆڵەی لێبکەمەوە. نا هەرگیز و هیوادارم ئەگەر لێشی تووڕە بم حورمەتی قەڵەم و نوسین نەشکێنم. بەڵێ پێم ناخۆش نییە من و عەلی کەریمی وەک دوو ڕوانگەی جیاواز بەیەکەوە گفتگۆیەکی بێپەردەمان هەبێ.

با کەس وابیر نەکاتەوە دەمهەوێ جوابی تەحا بە پەحا بدەمەوە، چوونکە هەر دوایی تۆمەتنامەکەی عەلی کەریمی من زۆر بە ئارامی و وەک یەکەم کەس لە بن بابەتەکە بۆم نووسی کە کاکە ئەو رستەیە هەڵە بووە و داوای لیبوردنیشت لێکراوە لە نووسراوەکەش دا کەیەکجار کۆنە نەماوە، دیارە لێبوردن تەنیا لەبارەی هەڵەیەک کە من کەسێکم بۆ یەکەم جار لە مەهاباد چاو پێکەوت وامزانیبوو جەنابتی بەڵام من هەڵە بووم و داوای لیبوردنیشم لێکردووی، بۆیە تکایە هەرچی زووتر یان بۆ ئەو تۆمەتانەی خستووتە پاڵ من بەڵگەیەکی هەرچەند بچوکیش بێ بخە پاڵ نووسینەکەت دەنا ئەگەر نەبوو شەهامەتی لێبوردنێکت هەبێ. بەڵام وادیارە کاک عەلی ڕاسپێردراوە ئەو باسەی یەکساڵ لەمەوبەر چەواشەبکات و دوایەش زیندووی کاتەوە. بەهەرحاڵ تەقدیر ئەمەیە من و کاک عەلی ئەو باسە درێژە بدەین.

١٥ی فێبریوێری ٢٠١٦

# شارلاتانیزم، لۆمپەنیزم

مەترسی بوونی شارلاتانیزم و لۆمپەنیزم لەوەدایە کە ببێتە کولتوری گشتی کۆمەلگا یان لانی کەم بەشێکی چین وتوێژەکانی کۆمەلگا، ئیتر ئەو کاتە نە ئەدەب بایەخی دەمینێ و نەکەسایەتی کەس پارێزراو دەبێ، عەلی کەریمی لەو بارەوە پەڵەیەکی ڕەشە بەتەوێڵی مێژووی ئەو شارلاتانیزمە، کەسانی وەک ئەو ئەو کۆمەلگایە بەرەو ئەو هەڵدێرە مەترسیدارە دەبەن و خۆشیان باکیان نییە کە لەو سۆنگەیەوە بەرامبەرەکەیان کە ئەویش هەر دەسکرد و ڕەنگدانەوەی کارەکانی خۆیانە چۆن و بە هەمان شێواز و بە هەمان ڕاوێژ بەردەبنە گیانی خۆی و کەس و کاری. ئەو دەستەیەی دیکە لە ڕاستیدا بۆی تێدەکەنەوە ودەبنە هۆی سەرکەوتنی پیلانەکانی عەلی کەریمی کە دابرانی کۆمەلگایە لەیەکتری و بەدوژمن بوونی نیوە دەگەڵ نیوەکەی تریەتی، ئەمەی کە چەندین سالە پ ک ک بە ئاشکرا بەنێوی تەشکیلات سازکردن لە پارچەکانی دیکەی کوردستان پەیرەوەی دەکا. بەڵێ عەلی کەریمی راسپاردەو بەکرێگیراوێکی مەترسیدارە بۆ لێکترازانی نەتەوەیەک، بۆ وێران کردنی کۆمەڵگای کوردەواری و خالی کردنی لەرووحی تەساموح و تەساهول و پێکەوە هەڵکردن. ئەو کەسە لە هەموو ژیانیدا یەک دێرێشی بۆ پێکەوە سازانی هێزەسیاسیەکانی کوردستانی نەنووسیوە و یەک جاریش لەو بارەوە دەنگی لێنەهاتووە، ئەوەی دەیلێ تەنیا و تەنیا بۆ لێکترازان و یەکترقەبووڵ نەکردنی هێزەسیاسیەکانی کوردستانەو بەس.

شارلاتانیزم لۆمپەن بەرهەم دێنێ، ئەو لۆمپەنەی بە ڕەخنەیەکی ئێمەمانان لە پ ک ک ئەوەی لەزاری دێتە دەربە ناوی لایەنگری لە پ ک ک لێرەو لەوێ پێمان دەڵێ، ئەو لۆمپەنەی بە بێشەرمانەترین شێوە سووکایەتی بە قاسملو دەکات و دەشڵێ دەنگم بلاوکەوە باکم نییە، ئەو لۆمپەنەی سووکایەتی بە کچە گریلا و شەڕوان دەکات و قاقاش پێدەکەنێ. ئەو لۆمپەنەی سووکایەتی بە مام جەلال و کاک مەسعوود دەکات، ئەو لۆمپنەی جنێوو‌بێرێزی بە مستەفا هیجری و عەبدوڵا حەسانزادە بە نێوی بۆچوون لە بن بابەتی خەڵک دەنووسێ و وەک نەبای دیبێ و نەباران هەژدەر هەژدەر پێدەکەنێ.....

بەڵێ ئەمانە شاگردەکانی مەکتەبی شارلاتانیزم و لۆمەپەنیزمن کە جارێ عەلی کەریمی رابەرایەتیان دەکات. سەیری بۆچوون نووسەکانی بن بابەتەکانی بکەن تا راستی قسەکەی منتان لێوەدەر کەوێ.

کەمتر دیمانەی عەلی کەریمی هەیە کە هەڵێنەکوتابێتە سەر پارتی، نەک بەنیازی ڕەخنەگرتن بەڵکوو بەنیازی خۆش کردنی ئاگری دووبەرەکی نێوان گۆڕان و پارتی، یەکیەتی وپارتی، ئاخر شارلاتانەکەی ڕۆژهەلات دەزانێ تا ئەوان دوژمن بە یەک بن عەلی کەریمی پێویستە و پارووی چەورە؟ شرۆڤەکارە، رۆژنامە نووسی گەورە و مێژوو ناسی رۆژهەلاتە! ئەو سەری لەبەر تاوێ سپی نەکردووە، زۆرچاک دەزانی ئەگەر گۆڕان و یەکیەتی و پارتی، گۆڕان و پارتی، بێنەسەر عەقڵ و

مەنتیق و ڕەچاوی وەزعی حەساسی کوردستان بکەن و بسازێن ئیتر ئەوەدەم دبێ عەلی کەریمی کەشەفێ بگیرێ، وەسوال کەوێ. جا مەگەر خانەنشێنبکرێ بە پلەی وەزیری نهێنی ئیعلامی گۆڕان.

شارلاتانیزم لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبەکان بەگشتی لە ڕووداوە مێژووییەکان دیار و حاشاهەڵنەگرە. لە شەڕی نیوان کۆمەلە و دیمۆکرات، لە شەری نیوان پ ک ک و پارتی ویەکیەتی، بەتایبەتی لە شەری نێوان یەکیەتی و پارتیدا گەیشتە چڵە پۆپە. خۆزگە کەسیک دەنگی گەلی کوردستانی ئەو کاتی و رادیۆ دەنگی کوردستانی ئەو کاتی بە تۆمار کراوی لا دەبو و چەند ویدۆیەکی دەنگی دادەنا، کلک زەرد و کلک سەوز موحتەرەمانەترین دەستە وشەکان بوون کە بۆ یەکتری بەکار دەهاتن. ئیستا عەلی کەریمی دەیهەوێ جارێکی دیکە ئەو ڕەوتە بەگوڕتر بکات، دیارە لە ڕۆژهەلات ئەو کارەی بەچاکی بۆ ناکرێ لەبەر ئەوەی ناسراوە وخەلک قسەکانی بەهێند ناگرن. بەڵام لە بەشەکانی دیکە چالاکە بەتایبەتی لە باشوورکە زەمینەکە لەبارترە ئەگەرچێ ئەوە هەر کاری ئەو نییە کە بیێتە قوڵەچۆماخی گۆڕان ولەجیاتی گۆرانەکان شەڕی پارتی بکات، گۆڕانیش زیرەکانە هەموو شەڕەکانی بەسەبکی خۆی، واتە ئەدەبیاتی شاڕلاتانیزم جارێ بە عەلی کەریمی دەکات.

## کۆنگرەی ١٦ حدک و بەرپرسیارەتی مێژوویی

هەلوومەرجی ناوچە و ئالووگۆڕ و کێشە و ناکۆکیەکانی دەوڵەتانی دەوروبەر، شەڕ وکاولکاری و بێهێزی دوژمنان و داگیرکەران وبە هێز بوونی کورد و هەڵکەوتنی دەرفەتی لەبار بۆ کورد، بوونی دوو دەسەڵاتی کوردی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و هەژاندنی شەقامی باکووری کوردستان و پارلەمانی تورکیا لە لایەن کوردی باکوورەوە و زەقبوونەوەی بیری سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن کە ناوچەکەمان بەرەو گۆرانکاری گەورەو تەنانەت چاوەڕواننەکراو هەنگاو دەنێ. هەر بۆیە خویندنەوەی دروست وخۆتەیارو ئامادەکردن وبۆ شوێندانەر بوون و بەپیرەوەچوونی پێشهاتەکان ئایندەیەکی پڕ لە ئومێدمان دەخاتە پێش ولەهەمانکاتیشدا هەر چەشنە سستییەک وخوێندنەوەیەکی هەڵە بۆ روادو وپیشهاتەکان، لەگێژاوی ڕووداووە نەخوازراوەکاندا بێسەروشوێنمان دەکات.

کۆنگرەی ١٦ حدک چەند ڕۆژێکە کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێناوە، هەر بە تەواو بوونی کۆنگرە بە ئاشکرا هەندێ کەس کەوتوونە پرتەو بوڵە و تانە و تەشەر کە ئەوکۆنگرەیە ئەگەر هیچی نەگۆڕی بۆچی ئەوخەڵکەی لە هەرچوار قوژبنی دنیارا هێنایە کوردستان ! ئەوکۆنگرەیە دیمۆکرای نەقز کردووە و مافی ئەم وئەوی نەپاراستووە و ...

دیارە مرروڤ لەهەق نەگوزەرێ ڕەخنەگری زۆر باسیش هەبوون کە بەنیازی رەخنەگرتن و چاکسازی نقورچیان لە سکرتێر و ئەندامانی ڕێبەری و کۆنگرە گرتووە و وشیاریان کردوونەتەوە کە پێتان وانەبێ خەڵک ناتان بینن وهەرچی پێتان خۆش بێ

دەتوانن ئەنجامی بدەن. من لێرە نامهەوێ باسە دووبارە بکەمەوە و باسی کەمووکوڕیەکان بکەم کە رەخنەی جیدییان لەسەر و هەر وەک نموونە هەڵبژێرانی لە گۆترەی ئەندامانی رێبەری وەک بیدعەتێک دەزانم و لەڕاستیدا پێموایە کە دەکرێ وەک پێشێلکردنی ئەساسنامەش سەیری بکرێ. بەڵام ئایا کۆنگرە هەر ئەوکارە ناپەسەندانەی کردووە ئیتر هیچی دیکەی تازەی پێنەبووە و هیچ خاڵێکی وەرچەرخان و گۆڕان بەرەو پێشی لێ بەدەدی ناکرێ.

ئالێرەدایە کە ئینساف و داد لە نوسینی کەم کەس دادەبینرێ، خۆ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بابەتێکی وەک کۆنگرە هەر تەوس وپلار تێگرتن نییە بەبۆنەی هەڵەیەکی کۆنگرەو ورێبەری ئەو حیزبە. خۆ ئەوە ناچێتە خانەی شرۆڤە و لێکدانەوە مەگەر هەر لە لای کورد و لای ڕەخنەگری کورد ئەوو حیسابەی بۆ بکرێ. کۆنگرە جگە لە بڕیار وپەسەند کردنی هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە دەگەڵ هاوڕێیانی حدکا کە بڕیارێکی یەکجار دڵخۆشکەرە و لە هەست بەمەسئولیەت لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێ سێ خاڵی دیکەی پەسەند کرد کە لانی کەم دوانیان تازەن و گرینگن.

١- ئازادی بیرورا لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا تا پێکهێنانی فراکسیون.
٢- چالاککردنەوەی هێزی پێشمەرگە و کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات
٣- گەلی کورد مافی خۆیەتی کە داوای رێفراندۆم بکات و شێوەی ژیانی خۆی دەستنیشان بکات.

ئەو سێ خاڵە بەلای منەوە و بۆ ئەوەی شۆرشی رۆژهەلات وەجووڵە کەوێ و بۆ ئەوەی بیرێکی تازە و خوێنێکی تازەبڕژێتە ناو دەمارەکانی نەوەی نوێ یەک لە یەکێ ئەرینیتر و بەجێترن. بۆ کەس باس لە چالاکردن و وەگەڕخستنی ئەو سێ خاڵە ناکات، بۆ ڕەخنەگران نالێن حدک ئیدەیەکی تازەی هێناوەتە ئاراوە وبا پشتی بگرین وێرای بوونی رەخنەکان و لەجێی خودا بوونی رەخنەی رەخنەگران.

لێرەوە ئەرکی سەرشانی هەر ئەندامێکی حدک قورستر دەبێ، شانەخاڵی کردن لەژێرباری بەرپرسایەتی و دەرچوون لە بازنەی حیزبی هەڵاتنە لەتەوژمی خەباتێکی نوێ کە دەکرێ هەرچی زووتر وەگەڕ بخرێ. ئەندامانی رێبەرایەتی و لەسەرووی هەمووان کاک خالیدی عەزیزی بەرپرسە بەرامبەر بەجێبەجێکردنی ئەو بڕیاراتە، ئەندامانی رێبەری قەرزاداری دەنگدەرانی خۆیانن بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو سێ خاڵە. ئەندامانی کۆنگرە قەرزداری ئەو کەسانەن کە وەک نوێنەر ئەوانیان ناردۆتەوە کۆنگرە. ئەندام ولایەنگری حدک دەبێ جێبەجێکردنی ئەو سێ خاڵە و خاڵی یەکگرتنەوەش دەگەڵ برایانی حدکا بکەنە بەرنامەی هەنووکەیی ولەئێستارا کاری بۆ بکەن.

رۆژهەڵاتی کوردستان بمان هەوێ و نەمان هەوێ تەنیا بەقرمەی پێشمەرگە و بە یەکگرتوویی هێزەسیاسیەکان زیندوو

دەبێتەوە و رووحێکی تازەی بەبەر دا دەکرێ. لە باسی ڕێفراندۆمدا ، ئەو پرسە پێویستییەکی بەرچاوە و دەبێ حدک بە بەرنامە و سیستەماتیک بۆئەو باسە بچێ. خەڵک ولاوانی کوردستان هەر لە ئێستاوە بەبیری سەربەستی پەروەردە بکات وسەرەتای ئەم باوەڕە دەبێ هەرچی زووتر لە کوردکانالّ دەنگ ورەنگی حدک بە گوێ هەموو خەڵکی کوردستان بگات ئەگەرنا ئەو باسە لە چوارچێوەی تەبلیغات تێناپەڕی و حدک لەو بارە دەبێ باجی ئەو دروشمە بدات.

ئەندامان ولایەنگرانی حدک لەجیاتی خۆیان بە پرسە لاوەکیەکان خەریک کەن دەبێ قۆڵی لێهەڵکەن و ئەو چەند خاڵە زەقە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. دیارە لە سەر یەکگرتنەوە و مکانیسمەکانی ئەو یەکگرتنەویە قسە زۆرە بەلاّم بەدڵنیاییەوە هیچ لایەک نابێ کیسە بۆ ئەوە هەڵدروون کە لایەک دەڕۆخێ وناچار دەچتەوە باوەشی ئەویدیکە! ئەو باوەرە و ئەو شێوە بیرکردنەوەیە دەبێ بۆ هەمیشە لای هەم ئەندام و بەدەنە و هەم سەرکردایەتی هەردووک لا لەگۆڕبنرێ.

٢٦ی جانێوێری ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

## تاڵە ژین - مامەکەریم و خاڵە محەمەد

مەرگی کەریم بەفراو و ئاوڕدانەوە لە مێژوویەکی ونبوو

کەریم بەفراو و وەستا محەممەدی نەجاڕ

من وردە وردە تەمەنم بەرەو سەر هەڵدەکشێ و سەرەتای بەهاری ئەمساڵ پێ دەنێمە ٦٠ ساڵییەوە و ئەگەر هەر لەسەر وەعدی خۆم بمێنم کە هیوادارم وا بێ، ئیتر شەرتی چالاکیی سیاسیم بە چەشنی پێشوو دەپەڕێ....

من وا داڕێژراوم و خەسلەت و مۆراڵم ئاوهایە کە زۆر جاران ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەمەوە و ژیان و بەسەرهاتی خۆم ودۆست و ناسیاو و کەسانی دیکەش، وەک پەردەیەکی بچووکی سینەمایی، بە بەرچاوم دا و بە ئارامی تێدەپەڕن. جار جارە، بەر لە خەوتن، بە بیرکردنەوە لە ڕۆژانی ڕابردوو و زیندووکردنەوەی خاتیرەی دۆستان و هاوڕێیان، بەتایبەتی ئەوانەی لە ناومان دا نەماون، بە چاوی تەڕەوە خەو دەمباتەوە.

کۆچی کەریم بەفراو چەندین قارەمان و چەندین پێشمەرگە و سەربازی ونی کوردانی وەبیر هێنامەوە کە دڵنیام لە هەموو شار و بازێڕان نموونەیان یەکجار زۆرە. نازانم چ ساڵێک بوو، بەڵام دەزانم بەر لەوەی بچم بۆ تاران، واتە ساڵی ١٣٥٣(١٩٧٥)، زۆر جاران سەری ماڵە خاڵم، لە کووچەی دامپزیشکی، دەدا. یەکەم جار وشەی "گازەرد"م لە خاڵم بیست. گازەرد لای سیاسییەکانی ئەوکاتی بە پاشای ئێران دەکوترا، کەسم نەدیت هێندەی خاڵم ڕقی لە شا بێ، ڕۆژ نەبوو دە جاران نێوی بە خەراپە نەبا و پلارێکی تێنەگرێ.

خاڵە محەممەد، یان وەستا محەمەد، لە گرتن و ڕەپێچەکدانی ئەندامانی حیزب، لە ٤٦ و ٤٧ دا، وێڕای مامە محەممەدم کە بە مامە کەیخودا ناسرابوو، گیرا و دەگەڵ پۆلێک خەڵکی دیکە ڕەوانەی زیندانی دەریا کران. کەریم بەفراو و بابم و زۆری دیکەش کە من چاکم لە بیرە زۆر جاران لە ماڵە ئێمە کۆ دەبوونەوە و باسی کوردایەتی و پێشمەرگەیان دەکرد، لەو بگیر وببەندە دەرباز ببوون، بەڵام زۆر ڕۆژان بانگیان دەکردن و پرس و جۆیان لێدەکردن. قەت دەیمەنی ئەو کاتانەی کە دەگەڵ بابم دەچووم بۆ زیندانی دەریا لەبیر ناچێ، ئەمن ئێستاس نازانم چۆن بوو بابم زۆر جاران ئەمنی دەگەڵ خۆی دەبرد و لە پشت دیوارە شووسەکەی زیندانی دەریاوە چاوم بە مامم دەکەوت و بەتەلەیفوونێک کە لەوبەرەوبەری دیوارە شووشەییەکە بوون قسەمان دەکرد.

باش لە بیرمە ئەو کاتانە کە مێرمنداڵێکی قۆشمە بووم، لە قوتابخانەی خەیام دەمخوێند؛ ڕۆژێکیان کاتێ چوومەوە ماڵێ، لە بەر دەرکی ماڵێ پۆلیس و مەئموور ڕاوەستابوون. یەکێک کە جل و بەرگی مەدەنی لەبەر بوو، لە بەر دەرگا پێشی پێگرتم و گوتی ناهێڵم بڕۆیە ژوور! منیش کە ئاگام لە هیچ نەبوو، کوتم بۆ؟ ئێرە ماڵە خۆمانە. کوتی دەزانم، بەڵام ئەگەر پێم بڵێی ئەوشۆ کێ لێرە بووە و دوایەش تفەنگەکەی بابتم پێشان بدەی، ڕێگات دەدەم بچیە ژوورێ. دەسبەجێ وەبیرم هاتەوە، شەوێ مامە کەریم بەفراویش لە ماڵە مە بوو و پێشمەرگەیەکیش کە وابزانم هەر خزمەکەی خۆمان بوو، لە ماڵی ئێمە بوو و نیوەشەوێ بە سەربانی جیرانەکەماندا و بۆ لای تەپەچکۆڵە کە من زۆر جاران هەر بەوێدا دەچووم بۆ میشێن، جگێن و ئەسکەملە، لێیدا ڕۆیی. بەیانی، پێش ئەوەی بچمە مەدرەسە، بابم هات و قامکی لەسەر هەردووک لێوەکانی ڕاگرت و کوتی هیچت نەدیوە.

کە کابرای مەئموور کوتی تفەنگەکەی بابتم پێشان نەدەی و پێم نەڵێی شەوێ کێ لێرە بووە، ئەوانەم هەموو دە چرکەیەکدا بە مێشکی دا هاتن و چاوە شینەکانی بابم و برۆ تێکبەزیوەکانی لە بەر چاوم قوت بوونەوە: "چت نەدیوە"! بە مەئموورەکەم کوت وەرە با تفەنگەکەی بابمت پێشان بدەم. نازانم چۆن بوو، وەک قوماری منداڵانم هاتە بەر چاو؛ بردمە متبەق، کۆڵەوەژێک لەوێ بوو، کۆڵەوەژەم دەست دایە و کوتم ئەوە تفەنگی بابم! ئەویش بە هەموو دەمای خۆی زلـەیەکی لێدام کە تا ماوەیەک جێگا قامکەکانی لەسەر ڕوومەتم دیار بوون. ئەوە هەر تۆزقاڵێک لە هەوا و فەزای بنەماڵەی ئێمە بوو کە دڵنیام بە دەیان بنەماڵەی لە ئێمەش کوردتر لەو ساڵە و لە ساڵەکانی دیکەشدا لە کوردستان هەبوون و ئێستاش هەن.

زەمانی بە سەر دا هات و مامە کەریم و خاڵە محەممەدم هەر یەکە و بە لایەکدا کەوتن. خاڵم، دوای تێشکانی شۆڕشی ١٩٧٥، لە بارزانی هەڵگەڕاوە و بوو بە لایەنگری یەکیەتی؛ مامە کەریمیش، بە ڕاستی نازانم بوو بە لایەنگری پارتی، یان هەر لە ڕقی یەکیەتی دەگەڵ خاڵم هەمیشە دەمەقاڵەیان بوو. ئەو جووتە کە لە ساڵانی ٤٦ و٤٧ دا چالاکترین کەسانی دێمۆکرات بوون و وەک بۆخۆیان دەیانگێڕاوە هەرچی خۆیان پەیدایان دەکرد و بە سواڵ لە خەڵکیش کۆیان دەکردەوە، بۆیان دەناردن. ئێستا هەر کەسە و کەوتبووە لایەکی. هەر بۆیە هەمیشە دەمەقالەیان بوو. زۆر جاران لێک هەڵدەبەزینەوەو یەکجار زۆر توند لەبەریەک ڕادەچوون. ئەوەندەی من لە هەردووکیانم هەڵکڕاندبێ، هیچیان لە کەسیان قەبووڵ نەدەکرد. لە بەرامبەر هەرکەس و هەر باوەڕێکدا با، ئەوان داکۆکییان لە ئیدەی خۆیان دەکرد و بە گژ ئەویدیکەدا دەهاتن.

ڕۆژێکیان کە خۆشم لەوێ بووم، دیسان لێیان بوو بە قڕە و مامە کەریم کوتی برایم با بڕۆین. منیش دەچوومەوە دووکانێ، دەگەڵی وەدەر کەوتم. مامە کەریم کە پێشتر بەننا و میعمارێکی کارامە و چازان بوو، ماوەیەک بوو کاری نەدەکرد و ڕۆژانە بەیانان لە دووکانی خاڵم و لای نیوەڕۆیانیش لە دووکانی بابم، وێڕای میرزا ئەحمەدی دادگا، فەقێ(بابی شەهید هەژار،

فەرماندەی هێزی پێشەوای دێمۆکرات)، سەقەفی و جار جارەش سەعیدی مفتی کۆ دەبوونەوە. لە ڕێگا دا مامە کەریم کوتی برایم ماڵت بە قوری نەگیرێ بۆ خاڵی هەتە، ماڵتە کەسی لێ خێلەسەرتر و کەسی لێ کەلەڕەقتر نییە، بەلام خولا هەڵناگرێ کەسیشی لێ کوردتر و کەسیشی لێ ئازاتر نییە.

جارێکیان دیسان لێیان دەبێ بە قڕە. خاڵم ئەو جار توورە دەبێ و دەڵێ هەستە بڕۆ، منیش دووکانێ دادەخەم. وا بزانم مامە کەریم دەڵێ نارۆم! دەرم دەکەی؟ خاڵیشم بە ئەسپایی دێتە دەرێ و دەرکەی دووکانێ قفڵ دەکا و دەڕوا. هێندێک دەڕوا، لە دەوری مەلا جامی تووشی کاک حوسێنی بەکتەری دەبێ؛ بانگی دەکا و دەڵێ وەرە ئەو کلیلانە بگرە و بچۆ دەرکەی دووکانێ بکەوە با کەریم بێتە دەر. بەڵێ، ئەوان دوانەی تەبا و ناتەبا بوون. وێڕای جیاوازیی بیرکردنەوە، قەت بێ یەکیش هەڵیاننەدەکرد و ڕۆژێک مامە کەریم نەچووبا دووکانی خاڵم، ئەویش پێی وابوو شتێکی لێ ون بووە.

ئێستا کە بیر لە وان و لە خۆمان دەکەمەوە، ئەوان لە کوێ و ئێمە لە کوێ!؟ ئەوان بێسەواد و ئێمە هەموو سەواددار، سیاسی، ڕۆشنبیر، ڕۆژنامەنووس و...، کەچی هیچمان تەحەمولی هیچ کەسمان نییە، سەرکردەکان لە خەڵکە عادی و ئاساییەکە خەراپتر و خەڵکەکە لە وان خەراپتر. هەرچی لە پەرتەوازەیی، ئینشیعاب، جودابوونەوە و وێرانبوونی ناو ماڵی کورد دەیبینن، هەمووی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەمە کە یەکتری تەحەموول ناکەین. جیاوازیی بیرکردنەوە لە کەس ناسەلمێنین. لە حاڵێکدا ئەو دووە و هەزاران دووی بێسەوادی دیکە، لە ڕابردوودا، برایانە ژیاون و ئامانجی سەرەکییان کە کوردایەتی و دژایەتیی دەگەڵ نەیاران بووە، قەت فیدای حیزببازی و گرووپبازی و خۆخۆری نەکردووە.

**یادی هەموو ئەو تێکۆشەر و پێشمەرگە و سەربازە ونانەی کوردستان لە دڵدا زیندووە.**

**ڕەوانیان شاد.**

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧

## ٢٠١٧ مان زۆر خەراپ بەڕێ کرد چۆن بەرەو ٢٠١٨ دەچین؟

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بڕوانینە ئەم چەند ساڵەی دوایی سەرەڕای هاتنە ئارای دەرفەت و هەلی لەبار بۆ سەرکەوتنی گەورە بەڵام کورد لە هیچ یەک لە پارچەکان لەو دەرفەتە زێڕینانە کەڵکی وەرنەگرت، لە باکوور لە خەباتێکی گەرموگوڕی پارلەمانی و شارەوە بەرەو هەڵوەشانەوەی هێز و گوروتینی خەباتی مەدەنی و لووتکە و چڵە پۆپەی ئەو خەباتە واتە خەباتی پارلەمانی هەنگاوی ناو و تا ئەو جیگایەی ئیتر جار و بارە نەبێ کورد لە پارلەمان ئەویش تاک و تەرا دەنگی نابیسرێ. بێگومان هەموو ئەو نشستیانە خەتای داگیرکەران نیە و کورد و سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باکوور لەو شکستەدا پشکی شێری بەردەکەوێ. ڕەنگە هەر بۆ تۆڵەکردنەوە و قەرەبوو کردنەوەی ئەو شکستە بێ کە دوێنێ و پێرێ پ ک ک لەبناری قەندیل وبۆئەو گوندانەی لە باشوور ولەژێر دەسەڵاتی ئەودان "خۆ بەڕێوەبەری دێمۆکڕاتیک" ی ڕاگەیاند!

لەڕۆژئاوا سەرەڕای ئەوەی کە کورد لە ناو هێزێکی چەپی عەرەبی کوردیدا تا ئێرە وەک هێز و توانای چەکداری بە تایبەتی لە لایەن ڕۆژئاوا و لە سەرووی هەموشیانەوە ئەمریکا بۆ شەڕ دژی داعش حیسابی تایبەتی بۆ کراوە و بە هێند گیراوە بەڵام وەک سیاسەت و دەسکەوتی سیاسی دانپێدانراو لە هیچ لایەنێکەوە تەنانەت خودی ئەمریکاش تا ئەم چرکە ساتە هیچی دیار نیە، ئەگەرچی ڕۆژئاواو هێزە سیاسییەکەی لانی کەم تا ئێرە وەک تەشکیلاتێکی یەکدەست وباوەڕ بە خۆ قسەی یەکەمی ئەو دەڤەرە دەکات.

لە باشوور کورد تا ڕۆژی ٢٥ - ٩ - ٢٠١٧ و ڕۆژی ڕێفراندۆم سەرەڕای هەموو کەموکورییەک و ئاستەنگێیکی ناوخۆ و دەرەکی هەر بەرەو هەڵکشان و نزیکبوونەوە لە ئامانجەکانی دەچوو، ڕێفراندۆم چڵەپۆپەی ئەو دەسکەوت و سەرکەوتنە بوو کە لانی کەم بۆ هەمیشە و وەک بەڵگەیەکی مێژوویی و لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا ناوچە دابڕێنراوەکانی بە کەرکووکی دڵی کوردستانیشیەوە گەڕاندەوە سەر هەرێمی کوردستان، کەرکووکێک کە بێ ئەو کورد هەرگیز لە باشوور ناتوانێ بە ئامانجی سەربەخۆیی بگات.

بەداخەوە کەرکووک بە هۆی خەیانەتێکی بەشێک لەسەرکردایەتی یەکێتی و بە تایبەتی بنەماڵەی تاڵەبانی تەسلیم بە حکوومەتی عێراق و حەشدی شەعبی سەر بە ئێران کرا و بەو خەیانەتش کورد لە چڵەپۆپەی ئاوات و ئارەزووەکانیڕا هاتەوە بەر پێیان!

ئەگەرچی ئەو خەیانەتە پێش زەمینەیەکی دیاری هەبوو، یەکێتی و گۆڕان وکۆمەڵ لەکاتی دەنگو باسی ڕێفراندۆمیشدا هەر دژبوون، هەرگیز دانی بەخێریان بە ڕێفراندۆمدا نەهێنا، بگەڕێن بە ناو سایتەکانیاندا تەنانەت یەکبابەت لە هیچ دەسگایەکی ڕاگەیاندنی یەکێتی و گۆڕان وکۆمەڵدا نابینی مەگەر بە دژایەتی ڕێفراندۆم بووبێ. ئەوان و سەرکردەکانیان تەنانەت ڕۆژی هەڵبژاردنیش تەنیا بۆ تەبلیغات و بۆدوڕوویی سیاسیی قامکی شین کراویان دەخستە بەر چاوی کامێراکان کە نەکا ئەوە گرتی و کورد بە سەربەخۆیی گەیشت با سبەی نەڵێن دەگەڵ نەبوون! ئیتر دوای خەیانەتی بنەماڵەی تاڵەبانی و شێخ جەنگی دیتمان چون وەک ماری سڕبوو وگەرموونەوەو وەخەبەر هاتن وبەهەمووجۆرێک دەستیانە دوژمنایەتی حکوومەتی هەرێم کرد و ویستیان ئەوەی هەیە وەک دەسەڵتێکی خۆجێی کوردی بە بای بدەن و هیچ ئاسەوارێکی لێ نەهێڵن. شەڕی باشوور و تەنانەت خۆپێشاندانی خەلکیش ئەگەر بەشێکی بە دژی گەندەڵی و دزی و فزییە کە هەیە و هاشای لێنەکارێ و ئەگەر بەشێکی بە هۆی نەبوونی مووچەیە. بەڵام بەشی هەرە زۆری تەسفیە حیسابی حیزبییە،ڕقوکینە هەڵشتنە، مرۆڤ بەشێکلەویدۆکان دەبینێ شیرم لە کوردبوونی خۆشی دەکات! گۆڕانوعەلی باپیر و لاهووریش زۆر چاک دەزانن کەکێشەی مووچە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر ناکرێ نە بەم حکوومەتەونە بە ئەوانی دوای ئەمەش بە شەرتێک حکوومەتی هەرێم هەر لەو وەزعەدا بمێنێتەوە نەک حکوومەت، کورد لە باشوور مەگەر نەفتی کەرکووکی دەبەر دەستی دابێ دەنا دەسەڵات بە پارتی بێ یان بە یەکێتی یان بە گرووپی خەیانەتی نیشتمانی تازە بە غدا شێت نەبووە بوودجەیان بۆ بنێرێ مەگەر چۆن عەبای عەڕەبیان کردە شانی لاهوور شێخ جەنگی ئاواش فکرەی عەڕەب وبە عەڕەب بوون بخزێتە ناو مێشکی کوردەوە کە تا هەتایە واز لە کوردبوونبێنێ کە ئەلهەق گۆڕان و کۆمەڵ و لاهوورشێخ جەنگی و باڵی خەیانەتکاری ناو یەکێتی خەریکن بە ئاشکرا جێبەجێی دەکەن دەنا بەغدا مووچە نانێرێ و حکوومەتی هەرێمیش پێی جێبەجێ نابێ.

بەڵێ کورد لەباشوور وەکووکورد کاتێ زیندوو دەبێتەوە کە عەقڵیەتی حیزبی وەلابنرێ و خۆشەویستی نیشتمانی جێگای بگرێتەوە. لەجیاتی تەسفیە حیسابی حیزبی وگرووهی وەک شۆڕش حاجی لە بزووتنەوەی گۆڕان دوای مەرگی نەوشیرەوان مستەفا ئەو ڕستەیەی درکاندوگوتی" بە هەمان نەفەسی کاک نەوشیرەوان سیاسەت دەکەین" کە جوان لەبیرمەبێ موناسەبە وبێ جێش ئەو قسەیەی کرد مانای ئەوە بوو کە دژایەتی ودوژمنایەتی پارتی یەکەم ئامانجی بزووتنەوە دەمێنێتەوە و ئەوەش وەک نەفەسی کاک نەوشیرەوان وئاوات و ئارەزووی چەندین ساڵەی نەوشیرەوان مستەفا لە ناو بزوتنەوە مەدەنیەکەیە کە ئیتر ئیستا ڕۆژ بە ڕۆژ شەڕانگێزی و دوژمنایەتی بیری سەربەستی نیشتمانی ئەو بزووتنەوەیە بۆهەموو خەڵک روونتر وئاشکراتر دەبێ.

کورد لە باشوور لەوگێژاوەی خەیانەت بە خۆکردن و هەموو شت فیدای نەفەسی فلانەکەس کردنە تۆڵەکردنەوەیە نەجاتی نابێ تا سەرکردە خائینەکان واز لە دوژمنایەتی یەکتری نەهێنن و لەجیاتی بیری پاکتاوکردن و کردنە قوربانی گەنج ولاوی کورد بۆ مەرامی حیزبی و ڕێکخراوەیی بیر لەنیشتمان ورزگاری خاک و وڵات لەژێردەستەیی و بنیات نانەوەی کوردستانێکی باشتر نەکەنەوە، هەرگیز حاڵیان لەمە باشتر نابێ. ئێستا زیاتر لەدوو مانگە نەوتی کەرکووک بە دەستی حکوومەتی داگیرکەری بەغداوە تالان دەکرێ و دەبردرێ ودەفرۆشرێ دەی با یەک لەو حیزبە کوردیە شۆڕشگێڕانە ئەگەر درۆ ناکەن هەمان پرسیار ئاراستەی حکوومەتی عێراق بکەن و بپرسن ئەرێ پارەی نەوتی کەرکووک کەملکی کوردە بۆ کوێ دەچێ؟ ئەی بۆ بەشێکی ناگەڕیننەوە بۆ ئەو خەڵکە بێمووچەیە و بەشە هەرەزۆرەکەی با عەرەب بیخوا؟! ئەی بۆ کاک عەلی حەمەساڵە چۆرتەکەی لە پێش خۆیدا نانێ وپارەی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک کە لانی کەم ئەگەرکاتی خۆی بەشێکی دەدزرا بەشەکەی دیکەی دەگەینرایە هاووڵاتیان حیساب ناکات!!

لە کوردستان بە تایبەتی و بە زەقی لەباشوور سیاسەتی حیزبەکان لەسەر بنەمای قازانج وزەرەر بە یەکتری گەیاندن دادەڕێژرێ، گۆڕان و کۆمەڵ و بەشێک لەسەرکردایەتی خەیانەتکاری یەکێتی نیشتمانی بۆیە کوردستانیان تەسلیمی حکوومەتی داگیرکەری بەغدا کرد چون پێیان وابوو ئەگەر سەربەخۆیی بەدەست بێ ئەوا قازانجە سیاسییەکەی دەچێتە گیرفانی مەسعوود بارزانی و پارتی دێموکراتی کوردستان، ئیتر لێرە دا فرۆشتنی نیشتمان هاسانە مادام زەرەری لایەنی بەرامبەری پترپێوەدیارە، پاشان ئەوان لەوەدڵنیا بوون کۆمەڵگە وێرانەکەی کوردستانیان وا لێکردووە کە سبەی خەڵک چەپڵەیان بۆ لێبدەن و بڵێنن هەقیانبوونیشتمانیان فرۆشت؟! کەم نین ئەو بیرمەندو فەیلەسووف و نووسەر و چالاکە سیاسییەی زیاترین هجوومیان دوای خەیانەت و کوردستان فرۆشیەکەی بنەماڵەی تاڵەبانی بۆسەر بەرەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی خوازان کردوە و هەرگیز خۆیان لەقەرەی خەیانەتی مێژوویی ١٠ - ١٦ - ٢٠١٧ کە لەودا کەرکووک وبەشێکی زۆر لە خاکی کوردستانیان تەسلیم بەداگیر کرد نەدا.

لە ڕۆژهەڵات من دەتوانم هەر ئەوەندەبڵێم چالاکی مەدەنی بەدەر لە دەسەڵاتی حیزب لەبۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا دەگاتە چڵەپۆپە. حیزب و هێزەشۆڕشگێڕەکان لەو کاتانەدا بەیاننامەیان ئاشی پێدەگەڕێ، دیارە دانیشتنەکانیش بۆ تاووتوێکرنی وەزعی جیهان و ناوچەکە هەر بەردەوامە و پرسی لێکنزیکبوونەوەش وەک گوریسی جووی هەر وا کێشێ دێ. ئیتر ئەوە کۆی گشتی ڕووداوەکانی پێش ساڵی ٢٠١٧ و خودی ٢٠١٧بوون لە دید وبۆچوونی من وئێوەش ئازادن لەڕوانگەو بۆچوونەکانتان. کەوایە ئەمە ساڵ و ساڵانی ڕابردووی ئێمەی کورد بوو با بزانین چۆن بەرەو ٢٠١٨ دەچین؟ جا ئەوجار لەبەرە بەری ساڵی تازەدا :

**ساڵی تازەتان پیرۆز بێ**

**٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٧**



سەرچاوە
Serchawe

## سەرکردەکان سەت هەلتان لەدەست دا هەلێک بقۆزنەوە

ئەوەی تازە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەسەر زاری نوێنەری ئەمریکا دیتمان و بیستمان ڕەنگە وەک قسەی ئەمریکا تازە نەبێ بەڵام باسکردنی ئەویش لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مانا و پەیامێکی دیکەی هەیە. خاتوو نیکی هێلی بە نیشاندانی وێنەی مووشەکێکی تەقێندراو بەرەو ڕیازی پێتەختی عەرەبستانی سعودی مەترسیەکانی ئێرانی بە گوێی جیهانیان دادا و کوتی با نەهێلێن کورەی باکوورییەکی دیکەمان بۆ دروست بێ. ئیتر لەوە پەیام ڕوونتر نابێ.

ئەوەی ڕاستی بێ من وای بۆدەچم ئەوجارە ئەمریکا هەندێ وشیارتر بووبێتەوە و بیهەوێ بە جیددی پێش بەو کەڵەگایەی ئێران لە ناوچەکەدا بگرێ، لەولاشەوە ئێران تازە لەسەر زاری فەرماندەی سپای پاسدارانی باس لە قایم کردنی سەنگەرەکانی دەکا لە عێراق و سووریا و لە لوبنان و لە یەمەن و لە غەزە. کەوایە ئێرانیش وا بەهاسانی ئامادە نابێ دەست لەو هەمووە سەرمایەگوزاریە هەڵگرێ کە لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە لەناوچەکدا کردوویەتی. دەی ئەمە یانی تێک هەڵەنگوتنی جیددی و یانی ڕیخسانی هەل و دەرفەتێکی دیکە بۆ کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەلات و پاشانیش لە باشوور. دیارە هاوکار هیوایەکیشە بۆ کوردانی ڕۆژئاوا کە دەگەڵ پیلانگێڕی گەورە بەرەوڕون بەتایبەتی لە لایەن ئێران و تورکیاوە. واتە کزبوونی دەسەڵاتی ئێران ڕاستەوخۆ یارمەتیدانە بە دۆزی کورد لە هەموو پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان.

ڕۆژهەڵات کە بەداخەوە دەگەڵ نەهامەتییەکی سەیر بەرەوڕوو بووە، لە هەموو بەشەکان جیاوازە، ئەگەر ڕووحی کوردبوون و بەرخۆدان لە ناو خەڵک لە کڵپەدایە بەڵام لە ناو هێزە سیاسیەکاندا هێشتا سەرکردەکان لە خەوی غەفڵەتی کێبەرکێی حیزبایەتیدان. لە کەسمان شاراوە نیە کار چ لە باشوور و چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە هەموو جیهان بە هێز دەکرێ، هێزیش تەنیا لە بەردەستی ئەو لایەنانەن کە ڕێکخراویان هەیە، تەشکیلات و حیزبیان هەیە. کەوایە دووبارە چاەڕوانیەکان لە حیزبەسیاسیە کوردستانیەکانە کە لانی کەم بۆ یەک جار دەست لەو حیزب بازیە هەڵگرن و ڕەچاوی بەرژەوەندی کورد وکوردستان بکەن و لەڕۆژهەڵات هەرچی زووتر بەرەیەک پێک بێنن وهێزەکانیان یەک بخەن و هەوڵەکانیان جا هەرچی دەبێ و خۆیان چۆنیان پێ باشە بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئاوڕێکی جیددی لە ڕۆژهەڵاتی بیکەسی ستەملێکراو بدرێتەوە. تاوان و کارەساتە کوردی ڕۆژهەڵات دوای نزیک بە ٤٠ چل ساڵ نەتوانێ بەرەیەکی کوردستانی پێک بێنێ بۆ ئەوەی جارێ ببێ بە نوختە ئومێدێک لە دڵی خەڵکی بەدیلگیراوی ڕۆژهەڵاتدا. دەی هەمووشمان دەزانین ئەوە تاکە ڕێگای بەردەمی ئێمەیەو و لەوە بترازێ کوردی ڕۆژهەڵات هەرچی رووبدا دەستی کە هیچ گیرنابێ و چارەنووسی دەکەوێتە دەستی قەدەر.

کوردی باشوور ئەوەی لە ڕابردووی نەهێندە دوور دا دیتیان دەبێ دەرسی چاکیان لێوەرگرتبێ، ناکرێ دیسانیش پەرەوازەیی وموزایەدی حیزبی خۆ کوتان بەرەو ئەو بەر و ئەم بەر ببێ بە سیاسەتی حیزبی. ئەوان جۆرێک دەوڵەتیان هەیە، نیمچە حکوومەتێکی کوردیان هەیە کە تا ئێستاش زۆربەی وڵاتانی دنیا دانی پێدادەنێن و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان دەگەڵ ئەو حکوومەتە وەک پێش کارەسات و خەیانەتی ١٦ی ئۆکتوبری ڕابردوو وایە. کەوایە پاراستنی ئەو حکوومەتە و چاککردن و بەهێزکردنی و لەهەمووی گرینگتر نەهێشتنی ئەو دوودەسەڵاتە حیزبیە بەسەر دامو دەزگا دەوڵەتیەکان دەبێ لە ئێتستاوە ستارتی جیددی بۆ لێبدرێ. ئەگەرهەرچی زووتر بۆ سیستەمکردنی دەسەڵاتی کوردی وەک حکوومەت و دەوڵەت و بنیاتەکانی دەوڵەت بەدەر لە دەسەڵاتی حیزب هەنگاوی جیدیی بۆ ئەوە نەنێن، ئیتر دەرفەتێکی زێڕینی دیکەش کە ئاسۆی دەرکەوتنی لە ئێستاوە دیارە وک ئەمەی جاری پێشووی لێدێ. سەرکردایەتی سیاسیی پارتی ویەکێتی هەردووک لا بە یەکەوە دەتوانن ئەو قۆناخەی ئێستا و ئەمەی دادێ و یەکجار چارەنووسساز دەبێ بەیەکەوە بە قازانجی کورد بیقۆزنەوە ئەگەر لە ئێستاوە دڵسۆزانی هەردوو لا بەجورئەتەوە هەنگاوی کردەیی بۆ بهاوێژن.

بەڵێ سەرکردە کوردەکان هەموو شت بەئێوە دەکرێ، تا ئێستا سەت هەل و دەرفەتی زێڕینتان بە حیزبایەتی لەدەست داوە، تاقە یەک هەل بقۆزنەوە بۆ ئەوەی کورد بە ئاواتی لە مێژینەی بگات پاشان دەرفەت بۆ حێزب حیزبێن و شەڕی حیزبی و گرووپی زۆرە.

١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## جەنابی شێخ لاهوور ئێوە لەسەودای سیاسەت دا هەر فرۆشتن فێر بوون!

با یەکێتیەکان گوێ لەو قسانەی لاهوور شێخ جەنگی ڕاگرن، با ئەندامان ولایەنگرانی ژێر و نیشتمانپەروەری یەکێتی ورد سەرنجی قسەکانی لاهوور بدەن و بزانن بۆ وا ئاوری گرتووە.

من لام وایە ئەم کاک لاهوورە کوڕە شێخە کە ئێستاش لایەک لە لایەنگرانی بە یاشێخ یاشێخ بانگی دەکەن، یەکەم تازە وەهۆش خۆی هاتۆتەوە کە خەیانەتەکەی هێندە زەق و حەیاتکاوانەیە ئیتر دوچاری هیستریا وجۆرێکی شێتی کردووە، ئەو هیستریایەی کە زەرەری گەورەتری بەدواوەیە ئەگەر کەسێک هەسی نەداتەوە، هەموو دەزانین تازە خەیانەت و نیشتمانفرۆشیەکەی ئەو زاتە ناشەریفە کردوویە بە کەس حاشای لێاکرێ، پەردەپۆش ناکرێ، ئیتر بوو بە مێژووی یەکێتی نیشتمانیش مەگەر یەکێتی خۆی لێ بێبەری بکات بەکردەوە. بۆیە لاهوور دەیهەوێ خەڵکی خۆیان چەواشە بکات، ئاخر باوەڕ ناکەم لە ناو خۆشیان دا کەسی وا هەبێ باوەڕێ پێێ هەبێ مەگەر هەرکەسانی هاوشانی خۆی بن. بۆیەوا بەزەقی هێرش دەکاتە سەر هەموو مێژووی پارتی بە مەلامستەفاشەوە کە مام جەلال خۆی ڕێزی زۆری بۆی هەبوو. ئەو بەو هێرش کردنە هەر ویستوویە شتە ئەسڵیەکە لەخەڵک بشارێتەوە و زەینی خەڵک بەلایەکی دیکە دا بەرێ کە دڵنیای دەکەم بە هیچ جۆرێ بۆی ناکرێ.

دووهەم ئەو زاتە نیشتمانفرۆشە، خاک و کەرکووک فرۆشە، لێکدا لێکدا لە کەسێتی مام جەلال خەرج دەکات ئیتر نازانێ خۆی و پاڤێڵ تاڵەبانی کوڕی مامجەلال چ خەیانەتێکیان بە مامی گەورەیان کردووە و چۆنیان ئەویش لەبەر چاوی خەڵک سووک کردووە. ئەو کاک لاهوورە کەهەموو شتێک دەکاتە فیدای خۆی و تێنەگەیشتنەکەی خۆی دوای ئەو کارەساتەش لێکدا لێکدا لەو شارلاتانیزمە تازەیەیدا باس لە مامی گەورەی دەکات و سووریش دەزانێ تا ئەو پێی هەڵێ و ئەو خۆی پێوە ڕابنێ ئەو مامەی کە هەرگیز خەیانەتی لەو چەشنەی ڕەنگە بەخەیاڵێشدا نەهاتبێ ئەوەندەی دیکەلە بەرچاوی خەڵک دەخا. دەنا کەس نیە بڵێ باشە تۆ کاری خۆت کردووە ئەو مامی گەورە مامی گەورەیەت لە چییە ئەنەما جەنابت نوێنەری ڕاستەقینەی بیر و هزری مام جەلالی ئاخر تۆزێ وێژدانت بێ ئەو ئینسانە تۆزە حورمەتێکی هەیە لای خەڵک ئەویشی لێ مەستێنەوە.

سێهەم دیسان داوا دەکەم هەر یەکێتیەکان ئەو لێدوانەی سەرکردە باڵادەستەکەی یەکێتی وفەرماندەی نیشتمانفرۆشان و کەرکووک وخاک فرۆشان بە وردی گوێ بدەنێ و دەگەڵ قسە وهاااتەران پاتەرانی شەقاوەیەکی سەرشەقام، چەقۆکێشێکی

بەغدایی، لات و لاووتێکی خۆماڵی بەراوردی بکەن ویژدانەن تەفاوەتێکی تێدا دەبینن؟ ئاخر بۆ دەبێ کەس نەبێ بڵێ ئەرێ خائین ونیشتمانفرۆش تۆ کە گومانت نەبێ لە ئایندە دا دەبێ لەبەردەم دادگای گەل دا بە تاوانی خەیانەت محاکەمە بکرێی و بە سزای خۆت بگەی ئەو هاشوو هووشەت لەچییە و بۆ خەریکی دووبارە بڕێنێکی قووڵترلەمەی پێشوو لەجەستەی ئەو نیشتمانە و ئەو خەڵکە هەژار و بێدەرەتانە بکەی.

چوارەم یەکێک پێی بڵێ لەو دروشمانە گەرێ "کە ئەگەر حکوومەتی بەغدا بەڵێنەکانی نەباتە سەر هەموو خاکی کوردستان ڕزگار دەکاتەوە" پێی بڵێین کە نەتەنیا هەموو کوردستانت پێ ڕزگار ناکرێ بەڵکوو پیاوی ئەوە نی یەک سەعات لەبەرەی شەڕ دابی بۆ ڕگاری خاک ونیشتمان، ئاخر خۆ جەنابت لەشکرەکەت زۆر لە هی مەلامستەفا کۆکتر و پۆشتەتر و زیاتریش بوو کەوا بە بێڕێزی باسیت دەکرد، ئەی چۆن لە جیاتی تاقە تفەنگێ بتەقێنی خەیانەتت کرد و سەنەگەرەکانت بە پێشمەرگە چۆل کرد وبووی بە کەوا سووری بەرلەشکری حەشدی شەعبی و کەرکووکی دڵی کوردستانت تەسلیم کردن؟ نانا جەنابی شێخ جەنابت بەهەڵەداچووی چون لە سەودای سیاسەت دا جگە فرۆشتن چیتر فێر نەبووی.

١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---



سەرچاوە
Serchawe

## هەوڵی بێئاکام

بزووتنەوی ڕزگاری خوازی کورد لە سەت ساڵی ڕابردوو دا ئەگەرچی لە ڕۆژهەلات کۆماری کوردستان و لە باشوور حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرخستنی ڕێفراندۆمی وەک گەورەترین دەسکەوتی مێژوویی لە کارنامەی خۆیدا هەڵگرتووە کە ئەوانیش هیچیان لە قەدەر ئەو خوێنە نین کە کورد بە درێژایی مێژوو بۆ ئازادی داویەتی، بەڵام هێشتا بە ئاکام و ئامانجی خۆی نەگەیشتووە.

لەهەرچی نشست و شکستی کوردە جگە لە پیلانگێڕی داگیرکەران کە دەوری بەرچاوی هەبووە خەیانەت و نیشتمانفرۆشی دەوری گەریگەرتری هەبووە، خەیانەت لە پاناتاییەکی بەرینی وەک ئەمەی لە ١٦ی ئوکتوبرو لە فرۆشتتنی کەرکووک و سەنگەرەکانی بەرگری لە لایەن یەکێتی نیشتمانییەوە کرا هەر بە قسە خۆشە، ئەوە جگە لە هەڵوەشاندنی ڕیزەکانی سوپا وپێشمەرگەی کوردستان ناهومێدییەکی زۆریش بەسەر خەڵک دا دەبەشێتەوە و ورەی خەڵک و پێشمەرگە بە جارێ دادەڕووخێنێ، لاوان لە هەستی کوردبوون سارد دەکاتەوە. تۆ بڵێی ئەوان لەخۆیان نەپرسن دەی خۆ کردنە قوربانی لە پای چی؟ بوون بە پێشمەرگە و لە ژێردەستی داگیرکەران دا ژیان خستنە مەترسیەوە بۆ؟ کاتێ ئەوە ئاکامی شۆڕش و خەباتی حیزبەکانی کوردستانە!

بەداخەوە حیزبایەتی لەکوردستان بە هیچ جۆرێ ئەوەی پێێدەکوترێ ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەورەترەوانیە، حیزبایەتی لە کوردستان هەموو شتێکە، خۆزگەو خۆلیای تاکە کەسییە بۆ چەسپاندنی بیری تاک و داڕووخانی بەرامبەر، ئەوە لە هەموو حیزبەکاندا بە ئاشکرا هەم لە ناوخۆیاندا و هەمیش لەدەرەوەی خۆیاندا دەبینرێ. ئاکامی ئەو جۆرە حیزبایەتیەش تا ئێرە بۆ هەموو لایەک ڕوونە، پرش وبڵاوی ناوماڵی کورد و هەرکەسە و سەر بەلایەک و هەر کەسەو لە هەوایەک.

لە تازەترین هەوڵ دا حدک و لاوانی حدک بە دانانی بەرنامەیەک بە ناوی "پلاتفۆرمی ویران" کە مرۆڤ لە یەکەم هەنگاویان دا نازانی بە کام مانا وەری گرێ، ئایا بە مانای ئازایەتی یان بەمانای ڕووخان و وێرانکردن؟ ئاخر ئەوەی من لە یەکەم دیداری دا دیتم هەموو شتێکی تێدا بوو ئازایەتی نەبێ، لە دیداری یەکەم دا گوتنەوە و تیکرارکردنەوەی ئەو بنیشتەخۆشکەیە بە و دروشمە هەڵخەڵەتێنەرەی " ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هۆوویەتی دزراو" دەست پێدەکا و چەندین جار ئەو دەستەوشەیە بێ هیچ سەبەب و هیچ هۆکارێک و دەلیل هێنانەویەک کە ئەو هۆویەتە کێ دزیوویێتی و بۆ دزراوە و چۆن

دزاروە؟ و لەوش گرنگتر چۆن ئەو ملکە دزراوە دەگەڕێنیتەوە بۆ ڕۆژهەلات باسی لێناکرێ؟ لەیەکەم دیدار دا هەموو هەوڵی یەکەم کۆڕ وکۆبوونەوکە ئەمە بوو کە با ڕۆژهەلاتیەکان واز لە باشوور بێنن و بەتایبەتی نەکەونە داوی "شەڕی مێدیایی" مەبەستی کۆڕگێڕ ئەمەیە کە باسی خەیانەتی ١٦ی ئوکتوبر نەکەن! ئەگەرچی پلاتفۆرمی وێران دەبێ روو لە بووژانەوەی ڕۆژهەلات بکا بە بەرنامە و بە پرۆژەیێ دیار بەلام یەکەم دیدار و دانیشتن وکۆڕ زیاتر دژایەتی باشووری پێوەدیار بوو تا پرۆژەو بەرنامە بۆ ڕۆژژهەلات.

بەداخەوە وەک وگوتم سیاسەت لە ناوکورد دا خەریکە دەبێتە قومار، ئەو توێژە فکرییە کە خەریکی خۆسازدانە لە نێو حدک وخەریکە بە پلاتفۆرمێکی بێئاکام و هەوڵێکی لە ئێستاوە دیار و شکستخواردوو خۆ دەکاتە خەتێکی فکری تا ئێستا بە ڕوونی نەیوێراوە بلێ بەتەمای چییە، بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان چ دەوێ و کام متود و شێوازی خەبات پەیرەو دەکات و لەداهاتووی ئێران دا بەتەمای چییە؟ ئەوەی کە گرینگی بدرێ بە خەباتکارانی ناوخۆ و پشتیوانی بکرێ لە چالاکانی ناوخۆ ئەمە نە پرۆژەویە ونە بەرنامە بۆ ساخکردنەوە و بووژانەوەی هۆوییەتی دزراوی ڕۆژهەلات، ئەمە هەموو کەسێکی تۆزێ شارەزای کاروباری سیاسیی بێ دەگەڵی هاوڕایە و هەر وا بیردەکاتەوە. بەلام دیسان پرۆژەو بەرنامەی ڕوونی پلاتفۆرمی وێران دەبوو لەپێشدا دیاربوویا و بەرنامەکەیان خستبایە بەردیدی هەموان بە تایبەتی توێژی لاوان.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئەوەی هویەتی دزاروە پێموایە کەسانی ناوحیزبەکانن کە بەڕاستی سەریان لەخۆشیان ولە خەڵکیش شێواندووە دەنا خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک سەرتۆپی بیری کوردایەتی هۆوویەتێکی دیار و روونی هەیە ، مەگەر چاوی هەندێ کەس بەرایی دیتنی ڕژانە سەرشەقامی خەڵکی شارەکانی کوردستانی نەبێ کە چۆن لەهەڕەشەو گورەشەی ڕێژیمی فاشیستی نەترسان و بە ئالای کوردستانەوە بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان ڕژانە سەر شەقام، مەگەر چاویان بەرایی دیتنی خەڵکی ڕۆژهەلاتی نەبێ کە چۆن یەک دەست ویەک هەڵویست لە ئاست بوومەلەرزە لێدراوان دەستیان ڕەماڵی خۆیان خست ونانی سەرسفرەیان دەگەڵ لەتکردن و بە هانای خوشکو برای خۆیانەوە چوون لە کرمانشان. نەکا ئەوەش بقوازنەوە بیکەن بە ملکی حیزبایەتی و بلێین ئەمانەش بە قسەی حیزبەکان هاتنە سەر شەقام و بە قسەی ئەوان هاریکاریی خەلکی کرماشانیان کرد! بەڵێ ئەمیە هۆویەتی دیاری خەڵکی ڕۆژهەلات و بەکەسیش تازە ئەو هوویەتە نە دەگۆڕدرێ ونە بەرەودوا دەگەڕیتەوە.

ئەوەی من باوەڕم پێیەتی وئەوەی من لە ناوخۆی ولات هەستی پێدەکەم ئەمەیە کە ئەگەر توێژی ڕیفۆرمخوازی دیاری ناو کۆمەڵگای لێدەرکەی کە کەمینەیەکی موتڵەقن و من ڕێزی زۆریشم بۆیان هەیە، هیچ کوردێک لەسەرتاسەری کوردستاندا نابینی کە بچووکترین هەستی ئێرانی بوونی لە ناخی دا مابێ، ئەگەرنەو کوردە سالان پێی وابوو ئێرانیەو بەزۆریش بێ تازە بەسەری داسەپاوە و دەبێ وا بمێنێتەوە ئیدی ئێستا بە زۆر هۆکار یەک لەوان ئەنجامی ڕیفراندۆمی باشووری

کوردستان، و خەیانەت لێکردنی وگەلەکۆمەکی ئێران و داگیرکەرانی دیکە بۆ تێکدانی ئەو دەسکەوتە کوردی ڕۆژ هەڵات بەتایبەتی توێژی لاوانی وا لێکرد سەتا ٩٠ بگرە زیاتریش بچووکترین هەستی ئێرانی بوون لە ناخیان دا نەماوە، ئەوان کورد بوون و هەوڵدان بۆ سەربەستی یەکجارەکیان لە ناو ڕەگ و خوێندا لە هەڵپەو هەڵچوون دایە، تازە گەرانەوە بۆ دواوە محاڵە. ئەوان ئیتر جگە لەبیری سەربەخۆیی کوردستان هیچ بیرێک قەناعەتیان پێناهێنێ. ئالێرەدا دیسان دووبارەی دەکەمەوە باسی بیری سەربەخۆییە نەک پرۆژەی سەربەخۆیی، کەوایە ئەگەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی بتوانێ هەڵگری بیری سەربەخۆیی بێ و کاری جیدیی بۆ بکا لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوە ئەوحیزبە دەتوانێ گەنج ولاوی کورد لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. دەتوانێ ئومید ببەخشێتە گەلی کوردستان کە کوردیش وێنەی هەموو گەلانی جیهان دەتوانێ و دەبێ بە مافی خۆی واتە سەربەخۆیی بگات. هەر بەو پێیە هەوڵدان بۆ هەر باوەڕێکی دیکە ئاسنی سارد کوتانە و جگە لە چەند کەسی دەوروبەری خۆ هیچ کەس بە دووعاکەتان نالێ ئامین.

١١ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---

# دەوڵەت بەشەق دروست دەبێ نەک بە دێمۆکڕاسی

ڕەنگە ئێستا دۆستان بڵێن چاو فلان کەسیش بوو بە دیکتاتۆر و دژی دێمۆکراسی، بەڵام نا دۆستان باوەڕ بکەن ژیان تەنیا ئەو ژیانەیە کە لەناو سیستەمێکی دیمۆکڕاتیک دا تێپەڕی دەکەی ئەگەرچی ئەویش گیرو گرفت ودەردەسەری وبێعەداڵەتی خۆی هەیە وکەمیش نییە.
بەڵام بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستەی کۆڵەواری بێ کەسی وەک کورد کە دێمۆکراسیت کردە محەک وپیوانە ئیتر دەبێ خەونی بەدەوڵەت بوون وەلا بنێی. من تا ئێستا نەمبیستووە یەک دەوڵەت بە دێمۆکڕاسی دروست بووبێ، ئەگەر ئێوە پێتان شک دێ نموونەیەکم بۆ بێننەوە، ئەویش لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستداو لە گەڵ دەوڵەت و نەتەوەی وەک تورک وفارس و عەرەبدا.

کورد ئەگەر دەیهەوێ دەوڵەت دروست بکا دەبێ جارێ دەووری پارلەمان و دێمۆکڕاسی و فرە چەشنی خەت لێبدا، ئاخر ئەوە نیە دیتمان گۆران وکۆمەڵ و بەشێک لە یەکیتی نەهاتنە ناوپارڵەمان بۆ ئەوە بڕیاڕی ڕیفراندۆم بۆ بەدەوڵەت بوونی کورد کورتێ بێنێ؟! ئاخر ئەوە نیە ماڵپەڕە ودەفتەرەکەی لە پێتەختی هەرێمی کوردستاندایە وبە نێوی دێمۆکڕاسی ئەوەی دەیڵێ لە خزمەتی حەشدی شەعبی و حکوموەتی عیراق و ستراتیژی ئێراندایە! ئەوەی دەینووسێ دژی بەرژەوەندی کورد وکوردستانە! دەی ئەوە نیە تەلەویزیۆنە و لەوەتا هەیە یە قسەشی بۆ یەکگرتوویی ناوماڵی کورد نەکردووە و بەنێوی دێمۆکراسیش لە هەموو کوردستاندا دەنگ وڕەنگی هەیە!؟
بەڵێ ئەگەر کورد دەیهەوێ ببێ بەدەوڵەت دەبێ ئە وتەلەویزیۆن وئەو ماڵپەڕەی لە خەتی نەتەوەیی ونیشتمانی لادەدا دابخرێن وناوەندەکانیان بکرێن بە تەویلە و ئەسپ و ئێستری چاکیان تێدا پەروەردە بکرێ بۆ ئەوەی بتوانن لە ناوچە شاخاویەکان بار و بارگەی پێشمەرگە بگوێزنەوە ئەو پێشمەرگانەی بۆ ڕزگاری نیشتمان گیان بەخت دەکەن.
ئەوجا دەوڵەتت بۆ دروست دەبێ، جا کە دەوڵەتت دروست کرد ئەوانەی دەوڵەتیان دروست کردووە بیان گرن ولە دادگایەک دا وەک دیکتاتۆر محاکەمەیان بکەن خۆتان دەوڵەتێکی مودێڕنی دیموکڕاتیک یان سۆسیال دێمۆکڕاتیک یان ئیسلامی دروست بکەن.

ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی باشوور ئەو ڕاستیەمان پێدەسەلمێنن کە ئەوەی ئەوان کردیان ڕاست نیە و ئەوەی پ ک ک دەیکا بە شەرتێک، دووبارەی دەکەمەوە بە شەرتێک بۆ کوردستان وبۆ بەدەوڵەت بوون بێ ئەو ڕاستترە.

٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## ئەترسم خەیانەت ببێ بە کولتووری کوردان

هەرگیز لە دوژمن نەترساوم، ئەوەی منی ناسیبێ لە ناوخۆی کوردستان و لە جەنگەی بکوژ و ببڕی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێراندا دەزانێ هەرگیز بۆ یەک دەقیقەش لەبەر بەرەکانی سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە بێدەنگ و بێ هەڵوێست نەبووم، ئەوەی منی ناسیبێ دەزانێ هەرگیز بۆ یەک دەقیقەش لە ئاست ستەم وبێدادیەکانی ئەو سیستەمەو لەئاست فێڵ و تەڵەکەی دوژمنکارانەی کۆڵم نەداوە و وازم لە ڕوونکردنەوەی خەڵک و لاوان و وازم لە لەقاوادانی دڕندەیی ئەو ڕێژیە نەهێناوە و ئەگەرچی ئەو کاری من بە هۆی ئەو هەلوومەرجەی منی تێدابووم یەکجار پڕمەترسیش بووبێ بەڵام وەک ئەرک و وەزیفەی کوردانە و ئینسانی خۆمم زانیوە وئەوەی لەدەستم هاتبێ کردوومە. دیارە هەرچی کردووشمە لە پێشدا بۆ بیروباوەڕەکانی خۆمم کردووە دوایە بۆ مەسەلەی دیکە با منەت نەبێ بەسەر هیچ کەس ولایەنێکدا.

بەڵێ زۆرم کار کردووە و خۆ هەڵکێشانی تێدا نیە و ڕەنگە زۆری لەمن کوردتر وئازاتریش هەبووبن وهەن کە ئێستاش من دەسکیان لە دوو ناکەم بەڵام بەڕاستی ئەوکاتی هەرگیز ترسم لەوە نەبووە بمگرن وبمکوژن ...

ئاخرهەمیشە هیوام وابووە کە بە کوشتنی منیش وەک کوشتنی سەتان وهەزاران کوردی دیکە ئەو ڕەوتە نەوەستاوە و هەر درێژەی هەبووە و هەر درێژەشی دەبێ، دەی کەواتە کورد ڕۆژێ دێ کە بە ئازادی و بەسەرفرازی دەگات. کەوایە هەوڵەکانی من بێهوودە نیە.

تا ١٦ - ٩ هەرگیز نەترساوم، تا ئەوشەوەی دەستێک لە هێزێکی کوردیدا بە ئاشکرا پەلکێشی دوژمنی داگیرکەری کرد و کەرکووکی دڵی کوردستانی پێشکەش کرد و لە حەساسترین ڕۆژەکانی مەسەلەی کورد دا خەون و ئاواتی سەتان ساڵەی کورد بە هۆی ناپاکی بەشێک لە بنەماڵەی تاڵەبانی و بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی لەگۆڕنا و دووچاری شکست بوو. خەیانەتێک کە ئەگەر ڕووی نەدابا و پێشمەرگە بەرخۆدان ومقاوەمەتی کردبا بە دڵنیاییەوە ئێستا دۆزی ڕەوای گەلە ستەمدیدەکەمان لە ئاستێکی دیکە دا دەبوو، کورد لە پرسی بە دەوڵەتبوون و ڕزگاری یەکجارەکی دادەبوو.

بەڵێ تا ١٦ - ٩ هەرگیز نەترساوم، هەرگیز تا ئەوکاتە لەئاست سەرکەوتن بەسەر دوژمن دا دووچاری گومان ودوودڵی نەبووم، بەڵام بەتایبەتی لە ڕۆژانی دوای ئەم خەیانەتە ئاشکرا و گەورەیە دا و دوای ئەوەی هەم بەشێک لەحیزبەکەی خەیانەتکاران دەستی کرد بە پاساو هێنانەوە وهەمیش دوای ئەوەی چاوپۆشی و پەردەپۆشی لەوخەیانەتم لە لایەن بەناو



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆشنبیرە دەروێش مەسلەکەکانی خانەقای ئیدئۆلۆژی و حیزبایەتی - یەم دیت ئیتر نایشارمەوە کە ترسێکی گەورەم ڕێنیشتووە.

دەترسم زۆریش دەترسم لەو دەستە ناپاکەی بە ناوی شرۆڤەکار و بە ناوی ڕووناکبیر و بە ناوی ڕۆژنامەنووس و ... خەریکن خەیانەتی مەزن کەمڕەنگ دەکەنەوە. خەریکن ئۆباڵی شکستەکە کە ئیتر لای هەمووان ئاشکرایە دەخەنە ملی کەسانی دیکەوە و باسی خەیانەت و خەیانەتکران هەر نییە لای ئەوان. ئەو دەستەیە کەم نین و ترسی من ئەوەیە ئیتر لە ناو گەلی تا ئێستا شۆڕشگێر و کۆڵنەدەری کورد دا خەیانەت ببێ بەباو وئاسایی سەیری بکرێ، تەنانەت وەک هەنگاوێکی سیاسیی پێناسەی بۆ بکرێ.

بۆیە دەترسم چون دەزانم ئەو خەیانەتە سبەی ئەگەر لە ڕۆژهەڵات یان لە باکوور یان لە ڕۆژئاوا ڕووی دا دڵنیا بن وەک ئەوانەی باشوور هەزاران کەس ئۆباڵیان بۆ دەکێشێ یان کەسانێک بە نیوی، بیرمەند و مامۆستا و شرۆڤەکاری سیاسیی و ڕۆژنامە نووس وەها خەڵک لە خشتە دەبەن کە ئەسڵی خەیانەتکاریان لەبیر بچێتەوە و خەیانەتمان لێ بکەن بە کولتووری کوردانە.

بەڵێ هاوڕێم بەڵێ دۆستم هەر هەموو تاکێکی کورد لە ئاست ئەو وەزعە و هەو هەلوومەرجە مەترسیدارە بەرپرسیارە، بۆ ئەوەی سەبەی نەبی بە بەشێک لە خەیانەتی داهاتوو لە ئێستاوە لە لەقاودانی خەیانەتکاران سڵ مەکەوە و با نەفەس نزمانی خەیانەت پیشە لە هەر دەستەو گرووپ وحیزبێک بن لەدوارۆژدا جورئەتی هیچ جۆرە خەیانەتێکیان لە گەلی کوردستان نەبێ.

٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## مام جەلالی ئێوە و ئەبووبەکری ئێمە

ئێستا ئەو بەشە لە خەڵک و رووناکبیرە سەقەتبینەکانی باشوور دەبێ بزانن بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لە وان ڕژدتر بووین بۆسەرخستنی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان؟ ئەمن دڵنیام لە ئاست ئەو هەست و ئەو حەرەکەتە ئەو بەناو ڕووناکبیر و قەڵەم بەدەستانە زەلیل و داماون و یەک وشەش شک نابەن تا بیدرکێنن، ئاخر ئەوان راهاتوون تەنیا بە سازی داگیرکەر سەما بکەن و کار بۆ ئەوە بکەن تا کوردستان تەسلیم بە داگیرکەر بکرێ و دوایە ش لێ بێدەنگ بن!

ئایا دەبینن لە ڕۆژهەڵات چ قیامەتێکە؟ دەبینن چ لافاوێکی نیشتمانیە بۆ بە هانا چوونی خەڵکی کرماشان و دەوروبەر، دیوتانە چ پێشوابییەک لە شەهیدێکی رێگای کوردایەتی و مرۆڤایەتی دەکرێ، خۆ کەس لێ نەگێڕاونەوە، خۆ کەس تەبلیغی نەکردووە، هیچ تەلەویزیۆن و رادیو ماڵپەرێک بانگاوازی گردبوونەوەی خەڵکی نەکردووە؟ دیوتانە پێشوازیەکە لە هی مامجەلال زیاترە!

بەڵێ ئەوان لە ژێردەستی داگیرکاریدا هەست بە نەبوون دەکەن و دەیان هەوێ لەهەر ڕووداوێکی کە بۆیان هەڵکەوێ بیسەلمێنن و بڵێین:

کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان.

تێبینی: ڕیزم بۆ ماجەلال هەیە و تەنیا ویستم بیگەیەنم کە هەژارترین کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ ببێتە سەرکردەو ڕابەر و دەتوانێ بێتە سیمبول بۆ یەکگرتووی وڕەمزێک بۆ هەستی نەتەوەیی.

ویدۆکە پێشوازی خەڵکی سنە لە تەرمی ئەبووبەکر مەعرووفی خەڵکی بۆکان

### هەست و ئیحساس، نەتەوە نیشتمان

ئەگەرچی لای هەندێ کەس هەست و ئیحساس زۆر جاران فشەی پێدەکرێ بەڵام سەرچاەی هەموو ئەرک و کارو و کردەوە



سەرچاوە
Serchawe

خۆش و ناخۆشەکان هەست و ئیحساسە. کە تۆ هەستت بەرامبەر بەشتێک نەبزوێ ئیتر بیری لێبناکەیەوە. ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی کورتی ڕابردوودا بە لافاوی هەستی نەتەوەیی لەژێر شانتاژی ناحەزانی کوردبوون بەرەورووی دوو دیاردەو دوو تاقیکاری گرینگی نەتەوەیی و نیشتمانی بوویەوە، لەهەردووکیشیان سەربلێند هاتە دەر، ڕۆژهەلات مێژووی بۆ خۆی دروست کرد.

یەکەم ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان بوو کە گەلی ڕۆژهەلاتی کۆلنەدەر بە تەوژمێکی بەرینی کۆمەلایەتی وسیاسیی هەم لە سەر شەقام و هەمیش لە سەرتۆرە کۆمەلایەتیەکان و ناو تویژی ڕووناکبیری و چالاکی سیاسیی و کۆمەلایەتی بەشداریکرد و دەتوانم بلێم بە شێک لە شانازی سەرخستنی ڕیفراندۆمی لە ٢٠١٧/٩/٢٥ پێدەبرێ کە سەرباقی ئینکاری بەرەی عینادی مێشک چەقبەستووی ، بیرقەتیس ماوی گیرۆدەی دەستی ئیدئۆلۆژی، دەسکەوتێکی گرینگی مێژووییە بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان وبەتایبەتی بۆ گەلی باشوور. ئێستا بە هۆی خەیانەتی بەشێک لە بنەمالەی تالەبانی ئەورێفراندۆمە و ئامانجەکانی ئەو دەسکەوتە جارێ دەگەل شکست بەرەوڕوو بووە ئەمەیان باسێکی دیکەیە.

بەداخەوە لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بوومەلەرزەیەکی بەهێز خەلکی ناوچەی کرماشان و سەپێلی زەهاو و دەروەبەری هەژاند و خەلکی بێ ئەنوای هەژاری تووشی کارەساتێکی گەورە کردووە. خەلک لە ناوخۆ ون دەسبەجێ ئیتر بۆ بە هاناوە چوون کارێکیان کرد کە لە گێرانەوە نایە و بەڕاستی دەبێ کتیب و داستانی لەسەر بنووسرێ، ڕۆمانی فیداکاری بۆ بخرێتە سەر مێژووی ئەو گەلە ئازا و بەئەمەگ و بە وەفایە.

لەدەرەوە بە گشتی چالاکانی سیاسیی وکۆمەلایەتی ئەوەی لەدەستیان هاتووە کردوویانە بۆبە مێدیایی کردن و بۆ هاندانی خەلک تا بە پیر خوشک وبرایانی خۆیانەوە بچن، ئەوان قۆلی هیمەتیان هەلمالی و ناکرێ دەوری ئەو کۆمەلە خەلکەش لەو خێراکردنەی بەهاناچوون و لەو گشتگیرکردنەی هاریکاری خەلک و لە ڕاستیدا لەو هاندانی هەستی نەتەوەی و فریاڕەسیە لەبەرچاو نەگرین و بەئەرینی هەلی نەسەنگێنین. ئەگەرچی ئەمشیان دیسان دەگەل تانە و تەشەری هەمان دەستە و گرووپ کە بۆ ڕێفراندۆم وێرای داگیرەکران کێچیان دەکەولی کەوتبوو بەرەورووبووە بەلام کاروانی لەبڕان نەهاتووی هەستی نەتەوەیی بێ گوێدانە ئەو تانە و تەشەر و خالی کردنەی گرێ گۆلی دەروونیە وا ڕێگەی خۆی دەپێوێ و جوانترین دیمەنی یەکدەست بوون و یەک ئاهەنگ بوون و یەک هەلوێستی کۆمەلانی خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستانی بە دنیا و بە تایەبتی بە فاشیسمی مەسەبی ئێران وداگیرکەرانی کوردستان نێشاندا.

لێرەدا چەند خالی بەرچاو دەخەمە ڕوو کە لای من گرینگی تایبەتی هەیە. یەکەم ئەو هەستە پیرۆزە نەتەوەییە کە لە کەمترین ماوەدا خۆی ، خۆی ڕێکخست و گەورەترین سوپای یارمەتیدەری لە هەموو شار وگوندێکی کوردستان بۆ خەلکی بەلا

لێدراو وەرێخست. دووهەم شکاندنی ئەو ئیدارە و سیستەمە برۆکراسییەی حکوومەتی ستەمگەر و فاشیستی مەسەبی ئێران ودوژمن بە کوردەو هێنانەدەری ئیبتیکاری گەیاندنی کۆمەک و هاریکاری لەدەستی حکوومەت و خستنە دەستی خۆ واتە گەل. ئەمەیان ئیتر وەک دەبینین بەتەواوی دەسەڵاتی فاشیتی مەسەبی بێ کەڵک کردووە بە کردار خەڵکی کورد و تیمە یارمەتیدەرەکان خۆیان بەسەر وەزعەکەدا تا ئێرە فەرز کردووە.

هاوکات دەگەڵ ئەمە ناکرێ گرینگی ئەو هەستە نەتەوەییە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا لە نێوان خەڵکی کورد لە سەرتاسەری کوردستاندا نەبینرێ کە هەر لە دوورترین نوختەی خۆی و سەلماسەوە تا دەگاتە موکریان و بانە و مەریوان و ئەو پەڕ سنە و ئیلامەوە خەریکە سەرڕێژ دەکا.ئیتر جیاوازیەک نەما لە نێوان سەلماس و قەسری شیرین، بانە و سەرپێلی زەهاو، سنە و کرماشان و مەهاباد، بۆکان و سەقز و مەریوان و سەلاسی باوەجانی، هەر هەموو بە کردەوە بوون بەیەک، یەک جەستەی کوردستانێکی داگیرکراو.

کۆتا قسەم: یەکگرتوویی هێزێکە لەبڕان نەهاتوو، هێزێکە بە هاسانی پێکدێ و بە سەختی لەبن دێ، لێرەدا دڵنیام حیزبەکان ئەو یەکگرتووییە دەبینن، دەزانم وەک ڕۆژ لێم روونە لە پێشدا پێی شۆک بوون و حەپەساون، بەڵام کارتێکەری و سەرکەوتنی ئەو یەکبوونە بۆ دەرس و پەند لیوەرگرتن دەبێ نەک بۆ حەپەسان! مرۆڤی سیاسیی و حیزبی سیاسیی دەبێ ئەگەر تا ئێستا لە هیچ شتێک پەندی وەرنەگرتبێ لە کاتی ئاوادا دەرس وپەند وەرگرێ، دەبێ ڕێگای ئەویەکگرتنە بدۆزێتەوە و دەبێ بە کردار هەوڵی بۆ بدا، دەبێ واز بێنێ لەوەی تا ئێستا کوتوویەتی و بیری لیکردۆتەوە.

بەڵێ سیاسیە دەسەلاتتدارەکانی ڕۆژهەلات، واز لەو قۆڕدەماغیە بێنن، کاتی وەی هاتووە لاپەڕەیەکی تازە لە سیاسەت دا بکەنەوە و بە عەقڵەیتی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر سیاسەتکردن! نەبۆتان دەکرێ و نەبۆتان سەردەگرێ.

١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# گۆڕان بەر لە گۆڕینی کوردستان پێویستی بە خۆ گۆڕین هەیە

دیمانە تازەکەی بەڕێز عومەری سەید عەلی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەری خست کە ئەوان باوەڕیان بە هەڵبژاردن و بەدەنگی خەڵک و بیرو باوەڕی جیاواز نیە، دەیان هەوێ بەکەڵەگایی و گەلەکۆمەکی ببن بە پاڵەوانی مەیدان. ئەمەیە نەتیجەی چەند سال سیاسەتی رادیکالانەو نەگۆڕی دوژمنایەتی پارتی بەدەرەجەی یەکەم و یەکێتی بەدەرەجی دووهەم. ئیتر بیرێک لە خۆیان ناکەنەوە و ناپرسن باشە ئاکامی ئەو سیاسەتەی ئێوە کە چەندین ساڵە پەیرەوی دەکەن چی بووە؟ کوا دەسکەوتتتان و خێر وبێری بۆ کورد لە چی دابووە جگە لەوەی کۆمەڵگاتان بە سەر دوودەستەی دژ بەیەکدا دابەش کردووە؟ چاکم لەبیرە کە نەوشیرەوان کۆچی دوایی کرد یان شۆڕش حاجی یان محەمەد توفیق ڕەحیم لە دیمانەیەکدا کوتیان: "بە هەمان نەفەسی نەوشێرەوان سیاسەت دەکەین!" ئەودەم زانیم کە گۆڕان هیچ گۆڕانێکی تێدا پێک نایە، دەزانی نەفەسی نەوشیرەوان یانی چی؟ یانی هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی بارزانی و پارتی! شتێک کە لەوەتا هەیە نەوشێرەوان چ لە ناو یەکیتی دا و چ لەدەرەوەی یەکێتی وەک گۆڕان هەموو قورسایی کاری خستە سەر ئەو بیرەو بۆشی جێ بەجێ نەبوو وجی بەچێش نابێ. ئەو روانگە لە بیرکردنەوە و بۆچوون دەری دەخا کە بەداخەوە ئەوان لەجیاتی هێزێکی مەدەنی خوازیاری ئاڵوگۆڕ و چاکسازی بن لەباری هزر وبیرەوە بەراستی هیزێکی تەکفیرین وەک ئەلقاعیدە و تالیبان و داعش.

باشوری کوردستان تاقە یەک ڕیگای لەبەرە بۆ ئەوەی بە کۆدەنگی بگات، ئەویش لەگۆڕنانی ئەو فکرە فاشیستییەیە کە لە سلێمانی و بە تایبەتی بە سەرهەڵدانی گۆڕان بە زەقی خۆی نواند، ئەو بیرەی ڕاست وەک بیری داعش و ئەلقاعیدە تەکفیرییە، ئەو بیرە مەترسیدارە ودەبێ سەرئەنجام کەسانی وەک مەسعوود حەیدەر لێی بە خاوەن دەرکەون، ئیتر زەمانی ئەو جۆرە تێڕوانینە لەمێژە بەسەر چووە، گۆڕان یان دەبێ دەگەڵ خۆیان و دەگەڵ خەڵک ڕووڕاست بن بڵێن لەپای چی سیاسەتی سڕینەوەی پارتی پەیرەو دەکەن کردوویانە بە ستراتیژی نەگۆڕلەو ماوەیەدا کامە دەسکەوتیان بووە؟یان دەبێ واز بێنن و سیاسەت وەک هونەری مومکین پەیرەو بکەن. ئاخر خۆ گۆڕان نەبۆتە مەلانەسرەدین پاشی ٤٠ ساڵ لێان پرسی عەمرت چەندە هەر کوتی ٢٠! ئاخر خۆ هەر خەڵک نابێ بەخۆی دابچێتەوە ئەدی گۆڕان وەک حزبێکی مودێڕنی خۆ پێ لە هەموو کەس لەسەرتر نابێ بەخۆی دابچیتەوە؟ بە بڕوای من گۆڕان بەر لەوەی هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگا بدا کە ئەلحەق بە باری خەراپەو دابەشکردن و بە دوژمن کردن دا گۆڕیویتی دەبێ هەوڵی ئەوە بدا خۆی بگۆڕی و وەک حیزبێکی سیاسیی و لەسەر ئەرزی واقع سیاسەت بکات. گۆڕان تازە هەرچیب بکا لەوەی کەهەیەتی زیاتر ناکات ئەگەر کەم نەکات، ئاخر خۆ خەڵک هەمیشە بەدوای هات و هاوار دا ناکەون ئەوان جارجارە دەسکەوت و نەتیجەشیان لاگرینگە. دەی کامەیە نەتیجەی



سەرچاوە
Serchawe

سیاسەتی گۆڕان کە لەبەرژەوەندی کورد دا بووبێ. بۆیە من لەسەر ئەو باوەڕەم کە گۆڕان ئەمجار و لە هەڵبژکارنەکانی داهاتوودا ئەگەر جاری و بەو زوانە مەجالی ئەو هەڵبژاردنە هەبێ تاوانی ئەو سەقەت سیاسەتکردنەی خۆی دەداتەوە.

کورد نەک لە باشوور لە باکوور و لە ڕۆژئاوا و لە ڕۆژهەڵاتیش پێوستی بەحیزبێکی گۆران خواز و خوازیاری چاکسازی هەیە بەلام نەک بە حیزبێک کە بەرهەمی سیاسەتەکەی تەنیا دابەشکردنی کۆمەڵگا بێ بەسەر دوبەرەی شەڕ و خێر، شەیتان و خوا، سپی و ڕەش. ئەوە ئەو پەڕی ئیفلاسی سیاسییە با خەڵکیش جارێ هەر چەپڵەی بۆلێدەن، گۆران دەبێ بیر لەوە بکاتەوە جگە لەو بە دوژمن کردنی کۆمەڵگایە و جگە لە ئیفلیج کردنی پرۆسەی سیاسیی لە کوردستان کامەیە دەسکەوتی بۆ گەلی کورد؟ کە دەڵیم ئیفلیج کردن من تەنانەت داخستنی پەرلەمانیش کە هەڵەیەکی زەقی پارتی بوو بەلام هۆکارەکەی هەر دەگەڕێنەمەوە بۆ ئەو شارالاتانیزمەی گۆران کە لە پارلەمان و لە دەرەوەی پارلەمان پەیرەوی دەکات. لەبیرتانە لە کاتی هەموار کردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە پاڕلەمان چۆن کۆنسولی ئێرانی دەعوەت کردبوو تا لە قاتی سەرەوەی پارلەمان بەو گەمەیە پێبکەنێ کە خۆیان داڕێژەری بوون؟ ئەوان هەر ئامانجیان ئیفلیج کردنی پرۆسەی سیاسیە و هیچی دیکە نا ، دەنا هەموو مەرجەکانی گۆڕان بۆنگەڕانەوە بۆ پارلەمان پێش ڕیفراندۆم ئامادە کرا ونەگەڕانەوە چون دەترسان لە باسی سەربەخۆییدا بکەونە بەر مەحەک لەو تاقیەکارییەکەی دەر نەچن، هەموو داواکاریان لاچوونی کاک مەسعوود بوولە سەرۆکایەتی هەرتێم، ئێستا کە وازی هیناوە ئەوجار دەڵێن دەبێ حکوموتیش هەڵوەشی و ئێمە و کۆمەڵ بێ هەڵبژاردن حکوومەتی ئینتیقالی بگرینە دەست بە ٢٦ کورسی پارلەمانی؟ تەماشای ئەو گۆران خواز و ئەو دیمۆکڕاتیە و ئەو مودیڕنیزمە کە لە ناو کورد دا نەبێ تۆ لە هیچ کوێی ئەم دنیایە نایبینی!

من ئەوەشم لەبیر ناچێ کە ڕەسمەن و لە زمان ئەندامی جفاتی نیشتمانیەوە عەبدولای مەلانووری داوایان لە حکوومەتی عەبادی کرد کە بەزەبری چەک هەولێری پایتەختی کوردستان داگیر بکات و دڵنیاش بن ئێستاش ئەوە گەورەترین پرۆژە وئارەزوویانە. گۆرانیش با ئەمەی لەبیر نەچێ لەو وەزعیەتە ئاستەمەدا و یەکجار حەساسەدا سیاسەت وەک پردی سیڕات وایە و لە موو باریکتر و لە ئەڵماسی تیژترە. هەر برێک لاڕێ بی، هەڵدێڕای و خۆت ناگرییەوە.

٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## تەنیا بەرپرسی شکستی کورد بنەماڵەی خائینی تاڵەبانین

لە ١٦ - ١٠ کاتێ هەموو هیوا هومێدەکان لەچەک ومەچەکی پێشمەرگەدا کۆببوونەوە لە نەکاو و درەنگانی شەو تەلەویزیۆنی رووداو لە بەرەکانی شەڕ و لە سەنەگەرەکانی پێشەوە ستوون و ڕیچکەی ماشینە سەربازیەکانی نیشاندا کە سەنگەرەکانی پێشەوی کەرکووک چۆل دەکەن، ئەو شەوە رووداو مێژوویەکی لە خەیانەتی بنەماڵەی تاڵەبانی تۆمار کرد کە هەتا دنیا بە دنیایە لەبیر کەس ناچێتەوە.

لە ناو خەم و فرمێسکی پێشمەرگەکاندا پاشە کشەی هێزەکەی یەکەی ٧٠ سەر بە یەکێتی و فەرماندەیی شێخ جەعفەر کە بە قسەی خودی فەرمەندەکان و بەرپرسانی خەیانەت ١٥٠٠٠ کەس دەبوون ئاوێکی ساردی بە سەر خۆزگەی ئەو کەسانە داکرد کە خەونی سەربەخۆیی کوردستانیان دەدیت.

لاهوور شیخ جەنگی و پاڤیل تالەبانی و ئاراس شێخ جەنگی ئەو سێکۆچکەی خەیانەتە بە پیلانێکی ژێر بەژێر و ڕیککەوتنێکی نهێنی بە درێژایی ٣٠ کیلۆمیتر هەموو ئەو سەنگەرانەیەن چۆل کرد کە دەکەوتە سەر راستە رێگای کەرکووک و دوایەش هێزەکەی سەر بە لاهوور شیخ جەنگی واتە دژە تیرۆر دەگەڵ ترۆریستانی حەشدی شەعبی دەستیان خستە ناو دەستی یەک و هاتنە ناو کەرکووک و بەوجۆرە کەکووکی قودس و دڵی کوردستانیان بە داگیرکەر فرۆشت و خەون و خولیای دەیان میلۆن کوردیان لە گۆڕ نا.

تا ئێرە هەرکەسەو بەجۆرێ باسی ئەو رووداوە دەکات زۆر کەسیش لە باسی ئەم ڕوواد‌وە دا دەیانهەوێ ئەسلی کارەساتەکەو ناوەرۆکی خەیانەتەکە کەمرەنگ کەنەوە و خەتای شکستی کورد بخەنە سەر بارزانی و رێفراندۆم و بەهانا نەهاتنی ئەمریکا و هاوپەیمانان کەخەیانەتیان دەرهەق بە کورد کردووە وهەمووشی هەر بۆ بەلارێدابردنی ئەسلی هۆکاری شکستەکەیە کە هەمان خەیانەتی بنەماڵەی تاڵەبانی وبەشێک لەسەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی کە دەرهەق بە کورد و کوردستان کردیان.

کەس شەڕی مووسڵی لەبیر نەچۆتەوە هەمووی لەم یەک ساڵەی رابردوودا بووە کە عێراق و حەشد بە هەموو جۆرە چەکێکی ئەمریکایی لەسەر عەرز و ئەمریکا و هاوپەیمانانیش لە ئاسمانەوە هێرشیان کردە سەر مووسڵ و پاش ئەوەی نزیک یەکساڵی کێشا ئەوجار توانیان بە سەر ٢٠٠٠ چەکداری داعش دا سەرکەون و شاری مووسڵ وەرگرنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

کەس هەیە بە من بڵێ چۆنە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە دڵنیام لەبەرامبەر داگیرکەردا ئیمانی زۆر لە داعشیەکان زیاترە بۆ بەرخۆدان وەک دیتمان پێشمەرگەی بریندار هەموو زگی تەقەڵی پێوەبوو ئەنجا سەنەگەرەکانی چۆل نەدەکرد، دیتمان پێشمەرگە لە داخی فەرمانی کشانەوە و سەنگەر چۆلکردن وکەرکووک فرۆشتن بە چ بوغزێکەوە دەگریا و چۆن کەسیان قسەیان بۆ نەدەکرا؟ کەواتە پێشمەرتگە ئامادەیی هەبوو و خاوەن ئەو ئیرادە و بڕیارە بوو کە شەڕ بکا و گیان بدا بەڵام خاک تەسلیم نەکا. لەباری چەک و چۆڵیشەوە تەیار بوو، کاری دەگەڵ کرابوو و لانی کەم بۆشەڕی داعش تەمرین و ڕاهێنانی تەواوی کردبوو، لەشەری دووساڵەشدا تەجرەبەی باشی وەدەست خستبوو، دەی ئەوە سەرباری ئەمە کە هێزە عیراقیەکان نەیاندەتوانی لە فرۆکە کەڵک وەرگرن. کەواتە بێ پشتیوانی هێزی هاوپەیمانان تەنیا هێزەکەی حەشدی شەعبی و سوپا شەق و شرەکەی عیراق بوو و لەبەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا و وەک دیتیشمان لە شەڕەکانی پردێ و زوومار و روبیعە و ... چ زەبرێکی کاریگەریان وێکەوت بێ ئەوەی یەک بست بتوانن پێشرەوی بکەن. راستە تانکی ئابرامزیان پێ بوو ، ڕاستە ماشێن وکەلوو پەلەکانیان گوولە نەبڕ بون وەک وەستا تاکتیک دەیکوت، بەڵام دیتمان هەم تانکەکانیان و هەمیش ماشینەکانیان لە بەرامبەرچەک و گوللەی پێشمەرگەدا خۆیان نەگرت و بوون بە قەرەپرووت.

کەوایە ئێوەش وەک من بکەن، کارتان بەئێرانەوە نەبێ، قاسم سولەیمانی ئەگەر دژی دەسەڵاتی کوردی پیلان نەگێڕێ دەبێ شک و گومانت لەو حکوومەتە کوردیە بێ، ئەو مافی خۆیەتی وبۆ گلەیی نابێ، گلەیی لە ئامریکاش مەکەن ئەویش نایەتە نێو کێشەی گەلو نەتەوەیەک کە بەشێکی ڕەگەڵ دوژمن کەوتبێ وبێ تەقە کەرکووکی دڵی کوردستان تەسلیم بە داگیرکەر بکا. کەوایە ئێوە و هیچ کەس نابێ خەیانەتی بنەماڵەی تالەبانی لەبیر بکات و تەنیا ئەوان تاوانباری سەرەکی ئەو نیشتمانفرۆشی وشکستەن نەک کەسی دیکە.

بەهەموو لێکدانەوەکان ئەگەر بنەماڵەی تاڵەبانی ئەو خەیانەتە مێژووییەیان نەکردبا هەرگیز ڕێژیمی عێراق کەرکووکی بۆ کۆنترۆڵ نەدەکرایەوە و کوردیش ئاوە هەناسەسارد نەدەهاتە دەر. بەڵام ئیتر ئەوە واقعی کوردستانە بێ خائین نەژیاوین و نازین، ئەگەرچی تا ستەم مابێ بەرخۆدان هەر هەیە. تا بێعەداڵەتی مابێ سەربزێوی هەر هەیە و تا کێشەی کورد هەبێ پێشمەرگە هەر هەیە، جا نازانم ئایا دەگەڵ ئەوانە خەیانەتیش هەر دەمێنێ یان نا؟

هەمە هیوا بەدواڕۆژێکی ڕوناک

بەشی ئینسانی بێ هیوا نەمانە

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# حەیا دڵۆپێکە ئەگەر تکا تکا

خۆیان تاقی دەکەنەوە بەڵام پەند وەرناگرن

بنەماڵەی تاڵەبانی دەزانن چ قەلێکیان لە قوونێ فڕیوە هەموو ڕۆژێ هەوڵی تاقیکردنەوەی خۆیان وخەڵک دەدەن و ئاکامیش وەردەگرن بەڵام بەڕاستی سۆنەن وتەڕ نابن، بە قەولی باشووریەکان بۆیان دەنووسن بەڕاستی رووقایمن پێناچن!

لەو چەند ڕۆژەدا هەرچی پۆستێکی ئالا تاڵەبانی دایناێ یان لاهوور سەردەستەی خەیانەتکاران ونیشتمانگفرۆشان دایناێ یان ئاراسی شێخ جەنگی برای دایناێ خەڵک بە هەزاران کۆمێنتیان دەباڵ لردوون هەموو هەر بە گۆرت! کۆمێنت ئەمما کۆمێنت. سەیری پۆستەکان و سەیری کۆمێنەتەکانیان بکەن بزانن ئەوانە چ بێحەیایەکن و لە چ تۆرەمەیەکن کە بە هیچ ناچن.

من کە بۆچوونەکان دەخوێنمەوە لە ناو سەدان کۆمێنت دا تاقە کۆیلەیەکی بێناوونیشان دەبینم کە بە هەیبەتی شلو تەپیان هەڵدەڵێ دەنا ئەوی دیکە هەموو هەر کوردن و خاوەن هەست وشەرەف وهەمووی هەر دژی داگیرکەر و نیشتمانفرۆشن بەرچاوم روونە کە ئەو گەلە هێندە نابا هەڵدەستێتەوە و بە یەکجاری تۆماری ئەو سەرەتانەی مێژووی کورد بنبڕدەکا و لادەداو کەرامەتی فرۆشراو و تێکشکێنراوی خۆی دەگەڕێنێتەوە.

بنەماڵەی کودەتاچی و نیشتمانفرۆشی تاڵەبانی لەترسی بۆچوونی خەڵک کە ئەوەی هەقی خۆیانە دەیاندەنێ بەیەکجاری دەرگای Kurdsat Broadcasting Corporation گاڵەداوە و هەرچی پۆستی ئەو چەندرۆژە بووە لەسەریان لابردووە ئێستا زیاتر وەک لاپەرەیەکی رازی بەقا دیکۆمێنتاری حەیوانات دەچێ تا لاپەڕەی حیزبێکی سیاسیی. دەڵێن نا سەیری بکەن. تەنیا لاپەڕەیەک کە جارێ هێشتا نوقمی بێحەیاییە لاپەڕەی Lahur Sheikh Jangi Talabany یە کە ئەگەر سەیری بکەن دەبینن خەڵک چۆنی پاداشی خەیانەتکاران داوەتەوە.

٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

# پیلانی گەورەتر بەڕێوە

مرۆڤ دەبێ لە نووسین و لە ئاخاوتندا عەدالەت ڕەچاو بلات. خۆ ڕووداوەکان هی چەندین ساڵ م[لەمەوبەر نین کەسمان نەیزانین، خۆ لە کتێبان دا نەمانخوێندۆتەوە را بڵێین یەکێ بەکەیفی خۆی نووسیویەتەوە، هەر دۆیێ بوو لە گەرمەی شەڕی بەرگریدا لە سەنگەرەکانی دیفاع لە کەرکووکی دڵی کوردستان دەستەیەک لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بە ئاشکرا دەستیان دەگەڵ دەستی داگیرکەر تێکەڵ کرد و بوون بە چاوساخیی و هێنایانە ناو کەرکووک، ئیتر با لەو ڕاستیەڕا مێژوو وەک خۆی بنووسینەوە.

بە هۆی خەیانەتی ئاشکرا بەشێک لە سەرژکردایەتی یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانی کە لەو دا کەرکووک ڕادەستی هێزەکانی عێراق کرایەوە، کورد تا ئێرە چ لە ڕووی سیاسییەوە وچ لە ڕووی سەربازیەوە دوچاری شکست هاتووە ولە پاشەکشەیەدایە، ئەگەرچی دوای خەیانەتی کەرکووک پێشمەرگە سازمان درایەوە و لە چەند شەڕی قارەمانانە دا هێرشی داگیرکەری تێکشکاند بەڵام شکستە سیاسییەکە هەر دێ و فروانتر دەبن.
دوای ئەمە لە خەتی بەرگری پێشمەرگەدا خەیانەتێکی ئاوا گەورە کرا و پشتی بەشێک لە پێشمەرگەکان بەتیبەتی هێزێکی کاک کۆسرەت ڕەسوول چۆل کرا ئیتر بە کردەوە وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێم دووچاری گرفتی جیددی بوو ولەو کاتەوە تائێستاش ئەو وەزارەتە بە کردەوە هیچ بوونی نییە.

ئیتر دەمێنێتەوە ئەو حەقیقەتەی کە یەکێتی ئەگەر هەمووشی دەگەڵ خەیانەتەکە نەبووبێ کە من دڵنیان هەمووی نەبوون و ئاگایان لێ نیەو لە ڕاستیدا ئەو کودەتایە چەندە بە سەر کورد و لایەنی بەرامبەری یەکێتی دا کراوە ئەوەندەش بە سەر یەکێتی دا کراوە بەڵام هەموو یەکیتی لە ژێر هەر گوشارێکدا بووبێ ملی بۆ ئەوە دا کە لە پرسی ڕێفراندۆم بە ئاشکرا پاشگەز بێتەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی لە دەقی ڕاگەیەنراوی ئەنجومەن دا و لە خاڵی پێنج دا بە ئاشکرا لە مەسەلەی ریفراندۆم و هەموو بەرپرسایەتیەکان خۆ دەدزێتەوە و دەڵێ:

"٥- ئەنجومەنی ناوەندی داواکارە کە ئەنجومەنی باڵای سیاسی کوردستان هەڵبوەشێتەوەو، لە ئەگەری هەڵنەوەشاندنەوەی نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو ئەنجومەنە بکشێنەوە."

ئیتر ئەمە کۆتایی ڕێگەیە بۆ بۆ پارتی و دوای لێکترازانی سەربازی بە فیتی لاهوور شێخ جەنگی و بافیل تاڵەبانی شتێک

بە نێوی یەکگرتوویی سیاسییش لە ستراتیژی کوردی باشوور دا نامێ و لە دۆیننیەوە ڕا بوونی نەماوە. ئیتر ئەمە ڕاستییەکە هەر کەس خۆی لێ ببوێرێ دەبێ دەگەڵ ویژدانی خۆی دەستەو یەخە بێ.

هەمووی ئەو پیلانە بە ئاشکرا و بە جۆرێک کە ئیتر ئێستا ئێران وبەرپرسانی سپای پاسداران خۆیان بە سەرچاوەی دەزانن تا ئێرە سەری گرتووە. خۆلیا و ئارەزووی سەربەخۆیی جارێ بە کردەوە سڕ کراوە چ دەکا بەوەی کە حکوومەتی هەرێم لە پەیامێکدا و بە خوێندەوەی ئەم ڕاستیانە پێشنیاری سڕ کردنی ڕێفراندۆم واتە بە دوادانەچوونی ئامانجەکانی ڕێفراندۆم بکات، ئامانجێک کە ئیتر بە کردەوە یەکێتی لە باری بارد.

ئێستا ولەم کاتەدا پارتی بە تەنێ ماوەتەوە و بە دڵنیاییەوە ئێران دەست لە کۆڵ پارتی ناکاتەوە، چۆن مانەوەی پارتی مانەوەی بەرهەڵستکاری سیاسەتەکانی ئێرانە لە ناوچە دا، ئەوجار ئێران تا ئێرە سەتا سەت لە شەق کردنی ناوماڵی کورد و لە دەست تێوردانی ئاشکرای دا سەرکەوتوو بووە و جگە لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە دەڵێ با هێزەکانی سەر بەئێران بکشێنەوە چێ دیکەمان نەدیوە. دیارە کە س لە عێراق و بە تایبەتی حەشدی شەعبی ئەو بەیاننامەیە هەربە پووش دانانێ و ئێرانیش کە دەبینین لە کارەکانی شل نەبۆتەوە.

ئەو پیلانە درێژەی هەیە و لە ڕۆژانی داهاتوو دەبێ شاهیدی شەڕێکی گەورە بین کە ئێران وعێراق لە لایەک و پارتی دێمۆکڕاتی کوردستان لە لایەکی دیکە. ئەوان بە ئاشکرا ئەو شەڕە لە دژی پارتی دێمۆکڕاتی کوردستان پەیڕەوی دەکەن، پیلانی هێرشی سەرتاسەری لە حاجی ئۆمەرانەوە تا مەخموور و ڕەبیعە لە ئارادایە. هیودارم کە یەکێتی و پێشمەرگەکانی یەکێتی لە ئەگەری شەڕێکی وادا پشتی براکانیان بەر نەدەن وشان بە شانی هێزی پێشمەرگە بەرگری لە خاک و لە نیشتمانی خۆیان بکەن و ئەگەر هەر نەیان کرد ئومێدەوارم دەستیان دەگەڵ ئەو پیلانگێڕیە نەبێ و خۆ بەدوور بگرن لە شەڕێک کە بە دڵنیاییەوە شەڕی نیشتمانی دەبێ و دەبێ بە مێژووی سەرفرازی هەرکەس بەرگی تێدا بکات.

بەڵێ پارتی ئەو شەڕە گەورەی هەر لە پێشە و جارێ هێشتا ئەوەی کوردە و ئەوەی دژی داگیرکاری و دژی ئێرانی فاشیستیە دەبێ وەک ڕابردوو پشتیوانی هێزی پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێ، کورد لە ڕۆژانی داهاتوو دا لە باشوور دەگەڵ تاقیکاریەکی گەورە ڕووبەڕوویە و من لەوە دڵنیام پێشمەرگە ڕێگای شەڕی مان ونەمان هەڵدەبژێرێ بەرگری قارەمانانە دەکات جا ئەو دەم دەبی چاوەڕێ بین کە ئاڵوگوڕێ سیاسیی و هەڵوێستی سیاسیی سەبارەت بە دۆزی کورد بەدی بکرێ.

٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# فشە بە ئازادی

لەوەتا بە دەستی خەیانەتی بنەماڵەی تاڵەبانی کەرکووک داگیر کراوەتەوە هەر کەسە لە هەوایەکە بۆ کوتانی خۆی، بۆ وێرانی ئیرادەی کورد، هەر کەسەو دەست دەخاتە گیرفانی و وەک مشتێ تۆو دەر بێنێ دەست دەکا بە قسە تروکاندن.

لایەنگرانی پ ک ک و یەکیتی باسی خەیانەت ناکەن، بەڵام باسی شکست دەکەن، دەڵێن بارزانی سەرۆک بووە، ڕێفراندۆمی کردووە و شکستی هێناوە و کەرکووک لەدەست چووە و زۆربەی ئەو شوێنانەی کە پێشتر لەدەست کورد دابووە ئێستا لەدەست چوون.

جا هەر ئەمەش نا، دەڵێن، خەڵک بێ مووچە بووە و برسی بووە و نەوت وگازی نەبووە و خۆش گوزەرانی لێ تێکچووە و گۆیا مەمانان جێگامان گەرم و هی ئەوان سارد بۆیە ئێمە دەنگمان لە جێگای گەرم ونەرمەوە دێ دەنا خەڵک ئەگەر مووچەی نەبێ و بکەوێتە تەنگانەوە ئازادی ناوێ!

یەکەم، هەر ئەو دۆستانە کاتێ کورد لە تورکیا ٨٢ نوێنەری لە پارلەمان هەبوو دەنگی دلێر بوو، دووهەم هێزی سیاسیی کارتێکەر بوو لە تورکیا ودەیتوانی ببێ بە دەوڵەت کە هەر ڕەنگە ئەوان بزانن کە ئەگەر ئەو هەڵەیە نەکرابا و ئەوان وەدوای شەڕاکەتی پارلەمانی لە وڵاتێک کەوتبان کە سەت هێندەی ئێران و عێراق ئازادی تێدایە و ئیمکانی هەبوو لە ڕێگای دێمۆکڕاسییەوە مافی کورد دەستە بەر بکرێ و بۆ ئەورۆش پشتیوانێک دەبوو و ڕەجەب تەییب ئەردوغان نەیدەتوانی هەرچی پێیخۆش بێ بیکا. جا ئەمەیان لە هۆوەی دادەنێن.

ئەو دۆستانەی هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان باسی ئەو شەڕانەیان نەکرد کە بووە هۆکاری وێرانی سووری ئامەد و جزیرەو ئیتر وا خەریکن بە بۆردزێل ئەو دووشارە تەخت دەکن و ئاسەوارێک لە شار و لە بوونی ژیان لەو دەڤەرە ناهاێڵنەوە، ئەرێ خزمینە مەگەر ئەو خەڵکەی ئەوێ ماڵ و حاڵی نەبوو، مەگەر بوودجەی نەبوو، مەگەر پێویستی بە نان وبە ئاو و بە ژیان نەبوو؟ئەی بۆ لەوێ وێران بوون کاول بوون لە ڕێگای ئازادیدا بەرخۆدانە بەلام لە باشوور بێ مووچەیی قەباحەتە و ژیان ناچێ بەڕیوە و دەبێ تەسلیمی داگیر کەر بن؟

خۆ ئەگەر لە من پرسن هەردووکیان خەراپن،خۆزگە مرۆڤی کوردیش توانیبای وەک هەموو گەلانی جیهان بە ئاسوودەیی و

بەئارامی ژیابا و توشی بە تووشی ئەو درِندانە نەبووبا کە ناویان ناون مرۆڤی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، فارس و عەرەب و تورک.

بەلام ئەو پاکانە کردنە مەترسیدارە، ئاخر ئەگەر داواکردنی ئازادی ئەو کێشانەی نەبووبا، و ئەگەر کاری مرۆڤە مەزنەکان نەبووبا ڤاسملووی مامۆستای زانکۆکانی پاریس ئورووپای بەهەشتی پەنابەرانی بەجێ نەدەهێشت و ئەشکەوت بە ئەشکەوت و بن بەرد بە بن بەرد، چیا و چیا و گەوە و گەوەی نەدەبڕی و بۆ ئازادی و بۆ کوردستان هەوڵی نەدەدا و لە کۆتاییش دا گیانی لەسەر ئەو ڕێگایە دا نەدەدنا. ئاخر ئەگەر ئازادی ئەو نرخانەی نەبا ئۆجالان بە کام تاوان دەبوو ئێستا بێ سەروشوێن لە ئیمرالی وا بۆ چەندین ساڵ زیندانی بکرێ؟ ئاخۆ ئەگەر ئازادی ئەو نرخانەی نەبا، وێتنام دار و بەردی بۆ گڕی دەگرت و ژن و پیاوی ستالینگراد لە شەڕی ئازادی و دژی فاشیزم بۆ بەهەزارانیان دەبوونە قوربانی؟ ئایا ئێوە نەبوون فەخرتان بە تانیا کچە پێشمەرگەکەی ڕووس دەکرد؟! (وەرگێڕاوی ڕەوانشاد کاک کەریمی حیسامی). دەی چما ئێستا بوون بە بلێندگۆی تەسلیم تەڵەبی؟

چی بووە ئێستا وخەریکن کۆمەڵگا لە ڕوحی شۆڕشگێری دادەماڵن، ئاخر من یەکێک لەو کەسانەم کە جێگام نەرمە و پێم وایە ئەو کێشەی ئێستای هەریم تاقە یەک ڕێگای هەیە ئەویش ڕاگەیاندنی شەڕی نیشتمانییە. دەی من کە جێگام نەرمە ناوم برام جەهانگیریە،خەڵکی مەهابادم، دووکانی سێ تەبەقە زێرینگەریم هەبووە و خانووی دوبلێکسی ئاشپەزخانە ئۆپێنم هەبووە، هەموو بە جێ هێشتووە هیچ لە دەستیشم داون، یەکیان داگیرکراوە و یەکیانم بۆ کار کردن لێرە فرۆشت و بوو بە زەرە، ئێستاش ڕۆژی ١٤ سەعات کار دەکەم و خانووشم نییە تێیدا بژیم! جێ نەرمی من کوا و جێگای تۆ بۆ ڕەقە؟ با بۆ خەڵکی لای خۆمانی باس بکەم، من کە هاتوومە ئەو کانادایە لە کاری خاوێن کردنەوە ڕا تا کرێکاری دەستم پێکردووە، بۆ نموونە کاک عەزیمی ئەفسەر ماڵی ئاوەدان بێ کۆمپانیای خاوێن کردنەوەی هەبووە، لێ بپرسن بزانن چەند مستراحم خاوێن کردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانم پارەیەک دەست بخەم و پێی بژیم، خەرجی خۆمو دوو منداڵم دابین کەم. دەی من بۆ جێگام نەرمەو هی ئێوە ڕەق!

ئازادی و رزگاری گەلان بۆتە فشەی بازاڕی رووشنبیری کورد، لەحاڵێکدا هیچ یەک لەو کەسانە نموونەیەکیان پێشک نایە کە گەلێک بە ئازادی گەیشتبێ و خوێنی نەدابێ، وێرانی نەدیتبێ. خۆ ناکرێ لەخۆڕا خەڵک بە قڕکردن بدەی و خۆت بە کوشت بدەی بەلام ئیتر ڕەوایی دان بە خەیانەتێکی کە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا نموونەی نەبووە بۆ ئەوەی بیرە تەسک و چوارچیوەدارەکەی خۆت بسەپێنێ دەست تێکەڵکردنە دەگەڵ خەیانەتکاران، پشتیوانی کردەنە لێیان، ڕەوایی دانە بە خەیانەت.

ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان چۆنا و چۆن دەبوو بیری لە خەیانەتی بنەماڵەی تالەبانی کردبایەوە کە ڕۆژێک پێش فرۆشتنی کەرکووک سوێندیان لەسەر پەیماننامەیەکی نوێ خواردووە و دوای ٢٤ سەعات خەیانەتێکی هێندە گەورە و بێ ئابڕوانە دەرهەق گەلێکی ٤٠ میلۆنی دەکەن کە تا ئێستا نموونەی نەبیراوە؟ کەرکووکی سیمبۆلی بەرخۆدان و خۆشەویستی کوردان، دڵی کوردان بە هاسانی دەفرۆشن و دەبنە چاوساخی وەحشیترین بوونەوەری سەدەی ٢١ و پەلکێشی ناوکەرکووکیان دەکەن؟

ئەورۆژانەش تێپەڕ دەبن و من وەک خۆم دەستم لە ئومێدێ بەرنەداوەو باوەڕم بە قارەمانەتی گەل و پێشمەرگەی کوردستان هەیە. لەسەر ئەو باوەڕەشم هیچ ڕێگایەک لەبەردەم کورد دا نەماوەتەوە ئیلا بەرخۆدان ومقاومەت نەبێ ئەگەر بیهەوێ بە ئازادی بگات. دەبێ تەنیا بە پشتیوانی خۆی و چەکی دەستی، تەنیا بەوەی هەیەتی لە کوردستان، لە ئاو و لە دەغلو دانو لە خواردن، بەوەندە نەفتەی لەبەر دەستی دایە، خۆی بژێنێ و شەڕبۆ ئازادی بکا، بەڵام تەسلیمی داگیرکەر نەبێ و شەڕی نیشتمانی ڕاگەیەنێ. هیچ ئیمکانی نیە، شەڕێکی هەمە لایەنە و سەرتاسەری لە دژی داگیرکاری ڕانەگەینن،خوێن نەدەن، گوند و شار لە ئاگردا نەسووتێن تۆ بە ئازادی و سەرفەازی ناگەی.بە دانووستاندن لەو کات و دەمە دا ئەوەی بنەماڵەی تاڵەبانی تەبلیغی بۆ دەکەن دەستت تەنیا لە نێو گەڵی عەبادی گیر دەبێ و بەس.

٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---



سەرچاوە
Serchawe

## کەس گوێت ناداتێ تا نەبییەوە بەهێز

من گاڵتەم بەوە دێ دەڵێن ئەها ئیسرائیل وای کوت، ئەها ئەمریکا دەڵێ وابوو واچوو، کاکی برا، حیزبی کوردی، سەرکردە کوردەکان، تەنیا یەک شت زیندووتان دەکاتەوە، تەنیا یەک شت دەمانژێنێتەوە و گوڕوتینمان بە بەردادەکاتەوە، تەنیا یەک ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی خەڵک لەسەرت وەدەنگ بێن، ئەویش بەرخۆدان و شەڕی نیشتمانی وبوونەوە بە هێزە.

هێز نەبێ کەس خێرت پێناکا، ئابوورییەکی باشت بەدەستەوە نەبێ، نەفت و گاز و کانگا ژێرزەویەکانت لەبەردەست دانەبێ نەبێ بەکەڵکی لەسەروەدەنگ هاتن نایەی. وەک نەبی وای. کەس حیسابی هیچتان بۆ ناکا، لەبیرتانە کە داعش هەبوو، پێشمەرگە هەبوو، کورد هێز بوو، هەموو ڕۆژێ سەرۆک کۆمارێک وەزیرێک وەکیلێک، پارلەمانتارێک، دەهات و ئێوەش فەرشی سوورتان بۆڕادەخست، لەبیرتانە ئێوەش کە دەچوونە دەرێ فەڕشی سوورتان بۆ ڕادەخرا؟ ئەوە هەمووی هی ئەمە بوو کە هێز بووی، قسەت پێبوو، ئابووری ونەفتت لەبەردەست دابوو. ئەی لەخۆرایە بنەماڵە خەیانەتکارەکە هەمووی هەر دەنەوتی کوردستانی هەڵدەپێچا کە نابێ لەبەر دەستی حکوومەتی هەرێم بێ! ئەوە قسەی ئەوان نەبوو ئەو قسەیە لە جێگایەکی دیکەوە ئاوی دەخواردەوە.

کورد تائێرە شکستی هێناوە، خاکی لەدەست داوە، بەڵام هێزی لەدەست نەداوە، ئیرادەش کە بنەمای هەر شۆڕش و بەرخۆدانێکە ئەوە بناخەکەی گەلە و دەشبینن هەر ئێستا گەل بەدەستی بەتاڵ بەرەورووی داگیرکەران بۆتەوە. لەهەمووی گرینگتر خائین وخۆفرۆش و نیشتمان فرۆش و کەرکووک فرۆش ئیتر ئاشکرا بوون، کەوایە کورد ڕیزەکانی خاوێن بوونەوە، ئەگەر تا ئێستا ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری دەگەڵ یەکێتی هەبوو یەکێتیەکان ئەوە خۆیان هاتنە دەنگ و خۆیان خەیانەتی بنەماڵەی تاڵەبانیان لەقاودا کە کەرکووکی قودسی کوردستانیان فرۆشت. کە پشتی پێشمەرگەیان چۆل کرد، دەی ئیتر خۆ ئەمانە هیچ نین ونامێنن.

برایانی یەکیتی وپارتی هەموو هێزی کوردستانتان لەبەردەست دایە، دەست بکەن بە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بە پرتاو. کات درەنگە، تا ڕێژمی ئیسلامی عێراق و حەشدی شەعبی جێگایان قایم نەبووە خۆتان ڕێکبخەن. باوەڕ بە هەرڕێککەوتنێک دەگەڵ حکوومەتی عەبادی بکەن دووبارە کڵاوی قاسم سولەیمانیتان دەچێتە سەر، بۆ ترۆری قاسملووتان لەسەر مێزی وتووێژ بەدەستی ئەمانە لەبیرچۆتەوە؟ دەی ئەمانە هەمان قوماشن. هەر ڕێککەوتنییێکیش ئەگەر بکرێ مەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانان بە جیددی لەسەر خەت بن و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش چاوەدێری ڕێکەوتنەکە بکا دەنا یەک پووش

بایەخی نییە لە لای ئەوان. لەهەمووی ئەمانە گرینگتر ڕێککەوتنێک ڕێککەوتنە و سەرکەوتنی کوردی تێدا دەستەبەر دەبێ کە دوژمن و داگیرکەر ناچار بێ دەگەڵت ڕێککەوێ، بەڵام کەتۆ لە ڕووی ناچاری دەگەڵی ڕێک کەوتی بە خاترجەمی دۆڕاو دێیەدەر. دەبێ بە پێشنیارەکانی ئەوان رازی بی دەنا خۆ گێل نەبوون دەگەڵ خەڵکێک ڕێک کەون کە هێز نین، کەبوونیان نیە، ترسێکی لێی نیە. ئەگەرچی خۆزگە ئەو ئیمکانی رێککەوتنە (کەباسی دەکەن و ئەگەر هەبێ)بکەوێتە دوای ئەمەی کورد کەرکووک لەداگیرکەر پاک دەکاتەوە کە بەدڵنیاییەوە ئەو کارە نەک ناموومکین نییە بەڵکوو زۆر هاسانە.

حەشد وسوپای عێراق بە تایبەتی دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئیتربەتەواوی داگیرکەرن. خەڵکی شارەکان، لاوەکان لێیان ڕاپەڕیون. ئەوە دەبینن بە چاوی خۆتان بەدەستی بەتاڵ بەرەوڕووی داگیرکەران بوونەوە. ئیوە دەبی شەڕی داگیرکەر بکەن و ئەگەر هەر لەم دەقیقەیەوە عێراق وەک حکوومەتی ئیتیحادی سەیر بکەن هیچ گومانتان نەبێ هەموو کوردستان لەدەست دەدەن بە پانەوە.

١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---



سەرچاوە
Serchawe

## هاوارێک بۆ کوردستان

شکستێک کە سەرەتاکەی بە خەیانەتی کورد لە کەرکووک دەستی پێکرد تا ئەم چرکە ساتەش درێژەی هەیە، کوردستان کە هێزە سەربازیەکەی لە باری کەمی وکەیفی لە ئاستی عێراق دانەبووە بەڵام هێزێکی تەیار و تا ڕادەیەک کۆک و پۆشتە بووە. هێزێک بووە لە سادەترین حاڵەتی دا بۆ بەرگری لە خاک و لەنیشتمانی خۆی پەروەردە کراوە یان ئوسولەن ئەو پەروەردەیە لە منداڵییەوە دەگەڵی پێ بە پێ هاتووە. ئەو هێزە لە هیچ جێگایەک تاقە ٢ سەعات مقاومەتی نەکرد، شەڕی نەکرد. ئەگەر دەستێک خەیانەتی کرد و داری لە ڕوحی تەبایی وبرایی داو بۆ تەسویە حیسابی شەخسی و گرووهی کوردستانی فرۆشت، ئەی کوا ئەمە مەنتیقیە کە هێزەکەی دیکە لانی کەم لە هیچ ناوچەیەک بۆ یەکسەعات بەرگری نەکرد؟ دەڵێن شەڕی ببراکوژی ساز دەبوو؟ من بۆم لێکنادرێتەوە باوەڕی لام سەختە بۆ؟

ئەمەی سەرەوە باسێ ڕابردوویە و هەر رۆژەو لێمان دوور دەکەوێتەوە و وردە وردە لە زەینیش دا کاڵ دەبێتەوە. پارتی ویەکێتی شکستی سەربازی و سیاسیی گەورەیان خواردووە و هیچ گومان لەوەدانییە. بەڵام ئەو شکستە خەراپترین جۆری شکستە، شکستێکە کە هەموو هەست ونەستی خەڵکی کوردی دەگەڵ خۆی وێران کرد. ئیرادە و باوەڕ بەخۆ بوونی لەناویان دا ڕووخاند، ئەگەرهەرچی زووتر لە شوێنێکرا هەستانەوە دەست پێنەکا بەدڵنییاییەوە زۆر نابات کە هەولێر و سلێمانی و دهۆک حەشدی شەعبی تەراتێنی تێدا دەکات.

ئەمەی دوێنێ دیتمان وردە وردە دەبێ مێژوویەک کە باوەڕ ناکەم بۆ هەتا هەتایە وپارتی ویەکێتی لەبنی بێنە دەر، بەڵام هێشتا دەرفەت ماوە بۆ ئەوەی کوردستان و خۆشتان لە نابووتی و تەفروتونا بوون ڕزگار بکەن وبپارێزن.

ئەمەی ئەوڕۆسبەی دەیبینین ئەمەیە سەرەتاکەی لەکۆنفرانسی رۆژنامەوانی بەردەم پارێزگای کەرکووک و بەرپرسە سەربازیەکانی شاری کەرکووک دا ڕێگا نەدرا بە زمانی کوردی تەنانەت پرسیار بکرێ، یانی زمانی کوردی یاساخ! ئیتر ئەمە پەیامێکی ڕوونە بۆ پارتی، بۆ یەکێتی، بۆ گۆڕان و شیوعی و بۆ یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی.

ئاییندەی هەر هەمووتان لەو ولاتە بێدەنگ کردن و خامۆش کردنە. ئەو ڕێژیمە دەقاودەق کۆپی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانە بەو تەفاوەتەی هەر لە دەسپێکدا هەموو تەجرەبەکانی حکوومەتی فاشیستی تارانی لە پێشدانراوە و ئیتر تەنیا بواری پیادەکردنی دەوێ.

ئەگەر پارتی ویەکێتی دڵیان بەوە خۆشە کە بەرێککەوتن دەگەڵ فلان گرووپی حەشدی شەعبی فلانە شوێن تەسلیم دەکەن و دوای لێتان دەگەڕێن ئاسوودە بن خەیاڵتان خاوە. هیچ گومانتان نەبێ بست بەبستی ئەو کوردستانەیان دەوێ و دەستی بەسەر دادەگرن ئەگەر بیرێک لەخۆتان و لەخەڵک نەکەنەوە.

## ڕیکارەکان

دەس بەجێ هەردووک لاتان دان بەشکستەکە دابنیین و هەرچی زووتر پارلەمان کارا کەنەوە، پارتی ویەکێتی وگۆڕان ویەکگرتوو و شیوعی و کۆمەڵ... کۆببنەوە، بەلێکدانەوەی ئەو وەزعە بیرێک لەو کوردستانە بکەنەوە. هەمووتان لەو شکستەدا تاوانبارن نەک بەرپرسیار، کۆمەڵ و گۆڕان لە یەکێتی وپارتی پتر، ئاخر ئێوش بۆ وێرانکردنی ڕووحی تەبایی وبرایی کورد کەمتان نەکرد.

دابنێشن و بەهەوبای ئەمریکا و ئێران و تورکیا مەبن، دابنێشن وئەوەی هەیە ئەویش لەدەست مەدەن سبەی شەق شەقێنتان پێدەکان ئەگەر لای تۆ گۆڕان ویەکێتی وپارتی فەرقی هەیە لای ئەوان ئێوە هەموو یەکن، کوردن، ئێوە تەنیا بۆ "نعم" سەیدی دروست کراون لەو ولاتە نەک بۆ شتی تر، دوێنی هەمووتان عەقلیەتی بەعسیەکانی نوێ، هی داعشەکانی تازە، هی حکوومەتی ئیتیحادیتان دی و قسەکانی عەبادیشتان گوێ لێبوو. ئیتر خۆتان دەزانن دڵنیا بن ئەوەی لە حکوومەتی بەعسستان دی خەراپتری لەمەیان دەبینن.

١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---



سەرچاوە
Serchawe

# ئایا پارتیش خەیانەتی کرد؟

هێشتا مەرەکەبی بەڵگەنامەی نێوان پارتی و یەکێتی لە دانیشتنەکەی دووکان وشک نەبوو بووە کە لە گەرمەی شەڕی بەرگری لە خاک و نیشتماندا یەکێتی بە ڕێککەوتنێکی ژێربەژێر دەگەڵ قاسم سولەیمانی فەرماندەی سپای پاسدارانی ئێرانی و دەگەڵ هادی عامری فەرماندەی حەشدی شەعبی کەرکووکی دڵی کوردستانی لە پیلانێلی مەترسیدار و لە خەیانەتێکی مێژوویی کەموێنەدا تەسلیم بە عێراق و بە حەشدی شەعبی کردەوە. بەو کارەشی بە ڕواڵەت هەموو خۆزگەو ئاواتەکانی کوردی بۆ سەت ساڵی دیکە لەگۆڕ نا.

یەکێتی بە فرۆشتنی کەرکووک و ئەنجامدانی خەیانەتێکی سامناک جگە لە تازیەبار کردنی کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان زەبرێکی کاریگەریشی لە پارتی دا کە ئاڵاهەلگری ویستی سەربەخۆیی و ئەنجامدانی ڕێفراندۆم بوو. ئێستا ودوای ئەم کارەساتە تا ئەم چرکە ساتەش ئاسەواری سیاسەتێکی ڕوون لە سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەدی ناکرێ ئەو سەرکردایەتیەی مەسعوود بارزانی ڕابەری دەکات و ئیتر بە کردەوە دەبێ یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵی دەگەڵ نەبێ.

ئەمرۆ لە هەواڵەکان دا دەبیسین کە ئیتر هەموو ناوچە دابڕاوەکان بە شنگالیشەوە بێ تەقە تەسلیمی حکوومەتی داگیرکەری بەغدا کرانەوە و ئیتر بە ڕواڵەت پرۆژەی شکستی خۆزگەکانی کورد گەیشتە کۆتا. لەم نێوەشدا لێشاوی جنێو وسووکایەتی بەرەورووی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بۆتەوە بە تایبەتی لە تویتی بچووک بچووک دا نووسەران لە فەتیس بووک و باقی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لێشاوی بێڕێزی کردن بەرەورووی بارزانیش دەکەنەوە کە تا چەند ڕۆژ لەمەوبەر ببوو بە سەرکردەیەکی مەیدانی ونەتەوەیی کوردان. دیارە بەشێکی بەرچاویان بە بەئانقەست وبۆ داپۆشینی ئە تاوانە مەزنەی یەکێتی کەرکووک فرۆشان وکەمکردنەوەی خەیانەتی سامناکی تەسلیمکردنەوەی کەرکووک قورسایی هێرشەکانیان بۆسەر پارتی وبارزانی زیاتر کردووە.

ئایا ئیتر ئەمە کۆتایی خەتەو کورد و سەرکردایەتی سیاسیی کورد دۆڕاوی سەرەکی سیاسەتن و کورد بۆ هەتا هەتایە پشتی شکا و تازە لە بن باری ئەوخەیانەتە ڕاست نابێتەوە؟ ئایا پارتی لەمەی کە ئێستا دەیکا هیچ ڕێگەیکی دیکەی لەبەر بوو؟

لێکدانەوەی من بە پێچەانەی خەڵکی دیکە وا نیە، دیارە تا ئێرە یەکێتی خەیانەتکارترین هێزی سیاسیی کوردی بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆی بەسەرکەوتوو دەزانی هەڵبەت نەک هەمویان بەلکوو بنەماڵەی تاڵەبانی بەتایبەتی، دەنا وابزانم ئەو

تازیەو ماتەمینە لە ناو سەرکردایەتی و هەموو ڕیزەکانی یەکێتیشدا بە بۆنەی ئەو خەیانەتە گەورەیە وجوودی هەیە. جگە لەمە وئەگەرچی پارتیش تا ئێرە دۆڕاوی سەرەکی ئەمە پیلانەن نێوەدەڵەتەتیە بووە بەڵام خوێندنەوەی من بۆ ڕووداوەکان وا نیە و ئەوە نیە کە دۆستان لێرەو لەوێ باسی دەکەن.

پارتی گورزێکی گەورەی وێکەوت لە پیلانێکی مەترسیداری قاسم سولەیمانی و بە دەست تێکەڵکردنی یەکێتی لەو پیلانەدا. ئەو دوو ڕێگای لەبەر بوو، یان شەڕی مان ونەمان بکات کە ئەوکات بێگومان دەبوو دەگەڵ یەکێتیش شەڕی براکوژی دەست پێبکاتەوە یان ئەویش هێزەکانی خۆی بپارێزی و خۆ قایم بکات و تۆپەکە بخاتە مەیدانێکی گەورەتری سیاسەت کە بەتەنیا ئیتر کاری ئەو نەبوو.

پارتی شنگالی چۆل کرد. شنگال ئەو شوێنەیە کە هەموو ئەو کەسانەی ئێستا چۆلکردنی شنگال بەخەیانەت دەزانن هەر چەند مانگ لەمەوبەر دەیانکوت ئێران هەموو هەوڵی ئەویە کە شنگال و چیای شنگال وەدەست بێنێ. تا لەوێوە هەم بەسەر سووریەدا و هەمیش بەسەر ئەو چیا شتراتیژیەدا زاڵ بێ کە دەتوانێ هەڕەشەی جیدی بۆ بۆ دروست بوونی ئیمراتوریەکی شییعە. ئەویش یەکەم هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیا کە ئیمپراتۆریەکی شیعە لەبن گوێ خۆیدا بینێ کە پاڵپشتی سەرەکی ئەسەد و پ ک ک یە. دووهەم مەترسی گەورەشە بۆسەر ئیسرائیل وبۆسەر وبۆسەر هەموو بەرژەوندیەکانی ئەمریکا کە هەم دەریای خوێنی بۆداوە و هەمیش بە تیلیارد دۆلاڕی خەرجی بردنە پێشی سیاسەتەکانی ئەمریکا کردووە لەو ناوچەیە.

ئیتر ئەمریکا بەو سیاسەت گەمژانەیەی لەبارەی کورد گرتییەبەر بەو سیاسەتە فاشیلە لەو ناوچەیەدا گەورەترین هاوپەیمانی خۆشی تا ئەم چرکە ساتە لەدەست داوە. کەوایە ئیتر مەیدانی ئەو سیاسەتە بەتەنیا هی پارتی نابێ و هەموان دەبێ ئەوجار خەمێکی جیدی لێبخۆن یان ئیتر ناوچەیەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ بەدەستی هیلالی شیعەوە و بێ و چاوەڕوانی شەڕێکی گەورەی ناوچەیی یان تەنانەت گەورەتریش بین لە داهاتوودا.

بەڵێ پارتی بە چۆل کردنی شەنگال کە هیچ گومانی تێدا نیە شکستی سیاسیی و سەربازییە بۆ ئەو بەڵام یەکەم تۆڵەی لەو وڵاتانە کردەوە کە بە ئاشکرا و بەبەرچاوی ئەوانەوە کوردستان بە پیلانی ئێران و هیلالی شیعە داگیرکرایەوە. دوهەم ئیتر ئەو بۆ بەرژەوەندی ئیقلیمی نابێتە کەواسووری بەرلەشکر وشەڕی ئێران وعێراق و یەکیتی و پ ک ک شی پێناکرێ.

جگە لەو پیلانە کە تائێستا دیتوومانە من لەوە دڵنیام ئێران هەوڵی ئەوە دەدا کە بۆ هەمیشە خۆی لە کۆڵ تاقەبەربەستی سیاسەتەکانی لە دەوروبەری سنوورەکانی واتە پارتی وبارزانی بکاتەوە، بۆیە هیچ بەدووری نازانم کە جارێکی دیکە سناریۆی شەڕی براکوژی و هێرش لە چەند لاوە بەهاوکاریەکێتی ولایەنەکانی دیکەو حەشدی شەعبی بۆسەر پارتی لەئارا

داهەبێ. ئەگەرچی بە کشانەوەی لە شنگال تا رادەیەک هەم خۆی و هەم هێزەکانی کۆ کردەوە وئەو مەترسیەشی لەسەر خۆی کزکردەوە بەڵام دیسان ئەو سناریۆیە بە قووەت هەیە و ئیمکانی ئەوەش هەیە کە ئەو پیلانەی قاسم سولەیمانی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە کە ئیتر هەموو زوومی کێشە ئەتۆمیەکانی ئێران بەو کارە وبۆ ماوەیەکی دیکە لەسەر خۆشی لادەچێ و ئامانجەکانیشی چ بیتە دی وچ نەیەنە دی چ زەرەر لەو نادەن و تەنیا نەیاران و بەرهەڵستکارانی تووشی زەرەر دەبن.

ئیتر هاوڕێی وهەڤالی بەڕێزم ئەگەر پێتوایە ئەو نووسینە پاکانەیە بۆ شکستەکانی پارتیش کە من سەتا سەت پێم شکستە بەڵام بە خەیانەتیان نازانم، ئەوە کەیفی خۆتە، ئەگەر پێتوایە ئەو نوسینە هیچ خاڵێکی تێدایە کە بۆ لێوردبوونەوە بێ دەست ڕاگرەو بیر بکەوە و سەبرێ بگرە، مەودا بۆ جێیودان زۆرە. مەیدانی سیاسەت ئەویش لەناو ئێمەی ماڵوێرانی هەناسەسارد دا لە ناو کوردی بێ کەس کە هەمیشە خەنجەری خەیانەت ئەوی لە ئامانجەکانی دوور خستۆتەوە یەکجار ئاڵۆز و تەماوییە. هەر بۆیە دەکرێ ئەو بۆچوونەی منیش هەر خەیاڵ بێ و هەر هیچ بایەخی نەبێ لات، ئەو کات دەتوانی لە جنێودانەکانت بەردوام بی بە من و بە هەر کەس کە پێت خۆش بوو کە بەشێکی زۆری توڕەیی و جنێوەکانیشت بە ناهەق نازانم.

١٧ی نۆکتۆبەری ٢٠١٧

## بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی، بۆ یەکێتیە کوردستان فرۆشەکان

٦١ ساڵم تەمەنە و لە هەموو ژیانمدا بە قەدەر ئەو چەندڕۆژە خەمبار نەبووم. من لە دوورەوە و لەهەندەران، لەو ڕۆژەوە کە کەرکووکتان فرۆشت تا بە ئەمڕۆ هەموو ڕۆژێ سێ جارم شین گێڕاوە. شین گێڕانم بۆ ئەوە نەبوو کە کورد کەرکووکی لەدەست دا، بۆ ئەوە نەبوو کە خەونی سەتان ساڵەی باب و باپیرانمان لە گۆڕ نرا، شێنگێرانم بۆ ئەوە خەیانەتە بوو کە ئێوە لە کورد و کوردستانتان کرد. دەنا لە شەڕدا شکستیش هەیە و سەرکەوتنیش.

بە گۆڕی هەموو شەهیدانی کوردستان ئێوە شەهیدانتان لە گۆڕیشدا شەرمەزار کرد، بە گۆڕی پێشەوا، قاسملوو، بارزانی، مام جەلال ئێوە سەری ئەوانیشتان لە گۆڕدا شۆڕ کرد، خۆ وەنەبێ نەیزانن دڵنیام هەرچی کردووتانە بۆتان پینە ناکرێ، خۆ دەزانم تازە ریسوای هەموو مێژوو بوون ، خۆ دەزانم هەرخەریکن بە تەماع وەبەرنان، بە دڵدانەوە، بە فریودان، بە درۆو کڵاولەسەرنان دەتانهەوێ قورسایی باری خەیانەتتان دەگەڵ خەڵکی دیکە بەش بکەن ولەو ڕێگایەش دا خەڵکی نەفەس نزم کەم نین، هاوبەشتان دەبن، ئەی ئەوە نییە سەعدی ئەحمەد پیرە چۆن پاساو بۆخەیانەتتان دێنێتەوە؟ ئەوەی کەدەبوو مامۆستای کوردایەتی با بۆ نەوەی داهاتوو! خەریکە خەیانەت دەکا بە کولتوری باو نیشتمانفرۆشی دەکا بە تاکتیکی سیاسیی! دەی کوا لەناو بەشێک لە کورد دا شەڕافەت وکەرامەت ماوە؟

بەڵام لەبەرامبەر دا هێشتا شێرەکەی کەرکووک ئومێدە، گەنجەکانی کورد ئومێدن، پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی شەرەفمەند وبەویژدانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئومێدن، ئەو جار بە گۆڕی ئەو شەهیدانە واتان بۆناچێتە سەرێ. خەڵکی ناو یەکێتی دەبێ خۆیان لە ئێوە کوردستان فرۆشان بەری بکەن، حاشا بکەن کە لە ئێوە نین، ئەوان دەبێ خۆیان لەو خەیانەت و لەو حەیاچوونە بە دوور بگرن، ئاخر بەرنامەی سبەینێی ئێوە ئەگەر بۆتان بکرێ ئەمەیە کە بە هاوکاری حەشدی شەعبی سەراسەری کوردستان لە شەڕی براکوژی دا نوقم بکەن و حەیاچوونێکی دیکە تووشی کورد بکەن.

ئێوە ئەی نیشتمانفرۆشان چەند ڕۆژە هەر چوارپارچەی کوردستانتان تازیە بار کردووە، من ئاگام لەڕۆژهەلاتە خەڵک بە کۆمەڵ دێنە بەردەرگای ماڵەکانیان و وێکڕا شین دەگێڕن، ئاگاتان لێیە چ شانازیەکتان بۆ گەلەکەتان تۆمار کردووە؟ ئەی فرمێسکی ئەو گەنج ولاوانەی کوردتان نەدیت کە لەسەنگەرەکان کێشابووتانە دواوە چلۆن ئاوری دەهەناوی دایک و خوشکی پێشمەرگەوشەهیدانی کورد بەردەدا؟ ئێوە گەورەترین، هونەرتان، هەدیەتان، تازیەبارکردن و دڵشکاندن و ڕووخاندنی کورد بوو! تەماشا چ شانازیەکی گەورەتان خوڵقاند بۆ بنەماڵەی تالەبانی و بۆ یەکێتی و بۆ کورد؟! دەبزانن عەرەب و فارس و

تورک چۆن سەیری کورد دەکەن، بزانن کوردتان لە هەموو کوردستان و جیهان چۆن شەرمەزارو سەرشۆڕ کردووە! ئاخر کەس هێندەی ئێوە خەیانەتی لە نەتەوە نیشتمانی خۆی نەکردووە.

بەڵێ جارێ ئێوە هێشتا بەخۆتان نەزانیوە، ئێوە ئەو کەسانە بوون کە دەتانگوت ٣١ی ئاب پارتی خەیانەتی کرد؟ جا ٣١ی ئاب لە کوێ و ١٦ی ئۆکتوبری ڕەش لەکوێ؟ پارتی لە ٣١ی ئاب دوژمنی کوردانی هێنایە سەر دوژمنەکەی خۆی، هێنایە سەر حیزبێک کە شەڕی دەگەڵ بوو، لەیەکتریان دەکوشت، بەڵام دیسان مێژووی خۆی ڕەش کرد، دەی تۆ داگیرکەرت لە دوای بڕیاڕی ڕیفراندۆم و دەنگی بەڵێ ٧/٩٢ لەسەدی خەڵکی کوردستان هێنایە سەر برا و هاوپەیمان و هاوحیزبی و هاوسەنگەری خۆت؟ لەگەرمەی شیرێ نیشتمانیدا خەیانەت کرد. ئایا لە هیچ داستان و ئەفسانە و لە مێژووی هیچ گەل ونەتەوەیەکی دیکە نموونەی لەو چەشنەتان پێشک دێ؟ ئەوە بوو "شۆڕشی نوێی ئەمجارە" کە بەڵێنیتان بە گەنج و لاوەکان دەدا؟!

بەڵێ جارێ ئێوە هێشتا بە خەیانەتی خۆتان نەزانیوە. ئێوە هێشتا بە خۆتان نەزانیوە وهیشتا شیعەو دۆستەخوێن شیرینەکەتان قاسم سولەیمانیتان نەناسیوە، ئەگەر بەرۆژی ڕووناک دوای جێبەجێ بوونی کارەکانیان بە بوووکیان نەبردن هەرچی ئێوە کردووتانە هەفتانە، هەفتانە نیشتمان و خاک و قودسی کوردستانی مام جەلال واتە کەرکووکتان بە ڕەزیلترین وبێویژدانترین ودڕندەترین بوونەوەری سەرزەوی واتە سپای پاسدارانی ئێرانی و حەشدی شەعبی فرۆشت. ئیتر لەمڕۆڕا ئەی یەکێتیە نیشتمانفرۆشەکان، ئەی حەشدی تاڵەبانی، ئەوەی کەس بێ و ئەوی کورد بێ و ئەوی مرۆڤ بێ نابێ حیسابی کوردبوونتان لەسەر بکا، هاشا ئێوە لە نەوە ونەتیجەکانی خومەینی و خامنەیی و قاسمی سولەیمانین وئێوە کوڕانی مالیکی ونەوەکانی عەبادی و قەیس خەزعەلین، حاشا حاشا ئێوە کورد نین. کورد هەترگیز خەیانەتی وا لە هاوڕەگەز و لە هاوزمان و لە نیشتمانی داگیرکراو ناکات.

٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## لە کاناداوە پەیامی کوردێکێ بێ وڵات و بێناسنامە بۆ دەنگدەرانی باشوور

خوشک وبرایانم، ئەندامان ولایەنگرانی حیزبە سیاسیەکوردستانیەکان بەگشتی، پارتی، یەکێتی، گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووو شیوعی و سۆسیالیت و.... جودا لە حیزب بیر لە خاک و لەنیشتمان بکەنەوە. بیر لەوڵات و لەسەربەرزی و سەرفرازی بکەنەوە.

کوڕان و کچانی باشووری گلێنەی چاو، دایکان وباوکان، ئێوە سبەی مێژوویەک دەنووسنەوە چارەنووسی نزیک ٤٠ میلۆن کورد لەسەر ئەوبناخەی دەنگانەی ئێوە دەنووسرێتەوە، ئێوە هیوا و هۆمێدی هەر ٤ پارچەی کوردستانن، ئێوە مەشخەلێکن لە دڵی ساردەوەبووی ڕۆژهەڵات کە لە ژێر فاشیزمێکی مەترسیداری بێڕەحمدا چاوی هێواو هومێدیان بڕیوەتە ئێوە.

ئێوە بە دڵنیاییەوە گوڕوتینن بۆ کچان وکوڕانی شەڕوان لەڕۆژئاوا، ئێوە هیوا و هومێدیان لە ناخیدا دەکەن بە دەریا و شەپۆلەکانی ئازادی ڕووحیان زیاتر خۆ لەکەناری ئازادی دەدات.

ئێوە سبەی لە باکوور و لە ناوشار دەبنە هەناسەی سەلاحەدین دەمیرتاش و سەری بلێندی لەیلازانا و عوسمان بایدەمیر بڵێندتردەکەن و لەشاخ گریلا بەهێزتر دەبێ بە بیستنی دەنگی میلۆن کوردی ڕاپەریو لەدەست زوڵم و زۆرداری داگیرکەران.

گەلی خەباتکاری باشوور، ئێوە سبەی بەرهەمی ڕەنج و خەباتی چەندین ساڵەتان دەچننەوە، ئێوە ڕووحی خنکاوی هەڵەبجە مەسیح ئاسا زیندوو دەکەنەوە و لەسەر هەر گۆڕێکی بە کۆمەڵ و تاکی ئەنفال سروودی کوردستان نیشتمانی جوان، هەربژی بەشادی، سەربەستی وئازادی، بەرز دەکەنەوە. بەڵێ ئێوە سبەی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازاد تەنیا بە ئیرادەی خۆتان و بە بوێری سەرکردە ئازا و کوردۆپەروەکانتان بنیات دەنێن و من لە سبەی را ئیتر کە لێم بپرسن خەڵکی کوێێ بەسەربڵێندییەوە دەڵیم کوردستان، دڵنیام ئەوانیش نالێن کوردستان کوێیەو منیش هیچ پیویست ناکات بۆیان تەشریح بکەم وبۆیان شیکەمەوە کە کوردستان ئاوایە و ئاوها... ئەوان دەزانن کوردستان ئەو ولاتە نوێیەیە کە سەرەڕای موخالیفەتکردنی هەموو جیهان تەنیا بە ئیرادەی خۆیان بڕیاڕیان لەدروستکردنی داوە.

بەلێ بۆسەربەخۆیی کوردستان

بەلێ بۆ دەوڵەتی کوردستان

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## گۆڕان براوەیە یان دۆڕاو هەر خۆی بەرپرسە ڕۆژهەڵاتی گوناهیان چییە؟

تۆ کە نە خۆت ناسی و نەخەڵک، تۆ کە هەر بۆ تەکفیرکردنی خەڵک و حیزبی دیکە هەوڵت دا و هەرگیز لە بیری ئەوەدانەبووی کە ئەرکی تۆ چاکسازی و گۆڕانی بە هێمنی کۆمەڵگایە بەرەو ئایندەیەکی باشتر، تۆ کە کۆمەڵگات بەسەر دووبەرەی دژ بەیەکدا دابەش کرد، دەبێ چاوەڕوانی کاردانەوەی خەڵک بی، ئاخر پەروەردەکردەکانت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان جنێوفرۆشترین وبێ ئەدەب ترین کەسەکانن؟ چاکسازی کووا بەو نەفەسە دەکرێ! هەر کەس ڕەخنەی لێگرتی کردت بە پیاوی ماڵە بارزانی!

لە بن پۆستێکی کوردستان ٢٤ کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی وابزانم کاک عەولا سوور بوو باسی لە گشتپرسی دەکرد و داوایەکی زۆر ئارام و زۆر دڵسۆزانەی ئاراستەی بەرپرسانی دەڤەری سلێمانی دەکرد و لە هەمان کات دا ڕەخنەی لە بێدەنگی ئەوان دەگرت و ڕابردووی وەبیر یەکێتی بە تایبەتی دێنایەوە. ئەوەی بەری ئەو بەری بوو و بەتایبەتی گۆڕان خوازەکان جنێوی وەهایان بە شێسەوە دەکرد و دەیانبرژاند بۆچرووکی هەموو ئەو لاپەڕپەیەی هەڵگرتبوو، زۆر داوای لێبوردن دەکەم " گوو بخۆ، دایک و خوشک حیز و داکت و بابت وا و... ئێمە نۆکەری ناکەین و دەنگ نادەین بە بنەماڵەی خائین و چی و چی هەمووش بە چاشنی جنێوە خەستەکان، ڕۆژهەڵاتیش لەو جنێوانە کەمی وەبەر نەکەوت کە بەوان چی و ئەوان چیان بەو باسە داوە،... وای لێکردم دیسان بنووسم کە:

ئەو ڕەفتارە کە ئیتر بۆتە نەخۆشیەکی دەروونی بێ هیچ شک وگومانێک کولتوورێکی کار لەسەرکراوە و ئەو لایەنە لێی بەرپرسیارە کە وای لەو خەڵکە کردووە. دووهەم ئەگەر گۆڕان تا ئێرە براوە بێ و دۆڕاو کەس لێێ بەرپرس نییە خۆیان نەبێ، خۆ ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ئەمرۆ داکۆکی لە گشتپرسی دەکەن داکۆکی لە گشت پرسی بەری زەرد ناکەن داکۆکی لە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن وتەنها بە هەوڵی مێدیایی و تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بۆ پشتگیری بە هانای هەموو خوشک وبرایانیانەوە دێن و ئەوەش لای ڕۆژهەڵاتیەکان ئەرکە، خۆ ئەگەر بەوە ناڕەحەتن کە ئێستا پارتی بۆتە ئاڵاهەڵگری سەربەخۆیی کوا ئەمە خەتای ئێمەی تێدایە؟ ئێوە خۆتان نەزانن چۆن سیاسەت بکەن و مەیدان بۆ پارتی خاڵی بکەن گوناهی ئێمەی ڕۆژهەلاتی چییە؟ ئەوجار خۆ گۆڕان ڕۆژهەڵاتیەکی دەگەڵە کە بەقەدەر هەموو ڕۆژهەڵاتیەکانی هەر جنێو بە پارتی و ماڵە بارزانی داوە؟ هەموو هەفتەیەک دووجار بەو دەنگی ئەو ڕۆژهەلاتییە لە ساشەی KNN و NRT پارتی وبارزانیتان خوری شۆر دەکوتا و جنێوبارانتان دەکرد؟ ئەدی بۆ جگە لە کینەیی کردنی بەشێک لە خەڵکی خۆتان ناپرسنەوە ئەویش بە فیتی چەند کەسێکی دیار کە هەرگیز بچووکترین ئەلف و بێێ سیاسییان نەزانیوە و پێیان وابووە

سیاسەت یانی دابەش کردن و دابڕینی کۆمەڵگا بەسەر دووبەرەی دووژمن بەیکدی؟

بەداخەوە هەقیقەت تاڵە و ئێوەش کە ڕانەهاتوون گوێی لەڕەخنەی کەس بگرن و پێتان وایە هەموو کەسی ڕەخنەگری ئێوە دەبێ مواجب خۆری ماڵە بارزانی و پارتی بێ. واشتان کردووە لە خەڵکی لای خۆتان کە ئەنتەما پارتی بون شەرم بێت لە حاڵێکدا ئەگەر پارتی بوون لای هەندێ کەس شەرم بێ لای زۆران شانازییە هەر وەک گۆرانیش لای زۆر کەس شەرمەزارییە و لای زۆرانیش شانازی!

ئەوە گوناهی ئێمەی ڕۆژهەلاتی نییە کە ئێوە بەسەر کۆمەڵێ خەڵکی ناڕازیدا کەوتن و لەجیاتی بە ئاقارێکی دروست دا بیانکەن بە ئەهرومی گوشار بۆ باشترکردنی ژین و گوزەرانی خەڵک کردتانن بە گلادیاتۆر و بارەگاتان پێ سووتاندن و تالان و برۆتان پێ وەرێ خستن! ئالا و سیمبۆلی خەڵک و حیزبەکانتان پێ سووتاندن. سیاسەتی ئێوە هەمووی لەسەر دژایەتی و تەکفیرکردنی پارتی و یەکێتی داڕێژرا ودامەزرا، هەر لەبیدایەتەوە ئەوە هەموو تاکتیک و ستراتیژی ئێوە بووە، ئەوجا خۆ ئەوەی لەسەرەتاوە بەیەکێتیتان کرد سەت قات خراپتر بوو لەوەی تا ئێستا بە پارتیتان کردووە. ئەوەندەی هەوڵتان بۆ دژایەتی و دوژمنایەتی ئەو دووە داوە قەت هەوڵتان بۆ چاکسازی بنچینەیی و بە شێنەیی و مەنتیقی نەداوە. هەرچی گۆڕان بە پارلەمانتار و بە سەرکردە و کادرەوە کردبێتی هەر بۆ خۆ هەڵکیشان و خۆ بە پاڵەوان نیشاندان بووە نەک بۆ کارکردن و شوێندانەری لەسەر حکوومەت و دەسخستنی بچووکترین دەسکەوت بۆ خەڵک و بۆ دیمۆکراتیزەکردنی ولات.

بەلێ ئەوە هەقیقەتێکی تاڵە بیسەلمێن ونەیسەلمێنن ڕاستی ئەمەیە کە، ئەوکاتەی ئێوە خەڵکی خۆتان بۆ تەکفیر کردنی پارتی ویەکێتی ڕادێنا، پارتی کاری لەسەر پرۆژەی دەوڵەتی کوردی دەکرد. ئەمەیە ئەمرۆ بۆتان هەزم ناکرێ چۆن دەکرێ ئێوە کە بەخەیاڵ خۆتان پێ پێشەنگ بوو لە هەموو بوارەکان دا هێندە لە کاری سیاسیدا وەدوا کەوتبن و لەو دەسکەوتە مێژوویە بچووکترین پشکتان بەر نەکەوێ؟ لەحاڵێکدا پارتی ویەکێتی ویەکگرتوو و شیوعیەکان و... براوەی مەیدانی سیاسەتی کوردایەتین. ئێستاش کە چاوتان بە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی هەلنایە و پارلەمانتار دەنێرنە ناو بەرەی نەخێر لە ئێستیا دا!!!! خەڵکتان لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وا ڕاهێناوە هەر دەم دەکاتەوە هەرچی سووکایەتییە بەم وبەوی دەکات و بە گوتەی خۆیان ئەوان دژی دەسەلاتی بنەماڵەن؟! پشتیوانانی سەربەخۆیی بەمووچەخۆری بارزانی دەناسن و...؟ ماڵتان ئاوەدان ئەو هەمووە خەڵکەتان کردە مووچەخۆری بارزانی دەی کەوایە ئەدی ئێوە چ کارەن؟ سیاسەتتان خۆش ئەو هەمووە مامۆستا و خوێندەوارەی لە دەورتان کۆبۆتەوە لانی کەم تۆزێ لەسەر ئەخلاق ورەوشتی بەرزی کۆمەلایەتی کارتان لەسەر رەوانی خەڵک کردبا، با لانی کەم فێربووبان دەگەڵ برا هاونیشتمانیی خۆیان بەزمانە پێشکەتووەکەی خۆتان ئیدیعای دەکەن قسەیان کردبا و دوابان. بەداخەوە ئێوە ئێستاش بەرچاوتەنگترین حیزبی کوردین چون ئامادەن تەنانەت



سەرچاوە
Serchawe

سەربەخۆییش بکەنە قوربانی گرووپبازی و دەستەبازی خۆتان خەریکن دەیکەن بە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ویستە حیزبییەکان ئەگەرچی هەمووشیان لێقەبووڵکردن بەڵام ئێوە دانتان بە حەقانیەتی گەلی کورد دا هەر نەنا و تازەش ناینێن.

دەی سبەی ئەگەر کەوتنە بەر نەفرەتی خەڵک، خەتای خەڵک بگرن بەوجۆرە لانی کەم خۆتان لە تانە و تەشەری دۆستە ڕوباتیەکانتان دەپارێزن بەلام دڵنیام تا هەن ویژدان عەزابتان دەدات.

١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## کاک بەهروز گەڵاڵی بەڵێ دەوڵەت بە عەقڵ و مەنتیق دروست دەبێ

بەهروز گەلالی لە سەر ماڵپەڕی ناوەندی یەکێتی نیشتنتمانی، ئەو هێزەی هێشتا ساخ نەبۆتەوە دەگەڵ دزە یان خاوەن ماڵ بە ئاشکرا خەریکی دژایەتی ڕێفراندۆمە بۆسەربەخۆیی و زۆر ساویلکانە بەربۆتە تەبلیغ دژی ڕێفراندۆم و خەڵک بە هەڕەشەو گوڕەشەکانی تورکیە وئێران دەترسێنێ. بەڕاستی بەرلەوڵامدانەوەی گەلاڵی شەرمە بۆ یەکێتی لە گەرمەی جۆش و خرۆشی هاووڵاتیان بۆ پشتیوانی لە ڕێفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان و لەحاڵێکدا پارلەمانتارانی فراکسیۆنی سەوز گەڕاونەوە پارلەمان و دەنگیان بۆ ئەنجامدانی ڕێفراندۆم دا لە کات و دەمی خۆیدا، ئەو کەسە بێ باوەڕ و بێ متمانەیانەی ڕێگەداوە لە سەر ماڵپەڕەکەی ببن بە وتەبێژی شاسوار و خەڵکی ناهومێد بکەن ئەگەرچی دڵنیام ئەوەی بە ناهومێدی سەردەنێتەوە بەهرووز گەلاڵیەکانن.

### کاک بەهروز گەڵاڵی لای وایە:

"لەبارەی ئەو کۆبونەوەیەی ڕۆژی ٢٢ی ئەیلول، بەهرۆز گەلاڵی ڕایگەیاندووە: سەرکردەکانی کورد دەبێت ئەوە بزانن ئەو هەڕەشانەی تورکیاو ئێران و عیراق جددین و ئەگەر بەهەندی وەرنەگرن کوردستان دەکەنە گۆمی خوێن."

منداڵانەترین نوسین و لێکدانەوە کە دیبێتم تا ئێستا ئەمە بووە. کاکی برا بۆ دەنا دنیا تەویلەی برایمی کۆسەیە هەر کەس هەرچی پێی خۆش بێ دای بکا؟ ئەو دیدە و ئەو بۆچوونەت لەکوێ هێناوە و بەهاسانی کوردستانت کردە گۆمی خوێن؟

بەهروز گەلاڵی کادری یەکێتی و نوێنەری یەکێتی لە ئانکارا کە بەو دواییانە لە ئانکارا دەرکرا، دوای دەرکردنەکەی و بە گەیشتنی بۆ فرۆکە خانەی نێودەوڵتی سلێمانی و لە قسەکردنێکدا هێندەی نەمابوو بۆ تۆڵەی دەرکردنەکەی تورکیا بروخێنێ و دەیکوت دەبێ یەکێتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاردانەوەی جیددیان هەبێ بەرامبەر بە تورکیا؟ ئەو دەیویست لەسەر دەرکردنی لە تورکیا حکوومەتی هەریم بەگژ تورکیا دابکا و ئەو کات پێی وانەبوو کوردستان دەبێتە گۆی خوێن بەڵم ئێستا گەل و نەتەوەیەک هەستابێتە سەر پێێ و داوای مافی ڕەوای خۆی بکات وەک گشت پرسی ئەوا لای وایە کوردستان دەبیتە گۆمی خوێن! ئەو لە پرسی سەربەخۆیی دا بە پێچەوانەی بابەتی دەرکردنەکەی جۆرێکی دیکە بیردەکاتەوە. گەلاڵی لای وایە کە تۆ ویستت سەربەخۆیی ڕابەگەیەنی دەبێ ئێران و تورکیا و عێراق هەکەسە و دەستە گولێکت بۆ لەسەر کەشەفێکی زێڕن دادبنێن و بە پێشوازتەوە بێن؟ هاشای ئەو لێکدانەوە و هاشای ئەو خوێندنەوەیەی

ئەندام و کادرێکی بالای یەکێتی کە ماڵپەڕەکە دەڵێ کادرێکی یەکێتی نیشتمانییە؟! تەماشای ئەو کارەساتەی حیزبێکی شۆڕشگێری کوردی کە دەریای خوێنی بۆ ئازادی کوردستان لە پاشە خۆی بەجێ هێشتووە ئەمە هەڵوێستی بێ بۆ گەورەترین پرسی نەتیەوەیی ونیشتمانی؟ ئەڵبەتە ئەمە یەک لەدەیا ن هەڵوێستی دژ بەیەکی کادر و سەرکردەکانی یەکێتین کە تێیدا کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە!

بەرامبەر بەو قسە بێمانایانە دەبێ بڵێم کاکی شۆڕشگێر ئەگەر قەرار بێ من بڵێم سەربەخۆییم دەوێ و ئێران و ولاتانی داگیرکەر چ هەڕەشەو گورەشە نەکەن ئەو کاتی من بانگەشە و جۆش و خروشی خەڵکیم بۆ چ بوو، کەسانی وەک تۆم بۆچ بوو؟ یەکێتیم بۆ چ بوو؟ پارتیم بۆچ بوو، لامە لامەم بۆ لەبەر گۆڕان دەکرد کە بێتەوە ناوپارلەمان و دەستمان دەگەڵ بداتێ تا ئەو ئەرکە مێژوویە بە یەکەوە ڕاپەڕێنین؟ خۆم وەک کورد و حکوومەتی هەرێم دەگەڵ تورک و ئێران دەسازام و ئەو گێلمە گێلمەم دەگەڵ کەسانی بێباوەڕی وەک ئێوە نەدەکرد.

بەهروز گەلالی وادیارە تەنیا بۆ گەڕانەوەی بۆ ئیستانبوڵ و ئانکارا دەیهەوێ هەستی نەتەوەکەی بکاتە قوربانی، وادیارە عەجایب دڵتەنگی ئاوو هەوای ئانکارا و لێوارەکانی دەریای ڕەشە بۆ خۆ هەڵخستن لەبەر تاو.

بڕۆن ئەی بێ هیوایەکان، بڕۆن ئەی بێئیرادەکان یەخەی ئەو گەلە بەردەن، سازکردنی دەوڵەت کاری هەر کەس بێ هی ئێوە نییە، دەوڵەت لە سەر بناخەی ئیمان وباوەڕ بە خۆ بوون دروست دەبێ، لەسەر شانی هەژاران و زەحمەتکێشانی کورد دروست دەبێ، لەسەر باوەڕی ئەو کەسانە دروست دەبێ کە ئامادەن خۆیان بکەنە قوربانی بۆ ئازادی ورزگاری نیشتمان، بە فەیلەسووف و شرۆڤەکاری وەک ئێوە نا. شەرم و شوورەیی مێژوو بۆ ئێوە کە هەرکەسە و خەریکی فرۆشتنی نیشتمانە و هەرکەسەو بە هەوەسێک خەریکی ئەو سەوداو مامەڵەیەیە دەگەڵ داگیرکەران و خۆشیرینکردن لایان. بەڵام خەیاڵتان خاوە ئێوە هێشتا ئیرادە و ناخی کەلی کوردستانتان نەناسیوە، کورد بەئەنفال وبەکێمیا باران تەسلیم نەبوو و خۆی نەدوڕاند کوانێ بە قسە بێمانا و نامەنتیقەکانی ئێوە خۆ تەسلیم دەکات و واز لە سەرووەری خاک ونیشتمانی خۆی دێنێ.

کاک بەهروز گەلالی دڵنیا بن ئیوە لە دوارۆژی کوردستانی دا چ ئازاد و چ بە پیلانگێری کەسانی وەک ئێوە هەر وا ژێردەستە و ئەسیر! هەرگیز سەرتان لەبەر دایک و بنەماڵەی شەهیدان هەڵنایە، لە ئاست بەرەی داهاتوودا تەنیا شەرمەزاریتان بۆ خۆتان کڕی نەشەڕەف و شانازی.

١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## جیاوزی من و تۆ لەنێوان داکۆکی لەسەربەخۆیی و دژایەتی کردنی دا

هەر کەس بە بێ ئیدەو باوەڕێک تەنیا بۆ مۆد، بۆ سیاسەتی ڕۆژ، بۆ ڕەگەڵ کەوتنی شەپۆلەکان ڕەگەڵ هەر ڕەوتێک کەوت تووڕێکی قانگ ناهێنێ، گوڵە بەرۆژەیە و هەر ساتە ورووی لە لایەکە، جا ئەگەر ئەو کەسە لە ناوکورد دا، پ ک ک بێ یان دێمۆکرات بێ یان پارتی بێ یان یەکەیەتی وگۆران وکۆمەڵ و کۆمەڵە پاک و خەبات و....

ئیدەو باوەڕ هەر تۆ نیتە کە ڕۆژهەتا ئیواری لە سووچ و قوژبنی ئەم جیهانە دەگەڕێی دێرێک بدۆزییەوە تا لە دژایەتی گەلەکەی خۆت و بە قازانجی تەنیا حیزبایەتی بەکاری بێنی. ئەوە دژە ئیدە و دژە باوەرە، ئەو باوەڕە لە قالبدراوە، چوارچێوەیەکی تەسکی بۆ داندراوە و لەو چوارچێوەیە ناترزاێ، ئەوە باوەڕ نییە و بەرنامەیەکی کۆمپیوتێرییە و خراوەتە ناو هارد دیسکیەکە و بە پێێ ئەو بەرنامەیە پەل دەبزێوێ، کەوایە زۆر خۆت هەڵمەزووڕێنە تۆ کە هێشتا مێشکت ئازاد نییە، بیرکردنەوەی ئازادت نییە، دەربەستی ئەم وئەوی و ناتوانی وهەرگیز توانای درکاندنی یەک وشەی ئازادت نییە جگە لە چوارچێوەی سیاسەتە سەقەتەکانی حیزبە دوگمەکەت دا نەبێ، باسی خەلک مەکە و بە بادیگاردی مەشوبهێنە؟
لە نێوان من و تۆدا و لەدەرەوەی من وتۆشدا خەڵکی دیکە هەن، فارس دەلێ بلێ دۆستت کیە تا بڵێم تۆ کێی؟ کە چاو لە هاوسەنگەرانی خۆم دەکەم وئاوڕ لە هی تۆ دەدەمەوە شانازی بەخۆم وشەرم لەکاری تۆ دەکەم، من هاوسەنگەری خوشک و برای باشووری خۆمم. تۆ دایبنێ ڕاست هاوسەنگەری بارزانیم وەک پێت وایە، جا شانازی لەوە گەرەتر هەیە مرۆڤی کورد هاوسەنگەری کەسێک بێ بە ئاشکرا وبۆ یەکەم جار بانگی سەربەخۆیی کوردستان بەگوێی جیهانیان دەگەیەنێ؟ سڵ ناکاتەوە لەوەی کە بلێ کورد سەربەستی دەوێ و چیدیکە عەبدایەتی وژێردەستەیی قەبووڵ ناکات!
لەبەرامبەردا تۆ هاوسەنگەری ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێرانی، هاوسەنگری مالیکی و حەشدی شەعبی، هاوسەنەگەری حیزبوڵلای لوبنانی، هاوسەنگەری تورکیا و سووریای لەدژایەتی سەربەخۆیی کوردستان، دەی سەرەڕای ئەوەش تۆ لێم ڕژدی و بە ڕۆژهەڵاتیەکانی سەر بە باشوورم دادەنیی؟ من لە سەرلێشێواوی و لە کوردستانفرۆشیت بێدەنگم ئەوجار تۆ یەخەم دەگری و دەڵێی بوونە بادیگاردی بارزانی وباشوور؟ ئەگەر من چم لەسیاسەت زانیبێ ئەوە وڕێنەیە، وڕێنەی سەرەمەرگی ئیدەو باوەڕێکە کە لەمێژە کوردستانیانی پێ فریودەدەن، ئەوە پەلەقاژەی مەرگێکە کە جەنازەکەی بەکفنی شوورەیی مێژووە لەگوڕ دەنرێ.
بژی کورد بژی کوردستان
بەلێ بۆسەربەخۆیی کوردستان

٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# سایکس پیکۆی نوێ

## ئەم بابەتەی دەبێ دۆست و دوژمن بیخوێنێتەوە

ئەو بابەتەی خوارێ کە لە ڕۆژنامەی شەرق دا بڵاوکراوەتەوە جێگای سەرنج و تێڕامانە، بۆ خوێندنەوە دەبێ، ئەوەی من لەو بابەتەدا هەڵمکرانادبێ ئەمەیە کە ئێران سەرەڕای دوژمنایەتی سەرسەختی دەگەڵ سەربەخۆیی کورد وادیارە دەست بەردەداتەوە و تەسلیمی ئیرادەی گەلی کورد لە باشوور و سەرکردەکانی ئەو بەشە لە نیشتمانی داگیرکراو دەبێ.

ئەگەر لەسایکس بیکۆێ بەرێ کورد دابەش کرا بەڵام بە پێی ئەو لێکدانەوە ئەگەرچی دوژمنکارانەیە کەچی زۆرراستی حاشاهەڵنەگری تێدایە وئەمجارە کورد خەریکە دەبێ بە خاوەنی دەوڵەتی خۆی و سەر خاکی باب وباپیرانی یەکەمین دەوڵەتی کوردستانی بنیات دەنێ، دیارە جارێ رووی قسە لە باشوورە بەڵام لە ئایندەدا ڕۆژئاواش دێتە ناو ئەو ڕیزبەندییە و لەویش ئیمکانی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی دەبێ بە ئەمری واقع.

خوێندنەوەی ئەو بابەتە بەرچاوڕوونیەکتان دەداتێ کە ستارتی یەکەم دەوڵەتی کوردی بە ئیرادەی خودی کورد و بە پشتیوانی وڵاتە زلهێزەکان ئەوانەی لەڕابردوودا سایکس بیکۆیان بەسەر کوردا سەپاند لە مێژە لێدراوە.

"سایکس پیکو جدید

علی بیگدلی . کارشناس روابط بین‌الملل

شکل‌گیری شرایط جدید خاورمیانه به سخنراني باراک اوباما در استراليا در سال ٢٠١٤ برمیگردد که در آن، رئیس‌جمهور وقت ایالات متحده از معطوف‌شدن استراتژی جدید این کشور به شرق دور خبر داد. کاهش اهمیت و وزن خاورمیانه در سیاست خارجي آمریکا، زمینه‌ساز سردی روابط واشنگتن با ریاض و متعاقب آن تل‌آویو شد که در تاریخ ایالات متحده بی‌سابقه بود؛ رویکردي که تا پایان حضور اوباما در کاخ سفید، ادامه داشت. اما با روی کارآمدن دونالد ترامپ، این رویکرد دستخوش تغییر شد، زیرا او به‌خوبی فهمیده بود هیچ منطقه دیگری به اندازه خاورمیانه نمی‌تواند به لحاظ مالی - اقتصادي دستگیر ایالات متحده باشد. بنابراین ترامپ ضمن حفظ اهمیت شرق دور، استراتژی بازگشت به خاورمیانه را در پیش گرفت. در همین دوران، برخی کشورهای اتحادیه اروپا نیز دنبال بهره‌مندشدن از بازار خاورمیانه و به‌ویژه

عربستان سعودی بودند. خانم ترزامی در مقام نخست‌وزیر بریتانیا، در چهار ماه گذشته برای بهره‌مندشدن از بازار خاورمیانه، دو بار به عربستان سفر کرد؛ اما بعد از انعقاد قرارداد تسلیحاتی میان ریاض و واشنگتن، عملا دیگر جایی نه‌تنها برای بریتانیا بلکه برای فرانسه و آلمان هم باقی نماند. انعقاد قرارداد دست‌ودلبازانه عربستان سعودي با ایالات متحده و بازگشت قدرتمندانه آمریکا به خاورمیانه، در عمل اتحادیه اروپا را از خاورمیانه عربی دور کرده و موجبات نزدیکی اتحادیه اروپا و ایران را فراهم آورد.

از دیگر سو، با وجود حضور ۳۰۰ هزار کادر اداری، نظامی و امنیتی بریتانیایی در دوبي و مناسبات محدود فرانسه و آلمان با کشورهای عربی خاورمیانه، این منطقه، چندان متحدی استراتژیک برای اروپا محسوب نشده و نمی‌شود. علاوه بر این، بحث حقوق بشر و ماهیت غیردموکراتیک حکومت‌ها در خاورمیانه عربی نیز همواره مانعی بر سر راه کشورهای اتحادیه اروپا برای گسترش مناسبات با کشورهای عرب حوزه خلیج فارس بوده است. در مقابل، ایران به عنوان یک کشور ثروتمند و پرجمعیت که از الگوهای مصرف مدرن‌تري نسبت به کشورهای عربی برخوردار است، حکم یک شریک تجاری و سیاسی مطلوب‌تر را برای اتحادیه اروپا داراست. به همین خاطر، اروپا بیش از پیش به سمت ایران سوق داده شد. خواست امانوئل مکرون، رئیس جمهور فرانسه، از دونالد ترامپ برای معاف‌کردن شرکت‌های فرانسوی از تحریم‌های جدید ایران نیز در همین راستا معنی پیدا مي‌کند. بنابراین آرایش جدید قوا در خاورمیانه، با نزدیکی واشنگتن و ریاض در یک سو و نزدیکی اتحادیه اروپا و ایران در سوي دیگر،

رقم خورده است.

تمام گزینه‌های تجزیه

با توجه به تحولات اخیر ازجمله بحران سوریه و خواست اقلیم کردستان براي همه‌پرسی، تجزیه در دو یا سه کشور خاورمیانه گریزناپذیر خواهد بود. با وجود مخالفت ایران و ترکیه، تردید چندانی در عملی‌شدن استقلال اقلیم کردستان باقی نخواهد ماند. سوریه نیز وضعیت مشابهی دارد. افزایش میزان حضور آمریکایی‌ها در سوریه در کنار ایجاد یک همکاری نزدیک میان آمریکا و داعش در مقابله با ایران، احتمال تجزیه سوریه را قوت مي‌بخشد. با توجه به فرسایشی شدن بحران سوریه، پیش‌بینی می‌شود این بحران تا پیش از پایان سال ۲۰۱۷ میلادی، به پایان برسد. در همین رابطه، عربستان سعودی برای اجرائی شدن قرارداد ۳۸۱ میلیارددلاری با ایالات متحده، دو پیش‌شرط گذاشته است که یکی از آنها، حل بحران سوریه است. عربستان که از ابتدا خواهان کنار رفتن بشار اسد بود، حالا در یک چرخش ۱۸۰ درجه‌ای، خواهان ماندن اسد در قدرت شده است. در واقع هدف سعودی‌ها و آمریکای‌ها از نگه‌داشتن بشار اسد، دورکردن او از ایران و در نتیجه متمایل‌شدن اسد به سمت دنیای عرب و آمریکاست که این مسئله میتواند زمینه را برای تجزیه آرام و تدریجی سوریه



سەرچاوە
Serchawe

فراهم آورد. با این اوصاف، ما در آیندەای نەچندان دور، شاهد ایجاد یک سایکس - پیکو جدید خواهیم بود کە در آن، عراق و سوریه قطع به یقین در شکل قبلی خود ادامه حیات نخواهند داد.

چنین امری حتی ترکیه را نیز تهدید می‌کند. ترکیه سال‌هاست که با معضل کردي دست‌به‌گریبان است و به‌تازگی نیز رهبران جنبش کردي در این کشور، با محدودیت‌هایی مواجه شده‌اند. در نشست اخیر گروه ۲۰ در آلمان، آمریکایی‌ها از ترکیه خواستند برای حل معضل کردها که دولت مرکزی آنها را تروریست می‌داند، به کردها اجازه جدایی دهد. بنابراین زمزمه‌هایی برای جدایی و استقلال کردهای ترکیه نیز وجود دارد و بعد از استقلال اقلیم کردستان در عراق، می‌توان انتظار تسری و تعمیم این خواست استقلال به ترکیه را نیز داشت. از دیگر سو، نباید از حمایت‌های آمریکا از کردها در شمال سوریه نیز غافل شد. در پرتو چنین تحولاتي و با توجه به این موضوع که تشکیل یک کشور کردی از پیش از جنگ جهانی اول مطرح بوده است، حرکت تدریجی و گام‌به‌گام به سوی تشکیل یک کشور کردی در این منطقه، چندان دور از انتظار نخواهد بود.

در تحلیل کلان، این تلاش و تجزیه برای اتحادیه اروپا و ایالات متحده میتواند حداقل به لحاظ اقتصادی مطلوب باشد. از لحاظ دیپلماسی اقتصادی، هرچه بازارها متنوع‌تر و متکثر باشد، به نفع نظام سرمایه‌داری است. یکی از دلایل شکل‌گیري پیمان سایکس - پیکو در سال ۱۹۱٦ میلادی، تجزیه عثمانی به ۱۵ کشور و متعاقبا ۱۵ بازار جدید بود. انتخاب اقلیم کردستان برای رقم‌زدن سایکس - پیکوی جدید خاورمیانه، به نظر حساب‌شده بوده است. اقلیم کردستان که از الگوهای مصرف نسبتا مدرنی برخوردار است، می‌تواند جایگزین دوبی شده و حکم پایگاهی مستحکم را براي آمریکایی‌ها پیدا کند. از دیگر سو، در زمان بوش پسر نیز صحبت‌هایی درباره خاورمیانه بزرگ مطرح شد. منظور از خاورمیانه بزرگ، نه به لحاظ جغرافیایی بزرگ بلکه هدایت خاورمیانه به سمت الگوی دموکراسی غربي بود. در شرایط کنونی، اقلیم کردستان با توجه به فعالیت احزاب سیاسي، حاکمیت سکولار و ارتقای شاخص‌های لیبرالی، از نظر آمریکایی‌ها گزینه مطلوبی برای پیشبرد و تحقق ایده خاورمیانه بزرگ است."

۲۲ی ئاگۆستی ۲۰۱۷



سەرچاوە
Serchawe

# ئەمن دەیڵێم و بێباکم

## با بەشەهامەتەوە پشتوانی بارزانی بین

لەوە مەترسێ پێت بڵێن پارتی و پاراستن دڵنیا بە یەکێتی بوون و گۆڕان بوون و کۆمەڵی ئیسلامی بوون و یەکگرتوو بوون ئەگەرشانازی بن پارتی بوونیش شانازییەو ئەگەر لەوان زێدەتر نەبێ چی لەوان کەمتر نییە. ئەوجار زۆربەی مەمانان بەڕاستی هەر قوونەبانی حیزبایەتیمان نییە و حیزبایەتی بەڕاستی لەو دەورزەمانەیە کاری هەموو کەس و یەک لەوان من نییە. دەی کەوایە ترست لە قسەی هاتەران پاتەرانی هیچ کەس و لایەنێک نەبێ ڕاستیەکان وەک خۆی باس بکە.

ئەمڕۆ دیسان بارزانی نیشانی دا کە تەنیا ڕێبەری کاریزمایە کە دەتوانێ لانی کەم ئەو قۆناخە ئاستەمەی ئێستا بەسەرکەوتنەوە بەرێتە سەر بە شەرتێک پشتیوانی بین، وەرن هەموو ئەو کەسانەی دڵیان بۆ مافی نەتەوەیی لێدەدەا و دڵیان بۆ سەربەخۆی کوردستان لێدەدا لانی کەم تا ڕۆژی دوای ئەنجامی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پشتیوان و هاندەری بین بۆ ئەوەی ئەو قۆناخە بەسەرکەوتن بەرێتەسەر و یان بستێک لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد پاشگەز نەبێتەوە.

ئیتر کورد دەبێ بڕیار بدا و ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە خۆی یەکلایی کاتەوە. ئەگەرخوازیاری سەربەخۆیی هەم پشتیوانی سەرۆک بارزانی بن هەمیش هاندەری بن بۆ ئەوەی یەک بست لە مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پاشگەز نەبێتەوە، ئەو قسەیەم تەنانەت دەگەڵ نەیارانی بارزانییە ، ئەوانەی کە باوەڕیان وایە بارزانی بۆ وەدەست خستنی پارەی زیاتر و تەبلیغاتی حیزبی ئەو دەنگۆیەی وەڕێ خستووە دەنا ئەو بەڕاستی نییە، وەرن ئێوە مەردی ئەو مەیدانە بن و ئێمەش ڕەگەڵتان دەکەوین تا نەهێڵین نەک بارزانی هیچ سەرکردەیەک زەڕرەیەک لە مافی گەل بۆ سەربەخۆیی پاشەکشە بکات.

ئەوەی دیارە تا ئەم چرکە ساتە وێڕای ئەوەی ١٦ حیزب بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیان لە کاتی دیاریکراودا پەسەند کردووە تەنیا پارتی وبارزانیە کە شێلگیرانە و بێ پێچ و پەنا ئەو مافە بەڕەوا لەسەر بڕیارێ ڕیفراندۆم لە کاتی خۆیدا سوورن. ئیتر نابێ کەس باکی بەوە بێ کە تەبلیغاتی ژاراوی ئەم وئەو چی لەبارەیدا دەڵێین، نابی ئە شانتاژ و تەبلیغاتە کاری لێبکا، کورد هەل و دەرفەتی لەمە زێڕینتر و ئاستەمتری لە مێژوودا لێهەڵنەکەتووە کەوایە هەر کام لە ئێمە لەم دەقیقەیەڕا بەرپرسین لەوەی لەداهاتوودا ڕوودەدا، لەسەرکەوتن ولە تێشکان.

بژی کورد بژی کوردستان

بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## کاک شاسوار عەبدولواحید ئاگات لەخۆت بێ دەتکوژن ...

دوێنێ خەریک بوو بنووسم شاسوار عەبدولواحید ئاگات لە خۆت بێ دەتکوژن، هەر بەڕاست نیگەرانی بووم و ئێستاش ئەو نیگەرانیەم هەیە، ئاخر من کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ژیاوم وماوەیەکیش زیندانی ئیدارەی ئیتلاعات بووم و بۆ چەند ساڵێکیش لە ژێرچاوەدیری دابووم دەزانم ئەو ڕێژیمە چەندە فێڵباز وبە فرت وفێڵە.

ڕێژیمی ئێران یەکەم دوژمنی سەربەخۆیی کوردە لە هەر کوێ بێ، یەکەم ئەوە فەلسەفەی وجوودی ئەو ڕێژیمەیە دووهەم ئەو دەزانێ لەهەرکوێیەک کورد بە مافی چارەی خۆ نووسین بگات ئەوا هەر بەڕاستی مەترسیە بۆسەر ئێران و لەئایندەدا بە سووکترین بزووتنەوەی جەماوەری درزێکی گەورە دەکەوێتە ناو ئەو ڕێژیمە وئەو دارشتە جوگرافییاییە دەسکردە.

ئێران دەزانێ کە هەرچەشنە درز تێکەوتنێک یانی دارمانی ئێران و هەڵتەکانی ئەو نەخشە و خەریتەیە کە بە زۆر چەن وڵات و خاک ونیشتمانی غەیرە فارسی خستۆتە ژێرڕکێفی خۆی، ئەو دەزانێ دەس بەجێ تورک و بلووچ و عەرەب و تورکەمەنی لێرادەپەرێ و خۆی دەمێنێ و لووت و گوێچکەی!

بۆیە ئێران هەم دوژمنترین ڕێژمە بە نیسبەت کوردەوە و هەمیش مەترسیدارترین دوژمنە، ئەو لە پیلانگێری لە کاتی پێویستدا شارەاو کارامەیە ئاخر لە بنەڕەتڕا ئەو حکوومەتە بەر لەوەی حکوومەتێکی سیاسیی بێ حکوومەتێکی ئەمنیەتی وسەربازییە و هەموو سیاسەتەکانی هەر لەسەر پیلانگێری لێرەو لەوێ بنیات دەنرێ.

لەسەر ڕێفراندۆمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین لێدوانەکانی بەرپرسانی ئێرانمان دیوە وبیستووە، ئەوان بە ئاشکرا دەڵێین ڕیگا نادەن ڕێفرامدۆم سەربگرێ. پرسیار ئەمەیە چۆناوچۆن؟

ئێران لە ڕێگای پیاوەکانی خۆیەوە کە ڕەنگە من بەڕاستی نەیانناسم، یان نەزانم دەقاودەق کێن هەوڵی نانەوەی بشێوی و کێشە لەباشووری کوردستان دەدا و گرفتی چارەسەرنەکراویان بۆ دەنێتەوە، هەوڵی لێکرازانی هەرچی زیاتری هێزەسیاسییەکانی کوردستان دەدا. ئەگەر لەوێوە بۆی نەچووە سەر ئەوجار ئێران ڕووی مەترسیداری خۆی دەردەخا، بۆیە لەبیری ئەوە دەکەوێ کە بە قوربانی کردنی خەڵکانێک کە دژی ڕیفراندۆمن سیمای کورد و حکوومەتی کوردی لەو کاتەدا ناشێرین و دژە ئازادی بە دەرەوە و بە ناوخۆی نیشان بدا.

ئەوەی ئەمڕۆ دەکوترێ فەرهاد سەنگاوی رفێنراوە و لێێدراوە یەکەم گومانەکان دەبێ بەرەو ئێران بێ، جا ئەوکەسانەی کە لێێداندابێ پارتی بووبن یان یەکیەتی و یان هەر کەس و لایەنێکی دیکە ئەوا دەستی ئێرانی لە پشتە، ئەگەرچی من دڵنیام لەناو یەکیئەتی دا هیچ کەسێک لە فەرهاد سەنگاوی نادات، لە ناو پارتیدا هەر نییە ئاخر خۆ پارتی لە سلێمانی دەسەلاتی نییە! پێش ئەو بەزمە من دۆێنێ خەریک بوو بنووسم شاسوار عەبدولواحید ئاگات لەخۆت بێ دەتکوژن! مەبەستیشم راست ئەوەیە کە ئێران دەیکوژێ بۆ ئەوەی کێشەی ناوخۆیی گەرەوەتر کاتەوە. کەچی ئەمڕۆ لە پێشدا ەفەرهاد سەنگاوی بوو بە قوربانی و خۆشبەختانە بە سلامەت نەجاتی بووە. بەلام دوای ئەم شاسوار عەبدولواحید نێچێر و قوربانی چاکە بۆ سپای قودسی ئێرانی کە لەچەند ساڵێ رابردوو دا توانیوێتی ڕایەڵەی جاسووسی و سیخوری خۆی بەهۆی کێشەو ناکۆکیەکانی هێزەسیاسیەکانی باشوور بە هز و بەهێزتر بکات. بەڵێ ساسوار عەبدولواحید بازرگانێکی زیرەکە بەلام سیاسەتوانێکی هەرچەندی خودا حەزێ دەکا نەزانە، ئەو تەنانەت هەستی بەو مافیابازارییە نێوان بەغدا و تاران وتورکیا ناکت و دوور نیە هەر دۆستان و هەوتەریبەسیاسییەکانی لەناوی بەرن تا بلێین ژئەها موخالیفێکی سەرسەختی رێفراندم لە لایەن دەسەڵاتی کوردییەوە ترۆر کرا ، بۆیە بە جیددی دەڵێم:

کاک شاسوارعەبدولواحید ئاگات لەخۆت بێ دەتکوژن!

٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## سازی ناساز سەمای تێکەڵ نەزانینی سیاسەت

فارس شتێکی هەیە پێی دەڵێ شەمی سیاسیی، نازانم بە کوردیەکەی دەبێتە وردبینی یان تێگەشتنی سیاسیی یان هەرچی بەلام ئەوەی من هەستم پێکردبێ زۆربەی ئەوانەی سەریان لە سیاسەت دەخورێ بەڕاستی لێی بێبەرین، خۆ وەنەبێ من سیاسەتزان بم ، نا منیش وەک ئەو خەڵکە لە سیاسەتدا کۆڵەوارم بەڵام فەرقی من دەگەڵ ئەو خەڵکە ئەمەیە بە هەر دیمەنێک و بەهەر ڕووداوێک بیر لەهەردوو دیوی مەسەلەکە دەکەمەوە و کۆمەڵێ پرسیار بەرەورووی خۆم دەکەمەوە و ئەنجا بە تێگەشتبنی کرچ و کاڵی خۆم بۆچوونێکی تاکە کەسی لەسەر دیوارە کورتەکەی فەیس بووم بڵاو دەکەمەوە.

لەو چەند ڕۆژە دا کە بابەتی سەربەخۆیی و ڕێفراندۆم لە باشوور گەرمە هەندێ شتیبوا دەبیسی لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نییە، هەریەکەو سازێک وهەر یەکەو هەوایەک! یەک دەڵی باشووری چ نەبوون و چ نین، ئەوان ئەوەتا لە پێناو پارەو پووڵ خەریکە دەگەڵ بەغدا ڕێکدەکەون و ریفراندۆمیش دەبێ بە هیچ. دەنگێکی نەشازی لەخۆبایی هەیە بۆ ئەوە خۆی زلە نیشان بدات دەڵێ خۆ بارزانیش بەراستی نیە قسەیەکە وکردوویەتی. یەک دەڵێ ئەها وەفدی هەرێم چوون دەستیان لە دەستی مالیکی نا؟ ئەرێ ئێمە جاشین یان ئیوە کە چوون دەستتان لە ناو دەستی مالیکی نا! یەک دەلێ ئەها نەمانکوت ئەوەتا ئەوە تورکیا وئێران پەیمانیان بەست کە نەیەڵن کورد ڕێفراندۆم ئەنجام بدا؟ دەی خۆتان بۆ شەڕی هێلیکوپتێرەکان ئامادە کەن! ئەمەی دواییە فەرمایشتی ئەندامی ڕێبەری حیزبێکی کوردییە!
ئاخ دەسەڵاتت هەبا و ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیر و شرۆڤەکارەت گرتبا و لە بەیانی تا ئێوارێ قوڕی تەندوور و قوڕی سواخێت پێ شێلابان و پێت کوتبان کاکە قوڕی خۆت بشێلەو تکایە واز لە کورد و لە شرۆڤەکردنی سیاسەتی کورد بێنە، خۆ سیاسەت مەیدانی تەسویە حیسابی شەخسی و هەڵڕشتنی کۆنە قین نییە.
یەکەم کە باسی باشوور دەکەی بڕێک پشووت لەسەرە خۆ بێ و بەئەدەبەوە باسی بکە، بەعەداڵەتەوە باسی بکە! ئاخر مێژووی دوور ونزیک پێمان دەڵێ باشووری بە گشتی لە هەرچوار پارچەی کوردستان شۆڕشگێرترن. دەڵێی نا ئەوە مێژووی نە هێندە دوور، باشووری ئەنفال و کیمیا بارانیان لەسەر تاقی کرایەوە بەلام قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان تەسلیمی بەعس نەبوون و بۆ دەقیقەیەکیش شۆڕش و خەباتی ئازایخوازانەیەن ڕانەگرت. چۆنیان خەبات کردووە و چەندیان هەڵە هەبووە ئەوە بەجێی خۆی بەلام خەڵک و گەلی باشوور و لاوی کوردی باشوور هەرگیز کوورەی خەباتی کوردایەتیان سارد نەکردۆتەوە.

باشوور مەئوا و پەناگەی هەرچی حیزبی کوردییە هەر لە ڕۆژهەڵات و باکوور ڕابگرە تا ڕۆژئاوا، بە سیاسیی وبە خەڵکی ئاوارە وە، بەدەیان هەزار ئاوارەی کوردستانی لە باشوور نیشتەجێین، هەر ئێستا بەدەیان کوردی ڕۆژهەڵات وباکوور



سەرچاوە
Serchawe

وڕۆژئاوای کوردستان سەر بەحیزبەکان لە دەسگا ڕاگەیاندنەکانی باشوور و لە شوێنە جیاجیاکانی باشوور خەریکی کار کردنن، بێ ئەوە هەست بە غەریبی بکەن، بێ ئەوەی هەست بکەن لە ماڵە خۆ نین، ناڵێم کەمو کوڕی نییە بەڵام من کە لەکانادا دەژیم وزۆرێش مەمنوونی ئەو دەوڵەت ولاتەم کە ڕێگەی پێداوم لێرە بژیم وکار و کاسبی بکەم کەچی هەرگیز هەستم بەوە نەکردووە کە لە وڵاتی خۆمم و لێرە نامۆ نیم.

دووهەم سیاسەت چەوەندر و توور هەڵقەندن نییە، سیاسەت ئەویش دەگەڵ بە دەهۆترین دوژمنەکان ئەویش بۆ کوردی گەماورۆدراو لە هەرچوار لاوە سەختترین ئەرکە، دژوارترین بەرپرسایەتییە، هیچ یەک لە مەمانان لە هیچ یەک لە حیزبەکانی باشووری کوردستان بۆ باشوور دڵسۆزتر نین، جا چ ئەو حیزبە پارتی بێ یان یەکیەتی یان گۆڕان وکۆمەڵ و یەکگرتوو، ئیدی ئەوە جارێ ئەوانیش ڕەگە کوردیەکەیان بەسەر سیاسیی بوونەکەدا زاڵە و عەقڵانیەتی سیاسییان لێ بزربووە دەنان کوا من لە کابرایەکی گۆڕان و لەیەکگرتوو و لە پارتی و لە یەکیەتی دەتوانم دڵسۆزتر بم بۆ خەڵکی سلێمانی یان هەولێر ویان دهۆک و کەرکووک؟

وەفدی هەرێم چۆتە بەغدا کابرا دەڵێی توو دەقرتێنێ لێکدا لێکدا بە چەپوبەراست پێیدا دەکێشێ و بەهەموو لایەک دا تف دەکاتەوە. کاکی برا کوردی باشوور ناچارە بچێتە بەغدا، ناچارە بچێتە تاران، ناچارە بچێتە ئانکارا، جارێ لە پێشدا لەبەر ئوسوول و پرەنسیپەکانی دیپلۆماسی، لەبەر خاوکردنەوەی پیلانەکانی داگیرکەران، بەڵێ لەبەر لامە لامە کردن تا.... تا لەڕۆژی ٢٥ - ٩ نزیک بینەوە و بە ئارامی و بێ گێچەڵ پێکردن کورد بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا. بە هەموو عەقلێیەت وهەڵسەنگاندنێک ئەمانە هیچی خەراپ نین و نەتەنیا نابێ بە هێرشکردنە سەر وەفد وهەیئەتە دیپلۆماسیەکان خۆمانی پێوە رابنیین بەڵکوو یادەبێ لێیان گەڕێن و ئەگەر گوڵ نین دڕکیش نەبین و یان دەبێ هەر وەک چۆن سەربەخۆیی خوازان پشتگیری رێفراندۆم بەئەرک دەزانن بەهەمان شێوە پشتگیری وەفدە دیپلۆماسیەکانی کوردیش بە ئەرک بزانن.

کورد لەبەردەم تاقیکارییەکی چارەنووسسازدایە، هەوڵدان بۆ سەرخستنی ئەو تاقیکارییە ئەرکو وەزیفەی ویژدانی وئیسنانییە، چوونکە گەلێکی بندەستی ستەملێکراو دەیهەوێ بڕیارِ لەچارەنووسی خۆی بدا، هەرجۆرە ئاستەنگ دروست کردن، هەرجۆرە مەئیووس کردنێک بە ناوی دڵسۆزییەوە، هەرجۆرە موخالیفەت کردنێک دەگەل ریفراندۆم، دژایەتی و دوژمنایەتی دەگەڵ کورد و دەگەڵ مافی بڕیاردانی گەلی کوردە لە چارەنووسی خۆی، هاودەنگیە دەگەڵ داگیرکەران، هەزار سالی خۆت هەڵاوێی ناوی ڕەخنە لەسەر ئەو هاتەران پاتەرانانە دابنێی کارەکانت لەو ڕێگایەدا هیچ ناوێکی دیکەی نییە جگە لە دوژمنایەتی کردنی کورد، وابزانە کورد فەلەستینییە، وابزانە، خەڵکی بوسنی وهرزگوییە، چۆن داکۆکی کردن لەوانت بە ئەرکی رۆشنبیری و عەدالەتخوازی دادەنا ئەو داکۆکییە لەکوردیش هەر وابیینە ئەگەر ڕووناکبیری، ئەگەر عەدالەتخوازی

١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٧

# خێڵ و بەرەی نا بۆڕێفراندۆم لەچی دەترسن؟

لەوەتا ڕێفراندۆم لەباشووری کوردستان هاتۆتە ڕۆژەوی باس و خواستی سیاسیی، ئێران وعێراق و تورکیا و لەو نێوەشدا تەنانەت لە عێراقیش زیاتر ئێرانی فاشیستی هاتۆتە دەنگ و دژایەتی خۆی بۆ ڕێفراندۆم ڕاگەیاندووە، دیارە جارێ ئەسەدد و حکوومەتە لە گیانەلایەکەی سووریا لەبەر دەرد و مەرگی خۆی ناپرژێتە سەر راوبۆچون دەربڕین بەلام ئەویش تا سەر ئێسقان دژە چون لە پێوەندی دەگەڵ کوردانی ڕۆژئاوا تا ئیستا چەندین جار تەنانەت دژایەتی ئەو فیرالیزم وکانتۆنانەی کردوە کە پ ک ک لە ڕۆژئاوای کوردستان بەرپای کردووە. دەی چۆن دژی سەربەخۆیی باشووری کوردستان یان هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان نابی؟

بە کورتی بۆ ئەوەی بەرەی دژی سەربەخۆیی کورد چیدیکە خەڵک فریو نەدەن و درۆی شاخدار تەحویلی خەڵکی کوردستان نەدەن وبەرەی لاو فریو نەدرێ، ڕێفراندۆم سادەو ساکار یەک پرسیاری دیاری کراوە و ئامانجی دیاری کراویشی هەیە.

لە ڕێفراندۆم دا پرسیار ئەمەیە ئایا دەتهەوێ سەربەست وئازاد بژی یان کۆیلە بمینێیەوە، ئاخر خۆ ڕەنگە پرسایەرەکە ئەمە بێ" ئایا دەتهەوێ دەگەڵ عێراق بی یان جوادا و سەربەخۆ بی"؟ بەلام ماناکەی هەر ئەم پرسیارەی یەکەمە کە من کوردانددوومە و کردوومەتە دوو پێنش تمەنی.

بەرەی دژی سەربەخۆیی زۆر جاران دەفەرموێ کە ئەو ریفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی نییە. هەڵبەتە تاساوە، شێت بووە و نازانێ بڵێ چی؟ دەی ئەگەر بۆ سەربەخۆیی نییە ڕیفراندۆم بۆ چییە؟ لە کوێی دنیا دا ڕیفراندۆم بۆ مافی چارەی خۆ نووسین لەمە زیاتری لێهەڵدەکرینرێ.؟ ئەوجار ئایا ئەگەر ڕێفراندۆم ئەنجام درا ئاگات لەوە هەیە داخوا ئاکامی ئەو ڕێفراندۆمە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ بە سەند و بەڵگە و دیکۆمێنت یان نا؟ دڵنیام دەزانی کە بەڵێ دەبێ بە دیکۆمێنت، دەی کەوایە ئەگەر جاری هەر ئەمەش بێ خۆ ئەوە گۆڕانێکی مێژوویە لە ژیانی سیاسیی کورد دا کەوایە بۆ دژایەتی دەکەی ئەگەر کورد بوون وهەستی کورد بوون لە ناخت دا هەیە؟

بەڵێ بە براوی من ئەوانەی بەهانەیان بارزانی وپارتییە کە گۆیا ئەو پرسە دەبیتە هۆی دەسەلاتتاری زیاتری ئەوان، ڕاست ناکەن و کلاو لەسەر خەڵک دەنین چون هەر لەبنەڕەتڕا دژی سەربەستی کوردن، دەنا سوور دەزانن ئەو پرسە هیچ پێوەندی بە حیزبە وە نییە و بابەتێکی تەواو نیشتمانی و نەتەوەییە. ئەوان دەزانن هەر بوون بە سەنەدی ئەو ئەنجامە خۆی دروست کردنی مێژوویکی هاوچەرخە بۆ کورد و ئاسۆی بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی ڕوونترو وئومێدەوارتر دەکات هەربۆیە هەم ئەوان وهەم ئێران ومالیکی و داروودەستەکەی کێچ نا هەزارۆپییان کەوتۆتە کەوڵی.

بەڵی بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## دەنگی گەل لە دروشمەوە بۆ کردار

### بەڵێ بۆسەربەخۆیی کوردستان

دەنگی گەل، ئەو دوو وشەیە لەڕابردوو و لەئەمڕۆشدا وێردی زمانی زۆربەی حیزبە شۆڕشگێر و کەسایەتیە شۆڕشگێر و روناکبیر و نووسەرە تێکۆشەرەکانی کورد بووە و هەیە ولە چەندین ساڵی رابردوودا ئیتر لسەر خۆ بەساحەبکردنی گوێپێچکرێنە بووە، چەپەکان ئەوانەی کە ئێستا بە ریفراندۆم نارازین وداوای دەنگدانی نەخێر و وەدواخستنی دەکەن هەر دەنگی گەلیان قووت دابوو، هێندەیان دووپاتە و چەند پاتە دەکردەوە کە ئیتر وەک مورکێک و وەک جێشوێنی بەردەمۆرەی شیعەکان بە ناوچاوانیانەوە نووسابوو و دیار بوو. سەیریش ئەمەیە ئەوان لە خۆیان زیاتر کەسی دیکەیان بە قابیی هەڵگری ئەو دروشمە نەدەزانی، دەی تا ئێرە ماڵیان ئاوەدان بێ.

گەلۆ پرسیار ئەمەیە ئیستا کە کاتی بەکرداربوونی ئەم دروشمەیە چما ئەوانەی ئەو دروشمەیان بە هی خۆیان دەزانی هەموو هەزارپێیان دەکەوڵی کەتووە و شەو رۆژ حەجمینیان لێهەڵگیراوە لەترسی دەنگی گەل!؟ ئاخر مەگە پرسیار کردن لەخەڵک کە ئیوە چیتان دەوێ و چۆن ژیان و ئایندەیەک بۆخۆتان هەڵدەبژێرن دەبێ چ تاوانێک و چ گوناهێک بێ و چ مەترسیەکی گەورە بێ کە هەندێ خەڵک خەریکە شیتانە دژایەتی دەکەن؟!

دۆینێ ویدۆی قسەکانی رێبەر و سەرۆکی حیزبێکی مودێرنم دیت و بیست مشکلۆزمەتان بم خەریک بوو شاخم لێبڕوێ؟ ئەو رێبەرە دەیگوت ئەگەر رێفراندۆم ئەنجام بدرێ ئێران وتورکیا وعێراق سنوورەکان دادەخەن و خەڵک لە برسان دەمرن؟ ئەوە لە حاڵێکدایە لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا بە سیاسەتی ئەو رێبەرە وهەواڵانی ئەو رێبەرە چەندین شار هەر خاپوور و وێران کراوە ودار لەسەر بەردی نەماوە کەچی ئەوانە لەوێندەرێ درۆشمی بەرخۆدان ژیانەیانن لێنابرێ؟

ئەگەر راستتان دەوێ ئەمن دەترسم ئەگەر رێفراندۆم سەر بگرێ و دەوڵەتی کوردی تەشکیل بدرێ ئەو دووکان وبازارەی ئەوانە لە برەوبکەوێ دەنا هیچ عەقلێک نایسەلمێنێ تۆی شۆڕشگێری کورد چۆن دژایەتی ئەو مافە رەوایە دەکەی کە هەموو دنیا وهەموو کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان، مافی مرۆڤ پەروەرەکان، ئەو مافەیان بە سەرەتاییترین مافی خەلک زانیوە و دەزانن؟



سەرچاوە
Serchawe

قسەی کۆتاییم، پەتی درۆ کورتە، لە کاتی تەنگانەدا و لەکاتی کرداری کوردانەدا رووی راستەقینەی خەڵک و هێزەسیاسیەکان دەردەکەوێ و دڵنیاش بن زەمانی فریو و چەواشەکاری لە مێژە بەسەر چووە، ٢٥ - ٩ ئاکامی ئەو سیاسەتە چەتوو درۆزنانەیە دەبیننەوە ئەگەر هەتا زووە پێ لەهەڵەکانتان نەنێن نەیەنەوە ناو ڕێزی گەل.

١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---



سەرچاوە
Serchawe

## چەپی کورد و پرسی نەتەوە و نیشتمان

### حیزبی شیوعی پاڵپشتی ڕیفراندۆمی کوردستان دەکات

من پێم شک نایە چەپی کوردی چ خێری بۆ گەلەکەی خۆی هەبووبێ، ئەوەندەی گیرۆدەی سازکردنی دەسەلاتێک لەناوەند بووە بە هەر بارێکدا، جا چ داکۆکی لە حکوومەتە دژی ئیمریالیستیەکانی وەک ئێران و سووریا و عێراق کردبێ لەبەرامبەر بزووتنەوەی کورد دا، یان خۆلیای دامەزراندنی سیستەمێکی بە قەولی خۆیان دادپەروەرانەی سۆسیالیستیان لەسەر دابێ هەر هەموویان کوردبوون و بۆکورد خەباتکردنیان پێ عەیبەیەکی گەورە بووە، زۆرن ئەوخۆ بە کۆمۆنسیت و مارکسیست زانانەی ناسیۆنالیسم بە شەرمەزاری دەزانن، یان بنیاتنانی دەوڵەتی کوردیان پێ دواکەوتوویی و تێکدانی ئارەزووی پێکەوە ژیانی گەلان و برایەتیا گەلانە.

لەم ناوەدا تاقە یەک حیزبی شیوعی و یەک حیزبی مارکسیستی لێنینیستی لەدەوروبەرماندا هەبووە کە لەدوای ساڵانی ١٩٦٦ لە عێراق هەنگاوەکانی بەرەو راستکردنەوەی هەڵەکانی رابردووە خێراکردووە و هەرگیز لانی کەم دژایەتی سەربەخۆیی ومافی چارەی خۆنووسیینی گەلی کوردستانی نەکردووە. ئەویش حیزبی شیوعی عێراق بووە. دیارە ئەو حیزبە لە ساڵی ١٩٤٥ دا بەڕەسمی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی وەک بەشێک لە ساختار و دارِشتەی ئەو حیزبە پەسند کرد و حیزبی شیوعی هەرێمی کوردستان پێی نایە قۆناخێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی دا. ئەو حیزبە لە ساڵی ١٩٦٧دا بە ڕەسمی بوو بە ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق. ئەگەرچی لەوحیزبە شیوعیەکانی دیکەشدا وەک سووریا بە ڕابەری خالید بەکتاش و و ئیران بە رابەری نورەدین کیانووری بەشی کوردستانی هەبووە بەڵام ئەوان بچووکترین دەسەلاتیان نەبووە لە هیچ باریکەوە و لە هیچ پرسێکی سیاسیی داو ئەگەر لەمەسەلەیەکدا جیاواز بیریان کردبێتەوە هەرگیز دەنگیان دەرنەهاتووە.

لە حیزبی شیوعی عێراقدا ئەو بابەتە جیاواز بوو. لەو حیزبەدا بۆ ماویەکی زۆر هاوڕێی نەمر عەزیز محمەد سکرتێری ئەو حیزبە بووە و جێگرەکەشی کەریم ئەحمەد بووە کە هەردووکیان کورد بوون، جگە لەمە لەسەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە دا چەندین کەسی کوردی تێدابووە کە بەرپرسایەتی پۆستە سەرەکیەکانیان بەدەست بووە و بە جۆرێک دەکرێ بگوترێ کە ئەو حیزبە لەئەساسدا کورد بۆ سەرتاسەری عێراق بەڕێوەی بردووە. ئیتر ناکرێ کاریگەری ئەو دووە و کەسانی دیکەی ناو ڕێبەری کوردستانی حیزبی شیوعی لەسەر سیاسەت و هەڵویستەکانی ئەو حیزبە بەرامبەر مەسەلەی کورد لەبەر

چاو نەگیرێ، ئەوکارتێکەریە بووە هۆی ئەمە کە ئەو حیزبە لە زۆربەی هەڵویستە سیاسیەکان دا دەگەڵ سەرکردایەتی کورد هاودەنگ وهاوڕا بووە و بۆ ماوەیەکی زۆریش بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی سۆڤیەتی پێشوو کە پەیمانی ٢٠ ساڵەی هاوکاری دەگەڵ عێراق هەبووە ئەو شەڕی چەکداری دەگەڵ ڕێژیمی فاشیستی بەعس پەیڕەو کردووە.

حیزبی شیوعی عێراق دوای ڕاپەڕین و بەدوای هەڵوەشانی سۆڤیەت و هەڵتەکاندنی وڵاتانی سۆسیالیستی لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتانەوە ئەویش سەرباقی هەڵوێستی گەڵی باش و بوێرانە و بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی مۆسکۆ لەو وێرانبوونە بێبەری نەبوو و لانی کەمی حیزبی شیوعی کوردستانی لێجیا بۆوە کە دەکرێ بڵێین داینەمۆی بزاوی شیوعیەکانی عێراق بوون. ئیتر حیزبی شیوعی کوردستان سەربەخۆیی خۆی وەک حیزبێکی چەپی کوردستانی ڕاگەیاند. ئەوە یەکەمین جار بوو کە لەمێژوودا حیزبێکی مارکسیستی لە سەر خاکی کوردستان ولە نیشتمانی کوردان دا و لە ناو گەلی کورد دا سەرهەڵبدا.

ئایا ئەو حیزبە چۆن بووە و دەسکەوتی لەو چەند ساڵە دا چەند بووە کاری من نییە ومەبەستی لێکدانەوەی منیش نییە ئەوەی لەم نێوەدا دەمهەوێ ئاماژەی پێبکەم بڕیاری بوێرانەو ئازایانەی حیزبی شیوعی کوردستانە بۆ بەشداری لەڕێفراندۆم و پشتیوانی لێکردنی. ئەمڕۆ کاوە محمود سکتێری حزبی شیوعی کوردستان بەڕاشکاوی پشتیوانی خۆی لە ڕیفراندۆم ڕاگەیاند و بەم کارەش دووبارە لاپەڕەیەکی دیکە لە سەرفرازیەکان خرایە مێژووی حیزبی شیوعی کوردستان.

١١ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## گۆڕان لە کێبەرکێیەکی چارەنووسسازدا

دوای دەست بەکار بوونی ڕێزدار عومەری سەید عەلی وەک کەسی یەکەمی بزووتنەوەی گۆڕان کێشەو ململانییەکانی ناو ئەو بزووتنەوەیە وردە وردە خەریکە خۆ دەردەخەن، من لە مێژە نووسیومە و باوەڕم وایە کە بەداخەوە گۆران هەر دەس بەجێ دوای دامەزراندنی لە ڕەوتی ئاسایی خۆی دەرچوو و لە بزووتنەوەیەکی مەدەنی نا توند و تیز بۆ بزووتنەوەیەکی شەرانگێز هەنگاوی ناو لە ماوەیەکی کورتتدا وای لێهات هیچ عاقڵمەندێکی ناو بزووتنەوەی گۆران لەترسی وشیار عەبدوڵا عەلی حەمسالح و عەبدوڵای مەلانووری و سروە عەبدولواحید وڕابوون مەعرووف... نەیانوێرا قسەی دڵی خۆیان بکەن و ئەو شەپۆلە توندئاژۆیە رادیکاڵە پۆپۆلیستە باڵی بەسەر ئەوانیش دا کێشا.

بەڵام دوای دەس بەکار بوونی جفاتی نوێ و هەڵبژاردنی عومەری سەید عەلی بە بەرپرسی یەکەمی ئەو بزووتنەوەیە دیسان لە چەندین لێدوانی جیاواز دا ئەمانەی ناومان هێنان بە هەمان نەفەسی پێشوو لێدوانیان دا و بەڵکوو توندتریش لە پێشوو هەڵوێستیان گرت، دەتگووت دوای ئەو هەڵبژاردنە ترسیان لە ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان هەیە و تەنیا لێدوانیان بۆ ئەوەیە کە ئەو ئومێدە کز بکەن و ئەو دووە پێک نەیەن. کەچی هێندەی نەکێشا دەنگی مەنتیقی و ژیرانەی هەندێ لە سیاسەتمەدارانی ناوگۆڕان لێرەو لەوێ بیسرا کە بوو بە مایەی دڵخۆشی خەڵک و نائومێدکردنی نەیارانی یەکڕیزی ناوماڵی کورد. دوکتور ڕەئووف عوسمان سەرۆکی جفاتی گشتی لە لێدوانیک دا بۆ ڕووداو بەجۆرێ ژیرانە و سیاسیانەو مەنتیقی و دوور لە هەڕەشە و نەڕاندن و بیرێزی کردن دوا دەس بەجێ مرۆڤ هەستی بە جیاوازیەکە دەکرد و هیوای دەدەروون دەگەڕا کە بەمانە ناوماڵی کورد ڕێکدەخرێت.

ئێستا بەدڵنیاییەوە گۆڕان دەگەڵ مەسەلەیەکی گرینگ ویەکلاکەرەوەی نیوخۆیی بەرەوروویە و ئەگەر بتوانێ لەو تەنگژەیە دەربازی بێ و عەقڵانیەتی سیاسیی وبەرژەوەندی گشتی وگەلی کوردستان ڕەچاو بکا و هەلوومەرجی ناسکی باشووری کوردستان هەست پێبا دەبێ دەنگی دووهەم بالادەست بێ و بۆ هەمیشە کۆتاییی بەوەدەنگە نەشازە ڕادیکاڵە توندڕەوە بهێنرێ کە تا ئێرە جگە لە زەرەر هیچ قازانجێکی بە بزووتنەوەی گۆڕان وبە خەلکی کوردستانیش نەگەیاندووە.

١١ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## لە شۆڕشگێڕێکی پارلەمانتارەوە بۆ پۆپۆلیستێکی سەرشەقام

بەداخەوە سیاسیەکانی ئێمە زۆر جار تووشی ئیحساساتی وادەبن و کاری وا و هەڵەی وا دەکەن هیچ منداڵێکی قوتابخانەی سەرەتایی هەڵەی وا ناکا. فەرهاد سەنگاوی ئەو بێژەرە ناودارەی دەنگی گەلی کوردستان لە دوای راپەڕین و لەدوای بوون بەپارلەمانتاری کوردستان ئەویش لەسەر لیستی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وەها لە خۆبایی بووە کە ئەوی عەقڵانیەتی سیاسیی و وردبینی و مەنتیقی سیاسیی بێ مرۆڤ تێیدا شک نابات. هەر لە بوون بە گۆران و نەڕاندنی لەسەر بلێنگۆ و میتیبنگەکانی گۆڕاندا بەتایبەتی لە دژی یەکیەتی وپارتی و هەم لەدوای ئەمەی کە بووە بە یەکیەتی و لەسەر لسیتی یەکیەتی خۆی کاندید کردەوە بوو بە پارلەمانتاری کوردستان ئەو مرۆڤە هەرچی کردوویەتی جگە بۆ چەپڵەی خەڵکی و دروشم وئیحساسات نەبێ چی لەباراندا نەبووە.

ئیتر بەمدواییانەش هاوشانی شاسوار عەبدولواحید ئەو تاجرەی لەسایەی سەرمایەکەیەوە وێدەچێ ببێ بە سیاسەتمەدارێکی سەقەت خەریکە لەدژی خۆی و خەباتی چەندین ساڵەی خۆی و هەڤاڵانی و لەدژی خۆلیا و ئارەزووەکانی سەتان شەهیدی ئەم کوردستانە وشەهیدانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ڕادەوستێ و ڕەنگە لای وابێ سبەی نیوەی کوردستانی ڕەگەڵ دەکەوێ.

بەداخەوە کاک فەرهاد دەگەڵ ئەوپەڕی ریزمدا بۆی بە ڕۆژی ڕووناک و بەکەڵەگایی خەریکە خۆی سووک دەکا و لەبەرچاوی خەڵک سیمایەکی ناشیرینی نانیشتمانی لەخۆی نیشاندەدا. ئاخر هیچ کەس لەو دەستە فەیلەسوف وبیرمەند و تاجر و نووسەر و سیاسەتمەدار و پارلەمانتارە هەیە لەخۆی بپرسێ بەراستی ئەو شانۆگەرییە مندالانەیە چییە وەرێتان خستووە و مانای چییە دەفەرموون " نا بۆ ریفراندۆم لەئێستادا" بۆ پێتان شەرمە بلێن نا بۆ ریفراندۆم هەرگیز؟

ئاخر هەرچی کۆلکە سەوادێک و خوێندنەوەیەکی سیاسیی هەبێ دەزانێ ئەوەی ئێوە دەیکەن کلاولەسەر خەڵکنانە دەنا دەرفەت لەمرۆ زێرینتر بۆ کورد هەڵناکەوێ و هیچ گومانیش نییە لەداهاتوودا کورد لەوە یەکگرتووتر نابێ و کێشەی حیزبەکان هەردەمێنێ و تەنیا فەرق ئەوەیە کە دوژمن زیاتر خۆی رێکدەخا و بەهێزتر ویەکگرتووتر دەبێ، ئەو دەرفەتەی ئێوە داوای دەکەن لەڕاستیدا دەرفەت نییە بۆ کورد دەرفەتە بۆدوژمنان وداگیرکەران تا خۆیان لە دژی کورد بەهێزتر بکەن.

بەداخەوە ئەوپۆلە مرۆڤە کە وەک چێشتی مجێوری هەموو دانەوێلەیێکیان تێدایە هەگیز ئاوڕیان لەمێژوو نەداوەتەوە و

دەرسیان لەڕابردووی سیاسیی کەسانی دیکە وەرنەگرتووە، کەخەڵکی زۆر لەوان بە تواناتر لەئاستی سیاسەتدا لە ڕێبازی گەڵ و نیشتمان لایدا و ریسوا و شکستخواردوو ومایەپووچ هاتە دەر. با نموونەیەک بێنمەوە.

هەموو ئەوانەی لە کاروباری سیاسیی لە باشوور و لە ڕۆژهەلات چالاک بوون بە خودی کاک فەرهاد سەنگاوییەوە حیزبی تودەی ئێرانیان لەبیرە، دەشزانن کە ئەو حیزبە چەندەها مرۆڤی ئاکادیمی و فەیلەسووفی ناوداریان دەگەڵ بوو، کادر و ئەندامانی حیزبی توودە زۆر چالاک و زۆر لەخۆبردوو و زۆریش تێگەیشتوو بوون. هەرچی ڕۆشنبیر و هەرچی خوێندەواری زانکۆ و مامۆستا و... دەگەڵیان بوون، بە مانای واقعی هێز بوون. لەم نیوەدا ئیحسان تەبەری بەتەنێ بە نموونە دێنمەوە کە هەموو ئەوانەی کەمپەینی نا بۆ ڕێفراندۆمیان وەڕێ خستووە بە نینۆکی قامکە چکۆلەی نەدەبوون و نابن، کەچی دیتتان دەگەڵ حیزبە بەناوبانگە بەتواناکەی لە چرکەساتێکدا بوون بە پووشی بەربا و تا ئەم دەقیقەیە ناویان لەکوولەکەی تەڕیشدا نەماوە؟ خۆ ئەمانە دەولەت لەناوی نەبردوون، فاشیزمی مەسەبی وێرانی نەکردن، ئەوان بە هەڵوێستە نەشیاو ناسیاسییەکانی خۆیان، خۆیان وێران کرد، گەلیش سزای دان و ئیتر ببڕای ببڕای ڕاست نابنەوە.

خۆزگە حیزب و ڕووناکبیر و نووسەری کورد ئیتر بە تێکڕا ئەو جورئەتەیان دابایە بەرەخۆ و ئەو پۆپۆلیسمە ماڵوێرانکەرە کە تەنیا بۆ چەپڵەیەک خەریکە ئابڕووی کورد دەکاتە مەزاد لەاقودابایە تا گەنج و لاوی کورد چیتر وەدووی ئەمانە نەکەوتبان، چیتر فریو نەدرابان، ئاخر بێدەنگی و خۆپارێزی ئیوەیە کاری گەیاندۆتە ئێرە کە کۆمەڵێ تاجری سیاسەت و کۆمەڵێ لەخۆبایی بکەونە خۆو ئەو نیشتمانفرۆشییە بە ناوی سیاسەتەوە بەخەڵک بفرۆشنەوە! دەنا کەس لەوم دنیا پان و بەرینە شک دەبن بە هەر بەهانەیەک کە هەبێ دژی ئازادی خۆی و گەلەکەی خۆی کەمپین وەڕێ بخا؟

با کەمپەینی نا بۆ ڕیفراندۆم هەرگیز! ئەو نامەیە ببینن، من مێژووی حیزبی تۆدەم بۆ باس کردن و بەخاترجەمی لەوە زیاتر هیچ چارەنووسێکی دیکە بۆ ئێوە کەمپەینی نانیشتمانی دژی ڕێفراندۆم و بۆ جەنابی فەرهاد سەنگاویش بەدی ناکەم، با چاوەڕێی بین وبزانین هێندەی نەماوە لە بوارا دەرکەوێ هینی ڕەش و سپی.

٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## نامەیەکی کراوە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان

هاوڕێیانی یەکێتی نیشتمانی سڵاو وڕێز

ئەندامانی سەرکردایەتی ، ئەندامان و کادرە تێکۆشەرەکان، لایەنگرانی دڵسۆزی یەکیەتی و بووژانەوە و ڕزگاری کوردستان، سڵاوتان لێبێ.

ئەورۆژانە بیرم دەکردەوە گەلۆ چما کاری یەکیەتی بەورۆژە گەیشت کە لەئاستەمترین کاتەکانیشدا ئەو کاتانەی لە ڕابردوو دا یەکێتی بۆ وەدی هاتنی دەریای خوێنی داوە واتە مافی چارەی خۆ نووسین، کەسی تیناگا و نازانێ بەڕاست هەڵویستی یەکێتی نیشتمانی چی دەبێ.

٢٥ - ٩ ڕۆژێکی چارەنووسسازومێژوویی دەبێ لە سەرتاسەری دیرۆکی پڕ لە کارەساتی کورد دا، کوردی هەر چوارپارچە چاوی ئومێدیان بڕیوەتە باشوور و ڕۆژی ٢٥ - ٩. بە هەموو پێوەر و پێوانەکان یەکیەتی نیشتمانی ناچێتە بەرەی دژی ڕێفراندۆم و هەموو مێژووی خۆی ناکاتە پووشی بەر با. بەڵام هاوڕێیان چما تا ئەو کاتە یەک لێدوانی بە ئاشکرای یەکێتی نیشتمانی لەو بارەوە نییە و چما هەڵوێستی ڕوونتان لەو بارەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دیار نییە.

ئەمڕۆ چاوم بە ماڵپەڕی ناوەندی یەکێتی دا گێڕا و بابەتێکی شیاوی خوێندنەوەی کاک لاسۆ ئەحمەدم چاو پێکەوت کە دەلێ:

"لە هاوینی ساڵی (١٩٨٣)و قۆناغی شۆڕشی پێشمەرگایەتیدا کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە یەکێ لە ئەشکەوتەکانی گوندی خەتێ دۆڵی بالیسان، بە تێکڕای دەنگ دروشمی مافی چارەی خۆنووسینیان بۆ گەلی کوردستان بەرزکردەوە." دوایەش پۆختەی بۆچوونەکەی دەفەرموێ چما ئەمرۆ مەیدانی بڕیڕ لەچارەنووسی گەڵ لە ئێمە چۆل کراوە ویان هەندێ ئەندامانی یەکێتی لە گوتار و نووسیندا دژی ئەو مافە دەوستنەوە؟

ئەمن ئەو ئاماژەیەم نزیک ساڵی لەمەوبەر لە نووسراوەیەک دا هێنا و ئەو کات کوتم چما یەکێتی مەیدانی کوردایەتی بۆ خەلکی دیکە بەتەنێ هێشتەوە، خۆ تائەوکاتەی یەکێتی دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی بەرزکردەوە لە هەر چوارپارچەی

کوردستان یەک حیزب بەلای ئەو دروشمەدا نەدەچوو. دەیَ ستەم وبێعەدالەتی لەمە گەورەتر، غەدری لەمە زۆرتر لە شەهیدانی یەکێتی نیشتمانی کە ئەمڕۆ ناوێرن بە سەراحەت لەسەر بڕیاڕی سەرکردایەتی کورد و خۆتان یەک لەوان لەسەر ڕێفراندۆم راشکاوانە بڵێین ئێمە دەگەڵ ڕێفراندۆمین؟

هاوڕێیان زەمان بە خیرایی تێپەڕدەبێ ئەوەندەی ئێوە بەرپرسیاری ئەو هەل و دەرفەتەن ڕەنگە کەس هێندەی ئەو بەرپرسایەتییە لە ئەستۆ نەبێ. گۆڕان بڕیاڕی خۆی داوە، ئێوەش و پارتیش و خەڵکی کوردستانیش بۆیَ ڕوون بۆتەوە گۆڕان کاتێ بڕیاڕی بەشداری دەدا کە لە ئیفلاسی سەتا سەتی سیاسیی نزیک بێتەوە. دەنا ئەوە دەبینن دژی ڕێفراندۆم نە داگیرکەرە ئەسڵیەکە و نە هی دوورەدەست و ناەسڵی هێندەی ئەوان دژی ڕێفراندۆم وکاراکردنەوەی پارلەمان و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی هەریم نین.

بەڕێزان سیاسەتی گۆڕان ڕوون و دیارە ئیتر شەرم لەچی دەکەن هەڵوێستی ڕوونتان بۆ نییە؟ ئایا دەگەڵ ڕێفراندۆمن یان دژی ڕێفراندۆم؟ خۆ من دەزانم ئەگەر یەکێتی نیشتمانی لەتێکی دیکەشی لێبێتەوە محاڵە دەگەڵ نا بۆ ڕێفراندۆم و نیشتمانفرۆشی بێ بەڵام هاوڕێیانم ، خۆشەویستانم ڕەگەڵ کەون بەئاشکرا، مێژوو لەمبارەوە دەسەرکەسمانەوە ناچێ. گەلی کورد لەهەر چوار پارچە چاوی هیوا و هومێدی بڕیوەتە باشوری برا و دڵنیا بن زۆرربەی هەرەزۆری خەڵکیتان دەگەڵە و ئەوەی لەو کاروانەش بەجێ بمێنێ و بەردبخاتە سەرڕێگای شەرمەزاری مێژووی کورد و کوردستان و شەرمەزاری مێژووی ئازادی دەبێ ئاخر ئەوان دژی بڕیاری ئازادبوونی کورد وەک نەتەوەیکی چەوساوە و ستەملێکراون دەی چۆن گەل و مێژوو دەیانبەخشێ.

## پارتی و یەکێتی لەبەرامبەر بەرپرسایەتییەکی مێژوویی

دۆستانی گرانقەدری یەکێتی نیشتمانی، گۆڕان پارلەمانی کوردستان و سیاسەتی کوردستانی بە قۆنترات هەڵنەگرتووە، بە ٢٢ پارلەمانتار ناتوانێ ببێ بە ملۆزم لەسەر شانی خاڵک و بۆی نییە پارلەمان و کاری پارلەمان لەوە زیاتر پەک بخا بە تایبەتی دوای ئەوەی پارتی هەموو پێشنیارەکانی ئێوەی بۆ کاراکردنەوە پارلەمان قەبووڵ کرد، خۆتان دیتتان دوای قەبنووڵکردنی پێشنیاری بێمەرجی کاراکردنەوەی پارلەمان لە لایەن پارتی ئەوجار گۆران بوو بە دووپشک و کلکی لەسەر نەڕەی پشتێ دانا و سەت مەرج و بەهانەی هێنایەوە تەنیا بۆ ئەوەی پارلەمان کارا نەکلرێتەوە و پەکی بڕیاری چارەنووسسازی گەلی باشوور بۆ ڕیفراندۆم ڕەت کەنەوە و پەکی بخەن.

تێکۆشەرانی یەکێتی، ئێوە و پارتی ئەم دوو حیزبە وەک هێزی دەسەڵاتت دار و باقی حیزبەکانی دیکە و ەک شیوعی و

سۆسیالیست و یەکگرتووی ئیسلامی دەتوانن پارلەمان وەکار بخەنەوە. پارلەمان جێگری هەیە و دەکرێ بە پێی یاسا کاروبارەکانی خۆی درێژە بدات. با من وەک رای تاکە کەسی ئەوەش بڵێم ریفراندۆم دەکرێ بڕیاری دەوڵەت بێ، هی حیزبەکان بێ و دەکرێ هی پارلەمانیش بێ بەلام حوکم نییە ئەو بڕیارە حەتمەن لە پارلەمانەوە دەربچێ ئەگەرچی ئێوە بە هاوکاری یەکتری دەتوانن پارلەمان وەگەڕ بخەنەوە بڕیاری ریفراندۆمیش بێ بەشداری گۆڕان لە پارلەمانەوە دەربچی با بۆ جارێکیش بووبێ زیادەڕۆیی و پوپۆلسیمی فریودەرانەی سەرشەقام لەئاست مەنتیقی سیاسییدا سەری وەبەرد ئەلحەدێ کەوێ.

براتان برایم جەهانگیری - کوردێکی ڕۆژهەڵاتین کوردستان - نیشتەجێی کانادا

٨ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# حەقیقەت تاڵە

بارزانی سەرۆکێکی مەغدوور....

هەرکەسی دیکە لەجیات بارزانی بووبا و داوای سەربەخۆیی و چەسپاندنی ئاڵای کردبا دەیانبردە کەشکەلانی فەلەک، بە پەڕپەڕۆچکەی عاسمانێیانەوە دەنووساند، لەبیرمە ئەو شێرەکولانە ئەو کاتیش کە هەموو داگیرکەرانی دەوروبەرمان وەک دووپشک کلیان لەسەر نەرەی پشتێ دانابوو کە ئەگەر بارزانی ئاڵای کوردستان بەرزکاتەوە وادەکەین وا بچێ؟ ئەو کات بارزانی وتی" من لە مەهاباد لە ژێر ئەو ئاڵایە لەدایک بووم وهەموو کاتیش ئامادەم بۆ ئەو ئاڵایە ولەژێر سێبەری ئەو ئاڵایە بمرم" ئەوان دەیانکوت دروشمە! کەچی ئاڵای وەک ڕەمز و سیمبولی نەتەوەیی چەسپاند! لەسەر تەلاری پارلەمان هەڵدرا. نەجمەدین کەریمیش ئازایانە ماوەیەک لەمەوبەر ئاڵای کوردستانی لە کەرکووک بەڕەسمی هەڵدا و هەرچەند چەق و لوورلێرەو لەوێ دەستی پێکرد کورد گوێی نەدایەو ئەوانیش سەرئەنجام دەستیان بەردایەوە! ئەوانە مێژوون ڕەنگە ئەمڕۆ بۆ کورت ماوە بتوانی خەڵکی بە درۆ چەواشە بکەی بەڵام تازە ئەو ڕووداوانە چوونە ناو مێشک و دڵی خەڵک و لاپەڕەکانی مێژوو و بەکەس پەردەپۆش ناکرێ.

سەیر ئەمەیە ئێستاش خەڵک لە ژێر شانتاژی تەبلیغاتی ئەم و ئەو دەنووسێ" هەر کەس داوای سەبەخۆیی بکا ئەمن پشتیوانی لێدەکەم شەیتانیش بێ" ئاخر نەکا پێی بڵێین تۆ داکۆکی لەپارتی دەکەی. لەحاڵێکدا پارتی و بارزانی شانازێیەکی گەورەیان لە مێژووی خۆیاندا تۆمار کرد جا چ تۆ باسی بکەی چ نا، چ بیشارتییەوە چ نا! ئەوان تا ئەم چرکە ساتەش تاکە هێزی کوردستانین کە بە ڕاشکاوی داکۆکی لەسەربەخۆیی کوردستان دەکەن.

ئەوەم بۆیە نووسی ئەمرۆژانە یەکیک بۆی نووسیوم نووسینەکانت بۆنی داکۆکی لە پارتی لێدێ، کاکی برا دەی من چ بکەم تۆ کە خۆت پێ مودێڕترینە، شۆڕشگێرترینە، دژی بیری کوردایەتی وناسیۆنالیسمی و مەیدانت بۆ پارتی چۆل کردووە؟ ئەمن پێم وتی ئەو مەیدانە دوو دەستی پێشکەش بە پارتی بکەی و دژی دەوڵەت نەتەوە وبنیاتنانی دەوڵەتی کوردی بوەستی؟ دەی شانت دابایە بەرێ و سینگت لە پارتی و بارزانی زیاتر دەرپەڕاندبا بۆ مافی نەتەوەیی بزانە کەس هەبوو زەممت بکا؟ بزانە نەدەبوویە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان؟

کورد لە خۆڕا نەیگوتووە حەقیقەت تاڵە، خۆ هەمیشە حەقیقەت تاڵ نییە بەڵام لە کاتی وادا تاڵە ئەویش لە کەکرەی جاڕ وبەیار تاڵتر.

٥ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# کوڵی گریانێک لە بوغزی عومەر نەک حوببی عەلی

## بەڵێ بۆسەربەخۆیی کوردستان

کاریگەری ڕۆژهەڵاتیەکان لە پرسی ڕێفراندۆم لە باشووری کوردستان وردە وردە سەرەداوی لە هەموو لایەک دەردەکەوێ. هەڵمەتی کوردانەی ڕۆژهەڵاتیەکان لە پرسی چارەنووسسازی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان زۆرکەسی وەزاڵە هێنا، ئیسلاح تەڵەبە کوردەکانی هەندەران، خۆبەڕۆشنبیرزان و ئامۆژگاریکەرانی خۆهەڵکێش، پ ک ییەکان بە خروپتوونی، گۆڕانخوازەکان بە گشتی و لایەنگرانی عەلی بابیرش بە پانەوە.

یەکێک ئەم بەیانییە لە خورێنی بابەتی کەسێکی بۆ ناردووم کە بە توندی دابەزیوەتە سەر ئەو ڕۆژهەڵاتیانەی پرسی باشوریان بۆ گرینگە دیارە ئەگەرچی لەسەرەتا و لە سەردێڕی بابەتەکەی دەڵێ بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە هەر دووباریدا هەم دژە ڕێفراندۆم و هەم دەگەڵ ڕێفراندۆم بەڵام نووسەر زۆر زوو خۆی لێ ون دەبێ و دەریدەخا کە بەداخەوە کوڵی گریانی لە بوغزی عومەرە نەک حوبی عەلی. واتە ڕووی قسەی دەگەڵ ئەو کەسانەیە کە دەگەڵ ڕێفراندۆمی کوردستانن.

با لەپێشدا ئەو حەقیقەتەی بۆ بسەلمێنم کە دەڵێ ئیوە بە هەمووتان ناتوانن خۆپێشاندان وئاکسیۆنێکی بەرچاو وەڕێ بخەن بۆ پرسی ڕۆژهەڵات و نارەزایەتی دژی ئیعدامی لاوان و و چی و چی... کە لێرەدا تا ڕادەیەک هەقی دەدەمێ بەڵام واش نا کوردی ڕۆژهەڵات ڕەنگە بە ڕێژەی هەزار و دەهەزار کەسی ئاکسیۆنی دژی ڕێژیمی فاشیستی ئێران وەڕێ نەخستبێ بەڵام بێ جووڵە نەبووە و هەرڕۆژەو چالاکی بەشێک لە کوردانی ڕۆژهەڵات دژی ئەو شتانەی ئەو نووسەرە باسی کردووە لە لایەن کوردی ڕۆژهەڵاتەوە ئەنجامدەدرێ. دیارەلەقەدرە پێویست نییە چون وەک باشوور ئەوانیش یەکگرتوو نین.

با بێمە سەر دەقی بابەتەکە و بەهەموو ئەوکەسانە کە دژی پشتیوانی کوردی ڕۆژەهەڵاتن لە ڕێفراندۆم بۆسەربەخۆیی باشوور بڵێم کە ئێوە لە ناخی کورد بوون و ئەو زەلالەتەی کورد بە دەست داگیرکەران دەیکێشێ نەتێگەیشتوون و نە قەت هەستتان پێکردووە، جا بۆیە لەوبارەوە هەرچی بێڵێین بۆ گلەیی نابن. پاشان وەکوو سیاسەت و تەعامول و لێکدانەوەی سیاسییش ماڵم قەبرە زۆر کلۆڵ و دەستەوەستانن. بۆ؟

یەکەم کورد یەک نەتەوەیە و هەست و نەستی نەتەوەیی لەکاتی وادا بێ ئەوەی هیچ حیزبێک دەخالەتی تێیدا هەبێ وەک



سەرچاوە
Serchawe

بۆڕکان هەڵدەچێ. هیچ حیزبێک هەستی نەتەوەیی بۆ کونترۆڵ ناکرێ تەنانەت ئەگەر بیشیهەوێ، ئەو هەستە خۆڕسکانە لە خت و خۆڕایی نین لە پڕێکەوە سەرهەڵنادەن. بەڵکوو مێژوویەکی دوور ودرێژی داپڵۆسینی داگیرکەران لەسەر کورد وایکردووە کە کورد لەهەرکوێیەک پێوستی بە هاوکاری یەکدی بووبێ ئەوا خەڵکی بەر لە حیزبەکان هەڵوێستیان وەرگرتووە و قسەی دڵی خۆیان کردووە و هاوکاریان کردووە.

بابەتی ئەو بەڕێزە بەداخەوە لەو خوێندەوەیە بەدوورە و وەک ئەوەی چۆن بەخەڵک دەڵێ خەریکی پارەکۆکردنەوەن و کاری ڕەش و ناوگەڵ... و چی و چین (کە هیچیان شەخسی من ناگرێتەوە) وایارە خۆشی ئاگای لە مەحمووودی بێزەواد نییە.

دووهەم کوردی ڕۆژهەلات کاردانەوەی بەرامبەر بە شەکانی دیکەی کوردستان ڕوون وئاشکرایە، ئەو خۆڵەی ئێمە دەبێ بەسەری خۆمای دای کەین دەبێ بەسەری ئێوەی داکەین کە حیزبایەتی بڕستی لە هەست و نەستی کوردایەتیتان بڕیوە! کوردی ڕۆژهەلات لە کۆبانێ بەشەڕ دەهات دژی داعش، ئێستاش لە ڕۆژئاوا سنگی بەگوللەوە ناوە. لە باشوور لە سەنگەرەکانی یەکەمی شەڕی دژی داعش دان، ئەمە مێژووی ئێستا و دۆنێیە، کە هێندی دوورتر بڕوانین کوردی ڕۆژهەڵات لەخۆشی بوون بە سەرۆک کۆماری مام جەلال ڕژانە سەر شەقام و هەزاران شەقی سپای پاسدارانیان خوارد، خەڵکی گیران و ئەشکەنجە دران و ئێستاش بەشێکیان لە زیندان دان. بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کە کاک مەسعوود بوویە هەر وەتر، ئەی ئەو دەمی جەنابت و ئەو کەسانەی چەپڵەت بۆ لێدەدەن لە کوێ بوون؟ بۆ نەتاندەکوت کوری ڕۆژهەڵات بۆ لەسەر کوردی باشوور شەق دەخۆن پرسی ئێمە هی خۆمانە ئێوە خەریکی کاری خۆتان بن؟ بڵێێ ویژدان ئالێرەدا بڕێک قدیلەتان نەدا؟

سیاسەت بۆتە فەزاحەتێک هەموو کەس نان و کەوری پێوە دەخوا و دەتوانێ چەند کەسی پێ فریو بدات، دەنا دەبوو یەکێک لەو نووسەرە بپرسێ ئەرێ بەڕێز ئێوە کە بە پشتیوانی کوردانی ڕۆژهەلات لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشوور کە ڕاستەوخۆ پیوەندی بەچارەنووسی هەر تاکێکی کوردەوە هەیە چ وەدوای نێوگەڵ کەوتبێ و چ وەدوای نان و ئازادی هێندە تەنگاو بوون، بۆ دەستتێوەردانەکانی قسم سولەیمانی و سپای قودس لە کوردستان کە بەشی زۆری دابڕان و ماڵوێرانیەکان، شەڕە کوردکوژیەکان بە پیلانی ئەوان و لەوانڕایە چەند بابەتی نارەزایەتیتان هەیە؟ دەکرێ زەحمەت نەبێ تاقە یەکدانەیان بخەیە پێشخوانی دووکانەکەت تا من ببینم؟ ئەی کە نیتەو دەزانم مەگەر لە پتەت دەرچووبێ باسێکی وات ورووژاندبێ دەنا باست نەکردووە چۆنە ئەو دەستتێوەردانە بە ڕەوا و پشتیوانی منی کورد تەنیا لەسەربەخۆیی و ئەندجامدانی پرسی چارەنووسسازی ڕێفراندۆم بۆسەربەخۆیی نەک لەگەندەڵی بە دەستوەردان و شتی بیلعەت دەزانێ؟

داخی گرانم ئازایەتی لەنووسیندا و ڕاستبێژی لەنوسیندا زۆری لە کورتێ داوە، ئەو نووسەرە جگە لە هەڵدێرانی خەڵک و چەواشەکردنی بابەتی گرینگی ڕیفراندۆم بۆسەربەخۆیی، وای نیشانداوە کە خەڵکی ڕۆژهاالت پشتیوانی لە گەندەڵی

حکومەتی باشوور دەکەن کە بەبڕوای من هەر هەموویان لە بابەتی گەندەڵی دا وەک یەک وان وهیچیان لە هیچیان خاوینتر نین بەڵام ئەو پرسە بەڵێ ئەوان لە ئێمەی چاکتر دەزانن و هەقی خۆیانە چۆنی لەسەر دەدوێن و قسە دەکەن، بەلام پرسی ڕێفراندۆم بۆسەربەخۆیی پرسی تەنیا باشووریەکان نییە، ئەو بابەتەی ئەو نووسەرە هەستی پێناکا یان نای هەوێ و لەبەژەونەندی حیزبییەکی بەدوورە تاهەستی پێبکا.

جگە لەمە سەیرم لەوە دێ بۆکەس لەو نووسەرەو لەوانی دیکەش ناپرسێ گەلۆ چما ئێوە دەست تێوەردان و گێچەڵفرۆشتنەکانی پ ک ک تان، لە باشوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەرگیز داوەتە بەریەک دێڕ ڕەخنە کە ئەمڕۆ خەریکی ئاسنی سارد دەکوتی و کوردی ڕۆژهەڵات لە پشتیوانی کردنی ڕێفراندۆم بۆ دیاری کردنی چارەنووسی گەلێکی بندەست سارد دەکەیەوە؟ دەی ئەم بانێک و دووهەوا نا، سێ هەوایە ئەویش بەو ساز وهەوایە تۆ بڵێێ جگە لە کەسانی هاوبیری خۆت کاریگەری لەسەر یەک کەسی دیکە دابنێ کە تۆزێ هوشیاری سیاسیی هەبێ؟

**بەڵێ بۆ ڕێفراندۆم، بەڵێ بۆسەربەخۆی کوردستان**

**٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧**

---

# بەڵێ بۆسەربەخۆیی کوردستان

**لە پەراوێزی هەندێ قسە و قسەلۆکی بێمانا.**

ئێمە ئەگەر سەربەخۆ بیربکەینەوە و ئەگەر سەربەخۆخواز بین پێویستە نە دۆستایەتیمان دەگەڵ خەڵکی بە قۆنترات بێ و نەدوژمنایەتی تاسەر. لای مەمانان هەرکەس بۆ یەکرێزی گەل و بۆ مرژەوەندی خاک و نیشتمانی کوردان قسەیەکی خێری کرد، هەنگاوێکی ئەرینی نا، دێڕێکی نووسی قەدری لەسەر چاوانە، رێزی هەیەو خۆشەویستە، ئەگەر نا دەگەڵ باوەڕمان نەبوو و بێدەنگەی کرد نە چاکی کوت و نەخەراپ ماڵی ئاوا، گوڵ نیە و دڕکیش نییە. بەڵام ئەوەی خەراپ دەدوێ و ئەوەی خەراپ هەنگاو دەنێ و ئەوەی خەراپ دەنووسی واتە بەرنگاری باوەڕەکانی ئێمە وەک گەلێکی مەزلوومی بندەستی داگیرکەر دەبێتەوە بێگومان دەبێ چاوەڕوانی کاردانەوەش بێ، ئاخر ئەوان دێمۆکراسی و دێمۆکڕاتیزەکردنی کۆمەڵگا بۆتە بنێشتەخۆشکەی سەرزاریان. دەی کاکی برا خۆ ئێمە گیا نین و لە کێوی شین بووبین، ئەو دیمۆکڕاسیەی جەنابت پۆزی پێوە لێدەدەی بە ئێمەشی ڕەوا ببینە، ئاخر خۆ دمۆکڕاسی نابێ ببێ بە کراسێک و تەنیا بە بەژنی تۆ دروا بێ.

ئەوجار لە هیچ کوێێ ئەم دنیا پان و بەرینە کاتێ باس و قسە دەکەوێتە سەر خاک و نیشتمان و نەتەوە ئیتر دژایەتی کردنەکەی ناچێتە خانەی جیاوازی بیروباوەڕ، نەچی بۆ هەڵاتن لە ڕاستیە تاڵەکان کوردستان و عێراق و تورکیا و ئێرانم بۆ دەگەڵ سکاتلەند و کانادا بەراورد بکەی! دژایەتی کردنی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆ خوازی یانی هاودەنگ بوون دەگەڵ بیری داگیرکاری، ئاخر ناکرێ تۆ بیروباوەڕت دەگەڵ داگیرکەر بێ و پێت وابێ ئەوە جیاوازی بیروباوەرە؟ نا هاوڕێم، نا دۆستم، ئەوە هاوڕێ بوونە دەگەڵ داگیرکاری، دەگەڵ هزری داگیرکاری. ئەوجار ئەوە مەترسیەکی گەورەیە کە بتهەوێ کڵاو لەسەر خەڵکی بنێی و بە بیانووی دژایەتی فلان حیزب و فلان سەرکردە و بە پۆزی دێمۆکڕاسییەوە دژی خاک و نیشتمانی کوردان بوەستی! ئیتر ئەگەر ئەوەت کرد بێ هیچ شک و گومانێک خەیانەتت لە نیشتمان ولە نەتەوەی خۆت کردووە بە هەموو یاساو ڕێسایەک وبە هەموو عورفو عادەتێک. ئەمە تەوهین وتۆمەت نییە ئەوە ڕاستیەکە دەبێ هەموو کەس زۆر بە باشی بیزانێ. هیوادارم مێژوو ناوت لە ڕێزی خەباتکارانی نیشتمان تۆماربکات نەک لە ڕیزی خەیانەتکاران.

٢ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## ڕیفراندۆم ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران:

ئێمە ناتوانین قەبووڵ بکەین حکوومەتی عێراق بە ڕێفراندۆمی مەسعود بارزانی کز ببێ و لەوبەر سنوورەکان ئەمنیەتی ئێمە بە دەستی تروریستەکان بکەوێتە مەترسییەوە.

بە کوردیەکەی ئەو دەیهەوێ کورد لە باشوور هەر کۆیلەی عەرەب و حکوومەتی بەغدا بێ. ناهەقی نییە کورد لە باشوور ڕزگاری بێ سەتا سەت ئەمنیەتی ئێرانیش لە مەترسی دەکەوێ... ئەو دەم ئیتر شتێک بە ناوی ئێران نامێنێ وەک ئەوەی عێراق ئیتر دەبێ بیر لە ناوێکی دیکە بۆخۆی بکاتەوە دوای بڕیاری سەربەخۆیی کورد.

ئیتر ئەمە حال و هەوای کورد و دەروجیرانەکانێتی، چ کەردەن، کوردیش بڕیاری خۆیداوە، لە کۆبوونەوەی ١٦ حیزب وهێزی سیاسیی کوردستان ڕۆژی گشت پرسی و ڕێفراندۆم دیاری کراوە، ٢٥ - ٩ - ٢٠١٧ ڕۆژی بڕیاردانی کوردە لە چارەنووسی خۆی و ئەو ڕۆژە وەدرەنگی ناکەوێ و ئەو ئیرادەیە پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە. دیارە ئەگەرچی ناوماڵی کورد زۆر ڕیک وپێک نییە بەڵام ئەگەر هەر ئاواش بمێنێتەوە کورد بە زۆرینەی بەرچاو دەنگی بەڵی دەدا بە گشت پرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

سەبارەت بە ناڕێکی ناوماڵی کورد خەبەرەکان دڵخۆشکەرن، لەجاران زیاتر، هەڵوێستی ئەم دواییە یەکیەتی وەک مەلا بەختیار ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی درکاندی یەکجار جوان و بەجێیە، ئەوان ئیتر لێبڕاون و دەگەڵ گشتپرسی و سەربەخۆیین و هەر واش وڵامی ئێرانیان داوەتەوە. ماوەتەوە گۆڕان، وەک ڕووداو باسی کردووە پارتی دەستپێشخەرییەکی دیکەی کردووە و ئامادە بووە بێ مەرج پارلەمان کارا بکاتەوە تا هەڵبژاردنی داهاتوو بە هەمان سەرۆک و دەستەی سەرۆکایەتی درێژە بە کارەکانی بدات. جگە لەمە پارتی داوای گفتگۆی ڕاستەخۆی لە گۆران کردووە ئەوانیش کوتوویانە جارێ سەرمان قاڵە بە هەندێ کاری ڕێکخستنی بزووتنەوەکە و تا دووهەفتەی دیکە بەفەرمی وڵامیان دەدەنەوە. ئیتر هەموو شتەکان بەرەو یەکگرتووی زیاتری ناوماڵی کورد لە باشوور دەچێ و ئەو هەواڵانە دڵی هەر کوردێک شاد و دڵی دوژمنان خەمبار دەکات.

دوژمن زیاتر ئومێدی بە کێشەناوخوویەکانی کورد بەستووە بۆ پەک خستنی ڕێفراندۆم، دەنا هەڕەشەکانی چ نین و ئەو ڕاستەخۆ هەرگیز ناتوانێ و جورئەتی ئەوە ناکات دەگەڵ حکوومەتی هەرێم و دەگەڵ ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو



سەرچاوە
Serchawe

بێ. بۆیە یەکخستنی ناومالی کورد جگە لە سەرخستنی گشتپرسی بە رادەیەکی بەرچاوتر ئاوێکی سارد بەسەر دەستی دوژمنان و داگیرکەران دادەکات کە ئیتر بیری پەکخستنی ڕێفراندۆمی کوردستان بۆ هەتا هەتایە لە مێشکیان دەرباوێن وهەوڵ بدەن بۆ ئایندە جیرانێکی باش بن بۆ دەوڵەتی کوردستان.

بەڵێ بۆ رڕیفراندۆم، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

٣٠ی جوولای ٢٠١٧

# دەستی چەوری خۆتان دەسەر ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی هەڵمەسوون

## لە پەراوێزی هەندێ وردە فەرمایشتان

ئەوەی کوردایەتی و ناسیونالیسمی کوردی دوو دەستی تەسلیم بە بارزانی و پارتی کرد ئەوە رۆشنبیر و نووسەری چەپی ڕۆژهەڵاتی نەبوون. یەکەم ئیرادەی خودی پارتی و بارزانی بووەو دووهەم سەردانەواندنی ئێوە بۆ داگیرکەران. ئەو کات کەباسی ئاڵا بوو و جەنابت سەرت بەردابۆوە و لەبنەوە بە خێسەوە لە مەسەلەکەت دەروانی بارزانی مەسەلەی ئاڵای کوردستانی بەرز کردەوە، هەموو داگیرکەران و لە هەموان زیاتر تورکیا و ئێران دژایەتیان دەکرد و خێڵ و عەشیرەتەکەش لەسەر هەڵدانی ئالا پێداگر بوون و ئێوەی بەناو مودێڕنی کوردیش تەماشاگەر.

بارزانی لە وڵامی نەیاران دا کوتی "ئەمن لە مەهاباد لە ژێر ئەو ئالایە لەدایک بووم و هەموو کاتیش ئامادەم بۆ ئەو ئالایە و لە ژێر سێبەری ئەو ئالایەدا بمرم." دەکرێ بزانم ئێوە ئەو کات چ فەرمایشتێکتان لەو بارەوە هەیە؟ کام لێدوانتان بۆ هەڵدانی یەکەم سیمبۆلی نەتەوەیی خستۆتە ناو دێرووک و مێژووە؟ ئەوە یەکەم هۆکاری بەدەستەوە گرتنی بەرەی کوردایەتی بوو لە لایەن بارزانییەوە، دووهەم ئەوەی کە کوردایەتی تەسلیم بە بارزانی و بە قەولی ئێوە خێڵ و عەشیەرت کرد، شیرە شیرێ ئێوە و خوێریگەری و کلکە سووتەی هەندی بە ناو نوێخوازی خۆبەدەستەوە دەری ڕۆژهەڵاتی ورکە خۆری بەردەرگای قاسم سولەیمانی و مەلاکانی ئێران و مالیکی و حەکیم و... بوون کە لێیان نەگەڕاو بەتەحریک کردنی هەندێ بە ناو حیزبی نوخوازی سەتان ساڵ دواکەوتوو لە زەمان... ئەو حیزبانە دەگەڵ کاروانی کوردایەتی کەون و لێنەگەڕێن پارتی بەتەنێ ببێتە تاکە سواری ئەو مەیدانە، ئەوە ئێوەی چەپرەک و چەپی سوننەتی سەر لێشێواو بوون کە پێتان وابوو تەنیا ڕیگای ڕزگاری بەرەنگار بوونەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیسمە لە ناوچەکە دا و لە ناملیکەیەکدا کە کە تاماوەیەکی زۆر لە مەهاباد دەستاو دەست دەگەڕا و لەو ناوە تەرجەمە دەکرا، ئێران وعێراق وسووریەتان بە سێکۆچکەی دژی ئیمپریالیستی دەزانی... ئەوانە بەڵگەن و ماون.

ئەوە چەپی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆشنبقیری کوردی ڕۆژهەڵاتی نەبوون کە کوردایەتیان دوودەستی تەقدیم بە پارتی کرد ئەوە هەڵوێستە ناکوردانە و نا نیشتمانیەکانی سەرکردەکانی پ ک ک بوون کە دەوڵەتی کوردیان بە بیرۆکەیەکی دواکەوتوو دەزانی و دنەی برایەتیا گەلانیان دەدا...

خۆتان بە چەپ و بەرەی کوردایەتی هەڵماوەسن ئێوە لە هەموو راستێک راستترن، ئێوە لە چەپ تەنیا وشەکەتابن پێبڕاوە، یان ڕەنگە هەر چەپدەست بن و پێتان وابێ ئیتر دەبێ چەپ بن! پێوەندیتان دەگەڵ حەکیم وقاسم سولەیمانی و دەگەڵ مالێکی و دەگەڵ عەلی پاپیر مێژوویە! دەستی چەوری خۆتان دەسەر چەپ و رۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی هەڵمەسوون.

کاکی شرۆڤە! کار ئاگات لە خۆت بێ بەچاوە نەبی. ئەوانە مێژوون و بە کەس ناشێوێنرێن، بەسە قوڕت بەسەر حیزبەنوێخوازەکان داکرد دەستیان لێهەڵگرە.

لە پەراوێزی قۆریاتێک بە ناوی شرۆڤەکاری سیاسییەوە.

ڕەنگە زیاتری بەدوادادێ

١٧ی جوولای ٢٠١٧

---

# دەردە کورد

کە بێتواناییت پێوە دیار بوو بێهیوایی رووت تێدەکا، کە ئەم دووەش دەستیان دایە دەستی یەک بێ گومان هەر دەبێ بەهیوای ئەم وئەو بی، ئەوە حەقیقەتی کۆمەڵگای کوردەوارییە. ئەو نەتەوەی بە قسە چی تێدا نەهێشتۆتەوە و بە کردەوەش بەر لە داگیرکەران خۆیان دوژمنی خۆیانن. پەرتەوازەیی لە ناو ماڵی یەک خێزان ڕا بگرە تا دەگاتە ناوخۆی یەک حیزب و حیزبێک لەگەل ئەوی دیکە و تاک دەگەڵ یەکتری و تا بێنەهایەت... بڕستی لێبڕیوین!

داعش هێرشی کردە سەر کورد خۆتان دیتتان ولە بیرتان ماوە، بەشێکی بەرچاوی خەڵک بە هاندانی حیزبە دیارەکان ببون بە تاوەری پێنجەم و ڕۆژهەتا ئێوارێ دەهۆڵیان دەکوتا ئاها هەولێر گیرا!! وایان لە خەڵکی کردبوو بەشێکی خەڵکی باوەڕی پێیان کرد و هەولێری چۆل کرد! ئێستاش وەک نەبایان دیبێ و نەباران بوون بە قارەمان و باسی هەلاتنی ئەم و ئەو دەکەن وەک ئەوەی خۆیان لەسەنگەری هەرە پێشەوەی ڕووداوەکان بووبن. داعش وردە وردە فیزیکییەن کۆتایی هات بەڵام دوژمنایەتی کورد خۆ بە خۆ هەر نەبڕاوەتەوە و هەتا دێ خەستر دەبێ!

لە ڕۆژهەلاتی داگیرکراوی ژێردەستی فاشیستی مەسەبی دا کوردێکی جودا بیر گیراوە، ئەوەندەی کوردی هەندەران نشینی شۆڕشگێر و خەباتکاری ڕێگای ئازادی هێرشی کردە سەری و خۆی و خانەوادەیان برینداری رووحی کرد قەت گیرانی لە لایەن ڕێژیمەوە ئەو کاریگەرییەی لەسەریان نابێ. لەمەش خەراپتر دیسان تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی بەسەر دووبەرەدا تەقسیم کرد یەک دەڵێ جاشە و یەک دڵێ نییە! لە حاڵێکدا نە ئەوەی گیراوە جاشە و پیاوی حکوومەتە و نە ئەوەی داکۆکی لێدەکا بەتەمایە بچێتەوە پاڵ ڕیژیم و نە ئەوەش کە پێێ دەلێ جاشە دەزانی ئەو کوتنە چەندە برینێکی کاریگەری ڕووحی و رەوانی لەسەر خۆی و بنەماڵەی کە هیچ تاوانێکیان لە چاک و خەراپ بوونی هەڵویستەکانی کاک سەلاحی خەدیو دا نییە دروست دەکات و چ کاریگەرییەکی نیگەتیڤی لەسەر رووح و رەوانی هەزاران کەس چالاکی ناوخۆو دادەنێ و بەڕاستی ساردیان دەکاتەوە لەوەی بە چاک و بە خەراپ چ بلێین! من لیستێک لە ناوی کەسانی وام دیت کە لە ڕیزی " جاش قەڵەمان" داندرابوون لە هەزاران کیلۆمێتر بەولاوە ئارەقەی شەرمم دەرکرد.... چما ئێمە خەڵکی وامان هەیە ئەوە شێوەی بیرکردنەوەی بێ!! بۆ چاومان بەسەر حەقیقەتێک داپۆشیوە و سیاسەت بە گۆترە دەکەین و هیچ خالێک بۆ هونەری مومکین ناهێلینەوە؟ هونەری مومکین ئەمەیە کە تۆ چوار کەسان ڕەگەڵ ڕەوتی شۆڕشگێری خۆت و شێوازی بیرکردنەوەی خۆت خەی خۆ دەنا ڕەنجاندن و تەنانەت دەرپەڕاندیش نە هونەرەو نەخێری بۆکەس پێوەبووە وەک ئەمەی چەندین ساڵە دیتوومانە و تەجرەبەمان کردوووە.

براو خۆشکی ئازیزم، تا سەر ئێسقان ڕەخنە بگرە مافی خۆتە، بەڵام با ئێمەمانان ئەو کۆمەڵە خەڵکە هەر بە ئیسلاح تەڵەب و خۆ بەدەستەوە دەر بزانین! ئاخر مەگەر ئەوانیش ڕۆڵەی ئەو گەلە نین؟ ئاخر مەگەر ئەوانیش وەک من و تۆ لەژێر گوشاری فکر و ئەندیئشەی داگیرکەر دانین؟! دەی پەیمان ببەستە سبەی ئەگەر ڕێژیمی ئێرانیان بۆ ڕووخاندین و چووینەوە و تۆی حیزبی نەچی و سواڵی دەنگ و رەئی لای ئەمانە و هەزارانی وەک ئەمانە نەکەی!

لەکورتی ببڕمەوە لەم یەک دووڕۆژەدا سەت کەس لە خەباتکارانی ڕێگای ئازادی لەهیچ و خۆرایی دڵیان لەیەک ڕەنجا چون فێر نەبووین ڕێز لە بیرو بۆچوونەکانی یەکتری بگرین. چون فێر نەبووین جگە لە جۆری بیرکردنەوەی خۆ بیرۆکەی کەسی دیکە بسەلمێنین و ڕێزی لێبگرین. بەڕاستی ئەو خۆ بە هەقی موتڵەق زانینە بەڵایەکی گەورەیە!

٨ی جووڵای ٢٠١٧

---

## ئەو کوردستانە نیوەی زیاتری سەلاحی خەدیوە

کاک سەلاح خەدیو نووسەر و رووناکبیر و چالاکی سیایی کورد لە لایەن هێزەسەرکوتکەرەکانی رێژیم دەس بەسەر کراوە. من کاک سەلاحم لە نزیکەوە ناسیوە، لەم دواییانەش دا لەڕێگای نووسینەکانی لەگەڵ بۆچوون و دیدگاکانی زیاتر ئاشنا بووم، دەگەڵ من هاوبیر ورِا نەبوو لە هەندێ بواردا، وەک یەک بیرمان نەدەکردەوە، زۆرجاران نووسینەکانیم پێناخۆش بوو، هەستم دەکرد بەوپێیەی لە ناوخۆیە خەریکە پێ لەهەندێ حەقیقەت دەنێ و چاوپۆشی لە هەندێ ڕاستی دەکات، ئەوە هەستی من بووە. خۆ ڕەنگە ئەویش لە نووسینەکانی من ڕا هەمان هەڵکڕاندنی هەبێ، ڕەنگە پێیوابووبێ چون جێگام نەرمێنە و بە تەواوی هەوای ئازاد هەڵدەمژم زیادەڕۆیی دەکەم!

ڕوانگەکان لای هەموومان، خەڵکانی ناوخۆ دەرەوە لەم دووە زیاتر نییە، لەحاڵێکدا ئەگەر چ عەدالەتێک لە ناخی مەمانانی هەندەران نشین دا هەبێ، دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەین لە ناوخۆ چالاکی کردن و نووسین و بیروباوەڕ دەربڕین هێندە سانا نییە وهەموو کەس ناوێرێ خۆی لێدا. خۆ ڕەنگە زۆر کەس بڵێ دەی باشە کە ناتوانی چاک بنووسی خەراپیش مەنووسە!

چاک نووسین و خەراپ نووسین ناوخۆ و دەرەوەی ناوێ، خۆ ئەوانەی لەدرێشن کە دەنووسن ئەگەر لە ڕوانگەی منەوە چاک بێ و باش بنووسن ئەوا لە ڕوانگەی زۆر کەس لە خەڵکانی دەرەوە خەراپ دەنووسن. دەی کەوایە کێشە لە جێگایەکی دیکە دایە و هیچ پێوەندی بە ناوخۆ و دەرەوە نییە.

بە بڕوای من کێشە ئەم ڕوانینەیە کە خۆی بە هەقی موتڵەق دەزانێ و خەڵکی بە "باتڵ"ە، هەمان کولتوری حیزبوڵای ئێران، هەمان فەرهەنگی پێهەڵگرتووی حکوومەتی ئیسلامی ئێران، کێشە ئەمەیە بیرێکی مەترسیدار خزاوەتە ناو مێشکی تاکی کوردەوە کە رابێ بەوەی هەر کەس وەک ئەو نەچوو، لە خێڵی کوردان نییە! پاک نییە، گومانلوییە! جا ئەگەر سبەی ئەو کەسە لە لایەن ڕێژیمەوە گیراو جەنازەکەشی هاتەوە خۆ قسە چی تێنەچووە، خەراپی کوتووە چ قەیدی خۆ پارەی پێنەداوە؟!

سەلاحی خەدیو، ڕووناکبیرێکی خۆشفکری ئازای کوردە و ئەوەی خۆی بە کورد بزانێ دە باوەشی دوژمنی ناوێ، سەلاحی خەدیو، یەکێکە لەو دەیان هەزار خەڵکە پێگەیشتووەی کە ئەمڕۆش و سبەیش پێکەنینیان بە عەقڵیەت و تێفکرینی

بیرتەسکانی کورد دێ. سەلاحی خەدیو لە ئێمەیە و لە خۆمانە و بەگیران و دەسبەسەر کردنی تەنیا کورد زەرەر دەکات نەک کۆمەڵێ خیلەسەری دواکەوتووی داگیرکەری نیشتمان، نەک کۆمەڵێ قسە زل کە ڕۆژێک لەڕۆژان لە ناوخۆ و لەژێر گوشار و هەڕەشەی ئیتلاعات و سپا و بەسیجییەکاندا تاقە یەک وشەیان بە قازانجی دۆزی کورد لەدەم نەهاتۆتە دەر.

٥ی جوولای ٢٠١٧

## سیامەک عەلیار ئەو کەسەی کەم ژیا و کەڵ ژیا

ئەگەر بڵێم من سیامەکی عەلیارم لە نزیکەوە و زۆر باش دەناسی ڕەنگە وانەبێ، بەڵام لە ماوەی ٤ -٥ جار دیتن ودانیشتن لێرەو لەوێ ئەوەندەی من ناسیم دووخەسلەتی بەرزی مرۆڤانەی هەبوو کە ناکرێ وەبەر چاو نەگیرێن. ناکرێ باسیان نەکەی، با بۆ هەموو لایەک ئەوانەی لانی کەم دەربەستی هەردووک دنیان ببێ بە پەند.

سیامەک عەلیار ساڵانێکی دوورو درێژ بوو دەگەڵ شێرپەنجەی سی و واتە سیپەلاک بەرەوڕوو بوو، لەمدوایە دا دابوویە مێشکی و دوو جار جەراحی تۆمۆری مێشکیان بۆ کرد. ئاخرین جەراحی تۆمۆری مێشک زیاتر لە ساڵێک لەمەوبەر بوو.

یەکەم خەسلەتی سیامەک ئازایەتی وچاونەترسی ئەو مرۆڤە بوو. تەماشای لاپەڕەی فەیسبووکەکەی بکەن تەنیا دوو هەفتە بەر لەمەرگی بە کام وێنە و بە کام پۆستەر بەرەوڕووی ژیانێک دەبێتەوە لە دوکتورەکانی ناهومێدیەکەیان بەرامبەری پێ ڕاگەیاندبوو. ئەو جوانترین وێنەکان و دیمەنەکان دەخاتە سەر لاپەڕەکەی خۆی. سیامەک بڕیاری داوە تا دوا هەناسە چێژ لە جوانیەکانی ژیان وەرگرێ و بڕیارەکەشی بردە سەر.

من کاتێ زیاتر لە ساڵێک لەمەو بەر بیستم کە دوکتورەکان پێیان کوتووە تا چەند مانگی دیکە زیاتر ناژی ئەو بڕیاری دا بچێتەوە ئێران و خزم وکەسەکان بۆ دوا جار ببینێ و ئەگەر قەرار بێ هەر ئەو چەند مانگە بژی ئەو لە ناو خزم وکەسی خۆیدا بژی و لە زێد و وڵاتی خۆی گیان تەسلیم بکات و بەخاک بسپێردێ. بەڵام سیامەک ئەو کەسە نەبوو تەسلیمی مەرگ بێ و ئەو چەند مانگێکی کردە دووساڵ. سەری خزمو دۆستانی دا و گەڕایەوە وزیاتر لە ساڵێکیش دوای گەڕانەوەی هەر وا بە ورە و بە باوەڕ بە ژیان هەڵسوکەوتی دەکرد. دواین پۆستی سیامەک لە فەیس بووک ڕاست دوو هەفتە لەمەوبەر بووە کە ١٠٠ کەس لە ڕەفیقەکانی بەوینەوە لە فەیسبووک وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بڵێ بەڵێ من تەنیا نیم. ئەوە سەت کەس لە نزیکترین و باشترین دۆستەکانم.

ڕەنگە بە قسە هاسان بێ دەگەڵ نەخۆشی شێر پەنجە ژیان و خەبات کردن، بەڵام بە کردار زۆر کەس بەر لەمەرگی شێرپەنجەیی، خۆیان تەسلیم دەبن و لەبەرامبەر ئەو نەخۆشیە کوشندەیە دا بە چۆک دادێن کەچی ئەلحەق سیامەک عەلیار بۆ ساڵانێکی دوررو درێژ شێرپەنجەی بەچۆک دا هێنا.

دووهەم خەسلەتی سیامەک عەلیار ئەو خەسلەتەبوو کە لە ناو کوردان دا بە خەسلەتی پیاوانە و پیاوەتی و مەردانە ناودێر کراوە، با کەس ئەو دەستەواژەیە بە باری رەگەزی دا وەرنەگرێ، نا، سفەت و خەسلەتی پیاوانە لێرەدا بە مانای هیمەت و ئەخلاقی بالاّی مرۆڤایەتی دێ. بەڵێ سیامەک عەلیار لەو خەسلەتە دا بەڕاستی کەم کەس دەسکی لە دوو دەکرد. من خۆم پێمەوە دیوە و ئەوەی دەشی ناسێ ئەو خەسلەتە بە بەشێک لە سیما و لە رەفتاری سیامەک دەزانێ و لێکیان هەڵناوێرێ.

رەوانت شاد سیامەک عەلیار ، خزم و کەست سڵامەت بن.

٥ی جوولای ٢٠١٧

## دەگەڵ تۆمە هاوڕێم دۆستم!

کە دادەنیشی لێرەو لەوێ بە سەر تەرمی ڕەفیقەکەتدا باز مەدە بۆ گەیشتن بە کەناری خەیاڵاوی گەورەبووندا! کاتێ نیازی سەرکەوتنت هەیە بۆ سەر مینبەر، بۆ سەر کورسی، بۆسەری سەر... کەسێتی هاوڕێکەت مەکە پەیژە و پێیدا مەچۆ سەر... چون ئەوت لێدیارنییە! ئەمە بێوێژادنیترین ئەخلاقە، نا ببورە ئەمە هەر بێئەخلاقییەکی تەواوە و ئەخلاق نایگرێتەوە! ئاخر خۆ تا سەر ئاوات بۆ ناچیتەسەر، کەسایەتی وکەسێتی شتێک نییە بە کوشتنی کەسانی دیکە دەستت کەوێ، بە خستنی کەسانی دیکە دەستت کەوێ، کەسێتی دەبێ بە خۆتەوەی شک بەری، دەبێ زەحمەتی بۆ بکێشی و دەبێ بە درێژایی تەمەن پەیدای بکەی! دەنا ئەمەی تۆ دەیکەی بۆ دووهفتە بۆ دوو مانگ هەر زۆری برد بۆ دووساڵ بۆت دەچێتە سەر دوایە پەتەت ووەسەر ئاو دەکەوێ و هەم لای خەڵک بوودەڵە دەنوێنی و هەمیش ویژدان ئەگەر هەبێ بەرۆکت دەگرێ. بەڵێ کاکی کاکان بۆخۆت هەوڵبدە ببی بەکەس، نەک پێت وابێ کە پشتەسەر یەکیترت شکاند ئیتر ئەوەندەی ئەو دەشکێ تۆی پێ گەورە دەبێ!

٢٠ی جوولای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## کاوە قریشی بە کجا چنین شتابان

کاک کاوە قوڕەیشی لاوێکی بە ڕەگەز کوردە، گەنجە و بەبۆچوون و بیرکردنەوەی خۆی خاوەن بیرە، بەڵام کام بیر، چۆن بیرکردنەوە؟ نوسەرە بەڵام کام نووسین بۆ کێ و بۆچی و بە کام ئامانج دەنووسێ؟ ئەمانە هەمووی دەکرێ بە نووسینەکانییەوە دیار بێ و خۆشی بەو نووسینانەوە بناسرێتەوە.

کاوە لەو کوردانەیە کە هیچ ستراتیژی و تاکتیکێکی دیاری بۆ ئێتسا و بۆ دوارۆژی خۆی وەک تاکێکی کورد نییە، ئەو لە جەغزی سیاسەتە عەجایبەکانی پ ک ک دا گیری خواردووە و بە هاسانیش تازە قوتاری نابێ.

کاوە قوڕەیشی لە ئێراندا ئیسلاح تەڵەبە، لە تورکیا دژی ئیمپریالیستە، لە سوریا ئاڵقە لە گوێی ئیمپریالیستە، لای فارسەکان کورد و لای کوردەکان فارسە. لە سەر سنوری رۆژهەڵات دژی ئێرانە، لە عێراق و لە سوریا سەتا سەت لە خزمەت سیاسەتەکانی ئێراندایە. خولاسە کاوە قوڕەیشی یەکێکە لە وجەماعەتەی کە بە کردارییەوە سەرت لە کاری خودا سووڕ دەمێنێ بۆ خیلقەتی.

ئەمشەو یەکێک زەنگی بۆ لێدام وکوتی ئەرێ بۆچ ناڵێێ وادەی سەربەخۆییە و هەندێک کەس کێچیان دەکەوڵی کەتووە! دوا بەدوای ئەمیش برادەرێک لە ئەمریکاوە پێوەندی پێوە کردم و وێنەی دوو پۆستی کاوە قوڕەیشی بۆ ناردم و ئەویش نووسی ئەرێ بۆ بێدەنگی؟!

ئەرێ خزمینە، هاوڕێ و دۆست و هەڤاڵانم بۆ بێدەنگ نەبم، تۆ وەرە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا کورد هەبێ و بە ئاشکرا دژایەتی پرۆژەی سەربەخۆیی و هەنگاونان بەرەو ئەو ئومێدە چەندین ساڵەیەی بابو باپیرانمان بێ!؟ ئەوجار ناویشی بنێ سیاسەت؟ ناوی بنێ پرۆژەی سەربەخۆیی بارزانی؟ تۆ وەرە بە رۆژی ڕووناک ویستێکی رەوای نیشتمانی و کوردستانی، ئاوات وئامانجی میلۆن میلۆن ئینسانی کورد، واتە سەربەخۆیی بخرێتە مەزادی سیاسەتەوە و بە بەهانە و لە داخی بارزانی دژایەتی بکرێ؟ ئەوجار ناویشی بنرێ کوردایەتی؟ خۆ ئێتر بۆ هەموو لایەک وەک رۆژ ڕوونە کە کە ئەوانە لە بنەڕەتڕا دژی سەربەخۆیین و بارزانی تەنها بەهانەیە خۆ دەنا یەکێک لە شانازیەکانی بارزانی لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هەر ئەمەیە کە خوازیاری سەربەخۆیی کوردستانە و لێبڕاوانە لەو چەند ساڵەی رابردوو دا باسی کردووە.

دەی ئـاخر چـۆن مێـژوو دەتـان بەخشـێ، چـۆن کـورد و بەرەی داهـاتوو دەتانبەخشـێ. لە دژایەتـی سـەربەخۆیی  کـورد جگە بانگاواز کردن بۆ ژێردەستەیی عەرەب و تورک وفارس و مل کەچ بوون و سەرشۆڕبوون بۆیان هیچ ئامـانجێکی دیکەتـان نیە، تۆ بڵێێ خەڵک وبەتایبەتی بەرەی لاوی ئەمڕۆ هێندە گەمژە بێ ئەوە نەزانێ و دەداوی قسەی زل و هـاتەران پاتەرانەکـانی ئێوە بکەوێ؟ ئەجار خۆ ئێوە دەتوانن دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، وەک زۆربەی فـارس وعەرەب و تـورک دژایەتیـی دەکەن، بەڵام تکایە ئەو دەمامکە کوردبوونە لە ڕووتـان داماڵن و بە نـاوی کوردبـوونەوە دژایەتـی کـورد و خواستەکانی کورد مەکەن. سەربەخۆیی ویستی یەکلایەنەی هیچ حیزبێک و هیچ سەرکردەیەک نییە، ڕەنگە حیزبێک زیـاتری هەوڵ بـۆدابێ و یەکی دیکە کەمتـر بەڵام سـەربەخۆیی ویسـتی خەڵکی کوردسـتانە و جگە لە داگیـرکەران و نـۆکەرانی بێخەڵاتوبەراتیـان.... کەسی دیکە دژایەتی ناکات. بەڵێ کـاکی بـرا، کـاک کـاوە قوڕەیشی بـۆ کـوێ وا بە پەلە! پێت وانیە دوا ڕۆژ لە ئاست ئەو نوسینانەت شەرمەزار و قەرزدار دێیە دەر؟

برایم جەهانگیری کانادا ١٥ - ٦ - ٢٠١٧

## شرۆڤە هەڵەی هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد

**هەڵوێستی ئەمریکا لە سەر ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەو پاراگرافە تێناپەڕێ:**

**"هدر نائورت، سخنگوی این وزارتخانه، اظهار داشت «روابط تاریخی ایالات متحده با مردم اقلیم کردستان عراق، پیرو همه‌پرسی غیرالزام‌آور امروز، تغییری نخواهد کرد، ولی ما بر این باور هستیم که این اقدام، بی‌ثباتی را افزایش داده و سختی‌های مردم اقلیم را بیشتر می‌کند».**

**واتە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێ ، پێوەندیە مێژوویەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان بە بوونی ئەو ریفراندۆمە ناپێویستەش ئاڵوگۆڕی بەسەر دانایە"ئەوپێناخۆش بوونەش هەڵوێستی ئەمرۆیە سبەی چ دەبێ هیچمان نایزانین بەڵام من بە ئومێدەوە دەڕوانمە داهاتوو، چون ئیرادەیەک لە کورد و لە سەرکردایەتیەکەی دا دەبینم کە لە شکان نەهاتوویە، دیارە بەداخەوە بە دەستی خەیانەتێکی مێژوویی تا ئێرە بەشی سلێمانی لەو ئیرادە پتەوە بەدوورە بەڵام ئەوانیش لە داهاتوویەکی نەهێندە دوور پشت لە فریوکاران و دەغەڵبازان دەکەن و ڕەگەڵ کاروانی کوردایەتی دەکەون.**

**ئیتر شێرو ڕێوی بۆ هێنانەوەی ناوێ، ئەو قسەیەی وەزارەتی سەدەرەوەی ئەمریکا بە مانای پێناخۆش بوونە بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێ پیوەندیکەنمان ئاڵووگۆڕی بەسەر دانایە، ئەگەر لەمن دەپرسی بەسەری دادێ بەڵام بەرەو باشتربوون دەچێ نەک خەراپتر بوون، ئەگەر ئەمریکا کوردی تەنیا بۆشەڕی داعش و زیادەخوازیەکانی ئێرانیش بوێ ئەوجار دەبێ یارمەتیە سەربازی و لوجستیکی و مادی و مەعنەویەکانی ڕاستەخۆ بۆ هەولێر بنێرێ نەک بەغدا چون بەغدا ئیتر ئەو پیوەندیانەی دەگەڵ کورد نامێنێ. ئەمە یەکەم هەنگاوە کە ئەمریکا ئەوجار دەبێ خۆی ساخ کاتەوە. ڕەنگە نیگەرانیەکەشی ئا لێرەوە بێ کە بارزانی و کورد بەو هەنگاوەیان واتە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەمریکایان خستۆتە بەردەم بڕیارێکی چارەنووسساز.**

**ئەوجار کاکی برا کورد لە نێوان ٤ دەوڵەتی داگیرکەردابەش کراوە، هەموویان یەک لەیەکێ هارتر و فاشیستترن نیسبەت بەکورد، دەبێ تاکەی جاوەڕێ بکا و دەبێ چ بکا، وەک بارزانی خۆی کوتی مل کەچی یان سەرفرازی. لەمێژوو دا بێجگە لە پێشەوا و بارزانی کەمتر سەرکردەی سیاسیی جورئەتی بڕیاری وایان هەبووە، سەربەخۆییش شینرنی بەشینەوە نییە، دیاری نییە بە دەستەگوڵەوە بە پیرتییەوە بێنن. بە دلنیاییەوە خەتەراتی خۆی هەیە بەڵام دەسکەوتەکەی بارتەقای هەموو**

قوربانی دانێکی مێژووی ڕابردووی کوردە. ئەوە دەسکەوتێکی مێژوویە بۆ کورد و بڕیاری سەربەخۆیی لە ڕیفراندۆمێکی ئازاد دا دیکۆمێنتێکی حاشاهەڵنەگرە لە ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. کە دەوڵەت لەسەر ئەو دیکۆمێنت و خواستە بە دڵنیاییەوە بنیات دەنرێ جا کەی، ئەمڕۆ، سبەی، یان ماوەیەکی دیکە ئەمەیان سەرکردایەتی کورد بڕیاڕی لەسەر دەدا.

هەروەک چۆن کورد ئەمریکای لەبەردەم بڕیاڕی چارەنووسساز داناووە دۆینێ عیبادی یش هەر وای کرد، ئەو ڕایگەیاندووە کە ئامادە نییە لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی قسە دەگەڵ کورد بکات! دەی کەوایە کورد ماتلی چییە؟ ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ڕاگەیاندنی دەولەتی کوردستان بێ سێ و دوو. هیوادارم سەرکردایەتی کورد هەرچی زیاتر یەکگرتوو بن و ئەم ئەرکە مێژوویە بە شانازییەوە و بە یەکەوە راپەڕێنن. من دڵخۆشم کە ئیتر هەرچی ڕووبدا لەمڕۆ بەولاوە کورد مێژوویەکی دیکە دەنووسێتەوە دنیا شاهیدی ئاڵوگۆڕی جیدی دەبێ لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست.

٢٣ی جوونی ٢٠١٧

---

## لە یادی ناسری قالە کرمانج دا

ناسری قالە کرمانج، یان ناسری ڕەحمانی یەکێک لەو کوردە دڵسوزانەو ویەکێک لەوکوردە ئازایانە بوو کە دڵنیام نموونەیان لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری دا کەم نین، ئەویان لای من دیار و خەڵکی دیکەش لای کەسانی دیکە دیار.

ناسری قالە کرمانج یان ناسری ڕەحمانی بە بنەماڵە کوردپەروەر و تێکۆشەر و ماندوویی نەناس بوو. ئەو لە ڕۆژە سەختەکاندا نوختە ئومێد و تاقە ڕێگای هاوتووچۆ و پێوندی گرتنی من و هاوڕێیانی حیزبی بوو، ئەو کاتەی تەنیا تەلەیفوون و نامە هەبوون، کاتێ نامەکانم نیشتوو پێچ دەکرد و بە هەزار ترس و نیگەرانیەوە قەرارمان دادەنا و لە یەخەی کاپشێنەکەیم داخنی و لێک دادەبڕاین ئاهێکی خۆشم هەڵدەکێشا و نیگەرانیکەانم دەڕەوین. ئاخر ئەو کاتی من لە ژێر توندترین چاوەدێری ئەمنیەتی دابووم و ئەویش واتە ناسر ئەمەی زۆر چاک دەزانی بەڵام دیسان ئامادەی هاوکاری و ڕاپەڕاندنی کاری حیزبی بوو. سەرنج ڕاکێش ئەوە بوو کە قەرارمان بوو نەڵێ ئەو نامانە کێ دەیانێرێ و من "مەریوان ب" چ کەسم. و ئینسافەن هەر واشی کرد و تا دواجار خۆم ئاشکرا نەکرد تەنانەت حیزبیش نەیدەزانی "مەریوان ب" کێیە؟

داستانی من وناسر زۆر دوروو درێژن، چەند ساڵ بوو نامەکانم دەگەیشتنە دەستی سمایل بازیار بەڵام کاک سمایل نە دەیزانی من نووسەری نامە "مەریوان ب" کێم ونە دەیزانی هێنەری نامەکان کێن. وەنەبێ ئیعتیماد و متمانە لە نێوان ئێمە واتە سمایل بازیار و من و کاک ناسر دا نەبووبێ، نا، کاری سەختی تەشکیلاتی لە هەلوومەرجی سەختی ئەو کاتیدا ئەمەی دەخواست. هیچ گومان نەبوو ئەگەر من لەسەر ئەو پێوندیانە و ئەو کارانە گیرابام ئیعدام بچووکترین حوکمم دەبوو، بەڵام من گویم نەدایە، لەمن گرینبگتر ناسر بوو، ئەو دەیزانی کارکردن دەگەڵ من کە لە ژێر چاوەدێری دابووم و بە جۆرێک ئیتر وەک گای نێوچاوان سپیمان لێهاتبوو یەکجار مەترسیدارە، بەڵام ئەو قەبوڵی ئەو کارەی کرد بێ هیچ شک و دوودڵیەک. زۆر جار لە کاری تەشکیلاتی دا و لە هاوکاری کردندا ئەو هۆی دایەوە. من و ناسر زۆر بەکەمی یەکترمان دەدیت، وەک ئەوەی بڵێی بە هەڵکەوت، هەرگیز بەڕواڵەت دوو دۆستی نزیک نەبووین، ئەوە کاری ئێمە بوو، دڵ و گیانمان لە کاری حیزبیدا دەگەڵ یەک بوو بەڵام لەدەرەوەی کاری حیزبی کەمتر دەگەڵ یەک بووین، کەمتر هاوڕێ و ڕەفیق بووین. ئەوە بەشێک بوو لە شێوەی کاری ئێمە و ناسری قالە کرمانج ئەم کارەی بەوپەڕی لێزانی و چازانی ڕەچاو دەکرد.

خۆکاتێ سوور دەمزانی وەشوێن سەرم کەوتوون و کاتی کوردستانیشم بەجێ هێشت و هەر پەنام بۆ ناسر برد و کوتم دەبێ هەرچی زوور کوردستان بەجێ بێڵم دەنا ڕەنگە گرفتی زۆر گەورە بۆ خۆم وبۆ حیزب دروست ببێ. ئیتر وابوو بەیانی ڕۆژی



سەرچاوە
Serchawe

١٠ خاکە لێوەی ١٣٨٠ مەهاباد زێد و نیشتمانم، حەز و ئارەزوو وخۆشەویستیەکانم، خۆزگەکانم، بە جێ هێشت و دەگەڵ کاک ناسر ڕێگای حاجی ئۆمەرانمان گرتە بەر.

ئەو بەیانیە ناسر پەیکانێکی (ماشێنێکی سەواری) ئامادەکردبوو و تا ترمینال بە پشت سیلۆ داخۆمان گەیاندە ترمینال. لەوێش سواری ماشێنێک بووین وبەرەو خانێ واتە پیرانشار وەڕێ کەوتین. لە پیرانشار لە دەوروبەری فەرمانداری زۆر ماتڵ بووین تا دوو نامەی رەسمی چونە ئەودیوی بە پارەیەکی دیار وەرگرت بۆ ئەوەی کەس ڕێگامان پێنەگرێ. کە هاتینە حاجی ئۆمەران خەڵکیان کردبووە دوو بەش. تازە گەیشتبووینە جێ کە یەکێکی ریش پانی کراس سپی لە کەپرەکە هاتە دەر وە کوتی ئەوەی لە مەهاباد ڕاهوتووە بێتە ناو ئەو چارداغە. بە ناچار بێ سێ ودوو ڕوومان لە چارداغەکە کرد. کابرا ڕۆیی وهەر بێ سێ و دوو من هاتمە دەر و بۆلای کابرایەک چووم کە لەوێ سیگاری دەفرۆشت. تا ئاوڕم دایەوە دەرگای کەپرەکەیان داخست، خۆم شلوێ نەکردو داگەڕامە خوارێ ماشێنی لەندۆوێر ریزیان بەستبوو،چوومە پێشەوە وسواری یەکیان بووم و لە کابرای شۆفیرم پرسی بۆ ڕاوەستاوە؟ کوتی لەسەر مسافر! کوتم کاکە بڕۆ من پارەی هەموویانت دەدەمێ. کوتێ زۆر باشە. لە نێوەی ڕێگا کوتم من بارم لەو دیو ماوەتەوە ودەبێ هەرچی زووتر بگەمە ئەو دیوی دەنا پارەکەم دەخورێ دەچم بەلای سەردەشتێ دا دەڕۆم ئاسانترە. دیارە مەبەستم بوو هەرچی زووتر لەو شوێنە دوور کەومەوە.

ئیتر ناسر لەوێ بەجێ ما وهیچمان ئاگامان لە هیچمان نەما. کابرای شۆفێر کوتی جا بۆ وادەکەی کاکە با بچینە ئەو گوندەی وابزانم" چۆمان" بوو لەوێ ئەمن خزمم هەن دەس بەجێ وڵاغت بۆ دەگرم و بە هاسانی دەرباز بەو بارەکانیشت هەر بەو ڕێگایەدا بێنەوە. دەس بەجێ کوتم زۆر باشە خۆ ڕێی دوور دەرمان نیە.لەمە باشتر نابێ.

شوڕبووینەوە ناو گوند و دڵم هەر وا دەیکوتا، نیگەران بووم کە ناسر چی لێبەسەر دێ و ئاخۆ لەسەر من دوایە هەڵی دەپێچن یان نا، بەڵام من لەوە دڵنیا بووم کەمن لەو جێگایە دەسگیر دەکرام بەڵام ناسر نا. ئاخر ئەو کات کاک ئەمیری باباخانی تازە گیرابوو و من ناچار بووم دەبوو بڕۆم، بەڵام ناسر پێوەندی دەگەل کەس نەبوو دەگەڵ من نەبێ. ئیتر دوای گیرانم ڕەنگە لە أێر شکەنجەدا ئەویش ناوی هاتبا و...

لە گوندی چۆمان وڵاغێکیان ئامادە کرد و کوڕێکی مێرمنداڵ بە ناوی "هیوا" دەگەڵم هات. هیچمان سواری وڵاغەکە نەبووین، هەورازێکی هەتا بڵێی سەخت و ناخۆش بوو، تەڕو قوڕی بوو. هیوا زوو زوو بانگی دەکردم ئەرێ دە فەرموو سواری وڵاغەکە بە! منیش دەم گوت ناهیوا گیان تۆ سوار بە فەرق ناکا. تۆ سوار بە هیوا گیان کوڕەگەرەکەی منیش ناوی "هیوا"یە.

لە کورتی ببڕمەوە لە جەنگەی هەوراز بڕیندا قوڵە سەربازێکمان لێ پەیدا بوو، دەگەڵ هیوای دەقسان گیرا و منیش خۆم

لێ بێساحەب کردن و بەدوای ئیسترەبۆزی دا دەهەورازی هەڵبووم، لە ناکاو هەرای کرد "هەی کچا؟ مثل گوسفند سرتو انداختید پایین..." ڕاوەستام وکوتم وەڵا ئێوە سەرگەرمی قسانن کوتم موزاحیمتان نەبم. کوتی "نخیر بیا بینم کجا میری؟ اهل کجایی؟ "بۆ کوێ دەچی و خەڵکی کوێی؟" کوتم بارێکی زۆرم لەو دیوی مەحتەلە و دەبێ هەرچی زووتر بگەمێ بیانهێنمەوە دەنا تووشی زەرەرێکی زۆر دەبم، مشتەریەکانم لە سەرم مەحتەلن! کوتی باری چی؟ کوم وەسایلی بۆردیزێلین؟ کوتی بەتەمای بە کوێدا بیانهێنیەوە؟ کوتم کوێ ئەمینتربێ بەوێدا دەیانهێنمەوە. کوتی ئەگەر بێڕەدابیانهێنییەو من یارمەتیت دەدەم،وکوتم ئەگەر ئەتۆ یارمەتیم بدەی منیش ئاگام لەتۆ دەبێ کوتی چەند بار دەبێ کوتم لانی کەم ١٥ وڵاغ؟ کوتێ ئەمن پۆستەکەم ناگۆرم و سەربازەکەی دیکە کە هات دەنێرمەوە و تا بەیانی لێرە دەبم تا تۆ دەگەیەی نیگەران مەبە بە هاسانی بارەکەت بگەیەنە ناو دێ. ئەوە هیوا ئەمن زۆر چاک دەناسێ. کوتم قەولی مەردان؟ کوتی قەولی مەردان!

خەریک بوو بڕۆم دەستم دەگیرفانم نا وپارەیەکم دەمستی نا کوتم ئەمە جارێ بۆ سیگار. تکایە ئێرە چۆل نەکەی من بە هیوای تۆ بەم شوێنەدا دەگەڕێمەوە. کوتی خاترجەم بە لە بن ئەو بەردەی تەکان ناخۆم!

بەو جۆرە خۆم لە چنگ سەربازە رزگار کرد و دەرفەتی ئەوەم نەدایە لێم بپرسێتەوە خەڵکی کوێم، ئاخر ئەو کاتی هاتوچۆی خەڵکی مەهاباد لەو سنوورانە زۆر سەخت بوو و دەتکوت سەردەشت و پیرانشار سنووری وڵاتێکی دەرەکین و ئێمەمانان پێیدا تێدەپەرین.

دەگەڵ هیوای کە هەر دەتگوت هیوای کورمە و تەنیا تۆزێک باوخۆشتر بوو دەقەدی شاخی هەڵبووین، گەیشتینە سەر سوێیە و ئاوەژوو بووینەوە.تا دەربازی سنوور بووین من دوو نیگەرانیم هەبوون، یەکەم ئەوەی کە بە دووماندا نەیەن و من دەگیر نەکەوم و دووهەم نیگەرانی ناسر بووم.

کە نزیکی حاجی ئۆمەران بووینەوە ئیتر خەمی یەکەمم رەوی بەڵام هی دووهەمم هەر ما. لە پەنا دووکانێک ڕاوەستام و چاوم بڕییە ئەو ڕیگایەی خەڵکی رۆژهەڵاتی پێدا دەهاتنە باشوور، رەنگە سەعات و نیوێک چاوەڕێ بووم هیچ خەبەر نەبوو، ناسر سەرو سۆراغی نەبوو. وردە وردە نیگەران دەبووم بەڵام دەشمزانی ناسر زۆر زیرکە وخۆی بەهەر جۆرێک بێ دەرباز دەکا. لە نەکاو دیتم لە دوورەوە ناسر پەیدا بوو، سەری بەردابۆوە و لە دەریای خەیاڵات دا نوقمی نوقم و بە ئارامی دەهات و لە مقەر و لەو شوێنەی کە من چاوەڕیم دەکرد نزیک بۆوە. لێی چوومە پێشێ و کوتم ئەرێ ماڵتە ئەوە ئەتۆ چیت لێهات؟ بۆ خۆت لێشاردمەوە؟ کە ئەمنی دیت تاوێکی باش حەپەسا، دوایە زەردەیەکی هاتێ و کوتی ماڵتە بزانە پیاو خەراپیشم ناکەی؟ هەر بەراستی چۆن گەیشتوویە ئێرە؟ جێت لێهات؟ ئەو عالەمەت هەموو... خۆ چی نەمابوو هەموومان وەبەر شەقان دەن لەسەر تۆ؟ کوتم بۆ؟ کورە کاکە دەیان کوت ئێمە٥ کەس بووین ئەوی دیکە چی لێهات؟ لە پڕ

تۆ ون بووی ماڵتە بە منیشت نەکوت دەڕۆی بەتەمای چی؟ باشە بەڕاستی چیت لێهات بە کوێدا هاتوویە ئێرە؟ نەقڵەکەم لە نووکەوەبۆ گێڕاوەکوتی وەڵا خۆ کاری چاکت کرد بەڵام من هەر زۆر نیگەرانت بووم کوتم بە خودای گرتوویانە بۆیە هەر وەک بەردی بن گۆمێ ڕۆیی؟ ئای گورگی باراندیدە...

ناسر سادە بوو، بێ دەعیە و بێ غەڵ و غەش، حیزبایەتی وکوردایەتی هەرگیز بۆ نێو نەکرد. ئەو کوردێکی دڵپاک و ئازا و بەجەرگ بوو. لە سەختترین ڕۆژەکاندا ملی وەبەر کاری حیزبی ناو یارمەتی بە کاری تەشکیلاتی وپێوەندی نێوان شار و شاخ دەکرد. من لەسەر ناسر زۆر شتم هەیە بەڵام داخی گرانم و هێشتاش و دوای مەرگیشی هەموو شت بۆ کوتن نابن.ئیتر ئەوە حاڵی مەمانانە وچی دەگەڵ ناکرێ.هەر ئەوەندە ئەو ئەرکی کوردانە و نیشتمانی خۆی بەجێ هێناو لە یادان ناچێتەوە.

یادی ناسری قالە کرمانج هەمیشە لەدڵدا زیندوو.

٢ی مای ٢٠١٧

---

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٨

### ڕۆژهەڵاتیەکان دەبێ شانازی بە خۆیانەوە بکەن

ڕۆژهەڵاتیەکان ئەوەندە بەدوور لە بازنەی تەسکی حیزبایەتی لەگەڵ سۆزی نیشتمان نەغمەی نەوایان دێ و دەگەڵ هەر پێشوەچوونێکی کورد لە هەر پارچەیەک بێ ئەوانیش لەناخی خۆیاندا هەنگاویان بەرەو پێشەوەیە، ئەوان وەها تەژین لە هەستی و نەستی کوردایەتی کە هیچ ئیدەو باوەڕێکی حیزبی نەیتوانیوە ڕێگە لە هەستی کوردانەیان بگرێ و هەر ئەمەشە کە دەبێ بێ لە خۆ بایی بوون شانازی بە خۆیانەوە بکەن.

ڕۆژهەلاتیەکان دەبێ شانازی بە خۆیانەوە بکەن کە هێندە لە بازنەی تەسکی حیزبایەتی دوور کەوتوونەوە لە گەل خەمەکانی باکوور ئەسرین دەرێژن، بۆ باشوور و بۆ ڕۆژئاوا خوێن دەدەن و خەو خۆراک لە خۆیان حەرام دەکەن و بۆ بەرگری و بۆ بە هاناوەچوون بەدەر لە ئینتیمای فکری و حیزبی ئەوەی لە دەستیان دێ دەیکەن.

ڕۆژهەڵاتیەکان دەبێ شانازی بە خۆیانەوە بکەن نەک لەبەر ئەوەی هەندێ بە ناوی ڕۆژهەلات تەوەری هەر جار ناجارێک قسەیەک فڕێ دەدەن و ٤ گەنج و لاوی کورد فریو دەدەن و دەمارگرژی پارچەیەکی کوردستانیان لە ناخی دا زل دەکەنەوە بەڵکوو لەبەر ئەوەی نیشتمانی و کوردانە بیر دەکەنەوە، ئەوان هێندە لە هەستی نەتەوەیی دا پڕن زۆر جار حیزبەکانیان بە یاننامە دەردەکەن و دەڵێن ئەندامانی ئێمە نابێ کاریان بە مەسەلەکانی فلان بەشی کوردستان بێ، دیارە ڕەنگە ئەوان هەقیان بێ کە وەک حیزب نەکەونە ناو شەرەگەڕەکی حیزبی بەڵام ئەوەی ئەندام ولایەنگرەکانیان دیکەن نیشانەی پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەو حیزبانەیە لە سەر ئەندامان ولایەنگرانی خۆی. ئەو ئەندام ولایەنگرانەی دژی خەیانەت دەوەستن، دژی داگیرکاری هەڵوێست دەگرن و بە سەرخستنی کورد لە هەر پارچەیەک هەم هەوڵ دەدەن وهەمیش بە پێشوەچوونیان خۆشحاڵن.

ئەوەیە بەڵگە بۆ ئەوەی ڕۆژهەلاتی دەبێ شانازی بە خۆیەوە بکا کە وەها ڕانەهاتووە ئەگەر ناوچەیەکی کوردستان کەوتبێتە بەر دەستدرێژی داگیرکەر ئەو بەدەر لە بەرژەوەندی حیزبی بێ سڵ کردنەوە هەستی شۆڕشگێرانە و کوردانەی خۆی

دەربڕیوە و لەو کارەش هەرگیز پاشگەز نابێتەوە، هۆکاریش ئەمەیە کە کوردی ڕۆژهەڵات سەرەڕای هەموو غەدر و ستەمێک کە لە لایەن هەندێ حیزب و ورکە خۆری حیزبەکان لێیان دەکرێ ئەوان لە کاتی تەنگانە دا هانا و هاواری گەلی خۆیانن لە هەر کوێیەک دەبێ با ببێ، چیان پێ دەکوترێ با پێیان بکوترێ، شانازی لەوە گەورەتر نابێ کە ئەوان و حیزبەکانیان هەرگیز داردەست و دەستە مۆی هیچ دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان نەبوون ونابن.

۳۱ی جانێوێری ۲۰۱۸

## بارزانی و دوژمنانی بارزانی

بارزانی ئێستا ڕەمزو سیمبولی کوردایەتییە، پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ ئەوە ڕای گشتییە بەرامبەربەبارزانی، کە دەڵێم ڕای گشتی مەبەستم کۆمەڵگای کوردەوارییە. ڕۆژهەلات و باشووربە دڵنیایی باکووریش و ڕۆژئاواش، ئەوەی بارزانیشی کردۆتە ئەو ڕەمز و سیمبولە من نیم، یان کەسانی (بە قەولی جیرەخۆرانی ئێرانی ) جیرەخۆر و مواجب بگیرانی بارزانی نین، ئەوە دوو هۆکاری هەیە، یەکەم بارزانی بە درووشمێکەوە نووساوە کە خەڵک دەیهەوێ، ئارەزووی باب و باپیرانیەتی، تەنانەت ئەگەر هەر دروشمیش بێ هێشتا بەرگی بەرەندەی پێیە. دووهەم حەماقەتی دوژمنانی بارزانییە کەوای کردووە مەیدانی کوردایەتی و سەربەخۆ خوازی کە وێستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانە تەنیا بەو ببڕێ و ئەوانی دیکە یان لەداخان یان لەبەر دڵی ئێران وعێراق و سووریا تا توانیویانە هەر دژی سەربەخۆیی وەستاونەوە. یان سەریان بۆ تاران شۆڕ کردووە یان بە پیلانی قاسم سولەیمانی دژایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ویستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستانیان کردووە. ئیتر سەریشیان خستۆتە ناو بەفر و ئاگایان لە پاشەڵی خۆیان نەماوە کە ئەو کۆمەڵگایە هەمووی هەر پارتی ویەکێتی وگۆڕان وئیسلامیەکان وپ ک ک و دیمۆکراِت و کۆمەڵە نییە و پاک و... نییە، خەڵکێکی زۆری تێدایە کە بە ڕوانگە جیاوازکانەوە دەستاودەستی بیروباوەڕ دەکات و ئاڵوگۆڕی بەسەر دادێ. ئەوانن کە بە تێکەڵ بوون دەگەڵ لایەنگرانی هەر لایەک ڕێژەی زۆرینە دەسەڵمێنن.

دوژمنانی بارزانی لەبەرچاوی خەڵک ئاشکرا ودیارن، ئەوان هەمووشتێکیان لە باکوور، لە باشوور، لە ڕۆژهەلات، لە ڕۆژئاوا تورِ هەڵداوە و شۆڕش و بەرخۆدانی پارچەکەی خۆیان بە تەواوی لەبیر کردووە هەر خەریکی دژایەتی بارزانین. مەسەلەن ئەوەندەی لە سەرقسەیەکی یەکجار بەجێی بارزانی نووسرا کە کوتی مالیکی ببێ بە سەرۆک وەزیران یەکسەر سەربەخۆیی ڕادەگەیەنم هەرگیز نیوەی نیو ئەوندە لە سەر دەس بەسەر کردنی سەرانی ە دپ، سەلاح دەمیرتاش و هەڤالانی بەدەست فاشیستەکانی تورک نەنوسرا، ئەحمەد تورک کەلەپچە بەدەست بەوتەمەنەوە دەبرێتە نەخۆشخانە و عوسمان بایدەمیری کوردە مەردەکەی ئامەد دەسگیر دەکرێ کەس نییە ئاوڕی لێبداتەوە بەلام هەربەرەی ئێرانیەکان سەتان بابەتی تانە ئامێزیان لە سەر ئەو قسەیەی بارزانی نووسی کە کوتی:

ئەگەر مالێکی بێ بە سەرۆک وەزیران ڕاستەوخۆ ئیعلانی سەربەخۆیی دەکەم. هی وابوو بە تانەوە دەیکوت یاخوا مالیکی ببێ بەسەرۆک وەزیران، هیوابوو دەیکوت ئەگەر هاتو مالیکی نەبو چی؟ ئیتر کەس باسی لە سەربەخۆیی کوردستان نەکرد وەک پرۆژە، وەک ویست، کەس نەیکوت جەنابی بارزانی مالیکی ببێ بە سەرۆک وەزیر ونەبێ بە سەرۆک وەزیر جەنابت هەرچی زووتردەبێ زەمینەی سەربەخۆیی بە هەموو تاکتیک و ڕەوش و شێوازەکان ئامادە بکەی، هەر لە ڕێکوپێک کردنی ناوملی

کورد ڕا تا دەگاتە جووڵەی بەهێزی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی بۆ بە دەوڵەت کردنی کورد، بۆ وەدی هاتنی خەونی باب و باپیرانمان.

ئەمما پەیامی بارزانی لەو بەشەدا لایەنێکی دیکەشی هەبوو کە میدیای سیبەر و میدیای چەواشەکار لەبیر خەڵکی بردەوە، شانتاژی تەبلیغاتیش کە ئیتر لەوێ ڕاوەستێ کاری لەسەر زۆر ڕۆشنبیر کردووە بە واتایەک کەبە دەلیل وبێدەلیل هێرش دەکەنە سەر حکوومەتی باشووری کوردستان و بارزانی و سەرەبەخۆییش بە گاڵتەو گەپ دەقەبڵێنین، ئیتر ئەمە بۆتە مودێلێکی ئەمڕۆی کوردبوونی مودێرن! کارێک کە نە عەرەب و نە فارس و نەتورک نایکەن، ئەوان لە ناوی سەربەخۆیی دەترسن و ئەمان دەیان هەوێ سووکی بکەن.

بارزانی کاتێ کوتی ئەگەر مالیکی ببێ بەسەرۆک وەزیر ڕاستەخۆ سەربەخۆیی ڕادەگەیەنم دیار بوو و هەمووشمان دەمانزانی کە مەبەستی ئەوە نەبوو ئەگەر ئەونەبێ واتە سەربەخۆیی ڕاناگەیەنم، یەکەم من زۆر جار کوتوومە سەربەخۆیی بەر لەوەی ویستی بارزانی بێ ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، دەی کەواتە بارزانی ڕەنگە تەنیا ڕاسپاردە یان نوێنەری ئەو ویستە بێ. دووهەم مالیکی پیاوی ئێرانە، دەسکرد وبژاردەی ئێرانە، بارزانی ئەم جارەیان بۆ یەکەمجار بەو دژایەتییە ڕاستەخۆبەرامبەر بە ئێران و سیاسەتەکانی وەستایەوە و بەو پەیامەی بە ئاشکرا دژایەتی سیاسەتەکانی ئێرانی کرد.
من وای بۆدەچم شتێک دەبێ لە گۆڕێدا بێ. ئیتر خەڵکێک یان نەیهەوێ تێی بگا یان تێی ناگا، نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکوومتی هەرێمی کوردستان لە دوایین وتووێژی دا ڕاستەخۆ ئێرانی بە ترۆرەکەی شەوی یەلدای قەڵای دێمۆکرات تاوانبار کرد. ئەمانە لە پتەیان دەر ناچێ، چەندینساڵە لە پلەی هەرە بەرزی حکوومەتداریدان، هاتووچۆی زۆربەی وڵاتانی دەرەوەیان کردووە، دەگەڵ سەتان وەفدو هەیئەتی دیپلۆماسی دانیشتوون و ڕاوتەکبیریان کردووە، لێیان فێربوون، بڵێی بەشی ئەوەندە نەزانن کە چۆن بدوێن لە کاتی وادا؟ یان بڵێێ شتێکی دیکە و پرۆژەیەکی دیکەی گەورەتر لە عەقڵی کورد و سیاسەتمەداری خەواڵووی کورلە ئارادا نەبێ و پێمان نەزانیبێ؟
ئایندە هەموو لایەک بە مەمانانیشەوە لە مەحەک دەدا، بەچاک و خەراپەوە هەرچی دەینووسین لەسەرمان ماڵە، بەرپرسیارین لێێ. من لەو بارەوە دڵنیام زۆرنابا هەموو شتەکان بۆ هەموو لایەک ڕوون دەبنەوە. باوەڕیشم وایە کوردی ڕۆژهەڵات دەرفەتێکی بۆ هاتۆتە پێشێ. لەو دەرفەتەی کە بۆی ڕەخساوە لەجیاتی دەداوی پرۆپاگەندەی ئەم وئەو کەوێ ئەگەر کەڵکی تەواو وەرنەگرێ کڵاوی گەورەی دەچێتەسەر. ڕۆژهەڵاتیش مافی خۆیەتی بە وریایی لە هەموو ئیماکانەکان بە قازانجی بووژانەوەی خەباتی ڕۆژهەڵات کەڵک وەرگرێ بەو مەرجەی چۆن تائێستا لانی کەم تارادەیەکی بەرچاو سەربەخۆیی خۆی پاراستووە ئەو تای تەرازووە هەرڕابگرێ و نەهێڵێ بەهیچ لایەک دا بلەنگێ.

٢٧ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## تۆکێی؟ تۆچی؟ تا بژاردەی ئەمریکا بی؟

ئەمریکا و ئوروپا و... شێت نەبوون لەنێوان کورد وتورک و لە نێوان عەرەب و کورد و لەنێوان فارس و کورد دا دا کورد هەڵبژێرن، تۆش لە جیات ئەوان بای کوردت هەڵنەدەبژارد. ئەگەر وانیە ئەی بۆکورد هەوڵ نادات پێوەندی دەگەڵ ئەفغانستان ودەگەڵ پاکستان و دەگەڵ ئیتیۆپی دابمەزرێنێ و هەوڵی دۆستایەتی هاوپەیمانەتیان دەگەڵبدات؟! کوردیش هەر خەریکە دەگەڵ دەست ڕۆیشتوو ودەوڵەمەندەکان کاکەو برالەیەتی. ئەمریکا بۆپشت دەوان بکا، تورک و فارس و عەرەب دەوڵەتن، ئەوان سەلماندوویانە یەک نەتەوەن کە بنیاتە ئابووری وبازرگانیەکانی خۆشیانوکوردیشیان لەبەر دەستی دایە.

دەی ئەمریکا بۆ وازیان لێ بێنێ بۆ تۆ؟تۆ کێی؟ تۆچی؟

کورد هیچ ڕێگایەکی لەبەر نیە، پێش هەموو شتێک دەبێ ئەو لێکدانەوەی ئاکادیمیانە فۆرمۆڵییەی ڕووناکبیر و بە قەولێک بیرمەندە بەزیو وخۆبەدەستەوە دەرەکان لە هەرچوار پارچەی کوردستان بخاتە زبڵدانی مێژووە و ئەوجار بە بیری سەربەستی خۆی گۆش بکات. کورد یان دەبێ یەکبگرێ و شەق لەو حیزب حێزبێنە ماڵوێرانکەرە هەڵبدا و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بدات و شێلگیرانە لەپێناویدا ئامادە بێ بمرێ. یان دەبێ بۆ هەمیشە واز لە قوربانیکردنی گەنج ولاوی کورد، کوڕان وکچانی کورد بێنێ ونەیانکاتە قوربانی لە پێناو دامەزراندنی دیمۆکراسی، و فیدرالیەت وبراتیا گەلان لەناوعەرەب وتورکوفارس دا.

کورد تا سەت ساڵی دیکە خۆی هەلاوێ عەقلیەتی ئەوو داگیرکەرانەی بۆ ناگوڕدرێ. دیمۆکراسی بۆ ئەوان بۆدا نامەزرێ، داشی مەزرێنێ لەوەی تورکیا باشتر نابێ، ئەوە نیە لەو وێ هەڵبژاردن هەیە، حیزب ئازادن، ڕۆژنامەوتەلەوییۆن دەبێ شەق شەقێنی پێبکەی ،دەی دەبڕۆ حاڵی کورد لەوێندەرێ ببینە؟ ئەوە باشوور،ئەوە ڕۆژئاوا ئەوە ئێران، سەیری هەڵسوو کەوتی حکوومەت دەگەڵ کورد بکە لەو وڵاتانە بە درێژایی مێژوو ئەگەر ئەمڕۆهەڵوێستیان وهەڵسووکەوتیان سەت قات لەڕابردوو خەراپتر نەبووئەو دەم ئەی سەرکردە کوێرزەینەکە هەر وەدوای خەون و خەیاڵی خۆت کەوە. ئەگەر نا دەبێ دەستت وەبەر چەناگەت دەی وبیرێکی تازە بخەیە ناو بۆخچەی چەقبەستووی مێشکتەوە.

بەڵێ لە بڕیاری سەربەخۆبوون زیاتر کورد هیچ ڕێگایەکی دیکەی بۆ ڕزگاری لەبەر نیە. ئەگەریەکجار و بۆ هەمیشە ئامادە بێ لەو پێناوەدا قوربانی بدا ئەوە بە دڵنیاییەوە لە سەختە ڕێی ڕزگاریدا ئاسۆی کوردان ڕوونە دەنا بە پێوەری ئەو گەز وجاوەی تا ئێستا هێناوێتی تاریکە شەوێکە قەترانی لەهەمووکات ڕەشتر.

٢٦ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## تاڵە ژین - دنیایەکی کڕ

لە ١٩٨٣ - ١٩٨٤ - ١٩٨٥ لە خوارکورک لەلای هاوڕێیانی حیزبی شیووعی بووم ولە گوندە وێرانەیەک دەستی بەعس کە بەو حاڵەش دەتگوت سووچێکی بەهەشتە بە ناوی "ئەرمووش - ئارمووش " (ئەگەر ناوەکەم بە هەڵە نەنووسیبێ) بنکەو بارەگامان هەبوو، ئەو کات دۆستانی پەیرەوەی کۆنگرەی ٤ یش کە تازە ڕێژیمی ئیسلامی هێرشی کردبوونە سەروێڕای حیزبی تودە و فیدائیەکان لەوێ بوون . پ ک ک ئەو دەم تازە بوو، هەر لە ئارد و نان ڕابگرە تا جلوبەرگ و چەک و تەقەمەنی زۆربەی هەرە زۆری پارتی یارمەتی دەکردن، دوای ئەو حیزبی شیوعی عێراق یارمەتی پ ک ک ی دەدا. خواکورد کەوتۆتە سێکوچکەی ئێران و عێراق و تورکیا، ئەو دەم پ ک ک لەو ناوە نەبوو بەڵام هاتووچۆیان زۆر بەکەمی هەبوو. ئەگەر کورتە ناسینێک لە سەر خواکورک بنووسم کە من هەموو دۆڵ و دەرە و زۆربەی لووتکە چیاکانیم تەقاندووە، دەمم بە کانیاوەکانیەوە ناوە و تێرم ئەو ئاوە سارد و سڕە خواردۆتەوە، دەبێ بڵێم، دۆڵ و دەرەیەکی هەزار بەهەزار، کە بە دەیان لووتکە کێوو دۆڵ و دەرەی یەکجار جوان و لەهەمان کاتدا سەخت و هەڵەمووت ئالبۆمێکی یەکجار دڵگیریان بە ناوی خواکورک پێک هێناوە.

شەڕێ ئێران و عێراق بەگەرمی بەردەوام بوو، ئێران لە دۆڵی لۆلانەوە خەریک بوو جادەی لێدەدا تا بەرەو سیدەکان هێرش بەرێ، عێراقیش ئاگای لەو بەزمە هەبوو بە تۆپ و بە تەیارە شەو ڕۆژ ئەو ناوەی دەکوتا، دەنگی تەیارە و گرمەی تۆپ بەڕاستی ئەوەی مانای ژیان بوو لەو دۆڵ و دەرە جوانە نەیهێشتبوو. دەقیقەیەک بێدەنگ نەدەبوو. بۆگەنی باڕووت ئەو ناوەی پڕ کردبوو و ئیتر بە تەواوی هەستت پێدەکرد و بۆگەنی مێشکی مرۆڤی ئازار دەدا.

ڕۆژێکی دەگەڵ هاوڕێیانی شیوعی بۆ کڕینی مەڕ پەڕینەوە بەری ڕووبارێک کە لە خوارک را دەهاتە خوار و دەگەڵ ئەو ڕووبارەی لە لۆلان ڕا دادەگەڕا لە "کەوەرت" تێکەڵ دەبۆوە. "سپیگا" گوندێک یان باشترە بڵێم ماڵێک بوو کە "سۆفی ڕەمەزان" بە خۆی و بە منداڵەکانی ئاوەدانی کردبووە و مەڕ و ماڵاتێکی زۆریشی هەبوو، سۆفی هەرچەندی بڵێی قسە خۆش و مرۆڤێکی سادەو ساکار و ڕاست و دروست بوو، لەهەموو گرینگتر تووتنێکی عەخجایبی هەبوو.

من بە شاهیدی دۆستان ئەنگێوەی چاک بووم، زۆر جاران کەروێشکم لە هەڵاتن دابە کەڵاشینکۆف راو دەکرد(مانگێ ٥ دینار یان زیاترم دەدا بە فیشک نەک بە فیئشەکی حیزبی شیوعی راوە کەروێشکم کردبێ). ئاوی ڕووبارەکە زۆر بوو، ساردیەکەشی لەوەی دانەبوو دەتکوت سەهوڵاوێ جەغەتەیە. هەرچۆنێ بوو پاش تاقی کردنەوەی سێ چوار بوار لە یەکیان دەرباز بووین،

بەلام باوەڕ بکەن چێ وای نەمابوو هەرسێکمان ئاو بمان با. زۆر جاران لەو ڕووبارانە دەقاودەق دەگەڵ مەرگ دەستەو یەخە دەبووی چاریش نەبوو دەبوو بوارێک بدۆزییەوە و دەرباز بی ڕووباریش خوڕێین و بەردەلان وهەڵدێڕ و سەرشێت....

هەرچۆنی بوو لە ڕووبار پەڕینەوە ، ئەو ناوە کەروێشکی زۆر بوو بەلام ئەو ڕۆژە تووشی چ نەبووم، گەیشتینە سپیگا دەگەڵ سۆفی چاک و چووێنیمان کرد، دانیشیتین و چاو نان وماست هاتە سەر سفرە . سۆفی بەتەنێ لەو ناوە دەتوانم بلێم دەوڵەتێک بوو، دیارە خۆی و سەروەت و سامانی نا ، دڵێ. کوتی ئەدی کوا کەروێشکا من؟ کوتم سۆڤی باوەڕ بکە نەسیب نەبووە یەک کەروێشکیشمان وەبەر چاو نەهات، ئاخر جار جارە کە بەرەو لۆلان دەچووین ئەگەر لە سەر ڕێگای سپیگا کوروێشکم کوشتبا حەتمەن سۆفی بەشی تێدەکەوت، با ئەوەندەش بلێم من ئەخلاقەن دەگەڵ ئەو گوندنشینانە یەکجار زوو دەبوومە دۆست و لە دانیشتین وقسە وگفت ولفتیان تێر نەدەبووم ئەوانیش ڕێزی منیان زۆر لەبەر بوو.

لەو قسسانە دابووین هاوڕییەک کە بەراستی ناوەکەیم لەبیر نییە بەلام کەرکووکی بوو و لە ئیعلام کاری دەکرد پرسی دەی سۆفی دەنگو باس، سۆڤی زۆر لەسەروە خۆ گوتێ خودێ چ نینە دنیایەکی کڕڕڕڕڕڕڕ.

قەتم ئەو قسەیە لەبیر ناچی ئەودەم کە سۆفی ئەو قسەیەی کرد هەر دەقیقە و چەند گولە تۆپ و کاتیووشا و خەمسە خەمسە وێکڕا وەهەردی دەکەوت و شریخە ودەنگدانەوە و هاشو هووشی بۆ ماوەیەک ئەو دۆڵەی پڕ دەکرد. ئەوڕۆژانە بیرم لەو قسەی سۆفی دەکردەوە و دەگەڵ "بەپەلە" ی ئەوڕۆی ڕاگەیاندن و مێدیای کوردی پێکم دەگرتن و لە دڵە خۆم دا پێکەنینم بەو زەمانە و بەو ژیانە دەهات.

٢٦ی جانێوێری ٢٠١٨

## پێشمەرگەو ئەو...

بە ئەسپایی لە نێو جێگاکەی دێتەدەر و لەسەر تەختەکە دادەنیشێ و یەک دوو باوێشک ددەدا و ئەنجا هەڵدەستێتە سەر پێ و دەچێ ئاوێک بە دەم و چاوی دادەکا....

پاش خواردنی نانی بەیانی بە شێنەیی وەکوو تارمایی بەرەو کۆمپیوتێرەکەی دەکشێ. لە خەیاڵی خۆیدا دۆنکیشوەتێکە بۆخۆی!

دەنوسێ: ئەرێ کێ هەواڵێ تازەی پێیە لە ڕاکردنی پیشمەرگە... هههه. ئەرێ خانەقین نەگیراوە هێشتا؟ کاکە پێشمەرگە شەڕ ناکا نا نا، ئەو هەر لە تەرێ خواردوویە و لە ویشکی نووستووە.

لەو لا: پێشمەرگە لە گەرمای تاقەتپڕۆکێندا لێوەکانی ویشک بوون ، چەکی دەستی گەرم داهاتووە، فەرماندەکەی هەرا دەکات، کاکە ئەتۆ ئەو سێ کەسەتان خەریکی نانخواردن بن. پشوویەک بدەن.

پێشمەرگە جانتاکەی لە پەنا خۆی دەکاتەوە. قوتوە کونسێرووەکەی دەر دێنێ و دەبە ئاوەکەشی لە پەنا دادەنێ. هەڵی دەپچڕێ نانەکە دەخاتە سەر ڕانی، بەر لەیەکەم پاروو، دەست دەبا بۆ گیرفانی و وێنەی تاقە کچۆڵەکەی دەردێنێ و سەیرێکی دەکات... چاوی لێڵ دەبن.. لە نەکاو دەگیرفانی دەنێتەوە و دەڵێ... بم بوورە ڕۆڵە نیشتمان واجبترە!

یەکەم پارووی دەزاری دەنێ قومێکی ئاو پێدادەکا، لەنەکاو خۆمپارەیەک لە نزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەتەقێتەوە، تەپوتۆز ئەو ناوە پڕ دەکات، لەو لاوە ناڵەناڵی بریندارێک دەگاتە گوێ، فەرمانده بانگ دەکا یارمەتیدەن! ببەنە دواوە! با تیمی پزشکی برینەکەی بۆ وەپێچن! شەڕ بەگەرمی بەردەوامە. دوژمنی خیلە سەر کۆک و پۆشتەو تەیارە بەچەک وپێشمەرگەش پڕە لە بیر و باوەڕ.

ئەو دووبارە دەنووسێ، هههە سەربەخۆییان بۆ وەردەگرتم؟! بابە ئەتۆ کوا دەوڵەتت بۆ ئیدارە دەکرێ؟ کوا کاتی ئەو قسانەیە بۆ تەبلیغاتی حیزبی؟ هەرچوار دەورمان دوژمنە، دەبێ بە کاوەخۆ بین، لە خۆڕا ئەوان نەهاروژێنێن. سیاسەت عیلمە عیلم!!! ئاخ پشتم... با بچم قاوەیەک تێکەم و تاوێک لەسەر ئەو مۆبلە پاڵدەمەوە. بەراستی ماندووم. کوردایەتی

خۆ لێت ناگەڕێ بحەسێیەوە؟!

پێشمەرگە بە پەلە نانەکەی دەخوا و دەگەڕێتەوە ناوسەنگەری بەرگری لەخاک و لە نیشتمان، ئەو تازە ناوچەدابڕاوەکانی وەدەست کەوتۆتەوە، دەست دەکا بە تەقە و لە نیوان دەسرێژی یەکەم دا وەبیری دێتەوە... ئای کە سەربەخۆیی و ویستی سەربەخۆیی چەندە بە زاری داگیرکەران تاڵە... ئای چۆن لێمان کەوتوونە گەلە کۆمەکێ... بەڵام خەیاڵیان خاوە، کورد تازە لە ویستی خۆی پاشگەز نابێتەوە. دوژمن تازە ناتوانێ زەفەر بە پێشمەرگە بەرێ و بستێک لە خاکی نیشتمان داگیر بکا، پێشمەرگە لە سەنگەردایە.

ئەو... لەسەر مۆبلەکە بە ئارامی پاڵی داوەتەوە و کۆنترۆڵی تەلەویزیۆنەکەی بەدەستەوەیە و هەر دەقیقە و جێگایەک و کاناڵێک سەیر دەکات... لەپڕ بە مێشکی دادێت... ئەو ئامریکا سەگبابە چ بوو لەو دەمەی دا پەیدا بوو، بە شەرەف یەک هەفتە درەنگ هاتبا هەولێریش دەگیرا... دەک بەنەعلەت بێ ئەدی بۆ مالکی داوای لێکردی بە هانایەوە نەچووی....

لەو لا قرمەی تفەنگی دەستی پێشمەرگە خەیاڵ و خەونی دوژمنی پووچەڵ کردۆتەوە ، دنیا لە سەر کورد و دەنگ هاتووە... پێشمەرگە تەنیا نیە... کورد تەنیا نییە.دیسان کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بۆ داکۆکی لەکورد وەدەنگ هات... پێشمەرگە چاوەڕێی فەرمانە تا لە هێرشێکی لە نەکاوڕا ئوخژنێک بخاتە دەروونی ئاوارەکانی شنگال و ئومێدێک بخاتە دەروونی دنیای دژی ترۆر... ئەو سوپاکەی مالکی نییە بە شەو ڕۆژێک سێ پارێزگا لەدەست بدا. پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە و پێشمەرگە پێشمەرگەیە.

لە دوورتر قاسمێک هەیە، لووتی داژەنیەوە و نیگەران لەوەی کە پیلانەکەی سەری نەگرت و شکستێکی دیکەی تووش بووە، بۆیە دیسان گەڵاڵەی پیلانێکی دیکەی لە زەین دا ئامادەکردووە...

٢٥ی جانێوێری ٢٠١٨

# کۆماری کوردستان و ٢ سەرنج

### ١- لێکدانەوەی لە گۆترە

کۆماری کوردستان ٧١ سال لەمەو پێش لە بەشێکی کەمی خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دامەزراوە، زۆربەی شرۆڤەکارە چەپرەکەکان کە دێن و باسی کۆمار دەکەن بە حیسابی ڕەخنە دەلێن کۆمار عەشیرەت بەڕیوەیان برد و عەشیرەت پاڵپشتی بوون بۆیە وای بەسەر هات؟

ئەو جۆرە تێڕوانینە دەقاودەق بە مانای حاڵی نەبوون لە ئوسلوبی لێکدانەوەیە، واتە لێکدانەوەی لە گۆترە، لە ئەدەبیاتی مارکسیستیدا گەلێ جار ئەو ڕستەیە بەرچاو دەکەوێ" تحلیل مشخص از اوضاح مشخص" کە دروستیشە، یان دەکوترێ لێکدانەوەکان و شرۆڤەکان دەبێ بە پێی هەلوومەرجی زاڵ و عەینی و زەینی ئەنجام بدرێن تا زیاتر دەگەڵ واقعی لێکدانەوەکان بێنەوە.

ئەمن چەندین ساڵە گوێم لێیە و دەخوێنمەوە کە زۆربەی ئەوانەی بەلای منەوە چەپرەکن نەک چەپ لەسەر کۆماری کوردستان دەدوێن هەمان تەحلیلی "کەیفەیان"هەیە (کەیفە جۆرێک مێشێن بوو بە منداڵی دەمانکرد) کاکی خۆم، براو خوشکی شرۆڤەکارم هەر ڕاپەڕین و خەباتێکی گەلی کورد کە هەیە تا ئەو برگە زەمانییە و برێک دواتریشی لە هەرچوار پارچەی کوردستان هەر لەسەر دەستی عەشیرەتی نیشتمانپەروەر ئاغاوەت و بەگ وبەگلەرەکان بووە، مەلا و شێخ دەوریان تێدا گێڕاوە، هەمزە ئاغای مەنگووڕ، جەوەرئاغای شکاک، سمکۆی شکاک، پێشەواو قازیەکان، فەیزوڵابەگیەکان، شیخ مەحموودی نەمر، شێخ ئەحمەد، مەلا مستەفا، سەید ڕەزا، شێخ عوبەیدیلای شەمزینان.... و ڕەنگە دەیان کەسی دیکە کە هەر هەموویان دەوری کاریگەریان هەبووە لە شکلگرتنی بزووتنەوە نەتەوەیاتیەکانی دوای خۆیان هەموویان هەر بەگ و شێخ و مەلا بوون. لەبواری فەرهەنگی وئەدەبیش دا هەر بەو شێوەیە، هەرچی شاعیری کلاسیکی ئێمەیە بەشی هەرە زۆریان لە حوجرەکان ڕا پێگەیشتوون و بوون بە کەڵە شاعیری وا کە شان لە شانی گەورە شاعیرانی نەتەوەی داگیرکەر دەدەن.

ئیتر لەو دەمو دەستی دا کوردی هەناسە سارد تەبەقەی کرێکار، چینی کرێکار و ڕەنجدەر و پلۆریتەری لە کوێ هێنابا کە تەنانەت کوورەخانەی خشتیش لە کوردستان دەست نەدەکەوت تا شۆڕشێکی مودێرنی پێوەڕێخستبا کۆمارێکی دڵخوازی ئێوەی دامەزراندبا؟ ئەمن نازانم لە پرسێکی ئاواسادە دا ئەو شرۆڤە کارانە بۆ کێ قسە دەکەن؟

## ٢- کۆماری کوردستان وەک کۆمارێکی سەربەخۆ خواز

سەرنجی دووهەمم ئەنمەیە کە سەرم سووڕ ماوە بە حیزب و تاکەوە، بە ڕۆشنبیرو ڕۆژنامە نووسەوە کە باسی کۆماری کوردستان دەکرێ ووەک لە بەڵگەنامەکانیشدا دەردەکەوێ هەموو پێیان وایە کە کۆماری کوردستان کۆمارێکی سەربەخۆ خواز و ئیستیقلال تەڵەب بووە، کەچی ئەمڕۆ پاش ٧١ یەکسال حیزب کە ناوێری بەلای وشەی سەربەخۆیی دابڕوات کە هیچ، بەشێکی زۆر لەو ڕۆشنبیرە درۆزنانە هەموو هەوڵ و تەقەلایان لەبار بردنی بیرۆکەی سەربەخۆ خوازییە لە ناو کورددا و ڕۆژهەتا ئێوارێ لێرە لەوێ کردوویانەتە گاڵتە جاڕی و بەسووکی سەیر دەکەن؟! بە تایبەتی لە باشووری کوردستان کە زەمینەی ئەو سەربەخۆییە لە هەموو کات لەبارترە ئەوا گەلەکۆمەکی پاسدار مەسلەکەکان ڕۆژدەگەڵ ڕۆژ لە دژی ئەو ویستەی خەڵکی کوردستان لێرەو لەوێ دەبینین. خۆ کورد لە باشوور بەکردەوە ئێستاش سەربەخۆیە ئەگەر کوردی خۆفرۆشی پاسدار مەسلەک لێگەڕێن.

خەڵکێک هەیە باسی ئامادە نەبوونی هەلوومەرج بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەکەن، سیاسەتمەداری وایە دەلی دەبێ چاوەڕێ بین تا هەموو ئیمکاناتی سەربەخۆیی وێکڕا ئامادەو لەبەر دەست دەبێ، مەسەلەن لایان وایە ئەمڕۆ داگیرکەر دەورەی داوین و جاری مەجال نییە، دەی بۆ مەگەر قەرارە ئەو داگیرکەرە وازت لێبێنێ تا خۆت هەوڵ نەدەی لەچنگانی ڕزگار بی؟ کەسی وایە دەڵێ هەلوومەرجی ئابووری لەبار نییە؟ یانی کورد ناتوانێ لەسەر پێێ خۆی ڕاوەستێ، وەک دەبینین لە باشوور دووچاری قەیران بووە؟ وەک ئەوەی ئێمەمانان لەبیرمان چۆوبێتەوە کورتد لە ئێران داوای خود گەردابنی دەکرد کە چی وەخت بوو لە برسان بمرێ لە ژێر گوشاری گەمارووە ئابووریەکانی ڕێأیم کەچی کۆڵی نەدا و چۆکی بۆ ڕێژیمی داگیرکەر دانەدا. وەک ئەوەی کە مەسەلەن نەماندیتبێ دەوڵەتی زل و زەبەلاحی وەک یونان چەندین ساڵە دووچاری قەیرانی ئابوورییەو و هەر جارەی بەقەرزی ئوروپا نەبێ قەیرانەکانی بۆ چارەسەر ناکرێن!؟ وەک ئەوەی نەماندیبێ کە هەموو حکوومەتەکانی ناوچە سەرەڕای مژینی خوێنی خەڵک و سەرەڕای ئەو هەموو ئیمکاناتە لەبەر دەست دا چیندین جار دووچاری قەیرانی سەخت هاتوون؟

جگە لەهەمووی ئەوانە دەی یەکێک وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئایا کۆماری کوردستان - لە مەهاباد هەلوومەرجی دامەزراندنی کۆمارێکی کوردستانی بۆ لەبارتر و ئامادەتر بوو یان کوردی باشوور و ڕۆژئاوا؟ لە ڕۆژئاوا ئەوە حیزبی دەسەڵاتتدار نەیهێشت و پشتی لە خواستی کورد کرد شکستی بە پرۆسەی ڕزگاری نیشتمانی هێناوە تا ئێرە، دەی هەر ئەو جەماعەتە لایەنگری خۆبەدەستەوەدانی ڕۆژئاوا ئەو هەموو دژایەتییە چی لە باشوری کوردستان دەینوێنن؟ بۆ لە جیات ئەو هەمووە بەرد خستنە سەر ڕێگایەو ئەو هەموو دژایەتی کردنە تاقە یەکجاریش نابنە هاندەر و پاڵپشتی بیری سەربەخۆیی!؟

ئەدی چۆن بەدرۆ داکۆکی دەکەی و دەفەرمووی کۆماری کوردستان ٧١ ساڵ لەمەوبەر کۆمارێکی سەربەخۆیی خواز بووە؟

کورد لە زەمانی پێشەوادا ئەگەر بوو بە خاوەنی کیانێکی مێژوویی و حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی بەر لەهەموو شتێک بە پشتیوانی بە باوەڕێکی پتەو و ئیمان بە ڕزگاری کوردستان ئەو هەنگاوەی هەڵێناوە، ئەو لە بێ ئیمکاناتێکی تەواودا لە هەموو بارێکەوە توانی کورد و نەوەی دوای خۆی ئەرکدار بکات و بە بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان بانگی سەربەخۆیی وڵاتێکی دیکەی بەناوی کوردستان بە گوێی هەموو جیهانیاندا لە پێشدا دوژمنان و داگیرکەران دا چرپاند. لەم سەردەمەی ئێستاشدا پێشیوایەک پێویستە کە بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان هەموو لایەک لە دەرەوە ولە ناو خۆ بخاتە بەردەم کردار و بەرپرسایەتی بخاتە سەرشانی هەر کەس و لایەنێک بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کورد. بە دڵنیاییەوە کورد دەرفەتی لەوە لەبارتری بۆ سەربەخۆی لە هەموو مێژووی خۆیدا لێ هەڵنەکوتووە و دوای ئەو شەڕو ئاژاوانەش کە لەناوچە داهەن ئەگەر کورد وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەتوانی سەر هەڵێنێ ئیتر لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوێبنی نوێدا هیچ جێگایەکی نابێتەوە و خەونی سەربەخۆیی لە گۆڕ دەنرێ بۆ دەیان ساڵی دیکە.

٢٤ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## دیسانیش با دیواری هیواکانمان هەر لە سەر باوەربەخۆبوون هەڵچنین

کورد لەجیاتی ئەوەی ئەمریکا و ڕووسیا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کێ و کێ خەتابار بکا و شەڕیان دەگەڵ بکا و تانەو تەشەریان لێبدا کە پێی ناکرێ، یان لەجیاتی ئەوەی چاوەڕێی ڕەحم وکەرەمی ئەوان بێ کە نیانە! باشترە یەکبگرێ و خۆ ئامادە بکا بۆ بەرخۆدانی ڕەوا. بۆ ئەوەی بیروڕای گشتی کە تاڕادەیەک ئامادەیە ڕەگەڵ داواکاری و ماف و ئازادیەکانی خۆی بخا ئەوجار دەوڵەتان لەسەری وەدەنگ دێن. لەوە بترازێ هیچ ڕێگایەک بۆ بە گژداهاتنەوەی داگیرکەر نییە.

هیچ گەل ونەتەوەیەک بێ خوێن وبێ قوربانیدان بە ئازادی نەگەیشتووە، کارم بەوە نیە هی وایە بۆی گرتووە ولەئاڵوگۆڕێکی جیهانی و ناوچەیی دا بووە بە دەوڵەت دەنا ڕزگاری لە ژێردەستەیی یەکەم بە دێمۆکراسی و حاوانەوە لە ژێر چەتری داگیرکاری بەدەست نایە ئەویش لەم ناوچەیەی ئێمە تێیداین کە هێشتاش بەربەرێەت حوکم دەکات. دووهەم جگە لە هەوڵدان بۆ سەربەستی و رزگاری یەکجارەکی ئەوی دیکە هەمووی هەر دووپاتەبونەوەی ئەو تراژیدیایەیە و کارەساتەیە کە لە کۆبانێ و لە شنگال و لە کەرکوک و ئێستا لە عەفرین دەیبینین و پێشتریش لە کۆماری کوردستان و دوایەش لە شۆڕشی ٧٤ی بارزانی دا دیتوومانە. داگیرکەر ئەورۆ دەگەڵت دەسازێ و سبەی بە بیانوویەک دووبارە داتدەپڵۆسێ. سەیری مێژوو بکەن دەریای خوێنمان داوە بۆ ئەوەی بە دیمۆکراسی بگەین و لەگەڵ داگیرکەر دا ببین بە برا، ئەوان براگەورە وئێمە ئەوی بچووک، کەچی هێشتا هەربەچاوی دوژمنی قەستەسەر یان کۆیلە ونۆکەر سەیرمان دەکەن.

چیدیکە مەڵێن پیمان ناکرێ، هێزمان نیە، دەرەقەتیان نایەین، ئەو هێز و توانایەی بۆ حاوانەوە و بۆ ژیانی هاوبەش لە ژێر چەتری برایەتی دەگەڵ فارس و تورک وعەرەب دەیدەی بۆ پچڕاندنی ئەو کۆت بەندە بیدە کە بە هۆی ئەو هەوڵ وتەقەلا بێهوودەیە سەتان ساڵە پێوەی ئەسیری؛ برایەتی گەلان زەمانێک دەکرێ کە تۆش ببی بەگەل وببی بەهێز و ببی بە دەوڵەت، دەنا هەر وا بە سووکی سەیر دەکرێی و کەس ئاوڕت لێناداتەوە.

بەرژەوەندی بازرگانی وئابووری ویژدانی بۆ مرۆڤایەتی نەهێشتۆتەوە تا کانگا وچاڵەنەوتەکانت دەبەر دەستی خەڵکی دابن و خۆت رەش ورووت بمێنییەوە بایەخی ئاوڕلێدانەوەت نیە، ببە بە هێز و ببە بە دەوڵەت و خۆت سەرووەری خۆت بە ئەوانەی بەتەمایانی کە ئەورۆ بەچاوی بەزەیی سەیرت بکەن سبەی لەبەرامبەرت دا دەچەمێنەوە. هەوڵدان بۆ سەربەرخۆیی کورد زۆر بخایەنێ وکەم بخایەنێ تاکە ڕێگای نەجاتی ئەو گەلە بەشمەینەتەیە لە ژێر پۆستالی داگیرکەران. ئەو ئارەزووەش وەدی نایە تا کورد یەک نەگرێ و حیزبەکان یەکتر قەبووڵ نەکەن و لە کەسانی خائین و هەلپەرەست پاک نەکرێنەوە.

٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ئێمەو ئەوان

ئەوانەی کە مووچەو معاشیان لە باشوورە و بندیواری بندیوارن وتەنیاش بۆیە معاش وەردەگرن چون جنێو بە بارزانی و سەربەخۆیی خوازان دەدەن دیسان تینیان بۆ هاتووە کە گۆیا سەربەخۆیی خوازان داکۆکی لە عەفرین دەکەن؟! جا تەماشای ئەو عەقڵیەتە و ئەو بیرکردنەوە سەقەتە و هەزەلییە کە چی خەڵکیش چەپڵەی بۆ لێدەدا؟!

عەفرین ناوچەیەکی گەمارۆدراوە وهیچ هانا و هاوارێکی بۆ ناچین و سوپای دڕندەی تورک و بەرەی نووسرەی ترۆریست و سۆپای ئازادی دژ بە کورد دەورەی داوە و لە هەمولایەک را لە ئاسمان و لە زەویڕا کەوتۆتە بەر هێرش، عەفرین پێوسی بە یارمەتی دانە تەنانەت بە یەک وشەس بێ، بە جەستە بێ، بە تەبلیغ بێ بۆ خەڵکو شەڕوانی عەفرین، بە دژایەتی تورکی داگیرکەر بێ، بە محکوومیەتی ئەو هێرشە بێ، کێش ئەو دیفاعەیان لێدەکا، پارتیە یان یەکێتی، دێمۆکڕاتە یان کۆمەڵە یان هەر لایەنێکی دیکە ئەوان دڵیان پێی خۆشە و بۆیان نوختە ئومیدە کەچی سیاسەتمەدارە شرۆڤەکارە جنێوفرۆشەکە خەریکە شەق دەبا کە خەڵک لە فەیس بووکیش داوای پشتیوانی عەفرین ومەحکوومیەتی تورک و هێرشی تورکیا بۆسەر عەفرین بکا.

ئاخر ناهەقی ئەو جۆرە موفلیسی سیاسیانە نیە ئەوان بە دەروونی پڕ لەقین و بوغزیان پێیانوایە دەبێ خەلکیش وەک ئەوان بیر بکەنەوە، ئەو جۆرە کەسانە کە خۆیان مووچەی جنێودان وەردەگرن و کارمەندی دەزگای جنێو و بوختان و پێکوەرکردنی کوردانن لایان عەجایبە کە سەربەخۆیی خوازێک کە داکۆکی لە سەربەخۆیی باشوور کردووە سەرەڕای ئەوەی کە حیزبە دەسەلاتدارەکەی ڕۆژئاوا وەک ئەو برادەرانە دژی سەربەخۆیی باشووربوون بەلام ئێستا ئەوان واتە سەربەخۆیی خوازان دیفاع لە عەفرین دەکەن.

هۆکار ڕون و دیارە ئەوان ناخیان بە بوغز و کین بۆگەنی کردووە و کورد و نەتەوە نیشتمان بە قوربانی تاکە یەک کەس و یەک گرووپ دەکەن و بۆیەش دەگەڵ داگیرکردنی کەرکووک شەوی شادی ڕێکدەخەن و پێکی سەرمەستی هەڵداوێن کە گۆیا پرۆژەی سەربەخۆیی بارزانی شکستی خوارد! بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمەی بەرەی سەربەخۆیی خوازی باوەڕمان بە بست بە بستی خاکی کوردستان هەیە و لە کوێ داگیرکەر تەماعی تێکردبێ لەوێ لێی وەدەنگ هاتووین و دەگەڵ گەل و نیشتمان ونەوتەوە ژیاوین وەستاوین وکەوتووینەوە و هەر واش دەمینین.

دوور نییە و زۆری نەماوە ڕووی ڕەشی موچەخۆرانی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆی قاسم سولەیمانی بۆ گەل ئاشکرا بێ. ئەوانەی هەرگیز یەک وشەوشیان بۆ ڕێکخستنی نێومالّی کورد بەزاری دانایە و هەموو هەوڵیان بە دوژمن کردنی کوردە لە کوردستانی داگیرکراو دا. ئەوانە ئەگەرهیچ نەبن و ئاگاشیان لە بەکرێگیراوی خۆیان نەبێ بە دڵنیاییەوە نۆکەری بێخەڵات وبەراتی داگیرکەرانن کە جگە لە زەرەری کورد و قازانجی داگیرکەر نازانن بدوێن و بنووسن.

٢٢ی جانێوێری ٢٠١٨

# کورد خۆی هەر خۆی بەرپرسی هەموو نەهامەتیەکانی خۆیەتی

ئەوەی تا ئەم دەقیقەیە بەسەر کورد دێ لە نەهامەتی و لە ماڵوێرانی و لە دۆڕان ولە شکان هۆکارە سەرەکیەکەی ئەوانەن کە خۆیان پێ مودێڕنەو خەڵک بە کلاسیک و پاشوەڕۆ دەزانن، ئەوانن کە بێ ئەملاو ئەولا لەدووی ئەو حیزبانە دەدەن کە خۆیان پێ هەقی موتڵەق و خەڵکیان پێ باتڵی موتڵەقە، ئەندام و لایەنگر و پسپۆر و شارەزا و سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسیی و هەرچی هەیە بۆ یەک جاریش پرسیاریان لە حیزبەکەیان نەکرد گەلۆ چما یەک هەنگاو بۆ یەکگرتن و هاودەنگی نەتەوەیی هەڵناگرن؟ ئەوانە بۆچی بۆ تاقە جارێک لە خۆیان نەپرسی ئاکامی ئەو سیاسەتکردنە، ئەو یەکتر داپڵۆسینە، ئەو یەکتر قەبووڵ نەکردنە، ئەو خۆ بەزلزانینەی ئەحزابی کوردی چی لێ شین بووە؟ ئاخر تۆ لە داهاتوو دا لانی کەم لەبەرامبەر ویژدانی چەقبەستووی خۆت دا دەبێ وڵامدەر بی کە بەو سیاسەتە فاشیلە و بەو لەت وپەت کردنەی ناوماڵی کورد چیت دەست کورد خستووە و چیت پێشکەشی بارەگای داگیرکەران کردووە؟

لەوەتا هەین و دەبزووین و دەجووڵێین هەر کوڕ و کچی کوردمان بە کوشت داوە بۆ، دێمۆکراسی و سەقامگیری فدڕالی و چەسپاندنی براتیا گەلان لە ناوەند، ئەرێ جارێک لە حیزبەکانتان، لەسەرکردەکانتان پرسی ئاکام و دەسکەوتی ئەو هەمووە خوێن وقوربانیدانە لەو پێناوەدا کوا و بۆتە چی؟ ئاخر تۆ چۆن دێمۆکراسیت پێ لە ناوەندێک دادەمزرێ کە ئەساسەن بنیانی لەسە چەوسانەوە نەتەوە ژێردەستەکان دامەزراوە و ئەو تۆی تەنیا بۆ عەبدایەتی و نۆکەرایەتی وکوردستان و خەڵکەکەشی وەکو بازارگەیەک تەنیا بۆ خورد کردنەوەی کاڵا بازرگانیەکانی خۆی و سەرمایەدارەکانی دەوێ؟ دەی کە تۆ پاش ئەوەندە ساڵە لێت حاڵی نەبووبێ و تازە بە تازە بێی تئورییە سواوەکانی دنیای ڕۆژئاوا بۆ فریودان و کۆکردنەوەی گەنج و لاوی بێتاوانی کورد و بەکوشتدانیان لە پێناو هیچ!!!! لە دەوری خۆت بەکار بێنی ئەمە مانای چییە لە نەزانی و لە کلۆڵی زیاتر؟ لە بێویژدانی زیاتر! بۆ مەگەر ڕۆژئاوا بەو تئوریانەی کە ئێوە وەک ئایەی قورئان خەریکی لەبەرکردنیانن و بەکاریان دێنن بوون بە خاوەن کیان و دەوڵەت و یەک لە نەتەوە ناسراوەکانی جیهان؟

دەست هەڵگرن ئەی سەرکردە کورد خۆرەکان! دەست هەڵگرن بازرگانانی سیاسەت و فرمێک و خوێن، دەست هەڵگرن لە خۆخۆری، ڕێگای ڕزگاری گەل و نیشتمان لە یەکگرتندایە، لە وێکهەڵردن دایە، لە یەکتر قەبووڵ کردن دایە. دەست هەڵگرن لە یەکتر بوغزاندن و لە خۆ فەرزکردن، ڕێگای ڕزگاری کوردستان سات و سەودا دەگەڵ داگیرکەر نیە، سەرشۆرکردن بۆ بەغدا و تاران وئانکارا و دیمەشق نیە، ئەوە سەرشۆڕییە و ئەوە فرۆشتنی نیشتمان ونەتەوەیە؟ خۆبەزلزانی توورِ هەڵدەن و لە دەوری ئاڵای پیرۆزی کوردستان سیمبولی بەدەوڵەت بوونی کورد کۆوە بن و هەر کەس لە جێگای خۆی وئەگەر

گونجا بەیەکەوە هەوڵ بدەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

بەس بە شەڕکەرەکان هەڵ بلێن، هەموو کەس دەزانێ کورد شەڕکەری چاکە، قارەمانە و لە خۆ بردوویە، بەڵام ئەدی سیاسەتمەداری چاک ؟ ئەدی ئەمیان کوا بۆچی ئاسەواری دیار نیە؟ بۆهەتا دێ ئەو کوردستانە هەر پتر لە ناو زەلکاوی نەهامەتی و وێرانی دا نوقم دەبێ؟ ئاخر کورد خۆ نابێ هەتا هەیە هەر شەڕ بکا بۆ داگیر کەر، بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی خەیالێ لە ناوەند کە ئەوان هەر باوەڕیان پێی نیە. کورد دەبێ یەکجار و بۆ هەمیشە ئەگەر قەرارە شەڕیک بکا شەڕی ڕزگاری یەکجارەکی خۆی بکا. شەڕی بەدەوڵەت بوونی کوردستان بکا.

دوژمنان هێشتا هەر کز و بێدەسەڵاتن، کورد هێشتا خاوەن هێزە، ناوچە هێشتا وەک لانکەی پێچک سواو دەهەژێ، کورد توانای بەدەوڵەت بوونی هەیە ئەگەر وێڕای ئازایەتی وئازادی خوازی، یەکگرتوویی و عەقڵێتی سیاسیی ئەمڕۆیی لە سەربنەمای بەرژەوندیە باڵاکانی نەتەوەو نیشتمان دەکار بکا.

تەنیا سەربەخۆیی ڕێگای ڕزگاری یەکجارییە.

٢٦ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## نەڵێی پ ک ک سیاسەتی چەوت و سەقەتە دەنا تۆ دژی شەڕوانی کوردی!

ئەگەر سات و سەودای پ ک ک و بەشار ئەسەد نەبا و هێزەکانی سووریا لە زۆر شوێن لە لایەن پ ک ک وە نەپارێزرابان لە مێژبوو حکوومەتی سووریا دەڕووخا و ئەو هەمووە جنایەتەش ڕووی نەدەدا، ئەمە زیاتر هەر بۆئەو کەسانەی تەنیا خەریکی پاساو هێنانەوەن و تەحلیلی رووس و ئەمریکا و بادانەوەیان بۆسەر پ ک ک لە قەڵەمیان ناکەوێ کە چۆناوچۆن ئەو دوو زلهێزە گرینگی دەدەن بە ی پ گ! تەنیا بۆ ئەوەی ئەو ئابڕووچوونە بشارنەوە کە پ ک ک بووە بە هاوسەنگەری حیزبوڵای لوبنان و حەشدی شەعبی سووریا.

کاکی برا ئەمریکا بە ئاشکرا دەڵێ کوردم بۆ شەڕی داعش دەوێ، ئەوەی دیارە و زاهیرە ئەمەیە، من ئاگام لە هەناوی ئەمریکا نیە ئەگەر تۆ ئاگات لێیەتی تکایە ڕێنوێنیم بکە.

دوو رووسەکان لە سەرەتاوە بۆیە هاوکاری کوردەکانیان کرد چون دەگەڵ ئەسەد هاوکار بوون، چون پشتگیری راستەوخۆ و ناراستەوخۆیان لە ئەسەد هاشاهەڵنەگر بوو. ئێستا کە دەبینن ئەمریکا گرینگیان پێدەدەدا لێی نیگەرانن بۆیە رەگەڵ تورکیا کەوتوون بۆ کوتانی ی پ گ.

ڕووسیاش وەک ئەمیرکە گرینگی زیاتر دەدا بە تورکیە تا بە کورد، ئەو دەزانێ بوونی تورکیا لە ناتۆ چەندە پڕ مەترسیە بۆ رووسیا و لە وەتا هەن لە زەمانی کۆمۆنیستەکانیشدا لەوە نیگەران بوون.

سێ ئێستا کە ی پ گ دەگەڵ حەشدی شەعبی سووریا و دەگەڵ میلیشاکانی سەربە حکوومەت سازاوە ئەوجار خەریکی پاکانە کردنن کە ئەوە سیاسەتی مودێرنەو کلاسیکیەکان سەرەوەدەری لێناکەن. ئیتر دەس بەجێ دەیبەنەوە سەر شەڕی عەفرین و کە قسەت کرد گوتت مەسلەن دەبوو دەگەل کوردی ناوخۆتان ڕێککەوتبان لە بری عیزبوڵای لوبنان و حەشدی شەعبی سووریا، دەتکەن بە دژبەری شەڕوان چون دەزانن لە سیاسەت دا چەندە سەقەت و چەندە کلۆڵن. من وەک بۆچوون بۆ برادەرێکم نووووسی کە کاکە خۆ نیوانی حەشدی شەعبی و پ ک ک لە مێژە خۆشە و ئەوەی کە حەشدی شەعبی سووریا ئیستا هاوسەنگەری پ ک ک لە ڕۆژئاوا عەجایب نیە ئەوە نیە لە شنگالێش مەزرایان لێک دەگەڕێتەوە و دەستیان لە یەک قاپە شۆرباو دایە و....! بۆی نووسیم کاکە نەمن پ ک ک مە و نە تۆش پیاوی تورکیا بە! ئیتر ئەوە ئەوە هەموو عەقڵیەتیانە، تازە من هەرگیز بەو برادەرەم نەکوتووە پ ک ک و پێشم وانیە هەو بێ ! ئەگەرچی زەمانی ئەو تۆمەتانە ئیتر کۆتایی



سەرچاوە
Serchawe

هاتووە و خەڵک بەچاوی خۆیان سیاسەتی یەک بان و سەت هەوای پ ک ک یان بۆ دەرکەوتووە باوەڕ ناکەم وەک بەرێیان بۆ بچێتە سەر و باوەڕ و متامەنی زۆربەی خەڵکی لەدەست دەدەن. هەرچەند تا ئێستاش ناخی کۆمەڵگای کوردیان باش خوێندۆتەوە دەزانن جاری درۆ و چەوشەکاری هەر لە بڕەودایە. کوردستان بە گشتی وایە، ئەو زمینەیەی تێدایە کە زوو کڵاوی بچێتەسەر بەتایبەتی توێژی لاوانی خوێنگەرمی پڕ لەهەست و ئیحساس . تەماشای باشوور و شاری سلێمانی بکەن، گۆڕان هەمووڕۆژێ خۆپێشاندان دەکات، نابێ عەفرین داگیر بکرێت؟ دڵمان دەگەڵ عەفرینە!! لە حاڵێکدا لەبنەو پاڵەوە کەرکووک داگیرکرا و تا ئەم دەقیقەیە تەنانەت یەک بەیاننامەیان لەدژی ئەو داگیرکارییە بڵاو نەکردۆتەوە. لە مەخموور و دووز و باقی شوێنەکانی دیکە ماڵی هاووڵاتی کورد دەقێنرێتەوە و خەڵک لە ماڵ و حاڵی خۆی ئاوارە دەبێ کەچی نابیینن بەڵام ئەو خۆپیارانەی و دەورووپشتی عەفرین دەکەون حیسابی دانە بە دانەیان لەدەستی دایە! بڵێی کوردستان ڕۆژێک نەگات بەو ئاستە کە خەڵک فشەی بەوانەوە بێت کەبە ناوی کوردایەتی و شۆڕشگێربوونەوە بەڵام کڵاوبەرداری و چەواشەکاری لەم شێوەیە خەریکی خونواندن و خۆڵ لەچاوی خەڵک کردنن.

ئتێبینی: ئاگاشت لە خۆت بێ ڕەخنە لە پ ک ک مەگرە دەنا دەکەوێیە بەر رق و نەفرەت و ترۆری کەسێتی لە لایەن پارلەمانتار و لە لایەن نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکانی سەر بە پ ک ک، زۆرت مایە بۆدانێن دەتکەن بە پیاوی بارزانی (ئەگەرچی جاری و بەمزوانە هیچیان ناگەنە چۆکی بارزانی) دەنا پیاوی تورکیەی و برایەوە. ئەوەیە ئازادی مرۆڤ و ئەوەیە باوەڕ بە ئینسان بوون لە فەلسەفەی ئاپۆیی دا!

٢٤ی فێبریوێری ٢٠١٨

## شەڕی عەفرین لە نێوان سووریا وتورکیادا

ئەوەی وەک پەلاماری سەر عەفرین ڕوویدا ئیتر گومانی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە کە ئەو دەستدرێژییەو سنوور بەزاندنە بە بێ ڕەزامەندی سووریا نەبووە، ئەو یەک دوو بەیان وقسەی بێ ناوەرۆکانەی بەرپرسانی سووریا سەبارەت بە ناڕازی بوونی دەوڵەتی سوریا لەو سنوور بەزاندنە تەنیا بۆ بەلارێدابرن و داپۆشینی ئەو سناریۆیە بوو کە دەگەڵ تورکیا بۆ سەرکوتکردنی کوردی ڕۆژئاوا دایان ڕشتبوو. بۆیە پاش زیاتر لە ٢٠ڕۆهێرش و پەلاماری تورکیە بۆسەر شاری عەفرین کە سووریا بە خاک ونیشتمانی خۆی دەزانێ ئەوەی لەهەموو لایەک بێدەنگتر بووبێ سوریا و ئێرانن کە تا دۆینێ خۆیان بە دۆستی کوردی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی پ ک ک دادەنا. ئێستاش کە سەیری نەخشە و دامەزراوەکانی دەستە و گرووپە جیاجیاکانی ناو سووریا دەکەی دەبینی لە لە زۆر شوێن هێزە کوردەکانی ڕۆژئاوا و حکوومەتی سووریا وەها تێکەڵاون لێکجیاکردنەوەیان زەحمەتە. ئیتر ئەوە سیاسەت و هەڵسەنگاندنی هەردووکلا بووە و ئەمەیان پێباش بووە و کردوویانە تا ئێرە بەڵام ئایا ئەوسیاسەتیاوەر و متماە بە سووریا هەر دەبێ درێژەی هەبێ یان نا دەبێ وڵامی ئەوپرسیارە بەداهاتوویەکی نەهیندە دوور بسپێرین.

ئێستا کە تورکیا تەمای جیدیتر و بەبەرنامەتری بۆ داگیرکردنی عەفرین ئاشکراتر دەبێ و بەتایبەتی گرووپی ئۆپۆزسیۆنی سوریا وسوپای ئازادی ئەو وڵاتە کەلە چەندین گرووپی مەسەبی و سەربازی دژبەری سەرەکی ڕێژیمی ئەسەد پێک دێ خەریکە دەسەڵاتی خۆی فراوانتر دەکات ئەو نیگەرانیە سووریەی هەراسان کردووە ورەنگە هەر ئەوەش بێ کەجاروبارە ڕێگای چوونی هەندێ یارمەتی بەرەو عەفرین بکاتەوە. ئایا سووریا بەو مەترسیە دەزانێ وئاڵوگۆڕ بەسەر سیاسەتی خۆی دادێنێ و توانای ڕاوەستان لە بەرامبەر تورکیای دا هەیە و دەی هەوێ ریسکێکی وابکات یان زیاتر کورد دەکاتە قوربانی و خۆی لەشەڕێکی گەورەتر دەگەڵ تورکیا دەپارێزی.

ئێستا ئیتر ئەگەر واقعیینانە بڕوانین دەبینین کە عەفرین و گوندەکانی دەوروبەری وشەڕوانی کوردو خەڵکی بێدیفاعی ئەو شارە لە ژێرهەڕەشەی جیددی سوپای کۆک و پۆشتەی داگیرکەری تورک دایە. سپای ئازادی سووریا کە ڕقێکی لە ڕادەبەدەری لەکوردولە شەڕوانی کورد هەیە ولە سەرەتاولەدووبەرەی تەواوجودا دابوون ودژی یەک بوون ئێستا گەورەترین مەترسیە بۆ سەر خەڵک و شیمانەی ڕوودانی کارەساتی کۆمەڵکوژی کوردان بەدەستی ئەو گرووپە کە تێکەڵاوێکی سەیر و سەمەرەی گرووپە توندڕەوە ئیسلامیەکانی سەر بە ئەلقاعیدی لە خۆ گرتووە دەکرێ.

لەوماویەدا هەرکەسە وبەجۆرێک لەسەر ئەو بابەتە دواوە و کەس گومانی لەوەنیە کە یەکەم کارهەرئەو بەرخۆدانە ڕەوایەیە کە لە لایەن گیانفیدایانی سەرفرازی گەل واتە کوڕان وکچانی شەڕڤانی ڕۆژئاوا دەکرێ بەڵام لە تەنیشت ئەو بەرخۆدانە هەولدانی دیپلۆماسی بۆ وەستاندنی ئەوشەڕە کاولکارە ومالوێرانکەرە غایب و کەمایەسییەکی گەرەوەیە کە کەسانی وەک سالح موسلیم سەرکردەکانی دیکەی ڕۆژئاوا دەبوو زیاترلە هەمووکات ئەوهەوڵەیان دابا. بەرپرسانی ڕۆژئاوای کوردستان دەبوو بە جیددی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەمریکا وەکوو نێوبژیوان بۆ گفتگۆ و ڕاگرتنی ئەوشەڕە وێرانگەرە دەگەڵ تورکیە هەڵبژێرن وبە ڕێککەوتنێک دەگەڵ تورکیا پیشیان بەو هیرش و پەلامارە گرتبا کە ئاکامی زەرەر و کاولکاری شارو گوندی کوردستانی پێوەیە.

نەفرەت لەداگیرکەر

بژین شەڕوانی سەربەرز و سەرفرازی کورد

١٣ی فێبریوێری ٢٠١٨

## ئایا شەڕی سووریا بەرەو شەڕێکی گەورەی ناوچەیی دەچێت؟

سێ ساڵ لەمەوبەر لە بابەتیک دا نووسیم "ئایا شەڕی سووریە بەرەو شەڕێکی گەورەتری ناوچەیی هەنگاو دەنێ"؟ و کوتبووم کە بەرژەوەندیەکان یەکجار زۆر دەگەڵ یەکتری ناتەبان و ئیمکانی گەورەبوونەوەی ئەو شەڕە هەیە و ... برادەرێک وەک کامێنت نووسیبووی چا شەڕی ناوچەیی لەمە گەورەتر! بەڵام وادیارە خەریکە گەورەترەکەی دەبینین. وادیارە ئسرائیل چی دیکە لە ئێران قەبووڵ ناکات کە ببێتە کەڵەگای گەرەک و بە تایبەتی لە ڕێگای سووریاو حیزبوڵڵاوە بگاتە سەر سنوورەکانی ئیسرائیڵ. بە بڕاوی من ئەگەرچی جارێ ئەو شەڕە هەر لەسەر خاکی سووریا دەست پێدەکات و قوڕبەسەری هەر بۆخەڵکی لێقەوماوی ئەو وڵاتەیە بەڵام ئیتر بەدووری مەزانە ئەو شەڕە بێتە شەڕێکی ڕاستەوخۆ ئەو دوو وڵاتە.

یەکەم ئێران هەمیشە کە تووشی قەیرانی ناوخۆیی بووبێ هانای بۆ دەرەوەی خۆی بردووە وقەیرانێکی ناوچەیی وای دروست کردووە کە نیگاکان لە سەر ئێران وەلابچن و بەرەو لایەکی دیکە هەڵدێرێن، زۆربەی کاتەکانیش حەماس و حیزبوڵا گوپاڵ و داردەستی باش بوون بۆ جێ بەجێ کردبنی ئەو پیلانە، بەڵام دوای هێرشە بەربڵاوەکەی ئیسرائیل بۆ سەر غەززەی ژێردەسەڵاتی حەماس و وێران کردنی ئەو شارە بە هەموو ئیمکاناتە سەربازی و ئابووریەکانییەوە ئیتر حەماس ئامادە نیە جارێکی دیکە ریسکی وابکات و بە تایبەتی کە لەم دواییانە داس دەگەڵ تەشکیلاتی فەتحی ئەبوو عەبباس ڕێککەوتنێکیان بە ناچاری مۆر کردووە.

دووهەم حیزبوولا، ئەویش ئەگەر بۆی بکرێ وێنەی بەرێ گوێی ناداتە فەرمانەکانی ئێران وەک حەسەن نەسرووڵایە سەرکردەی ئەو گرووپە ترۆریستیە لە لێدوانێک دا ماوەیەک لەمەوبەر کوتی ئەوان هەر تەنیا ئێران دۆشین سیاسەتیانە و لە چەک و تفاقی شەڕەوە تا هی خۆیان هەمووی هەر لە ئێران دابین دەبێ، بەلام ئیتر لە ڕۆژێکدا کە ئیسرائیل بە ئاشکرا هەڕەشەی لە حیزبوولا کردووە کە بچووکترین جووڵەی باشووری لوبنان دەگەڵ وێرانی بەرەوڕوو دەکات بە ترسەوە هەنگاوی دژی ئیسرائیل دەنێ هەرچەند من پێموایە حیزبوولله وبەشی هەرە زۆری سەرکردەکانی ئەو حیزبە ئیتر ڕاستەخۆ فەرمانەکانیان لە سپای پاسدارانی ئێران وەردەگرن وڕەنگە ئەوان یەکەم چەخماغەی ئەو شەڕە لێبدەن بەڵام ئەوجار ئەویشیان بەخەراپ لەسەر خودی حیزبوولا وئێرانیش دەکەوێتەوە.

ئێران لە ناوخۆوە دەهەژێ ئەمرۆ ڕووحانی کوتی تەنیا ڕێگای چارەسەری قەیرانەکان ئەنجام دانی گشتپرسییە. کەواتە ئێران خۆی لەناوخۆیدا بەرەو ڕووخان و دارمان دەچێ و ئەو ئەمە سوور دەزانێ کەوایە تەنیا شتێک کە بتوانی باڵی

سەربازی بەتەواوی لە ئێران باڵا دەست کات ئەوە هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوچەییە ئەگەرچی تازە ئەویش دادی نادات ئیتر وەختی تێکتەپینی هاتووە.

ئەوەی لە ناوەدا جێگای نیگەرانیە کوردیش لە ڕۆژئاوا جارێ کەوتۆتە مەیدانی شەڕێکی نابەرامبەر و لە کۆتایی دا ئەو بەشە لە کوردستان ئەگەر بەجۆرێک کۆتایی بەوشەڕە داگیرکارییە نەیە لە کاولکاری زیاتر چیدیکەی بۆ نامێنێتەوە. خۆزگە سەرکردە وبەرپرسە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لانی کەم لێرەوە بیریکیان لە ئاکامی ئەوو شەڕە کردبایەوە و ئەوەندی هەوڵی بەرخۆدانی ڕەوا دەدەن ئەوەندەش لە بواری دیپلۆماسیدا هەوڵی ڕاگرتنی ئەو هێرش و پەلامارەیان دابا، ڕاستی ئەمەیە هەتا ڕۆژێک زووتر ئەو شەڕە ڕاوەستی کورد قازانجی لێدەکا و تا درەنگتر بێ ماڵوێرانی و خوێنرێژی زیاتری لێدەکەوێتەوە. من دەزانم ئەو شەڕە کورد دەستی پێنەکردووە بەڵام ناکرێ بۆ کۆتایی هاتنی شەڕەکە دەست لەسەر دەست دانێین و تەنیا بە چەک و تفەنگی شەڕوانی ڕۆژئاوا هەڵبڵێین کە لە شەڕێکی نابەرامبەری داگیرکاریانەدا خەریکە دەبێتە قوربانی سات و سەودای زلهێزەکان.

١١ی فێبریوێری ٢٠١٨

## کە ئیرادەی بەرگری هەبوو دیفاع لە خاک ونیشتمان دەکرێ

حیزبەکانی سلێمانی ئەوانەی ئەو چەند ساڵە دژی ئیرادەی نەتەوەیی کاریان کرد و هەمووقسە و گفت و لفتێکیان ببوو بە مە کە پێشمەرگە چەکی دەستی دەگەڵ چەکی جەیشی عێراق بەرابەر و یەکسان نیە و ئێمە لەو شەڕەدا دەەشکێێن و زەمینەی ئەو خۆ بەدەستەوەدانەی کەرکووکیان ئامادەکرد، ئەو حیزبانەی کە پارلەمانتار و ئەندامەکانیان رۆژ هەتا ئێوارێ داوایان لە عەبادی دەکرد با هەولێر داگیر بکات وئیتر ئاسەواری حکوومەتی کوردتی نەهێڵێ! و بە یەک وشەش بەدەسەتەوە دانی کەرکووکی دڵی کوردستان و گرووپی خەیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبریان مەحکووم نەکرد و هەموو ئەو نووسەر و قەڵەم بەدەست و ړووناکبیرانەش کە بە بەشکستی پرۆژەی سەربەخۆیی و داگیرکردنی کەرکووک شاگەشکە ببوون بەسەرکەوتنی باقوەڕە دوگم و چەقبەستووەکانی خۆیانیان دەزانێ، ئێستا و بە دیتنی بەرخۆدانی عەفرین و بەسەرپێوەبوونی کوڕان وکچانی کورد لە ڕۆژئاوا دەبێ شەرم لە خۆیان بکەن و بەرپرسایەتی مێژوویی ئەو خەیانەتەش قەبووڵ بکەن ونەیکەن پشکداربوونی ڕاستەوخۆیان دەکەوێتە ئەستۆ بێ گۆمان.

کوردستان یان هەر وڵاتێکی دیکەی دنیا بێ ئابووری بەهێز و بنەماکانی ئابووری بە هێزوەک نەبێ وایە، هەرگیز لە ژێردەستەیی ڕزگاری نابێ و هەمیشە چاو لەدەستی ناوەندە وەک باشوور کە دەبینین دوای بەدەستەوەدانی بەغدا و بڕینی سەرچاوەی داهات لە لایەن بەغداوە حکوومەتی هەرێم دەستی سواڵی گرتۆتەوە. عەبادیش ڕۆژێک دەڵێ خێرتان پێدەکەم و ڕۆژێک دەڵێ نیمە. کورد لە باشوور دەبێ بە کۆدەنگی زیاتر وهێزی پێشمەرگەی یەک گرتووی کوردستان بەرەنگاری ئەو داگیرکەرە بیبێتەوە و هەوڵی ڕزگار کردنی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکان بدات کە لە ١٦ ئۆکتۆبری ڕابردوو بە خەیانەتی پاڤێل تاڵەبانی و لاهووروئاراسی شێخ جەنگی و چەند سەرکردەیەکی یەکێتی نیشتمانی ڕادەستی بەغذا کرا. ئاراس و باڤێل ئێستاش لە سەر هەمان نەهج دەڕۆن هەردووکیان لەتازەترین گوتاریان دا بە کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکان لە لایەن بەغداوە دەڵێن "ناوچە ئازادکراوەکان" ئیتر کوردی باشوور هیچ ڕێگایەکی لەبەر نییە جگە لە بەگژداهاتنەوەی داگیرکەر. تا ئەو حکوومەتەی عێراقیش لەوە زیاتر خۆی و هێزەکانی ڕێک نەخستووە دەبێ گوشار بخرێتە سەریان هەم لە ڕێگای دیپلۆماسی وهەمیش لە ناو پارلەمانی کوردستان و عێراق دا و لە نهایەت دا ئەو وەزعە نابێ لە حکوومەتی عیراقی قەبووڵ بکرێ.

حکوومەتی عێراق خۆی وەزعی هێندە باش نیە، لە ناوخۆی دا و لە بەرەبەری هەڵبژاردن دا بۆتە سەت کوت، ئێران یەکەم پشتیوان و پیلانداڕێژەری داگیرکردنی کەرکووک لە هەموو کات زیاتر لە ناوکۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لە ناوخۆشیدا بێزراو



سەرچاوە
Serchawe

و ناخۆشەویستە، ئیتر توانای دەستوەردان لە کاروباری عێراقی بە شێوەی رابردوو نابێ، بە تایبەتی کورد هەموو دەستە خەیانەتە نێوخۆییەکانی ناسیوە. نابێ بێلێ کات بەو خێراییە و بەو ئەمری واقعە بەسەری دا تێپەڕێت هێشتا دەرفەت لەدەست نەچووە با دووبارە عادەت بە داگیربوونی خاک و نیشتمانمان نەکەینەوە.

بەرخۆدانی عەفرین دەرسێکی گەورەیە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش کە داگیرکەر هەرچەندی بەهێزیش بێ کە ئیرادە و باوەڕ بە مقاومەت وبەرخۆدان هەبوو شکانی کورد ئەستەمە.

٧ی فێبریوێری ٢٠١٨

---



سەرچاوە
Serchawe

## هەر بەڕاستی بڵێی گەلێ ئێمە هەر ئەوەندە عەقڵی بڕ بکات؟

بەڕاستی ئەو میلەتە دەبێ چەند گەمژە بێ هەر جارە و یەکێک خۆڵ دەکاتە چاوی؟ ئاخر گەنج لە سلێمانی ڕا بەرەو عەفرین بۆ بە دێگەڵەدا باڵی گرتووە وبە دێگەڵە دا بۆ بە کۆمەڵ بۆ دەچێ بۆ عەفرین؟ ئەگەر ڕاستیان دەکرد و دایکی درۆیان نەگابوو دەیان هەویست بچن بۆ عەفرین و "تەڤلی" بەرخۆدانی عەفرین ببن کە ئەوەندەی من بزانم هەر بەتەیارە و چەتر باز ڕێگای عەفرین هەیە خۆ دەیانتوانی:

١- وەک چۆن بە قاچاخ دەچن بۆ هەندەران و سەتان وهەزاران کیلۆمێتر بە ناو خاکی تورکیا دا دەبڕن ئەویش ڕاست بە بەردەم بازگەی دیگەڵەدا سەرەتای سەفەر بە بیدەنگی دەست پیدەکەن ئاواش بە بیدەنگی بەرەو عەفرین چوبان و شانتان دابا بەرێ.

٢- خۆ ئەگەر پارتی ڕیگاتان لێدەگرێ کەس ڕێگای پ ک ک ی لێنەگرتوون و لە سلێمانی بنکەو بارەگایان هەیە و هاتووچۆی قەندیلیش وەک ئاو خواردنەوە وایە چووبان و داواتان لە برایانی پ ک ک کردبا کە بەڕێتان بکەن بۆ عەفرین. هەمووش دەزانین کە پ ک ک با شترین ڕیگایە بۆ خۆ گەیاندنە عەفرین، جا بۆیە تکایە لاوەکان سارد مەبنەوە خۆتان بگەیننە قەندیل ئەوجا بزانن چەند ڕۆژی دیکە دەگەنە عەفرین یان نا؟

٣- فارس دەڵێ چرایەک کە بۆ ماڵ لازمە بۆ مزگەوت حەرامە، ئەو گەنج و لاوەی سلێمانی چما بۆ کەرکووک ملی ڕێگای نەگرت کە هەم لە بنەو پاڵەوە بووو هیچ بازگەیەکی پارتیشی لێنەبوو تا پێشیان پێبگرێ و ئەو شارەی کە هەموو شەڕیان لەسەر دەکرد و یەک دەیکوت دڵی کوردستانە و یەک دەیکوت نەخێر قودسی کوردستانە لە چنگ داگیرکەر ڕزگار بکەن! خۆ بە هەموو عورفو یاسایەک تەنانەت یاسای کوردایەتی وکوردبوونیش ئێستا نەچووە بچێ ئەوە عەرد وئەوە گەز! دەی تاودەنێ و داگیرکەر لە کەرکووکی دڵی کوردستان ڕاماڵن جا با هێز هەبێ پێشتان پێبگرێ بزانن هەر خەڵکی شار و گوند دەیکەنە پوووشی بەربا یان نا. من لە دوای ئەم نووسینە لینکی ویکی پیدیای و نەخشەی شەڕی ئەو ناوچەیە دادەنێکم تەنیا بۆ ئەوەی بزانن کە شەڕ لە کوێیە و ئەو خەڵکە چۆن دەتوانن بگەنە عەفرین.

نەفرەت لە دووبەرەکی خوازان و لە هەموو ئەو حیزب کەسانەی لە کاتی ئاوا ناخۆشیش دا خوێنی کچان وکورانی عەفرینی هەناسەی کوردستان لە ژێر سەختترین هێرشی داگیرکاری دان دەکەنە هەوێنی دەربڕینی ڕق و کینەی پەنگ خواردووو زیاتر



سەرچاوە
Serchawe

بە دوژمنکردنی کۆمەڵگای کوردستان.

بەڕاستی بێ پرەنسیبی و پۆپۆلیسم لەو کوردستانە گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی و گۆران و بەشێک لەیەکێتی تەنیا نانیان بەو فریو و دیماگۆژییەوە بەستەیە دەنا لە مێژە پەتەیان وەسەر ئاو کەوتووە.

ئەو شیعرەی حەمە سەعید حەسەن بەراستی پڕ بە پێستی ئەو دماگۆژی و فریوکارییەیە کە ماڵی کوردی بە قوڕێ گرتووە و بەرۆکیشی بەرنادات.

٢ی فێبریوێری ٢٠١٨

## ڕۆژئاوا قوربانی دروشم و قسەی زل

بەداخەوە دروشمی نابەجێ ڕێگای لە هەموو بیرکردنەوەیەک و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنێکی مەنتیقی و پێشنیار و ڕێکارێکی لۆژیکی گرتووە. هەر چەپڵەیە و هەر دروشمە و هەر وەک سەرەکەر دروست کردنی ئەردووغانە و ئیتیر جێگای قسە و باسی بەجێی نەماوەتەوە. خۆ کەس گومانی لەوە نیە کوران وکچانی عەفرین کارێکیان کرد کارستان، قارەمانەتی بێوێنەیان نواند، بەڵام ئایا عەفرین پارێزرا؟ ئایا وێران وکاول نەبوو؟ عەفرین هیچ ، دوای عەفرین چی؟ هەر دیسان ئێمە جنێو بە ئەردوغان بدەین و ئەویش هەرچی جروجانەوەری عەرەبە خڕی کاتەوە ودەگیانی خەڵکی بێپەنای ڕۆژئاوای بەربدا؟ ئەگەر قەرار بێ سبەی کۆبانێی برێندار و باقی شارەکانی ڕۆژئاو تەماحی داگیرکاریان تێبکرێ ئایا پ ک ک هەر دڵی بە دروشم بژی سەرۆک ئاپۆ و بێ سەرۆک ژیان نابە و خۆپێشاندانی خەڵکی لێرەو لەوێ خۆشە؟ ئایا ئەوە کافیە؟

ئیترتۆ لێم راست مەبەوە و لە مێشکی داگیرکراوی خۆترا ئایەت و حەدیسی سواو و ماوە بەسەرچووم بۆ مەهێنەوە کە ئەمن دژی پ ک ک م و سەر بە تورکیا وپارتیم یان سەر بە کێ هەم ونیم، ئەو شەڕە دەبێ راگیرێ ئەو دەستدرێژییە دەبێ بوەستێنرێ. سیاسیەکانی رۆژئاوا بەرپرسی گیان ومالی خەڵکن، ئەوان نابێ بە خاتری باوەڕی ئیدئۆلۆژیک و بە خاتری ئەوەی کە بندەستی پ ک ن خەلکی خۆیان بکەنە قوربانی سیاسەتەکانی پ ک کە تا ئێستا کەس نازانێ تەنانەت لە تورکیاش چی دەوێ؟ بەرنامەی چیە وەدوای کامە خەیاڵی ئاسمانی کەوتووە؟ پ ک لە باکوور چ دەسکەوتێکی هەیە؟ چی کردووە بۆ کورد؟ هەرچی کردوویە و دەسکەوت هەیە و نیە هەرچی هەیە پیرۆزی بێ بەلام دەبێ واز لە دەستوەردان لە پاررچەکانی دیکە بێنێ.

پ ک ک ناتوانێ کوردستان بە هەرچوار پارچەیەوە بکاتە قوربانی دوژمنایەتی دەگەڵ تورکیا، هەر پارچەیە و هەلوومەرجی خۆی هەیە، هەرپارچەیەک دەبێ بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەگەڵ دراوسیەکانی هەڵسووکەوت بکات. ئەوە سەرەتایی ترین یاسای سیاسەتە!

ساڵح موسلیم و باقی سەرکردە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا، لەجیاتی ئەو هەموو خۆ دێرەو دەوێ هاویشتنەو هاوسەنگەری دەگەڵ حیزبولای لوبنان و حەشدی شەعبی سووریا یەکەم دەبێ دەگەڵ هێزە سیاسیەکانی ناوخۆی ڕۆژئاوا ئاشتەوایی میللی راگەیەنن، پاشان دەس بەجێ دەبێ لە ڕێگای ئەمریکاوە ڕێگای گفتگۆ دەگەڵ تورکیا بکەنەوە و هەرچی زووتر ئەو شەڕو کاولکارییە ڕاگرن. عەفرین وێران بوو با قامیشلی و سەریکانێ و کۆبانێی برینداروو باقی شار و ناوچەکانی ڕۆژئاوا

بەدەردی عەفرین نەچن. دوێنێ تەرمی زیاتر لە ٣٠ شەهیدی سوورخەڵات لە عەفرین نێژران با کاروانی گیانبەختیکردوانی کچان و کوڕانی فیداکار لەشەڕێکدا درێژتر نەبێتەوە کە بێ هیچ گومانێک بچووکترین دەسکەوتی بۆ کورد نابێ. بەڵێ ئەردوعان دڕندەیە، فاشیستە، داعشە، کوڕە قەحبەی سیاسەتە... بەڵام ئەو سیاسەت دەکا و هەموو دنیای رازی کردووە کە پ ک ک لە بن گوێیەتی و ئەمنیەتی سنوورەکانی دەخەتەر کەوتووە و ئەو ناچاری ئەو دەستدرێژیەیە!!

تۆی سیاسەتمەداری دەسەڵاتداری ڕۆژئاوا دەبێ ڕێگایەک بدۆزییەوە تا کوردستانی ڕۆژئاوا لە وێرانی و خەڵکەکەی لەماڵوێرانی ڕزگاریان بێ. ڕێگایەک بدۆزنەوە تا لەو مەخمەسەی تووشی بوون دەربازتان بێ، سەیر کەن یەک کەس لەو دنیا گەروەگرانە نالێ ئەردوغان بۆ وادەکەی؟ بۆ هێرشت هێناوەتە سەر خاکی وڵاتێکی دیکە و گەلێکی بن دەستی هەژاری نەدار قەتلو عام دەکەی؟

چاوی حەقیقەت بین بکەنەوە، یەکەم هاوپەیمانی پ ک ک بێ گومان بەشار ئەسەد و ئێرانن، دە پێم بڵێین کوا دەنگی نارەزایەتی ئەو دوو لە ئەردووغان فاشیسترە بەرامبەر بە کوشتاری خەڵکی عەفرین؟ ئەسەد بە ئاشکرا بێدەنگی لەو هێرش و پەلامارە کردووە، ئێران چرای سەوزی داوە، ڕوسەکان پ ک ک یان فرۆشت؟ سەودا و مامەڵە لە سەر کوردی هەژار کراوە ، کارەساتی عەفرین بۆ دەرس وەگرتن دەبێ، با وێرانی لەوە زیاتر یەخەی خەلکی بێ ئەنوای ڕۆژئاوا نەگرێ بیرێک بکەنەوە ڕێگایەکی دیپلۆماسی بدۆزنەوە بۆ ئەوەی پێش بەو شەڕە وێرانگەرە بگرن کە لە سەر خاکی کوردستان لە گۆڕێدایە. هاواری ژن و منداڵی عەفرین گوێی فەلەکی کەڕ کرد داگیرکەر و فاشیستەکان نایبیسن ئێوە سیاسییە کوردەکان ببیسن!

١٥ی مارچی ٢٠١٨

## پ ک ک ییەکان دەستی چەوری خۆیان دەسەری خەڵکی هەڵدەسوون

با لاوانی کوردستان چیدی چەواشە نەکرێن

گەورەکردنەوەی برایم تاتلێس عەیب و عارەکانتان ناشارێتەوە، شکستەکانتانی پێ داناپۆشرێ، دان بەهەڵەکانتان دابنێین و بەس چاو گوێ بەستە داکۆکی لە سیاسەتە سەقەتەکانی پ ک ک بکەن، بپرسن بزانن سەببی چی بوو بە کوشتنی دوو پۆلیس:

١- ڕەوتی ئاشتی و گفتگۆتان پەک خست

٢- ه د پ تان تووشی وێران کردن کرد لە حاڵێکدا ٨٢ نوێنەری لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا بە دەست هێنابوو ئێستا ببینن حاڵیان چۆنە؟

٣- وێنەی مەسعوود بارزانی و شوان پەروەر بڵاو مەکەنەوە و لەپەنا برایم تاتلیسیس و ئەردوغان کە ئەنەما ئەو دووەش وەک ئەوانن. ئاخر ئەو جۆرە چەواشەکاریە ڕۆژی بەرۆکی خۆتان دەکرێ، کۆمەڵگایەکی ئاوا وێران و دوور لە ئەخلاق دروست بکەن سبەی دەسەڵاتیش بەدەست ئێوە بێ بۆتان چاک ناکرێ. ئەو وێنەیە هی ئەو کاتی بوو کە ڕەوتی ئاشتی وگفتگۆ بۆ یەکەم جار لە نێوان پ ک ک و حکوومەتی تورکیا ڕاستەو خۆ وەگەڕ کەوت کە مەسعود بارزانی دەوری بەرچاوی لە پێکهێنانی ئەو فەزایە دا هەبوو. ئەوکاتەی لە سەر دەعوەتی ه د پ بارزانی و شوان چوونە تورکیە لە شوێنێکیش دا دەگەڵ ئەردوغان وتاتلیسی فەلەج بوو چاویان پێک کەوت، ئەوکات ڕاست ئەو کاتە بوو کە سەرکردە و بەرپرسەباڵاکانی پ ک ک لە ئوروپا دەگەڵ میتی تورکیا دادەنیشتن بۆ گفتگۆ! ئەو کاتە راست کاتێک بوو کە ئۆجالان لە زینندانەوە دەگەڵ حکوومەت لە گفتگۆ دابوو! ئەوکات راست ئەو کاتە بوو کە تورکیا لە دوژمنایەتی کوردەوە ئالای کوردستانی لەدانیشتنە ڕەسمیەکانیدا لە سەر مێزی گفتگۆ دەگەڵ سەرکردەکانی کورد دادەنا! خۆ ڕەنگە چاوتان بەرایی ئەوەی نەدابێ کە خۆشتان وکوردیشتان تووشی ئەو وەزعە کرد؟

ئێستا تەنیا ئەو پرسیارە لە خۆتان بکەن، ئێوە وەک پ ک ک و خەڵکی کوردستانی باکووریش وەکوو خەلکی خۆتان با تاپۆ بێ لەسەرتان، ئەو کات وەزعتان باشتر بوو یان ئێستا. ئاخر مرۆڤ بەو هەمووە هەڵە وهەلەکاریەدا نەچێتیەوە و جارێک ئاوڕ لە خۆی نەداتەوە وهەموو هەوڵ و تەقەلای ئەوە بێ کە تاوان و هۆکاری شکستە یەک لەدوای یەکەکانی خۆی بەسەر ئەوم وئەودا ساخ کاتەوە چۆن دەبێ چاوەڕوانی دادپەروەری و دیمۆکراسی و ڕزگاری نیشتمانیت لێی هەبێ.

ئەگەر دڵسۆزی پ ک ک ن ڕەخنە لە سیاسەتە سەقەتە شکستخواردووکانیان بگرن با بێتەوە سەر ڕێی ڕاست وخانەی نەتەوەیی و نیشتمانی.

٣ی ئەپریلی ٢٠١٨

# ترامپ و هەڵوەشانەوەی بەرجام و پرسیارێک

پەیماننــامەی ئەتــۆمی نێــوان ئەمریکــا و هاوپەیمانــان و ئێــران دۆینــێ بە فەرمــانی ترامــپ ســەرۆک کۆمــاری ئەمریکــا هەڵوەشــایەوە، ترامــپ بەو کــارەی دوو شــتی بە ئەمرئیکاییەمــان و دنیــای دەرەووەش ســەلماند، یەکەم سیئاســەتمەدارێکی پراگماتیک و کردارییە و دووهەم ئەو سیاسەتە لە سەر بنەمای واقع و ڕاستیەکان ڕەچاو دەکات. ترامپ بە پێچەوانەی شــرۆڤەکاری کــورد نەتەنیــا شــێت نیە بەڵکــوو سیاســییەکی زۆر زیــرەک و مــودیرێکی بە بڕشــتە کە بــێ بەرنــامە بــۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری هەنگاوی نەنا.

ترامپ هەرچی لە سەرەتای خۆکاندید کردنی دا کوتبووی وردە وردە خەریکە جێ بەجێی دەکا، ئەو دەیکوت ئەمریکا نـابێ ببێتە کەواسووری پێش لەشکری ئەم وئەو نە ئوروپا و نە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو بـاوەڕی وابـوو کە ئەمریکا سالانە بە میلیـارد دۆلار خەرجـی پاراسـتنی هاوپەیمانـانی دەکـا لە ئوروپـا و لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەراسـت و زۆر ڕاشـکاوانە دەیگـوت ئەگەرقەرارە ئێمە بتانپـارێزین ئێتر لانی کەم خەرج و تێچووی ئەو پاراسـتنە نـابێ بکەوێـتە ئەسـتۆی ئێمەو ئەوە ئێـوەن دەبێ ئەو خەرجیانە بدەن.

ئەوانە و زۆر بـابەتی دیـکەی ترامـپ لە بەرژەوەنـدی ئەمریکاییەکـان دابـوو و هەر بـۆیەش وردە وردە موخـالیفەتکردن و سناریۆسازیەکانی بە نـاو دێمۆکراتەکـان و لە زۆر جێگـاش ناڕەزایەتیەکـان بە پـارەی ئێران کۆتـاییـان هـات و ئێتر ترامپ خۆی سەلماند.

## ترامپ و کورد

بـاوەڕ ناکەم کەس هێندەی بەشێکی بەرچاو لە کورد بە دڕاندنی ئەو پەیماننامەیە یان ئەو کلاولەسەرنانەی ئێران خۆشحاڵ بن ئەڵبەتە خوا هەڵناگرێ بەشێکی بەرچاو لە کوردیش وەک فارسە ئۆپۆزیسیۆنەکان ویشک هەڵگەراوە وەک بەرەی ئێران لە ناو کاوردەکاندا و بە دیاریکراویش گرووپی ١٦ ئۆکتۆبر کە ئێتر ئێستا ئەو خەیانەتە هەر لە دەوری یەک حیزب وچەند کەسایەتی یەک حیزب دا نەماوەتەوە و وردە وردە پیلانگێڕانی لەبار بردنی سەربەخۆیی کورد و دوژمنـانی ریفرانـدۆم هەردێ و ئاشکراتر دەبن، بەڵام گەلۆ بە گشتی کورد لەو قـاڵمە قـاڵمەو لە ئەگەر هەر چەشنە ڕوودان و پێکدادان وهـاتنە ئـاراى گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکەدا کە بە دووری مەزانن چ ئامادەکارییەکی کردووە چ دەسکەوتێکی دەبی؟

بە دڵنیاییەوە نەمانی ئەو ڕێژیمە و یان کزبوون و بە چۆکداهێنانی لەئاست یاسا نێودەوڵەتیەکان و کورت کردنەوەی دەستتێوەردانە دوژمنکارانەکانی لە مەسەلە و کێشەناوخۆییەکانی وڵاتانی دەوروبەر دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ئەوەی هەموو لایەک بێ ئەو ڕێژیمە بتوانێ بە دوور لە ئاژاوە و بشێویە دەسکردەکان لە فکری ڕێک وپێکردنی ناومالّی خۆیان و خزمەت بە گەل ونیشتمانی خۆیان بن و بیر و هزری وێکهەڵکردن و حاوانەوە بخەنە جێگای بیری پاکتاوکردن.

٩ی مای ٢٠١٨

## مەنگوڕەکان، حیزبی دێمۆکرات و سیاسەت

کاک عەلی جەوانمەردی کە لە ماوەو ئەو دوو سێ ساڵەی دوایی دا وبەتایبەتی بە کردنەوەی لایڤی فەیسبووک لە سەر ڕووداوەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەراستی ماندوو و هەوڵ و تێکۆSانەکانی بەرچاون و ئەلحەق زۆری زەحمەت کێشاوە، لە یەکێک لە لایڤەکانیدا و لە باسی مەنگوڕەکان دا ناوی هەندێ تایفە ی مەنگوڕ دێنێ کە دڵنیام لەنێو ئەواند چ جەنگەڵێیەکان و چ یەزدانفەرەکان خەلکی زۆر کوردپەروەریان تێدایە و بۆ یەک چرکەش سەرەڕای تەبلیغی زۆری هەندێ لە مەنگورەکان و گلەیی و دڵئێشان و ڕەنجانی زۆر لە حیزب دیسانیش بۆ یەک چرکە پشتیان لە گەلی کوردستان نەکرد و دانی بە خێریان بەو ڕێژیمە دا نەنا. جگە لەوە کێشەی چەکداربوونی ئەو گرووپە بەر لەوەی کێشەی سیاسیی بێ یەک کێشەی تەواو کۆمەلایەتیە کە لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ حیزبدا خۆیان تووشی هەڵەیەکی کوشندە کردووە. هەڵەیەک کە خۆیان زەرەری زۆریان تێداکردووە و حیزبیش و خەلکی کوردستان و بەتایبەتی مەهابادیش لەو پێوەدنییە دا کەم زەرەور نەبوون.

من تەنیا بە هێنانەوەی یەک دوو نموونەی دیار دەچمە ناو ئەو باسەوە تا بەڵکوو ئەوە ببێتە پێوانەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی وردتری بابەتی لەم شێوە کە حەساسیەتێکی زۆری هەم بە باری ئEرینی و هەم بە باری نەرینی لەسەرە. یەکەم هەموو مەنگوڕەکان و وەک گوتم هەموو تایفە چەکدارەکانیش هەموویان چەکدار نین، هەموویان دەگەڵ ڕێژیم نین و تەنانەت دەگەڵ خۆشیان یەک نین چ دەگا بە وەی دەگەڵ ئەو ڕێژیمە بن. با باسی قادر ئاغای یەزدانفەریان قادرئاغای کامەمی بکەین کە ئەوەی لە دوور و نزیک بیناسێ دەزانی چ ئینسانێکەو چ کوردێکە، دەزانێ چەندە کەسایەتییەکی خاوەن ئەخلاق و ڕێزدار و چ کەیخودا و پیاوماقووڵێکی مەهاباد و عەشیرەتی مەنگووڕیش بووە.

قادر ئاغا نە خۆی و نەهیچ یەک لە کورەکانی هەرگیز دەگەڵ ئەوە ڕێژیمە نەبوون. هەرگیز نەتەنیا چەکی خەیانەتیان لە دژی گەلەکەی خۆیان هەڵنەگرتووە بەڵکوو بۆ یەک چرکەش دانی بەخێریان بەو ڕێژیمە دانەهێناوە.

ڕەشیدئاغای نەوزەری، وەک باسی دەکەن ماڵەکەی لە ساڵانی ٤٦ و ٤٧ دا کانگا و بنکەی حەسانەوەی پێشمەرگە بووە. ڕەشید ئاغای نەوزەری کوردێکی بەڕاستی دڵپاک و گەلدۆست و نیشتمانپەروەر بووە و منداڵەکانیشی هەرگیز سەریان وەبەر ئەو ڕێژیمە نەناوە و دانی بەخێریان پێدانەناوە. ئەگەر هەڵە نەبم نەوزەرەیەکان یەکیان لە کۆماری کوردستان دا ئەفسەری کۆمار بووە.

حاجی پیرۆت یەزدانفەر، کەسایەتی خۆش نێوی عەشیرەتی مەنگوڕ و خەڵکی مەهاباد، لەهەموو ژیانیدا یەک چرکەش دەگەڵ ئەو ڕیژیمە نەبووە و ئەوانەی هاوکاری ڕێژیمیشیان کردووە چ مەنگوڕ و چ غەیرە مەنگووڕ لەبەرچاوی سووک و بێقەدر بوون. منداڵی ئەو مرۆڤەش هیچیان بۆ یەک دەقیقە دەگەڵ ئەورێژیمە نەبوون کە هیچ بەڵکوو لەدژی ئەو ڕێژیمەش ڕاوەستاون و دانی بەخێریان پێدانەناوە.

ئەوانەم وەک نموونەیەکی سەرپێی هێناوەوە ودڵنیام نموونەی دیکەش زۆرن بەڵام کە باسی مەنگووڕ و کێشەی مەنگوڕان دەکرێ ناکرێ تەنیا بە یەک دید و بۆچوون ولە یەک ڕوانگەوە سەیری ئەو مەسەلەیە بکەن.

لەو پێوەندییە دا یەک ڕاستی تاڵ هەیە کە دەبێ هەموو لایەک بیزانن، ئەوانەی لە ناو مەنگوڕەکان دا ماکەی چەک هەڵگرتن بوون ئێستا هیچیان لە ژیاندا نەماون، ئەوان و هەندێ لە خەڵکی عەشیرەتەکەیان پێش هێرشی حیزب بۆسەریان وەک باس دەکرا چەکیان لە ڕێژیم وەرگرتبوو، ئیتر حیزب هێرشی کردنە سەری، لەو هێرشکردنە دا کە دەکرا تاکە ڕێگای چارەسەری ئەو کێشەیە نەبووبا ڕەفتاری نابەرپرسانە و هەڵنەسەنگێنراوی هەندێ بەرپرس و هەندێ بێتەجرەبەی حیزبی دەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکە شوێنی یەکجار خەراپی لەسەر ئەو خەڵکە دانا و بێ هیچ گومانێک ئەوان زیاترلە داخی ئەو ڕەفتارەی حیزب دەگەڵی کردن تووشی هەڵەیەکی کوشندە بوون و چەکیان لە دژی گەلەکەی خۆیان هەڵگرت دەنا خۆ زۆربەی ئەوکەسانەی سەردەستە واهێنەری ئەو چەکهەڵگرتنە بوون خۆیان پێ پێشمەرگە بووە، ساڵانی ٤٦ و ٤٧ هاوکاری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیان کردووە. ئەگەرچی ئەوان نەدەبوو هەرگیز خۆیان باوێنە باوەشی دوژمن و لە دژی گەلەکەی خۆیان چەک هەڵگرن بەڵام مرۆڤ ناکرێ تەنیا دیوێکی بابەتەکە ببینێ و ئەوی دیکە فەرامۆش بکا بێ ئەوەی وڵامی دەیان پرسیاری هەڵپەسێرراو بداتەوە.

لەماوەی چەند ساڵەی ڕابردوودا جگە لەوەی کە هەندێ لە مەنگوڕەکان کە چەکیان هەڵگرتووە و بوونە هۆی بەدناوکردنی ئەو عەشیرەتە تێکۆشەرە و لەشەڕ دەگەڵ پێشمەرگەدا بەشدار بوون ، بەشێکی دیکەیان کە تازە پێگەیشتوون بە شەڕفرۆشتن و بە کەڵەگایی کردن لە خەڵکی مەهاباد و گەلەکۆمەکی کردن و لێدان و ئازاردانی خەڵک لەبەر چاوی حکوومەت دە ئەوەندەی چەکداربوونەکە خۆیان و مێژوویان لەبەرچاوی خەلک ڕەش کردووە. ژانی ئەو کەڵەگایەتییە زۆر زیاترە لە لەژانی چەک هەڵگرتنەکە لە دژی خەڵک. ئەو نەفرەتەی لە ناو شەقامی کوردیدا ئێستا لە دژی چەکدارە مەنگورەکان هەیە باوەڕتان بێ هی چەک هەڵگرتنەکە نیە و هی ئەو شەڕفرۆشییە و زوڵمەیە کە ئەو تازەپێگەیشتوانە لە خەڵکی شار و دەوروبەری دەکەن.

بەڵام لەهەر حاڵ دا ئەوە واقع و ڕاستییەکە کە کورد لە ڕۆژهەلات لە زۆر یەک لە شارەکان دەگەڵی بەرەوڕوویە،

چەکداربوونی هەندێ لە مەنگوورەکان لە مەهاباد و پیرانشار وخەڵکی دیکەش لە شار و ناوچەکانی کوردستان دیاردەیەکی نەرێنی کۆمەڵایەتیە و ناکرێ هەر وا بە هاسانی بەسەری دا تێپەڕی. ئەگەرچی ئەو بابەتە هەمیشە بەرۆژکراوەتەوە و قسەوباسی لەسەر بووە بەلام لێرەدا دەپرسم ئایا لەو چەندین ساڵەی هەموو لایەکمان خۆمان بەو راستیە تالانەو وبەو پرسە هەستیارەوە سەرقاڵ کردووە کەس هاتووە خەمێک لەو دەردە بخوات و هەوڵێک بدات بۆ ئەوەی لانی کەمی ئەوانەی دەستیان بە خوێنی خەڵک سوور نەبووە و ئەوانەی هەرەمەکی ڕەگەڵ ئەو گرووپە کەوتوون لەو دژمنایەتییەی گەلی خۆیان بکشێنەوە و هەرنەبێ بێلایەن بن تا سبەی رۆژێ و لە ئەگەری ڕووخانی ئەو ڕێژیمە فاشیستییە کە حەتمییە هەم خۆیان وهەمیش دەورەبەریان لە ڕق و تۆڵەی خەڵک پارێزراو بن؟! من چەند ساڵ لەمەوبەر لە گوتوبێژ دەگەڵ رادیۆ دەنگی ئەمریکا دا گوتم دەبێ بەر لەهەموو کەس حیزب و کەسانی دیاری ناو عەشیرەتی مەنگووڕ خەمێکی جیددی لەو بابەتە بخۆن و بە هەندی وەرگرن چون دڵنیام سبەی کەس ناتوانێ قەسابخانە بۆ ئەو خەڵکە دابنێ و هەموویان قڕ بکات. ناشکرێ ئەوانە تا دوا هەناسە لە بەرەی دوژمن بمێننەوە و سبەی ببنە هۆی خوێنڕشتنی زیاتری خۆشیان وخەڵکیش.

ئامراز وهاوکار و یارمەتیدەر بۆ چارەسەری ئەو گرفتە ئیستا زۆر لە رابردوو زیاتر هەن، لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا کۆمەڵێ خەڵکی تازە پێگەیشتووی مەنگوور راست لەبەرامبەر پۆلێ لات و لووت و چەقۆ کێشی سەرشەقامیان ڕوویان کردۆتە زانکۆ و خوێندنی بالایان تەواو کردووە یان خەریکی خوێندنن، ئەوانە لە مەمانان زیاتر بەپرسی چەکداربوونی مەنگووڕەکانەوە دڵگران و هەست بە شەرمەزاری دەکەن. مەنگورەکان بە دەیان کەسیان لە دەرەوەی وڵاتە کە کەسانی لێهاتوو و خۆش نێو و نیشتمانپەروەرن، دەیان کەسایەتی خۆش نێو لە عەشیرەتی مەنگوورەکان لە ناوشاری مەهاباد و لە دەوروبەرەی مەهاباد هەن و قسەیان دەڕوات، لە ناو چەکدارەکان کەسانی وایان تێدایە کە ڕەنگە زیاتر بەلای خەڵک دابن تا حکوومەت و ئیترلەسەرەتاوە هەرەمەکی ڕەگەکل کەوتوون یان بەرژەوندی مادی هانیداون کە چەک هەڵگرن بەلام دژی خەڵک خەراپەیان نەبووە. حیزبەکان چەندین کەسایەتی مەنگوڕیان تێدایە کە لەباری رەفتاری کۆمەڵایەتییەوە شارەزای هەڵسووکەوت و گفتگۆی ئەو جۆرە بابەتانەن، ئەوانە هەموو ئامرازی چاکن بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتە بە قازانجی گشتی خەلکی کوردستان، هەمووی ئەوانە دەبێ دەست بدەنە دەستی یەک و هەرچی زووتر کاناڵێکی گفتگۆ بدۆزنەوە و چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن کە جگە روانگەی ویشکی سیاسیی مەمانان ئەو کێشەیە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەر بەتەنیا ئەوان تێیدا خەتابار نین، من لەبیرمە و باشم لەبیرە کە لە هێرش کردنە سەریان لە دەوروبەری ئامێد و خەلیفان وقاوەخانەی... کورد گوتەنی بە بووکیان بردن! چەکداربوون و تەنانەت چەکدارکردنیان پێش ئەوەی حیزب لێیاندا هەر پیلانی ڕێژیم بوو و هەر ڕێژیمیش لەو پیلانەدا سەرکەوتوو بووە و مەنگووڕ و حیزبیش کە دەکرا وەک هەمیشە هاوکارو هاوخوێن وهاوخەبات وپشتوپەنای یەکتری بان، زەرەرمەندی یەکەم بوون.

قسەی ئاخرم ، سیاسەت وادەخوازێ کە هەمیشە ڕێگایەک لەسەر بنەمای گفتگۆو بەرژەوندی بۆ چارەسەری گرفتەکان کە

هەردوولایەنی گفتگۆ قازانجی خۆیانی تێدا ببینەوە بدۆزرێتەوە. دەستەوەستان بوون و خۆ سپاردن بە قەزا و قەدەر لە هەردووک لاوە زەرەری زیاتری بە دوادادێ. لەپێشدا دێمۆکرات ودوایە باقی هێزەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵات واچاکە ئەو بابەتە بە هێند وەرگرن و حیزب بەتایبەتی بەر لە هەموو کەس دەبێ لەبیری پێوەندی گرتن بەو دەستە چەکدارەوە بن و ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ چارەسەری و بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناوخەڵک و واز هێنان لە حکوومەتێک کە لە مێژە کوتوومە لەسەرەمەرگی خۆیدایە.

٧ی جوونی ٢٠١٨

# دوکتور عەبدوڵای ئەبریشمی و کۆمەڵەی ژ ک

بەر لەخوێندنەوە و راوبۆچوون تکات لێدەکەم ڕێز بگرە بۆچوونێک کە بێڕێزی تێدا بێ دەیسڕمەوە.

ڕێزدار دوکتور عەبدوڵای ئەبریشمی لە پۆستێکدا دەڵێ:

کوملە ژ.ک. واقع‌بین ترین و درست‌اندیش‌ترین حزب کردستان بود کە در سال ١٣٢١ در مهاباد ایجاد شد و جای افتخار مردم کرداست.

دوای ئەوە من پرسیارم لێکرد کە بە کام دەلیل واقعبیرترین بووە؟ وڵامی داوە:

"ژ.ک. چەند بەرنامەی بۆ کورد ڕاگەیاند: لەخۆ ناساندندا سەرەتا بڵێن کوردم دوایە بڵێن لەکام جێگاو کام هۆزم. بۆ رزگاری خەباتی شارستانیانە بکەن دەنا بەچەک جگە لە زیان و خەسار، چ دەسکەوتێکوو نابێ، نهێنیکانی شێوازی خەبات و بە نهێنی راگرن."

کاکڵی قسەی بەڕێز دوکتور ئەبریشمی ئەوەیە کە ژ ک دژی خەباتی چەکداری بووە و خەباتی چەکداری جگە لە زەرەر و زیان هیچی بۆ کورد نەبووە، دیارە ماوەیەکە لایەنگرانی کاک خالیدی عەزیزیش لەو فەیس بووکە هەمان هەڵوێستیان هەیە و بۆ ئەوەی تێزەکەی کاک خالید وەراست گەڕێ دەگەڕێن لە هەموو کەلێن و قوژبنێک شتێک بدۆزنەوە کە بڵێ بە چەک کورد چی دەست ناکەوێ و ڕێگا چارە تەنیا خەباتی مەدەنییە! بۆیەش هەندێکیان دەس بەجێ پۆستەکەی بەڕێز ئەبریشەمی لایک دەکەن. دیارە هەندێک لایکی بابەتەکەیان کردووە بەڵام نەیانزانیوە کە مەبەستی دوکتور ئەبریشمی بەڕێز چیە؟

ئەوەی راستی بێ بە دیتنی ئەو پۆستەی دوکتور ئەبریشمی بەیادی ئەو رۆژانە کەوتمەوە کە لە شارەکەی خۆم و خۆیدا چەپەکان دەگەڵ دێموکراتەکان دەکەوتنە باس و دەمەتەقە، ئەوان یەکسەر فاکتێکیان لە قسەکانی لێنین یان مارکس دەهێنایەوە بێ ئەوەی هیچ پێوەندی بە باسەکەشەوە هەبێ بەڵام ئەو گەنج ولاوانەی لەدەوری باسەکان بوون بێ ئەوەی بزانن لێنین لە کوێ وای کوت وبۆچی وای کوت ئیتر کەیفیان بەو قسانە دەهات... ئێستاش لام سەیرە کە بەڕێزیان زیاد لەو هەمووە بەڵگە مێژووییەی ژ ک بۆ راست بەو چەند دێڕەوە نووساوە، خۆ ژک لە ئەساس دا بۆ دروست کردنی دەوڵەتی

کوردی ساز بووە. بە پێی زۆر بەڵگەو دیکۆمێنت کە ئەو بەڵگە چەند خەتیە یەک لەوانە:

"بەرنامەی ئێمە - بەرنامەی بە ووردەڕیشاڵمان پێشتر پێشکێش کردوون لێرە دا دەمانەوێ کورتەی ئەوەتان بە عەرز بگەیێنین " بەرنامەی ئێمەبریتی یە لە یەکخستەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان، ئازاد کردنی گەلی کورد لە یەخسیری بێگانان و خزمەت بە دنیای شارستانی و گەلان". سەرچاوە ڕوانگە

دەی با بە ئیلهام وەرگرتن لە کۆمەڵەی ژ ک کە باشترین و واقعبینترین ڕیکخستنی کوردی بووە ئەو دۆستانە بەو ئەسڵەوە بنوسێن و لاوانی نیشتمانی داگیرکراو بە بیری سەربەخۆیی خوازی کە بیری کۆمەڵەی ژ ک بووە پەروەردە بکەن! ئیدی بۆ دەگژ ئەو چەند دێرە ڕاچوون کە من دڵنیام پاش و پێشی ئەو نووسینە شتێکی دیکەیە.

با کەس وا تێنەگا کە من دووقڕانم لەسەر بەری دەستییە بۆشەڕ، یەکەم من خۆم نە شەڕی چەکداریم پێدەکرێ و نە دنەی ئەو شەڕەش دەدەم چون وەک خۆم و بنەماڵە هیچ بەشدارییەکم تێیدا نیە لەئێستا دا، دوای ئەمە ئەوجار دڵم بە حیزبی توودە دەسووتێ فەقیر و بەستەزمانانە تا هەڵیان نەتەکاندن جگە لەوباوەڕە نەیان بوو، جا خۆشیەکەی ئەمەیە هەر ئەو خەڵکەی ئیستا بۆ پۆستەکەی کاک دوکتوری ڕێزدار ئەشەدوو دەکێشن لەسەر ئەو هەڵوێستە چەندیان جاش و جاشایەتی بە حیزبی توودەوە نووساند! ئەو حیزبە دیارە ئێستاش هەر وابیر دەکاتەوە بەڵام ئیترلە حیزب هەر ئیسمی شەریفیان ماوە.

دووهەم کۆمەڵەی ژ ک حیزب نەبووە و ڕێکخراوێک بووە کە چەند کەس بۆ ویست و ئارەزووی خەڵکی کورد وەک سەرەتاییترین ڕێکخراوی سیاسیی دایانمەزراندووە. سروشتیە لەسەرەتای خەبات وتێکۆشانێکدا کە هیچ کۆنتاکتێکی دەگەڵ دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر نەبووبێ وای بیر کردبێتەوە. ئەگەرچی بەدەیان نووسراو بەڵگە هەن کە ئەو کۆمەڵەیە هەر لەبنیاترا بۆ دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەوڵی داوە و نووسراوە و بەڵگەنامەکان لەو بارەوە کەم نین، جگە لەمە بە هەموو وتەی ڕێبەرانی سیاسیی کوردی دوای ئەو ڕێکخراوە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان شکڵی پێشکوتووتری کۆمەڵەی ژ ک بووە دیارە هەمووشمان دەزانین بە تەئسیر وەرگرتنی ساختاری و دارشتی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت کە ئەو حیزبە جودا لە سەلماندن و ڕەتکردنەوەی لە کاتی خۆیدا یەکێک لە پێشکەوتووترین حیزبەکان بووە.

با ئیستا بێنەوە سەر شەڕی چەکداری و خەباتی مەدەنی. یەکەم حیزبی دێمۆکرات هیچ کات حیزبێکی چەکدار نەبووە و خەباتی چەکداری وەک تاکتیکیش هەڵنەبژاردووە، ئەوە قسەیەک نیە کە من بیقەبڵێنم ئەوە مێژووی ئەو حیزبە دەیسەلمێنێ کە وابووە، لە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان پێشەوا قازی ڕێگای چەکی نەگرتە بەر، دەگەڵ ڕێژیم کەوتە گفتگۆ و لەڕاستیدا خۆی تەسلیمی دەوڵەت کرد. دیارە ئەو تەنیا جەستەی تەسلیم کرد دەنا ڕووح و ڕەوان و مێشک



سەرچاوە
Serchawe

وبیری لای کورد ومافی کورد بوو و یەکەم قوربانی خەباتی مەدەنیێ ڕەنگە هەر خۆی و هەڤالانی بووبن. ئایا وڵامی دەسەڵاتتدارانی ئێرانی بە تەسلیم بوونی پێشەوا چ بوو؟ ئەو رەفتارەی دەسەلاتتدارانی ئێران دەگەڵ پێشەوا رەفتارێکی مەدەنی بوو؟

مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێمان دەڵێ کە دوای دەی خاکە لێوە و لەداردانی پێشەوا وهاوڕێیانی وپێش ئەویش ودوای ئەویش داگیرکەر وازی لە کورد و لە چالاکی سیاسیی کورد نەهێناوە و کەوتۆتە ڕاوەدوونان و گرتن و زیندانی کردن وگوللە بارانکردنی خەباتکارانی سیاسیی - مەدەنی کورد. ئەو ڕەوتە لە زەمانی شا دا ئیتر فۆرمۆڵەکرا و کورد بە بچووکترین بیری نەتەوەیی بەشی بوو بە زیندان وئیعدام. ڕەنگە لەزۆربەی کاتەکاندا کورد ڤالۆرێکیشی بەدەستەوە نەبووبێ چ دەگا بە چەک بەڵام وڵامی بە گوولە دراوەتەوە.

حیزبی دێموکڕات کە لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و گرتن وراوەدوونانی ئەندام ولایەنگرانی لە هیچ کوێیەک لە ئەمان دانەبوون ناچار لەسەرەتاوە بۆ پاراستنی خۆیان دەستیان دایە چەک. دوایە ڕیگەی دیفاعی چەکداریان بە ناچاری هەڵبژارد چون هیچ دەروویەک نەبوو بۆ ئەوەی لانی کەم قسە و باسی خۆیانی تێدا بڵاوکەنەوە و کەسیش ئامادە نەبوو گوێ لە قسەیان بگرێ ولەحاڵێکدا هەر تەنیا بیرکردنەوەش لە کورد و کوردایەتی ومافی کورد وڵامەکەی گوللە و زیندان و شکەنجە بوو.

## چەواشەکردنی مێژوو فریودانی خەڵک

حیزبی دێمۆکڕات بەر لە ڕووخانی ڕێژیم تەشکیلاتەکانی بەشێوەی نهێنی بەڵام زۆر بە کەمی زیندوو کردەوە، شەخسی دوکتور ڤاسملوو خۆی یەکێک لەو کەسانە بووە کە بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی هاتۆتەوە کوردستان و خەریکی ڕێکخستن و بووژاندنەوەی تەشکیلاتەکانی حیزب بووە. دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی وەک حیزبێکی سیاسیی خاوەن پێشمەرگە روویان لە ولات کردەوە، حیزبی دێموکرات بەر لە ڕووخانی ڕێژیم خۆی گەیاندە زۆربەی شار و ناوچەیەکی کوردستان، ڕێژیمی پاشایەتی رووخا، ئەو حیزبە خاوەن هێزێکی پێشمەرگە بوو کە بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی ٤٦ و ٤٧ زیاتر خۆیان لەو بارەوە ڕێکخستبوو. بەڵام ئەو هێزی چەکدار و بیری چەکدار و خەباتی چەکداری نەکردە بەرنامەی خۆی بۆ دوای ڕێژیمی شا، بەڵکوو کوردستانێک کە لەڕێژیم و لە دام و دەزگاکانی ڕێژیم پاک کرابۆوە پێویستی بە هێزێکی چەکدار و ڕێکخستنێک هەبوو کە ئەو شار وناوچانە لە دەست نائەمنی و هەر کەس هەر کەس بپارێزێ. و هێزی پێشمەرگە ئەو ئەرکەی لە ژێرفەرمانی حیزبدا گرتە ئەستۆ و لە دوای گرتنی شارەوانی و هەنگ و دواییش پادگانی مەهاباد و باقی شارەکان ئیتر هێزی پێشمەرگە پاراستنی ئەو شار و ناوچانەی گرتە دەست. من باش لەبیرمە هاوکات کە حیزب کومیتەی

ئینتیزامی بەدەستەوە بوو و شار هەموو لە ژێر چاوەدێری حیزبدا بوولە بلواری مەحموودکان شارەبانی لە جێگای خۆی مابوو و پێشمەرگە یارمەتی دەدان و دەی پاراستن. بۆیە تا ئێرە هیچ ئینسانێک بچووکترین بەڵگەی بەدەستەوە نیە کە حیزب هێزێکی چەکداری هەبووە بۆ خەباتی چەکداری و ویستوویە لەو ڕێگایەوە کورد بە مافەکانی خۆی بگەیەنێ.

حیزبی دێمۆکرات و ڕێژیمی ئیسلامی ئێران ...

ای جوولای ۲۰۱۸



سەرچاوە
Serchawe

## دوکتور عەبدوڵای ئەبریشمی و کۆمەڵەی ژ ک ،

### بەشی دووهەم

بەر لەخوێندنەوە و راوبۆچوون تکات لێدەکەم ڕێز بگرە بۆچوونێک کە بیڕێزی تێدا بێ دەیسڕمەوە.

### حیزبی دێمۆکرات و ڕیژیمی ئیسلامی ئێران

وەک کوتم حیزب هێزێکی پێشمەرگەی هەر لە زەمانی شاوە ئامادە کردبوو دیارە بە هۆی هەڵسووکەوتی لە ڕادەبەدەر توند وتیژی ڕێژیمی پاشایەتی ئەوهێزە دروست کرا و ئەو هێزە ئەگەر چی ناوەکەی هەر هەمان پێشمەرگەی زەمانی کۆمار بوو بەڵام لە ئەرک وکراسپاردە و دەسەلات دا دەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە سەر بەکۆماری کوردستان بوو جیاوازی زۆری هەبوو. پێشمەرگە ئەوکاتی ئەگەرچی ڕادەیان کەم بوو بەڵام لە ساختاری ئەو حیزبەدا وەک بەشێک لە ئورگان و ڕێکسختنەکانی حیزبدا جێگای بۆ دیاری کرابوو.

بەڵام ئایا بە ڕووخانی ڕێژیم حیزب ئەو هێزەی وەک هێزی رزگاریدەر لە دژی ڕێژیم بەکار هێنا، ئایا سنووری کوردستانی داخست و نەیهێشت هیچ یەک لە ئورگانەکانی حکوومەتی بگەڕێنەوە و خۆی لەهەموو پێوەندیەکانی دەوڵەتی ئێران پچڕی؟ بە دڵنیاییەوە نا، حیزب و کۆمەڵە کە ئەودەم هەردووک لا هێزی چەکداریان هەبووو لە گوند و شاردا بڵاوبوونەوە هیچ کامیان لە هێزی چەکدار وەک هێزی رزگاریدەر کەڵکیان وەر نەگرت، ئەوان دەس بەجێ و دوای یەکەم هەڵبژاردنەکان ڕوویان کردە دەنگی خەڵک و وەک گەورەترین و دیارترین بزاوی مەدەنی سندووقەکانی دەنگدانیان کردە ئامانج و لە هەڵبژاردنەکاندا جگە لە چۆنیەتی دیاریکردنی جۆری حکوومەتدا کە بە بەڵێ و نەخێر بوو و ئەوپەڕی نادێمۆکڕاتیک و دژە ئازادی بوو لە هەموو هەڵبژاردنەکانی ئەو کاتی دا بەشداریان کرد، لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان دا کە هەر لەبنەڕەتەوە بۆ مەسەبی شیعە داندراوە و کاری سەرەکی دیاری کردنی ڕێبەر و ولایەتی موتڵەقەی فەقیە و هیچ پێوەندی بە کوردەوە نییە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دوکتور قاسملووی نەمری کردە کاندید و لە ورمێ و شارەکانی دەوروبەری واتە ئەوەی بە ناهەق پێیدەکوترێ ئازەربایجانی ڕۆژئاوایی یەکەم دەنگی هێناوە و ئەوەندەی من لەبیرم مابێ دەنگەکان زیاتر لە ٦٠٠ هەزار دەنگ بوون.

حیزب و کۆمەڵە لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بەشدار بوون، نوێنەریان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بۆ مەجلیس هەڵبژێردرا بەڵام بەداخەوە ڕێژیم نەیدەویست ڕێگە بە نوێنەرانی خەڵکی کورد بدات تا لە کێبەرکێ و زۆرانبازی سیاست دا و لە پێگەیەکی مەدەنییەوە باس لە داخوازیەکانی خۆیان بکەن، هەر بۆیە شەڕێکی نابەهەق و ماڵوێرانکەری بەسەر کوردستان دا سەپاند و لەو ڕێگایەشدا لە هیچ جنایەتێک جۆی نەبوارد. قارنێ و قەلاتان و ئیعدامی ٥٩ نەفەر هەر لە شارەکەی خۆماندا نموونەیی ئەو دڕندەیی و ڤین لەدەڵێیەی سەرکردەکانی ئەو ڕێژیمە بوون کە دوای فتوای جیهادی خومەینی بە دژی کورد ئەنجام دران. سەرئەنجام لە شەڕێکی سێ مانگە دا کە هەر بەوناوەش دەناسرێ ڕێژیم لە هەموو جەبهەکان دا لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵک و لاوانی کورد و پێشمەرگەدا بە چۆک داهات و فێڵەزانانە داوای ئاگربەسی کرد و دەس بەجێ حیزب وکۆمەڵە قەبووڵیان کرد و هەیئەتیان دیار کرد بۆ دانووستاندن و گفتگۆ.

## خۆزگە ویژدان قازی بوایە

ئەوەندەی دەرهەق بە حیزبی دێمۆکرات لەو بارەوە بێئینسافی دەکرێ دەرهەق بە هیچ هێزێکی سیایی کوردستانی نەکراوە، بە دوای پەیامی خومەینی دا بۆ ئاگربەس و گفتگۆ، وتە مەشهوورەکەی سەرکردەی ناوداری کورد قاسملووی نەمر کە ئێستاش ناحەزان وەک خاڵی نیگەتیڤ باسی لێوەدەکەن لەبیرماوە کە کوتی:" ما به پیام امام خمینی لبیک میگوویم" قاسملووی مامۆستا و ڕێبەر لەو دێرەدا تەنانەت بە زمان و ئەدەبیاتی مەلاکان قسەی کرد تەنیا بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بەررەو ناخی چڵکنی ڕێبەرە مێشک چەقبەستووەکان بکاتەوە ئیمکانێک وەدەست بخا تا لە ڕێگای گفتگۆوە دەگەڵ ئەو ڕێژیمە کورد بە کەمترین مافی خۆی بگات، وتووێژەکانی دوای شەڕی سێ مانگەو هەڵسووکەوتی حیزب کە من خۆم شاهیدی زیندووی زۆر یەک لە ڕەفتار و کردارەکانی حیزبم تەنها بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شەڕ ڕوو لە کوردستان نەکاتەوە زۆرن، ئەو هەڵسووکەتانە هێندە نەرم و نیان بوون کە لە لایەن بەشێک لە هاوپەیمانانی حیزب لە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد دا بە سازشکار ناسێندرا و تاوانبار کرا. خۆ ڕەنگە ناهەقیشیان نەبووبێ ئاخر ئێمە لە شووڕای نیزامی شار هەموو ئەو یەکە سەربازی و گوردانانەمان کە مانگێ جارێک و جاری وا بوو بە ٢٠ شەو جارێک جیگۆڕکێی درۆزنانەیان دەگەڵ ئەوانەی پادگانی مەهاباد دەکرد ئیسکۆرت دەکرد ، دەزانی بەڕێز ئەبریشەمی بۆ؟ چۆن حیزب بەهیچ جۆرێ نەیدەویست شەڕ بەرۆکی خەڵکی کوردستان بگرێتەوە ئەگەرچی شەڕی سێمانگە سەرکەوتنی پێشمەرگە وشکستی سپای داگیرکەر بوو ! لەکاتی بەدەرەقە و لە کاتی هاتنی هێزی تازەی سەربازی ڕێژیم ئێمە ئەو هێزانەمان ئیسکۆرت دەکرد، خەڵک هوریایان لێدەکیشاین و نازانی من ئەو کاتی چ زەجرێکم بە دەست ئەو خەڵکەوە دەکێشا کە بە تەحریکی کۆمەڵە و چریکەکان هورایان لە ماشینەکان و لە ئێمەی پێشمەرگە دەکێشا. بەڵێ ئەوە تەنیا بەشێکی بچووک لەو بەڵگانەیە کە حیزب هەرگیز نەویوستووە کە لە ڕێگای چەکداریەوە کێشەی خۆی وخەڵکی کورد چارەسەر بکات.

ئەگەر باسی یەک نموونەی زەقی دیکە بکەم دەبێ ئەو وتەیەی قاسملوو وەبیر بێنمەوە کە دەیکوت ئەگەر ئەوان حەساسیەتیان بە خودموختاری هەیە لە جیات خودموختاری خودگەردانیشمان بدەنێ هەر رازین، کە ئەوانە هەموو بە گران لەسەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەکەوت و ناحەزان وەک خالێکی نەرێنی ئێستاش باسی لێدەکەن، کەچی ئەو حیزبە باکی بەو قسانە نەبوو و هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە لە رێگای ئاشتی و دیالۆگەوە لانی کەم بەشێکی بچووک لە مافەکانی خەڵکی کورد دەستە بەر بێ، خۆ تا ئەمدواییانەش کاتی کاک خالیدی عەزیزی سکرتێری حدک بوو ئەو بەڕاشکاوی وتی تەناتەت لەسەر مادەی ١٥ و ١٩ یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیش ئامادەین دەگەڵ ڕێژیم گفتگۆ بکەین، دەی ئەوانە هەموو نموونەن کە کوردو حیزبی دێمۆکرات هەمیشە لایەنی دیالۆگ و گفتگۆ و خەباتی مەدەنی بۆ گرینگتر بووە لە بەرخۆدانی چەکدارانە، بەڵام ئیتر کە هیچ ڕێگا نەما بۆ ئەوەی نەتوێیەوە ناچاری مەرگی بەسەربەستی هەڵبژێری بەڵام ستەم وبێعەداڵەتی لەرادەبەدەر قەبووڵ نەکەی و ببی بە پێشمەرگە.

مێژوو نیشانی داوەکە ئیتر ماهیەتی ئەو ڕێژیمە هەر ئەوە بوو و نەیدەتوانی دان بە هیچ مافێک و بە هیچ جۆرێک لە ئازادی دابێنێ وەک لە دوای سالەهای ساڵ ئیدی ئێستا بۆ هەموو لایەک دەردەکەوتووە کە ئەوان باندێکی مافیایی فاشیتین کە جگە لە دەروبەری خۆیان، دەرویش و کۆیلەترین کەسەکان بەرامبەر بە ولایەتی فەقیە نەبێ کەسی دیکەیان قەبووڵ نیە. موسەوی وکەڕووبی و دەیان ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسیی سەر بەخۆیان کە ئیستا لە زیندانەکاندا دەڕزێین نموونەیەکی روونی دیکەیە کە هیچ گومان نەهێڵێتەوە هەموو شێوازێکی خەبات لە دژی ئەو ڕێژیمە فاشیستییە ڕەوا و بەرهەقە.

ئەوجار مامۆستای خۆشەویست ئاخر خۆ مێژووی ڕێژیم وهەڵسووکەتەکانی هێندە مێژوویەکی دوور ودرێژ نین کە کەسمان لە بیرمان نەمابێ، ئایا حیزبی توودە و چریکە فیداییەکانی ئەکسەریەت چەکیان بەدەستەوە گرت بۆیە ڕێژیم تەفروتونای کردن؟ ئاخر خۆ جەنابت لە من چاکتر دەزانی ئەوان ببوون بە بەشێک لە پارێزەرانی ئەو ڕێژیمە، بۆ لەبیرت نیە چیان بە پێشمەرگە وبە حیزب وکۆمەڵە دەکرد و چۆنیان بە بەژنی ڕیژیم و سپای پاسداران هەڵدەکوت؟ "سپاه پاسداران را بە سلاح سنگین مجهز کنید" دروشمێکی دیاری چریکە فیداییەکانی ئەکسەریەت بوو، ئەوەش سپا کە ئێستا بۆتە ملۆزم بەسەر شانی خەڵکەوە وناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی کردۆتە مەیدانی زۆرانبازی خۆی و هەمووی خەڵتانی خوێن کردووە!

بەڕیز دوکتور ئەبریشمی، مامۆستای ئازیز، لەنووسین دا هەموولایەکمان دەبێ وردبینتر بین، ئەگەر بێت و من چاوەڕوانی ئەوەم لە ئێوە هەبێ کە وەک من بنووسن کە بەکەیفی خۆمان شورت و شۆی ڕێژیم دەردێنن چاوەڕوانییەکی نامەنتیقی و ناعەقلانییە، بەڵام ئێمەش ئەو چاوەڕوانیەمان لە هەمولایەکتان هەیە کە ئەوەندەی لە دەستتان دێ لە نووسینەکانتان دا ڕەچاوی خەڵک بکەن، ڕەچاوی باوەڕەکانی خەڵک بکەن، هیچ کەس کەسی مەجبوور نەکردووە چۆن بنووسێ، چەقۆیان

لەسەر ملی رانەگرتوون یا خەراپ و بە پچەوانەی بەرژەوەندی گەلەکەی خۆمان نەنووسین، یا لانی کەم مێژوو وەک خۆی باس بکەین. یا کێشە شەخسی و لاوەکیەکان وەلا بنێین و ئەوەی لە رابردوودا ڕووی داوە بە فەرامۆشی بسپێرین، بیرێک لە ئایندەی ئەو کوردە بکەینەوە ئەوەندەی لە تواناداهەیە بۆبەرژەوەندی نیشتمان بنووسین. باسی یەکسانی گەلانت کردووە کە دەبێ هەوڵی بۆ بدەین بەڕێگای مەدەنییەوە، چون شەڕی چەکداری خەساری گەورەتری بەدواوە بووە، ئایا پێتوایە هیچ دایک وبابێک رازی بێ کورەکەی بەچەکی دەستی بەرەنگاری تۆپ و تانکی دوژمن بێتەوە؟ ئایا پێتوایە ئەگەر ئەو گەنجەی کە دەبێ بە پێشمەرگە تاسەر ئیسقان هەست بە چەوسانەوە و زوڵم و بێدای نەکا ئامادە بێ چەکی پێشمەرگە بکاتە شانی کە ناوەکەی خۆی بەخۆیەوە وهەر دەم دەگەڵ مەرگ بەرەوڕوویە؟

کاک دوکتور عەبدوڵای ئەبریشەمی تکاشم ئەوەیە لەبەر هیچ هۆکارێک شتی وا لەجوابی من دا مەنووسە کە بچووکترین مەترسی بۆسەر گیانی بەڕێزتان هەبێ، من ئەگەرچی رووی قسەم لە جەنابتە بەڵام ویستوومە ئەو مێژووە بۆ ئەو گەنج و لاوانە بگێڕمەوە کە ئاگایان لە ڕووداوەکان نییە ولانی کەم با بە لاڕێدا نەبرێن.

٢ی جوولای ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ئێران و دووڕێیانی نەمان

### ئێران یا دەڕووخێ یان وەک مریشکی ئاوەڕووتی لێدێ

ئەمریکا لە مێژە بەو ئاکامە گەیشتووە کە بوونی ئەو دەسەڵاتەی ئێستای ئێران کارەساتی یەکجار گەورەی لەدووایە و تا ئەوانە هەبن بەستێنی ئەو کارەساتەی کەلەسەر دەستی ئەو خیلەسەر و کۆنەپەرەست و فاشیستە دڵڕەشانە ڕوودەدا بەربڵاتر و گەورەتر دەبێ.

ئەمریکا ئەو فاکتەرەی لەولای داناوە و بە تایبەتی ترامپ و تیمەکەی لێبڕاوانە بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەو دەسەڵاتە دەبێ نەمێنێ. ئەوان و بەشێکی زۆر لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکایی و ئورووپاییش لەمێژە بەو قەناعەتە گەیشتوون کە بوونی ڕێژێمێکی توتالیتەر و دیکتاتۆر بە ئەندێشەی بیر و هزری سەدەکانی ناوەڕاست هەر دەم کارەساتی لەدوایە، ئەوە بێجگە لەو هەموو پێشێل کارییە دژی ئازادی بیروڕا و دین وئایین ومەسەب و دژی نەتەوە ژێردەستەکان لە ماوەی دەسەڵاتتداری ئەوانە لە ئێراندا هەمووڕۆژ دەبینرێن، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە لە ئێران دا ڕۆژانە و بە بەرچاوی هەموو دنیادا ڕوودەدەن، ڕۆژنیە ژن نەچەوسێتەوە و ئازدیەتاک و گشتیەکانی پێشێل نەکرێ، ڕۆژ نیە ملی لاوانی ولات بە پەتێوە نەکرێ، ڕۆژن نیە کورد و باقی نەتەوە ژێردەستەکانی دیکە ئیعدام نەکرێن، ڕۆژ نیە مادە هۆشبەرەکان کە خودی سپای پاسداران مامەڵەچی یەکەمی ئەو مادە کوشندەیەیە گیانی سەتان لاو لە گەلانی نیشتەجێی ئێران نەستێنێ، ڕۆژ نیە دەست تێوەردانەکانی ئێران پەل وپۆ نەهاوێ و عێراق و ئەفغانستان و یەمەن و سووریا زیاتر لە زەلکاوی شەڕی ناوخۆ وەرنەدا و بە هەزاران ئینسان بە هۆی ئەو دەستدرێژیانە و بە هۆی ئەو دەخالەت و دەستتێوەردانانە تالاوی مەرگ نەچێژن و بە میلۆن ئینسان ئاوارەی ئێرەو ئەوێ نەبن و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ نەهێلن و....

پێش هاتنە سەر کاری ترامپ و لە کاتی تەحریمی ئێران لە لایەن دەوڵەتی ئۆباماوە ئێران وەها ئەوکی ڕێکگوشرا کە دەس بەجێ ڕێبەری نیزام خامنەیی "نەرمشی قارەمانانە"ی ڕاگەیاند کە هەمان حیلە شەرعیەکە یە و ئیتر دەگەڵ ئەمریکا بە ڕێککەوتنێک گەیشتن کە ئیرانی داڕماو بە هۆی گەمارووە ئابووریەکان هەناسەیەکی هاتەوە بەرخۆ و بەرجام بوو بە فریاد ڕەسی و بە میلیاردها دۆلاری لێرەوە لەوێ و لە بانکەکان ڕاگیرابوون گواستەوە بۆ ئێران.

ئۆباما ماوەی تەواو بوو و هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا بووە هۆی هاتنەسەر کاری ترامپ، ترامپ کە لەکاتی

هەڵبژاردنەکاندا بە ئاشکرا دژایەتی توندی خۆی دەگەڵ بەرجام ودەگەڵ دەسەڵاتی فاشیستی مەسەبی ئێران دەردەبڕی بە هاتنەسەر کاری و لە ماوەیەکی کورت دا و دوای ئەوەی ئێران بە پێی سەرچاوە هەواڵگرییەکانی ئەمریکایی و ئورووپایی لەبنەوە هەر خەریکی کاری خۆی بوو.

ڕێژیمی تاران لەجیاتی پابەند بێ بە ڕێککەوتنەکانی بەرجام ئەوجار کەوتە مووشەک ساز کردن و هاندانی حووسیەکانی یەمەن بۆ مووشەک بارانکردنی عەڕەبستانی کردە یەکەم تاکتیکی تاقیکاری مووشەکەکانی. ئەوە خاڵی تەقینەوەی ڕێککەوتنەکان بوو و چی پێنەچوو کە ترامپ ڕێککەوتنامەی بەرجامی دڕاند و تووڕی هەڵدا و دەس بەجێش بڕیاری ژیاندنەوەی تەحریمەکانی ئێرانی دا.
ئێستا ئێران و ڕێژیمە فاشیستیەکەی لەوپەڕی زەلیلی دا و لە ژێر گوشاری سەختی ئابووری دا بەومەرجەی کە هێشتا تەحریم و گەمارووەکان بە تەواوی نەکەوتوونە بواری جێبەجێ کردنەوە دەناڵێنێ و گوشارەکان هێندە قورس و گرانن کە هەم رووحانی سەرۆک کۆمار و هەمیش فەرماندە بالادەستەکانی سپای پاسداران کەوتوونە گڕ و گیف و شێتانە لە چوارچێوەی دیپلۆماسی دەرچوون و ئەوەی نابێ بیڵێین بەزاریان دا دێ. لەولاش ئەگەرچی ترامپ چەند ڕۆژ لەمەوبەر کوتی "ئامادەین دەگەڵ ئێران بە تەوافوقی جیددی بگەین" بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێران لەبەرامبەر ئەمریکا دا دووڕێگای زیاتر لەبەر نیە کە بە هەردووک باریشدا چارەنووسی جگە لە نەمان و تەفروتونا بوون نابێ.

ڕێژیمە فاشیستیەکەی تاران یان ئەوەی مل بۆ خواستەکانی ئەمریکا ڕادەکێشێ و ئەوەی ئەمریکا پێی دەڵێ ئەو وەک فەرمانبەری چاک دەڵێ بەڵێ قوربان، کە ئیتر ئەو کات شتێک بە ناوی ڕێژکیمی ئیسلامی نامێنێ و ئەوەی دەبێ شتێکی تازەو سیستەمێکی تازە دەبێ و ئیتر جەمهووری ئیسلامی ٤٠ ساڵی رابردوو نابێ یان هیچ گومان لەوە دانیە ئەمریکا بە پارەی ئیسرائیل و ولاتە عەڕەبییەکان ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران بۆ هەمیشە وەک سەدام حوسێن و ڕێژیمەکەی لە گۆڕ دەنێ.

کەوایە ئەگەر سیاسەت تاقە یەک ڕووی راستی هەبێ نابێ ئاکامی ئەو کێشەیەی نێوان ئێران وئەمریکا لەوە بترازێ کە لەسەرەوە باس کراوە و ئاکامی ئەو کیشەیە ئەمەیە کە ئێران یا لە ژێر زەبری سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا دەڕووخێ یان لە ژێر سازش و ڕێککەوتنێکی ڕەزیلانە وەک مریشکی ئاوەڕووتی لێدێ. خۆ ئەگەر فاکتەری ڕاپەڕینی جەماوەری خەلکی ناڕازیشی بێینە سەر ئیتر دواڕۆژی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران لە قەترانیترین شەوەکان ڕەشترە.

٢٧ی جووڵای ٢٠١٨

## حکوومەتی هەریمی کوردستان و بەرپرسایەتی لە ئاست هاوولاتیان

کە سەیری وتار و گوفتاری مامۆستایانی ئایینی لە باشووری کوردستان دەکەی دوو تەوەری سەرەکی و دوو بابەتی سەرنج ڕاکێش جێی ڕامان بەرەوڕووت دەبێتەوە کە بەڕاستی مرۆڤ لە ئاستیدا سەری سووڕ دەمێنێ.

### یەکەم وتاری توندو تیژی

لە زۆر مزگەوتاندا و لە لایەن زۆر مەلا و کۆلکە مەلاوە لە ماوەی ئەو چەند ساڵە دا بە دەیان وتاری تەژی لە توندوتیژیمان دیوە کە هەموویان بۆ وێران کردنی ناخی کۆمەڵگا ئاراستە دەکرێن، بۆ گەندەڵ کردنی بیر و هزری مرۆڤەکان، لاوان ، ژنان وپیاوان وەک ژار دەرژێنە ناو دەمارەکانی لەشی مرۆڤەوە. ئەوجۆرە وتارانە مەترسیەکی لەرادەبەدەرن بۆ پێشکەوتنی بیرو هزری سیاسیی وکۆمەڵایەتی . ئاکامی ئەو گوتارانە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە هەموو رۆژێ لێرەو لەوێ لە شار و گوندی باشووری کوردستان تەرمی کچێک و ئافرەتێک دەدۆزرێتەوە کە بە گوللەی براکەی یان بابی یان مامی شەلاڵی خوێن کراوە، بۆ؟ چون مامۆستا فەرموویە ئەوەی لینگی ڕوت بێ، ئەوەی سەری ڕووت بێ و ئەوەی ئیزنی ئەووەش بدا ژن وکچ بە ئارەزووی خۆی جلوبەرگ لەبەر بکا جەهەنەمییە! مامۆستا فەرموویە ئەوانە شەڕەفی کورد لەکەدار دەکەن! مامۆستا فەرموویە بۆ ئەوەی ئەو پەڵە شەرم و نەنگە لە سەرخۆت لابەری کوشتنی جایزە!

لە هەموو جیهاندا و تەنانەت لە وڵاتە ئیسلامیەکانیشدا ڕێگا بەو جۆرە وتارانە نادرێ و قەدەغەو قۆرغی لەسەرە. کەچی لە کوردستان مەلاهەیە و حیزبی هەیە لە حاڵێکدا خەلکی کورد، ئێزدی و موسوڵمان و کریستیان بەدەستی داعش کۆمەڵکوژ دەکران بەزاری دانەهات بڵێ ئەوانە جنایەتکار و ترۆریستن ولەبەر چاوی هەموو کامێراکان ناوی موجاهیدی لێدەنان. هەر ئێستا وای لێهاتووە پارتە سیاسەیکانیش لە جەغزی رقەبەرایەتی ناسالم و دوور لە هەموو لۆژیک وعەقڵێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی پاڵیان وەو ئیسلامیانە داوە و بۆ مەرامی تایبەتی دەگەڵیان بوونە هاوپەیمان و پشتگیریان دەکەن وهەر لەبەر ئەو بەرژەوەندیەش گوێیان لە ئاست ئەو گوتارانە ئاخنیوە کە بە جارێ ماڵی کوردی باشووری کاول کردووە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە ئەو پارت و لایەنانە خۆیان پێ مودێرن و پێشکەوتوویە وگەپ بە خەلکی دیکە دەدەن کە کۆیا کلاسیک و پاشکەوتوون.

## گوتاری هەڵخڵەتێنەر و خورافی

کۆمەڵگا پێویستی بە بەرەوپێشچوون هەیە لە هەموو بوارەکاندا، بە تایبەتی لە بوارەی گەشەی بیر و هزردا بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتیش لانی کەم بتوانین شوێنکەوتەی وڵاتانی پێشکەوتوو بین. بەڵام لە مزگەوتەکاندا بەعالەم ئاشکرا گاڵتە بەتێگەیشتنی خەڵک دەکرێ و هەوڵێکی جیددی لە ئارادا هەیە بۆ ئەوەی خەڵک لە دواکەوتوویی و پاشکەوتووی فکری دا بهێڵدرێتەوە. وتاری خورافی لەو باشوورە ئاشی پێدەگەڕێ و ڕۆژ نیە لەو فەیسبووکە و لە باقی تۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا تۆ ئەو گاڵتەجاڕییە نەبینی کە دۆستان هەر بۆ فشقیات و بۆ فشەپێکردن و پێکەنین دای نەنێن. ئەو وتارانە ئەگەر ڕوویەکیان گاڵتەجاڕی و هەزەلی بێ ڕوکەی دیکەی مەترسیدار و جێگای ڕامانە، ئەوانە بە هەموو توانایانەوە هەوڵی ئەوەیانە کە لانی کەم بەشێک لە کۆمەڵگا لە دواکەوتووی فکری دا بێڵنەوە، ئەو دواکەوتتوییە وادەکا کەسبەی هەرچی لەمزگەوت و لەو أووره نهێنییەکاندا بەو خەڵکە مێشک شۆراوەیە بکوترێ ئەنجامی بدا و هەر ئەو دوو جۆرە کەسانەی سەرەوەشن کە سبەی دەبنە دەستەچیلەی ئەو ئاگرەی گرووپە ترۆریستیەکان دە ژیان ومال و حاڵی ئێمەیان بەردەدەن.

ئەو ئاماژەیەی سەرەوە بەسە بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێم بەرپرسی هەموو ئەو هەڵسووکەوتانە بێ کە لە داهاتوو دا لە خەڵک و لەتاکی ئەو کۆمەڵگایە دەبینرێ کە بە هاندانی مەلای هاوشێوەی مەلاسمایل کە ئێستا بۆتە پاڵەوانی هەندێ نەخۆشی سیاسیی باشوور کاری ترۆریستی ئەنجام بدا. ئیتر چۆن بە بوونی ئەوانە دەبێ چاوەڕێ بین تا ئەو جنایەت وکارەساتەی هەموو ڕۆژێ دەرهەق بە کچان و ژنانی ئەو نیشتمانە بێکەسە دەکرێ کۆتایی بێ، ژنان و چالاکانی مەدەنی بواری مافەکانی مرۆڤ دەبوو هەموو هەوڵ و تەقەلایان خستبایە گەڕ بۆ بێدەنگ کردنی ئەو بڵیندگۆیانەی کە جگە لە دواکەوتوویی وبڵاوکردنەوەی بیری توندو تیژی وبیری خورافەپەرەستی چیدیکەیان لەدەست نایە.

٥ی ئاگۆستی ٢٠١٨

# ئیرادەو باوەڕ بە خۆ بوون

کە باسی کوردستان دەکرێ بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک تاقە ئەو پرسیارەمان بەرەو ڕوو دەبێتەوە، کەدەڵێم بەرەوڕوومان دەبێتەوە مەبەستم ئەوەیە ویژدان بەرەوڕوومان دەکاتەوە، پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا پێت وایە کوردستان سەرزەمین و خاکێکە هی کورد و نەتەوەیەک بەناوی کورد؟

ئەگەر وەلامەکەت ئایە و ئەرێنیە ئیتر ئەوە تۆ دەبێ ئێران وعێراق و سووریا و تورکیا بەداگیرکەر بزانی، کە بە داگیرکەرت زانی یان بە پێی سیاسەتی نە شیش بسووتێ ونە کەباب سیاسەت دەکەی و دەگەڵ داگیرکەر دەکەویە و سەودا و دان و ستاندن چوونکە پێتوایە وەختی رزگاری نیشتمانی نیە و سەربەخۆیی و دەرپەراندنی داگیر کەر محاڵە!

یان ئەوەی کە هەوڵ دەدەی کۆدەنگییەکی نەتەوەیی پێک بێنی (لەهەر پارچەی کوردستان بەجیا) وببە هەموو تواناتەوە لە پێشدا بە خەباتی کۆمەڵانی بەربەرینی خەڵک بەگژ داگیرکەر دابچییەوە تا خوێن سەران دەبا، بەڵێ تا خوێن سەران دەبا، تا دنیا هەست دەکا یەکەم ئەو گەلە بڕیاری ئازادی داوە تازە پاشگەزبوونەوەی نیە و دووهەم شەرمەزار بێ لەو خوێنڕێژییەی داگیر کەر دژی کورد دەیکا و وەدەنگ بێ. دیارە با کەس پێیوانەبێ من لایەنگری خوێنڕشتنم نا باوەڕ بکەن نامهەوێ خوێن لە لووتی یەک سەرباز ویەک پاسدار بێ، خۆ من دوژمنی ئەوان نیم، ئەوان دوژمنی منن، ئەوان خاکی منیان داگیر کردووە و دەمچەوسێننەوە! بەلام بۆیە دەڵێم تا خوێن سەران دەبا چون دەزانم ڕزگاری لە چنگ داگیرکەر ئاسان نیە. بە مێژوودا بچۆوە هیچ گەلێک بێ قوربانیدان بە ئازادی نەگەیشتووە، هەر دوور نەڕۆین، بۆسنیا، چۆن وێڕای ئەو هەمووە پشتیوانییە نێودەوڵەتیە بە ئازادی گەیشت؟ ئایا قەتلووعامی سیربەکانتان دژی کورواتیەکان لەبیر چۆتەوە؟ بەڵێ گەلێک تەمای ئازادی ببێ دەبێ لەوە دڵنیا بێ ئە وئازادیە بە خوێن و قوربانیدان نەنێ دەستەبەر نابێ، مەگەر داگیرکەرانمان ببن بە حکوومەتی فەرانسە و سوێد و ئیزنی ئەوەمان پێبدەن کە ڕیفراندۆمێک بە ئارامی بەڕێوەبەرین و ئاکام هەرچی بوو ئێمە وابکەین؟ ئەگەرچی دەزانم ڕزگاری لە ژێردەستی ئیستیعمار ئەگەر فەرانسە و سوێدیش بێ هەر ئاسدان نیە. بەڵێ سەربەخۆیی خوازی تاکە ڕێگایە بەڵام ئیرادە و باوەڕ بە خۆبوون و کاری بەردەوامی دەوێ.

١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## سەرکردەکان ئێوەش دەمرن

ژیان بۆ هیچ کەس هەمیشەیی نیە، رۆژێک لە دایک دەبێ و رۆژێک دەبێ ئەو دنیایە بە هەموو جوانی وناحەزیەکانییەوە بە جێ بێلێ، دەسەلآت دار وبێدەسەلآت کە کاتی هات لە ئاست مردن بچووکترین توانای نیە و دەبێ دەست بەردارتەوە.

ئەوە داستان و حەکایەتێک و حوکمێک نیە کەس نەدیتبێ و کەس نەیزانێ بەلآم لەگەڵ سروشتی بوونی و لەگەڵ ڕاستی حاشاهەڵنەگر بوونی زۆرن ئەوانەی هێشتا بە کردار باوەڕیان پێی نەهێناوە. لەو نێوەدا،زۆربەی دەسترۆیشتووەکان، خاوەن سەرمایە و داهات ودارایی زۆروزەوەندەکان هیچ ئاگایان لە مردن نیە تا پێرا نەیەن، کە پێشڕاهاتن هەزار هاوار بە پوولێک.

وەنەبێ هەر دەست ڕۆیشتووەکان وا مەستی پارەو دراو بن و دۆلآر و دینار بەری چاوی گرتبن، هەژاری دەسکورتی هەناسەساردیش هەر وایە، ئەویش لە بەر کوێرەوەری و رەنج و ماندووبون وهەلآت هەلآتی بەدوای نان و رسق و رۆزی ماڵو منداڵدا ئاگای لە هیچ نیە تا بەلا دادی.

ئەوە ئیتر رەوتێکی ئاسایی و سەلمێنراوە وکەس حاشای لێناکا، لەو نێوەدا و لەهەمووان بێئاگاتر و بیخەیاڵتر سەرۆک و سەرکردەی حیزبەکانن، سیاسەتمەدارانن، تۆ سەیری مێژووی نەهێندە دووری دەوروبەری خۆمان بکە، سەدام و شا وخومەینی چۆن مەستی ئەو دەسەلآتە بوون کە چی لەپاش خۆیان ولای زۆر کەس جگە لە نەفرەتی مێژوو چی دیکەیان بەجێ نەهیشت. ئەوان ڕۆیشتن و لەوپەڕی دەسەلآتتداری دا بە بێدەسەلآتی تەواو دەستیان لە هەموو مەنسەب و هێز و دەسەلاتێک بەردا و ئاوا بوون. کەچی سەرکردەکانی پاش ئەوان یەک تۆز دەرس وپەند وەرناگرن.

جا دەردی سەرباری دەردان ئەوانەی خۆمانن، ئەگەر ئەوان خەڵکی دیکە و گەلانی بندەستی خۆیان بۆ بەرژەوەندی گەلی باڵادەست چەوساندۆتەوە ئەوە سەرکردەو سەرۆکی حیزبەکان بە تایبەتی ئەوانەی خۆمان گەلی خۆیان بە سۆخرە گرتووە و هەر کەسەو بەلایەکدا بایدەدا و هیچ یەک لەوانیش بەراستی بیرێک لە حاڵی شڕی خۆی و حیزبەکەی و ئەنجا گەلی کوردیش ناکاتەوە.

هۆ سەرکردەکان، ئێوەش دەمرن، هەر بینا دێوەزمەی مەرگ لە نەکاو بەرۆکی گرتن و دەرفەتی تەنانەت ماڵاواییشی

پێنەدان، بیریَ لە خۆتان و لەو مێژووە بکەنەوە کە سبەی بێڕەحمانە حوکمی خۆی بەسەرتاندا دەدا و بەدڵنیاییەوە ئەو حوکمە زۆر دادپەروەرانە و لە هەمان کاتیشدا بێڕەحمانەیە.

هۆ سەرکردەکان ئێوەش دەمرن، بۆچی لەو خەوە گرانە ڕاناپەڕن و بۆچی مەستی تەنیا بستێ دەروبەری خۆتانن؟ بۆچی لووتبەرزیتان دانابەزێ بە هۆی چەپڵەی چەند دەکەسی دەوروبەرتان ئەدی نەفرەت و بێزاری ئەو هەموو خەڵکە نابینن کە لەبەرامبەر ئێوەدا وەک موخالیف لە هێزێک ولە حیزبێکی دیکە دان؟ دەی ئەوە گێژداغ بوون نیە تۆ کەمینەیەکی کەمی کەم بگری و دڵت پێیخۆش بێ و دەمی زۆرخەڵکی دیکە بەرەوڕووی خۆت بکەیەوە؟ بۆ ئاگات لێ نیە چەندە بێزراوی لای ئەوانی دیکە؟بۆ ئەوانی لەخۆت نین پێت هەو نیین؟

هۆ سەرکردە لووت بەرزەکان ئێوەش دەمرن، بیرێک لەحاڵی خۆتان بکەنەوە، زەمان بە خێرایی با تێپەڕ دەبێ و سبەی ڕەنگە ئیتر دەرفەتی گەردن ئازاییت نەمێنێ وهاکا دیتت لە چرکە ساتێکدا بەلاداهاتی و چوویە ناو خێڵی دەسەڵادارە بێفەڕەکان و کارنامەت چی وا لە شا و سەدام و خومەینی سپیتر نەبێ، ئاخرئەوان کەڵەگای گەلانی بندەست بوون و تۆش ملۆزمی گەلی خۆتی.

## ئایا حیزبی دێمۆکڕات داگیر کراوە؟

سەرەتای بەهاری ساڵی ١٣٨٠سەعات ٥ی بەیانی بێ ئەوەی کەس هەست بە هەستانم بکا و بێ ئەوەی مالاوایی لە ماڵ و منداڵ بکەم بە ئەسپایی دەرگای دەرەوەم کردەوە و بە نیگەرانیەکی زۆر بەرەو شوێنی دیاری کراوی خۆم ویاد بەخێر کاک ناسری ڕەحمانی وەڕی کەوتم. لە پشت مزگەوتی حاجی ساڵەی شاتری خوار گەڕەکی باغی سیسە یەکمان گرتەوە و بە پەلە و بەتاکسی خۆمان گەیاندە ترمینال و ئیتر لەوێوە بەرە حاجی ئۆمەران بۆ ئاواکردنی سنووری دەسکردی نێوان باشوور و ڕۆژهەلات وەڕێ کەوتین.

لەسەر سنوور لە نەکاو دەگیر کەوتین و سێ چواری کەس کە کراس سپیان بەسەر شەلواردا بەربوەوە و ریش داربوون لەماشێنێک دابەزین و هەموو ئەوانەی چاوەڕێی پەرینەوە بوون خرانە چواردیوارێکی دارین کە دەت کوت بۆ دانگەی مەڕ دروست کراوە. من دەس بەجێ نیگەران بووم، ئەوان گەڕانەوە بۆ ناو ئەو ئەو ژوورە بچووکەی هی نیگابان و ئێشکچییەکان بوو. هەر دەس بەجێ و بە دوای ئەواندا بە بیانووی سیغار کڕین وەدەر کەوتم و سەری خۆم بەردایەوە تا گەیشتمە لای ماشێنێک (لەندرەوێرێک) و ئیتر چووینە گوندێکی خوارتر و من بە بێ ئەوەی ناسر ئاگای لە حالم بێ بەو دوڵ و چیایە دا دەگەڵ کوڕێکی گەنج کە ڕەرگەڵیان خستبووم ئاوەدیوی سنوور بووم بەلام هەر وا هاسان نا و ئەمە خۆی داستانێکی دیکەی هەیە کە وابزانم پێشتر باسم کردووە. ئیتر دوای نیوەڕۆ و درەنگانێک لە چاوەڕوانی ناسر دا ئەویش پەیدا بوو و کە منی دیت دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو. یادی ناسری ڕەحمانی پێشمەرگە و سەربازە ونەکەی دێمۆکڕات بەخێر.

پاش یەک دوو ڕۆژ خۆم لە ئازادی و لە ماڵە کاک سمایلی بازیار دیتەوە، بۆ ماوەیەک ئیتر ببوومە سەربار بەسەریانەوە و وابزانم کاک سمایل دڵی نەدەهات بمنێرێتە شوێنێکی دیکە یان پێی وابوو کە ئیمکانی گەڕانەوەم بۆ ناوخۆ هەیە، سەرئەنجام پاش مشت ومڕێکی زۆرو پاش ئەوەی ئیتر ڕێگای گەڕانەوەم نەمابوو رازی بوو بمێنمەوە. یەکەم جار دایان نابوو بچمە ڕۆژنامەی کوردستان و لەگەڵ ئەوان کار بکەم کە بەو بڕیارە خۆشحاڵ بووم. مانەوەم لە ماڵی کاک سمایل لەوماوەیەدا بە تایبەتی کە نەدەهاتمەدرێ و خواردن و لێنان و ساز کردن باری سەرباری خوشکە خەیاڵ هاوسەری کاک سمایل بوو منی زیاتر عەزاب دەداو جارێکی دیکەش کوتوومە زۆری قەرز دارم.

یەکەم قۆناغم فێرگە بوو کە بۆ ماوەیەک لە وێ بمێنمەوە لای کاک "مەهدی بەدری" کە کادری فێرگە بوو میوان بم تا جێگاوشوێنم بۆحاوانەوە بۆ دەبیننەوە. ئیتر ئەو ماووەیەی کە لە فێرگە بووم و هەر لەسەرەتا و یەکەم ڕۆژەکانی پەیوەست

بوونم بە حیزب هەستم کرد بەداخەوە ئەو حیزبە کە من بۆی هاتووم هەو نیە، واتە حیزبی دێمۆکرات نیە ، تەشکیلاتێک بوونی نەبوو، بەڵکوو دوو تەشکیلات بوون تازە ئەگەر بکرێ ناوی تەشکیلاتیان لێ بنرێ! لەجیاتی هاوڕێ وهاوسەنگەر و برا وپشت وپەنای یەک بن یەکێیان دەهاڕی وەک ئەسپۆنی ورد! ئەوەی بەیەکتریان دەکوت من لە هیچ مەیدان و کووچە و شەقامی شار دا لە شەڕی منداڵاندا نەمبیستبوو.

زانیم ئیتر حیزب بۆتە ئامرازێک و بەدەست چەند کەسێکەوە و بۆ مەیل و ئامرازی شەخسی کەڵکی لێوەردەگیرێ و هەستم کرد کە حیزبێک کە مڵکی خەڵکی کوردستانە ئەمانەتێکە بە کەسانێک دەسپێردرێ بە دەست دوو دەستەوە دەستاو دەستی پێدەکرێ ولە ڕاستیدا داگیرکراوە و دەستی بەسەر داسگیراوە! دەستم سڕ بوون و چۆکم نووشتایەوە تازەش چ چارم نەبوو... جا لەو ساوە تا ئێرە ئیدی هەمووتان دەزانن کە ئەو حیزبە چی بەسەر هاتووە و ئێستا چ پێگەیەکی هەیە لەچاو جاران.

چەندین ساڵە دەمهەوێ کە ئەوەی سەبارەت بەو حیزبانە و بە سەرکردایەتیەکەیان خۆم هەستی پێدەکەم و بۆی دەچم وەک خۆی باسی بکەم بەڵام لەبەردڵی دۆست وهاوڕێ وهەڤاڵی زۆر خۆشەویست کە هێشتاش لە ڕیزی ئەو حیزبانە دان هەر دڵم نەهاتووە و دانم بە جەرگی خۆم داگرتووە. وەنەبێ ئەو قسەیەم لە دژایەتی حیزبەوە بێ نا، دڵنیابن، هەموو لایەک خاترجەم بن حیزبم لە هەمووتان خۆشتر دەوێ ئاخر هەموو تەمەنی لاوەتی و پیاوەتیم لەو حیزبە دا بردە سەر، ئاخر ئەگەر هیچ شانازێکەم هەبووبی شانازیم ئەوەیە کە لە ڕیزی ئەو حیزبەدا پێشمەرگەی کوردستان و ئەندام و تیکۆشەرێکی ئەو حیزبە بووم، دەی خۆ گێژداغ نەکراوم تفی بەرەوبا هەڵاوێم؟

جا ئێستا دەزانم خەڵکێک دووبارە بەو نووسینە هەڵدەبەزنەوە و دەڵێن فلانە کەس دیسان بێوەفایی بەرامبەر بە حیزب نواند! بەڵام وەک چەندین جاری دیکەش کوتوومە ئەوەی حیزبی وێران کرد ئێمە و ڕەخنەگرانی ئەو حیزبە نەبووین، ئەوە چەپڵە بوو ماڵی حیزبی کاول کرد، چەپڵە لێدان حیزبی لە قوڕ نا!

ئێستا و دوای لەت بوونیش دەبینم هەمان وەزع لەهەردوو بەش دا زاڵە، حیزبێک کە لەسەر یەک بەندی ئەساسنامەی خۆی نەڕوات وکولتور و فەرهەنگی دەوڵەمەندی حاوانەوە و وێکهەڵکردنی گوڕێبێتەوە بە پاکتاوکردن و خۆمە و حیزب حیزبێنە ئیتر کوا ئەمە دێمۆکراتەکەی جارانە کە بۆ یەکتری دەمردین؟ یەکێکمان لە جنووب لێ شەهید بووبا لە شیمالی کوردستان پێشمەرگە هەناوی گڕی دەگرت؟ ئێستا خودا خوداتانە پێشمەرگەی لایەنەکەی دیکە بە ساخی لە جەولەیەکی ناوخۆ نەگەڕێتەوە! تا بڵێین ئەها نەمان کوت ئێمە ڕاست دەکەین؟ ئێمەچاکتری لێدەزانین؟ ئێمە خەڵکیترین؟ ئێمە...

تاکپەرەستی و خۆخۆیی و خۆخۆری هەرگیز کولتوری زاڵی حیزبی دێموکرات نەبووە بەڵام ئەورۆ هەیە، ئەوانەی دنەشی دەدەن و ئەوانەش کە هانی تەنانەت دووبەرەکی فیکری دەدەن لە هەرە خۆ پێرۆشنبیرەکانی حیزبن! سەرکردەکان با لەو لای دابنێین کە هەر هەموویان ئیتر دیارە چۆنیان ئەو حیزبە کردووە بە سوپەر مارکێت بۆ بەرژەوەندی کەسێتی خۆیان بەکاری دێنن.

ئێستا دوای هەزاران جار داوای خەڵک و دڵسۆزانی حیزب، داوای پێشمەرگەو کادرە تێکۆشەرەکان هیچ ئاسۆیەک دیار نیە بۆ ئەوەی ناخی قرێژ گرتووی هەندێ سەرکردەی حیزب مشت و ماڵ بدرێ و پاک بێتەوە و ئەهون و ئارام بێتەوە و میهرەبانی رووی تێبکا! ئیتر لێرە قسەی دڵم دەکەم، لەناخی دڵمەوە و و بێ ئەوەی هیچ ڕقێکم لە کەس بێ و بێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکم لە دژایەتی یان خوێنی خۆ تاڵکردن دا هەبێ لە یەک ڕستەدا دەڵێم "حیزبی دێموکڕات داگیر کراوە". حیزب بە دەست کەسانێکی نامەسئوول و بێ پرەنسیپ و نانیشتمانی داگیرکراوە و لە ڕەوت و ڕەواڵی سروشتی خۆی چۆتە دەرێ و بۆتە ئامرازی کێشە و ناکۆکی ئەم وئەو سەرکردە و بەرپرس و مەسئوول.

ئەگەر ئەندام و لایەنگرانی دێموکرات هەرچی زووتر لەجیاتی حیزب حیزبێن بیرێک لەخۆیان و لە حیزبی دێموکرات نەکەنەوە ئەو قسەیەم بۆ مێژوو هەڵگرن هەمووتان بە هەموو باڵ و لق وپۆ هێز و تەشکیلاتەوە چارەنووسی حیزبەکەی بولەند ئیجەویدی تورکیەتان بەسەر دێ. دەست لە چەپلە لێدان هەڵگرن، حیزبێک خۆی داگیرکرابێ ناتوانێ خاکی داگیرکراو لە داگیرکەر وەرگرێتەوە، لە پێشدا حیزب لە دەست داگیرکەر ڕزگار بکەن. بەزەییتان بە حیزبی پێشەوا قازی دابێتەوە، بەزەییتان بە هیوا و هومێدی دایکی شەهیدان دا بێتەوە، بەزەییتان بە خۆزگەی نیوە زیندووی گەلی ڕۆژهەڵات دا بێتەوە و ئەو حیزبە بگەڕێننەوە سەر ڕەوتی ئاسایی خۆی.

حیزبی دێموکرات ملکی خەلکی کوردستانە، حیزبی ذیمۆکڕات بە هەموانەوە جوانە.

٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

من کاروانێکی بێکۆتاییم
لەوەتا وەبیرم دێ
سەرێکم لەدایکبوونە و
ئەووەسەرم لەداردان و
قوربانی بوون...
من کاروانێکی بێکۆتاییم
وەستانم نیەو
لەرەوت و رەوناکەوم هەرگیز
بە پێدەشتی گوندەکانا
بەشەقامی شارەکانا،
بەدامێن و بناری چڕ وهەڵەمووت
هەڵدەگەڕیم
بەرەو لووتکە هەڵدەکشیم
تاخۆری ئازادی لەباوەش نەگرم ،
هەدا نادەم،
ڕێگە دەبڕم
زۆردڵنیام،
یان سەر دەکەوم
یان سەردەکەوم...

٩ی جوولای ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## با کەس فریوی درۆ چەوشەکاری دوژمن نەخوا

هەندێ گرتەی ویدۆیی بڵاو بوونەوە کە گۆیا سپای پاسدارانی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران لە تەورێز ڕا بە مووشەک بنکەکانی کۆیەی کردۆتە ئامانج، ئەوە تەنیا دەتوانێ یاریەکی ئیلاعاتی ڕیژیم بێ بۆ شوێنە ونکەی ئەسڵی مەسەلەکە.

تا ئێستا ڕێژیمی ئیسلامی ئێران سەتان مووشەکی بەرەو ئامانجە دەسکرد و ڕاستیەکان تەقاندووە بە گوێرەی هەموو هەواڵدەریە ڕەسمیەکانی بیانی و ئاگادار یەکدانەیەن ئامانجی نەپێکاوە، ئەوان مووشەکیان لە شاخ و چیایەکی هەڵکردبێ یان سەری کردووە یان خوار، ، لە شارێکیان هەڵکردبێ چووە لە شارێکی دیکە تەقیوەتەوە! ئەوە چۆنە ئەو مووشەکانەی بەروە بنکەکانی حیزب هاوێشتراون وەک گوولەی کەلاشینکۆف ئامانجیان پێکاوە؟ چۆنە وا دەقیق لە بنکەی حیزب دەدرێ؟

جارێ لای من هەندێ گومان هەن و چاوەڕێی زانیاری راست و دروستی هەواڵەکانم و چ ناڵێم دەنا قەڵەمێکم بەدەستەوە وەک هەمیشە شەرت بێ چاوی و جەرگی ئەوانەی پێ بکۆڵم کە دەستیان لەو هێرشەدا هەبووە بۆ سەر بنکەی حیزب.

من لە یەک شت دڵنیام ئەویش نەبوونی ئەو تیکنۆلۆژیە پێشکەوتووە مووشەکەییە لای ئێران کە بتوانێ بنکەکانی حیزب ئاوا بە دەقیقی بکاتە ئامانج. ئەوە قسەی من نیە کارناسە ئەمریکایی وئیسرائیکلیەکان وادەڵێن، خۆشمان شاهیدی مانۆر و قەل لە ئاتەگ فرێنەکانی ئەو ڕێژیمەین لە تەقاندن و هاویشتنی مووشەکەکانیان.

٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## من وا نەبووم

من مرۆڤێک بووم بۆ مێش هەنگوینێک کە ژەنگە سووره نێوقەدی دەقرتاند کولی گریانم دەئەوکی دەما، فرمێسم بۆ هەڵورینی گەلای پاییز هەڵدەورین، بە پەڕپەڕبوونی گوڵە باغ خەمناک دەبووم، بای پاییزی کە هەڵیدەکرد و تەپوتۆزی کۆلانەکانی تێکدەکردەوە ناخم دەبوو خەرمانی خەم.

من وا نەبووم بێبەزە بم بەرامبەر بە بەردو داریش، بە پەلکی گوڵە ریحانەش، لەبیرم دێ کە دەیانکوت ژێردەریاییەکی روسی بە چەندین گەمێوانەوە لە ژێر ئاودا گیریان کردووە ئیمکانی یارمەتیدانیان نیە وامدەزانی خۆمم لەوێ و لەبنی ئەو دەریایە دا بێدەسەلات و بێ هۆ چاولەدەستی یاریدەی ئەمو ئەوم، تا بەیانی ئەوەی خەوە نەدەچووە چاوەکانم.

کە دەیانکوت بۆمبێک لە شوێنێک تەقی و ئەوەندە ئەوەندە خەڵک کوژرا و برینندار بوو، هەر دەتکوت ئەوانەی وێ دایک و خوشک وبرای منن، شەو تا بەیانی بەهەنیسکانەوە وەنەوزم دەدا...

ئیتر کەدیتم لە تورکیا کورد قەلاچۆدەکرێن، لەعێراق ئەنفالیان لەسەر تاقی دەکرێتەوە، لە رۆژهەلات قارنێ و قەلاتان و ٥٩ نەفەر و... ئێستاش مووشەکی رووسی و ئێرانیمان لەسەر تاقی دەکەنەوە کەسیش متەقی لیوە نایە بۆم گرینگ نیە دوارۆژی ئەو دنیایە چی بەسەر دێ، رەحمم بۆ هیچ کەس نابزوێ نانا هەرگیز... هەرگیز...

شەڕی جیهانی دەبێ، دنیا کاول دەبێ، ئەتۆم بە میلۆنان خەڵک دەکوژێ ئێران لەشەڕی ناوچەیی دا گڕ دەکرێ و دەبێ بە خۆڵەمیش، عەرەب داریان بەسەربەردەوە نامێنێ و تورک خاکیان بە تووڕەکان دەکیشرێ... دەربەستی نیم و هیودارام ئەوەی جاران لیی دەترسام ئیستا ڕوو بدا . خۆ کورد جگە لە گیان چی دیکەی نیە لەدەستی بدا کە وا بە پیخۆر و وردە وردە هەموو رۆژێ ئەو گیان لەدەستانە دەبینین.



سەرچاوە
Serchawe

# بۆ ئەوانەی بە خوێنی گەل بە ڕێ دەچن

دۆێنێ بنکە بارەگای دێمۆکراتەکان کەوتە بەر هێرشی مووشەکی، بنکەو بارەگایەک کە لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستاندا و لە دەوروبەری کۆیە هەڵکەوتووە، لەو مووشەکبارانەدا بەداخەوە چەندین کەس لە ڕۆڵە تێکۆشەر و خەباتکارەکانی کورد بوونە قوربانی، گومان نیە خەمی لەدەست دانی ئەو تێکۆشەرانە خەمێکی قوولی خستۆتە سەر دڵی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵام خەم وئازاری خۆفرۆشان و کوردفرۆشان کە بە بەیاننامە و بە لێدوان و بە وڕینەکانیان بەلای فاشیزمی مەسەبی دادەشکێنن خوین بە برینان دا دەکا و ئازاری ئەو ستەمگەریە و ژانی ئەوە کوشتارەی دە هێندە کردووە.

با یەکێتی نیشتمانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیا بن گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو دوژمنکارییە و ئەو سەلماندن وبە هەق زانینی هیرشی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێرانی بۆ سەر بنکە بارەگاکانی دێمۆکرات هەرگیز لەبیر ناچێ، باوەڕ بکەن من لە دۆێنێوە هەر تەقەی سەرم دێ چۆن و بە کام ڕوو ئێوە دەتوانن ئاوا بدوێن و ئاوا قسە بکەن؟ خۆ من لە یەکێتی لەمە زیاتر چاوەڕوان نەبووم بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نیچیرەوان بارزانی چۆنی لە ڕوو هات ئیمزا لەبن بەیاننامەیەک بکات کە هەمان قسەی یەکێتی بێ؟ بەیاننامەیەک کە بە ئاشکرا هەق بە هێرشی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەدات بۆسەر بنکەو بارەگاکانی دێمۆکرات.

ئەگەر ئێوە لەحکوومەتی هەرێم بەو لامە لامەیە و بەو لاواندنەوەی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی پێتانوایە کە ئێران دەستتان لێهەڵدەگرێ و واز لە پیلانگێڕی بۆ لە ناوچوونی ئەو حکوومەتە لەرزۆکە دێنێ یان هیچتان لە سیاسەت نەزانیوە و ئەو ڕێژیمەتان نەناسیوە یان بەڕاستی لەعەقڵ و لێکدانەوەدا زۆر کول وکۆڵەوارن، نەزانینی ئێوە لێرەدایە کە لە هەرچوار بەشی کوردستان تەنیا ڕۆژهەڵات پشتیوانی ئێوە و ئەو حکوومەتە کوردیە بوو و لە باشووریەکان زیاتر خەمی لە ئێوە دەخوارد بەڵام دڵنیا بن ئەوجار ئەویشتان لەدەست دا، ئەوە یەکێک لەو پیلانانەیە کە ڕێژیمی ئێران بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ورد ئەنجامیان دەدا، لەو پیلانەدا ڕاستە ئەوەی خوێنی لێ چۆڕا ئێمە بووین بەڵام ئەوەی دۆڕا ئێوە بوون. باوەڕ بکەن من زۆر نەرم دواوم زۆرم مایە بۆ داناون بەڵام خەڵک ئەوەندەتان لێ تووڕەیە و ئەوەندەتان لێ بێزارە لە حیساب نایە، نەفرەتتان دەکەن بۆئەو بێئەمەگیە و بێ هەڵوێستیە.

جارێ دنیاکە ئاوایە و ڕاستە تێکۆشەرانی دێمۆکرات و کۆمەڵە بەتایبەتی لە زوونی سەوز وەک بارمتە وان بۆ ئەوەی کەس لە ئێمە نەوێرێ بڵێ بۆ وا دەکەن بەڵام دنیا زۆری بەبەرەوە، زۆر سوڵتان وپاشا کەوتوونە بەر شەقی زەمانە و زۆر هەژار

و ستەملێکراو سەرئەنجام ئاخێکیان هاتۆتەوە بەرە خۆ، جارێ ئێوە لەمە خاترجەم بن لە زەین وهۆشی ڕۆژهەلاتیەکاندا بێنرخترین بوونەوەرەکانی سەر زەوین! شەرم و حەیایەک بکەن لەو ڕاگەیاندن و لەو بەیاننامە و لەو نەسیحەتکردنەتان.

دێمۆکرات ئەو حیزبە بوو هەموو سەرکردایەتی لەژێر دەسەلاتی حیزبی بەعس دابوو بۆ یەک جاریش بە یەک دێڕ هیچ هێرشێکی ڕێژیمی بەعسی نەسەلماند و هەرگیز پشتی دە ئێوە نەکرد، دێمۆکرات ئەو هێزە بوو کە چەکی لە بەعس وەدەگرت و دەگەڵ ئێوەی بەش دەکرد، دێمۆکرات ئەو هێزە بوو کە بریندارەکانی ئێوەی بە ناوی پێشمەرگەی خۆی لە خەستەخانەکانی بەغدا و هەولێر و سلێمانی دەخەواند و چارەسەری بۆ دەکردن و دوایەش تەسلیم بە ئێوە دەکردەوە ، هەر بۆیە نەسیحەتی ئێمە مەکەن کە چۆن چونی سیاسەت بکەین و چۆنی نەکەین، لە ناوکورد دا سیاسەت لەپێشدا لە سەر بنەمای شەرافەت و نیشتمان پەوەری دادەڕێژێ و مرۆڤی نیشتمان پەروەر سیاسەت دەکات ئەو هەستە و ئەو مۆڕاڵەی ئێوە لێی بێبەرین.

٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ترۆر لە دەمانچەی بێدەنگەوە و بۆ مووشەکی زیرەک

فاشیزمی مەسەبی ئێران لەپاش بێدەنگە لێکردنی دنیا بەرامبەر بە ترۆری موخالیفانی خۆی بە تایبەتی کورد ترۆرەکانی لە دەمانچەی بێدەنگەوە گواستەوە بۆ بۆمب دانانەوە وئەوجار کە دیتی لە مەشیان بێدەنگ دەبن گواستییەوە بۆ مووشەکی هۆشمەند، ئیتر وەک دەبینن دنیا تا بە ئەم چرکەیەش لەو ترۆرە مەترسیدارە بێدەنگە.

ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی تا ئەم دەقیقەیە بۆ یەکەم جارە ئەو چەکە لە سەر کورد تاقی دەکاتەوە، ئەو چەند ساڵە لە سوریا بە قسەی خۆی شەڕی داعش دەکات بۆ یەکجار ئەو چەکەی لە دژی ئەوان بەکار نەهێناوە، بەڵام بە شانازی باس لە بەکار هێنانی دەکات لە دژی کورد . ئیتر کورد بە تایبەتی کوردی ڕۆژهەلات ئەگەر تا ئێرە هەستی نەکردبێ کە تاک و تەنیا خۆی دەبێ پشتی خۆی بگرێ و ئەگەر خەبات دەکا بۆ ئازادی دەبێ تەنیا و تەنیا پشت بە خۆی و بە هێزی گەلی خۆی ببەستێ کە وایە دەبێ چاوەڕوان بێت ئەو تراژێدیایە دووبارە ببنەوە و دووبارە ببنەوە.

یەک ڕاستی تالی تال هەیە ئەویش ئەمەیە کە کوردی ڕۆژهەڵات بەو وەزعەی کە هەیەتی و بەو پرش وبڵاوییەوە هەرگیز ناتوانی لە دژایەتی کردنی ڕێژیمدا بچووکترین دەسدکەوتی هەبێ، ئەگەر چ شانسی سەرکەوتن و دەسکەوتێک هەبێ لە یەکگرتندایە و بەس. ئیتر کاربەدەستانی سیاسەت لە کوردستان خۆیان و ویژدانی خۆیان چۆن لەمەودوا بەرامبەر بە خەڵک و بەرامبەر بەو گەنج ولاوانەی بە نیازی خەبات و تیکۆشان بۆ ئازادی گەلی بندەستی کورد ڕوویان تێدەکەن ڕەفتار دەکەن و تاکیک و ستراتیژی خۆیان چۆن دادەڕێژن.

لەدۆینێیەوە ترۆریسمی دەوڵەتی ریژیمی ئیسلامی ئێران پێی نایە قۆناخێکی یەکجار مەترسیدار و بێدەنگەکردنی دنیا و بە تایبەتی ئەوانەی تا ئێستا تەیار بوونی ئەو ڕێژیمەیان بە مووشەکی دوورهاوێژ و کورت مەودا بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی جیهان دەزانی بە دڵنیاییەوە ئەو ریژیمە هارتر دەکات و گەلی بندەست وبیکەسی کوردیش لەمەودوا گەورەترین قوربانی ئەو تاقیکارییە دەبێ.

٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بۆ قەڵا نیشینان

ئێوارەیە،
من و قەڵا ماوینەوە و ڕازی دڵمان،
بیرەوەری هەزار ڕەنگی ڕابردوومان
ئێوارەیە،
من و قەڵا ماوێنەوە و
تیشکی زەرد هەڵگەڕاوی خۆرەتاو
جیکەو جریوەی چۆلەکە و
فڕکە و چریکەی خەمناکی
پەڕەسێلکە کۆچەرەکان....
هەرچی دەڵێن بڵێین خەڵکی
من دەتپەرەستم ئەی قەڵا
کە تۆ نەبی،
لەشی سڕو
باوەڕی چەشنی ئاگرم
لە ناو لەپی دەستی کێ دا
ڕکە و کێ بەرکێ ساز بکەن!
کە تۆ نەبی
ئەمن نیم و
کە من نەبم ...
پەڕەسێلکە کۆچەرەکان
بە فرمێسکی خەمی کامە دڵدار؟
لە توێی کامە دڵی شەقار شەقار
بێن و هێلانە ساز بکەن؟
******
ئێوارەیە
شنەی بلاوێنی غوربەت
لە دەروازەکەی قەڵاوە بەرەوڕووم دێ

ئێوارەیە و دیوارەکان
دڵۆپ دڵۆپ وا تاریکیان لێدەتکێ
شەوە....
شەوەو تاریکە ئاسمان
زەوی هەر بۆنی گۆڕخانەی لێدێ
شەوە و بەڵام من دڵنیام
پێشتر لە لووتکەی کێوەکان
ئالێرەدا هەتاو هەڵدێ...
*****
شەوە..
شەوە و من و قەڵا ماوینەوە و ڕازی دڵمان
بیرەوەری هەزار رەنگی ڕابردوومان..
دیوارەکان..
تەختە رەشی دەرسەکانن
دەرسێک ژیان وهەستانەوە
دەرسێک بۆ فەوتان و نەمان...
ئێوارەیە..
بوولێڵ...
مژدەی مەرگی زەردەپەڕی پێیە
لەر دوورەوە
لە دامێنی باواجی دا
ئاگرێک کڵپە دەستێنێ
جار جار کز و
جار جار بە شەوق
دەڵێی سیلەی چاوی یارە
لە بن پەچەوە دەم دوێنێ...
بە ئارامی سەر هەڵدەبڕم..
ئەستێرەیەک
لە تاقی ئاسمانەوە
زیت زیت لە سیمام دەڕوانێ
دەبێتە چووزەرەی هیوا
روون روون



سەرچاوە
Serchawe

وەکوو کانی کوێستانی کوردستان
گەش گەش
وەک چاوی منداڵی شەهید
هێور هێور...
دەبێتە جەنگەڵی بەسام
دەبێتە باخچە و دارستان..
*****

ئێوارەیە
من و قەڵا ماوینەوە و
یادی پەپوولەکانی نادیار..
یادی هەزاران خەیاڵی کێوی،
سەدان سووڕ و سووڕانەوەی
چەرخی چەپگەردی ڕۆژگار...
هەرچی دەڵێن بڵێن خەڵکی
من دەتپەرەستم ئەی قەڵا..
ئێوارەیە و ماوێنەوە
من وجریوەی چۆلەکە،
ئاوازی پەرەسللێرکە و
ئیمانی خوشکە خەجیجە* و
دەرسی گەورەی
ڕەگ و گەڵا.....

ڕەوەند – ١١ - ٢ - ١٣٨١

* مەبەست خوشکە خەجیجەی مەعزووره

٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## پێشنیارێک بە خەباتکاران و چالاکانی سیاسیی و مەدەنی ناوخۆ و دەرەوە

**ئەگەر بەراستی باوەڕتان بەڕۆژهەلات و خەباتە ڕەواکەی هەیە وەرن لەم دەقیقەیەڕا ئەو خاڵانە ڕەچاو بکەین:**

١- ئالای کوردستان بە سیمبولی خۆمان بزانین و لەو زیاتر ئالاو لۆگۆی هیچ حیزبێک بەرزنەکەینەوە

٢- کومیتەی هاوکاری حیزبە کورستانیەکانی ڕۆژهەلات یان وەک خۆیان دەڵێن ئێران بە بنەماوەرگرین جگە لەوان و بەیانناموو هەڵویستی ئەوان نەبێ بەیننامەو هەڵویستی حیزبەکان زۆر بایەخی پێنەدرێ. ئەو کارە بەکردەوە وایان لێدەکا ئەوانیش گرینگی زیاتر بدەن بە کۆمیتە و هاوکاری کردن لەگەڵ یەکتری و لەئاکام دا مژدەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانیمان بە گوێ بگا.

٣- هەر بۆچوون و هەرت بابەتێکی فریودەرانە ودژ بەیەکگرتن و یەکگرتنەوەی هێزەسیاسیەکانی کوردستان شەرمەزار و ریسوابکرێ و بەگژ دووبەرەکی خوازان وفێڵبازان دا بچنەوە با خەلک و بە تایبەتی توێژی لاوان بە لارێدا نەبەن.

ڕۆژهەلات ئەمرۆ سەرەتا و دەسپێکی لاپەڕەیەکی دیکەی لە خەبات و بەرخۆدان کردەوە با هەموان هەوڵی پتەوکردنی ئەو یەکەمین هەنگاوە بدەین و کەس بۆلای خۆێ راینەکێشی و نەیکات بە گوێزپچکرینەی حیزبی، دڵنیا بین ئاسۆی ڕۆژهەلات لە هەموو کات ڕوونتر و تروسکەی هیوای داگیرکەران لە هەمووکات تاریکتر و ڕەشتر دەبێ.

بژی خەباتی شار و ساخ و بژی یەکێتی وبرایەتی هێزەسیاسیەکانی کوردستان

بەرەو بەرەیەکی دێمۆکراتیکی گەلی کوردستان هەنگاوەکانمان بە پێشنیاری کردەیی چڕتر کەینەوە.

تێبینی : ئەوە سەرەتا و دەسپێکی پێشنیاری منە بۆ چارەسەری کێشەکان و هەرکەس ئازادە و دەتوانی چی پێخۆشە لیی زیاد بکات.

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## حیزبەکانی ڕۆژهەلات کەرکووک ئازاد بکەن

وادیارە ئاخری حیزبەکانی ڕۆژهەالات دەبێ کەرکووک کە ئیدی ئێستا بۆتە پایگای ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران بۆ کوتانی دێمۆکراتەکان ئازاد بکەن، ئاخر بە هەموو لێکدانەوە و هەووالّ و دەنگوباسەکان هەرچی لە دژی دێمۆکراتەکان کراوە و دەکرێ لە کەرکووک وبەشێکی دیکەی باشوور ڕا دەکرێ را دەکرێ.

جا کاتی خۆی کەدەمانکوت چارەنووسی باشوور و ڕۆژهەلات یەکەو دژی بەرژەوەدیەکانی ئێران و سیاسەتەکانی ئێران لەباشوور هەلوێستمان دەگرت هەندێ کەسی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ بەستراوە بە گرووپی خەیانەتکاری ١٦ی ئوکتوبر وریژیمی فاشیزمی مەسەبیش بە بیانووی دلسۆزی بۆ ڕۆژهەلات بەهانەیان دێناوە دەیان کوت ئەوە ڕۆژهەلاتتەوەری نیە و باله بیری خۆمان دابین... ئایا ئێستا راستی بۆچونەکانی ئێمەتان بۆ ڕوون بۆتەوە؟

بەلّێ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران هەموو قورسایی خۆی بۆیە هاویشتبووە سەر باشوور ئەو پیلانەی بەدەستەوە بوو و دلّنیاش بن جارێ ئەوەی دیتمان سەرەتای بووە. ئێمەش کە دژایەتی بەرژەوەندیەکانی ئێرانمان دەکرد لە باشوور بۆیە بوو ئەم ڕۆژەمان لەبەرچاو بوو، کەسانێکیش بە پێی ئەو بەرژەوەندەییە مادییەی دەگەلّ خائینانی ١٦ی ئۆکتۆبریان هەبوو بە گژمان دادەهاتنەوە و خەلّکیان بە بیانووی ڕۆژهەلاتتەوەری لێ فریودەداین ودەداوی سیاسەتەکانی ئێرانیان دەخستن ئێستا وردە وردە بۆ هەموو لایەکی ڕۆژهەلاتی و نەتەوەیی ڕوون بۆتەوە کە بەرژەوەندی ئێران لە کوێ بی دەبێ تۆ دژی بی. هەروەک ئەویش بەرژەوەندی کورد لە کوێ بێ دژییەتی.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# تکایەکی برایانە

دوای ڕوودانــی کارەســاتی مووشــەکبارانی قەلآی کــۆیەو دوای ئەو غەدر و ســتەمە بێئەنــدازەیەی لە بــزووتنەوەی کــورد و بەتایبەتی ڕێبەری حدک کرا، هەموو ئینسانێک ئاڵوگۆڕی بەسەر دادێ، مرۆڤ بەرد ودار نیە، ئینسانی مەسئوول بەرامبەر بە ویژدان و بە خۆی و بە گەلەکەی خەمێک لەخۆی و لە وەزعە دەخوات کە ئیتر هەموو بەدەستییەوە ئەشکەنجەی ڕووحی دەبینین. کەوایە هیچ مرۆڤێکی بە ویژدان بە دڵنیاییەوە وەک جاران و وەک پێشوو بیر ناکاتەوە.

ئەوەنــدەی من ئاگــادار بــم ڕێبەرایەتــی حــدکا ئــاڵوگۆڕی جیــددی بە ســەر بیروبۆچوونەکــانی خۆیــدا هێنــاوە ڕەنگە ئیــدی دەستەوشــەی هاوڕێیــانی پێشــوو بەکــار نەهێــنن، ئەوان لە دەستەوشــەی "حیزبــی دیمــۆکرات" لەو مــاوەیەدا زیــاتر کەڵکیــان وەرگرتووە و زیاتر کەڵک وەردەگرن، تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم بە نامەی ڕەسمی ئاگاداری هەموو کومیتەکــانی دەرەوەی وڵات کراوە کە کومیتەکانی حدکا بۆ بەڕیوەچوونی هەموو مەراسیمێک وهاوکارییەک دەگەڵ حدک دەســتیان ئــاوالەیە و تکــایە لە دانانی وێنەو پۆستی کێشە خوڵقێن لە تۆڕەکۆمەلایەتیەکان خۆیان بپارێزن.

ئەگەر هەمووی ئەو باسەی من ڕاست نەبێ دڵنیاتان دەکەم ٧٥ لەسەدی ڕاستە، بۆیە داواتــان لێدەکەم دان بە خۆتــان داگرن و دووبارە کێشەی حیزبی دروست مەکەن، ناز و گلەییەکان جارێ ڕاگرن با بزانین یەک دووهەفتەی داهاتوو چ ڕوودەدات.

با هەموو گوشارەکان بۆ ئەوە بێ ئەو کومیتە هاوکارییە ی هەیە لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەلات، پتەوتر و چالاکتر بکرێ و ئەوان دەنگی گەلی ڕۆژهەلات بن.

بژی برایەتی و یەکدەنگی هێز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان

١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# پرسیارێک لە دێمۆکراتەکان و هانا و هاوارێک

گەلی خوشکو و برایان، هاوڕێیان و دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێمۆکڕات، ئەورۆ هەر کەمێک پێش ئێستا و دوایین کەس و بۆ چەندەمین جار لە لایەن لاوانی بەهستی نیشتمان، دیمۆکراتەکان، ئەندامان ولایەنگرانی بە ئەمەگی حیزب هەڵپێچرام، بە پرسیاران گێژیان کردم، هەندێکیان وازیان نەدەهێنا و ببون بە ویژدانی زیندوو و دڵسۆزی گەل وحیزب، زۆر جاران لەو دوورۆژەدا وەهایان هەڵپێچاوم خۆم شەرمم لە خۆم کردۆتەوە، گەنجی وا زەنگی بۆلێداوم وبە حەماسەتەوە قسەی کردووە کە دڵنیام تەمەنی هێشتا نەبووە بە ١٨ ساڵ، دایک و خوشکی وا بەهەنیسکی گریانەوە زەنگی بۆلێداوم کە شیرمم لە خۆم کردووە، دەگەڵی گریاوم! هەمووی ئەو خەڵکە بە ئێمە دەڵێین ئێوە دەستتان لەسەر دەست داناوە بۆیە ئەو دێمۆکراتە یەک ناگرێتەوە؟ کە پێیان دەڵێم چەنەمان لە ڕێسمە چووە هێندەی داوایان لێبکەین ئەوان شێلگیرتر دەبن لەسەر داواکەیان و دەڵێین ئێوە خەتابارن دەنا سەرکردە خۆ کەڵەگا نیە وبەقسەی خەڵک وبە قسەی ئیوە نەکا کە هەمووتان دێمۆکراتن!

گەلۆ منیش لێرەوە هانا بۆ ئێوە دێنم، تکام لێتانە ئەی خەمخۆران و ئەی دڵسسۆزانی دێمۆکرات، تاکەی دەبێ ئەو وەزعە درێژەی هەبێ، ئاخر هەر دۆێنێ کاک حەمەنەزیف دەیگوت ئێمە هیچ کێشەیەکمان نیەو هیچ جیاوازیەک لە هەڵوێستەکانمان دا نیە وچی وچی دەی کەوایە بۆ یەک ناگرنەوە.؟ باشە ئێوە ڕاتان چیە و دەبێ ئەو خەڵکە چی بکا و مەمانان چۆن دەنگی خۆمان و هی ئەو خەڵکە بە گوێی ئەو سەرکردە و ڕێبەڕانە بگەیەنین. خەڵک وەڕەز بووە، بێزار بووە، خوشکان وبرایان باوەڕ بکەن چەقۆیان گەیشتۆتە سەر ئیسقان، دەی هەموو وێکرا هیمەتێک بەڵکوو لانی کەم دوای کارەساتی قەلا ئەو ڕێبەرو سەرکردانە وشیار ببنەوە دەست لە خۆمە و خۆمە هەڵگرن و بیرێک لەو خەڵکە دڵ بەخەمە بکەنەوە، ئاخر مەگەر هەموو ناڵێن حیزب هی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانە ؟ دەی ئەوە داوای زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانە، داوای زیاتر لە ٩٠ لەسەدی خەڵکی دێمۆکرات خۆشەویستە ئەی تابەکەی قسە و داوایان وەپشت گوێ دەدەن؟

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەسووڵ نادری ماڵئاوا

ڕەسووڵ نادری ئەو ناوە ئاشنایەی کە ناخی کانگای فەهەنگ و ئەدەبی کوردی بوو، لە خزمەت بە دایکی ئەدەبیات واتە فلۆلکلۆری کوردیدا یەکێک لە تاقانەکان بوو. ئەو یەکێک لەو پێشمەرگانەی بواری ئەدەب بوو کەبەیت وباوی کوردی، حەیران، قسەی خۆش و قسەی نەستەقی بە گیان و دڵ پاراست وبۆ نەسلی دوای خۆی بەجێ هێشت.

نەسلی بەیت بێژان و حەیران بێژانی رەسووی نادری ئەو نەسلە بوون کە بە پاراستنی بەیت وحەیرانی کوردی و لە ڕاستیدا گەنجینەیەک بەناوی فۆلکلۆری کوردی توانیان کارتێکەری ئەوەیان هەبێ کە زمانی کوردی بە پوخت وپاراوی بێڵنەوە وبیپارێزن ئەویش لە زەمەنێکدا کە ڕەنگە زمان و کولتوری کورد وک سێبەرێکی دەمەو ئێوارە هەردەم لە تەنکێی دەدا.

رەسووی نادری جگە لە خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی لە گێرانەوەی نەقڵ و نەزیلەدا وەستا بوو، هەرچێ دەیگێڕایەوە وەک شانۆکارێکی کارامە و چازان بە حەڕەکات و بزووتنی دەست و چاو و شان وەهای لەو نەقڵە دەکرد کورد گوتەنی روحی وەبەر دێنا، نەقڵ و نەزیلەکانی مامۆستا ڕەسوڵ نادری نایابن و ئەگەر بکرێنە کتێب رۆژێک دێ هەموو منداڵانی ئێمە چێژیان لێوەردەگرن و لەهەمان کات زمانی کوردیان لێ فێر دەبن، من لەوە دڵنیام ئەگەر نەقڵەکانی کاک ڕەسووک بکرێتە کتێب یەکێک لە پرفرۆشترین کتێبەکان دەبێ و دەکرێ لەو ڕێگایەشەوە خەڵکی ئێمە فێرە کوردی خوێندنەوە وهۆگری کوردی خوێندنەوە بێ ، نەقڵەکانی کاک رەسوو بە دڵنیاییەوە لە ناو هەموو چین وتوێژەکاندا بەرەوی دەبێ بەتایبەتی توێژی لاوان.

مام رەسوو دەنگ خۆش بوو، بەزمی شایی و داوەتی رەسووی نادری جەمەی دەهات لە خەلکی، من زۆر جاران بیستوومە کە ئەو کەسانەی بانگ هێشتی داوەت و شایی خزم وکەسان دەکران دەیان پرسی کێ داوەتەکە دەگێڕێ ، کە دەیانگوت رەسوڵ نادری، ئیتر خەڵک بە لێشاو ڕوویان تێدەکرد. بەڵێ ڕەسووی نادری لە خەماویترین کاتەکانی کورد دا گەشی و خۆشی دەبەخشییەوە بە ناو خەڵکی خێرلەخۆ نەدیوی کورد دا.

مام ڕەسووڵ پێشمەرگە خۆشەویست بوو، ئەو نەیدەشاردەوە کە پێشمەرگە و دێمۆکراتی خۆش دەوێ. کاتێ لە هەڕەتی دەسەلاتتداری ڕێژیمدا سەردانی باشووری کوردستانی کردبوو، بەرامبەر یەک داوای حیزب بۆ گێڕانی ئاهەنگێک لە قەلای دێمۆکرا دا بێ سڵکردنەوە قەبووڵی کردبوو و ئاهەنگی بۆ پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب گێڕابوو.



سەرچاوە
Serchawe

لێرەوە بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو ئیسنانە کوردپەروەرە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی دەکەم لە خزم و کەسی کاک ڕەسووڵ نادری و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

ڕەوانت شاد مامۆستا ڕەسووڵ نادری.

١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئەگەری دوووبارە هێرشکردنە سەر قەڵا زۆرە

ئێستا کە وردە وردە برینەکان قەتماخە دەبەستن و هێرشی وەحشیانە و تروریستیانەی ڕژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران بۆ سەر قەڵای دێموکرات و خەسارەتی زۆر گەورە بەتایبەتی لەحیزبی دێموکراتی کوردستان خەریکر کن دەبێ و دەبضێ بە ئەمری واقع ئیتر دەبێ دوای کار و چالاکی و نووسین و دەربڕینی هیوابەخش لە ئەندامان و لایەنگران و پشتیوانی و بە دەنگەوە هاتنی هەموو چین و توێژەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەتایبەتی هیز و ڕیکخراوە کوردستانیەکانی ڕۆژ هەلات لە حدک ئەوجار و ئەگەرچی هێشتا چالاکی دژی فاشیزمی مەسەبی هەر وا بەردەوامە بەڵام کاتی ئەوە هاتووە بەڕاستی بیرێک لە خۆمان وەک کورد و هێزە سیایسەکان بە تایبەتی دێموکڕات بکەینەوە.

لەبیرتانە کە موجاهیدنیان بە هاوکاری حکومەتی بەغدا هەر بە پێخۆر قڕکردن و ناچار ئەوانیش ئەوەی ما لەو وڵاتە باریان کرد. لەبیرتانە ئەوان هەندێ لەدەوڵەتەکان لەسەریان وەدەنگ دەهاتن، پشتیوانیان زۆر بوو، دیسان ئێران گوێی بەکس نەدا و هەرچی پێی خۆش بوو کردی، ئاخر مەمانان ئاگامان لە سەودا و مامەڵە ژێربەژێرەکان نیە و لەخەیاڵی خۆشماندا شرۆڤەی سادە بۆ ڕووداوەکان دەکەین، جا کورد و دێمۆکلراتیش کە ئیتر بێکەسترینن دەبێ چۆنیان مامەڵە دەگاڵ بکرێ.

ئێستا من گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە کە مووشەک بارانی کۆیە تەنیا سەرەتای هێرشێکی بەربڵاوە بۆ سەر دێمۆکڕاتەکان، واتە ڕێژیم چرای سەوزی پێدراوە و وا بەهاسانی دەست لە کۆڵ کەمپەکانی دێمۆکڕات (جارێ دێمۆکڕات) ناکاتەوە.

هەر بۆیە هیوادارم ڕەچاوی هەموو بارێکی ئەمنیەتی و ئاسایشی خۆتان بکەن و تکایە هەندێ واقعبینتریش بڕواننە دۆستە کۆنەکانتان لە باشوور، بەسە قۆنتراتتان دەگەڵ کەس نەبەستووە هەر بۆیان داپۆشن، چ مەڵێن بەڵام لە باوەڕکردن پێیان هەندێ کەم کەنەوە، یەک کەمە ، دوو کەمە سێ خاترجەمە، دەی خۆ ئەو کەتنانە لە سێش تێپەڕیوە. ئاگاتان لە خۆتان بێ و سەودا و مامەڵە پشتی پەردەکانتان لە بیر نەچێ.

١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## کورد دەڵێ بە بووکیان بردن

ئەگەر عەرەبی ئەهواز لە کورد خەراپتر هیچ دەرەتانێکی هەبا بۆ دەنگ هەڵبڕین و ناڕەزایەتی بەو هەموو زوڵم و ستەمە کە لێی دەکرێ بە دڵنیاییەوە دەستی بۆ چەک نەدەبرد، بەڵام ک دەستی بۆچەک برد کورد گوتەنی ئەرتەش و سپا و سەردار و بنداری بە بووک برد! هەر دەهۆڵ و زوڕنا و دوودەک و باڵەبانە بێ قەدر و بێناز لە گوڕێ فڕێدراوە.

لێرەوە با ئەوەش زیاد بکەم کە ئەوانەی کەدەیان بینن وا وەک ڕێوی خۆیان مەلاس داوە هەمان شێرەکولەکانی جارانن، شێڕن لە ستەم و بێعەداڵەتی بەسەر خەڵکی بێدەرەتاندا، شێرن لە کاتی دەستەوەستانی خەڵکێک و بێهێز و لاوازی گەل و کۆمەڵێک، دەنا ئەوە ماهیەت و ناوەرۆکی ئەو دەسەلات و مووچەخۆر و پۆلاخۆرەکانی فاشیزمی مەسەبییە، کە لێت دا ئیتر شێربوونی لەبیر نامێنێ و کونە مشکی لێدەبێ بە قەیسەری!

کۆتا قسەم، دیارە کە ڕێژیم ئەوهێرشەش دەکات بە بەهانەیەک بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵکی عەرەبی ئەهواز بەلام چ ئەو زەبر لێدانە هەبا و چ نەبا هەر وەک خۆی بوو چەندین سالڵ ڕێژیم ئەو خەڵکە دەگرێ و شکەنجەی دەدا و دەیکوژێ. لەوەش دڵنیام ڕێژیم وردە وردە وەک کەری ناو زەل هەر زیاتر لەو زەلکاوە ڕۆدەچی کە خۆی ساز و ئامادەی کردوووە مەگەر خاوەنەکەی کلک و گوێی بگری و بیهێنییە دەر کە هەموو دەبینین وای لە خۆی کردووە کەس ئامادە نییە ببێتە خاوەنی هەر بۆیە پێموایە تازە لەو لە قوڕچەقیقە قوتاربوونی نابێ.

۲۲ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۸

## تاکە حیزبێک لە باشوور مابێ پارتی دیمۆکراتی کوردستانە

لەسەروبندی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان ئەو بیسەرەوبەرییەی بە کوری باشوورەوە دیارە لە هیچ کوێی دنیا دا نەبینراوە، گۆڕان لە بنەڕتڕا هەڵتەکاوە و خەریکە بەسەریەکدا دەتەپێ، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو سیاسەت هەڵە و گێرەشیوێنانەی سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە بوو لە لەجیاتی وەک بزووتنەوەیەکی مەدەنی هەڵسووکەوتیان کردبایە هەر لەسەرەتاوە بە شارلاتانیزمی سیاسیی و جنێودان و سووکایەتی کردن بە پارتی و ماڵە بارزانی و یەکێتی ومام جەلال دەستی پێکرد و تا زەمانی فەوتی نەوشیرەوانیش هەر وا بەخەستی دژایەتی بە تایبەتی دژی پارتی درێژەی هەبوو، لەبیرمە دوای کۆچی دوایی نەوشیرەوان یەکێک لە کاناڵەکانی تەلەویزیۆنی وابزانم ڕوداو وتووێژێکی دەگەڵ دوکتور شۆڕش حاجی کرد کە بەرێزیان ئەوە یەکێک لە قسە بەرجەستەکانی بوو" بەهەمان ینەفەسی نەوشیرەوان سیاسەت دەکەین" ئەوە یانی هەر وەک پێشوو ماڵە بارزانی و پارتی بە دوژمنی خۆمان دەزانین، ئیتر هەر خۆم دەزانم چەندم حەسرەت و داخ بەو لێدوانەوە خوارد و چەندم پەرۆشی ئەو کوردە هەناسە ساردە بوو کە پشتی بەکێ سپاردووە تا بیگەیەنێتە کەنارەکانی ئازادی و ئارامی ژیان!

یەکێتی کە تا کاتی جوێ بوونەوەی گۆڕان دەگەڵ پارتی هاوپەیمان بوون بە چاولێکەری لە گۆڕان کە لەسەر بنەمای جنێودانەکان بە پارتی وبە یەکێت ٢٢ کورسی پارلەمانی هێنابۆوە ئەویش کەوتە بیری ئەوەی کە بەڵی تاکە هۆکار بۆ ئەوەی خەڵک لە دەڤەری سەوز وێیان هەڵگەڕێ دژایەتی ودوژمنایەتی ماڵە بارزانییە دەستی کردەوە بە هەمان سیاسەتی چەندین ساڵی پێشوویان و ئەو دژایەتیە هێدی هێدی هات تا گەیشتە ڕیفراندوم، گۆران ویەکێتی پێکەوە پلاتفۆرمێکی هاوکاریان ئیمزا کرد کە من دڵنیام بنەماکەی دژایەتی ماڵە بارزانی و پارتی بوو. بەرەبەرە لە ڕۆژی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی نزیک دەبووینەوە، هەر دەهات و خەڵک زیاتر لەدەوری دروشمی سەربەخۆیی خوازی کە ئیدی ببوە تاکە سواری ئەو مەیدانە کۆدەبوونەوە، مەسعوود بارزانی نامەیەکی بۆ پارلەمان نووسی و فەرمانی خستنە دەنگدانی گشتپرسی دەرکرد، پێش ئەمە پارتی دەنگی هەندێ ئەندام پارلەمانی یەکگرتووی بۆبەڵێ بە گشتپرسی دەسدتەبەر کردبوو، ئیتر پارکلەمان بڕیاڕی گشتپرسی پەسند کرد ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە سەرکردایەتی یەکێتی بڕیارێ بەشداری پارکلەمانی دا و گۆڕان وکۆمەڵەی عەلی باپیریش بایکۆتیان کرد، بەلام ئەندام پارلەمانەکانی یەکێتی بەشێکی بەرچاویان دەنگیان بە دژی بڕیاڕی ڕیفراندۆم دا لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاڕی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا و ئیتر سیاسەت لە باشوور بە بارێکی دیکە دا کەوت.

خەڵک تا ئەو کاتە کەە ئەو هەمووە درۆ دەلەسەیان لەحیزبەکانی سلێمانی دەرهەق بە پارتی دیت کە هەموو وەک دەزاری یەک تفیبن وابوو و دەیان کوت کە پارتی دەگەڵ سەربەخۆیی نیەو درۆ دەکات و ئەوە ڕیکلامی حیزبییە و... سەت بەند وباوی دیکەیان بۆ وەدەرکەوت، پارتی لێبڕاوانە بە هاوکاری چەند ئەندامێکی کوردپەروەری یەکێتی وەک کۆسرەت ڕەسووڵ و دوکتور نەجمەدین کەریم ولە یەکگرتووی ئیسلامیش ڕیبوار تاڵەبانی و پشتگیری حیزبی شیوعی کوردستان وهاوئاهەنگی تەواوی حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی کوردستان و حەمەی حاجی مەحموود پرۆسەی ڕیفراندۆمنی بەسەرکەوتنەوە بەئەنجام گەیاند ئەگەرچێ یەکیتی و گۆڕان وکۆمەڵ و تاڕادیەک بزووتنەوی ئیسلامیش هەرچی بۆیان کرا دژایەتی ریفراندۆمیان کرد بەڵام ڕێفراندۆم بە پێچەوانەی ئیدیعای ئەوان بوو بە ڕاستی و سەریش کەوت، ئیتر هەر بابا بوو لە لەکاتی ڕاپرسی و ڕۆژکی دەنگدان دا لەحیزبەکانی نەیار و دژبەری ڕێفراندۆم قامکی شینی هەڵدێنا و دەیگوت تەماشا کەن ئەوەتا منیش دەنگم بۆ سەربەخۆییە!

بڕیاری گەل و ڕێفراندۆم لە ١٦ی ئۆکتۆبر خەیانەتی پێکرا و ئەو خەیانەتەش بۆیە بنەماڵەی تاڵەبانی و شێخ جەنگی بە شێوەیەکی هاوبەش کردیان چۆن پێیان وابوو سەرکەوتنتی ڕێفراندۆم سەرکەوتنی بارزانیە بۆ ئەوەی دەسکەوتەکە نەچیتە گیرفانی پارتی وبارزانیەوە ئەو شەرمەزاریە و خەیانەتەیان کرد کوە هەموو دیتمان، بەڵێ لە ١٦ی ئۆکتۆبر دا، هێرۆ و لاهوور و پاڤێل و ئالا تاڵەبانی و بەشێکی بەرچاو لە سەرکردایەتی و فەرماندە سەربازیەکانی یەکێتی خەیانەتیان لە گەلونیشتمانی خۆیان کرد و خەونی سەربەخۆییان لەبار برد و بوون بە چاوساخی داگیرکەر و حەشدی شەعبیان پەلکێشی ناو کەرکووکی دڵی کوردستان کرد و جارێکی دیکەش پەڵەیەکی ڕەش و نەنگی ئەبەدیان بۆ خۆیان وبۆ مێژووی خۆیان تۆمار کرد.

دوای ئەو کارەساتە یەکیتی کێشەی گەورەتری تێکەوت، بەهەر حاڵ بەشێک دەگەڵ ئەو خەیانەتە نەبوون وەک کۆسرەت و مەلابەختیار و دوکتور نەجمەدین کەریم و.... تا وای لێهات بێسەرەوبەرەیی زیاتر ڕیزەکانی یەکێتی گرتەوە و لەولاش ئەگەرچی گۆران و کۆمەڵ و NRT یەکەی شاسوار کە تا ئەوکاتە بەرەی نوێ لەدایک نەبووبوو کەوتنە پاشقول گرتن لە لەپارتی وبۆ یەک جاریش کردەوەی خائینانەی بەشێک لەسەرکردایەتی یەکێتیان مەحکووم نەکرد و تەنیا بۆ کوتانی پارتی دەیانکوت کە ئەوە ریفراندۆمە بۆتە هۆکاری ئەوەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە لەدەست بدرێن، هەر ئەمانە لەپەناشەوە یەکێتیان دەشێلا و بە جار جارە بە دزییەوە بە خەیانەتکار تاوانباریان دەکرد.

بێسەرەوبەرەیی و سەرلێشێواویی حیزبەکانی دەڤەری سلێمانی وای لێهات بەرەبەرە خەڵک سیمای ئەوانەی بۆ دەرکەوت و لە هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراقدا گەل سزای دان و پێدەچی لەم هەڵبژاردنەی ئەم جارەش دا بۆ پارلەمانی کوردستان ئەو حیزب و میزبانە کە زیاتر لە سوپەر مارکێت دەچن تا حیزب جارێکی دیکە بەرسزای گەل بکەون.

ئێستا بە ڕوونی دیارە کە بە دوای وێرانبوونی گۆڕان یەکێتیش خەریکە لەبنەڕەتڕا هەڵدەتەکێ و هەر ئێستا لەسەر گەرانەوەی "دکتور کردارشەرتە" کێشە و گرفتێکی لەڕادەبەدەر لە ناو یەکێتی دا دروست بووە، ئەگەر تا ئێستا بنەماڵەی تاڵەبانی و شیخ جەنگی دەستیان دابووە دەستی یەک بۆ قەبزەکردن و دەست بەسەرداگرتنی یەکێتی ئەوا ئێستا وەها دەبەریەک ڕاچوون کەسیان ڕەحم بەوی دیکە ناکا.

بە ئاوڕدانەویەکەی کورد بەو مێژووە نەهێندە دوورە کورد لە باشوور تاکە یەک ڕێگای لەبەرە ئەویش ئەمەیە کە بە هەموو توانایەوە پالپشتی سیاسەت وبۆچوونەکانی پارتی و بارزانی بێ و لەمە بترازێ ئایندەی ئەو گەلە لە باشوور تارریک ولێڵە و ڕۆژی ساردتری بەدوادا دێ. ئەگەر دوور لە دروشم و قسەی بێبنەمای ڕۆشنبیرە فۆرمۆلیێکانی دەڤەری سلێمانی بیرێکی واقعبینانە بکەنەوە لانی کەم کورد لەو قۆناخەی ئێستا دا پێویستی بە کاریزمایەکی وەک بارزانی هەیە کە بتوانێ دەنگی کورد لە بەرامبەر ناوەند ولە بەغدای پایتەختی عێراق دا یەکبخا و هەر ئەویش بەراستی دەتوانێ ئەو وەزعە قەیراناوییە و ئەو کەشتیە شەق وشڕەی باشوور بگەیەنێتە کەنارەکانی ئارامی. برایانی باشوور بە تایبەتی دەڤەری سەوزی ژێردەسەلاتی مافیاکانی لاهوور و پاڤێلوو ڤین لەدڵەکانی گۆڕان وبەکرێگیراوانی کۆمەڵ عەلی باپیر دوای دەیان ساڵ تەجرەبەی دوژمانیەتی کردن دەگەڵ پارتی و دوای ئەو هەمووە سووکایەتیە و ئەو هەمووە بێڕێزیە بە بنەماڵەی بارزانی بە پارتی کرا دەبێ هەڵسەنگاندنێک بۆ دۆخەکە بکەن و بزانن دەسکەوتیان لەو دوژمنایەتیە چی بووە؟ ئەگەر دەسکەوتیان هەبووە پیرۆزە با درێژەی بدەن، ئەگەر ناو ئەو سیاسەت جگە لە وێران کردنی بنەما ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و بە دوژمنکردنی کوردی باشوور شتێکی دیکەی لێ شین نەبووە کە وایە دەبێ هەر ئێستا و بێ سێ و دوو واز لەو حیزبانە بێنن کە وەک بووکەڵەی چینی بە قورمیشی ئێران کاردەکەن و هەر بەسیاسەتی ئێرانیش ماڵە کوردی باشووریان وا کاول و وێران کردووە.

کوردی باشوور لەبەر دەم چارەنووسێکی گرتینگی مێژووییدایە تا بارزانی هەیە کەڵکی لێوەرگرن و ئارەزوو و ئامانجەکانی خۆتانتان لەو بوێ، کێ دەڵێ سبەی ئەو نەما پارتی لە یەکیتی خەراپتری بەسەر نایە، هەر بۆیە برایانی باشوور لەو هەڵبژاردنەدا بەڕاستی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن و بێتوو ئەوجار هەڵەکانی پێشوو دووبارە بکاتەوە زەبری زۆر قورس و گرانتریان وێدەکەوێ.

٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

# ڕۆژی سەرخستنی ڕێفراندۆم پیرۆز بێ کوردستانم

٢٥ - ٩ ڕۆژی ڕیفراندۆم و گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و سەرکەوتنی ئەرو ڕاپرسیە لە هەموو ئەو کەسانە پیرۆز بێ کە بە دڵ بۆ سەرخستنی ڕێفراندۆم کاریان کرد، دڵیان پێی خۆش بوو، چاوی هیوایان بڕیبووە ئاکامەکانی، جا ئەو کەسانە لە هەر کوێیەکی ئەم کوردستان وجیهانە بن، لە باشوور، لە باکوور، لە ڕۆژهەڵات، لە ڕۆژئاوا، لە هەندەرانی بەهەشتی پەنابەران، لە گووندە دوورە دەستەکان، لە شەقامی پر لەهەرا و زەنای کوردستان، لە سەیرانەگەکان، لە بەندکراوانی قوژبنی تاریکی زیندانەکان و زیندانیانیانی دڵ پڕ لە هیوا، لە چالاکانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی، لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان.

پیرۆز بێ ئەو شانازیە گەورەیەی کورد لە ئێوە دۆستان وهاوڕێیانی دوورەوڵاتم، لە ئێوە هاوڕێیان و دۆستانی ئازیزی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، چالاکانی سیاسیی و مەدەنی، پیرۆزە و شانازی بە خۆتان بکەن کە لە دوای کۆماری کوردستان کورد گەورەترین دەسکەوتی نەتەوەیی لە مێژوودا تۆمار کرد، شانازی بە خۆتان بکەن کە ڕێفراندۆم بووە هۆکاری ئەوەی کە بە دڵ کورد لە هەرچوار پارچە سنوورەکان ببەزێنێ و گوێ نەداتە ڕێکلامی دوژمن خۆشکەری... باشوور بە من چی!!! و لە هەر چوار بەشی داگیرکراوی نیشتمان، دڵ و گیانیان دەگەڵ ڕێفراندۆم و ریفراندۆچیەکان بوون.

لە ساڵرۆژی دەسکەوتە مێژوویەکەی کوردان ٢٥ - ٩ و سەرخستنی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم سەربەخۆیی خوازانی کورد.

٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## گلەییەک لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

لە مێژە لەسەر حدکا و هەڵسووکەوتەکانی هیچم نەنووسیوە، بەگژ نووسینە چەواشکارانە و دووبەرەکی خوازانەی هەندێ لەئەندامەکانیشیان دا نەچوومەوە بەڵام ئەورۆ لە ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی بەشی ئەمنیەتی حدکا ئیتر خۆم پێڕا نەگیرا و لەوی نووسیم و لەوێ وڵامی ئەو کەسەم دایەوە کە ئەو لێدوانە کرچ و کاڵە و کێشە خوڵقێنەی دابوو. خۆ پێشتریش شەریف هەژاری، هەژار لەفکر وبیرکردنەوەدا هەمان فەرمایشتی فەرمووبوو ئیتر دەبوو بەس بووبا و کۆتایی بەو شرۆڤەکاریە هاتبا بە تایبەتی لە هەلوومەرجێکدا کە کەمپەینی ٢١ی خەرمانان دەستی بە کارەکانی کردووە وهەوڵی لێکنزیکبوونەوە و لە ئاکامدا یەکگرتنەوەی دوو دێمۆکڕات ئامانجێتی.

لێرە ئەندام ولایەنگرانی حدکا کەیفی خۆیانە چۆن بۆ ئەو بابەتە دەچن بەڵام هەر چەند ڕۆژ لەمەوبەر گلەییەکی هاوچەشنم لە حدک کرد و داوام لێکردن پێش بەهەندێ ئەندامی خۆیان بگرن کە لە ئاستی بەرپرسایەسەتی و دەرک کردن بە هەلوومەرجی هەنووکەیی دا نین.

بۆیە ئەمجار رووی قسەم لە سەرکردایەتی حدکایە و داوایان لێدەکەم کاتێ بەیاننامەی تەشکیلاتی دەردەکەن و داوا لە ئەندامەکانیان دەکەن کە خۆیان بەدوور بگرن لە شەڕە قسە وئاڵۆزکردنی نێوان دوو دێمۆکرات لەسەر داواکەشیان جیددی بن و ئەوانەی کە بە گوێی سەرکردایەتی ورێنوێنییە تەشکیلاتیەکان ناکەن لانی کەمی سزایان بۆ دیاری بکرێ، ئەمە دوو قازانجی هەیە یەکەم پێش بەو هەڵێش پەلێشە دەگیرێ کە جگە لە دووبەرەکی نانەوە هیچ قازانجی دیکەی نیە و دووهەم با خەلک باوەڕ بە بەیاننامەکانتان بکەن و ئاستی پرستیژی تەشکیلاتیشتان نەیەتە خوار و متمانە لای خەڵک لە دەست نەدەن.

وێڕای ڕێز و ئیحتڕام.

٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## خواستی یەکگرتنەوە و کردەوەی کەمپینەکان

یەکگرتنەوە لە یەک حیزب یان یەکگرتن لە بەرەیەکدا هەم ئارەزووی کۆمەلانی خەلکی کوردستانە هەمیش بە پێی هەموو لێکدانەوە و هەلسەنگاندێک ئەرکی نیشتمانپەروەرانەیە لە سەر شانی تاک بە تاکی ئێمەی خوازیاری کوردستانێکی ئازاد لەسەرەوەی هەمووشیانەوە ئەرکی سەرشانی ئەندامان ولایەنگرانی حیزبە کوردستانیەکانە، خۆ ئەگەر ڕێبەری حیزبەکان هەستیان بەو بەرپرسیارەتیە کردبا و ئەو هەلوومەرجەیان دەرک کردبا پێوستی بە کەمپەین و شتی وا نەدەکرد.

ئێستا ئەگەر ویژدان بکەینە قازی و ئاوڕێک لەو حیزبانە بدەینەوە دەبینین هەموویان یەک شێواز لە حیزبایەتی دەورەی داون ولەو جەغز و دەورە هەرگیز نەیانتوانیوە خۆیان قوتار بکەن. ئەویش ئەمەیە کە حیزبەکانی بەرامبەریان هیچ نین، خەراپن، خائینن....! ئیدی کەس ناپرسێ دەی کاکی برا خوشکی هێژام ئەتۆ هەوبەو کاری خۆت بکەو بەس لەسەر حیسابی مەرگی بەرامبەرت خەیاڵپلاوی ژینی خۆت هەلچنە. بەس ئاوری دووبەرەکی بگەشێنەوە جاوێک لە خواستی گەل و خەلکی بەشمەینەتی کورتد بکە و هەنگاوێکی بەکردەوەی دلسۆزانەیان بۆ هەلێنەوە.

ئیتر ئەوە دەبینین نزیک ٤٠ سالە ڕێژێیکی فاشیستی درندەی وەحشی وەک دۆلپا لینگی بەسەر ملی ئەو خەلک دا هێناوە و لە پەرتو پەرەوازەیی هێزە سیاسیەکان کەلکی وەرگرتووە رۆژ بەرۆژ خەریکی پەلوپۆ هاویشتنە. هیچ حیزبێکیش هیچ هێزێکی سیسییش بە تایبەتی کوردستانیەکەی دەگەل یەکتر تەبا نیەو کەس خەتی کەسی نەخوێندۆتەوە، هەمووی هەر هەقی موتلەقن و بەرمبەرەکەیان پووچ و بێمانا!

هەر بۆیە کەمپەین هەمیشە و لە هەموو کات دا و تا ئەوە حالمان بێ کەدەبیینن واجبە، هەولێکی ئینسانی و کوردانە و نیشتمانپەروەرانەیە، جا تا کوێ بڕ دەکات چەندی دەسکەوت دەبێ و بەئامانج دەگا یان نا ئەوە ماوەتەوە بە یەک شت، ئەویش پاڵپشتی شیلگیرانەی خەلک و ئەندامان ولایەنگرانی حیزبەکان بێ ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی و دەمارگرژی حیزبی.

بەتەنیا و بەوهۆکارە هەر کەمپەینێک سەری هەلدابێ و بووبێ تا ئێرە وەک کەمپەینی ١ی بەفرانبار، کەمپەینی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان من وەک خۆم ئەوەندەی لەدەستم هاتووە پشتگیریم کردووە.

کەمپەینی ٢١ی خەرمانانیش بە هەمان شێوە کۆمەلی چالاکی سیاسیی - حیزبی و ڕەنگە سەربەخۆ لە دەوری یەک کۆبوونەوە

تەمایانە هەنگاوێک هەڵێننەوە بۆ ئەوەی هاوئاهەنگی زیاتر لە نێوان دێمۆکراتەکاندا پەیدا ببێ و لە ئاکام دا ئەو دووە لە حیزبێک دا یەکبگرنەوە.

سەرکەوتنی چەندایەتی وچۆنایەتی ئەو کەمپەینانە بە گشتی و کەمپەینە تازەکەی ۲۱ی خەرمانان پێوەندی بەوە هەیە کە ئێوەی ئەندامانی حیزب تا چەند لە ئاست ئەو پرسە نیشتمانیە کە دژایەتی ڕاستەخۆ وعاقلانە و بە کرداری فاشیزمی مەسەبی ئێرانیشە هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن، بە دڵنیاییەوە بێدەنگەی ئێوە و پشتیوانی نەکردنتان جگە لە شکست هیچی دیکە نەسیبی کەمپەین ناکا و جارێکی دیکەش هەناسە ساردی بەرۆکی بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان دەگرێ و شەهیدەکانیش لە ناو گۆڕ دا گۆڕەوشار دەدرێن. نابێ لەبیریش بکەین لە ئەگەری هەرچەشنە ڕووداوێکی کت وپڕ و هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا ئەوجار دەبێ زۆر بەجیددی نیگەرانی ئەوە بن کە لە نێوان ئەو حیزبە ناتەبا ودژبەیەکانەدا شەڕی خوێناوی هەڵگیرسێ و ئێوەش کە بە بێدەنگەکردنتان مەجال و دەرفەت دەدەن بە ڕیبەرایەتی تا ئەسپی هەوەسی خۆی تاوبدا لەو کارەساتە دا شەریک وبەشدار دەبن. جا ئەوە ئێوە ئەمەش کەمپەینێکی دیکە بە ناوی ۲۱ی خەرمانان لە پێناو یەکخستنی نێوماڵی کورد و یەکگرتوویی نێوان حیزبە کوردستانیەکان بە گشتی و دێمۆکراتەکان بە تایبەتی.

۲۹ی سێپتەمبەری ۲۰۱۸

# قسەیەک لەسەر هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان

## ڕۆشنبیری کورد و هەڵوێستی لە گۆترە

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنێک بەڕێوە چووە کە وەک هەموو هەڵبژاردنەکانی دنیا بە تایبەتی دنیای سێهەم باوەڕم وایە تەزویر و فێڵ و تەڵەکەی تێدا دەکرێ و کراوە جا ئاستی ئەو فێل و تەڵەکەیە تا چ رادەیەکە ئیتر ئەوە کۆمسیۆنێک هەیە و ئەوان بڕیار دەدەن چۆن بووە چی بووە.
هەڵبژاردن و سیستەمی پارلەمانی لە هەموو دنیا بە دیمۆکراتیکترین شێوازی حکوومەت کردن دادەندرێ بەلام ئیتر دیمۆکراسی و سیستەمێک کە لەفەرانسە هەیە قەت ناکرێ چاوەڕوان بی کە لە کوردستانیش هەر هەمان شێوە و سیستەم هەبێ و پەیرەو بکرێ. خەڵکانی دنیا بۆ پرۆسەی دیمۆکراسی ڕێگەیەکی چەند سەت ساڵەیان بڕیوە تا گەیشتوونە ئەو دیمۆکراسیەی ئەمڕۆ و کورد گوتەنی "کەس لە پرپکەوە نابێتە کوڕێک". کەوایە جارێ مەمانان زۆرمان ماوە و دەبێ کاری بۆ بکەین.

یەکەم شت کەسەرنجی منی بۆ ئەو هەزلبژاردنە ڕاکێشا ڕادەی بەشداری کەمی خەڵک بوو هەڵبەتە ڕێژەی بەشداریکردنی ٥٨% ڕێژەیەکی ئەرینیە و لە هەموو دنیاشدا ئەو ڕێژەیە بە ڕێژەیەکی پەسندکراو دەزانن بۆ ئەوەی دان بە هەڵبژارنە دابنێن کە ئەنجام دراوە.
بەڵام خەلکی باشوور بۆ بەو ڕێژەیە لە بەشداریکردن خۆی پاراست؟ یەکەم هۆ بێعەدالەتی و گەندەڵی دەسەڵاتدارەکانە و ئەوە هیچ گومانی تێدا نیە بەلام هەم گەندەڵی و هەم بێهیوابوونی خەلک بەرهەمی ئەو کێ بەرکێ و گوێپچکرینە سیاسییەیە کە لە باشووری کوردستان بە مەرامی حیزبی پەیرەو دەکرێ و وەک دیتمان حیزب بۆ بەرژەوەندی خۆی و زەبر لێدان لەبەرامبەرەکەی کەرکووکی دڵی کوردستانی فرۆشت! خەونی سەربەخۆیی لە گۆڕ نا!! ئیتر لەمە ڕوونتر ناکرێ ئاستی وێرانی ئەو حیزبانە وێنا بکرێ و بەڵگە ودێکۆنمێنتی لەوە باشتریش گەرەک نیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەی حیزب بەو دارشتەی ئێستایەوە لە کوردستان سەرەتانێکە مەترسیدار.
بەشێک لەو حیزبانە چەندین ساڵە کارو پیشەیان و سەرمایە و وزەو توانای هەموو حیزبیان بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە خەڵک بەرامبەر بە دەسەلاتی کوردی بێهیوا بکەن، دەسەلاتی کوردی ناشیرین بکەن و چەند ساڵە بە ئاشکرا لە شەقامەکانی ژێردەسەلاتی زوونی سەوز بە ئاشکرا دروشمی ڕووخانی ئەو حکوومەتەمان بیستووە کە بە پشتیوانی یەکیتی و گۆران وکۆمەڵی عەلی باپیر دەهاتنە سەر شەقام بێ ئەوەی بڵێین باشە دوای ڕووخانی ئەو حکوومەتە کوردیە کێ بێتە سەر



سەرچاوە Serchawe

کار؟ ئالترناتیو چیە؟ دەی ئەمڕۆ ئاکامی ئەو بێهیواکردنە دەبینین و تەپوتۆزەکەی بەر لەهەموو کەس چووە چاوی ئەوانەی خەڵکیان هاندەدا بڵێین" دەوڵەتی کوردیمان ناوێ مووچەی فەرمانبەرانمان دەوێ"، یان روو بە سەرۆکی هەریمی کوردستان دەیان نووسی و هاواریان دەکرد" تۆ واز بێنە لە کورسی ئێمە وانە دەڵێینەوە بە زگی برسی". بەو عەقڵیەتە و بەو سەقەت پەروەردەکردنە ئیتر کوردستانیان گەیاندۆتە ئەو ڕۆژەی کە هەستی کوردبوون و نەتەوەیی بوون لەوپەڕی نزمی دایە و دئێستاش خۆیان لە بەغدا لەسەرپۆستی سەرۆک کۆماری کێشەیانەو کار گەیشتۆتە جێگایەک عەرەبە شیعەکان داوایان لێدەکەن هۆ فراکسیۆنە کوردیەکان خۆیتن لەسەر ئەو پرسە ساخ کەنەوە و یەک کاندید دیاری بکەن بۆ پۆستی سەرۆکۆماری.

### ئەمە حاڵی حیزب وهێزە سیاسیەکان و ئەمەش حاڵی ڕووناکبیرەکانمان

نووسەر وڕووناکبیرەکان لە دۆینێیەوە بەربوونە گیانی ئەو کاندید وئەو پالێوراوانەی کە بۆ خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان دەنگ ومتمانەی خەڵکیان بەدەست هێناوە، یەکەم هەرچی هێرش وپەلاماری ئەو خەڵکەیە دژی دیمۆکراسی و دژی باوەرمەند بوون بە دیمۆکراسییە چون یان تۆ دەنگی خەڵک و هەڵبژاردنت قەبووڵە یا نا، ئەگەر قەبووڵتە و باوەڕت بە بنەماکانی دیمۆکراسی هەیە کەوایە دەبێ ڕێز لەدەنگی خەڵک بگری و هێندە هێرش نەکەیە سەر هەلبژاردەکانی خەڵک. نموونەی هەرە زیندوو و زۆرترین پەلامار بۆ کەسێکە کە من ڕەنگە پێشتر ناویم بیستبوو بەڵام بەمدواییانە لەبیرم چووبۆوە ئەویش کاک جەلال پەرێشان ە، ئەوەندەی لەو یەک دووڕۆژەدا وەدوای پێیو شوێنی کەوتووم جەلال پەرێشان لەبنەماڵەیەکی هەژار و دەسکورتی کورد چاوی بە دنیا هەڵێناوە و کەسێکی خاکی و خۆماڵی و خەڵکی بووە و یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشەویستی خەڵکیش بۆی ڕەنگە بگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتە، جەلال پەرێشان پێشکەشکارێکی کێ بەرکێ وەرزشیەکانە و لەوبوارەدا شارەزایی هەیە و شەرتیش نیە هەرچی چووە پارلەمان دەبێ زانکۆی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تەواو کردبێ و فەلسەفەی بە خڕی قووت دابێ! ئەوجار جەلال پەرێشان کاندیدی حیزبە و حیزب بەرنامە بۆ پارلەمانتارەکانی دیاری دەکات ئەوانیش لە پارلەمان دوای مناقشەو گفتگۆ دەنگی پێدەدەن یان موخالیفەتی دەگەڵ دەکەن. ئیتر ئەو هەموو هەراو هەنگامەیە لە پای چی تۆ کە بە قسە خەڵک و دەنگی خەلکت بۆگرینگە چۆنە ڕێز لەدەنگی خەڵک ناگری؟ لەم نێوەدا ئێمەمانانی ڕۆژهەلاتی کە کاک جەلال ناناسین ئەگەر قسەیەک وتەوسێکیش باوێژین ڕەنگە قسەمان لەسەر نەبێ بەلام ئیتر لە باشوور و بە تایبەتی کەسێک خۆی پێ ڕۆشنبیر و بەتایبەتی چەپ بێ تانە و تەشەردان لەجەلال پەرێشان ئەوپەڕی سەرلێشواوی و ئەوپەڕی کوێرزەینییە کە لە مێشکێکی تەواو چەقبەستوو سەرچاوە دەگرێ و نەبە من ونە بەکسی دیکەش چارەی نایە.

٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# ئێمەو ئەوان

ئێمەی سەربەخۆیی خواز بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتیەکان لە کوێ ئێران و فاشیزمی مەسەبی دەست تێوەردان بکات و بیهەوێ هیژموونی خۆی بسەپێنێ جا چ لە یەمەن بێ و چ لە باشووری کوردستان ڕاشکاوانە دژی هێژمونی خوازی فاشیزمی مەسەبی وەستاوینەوە وهەر بنۆیە تا ئەم چرکە ساتە لەبەرەی پارتی دا بەر حیساب هاتووین. ئاخر وای لێهاتووە هەر ماوەیەک پێش ئێستا تۆ کە ئاڵای کوردستانت پێبوایە دەیان کوت پارتی، باسی سەربەخۆییت کردبا دەیان کوت تۆ پارتی و سەر بە بنەماڵەی بارزانی و پاراستنی و چی و چی. دەی چیت لێبکەم کاکە یەکێک ڕێفراندۆم بە خەیانەت دەزانێ و پارتیش بە ماف و منیش داکۆکی لەو مافە دەکەم کە بە هەموو یاسا و ڕێسسایەک مافی هەموو گەل و نەتەوەیەکە.

ئەوڕۆ لە بەغدا شەڕێکی سیاسیی هەبوو لە نێوان ئەو دوو بەرەیە دا، لە نێوان پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانفرۆشان، پارتی هەوڵی دا کە بۆ یەکەم جار وەک حیزبی براوەی کوردی لە هەردووک هەڵبژاردنی پارلەمان ی عێراق و کوردستانیش بژاردەی خۆی بە سەرۆک کۆماری بگەیەنێ. لەو لاش ماوەیەک لەمەو بەر بە ئەمری قاسم سولەیمانی بەرهەم ساڵح دووکانە تازەکەی داخستبوو و گەڕابووە ناو یەکێتی بژاردەی گرووپی خەیانەتکاری ١٦ی ئوکتۆبر و شەخسی قاسم سولەیمانی بوو، ئێمە داکۆکیمان لە پارتی و لە بژاردەی پارتی دەکرد کە یەکەم ئەگەر بە هەق بوایە دەبوو سەرۆک کۆمار ئەمجارە پشکی پارتی بوایە، مەمانانیش پێمان خۆش بوو کە دوکتور فواد حوسێن ببێتە سەرۆک کۆمار، من وەک خۆم لەو بارەوە پێموابوو کە ئەگەر فواد حوسێن بووبا بە سەرۆک کۆمار دەکرا لەو پێگەیەوە کێشەی کورد و ناوچە داگیرکراوەکان ئەوجار بە پشت بەستن بە سەرۆکێکی جیاواز ڕێگا چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە بە دوور لە شەڕ و کاولکاری چارسەریان بۆ بکرێ، بەلام ئێران و سپای قودسی ئێرانیش ئەو بابەتەی دەزانی بۆیە هەر لەسەرەتاوە بە فیکەیەک دووکانەکەی بەرهەمی هەڕاج کرد و بە نیوە فیکەیەکیش کردی بە کاندیدی یەکیتی بۆ سەرۆک کۆماری عێراق، بەرهەم ساڵحیش کە ئیتر کەس نەماوە ئەوجار نەینانسێ ئیتر زۆر بە هاسانی پشتی دە هاودیدەکانی کرد و هەرزانفرۆشی کردن لە پێناو پۆستی سەرۆک کۆماریدا کە دڵنیام وەک لەیەکەم قسەکردنیدا هەر بە شان وباڵی وەحدەتی عێراق و شیمالی حەبیبی هەڵکوت هەر واش دەمێنێتەوە، هەر دەبوو واشبێ عەرەب کەر نەبون و لە خۆڕا دەنگیان نەداوەتێ؟!

لەو نێوەدا هەندێک چون ناوێرن ڕاستەخۆ داکۆکی لەبەرەی خەیانەت بکەن ناڕاستەوخۆ هەم هێرشیان کردە سەر شەخسی من و هەمیش دابەزینە سەر پارتی وەک ئەننەما ئەوەی بێعەداڵەتی کردووە و خەیانەتی کردووە ئێمە و پارتی بووین. یەکەم من وەک خۆم سێبەری ڕێژیمی فاشێستی مەسەبی بەتیر دەنگێوم و تەنیا ئەویش بەدوژمنی سەرەکی کورد دەزانم، هەربۆیەو

لە هەرکوێیەک هیژمونی خوازی ئەو ڕیژیمە ببینم بە گژی دادەچمەوە، دووهەم وەک کەسێکی عەدالەتخواز چۆن دەتوانم لەبەرامبەر گەلە کۆمەکی شیعەو عەرەبی عێراق و حەشدی شەعبی و گرووپی خەیانەتکاری ١٦ی ئۆکتوبر وپیلانەکانی قاسم سولەیمانی بە مۆدێلی ئێوە داکۆکی لەو گرووپە دوژمن بە کوردە بکەم و وەک ئێوە دابەزمە سەر پارتی دیمۆکراتی کوردستان؟ دەی کەوایە من بۆ دەبووم بە مەلا برایم دەبووم بە ئێوە؟ وەک تۆم لێدەهات کە شۆڕشگێڕیت لێوڕێژ و سەرڕێژی کردووە بە جنێو دان بە پارتی؟ ئاخر پ ک ک و گۆڕان ویەکێتی وایان لەو خەڵکە کردبوو کە جنێودان بە پارتی و دژایەتی کردنی پارتی جۆرێک پێشکەوتنخوازیە و تۆش کە ئیرادەت لەبەر دەستی خۆت دانیە ئێستاش کارتێکەری ئەو شانتاژەت بەسەرییەوە ماوە بەو مۆدێلە سیاسەت دەکەی. ئەگەرچی خۆت فریودەدەی و پێتوایە سیاسەت دەکەی ئیدی غافل لەوەی بەو هەڵوێستەت لەسەر کۆشی قاسم سولەیمانی وەک بۆووکەڵەیەکی سوک و نەرمن خەریکی سەماکردنی!

بەڵی ئەوە منم ، برایم جەهانگیری و ئەوەش باوەڕی نەگۆڕی منە تا ئەو کاتەی ئاڵوگۆڕ بەسەر سیاسەتی پارتی دا دێ یان بەسەر سیاسەتی یەکێتی نیشتمانفرۆشان. ئاخرمن چۆن کەرکووک و خۆزگەی میلۆنەها کورد لەبیر بکەم کە خەونی بەسەر بەخۆییەوە دەبینی و ئەورۆ لە بەغدا شەڕ لە نێوان ئەو دووبەرەیەدابوو ئەوەی کەرکووکی بەرێفراندۆم گەڕاندەوە سەر کوردستان وئەوەش کە بەخەیانەت تەسلیمی داگیرکەری کردەوە، دەی من چۆن داکۆکی لەبەرەی خەیانەت بکەم! بەڵێ من هەر وەک بەری دەگەڵ بەرەی کوردایەتی بووم ودەبم و تۆش بە خشکەو بە مۆر دەگەڵ بەرەی خەیانەت بمێنەوە.

٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## سبەی ئێوە شەرمەزار دەبن

ئێوە ، بەڵێ ئێوە کە دەستتان کردووە بە دەمکوت کردنی خەڵک تا چیدیکە باسی خەیانەتی ١٦ی ئۆکتوبری یەکێتیەکان نەکا و وازیان لێبێنێ، ئێوە بەڵێ ئێوە کە خەریکن دەمکوتی ئەو خەڵکە دەکەن کە دژایەتی ڕاستەوخۆیان دەگەڵ مەزنیخوازی سپای پاسداران و ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێرانە و خۆشتان سوور دەزانن وایە، سبەی شەرمەزاری دێر بەدێر و وشە بە وشەی نووسراوەکانتان دەبن.

ئێوە بە ئاشکرا بەو جۆرە هاتەران ؛پاتەرانەتان داکۆکی ڕاستەخۆ دەکەن لە خاکفرۆشان، لە نیشتمانفرۆشان، جا یان لەبەر ئەوەی کاکە و برالەتان دەگەڵیان هەیە کە هەیە وئەو کاکەو برالەتان ماڵی خۆشتان و ماڵی خەڵکیشی بەقوڕێ گرت و هەر وەخەبەر نەهاتن! یان گوشارتان لەسەرە، ئەگەر کوشارتان لەسەرە زۆربەی ئەو خەڵکە پێوەندی بە کەستانەوە نیە، ئێوە دەتوانن لەو بابەتە بێدەنگ بن و باسی ئەو مەسەلە یەکجار هەستیارە نەکەن کە ڕاستەوخۆ چارەنووسی خۆتان و ئەو گەلەی بە حیساب خەباتی بۆ دەکەن پێوەی بەندە. بەلام تکایە، تکایە نەسیحەت و پەیامە پڕ لە تانەو تەشەرەکانتان ڕابگرن و ئێوە کاری خۆتان بکەن و لێگەڕێین با خەلکیش لانی کەم لەسەر لاپەڕەی شەخسی خۆی لەو فەیسبووکە قسەی دڵی بکات. ئاخر خۆ ئەو خەڵکە نە حیزبیان هەیە، نە بڵیندگۆ و دەسگایەکی ڕاگەیاندنیان هەیە، نە ئیمکاناتی ماڵیان لەبەر دەستی دایەو نە هیچ ڕێکخراوێکیشان هەیە کە بوێرێ قسە و گفتگۆکانیان بلاوکاتەوە، ئیدی بۆچی زراوتان لە بیروڕای خەڵک چووە کە هەستی سەربەخۆیی خوازی و نەتەوەیی لە ناخی دا لە ڵچوون و کڵپەدایە و لە بۆنە جیاوازەکاندا بە چەند ڕستە دەری دەبڕێ! ئەگەرچی من بێرێزی بە هیچ کەس و لایەنێک تەنانەت بە دوژمنیش ناکەم و بە ڕەوای نازانم بەلام ئەگەر بەهانەتان جنێو سووکایەتی هەندێ خەڵک بێ دەی تۆ ویژدانتان ئەوانەی خاک و نیشتمانی خۆیان دەفرۆشن و دەچن دەباوەشی داگیرکەر و دوژمنانی کورد وکوردستانەوە شایانی سووکترین وبێقیمەتترین وشەکان نین؟

با ئەو قسەیەم بمێنێ بۆ مێژوو سبەی ڕۆژێ ئێوە شەرمەزاری ئەو نووسینە خۆفریودەرانە دەبن، بەڵام درەنگ، واتە ئەو کاتی کەسەرتان وەبەردی ئەلحەد کەوت.

یەکێتی نیشتمانی و دەسەڵاتی بنەماڵەی تاڵەبانی لە باشووری کوردستان بە دەست تێکەڵ کردن دەگەڵ داگیرکەر و دوژمنایەتی راستەخۆی ئامانجەکانی ڕیفراندۆمی ٢٥ - ٩ خۆیان و مێژووی خۆیان بۆ هەمیشە شەرمەزار کرد ومۆری خەیانەتیان بە نێوچاوانییەوە نووسا، کاری ئەوان جگە لە خەیانەت هیچ ناوێکی دیکەی لێناندرێ، دەی خەڵک سروشتیە

دژیان بێ ، سروشتیە تانە وتەشەریان لێبدا بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتیەکان ئاخر ئەوان ئێستا بە کردەو بەشێکن لە سپای قودس و سپاسی قودسیش دوژمنی سەرسەختی گەلی کورد و ئازادیخوازانی کوردستانە. ئەوجار تۆ بە دەمکوت کردنی ئەو خەڵکە نارازییە ڕاستەخۆ بە هانای سپای قودسەوە دێی؟ پێم نالێی بۆ پێتناخۆشە خەڵک دژایەتی سپای قودس و مەزنیخوازیەکانی ئەو سپا دڕندەیەو تیرۆریستییە بکات؟

بەڵێ هێندە نابا بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە ئێمە لەسەر حەقین و ئێوە تەنیا خۆتان فریئودەدەن، ئەوە ئێمەو ئەوە ئیوە با بزانین سبەی ئێوە شەرمەزاری دێڕ بەدێڕ و وشە بە وشەی نووسینە پڕ لە پاکانەکانتان دەبن یان نا.

٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## حووسیەکانی کوردستان

تابناک "پافل طالبانی پیشتر در جریان ماجراجویی بارزانی، در توافق با الحشدالشعبی و دولت وقت عراق، مانع از درگیری خونین در کرکوک شده و دولت مرکزي عراق توانست حاکمیت خود را بر کرکوک اعمال کند و این بار نیز به خوبی به عنوان یک بازیگر سیاسی در صحنه حضور یافت و در نهایت جریان متبوعش را به گونه‌ای هدایت کرد که گزینه مدنظر آنها، پست کلیدی ریاست جمهوری را با وجود فشارهای داخلی و خارجی به دست آورد..".

ئەگەر ئەو بابەتە بە وردی بخوێنییەوە و ئاوڕێک لە هەڵوێستی سپای پاسدارانیش بدەیەوە لەمەڕ بوون بە سەرۆک کۆماری بەرهەم سالّح ئەو دەم دەزانی ئێمەی کورد و سەربەخۆیی خواز بۆ نیگەرانین، ئەو دەم دەزانی ئێمە هەقمان بوو وئیوە ناهەق بوون لەوەی بە خشکە پشتگیری خائینانتان دەکرد، ئەو دەم دەزانی ئێمە کە هاوارمان دەکرد ئێران دەستی بەسەر عێراق و بەشیک لە کوردستان دا گرتووە و مەترسی لە ناوچووونی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و باشووریش لە ئارادایە ناهەقمان نەبوو.ئێمە دەمانزانی و واقع و ڕاستیەکانمان بۆ خەڵک باس دەکرتد و تۆش بە بیانووی ئەوەی کارمان بەسەر بەشەکانی دیکە نەبێ و لەبیری ڕۆژهەڵات دابین هاوکار و هاودەستی قایمبوونی پێگەی خائینان بووی، ڕەنگە نەوت ویستبێ وابی بەڵام هەرچۆنی لێکی دیەوە لەوە زیاتری بەرناکەوێ.

بەڵام ئێستا من دەڵێم ئیتر شتێک بە نێوی یەکێتی نیئشتمانی بوونی نیە، ئەوەی هەیە بەشێکە لە ڕێکخراوێکی کوردی سەر بە سپای قودسی ئێرانی و دڵنیا بن ئەو یەکێتییە ئیتر دەسەڵاتی یەک پووشکەی نیە و هیچ بڕیاڕ و قەرارێک لەسەرکردایەتی ئەو لایەنە ملیشیایە کوردیە دەرناچی و ڕاستەخۆ سپای پاسدران و وەزارەتی ئیتلاعات سەرپەرەشتی یەکێتی دەکات ، ئەگەرچی پێشتریش خودی نەوشیرەوان مستەەفا ئەوکاتەی لە سەرکردە هەرە باڵاکانی یەکێتی بووە بە ئاشکرا دەڵێ" ئێمە پەیمانی ئەمنیەتی و سیاسیمان دەگەڵ ئێران ئیمزا کردووە" و دواتریش نزیکترین کەس لە یەکیتی نیشتمانی کاک سەلاحی موهتەدی لە گفتگۆییەک دا دەڵێ ئیتر سپای پاسداران دەستی بەسەر یەکیتی داگرتووە و یەکێتی لەژێرفەرمانی ئەوان دایە و هیچ دەسەڵاتێکی نیە، بەڵام بەداخەوە هەندێک قومارچی سیاسەت هێشتاش باوەڕیان نەهێنا کە ئیتر شتێک بە ناوی یەکێتی نیشتمانی بوونی نیەو ئەوەی هەیە دووکانێکە تەنیا بۆ پارە پەیداکردن و ژێردەستەکردنی کورد و چوونە ژێرفەرمانی داگیرکەران.

لەم ڕۆوە بۆ هەمیشە من وک تاکێکی کورد یەکێتی نیشتمانیەک ناناسم بەڵکوو ئەو گرووپە بە ڕێکخراوێکی سەربەسپای



سەرچاوە
Serchawe

پاسداران دەناسم وەک حیزبوڵای لوبنان، وەک حەماس، وەک حووسیەکان و باشترین نێو بۆ یەکێتی نیشتمانی حوووسیەکانی کوردستانە. جا سیاسەت مەداری قۆنتراتچی با هەر بە یەکێتی نیشتمانیان بناسێ بەڵام دڵنیا بن ئەوەی لەوانە نزیک بێتەوە لە گەل و نەتەوەکەی دوور دەکەوێتەوە ئەورۆژە دوور نیە ئەو خائینانە لە ڕیز و سەفی نەتەوەیی ونیشتمانی بخرێنەدرەوە و کورد بۆ هەمیشە لەچنگانیان ئاسوودە بێ.

٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## ١٦ ئۆکتۆبر ڕۆژە ڕەشەکەی کورد

کورد پێش ١٤ - ١٥ی ئۆکتۆبر کە یەکەم وەجبەی هێزەکانی سەر بەیەکێتی لە دەروبەری کەرکووک دەستیان بە پاشەکشە کرد بێ ئەوەی هیچ ئاگاداری بەرپرسانی باڵای خۆیان و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگی کوردستانیان کردبێ و وەک لاساری و "تەمەڕودێک" ی سەربازی سەنبگەرەکانی پێشەوەی بەرگریان چۆل کرد، کاتێ زوومی کامێراکان خرایە سەر وەستا تاکتیک کە گۆیا ئێوە فەرمانی ئەو پاشەکشەیەتان داوە و زیاتر لە ١٥٠٠٠ هەزار پێشمەرگەتان لە بەرەی جەنگ کشاندۆتەوە و سەنگەرەکانی پێشەوەتان چۆل کردووە،ئەو فەرماندە خائینە دەیکوت ئەوە تاکتیکی سەربازییە و بەزوویی ئاکامەکانی دەبینن و ناکرێ هەموو شتێکی سەربازی لیرەو لەوێ باس بکرێ.

بەڵام بە پێچەوانە بەرەبەیانی رۆژی ١٦ ئۆکتۆبر لەناو خەم وپەژارەوە فرمێسکی پێشمەرگەو خەڵک دا یەکیتی نیشتمانی کوردستان بە دەست تێکەڵکردنی ئاشکرای دەگەڵ حەشدی شەعبی و بە فەرمانی راستەخۆی سپای پاسادارن و قاسم سولەیمانی هەموو سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگرتیکردن لە کەرکووکیان چۆل کرد و بوون بە چاوساخی ئەو سپا داگیرکەرەو بە فەرماندەیی لاهوور شێخ جەنگی-تاڵەبانی و بە هاوکاری و هاوفکری پاڤێل تاڵەبانی و چەند فەرماندەی سەربازی و بەرپرسی سیاسیی دیکە کەرژکوویان بە ئاشکرا تەسلیمی داگیرکەر کردەوە و ئەگەر خۆراگیری هێزی پێشنمەرگەو خۆ خرکردنەوەی نەبا جی نەمابوو هەولێری پایتەختی هەریمیش بە یەکجاری داگیر بکرێ و پیلانەکەش راست ئەوە بوو چۆن ئەو کات ئیعلامی یەکێتی بە ئاشکرا ڕیکلامی ئەوەی دەکرد کە ئەها هەولێریش کەوت و پێشمەرگە هەلاتن و و چی و چی کە پێشمەرگە بە بەرخۆدانی قارەمانانە لە پردێ و لە سحێلا و چەند شوێنی دیکە لووتی داگیرکەری لە خۆڵ وەردا و ناچاری کرد لە پێشرەوییەکانی بوەستێ و پیلانی یەکێتی و حەشدی شەعبی کە لە ئەساسدا داگیرکردنەوەی هەولێری پایتەخت و تەسلیم کردنی بەیەکێتی و حکوومەتی عێراق بوو شکستی هێنا.

نەفرەت لە خائینان و نیشتمان فرۆشان

١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## کۆماری کوردستان و ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان

کە کۆماری کوردستان دامەزرا، ڕیفراندۆمی بۆ ئەنجام نەدرا، قازی وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتە بە هاوئاهەنگی دەگەڵ ڕێبەرایەتی ئەو کات بڕیاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی جەمهووری کوردستانی دا. زۆر لەسەر دەسکەوتانکنی کۆمار کوتراوە بەڵام من تاکە یەک خاڵی لێزیاد دەکەم.

کۆمار بەهەڵکردنی ئاڵای کوردستان جگە لە بڕیارێکی ئازایانە و مێژوویی نەوەی دوای خۆشی ئەرکدار کرد کە دوای ئاوات وئامانجی ئاڵا و کۆماری کوردستان بکەون، دوای نزیک بە حەفتا ساڵ لە سەر هەمان باوەڕو لە ٢٥ - ٩ - ٢٠١٧ خەلکی قارەمانی باشووری کوردستان بڕیاری لە چارەنووسی خۆیدا.
ئێستا گەلی کورد و سەربەخۆیی خوازان هاوکات لەدوو بەرە شەڕیانە، یەکەم بۆ پاراستنی دەنگی خەڵک، بۆ پاراستنی خاک و زێدی باب وباب وباپیران لە داگیرکاری و دەگەڵ دڕندەترین و دواکەوتووترین بیر و سیستەمی سەردەم واتە حکومەتی فاشیستی مەسەبی عێراق - ئێران، دووهەم دەگەڵ تاوەری پێنجەم و نیشتمانفرۆشانی ناوخۆ، کە هەندێکیان دەستیان کەشفەو هەندێکیان هێشتا بە ناوی ڕووناکبیر و شرۆڤەکار و ڕەخنەگر لەسەر ئەساسی فەلسەفەی ڤین و ڕقی بێنهایەت خەریکی بنکۆڵکردنی بیری سەربەستی خەڵکن. خەریکی ڕووخاندنی وزەی بەرخۆدانی خەڵکن بە قازانجی حەشدی شەعبی.
لێرەوە هەم ئەوان وهەم ئەمان دڵنیا بن تازە ڕێفراندۆم وەک تیرەکەی ئارشی کەواندێر لە کەوان دەرچووە و گەڕانەوەی بۆ نییە. یان ئەو گەلە هەر بەو زوانە بەسەربەخۆیی دەگا یان هەرچی لەدوای ئەو نەسلەوە دێ ئەرکدار دەکرێ بۆ تەواوکردنی ئەرکی ئەوانی پێشەخۆیان.
مێژووش بەدڵنیاییەوە ئەوەی شانازیە بە بەرەی سەربەخۆیی خوازان دەبڕێ و ئەوەی شەرم و سەرشۆڕیشە دەکاتە میداڵی خەیانەت و لەبەرۆکی نیشتمانفرۆشانی دەدات ، جا چ ئەوانەی ڕاستەوخۆ دژایەتی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆییی کوردستانیان کرد و چ ئەوانەی بە ناوی ڕەخنەگر ڕاست لە کاتی هێرشی داعشی شیعە بۆسەر کەرکووک و بۆ سەر کوردستان بەربوونە ورە و ئیمانی خەڵک و حکوومەتی کوردستان و بە هێواشی قەراخ بۆ گێرەی حەشدی شەعبی تێدەکەنەوە.

وتەی کۆتاییم: کوردستان لەسەر دەستی هیزی پێشمەرگەی کوردستان ڕزگار دەبێ نەک بە شرۆڤەی خۆبەدەستەوە دەرانەی نیشتمانفرۆشان.

١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# ڕەنج بە خەسار

گەمژەیی و گێلێتییە ئەگەر کورد بەسەرکردەو بە حیزب و بە ڕووناکبیر و چالاکی سیاسیی و نووسەر و شاعیرییەوە پێیوابێ لەناوەند دا دەتوانێ حکوومەتێکی دێمۆکڕاتیک جێگیر بکات کە مافی گەلی کوردی لە مشت دابێ ئەویش بە دێمۆکراسی بلێ فەرموو! ئیدی دوای ئەوەندە ساڵە دەبێ ئەو ڕاستیەتان بۆ دەرکەوتبێ کە ئەمە ئارەزوویەکی محاڵە!

هەر بۆیە ئەگەر پێتان دەکرێ ڕێگای ئازادی و رزگاری یەکجارەکی کوردستان بگرنە بەر و دڵنیا بن لاوان بۆ ئازادی کوردستان "بەعەشق ئەچن بە بەرەوپیری مەرگەوە"!

ئەگەر پێشتان ناکرێ ویژدان و ئینسافێکتان هەبێ چیدیکە لاوانی دڵ پڕ لەهەستی نیشتمان بۆ خەیاڵێکی بێهوودە بە کوشت مەدەن.

نزیک سەت ساڵە کورد و لاوانی کورد لەسەر تئوریيەکی ئورووپایی بە ناوی دێمۆکراسی خوازی و فیدرالیزم و خودموختاری کە هیچ وێکچوونێکی دەگەک کولتوری زاڵ بەسەر خەڵکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا بە نوخبە و نانوخبەیەوە نیە بە قڕ کردن دەدرێ، کچان وکوڕانی لە قوژبنی زیندانەکان دەئاخنرێن، شکەنجە و ئیعدام هەموو ڕۆژێ لەسەرمان تاقی دەکرێتەوە، هەڵوەدابوون و ڕەتاندن بەشمانە و لەدەریا و جەنگەڵەکان دەبینە خۆراکی ماسی و بوونەوەرە کێوییەکان، ئیدی بەس نیە خۆ فریودان و خەڵک ڤریودان و سیاسەتبازی؟

بیری سەربەستی و ئازادی نەبێ خوێنی تاقە یەک لاوی کوردیش نابێ لە پێناو هیچ باوەڕ و داوایەکی دیکەدا بڕژێ، لە پێناو دروشمێکی بەتاڵی وەک فیدراڵیزم و دێمۆکڕاسی و تەنانەت ڕووخانی ڕێژیمە داگیرکەرەکانیش دا کە هەرگیز کاری ئێمە نیە نابێ یەک کچ وکوڕی کورد تاقە یەک زللەشی وێکەوێ.

کورد دەبێ زۆر بەجیددی هەموو وزەوتواناکانی کۆ کاتەوە بۆ ئەوەی بیری سەربەخۆیی خوازی بەسەر ئەو بیرە چەوتەی حیزب حیزبێنە دا زاڵ بێ و چیدی ڕەنج بە خەسار نەبین. با کێشەی کورد ببێتە کێشەی خاک ونەتەوە و نیشتمان نەک حیزب و ئیدە وباوەڕە شەخسی و گرووپیەکان. لەو نێوەدا ڕووناکبیرانی کورد دەبێ بێدرەنگ بۆ پێک هێنانی ناوەندە کوردیەکان بە دوور لە دەست تێوەردانی حیزب قۆڵی هیممەت هەڵماڵن و کات وزەمان لەوە زیاتر بە فیڕۆ نەدەن، بیر و



سەرچاوە
Serchawe

هزری سەربەستی و سەربەخۆیی خوازی دەبێ ببێتە بیر وهزری زاڵ بە سەر کۆمەڵگای کوردەواری دا کە ئەمە هەم تەنیا ڕێگای ڕزگاری یەکجارەکییە و هەمیش کورد لەو پڕشو بڵاوییە ئابڕووبەرانەیە ڕزگار دەکات.

١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## پێشمەرگەی نەخوێندەوار بەڵام ئاگا فەیلەسووفی خوێندەوار بەڵام گەمژە

دیسان باسی پێشمەرگە دەکەم، پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە کە بە هەستکردن بە ستەمی نەتەوایەتی چەکی بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی گەلەکەی دەکاتە شان، ئەو مرۆڤێکی ئاگایە، چۆن دژی ستەم و نابەرابەری دەجەنگێ، ئەو فیداکارترین مرۆڤە چون ئامادە گیانی فیدای گەل ونیشتمانەکەی بکا.

ئەگەر لە جێگایەک شەڕی براکوژی کردووە، برای خۆی کوشتووە دەلیلی نائاگا بوونی نیە، هۆکار شتێکی دیکەیە، ئەویش ئەمەیە کە ڕێبەر و سەرکردە وای لێدەکا کە بەگژ برای خۆیدا بچێتەوە، دەناهیچ کوردێک کە چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان بۆ یەک چرکەش بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو چەکەی بۆ شەڕی براکوژی کربێتە شان، پێشمەرگە ناوێکە کە کورد لە سەر هێزی چەکداری خۆی داناوە کە پارێزەر و داکۆکیکاری مافی گەل و نیشتمانە.

دەکرێ فەلەستینیش پێشمەرگە بن، دەکرێ عەرەب و بلووجیش لە ئێران کە دژی داگیرکاری دەجەنگن پێشمەرگە بن چون بۆ بەرگری لە خاک و لە زێدی خۆیان و لە گەلی خۆیان چەکیان کردۆتە شان، ئێستا ئەوان چ ناوێکیان هەڵبژاردووە ئەوە زۆر لەمەسەلەکە ناگۆڕێ.

ئەوانە هەموویان بە ئاگاییەوە ئەوچەکەیان کردۆتە شان، بەڵێ ئەوان ئاگاترین مرۆڤن چون بەو قەناعەتە گەیشتوون کە تەنانەت گیانیش لە پێناو ئازادی خاک و نیشتمان بچووکترین بایەخی نیە، ئەو ئاستە لە تێگەیشن و بڕیاڕدان لە فیاکاری کاری هەموو کەس نیە و هەموو کەس بەو ئاگاییە ناگات، ئەوە جۆرێکە لە فەلسەفەی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕان کە هیچ گومان نیە خەڵکی دیکە ناتوانێ دەرکی بکات چون خۆی لەو ئاستە دا نیە مەگەر پێشمەرگە بێ.

بەو هۆکارە کە پێشمەرگە ئامادەیە گیانی خۆی فیدا بکات و گیانبازی لای وەک ئاوخواردنەوە سادەیە ناکرێ تۆ بێی و دەگەڵ داعش یان هەر گرووپێکی دیکەی هەڵگری بیر وهزر و ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست پێکیان هەڵکێشی، ئەوان یەکەم هیچ بنەمایەکی ئازادیخوازی و پاراستنی مافی مرۆڤیان لە کارنامەو لە بەرنامە دانیە تەنیا بۆ بەعەبدکردنی زیاتری مرۆڤ هەوڵ دەدەن وئەمە ئیتر پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات.

ئاگایی یانی خوێندەوەی دروست بۆ ڕووداوەکان، کە خوێندنەوەی دروستت هەبوو ئەوجار نۆرەی بڕیاڕدانە، زۆرن ئەوانەی بۆ



سەرچاوە Serchawe

ڕووداوەکان خوێندنەوەی دروستیان هەیە بەڵام کە دەگاتە کردار و بڕیار ئەوجار کورتێ دێنن و ناتوانن بۆئەو باوەڕەی کە پێی گەیشتوون بەکردارهەوڵ بدەن. پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە کە هەم خوێندنەوەی دروستی بۆ ڕووداوەکان هەیە و هەمیش ئامادەیە بە کردار بۆ خوێندنەوە دروستەکەی هەوڵ بدات، کەوایە ئەو ئاگاترین مرۆڤە بە بیرکردنەوە و بە کرداریش.

من لە سەرەتای بەگژداهاتنەوە ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئیران وێڕی زۆربەی لاوانی کورد بووم بە پێشمەرگە لەماوەی پێشمەرگایەتیم دا بە دەیان پێشمەرگەم دیوە کە کوڕی گوندە دوورە دەستەکان بووە و هیچ خوێندەواری نەبووە، بەلام ئەو کاتێ بەوە باوەڕە گەیشتوە کە هێزێک هەیە و خەبات دەکا بۆ ڕزگاری گەلەکەی ئەو خۆی و گیان و ئیرادەی لە بەردەست سیاسەتمەدارانی ئەو هێزە ناوە وئەوان چۆنیان سیاسەت کردبێ ئەویش هەمان سیاسەتی بە کردەوە ڕەچاو کردووە. ئەگەرچی کورد و سیاسەتمەداری کورد بێهەڵە نەبوون و خەتا و هەڵەی زۆر زەق و بەرچاویشیان هەبووە بەڵام کورد و حیزب و هێزەسیاسیەکانی بە گشتی تا بەم چرکە ساتەش تەنیا هیز و کەسانێکن کە خوێندنەوەی دروستیان بۆ ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی هەبووە و چۆنیەتی بەرنەگاربوونەوە دەگەڵیان بەدروستی هەڵبژاردووە.

با بێینە سەر فەیلەسووفی گەمژە

لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەر لەو ماوەیە دا کە کورد دەگەڵ دڕندەترین پەلاماری ڕیژیمی فاشیتی مەسەبی ئێران بەرەوڕوو بوو، حیزبی توودەی ئێران چالاک بوو،

ئەو حیزبە هەرچی دەگەڵی بوو خوێندەوار بوو، سەرکردەکانی زۆربەی هەرەزۆریان کەسانی ئاکادیمی و شارەزا و زانکۆکانی ئێران و دەرەوەیان دیتبوو، ئەوان لە ڕووی خوێندەواری دا کەس شانی لە شانی نەدەدان. کیانووری ڕیبەری حیزب ئارشتێکت بوو، ئیحسان تەبەری (احسان طبری) مامۆستای فەلسەفە بوو و وەک دەکوترا یەکێک لە ٦ فەیلەسووفەناودارەکانی جیهان بوو، حیزبی توودە بەدەیان و بگرە سەدان نووسەر و شاعیر و وەرگێڕی بەتوانای هەبوو بەلام بەە هەمووی ئەوانەوە خوێندنەوەی سیاسەتیان بەرامبەر بەو ڕێژیمە کۆنەپەرەستە فاشیستییەی ئێران نەک هەڵە بەڵکوو سەتا سەت سەقەت بوو، ئەوان لە پێش هەموو شت نە خۆیان و نە ئەندامەکانیان ئازادی بیرکردنەوەیان نەبوو، حیزبی توودە رووباتێک بوو کە قورمیشەکەی بە دەستی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوو، ئیتر لەوڕڕ هەرچی کوترابا ئەوانیش بە بۆخوارێیان دیکتە دەکرد و ئەو۳انیش وەک شاگردی چاک دەیاننووسییەوە.

ئەگەر ئێستا تەنیا بە پرسیار وڵامەکانی کیانووری دابچییەوە ( پرسش و پاسخ) هەموو لایەک دلنیا دەکەم کە ئەوی ڕۆژێک توودەیی بووبێ شەرم دایدەگرێ، ئەوان ٦ دانگ خۆیان لەخزمەت ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران نابوو، هەرچی

دەیان نووسی و هەرچی دەیانکوت تەنیا و تەنیا بۆ ن=بەهێز کردنی ئەو ڕێژیمە بە ناو دژی ئیمپریالیستیە بوو و بەس، کاریان بە بەرتەسک بوونەوە و نەمانی ئاسەوارەکانی ئازادی نەبوو، کاریان بە کوشتاری خەڵکی بێدیفاعی کوردستان نەبوو و ئەگەر کاریشیان پێی بووبێ بوختانیان بۆ ساز دەکرد تا ڕێژیم زایتری رق لە کورد هەڵستێ و زیاتر و توندتر بەگژ کورد دا بێتەوە. ئەوان زۆریان هەوڵدا حیزبی دێموکرات لەە خشتە بەرن، بەلام بە بوونی کەسێکی وەک قاسملوو ئەو کارەیان بۆ جێ بە جێ نەبوو و هەر بۆیە بە توندی کەوتنە دژایەتی حیزب و جووڵانەوەی رزگاری خوازی نیشتمانی گەلی کورد. ئەوان ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵکی ئێرانیان دوو کەرت کرد، ئەوەی چووە لای ئەوان سەرەکیترین دروشمیان ئەوە بوو" سپاه پاسداران را بە سلاح سنگین مجهز کنید" ئەو سپایەی ئەمڕۆ بۆتە هۆی ماڵوێرانی و کاولبوونی بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی و ئەو سپایەی بۆتەملۆزم بە سەر سانی خەڵکی هەژزار وبەش مەینەتی ئێرانەوە.

ئاکامی ئەو سیاسەتەی حیزبە پڕ لە فەیلەسووفە خوێندەوارەکە ئەمە بوو کە لە شەوێک دا هەموو سەرکردەکانیان تێکەوە پێچان وهێنایاننە سەر ساشەی تەلەویزیۆن تا ئیعتراف بە جاسووس بوونی خۆیان بکەن بۆ شوورەی ئەو کات. ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە بە دەیان وسەدان کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی کورد وئێرانیان کە ئەندامی خۆیان بوون دوجاری یەئس و نائومێدی و کرد بە جۆرێک کە زۆریان بۆ هەمیشە وازیان لە سیاسەت هێنا و هەرگیزیش ئەو شکست و زەبرە ڕووحییەییان بۆ سارێژ نابێتەوە کە بە هۆی سیاسەتەکانی حیزبی توودەوە و سەرانی ئەو حیزبە پڕ لە خوێندەوارە تووشی هاتن. بەڵێ ئەوان خوێندەوار بوون بەلام ئاگا نەبوون، ئەوان نوقمی گێلی و گەمژەیی و بەستراوەیی بوون.

قسەی کۆتاییم، لە ڕیزی حیزبی توودەدا کەسانی زۆر کوردپەورە هەبوون و کەسانێک کە بە هەمان نیازی پێشمەرگانە ڕەنگە ئاوێتەی ئەو حیزبە بووبن، ئەوەی ئەوان تووشی هاتن و ئەوەی بەسەر ئەندام ولایەنگرانیان هات ئەگەرچی پشکێکیان هەر بەردەکەوێ بەڵام لەراستیدا بەرهەمی نەزانی و نائاگایی سەرکردەو ڕێبەرەکانیان بوون. ئێستاش لە ڕیزی حیزبەکوردستانیەکان، لە دەرەوەی حیزبەکان ئەندامی پێشووی حیزبی توودە کەم نین کە زۆر لە من و لەخەڵکانی دیکەی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ماندوو و تێکۆشەرو خەباتکارترن، لەهەمان کاتدا کەمیش نین ئەوکەسانەی دەیانهەوێ کە شکستی رابردووی خۆیان بە کوتان وپەلاماردانی حیزب و هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات کەمڕەنگ کەنەوە و بە هەمان نەفەسی ساڵانی کۆن دژی بزووتنەوە و دژی حیزب و باوەرەکانی کورد دەدوێن ودەنووسن، بەداخەوە دەبێ بڵێم ئەو کەسانە کە خۆیان ئیدیعای چەپبوون و عەداڵەتخوازی دەکەن ئێستاشی دەگەڵ دابێ سیلەی رەحمێکیان هەر بەلای ڕێژیمە فاشیستی مەسەبییەکەی ئێرانەوەیە ولە باس و خواسەکان دا نیەتی راستەقینەی خۆیان بۆ ناشاردرێتەوە. ئەوان ئیستاش بە هەمان عەقڵیەتی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر بیردەکەنەوە و بەداخەوە لە تیرەی هەمان نائاگایانی ٤ دەیە لەمەوبەری ڕیبەرایەتی حزبی توودەن.

١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# ئەورۆ ١٦ ئۆکتۆبر بوو

هەرچی کوردە لە هەرچوارقوڕنەی دنیایە دەزانێ لە ڕۆژی ١٦ ئۆکتۆبردا یەکیتی نیشتمانی بە پیلان و لە ژێر فەرمانی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سپای قودسی ئێران لەبنەوە دەستی دەگەڵ حەشدی شەعبی تێکەڵ کرد و خەیانەتی لەخۆی و لە گەل و لە خاک ولە نیشتمان کرد، سەنگەری پێشەوەی بەرگری لە کەرکووک و پشتی سەنگەری پێشمەرگەکانی چۆل کرد و دەیان پێشمەرگەی خۆشی بۆ ئەوەی دوایی بلێ شەرِم کردووە بە شەهید کردندا و دەستی حەشدی شەعبی گرت و تا ناوەراستی کەرکووکی هێنا دڵی کوردستانی تەسلیم کرد.

دوایەش هەموو هەوڵی تەبلێغاتی یەکێتی بۆ ئەوە خستە کار تا بەڵکوو هەولێری پایتەختیش لە لایەن حەشدەوە داگیر بکرێ بەڵام ئیتر ئەوە بوو لە پردێ و چەند شوێنی دیکە سپای عێراق بە حەشد وگرووپە ئیسلامیەکانی دیکە کە بۆغەزا هاتبوون لە بەرامبەر ئیرادە و بەرخۆدانی پێشمەرگە دووچاری شکستی ئابرِوبەرانە هاتن و پاشەوپاش بۆ کەرکوکی داگیرکراو گەرانەوە.

یەکێتی ئەگەرچی پێشتریش وەک کاک سەلاحی موهتەدی دۆستی لەمێژینەی یەکێتی کوتبووی سپا و وەزارەتی ئیلاعات دەستی بەسەر یەکیتی داگرتووە، خۆیان راسەتی سپای پاسداران کردبوو بەڵام ئیتر لەو ڕۆژەوە بە تەواوی بوون بە بەشێک لە سپای قودس بە نهێنی، ئەون بێ ئیزبنی ئێران قامک دەناو هەڵناکێشن، هێزێکی مەترسیاداری کوردی بەرواڵەت بۆ کرد تێدەکۆشێ و لەبنەوە بەتەواوی لەژێر فەرمانی سپای پاسادارندایە. ئەوان ئێستا بێجگە لەو پارەیەی نەوتی کەرکووک کە بە ڕیککەوتن لەاسەری دەیاندرێتێ مووچە ومانگانەی پێشمەرگەو کارمەند و کادر و کارگێرِیان لە لایەن سپای پاسدارانەوە تەئمین دەکرێ و ئەگەر کەس لە کوردان باوەرِی غەیری ئەمە بێ دوورە لە ڕوانین ولە واقعی سیاسیی کوردستان ولە پێشدا کڵاو لەسەر خۆی دەنێ.

ئایندە دەری دەخا کە ئەو ڕوانینەی من بۆ خاتری لایەنگری لە لایەنێکی سیاسیی دیکەیە یان واقعیەتێکی تاڵە کەمن وەک خۆی قەبووڵی دەکەم و هەرواشی دەناسێنم. دیارە دڵنیام زۆربەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی باشوور و ڕۆژهەلات هەر ئاوایان دەناسێ هەر بۆیەش لە ماوەی ئەو یەک دووڕۆژە هەندێ کەسی دەگمەن نەبێ کە خەریکی پاساو هێنانەوە بوون بۆیان دەنا بەگشت هەرچی چالاکی سایسی وکۆمەلایەتی و مەدەنییە ئیتر هەر وەک سپای قودس دەروانێتە یەکیتی و تازە یەکێتی لەبیر و زەینیان دا وەک سپایەکی نیستمانی شۆراوەتەوە. بۆیە لەم یەک دووڕۆژەدا خەڵک بە توندی شەرمەزاری



سەرچاوە Serchawe

کردن و پێی گوتن با سپاتان هەبێ و با دڵتیان بە فریودانی هەندێ خەلکی خۆتان خۆش کردبێ بەلام دڵنیا بن مێژوو لێتان خۆش نابێ و وەک خائین بە نەتەوە نیشتمان لێتان دەڕوانێ، لەم نێوەدا بە پێی ڕێنوێنی حیزبی ئەندامانی حیزبەکان بەتایبەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ڕیگە پێنەدراون تا وەک خۆی باسی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبر بکەن لەو بارەوە و ناهەقیشیان نیە هەر دەبێ بە پارێزەوە بۆ بابەتی وا بچن دەنا دڵنیام ٩٠ لەسەدی ئەندام و لایەنگری حیزبەکانیش ڕوانگەیان لەم چەند دێڕەی سەرەوە ناترازێ.

لە کۆتایی دا دەستی هەموو ئەوکەسانە خۆش بێ کە بە یەک دێڕیش خەیانەتی نیشتمانی و فرۆشتنی کەرکوکی دڵی کوردستانیان کەلە لایەن یەکێتی نیشتمانفرۆشان بە کورد کرا سووک و ڕیسوا کرد. هەر دەبێ واش بێ ئاخر ئەمرۆ خەیانەت مەحکووم و شەرمەزار نەکەی و خەراپتریش وەک هەندێ کەس کە خۆی لێلادەدەن یان پاکانەی بۆ دەکەن ئەمە ڕێگا خۆش دەکا بۆ خەیانەتەکانی دیکە و داهاتوومان تا ئەو کاتیش پاکانەی بۆ بکەین و پاساوی بۆ بێنینەوە.

**نەفرەت لە خائین و لە نیشتمانفرۆشان**

**١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨**

---



سەرچاوە
Serchawe

## فەرهاد سەنگاوی شەرم بتگرێ

شێوعیەکان یەکەم پشتیوانی کوردی ڕۆژهەلات و یەکەم ڕێکخەری پێشمەرگەی دێنمۆکرات و ڕۆژهەلات بوون، ئەوان بێ منەت نەک بە سەفقەی گوماناوی بوون بە هێزی پشتیوانی راستەقینە، ئەوان شەهیدیان دا نقوستانیان دا بەڵام منەتیان بەسەر دانەکردین.

حیزبەکەی فەرهاد سەنگاوی خوێنڕێژترین حیزبە لە مێژووی کوردستان دا، ئەوەندەی لە داگیرکەری کوشتووە دوو ئەوەندەی لە کورد و لە خەباتکارانی ڕێگای ئازادی کوشتووە ، ئەوان مێژووی پڕ لە شەرم و جنایەتیان بە هۆی کوشتاری پشتئاشان بە فەرماندەیی شەخسی نەوشیروان مستەفا بە تەوێڵییەوە هەڵواسراوە. حیزبەکەی فەرهاد سەنگاوی دوو خەیانەتی گەورەی لە لاپەرەکانی مێژوو دا بۆخۆی تۆمار کردووە، یەکەم خەیانەتی ٦٦ کە بوون بەکەوا سووری بەرلەشکری حکوومەتی عێراق و سواری تانکەکانی ئەو ڕیژیمە بوون و دژی شۆڕشی کورد چەکی خەیانتیان کردە شانی، دووهەم ١٦ی ئۆکتۆبر کە بە فەرمانی قاسم سولەیمانی دەستیان دەگەڵ کونەپەرەسترین هێزی زەمانە واتە حەشدی شەعبی تێکەڵ کرد بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووک و چەندین ناوچەی دیکەیان لە کوردستان کە بە خوێنی پێشمەرگە لە چنگی داعش ڕزگار کرابوو دووبارە تەسلیم بە داگیرکەر کردەوە.

جا ئیستا فەرهاد سەنگاوی بەو پاشخانە مێژووییەوە بێت وباسی حیزبی شیوعی بکات کە ئەوان عەرەبەکان چیان دەکرد لە شاخی؟ شیوعیەکانی عیراق دەتوانم بڵێم تاکە حیزبی شیوعی بوون کە لە نێو هەموو شیوعیەکانی ئێران وعیراق و تورکیا و سووریە دا بی هیچ درێدۆنگێک پشتیوانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد بوون، شیوعیەکان ئەز قەزا عەرەبەکانیان، هەر لە بادینانەوە تا دەشتی هەولێر و خانەقین لە هەر دۆڵ و چیایەک لەبەرامبەر ڕێژیمە فاشیستیەکەی بەغدا دا شەڕی قارەمانانەیان کردووە خوێنیان تیکەڵ بە خاکی کوردستان بووە.

فەرهاد سەنگاوی دەبوو لە جیات ئەو نەڕە نەڕە و ئەو دیماگۆژیەی بە ناوی کوردایەتییەوە دەیکات و هەموو قازانجەکەشی دەچێتە گیرفانی عەرەبەداگیرکەرەکانی بەغدا، داوای بە سزا گەیاندنی ئەو تڕۆریستە خوێنڕێژانەی کردبا کە نزیک ٣٠٠ کەس لە تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتیان بۆ ڕێژیمی ئێران و سپای قودسی ئەو ڕیژیمە تڕۆر کرد! دەبوو لانی کەم داوای محاکەمەی بکوژانی دێمۆکراتی لەدەروازەی کۆیە کردبا کە یەکێتی راستەوخۆ وبەئاشکرا دەستی تێدا بوو، ئەو دەبوو داوای محاکەمەی بکوژانی شەڕی پشتئاشانی کردبا، داوای خوێنی بە ناهەق ڕژاوی دیلەکانی ئەو شەڕەی کردبا، ئەو دەبوو لانی

کەم لە بەر خاتری دایکی "شەهید" دایکی محەمەد حەلاق داوای بە سزا گەیاندنی بکوژانی محمەد حەلاقی قارەمان و چەندین پێشمەرگەی هاوڕیی لە حیزبی تازە دامەزراوی "پارتی کاری سەربەخۆ"کردبا کە بە دەستی یەکێتی بێسەروشوێن کران.

برۆ فەرهاد سەنگاوی بیر لەوە بکەوە ئایا ئەوەی ئێوە کردووتانە شیووعیەکان بەعەرەب و بەکوردوبە کلدانم وئاشۆری و ئیبزدییەوە کردوویانە؟ برۆ فەرهاد سەنگاوی لە ناو زەلکاوی بیرو هزری بۆگەنیوی خۆت و هاوفکرەکانت دا بتلێوە دڵنبیام سبەی ئەگەرمێژوو ناوت بێنێ تەنیا وەک ترسەنۆکێکی زاڵم وناخ قەترانی ناوت دەبا.

١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# شرۆڤە مەسڵەحەتیەکان لەبارەی ڕێفراندۆم و خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبر

برادەرێکی ڕێزدار لە بابەتێکدا نووسیویە کە هۆکاری خەیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبر یەک نەبوونین ناوماڵی کورد و گونجاو نەبوونی کاتی ڕێفراندۆمە، یانی کاکڵی باسەکەی ئەمەیە، ئەگەرچی زۆر کەسی ڕێزدار بۆی لایک کردووە ودەست خۆشی لێکردووە بەلام من پێموایە نووسینەکەی خۆپارێزانە و لادانە لە ڕاستیەکی زۆر سادە و ئەویش بەو پێیە کە لە باشوور دەژی و ڕەنگە مەترسی خائینانیان لەسەر بێ بۆیە وا دەنووسێ کە خۆزگە نەینووسیبا، ناشم هەوێ لەسەر دیوارەکەی خۆی ولامی بۆ بنوسم چون دەزانم هەلوومەرجی باشوور و ئەو دۆستانەی لەوێ دەژین ئەو هەلوومەرجە نیە کە دەگەڵیان بکەوینە دیالۆگێکی بەرابەر وعادلانە، لە راستیدا ئەوان وەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ولە ژێر سەیتەرەی ڕێژیمی ئیسلامی دا بژین وایە بۆیە بە ئاساییەب کە نەتوانن ڕاستیەکان وەک خۆیان باس بکەن بەلام ئیتر پاساو هێنانەوە بۆ خەیانەت لەسەریان دەکەوێ. تەماشا نووسینی یەکێک بکەم لە ڕۆژهەلاتەوە کە بۆنی داکۆکی لە ڕێژیم وبە تایبەتی لە ڕیفۆرمخوازەکانی حکوومەتی لێهات ئیتر خەڵک لەو تۆڕەکۆمەآلایتیانە دایان دەگژێنێ و دایان دەپاچن کە من کلێرەوە دەلێم شێوازی بەرخورد و هیرشکردنە سەر ئەو خەڵکەی ناوخۆم بەهیچ جۆرێ قەبووڵ نیە چۆن ئەوان بە دڵنیایەوە ناتوانن وەک ئێمەمانانا بنووسن، بەلام خۆ دەتوانن کە نووسیان خەراپ نەنووسن، خۆ دەتوانن نەنووسن، ئاخر نە نووسین زۆر باشترە لەخەراپ نووسین.

لێرەوە ڕوو بە دۆستە ڕێزدارە دەلێم کاکی برام، مامۆستا و نووسەری ئازیز، یەکەم ڕێفراندۆم مافە، مافی بێ ئەملاو ئەو لا، کاتی ڕێفراندۆمیش لە هیچ کوێی دنیا گونجاو نیە، وەک دیتمان لە ئیسپانیاش گونجاو نەبوو کە مەڵبەندی دیمۆکراسیە، بۆ ڕیفراندۆم سەرکردە و گەل دەبێ لێبڕاو بن وبڕیار لە دەنگدان بە چارەنووسی خۆیان بدەن. ئەوەی کە سەرکرادیەتی کورد گوێیی بەئەمریکاش نەداوە و ڕێفراندۆمی کردووە ئەز قەزا ئەوە گەورەیی سەرکردەی کورد دەگەیەنێ چۆن هەرگیز ئەمریکا و ئرووپا بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاو ون نیە و ئەوەی ئەوان دەیلێین دڵنیا بە تەنیا بەرژەوەندی خۆیانە و هیچی دیکە. دەی کوردیش دەبێ دوو پیاوی دتێدابێ بیر لە خۆی و لەبەرژەوەندی کوردتد بکاتەوە.

باسی ریکو پێک نەبوونی ناوماڵی کوردی کردووە و کردوویەتە بیانوو بۆ خەیانەتی یەکیتی نبیشتمانی کوردستانی پێشوو، کاکی برام، ناوماڵی کورد قەت ڕێک نەبووە نە لە باشوور نەلە ڕۆژهەڵات ونە لە باکوور نە لە ڕۆژئاوا، تازە ئەگەر یەک بوونێک هەبووبێ لە باشوور زیاتر لە پارچەکانی دیکە یەک بووە. ئەوان پارلەمانیان هەیەو هەڵبژاردنیان هەیە و حکوومەتی هاوبەشیان هەیە و بووە.

ئەوەی ڕیفراندۆمی کرد یەک کەس و لایەن نەبوو، بۆخەریکین هەم چەواشەکاری دەکەین و هەمیش ئەو مێژووە کورتە نیزیکە دەشێوێنین کە هەر دوێنێ بوو، ڕیفراندۆم بە بڕیاری مەسعوود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم لە پارلەمان بە زۆرینەی دەنگ بێجگە لە کۆمەڵ و گۆڕان کە هەر بەشداری ئەو دانیشتنەیان نەکرد و ئەو شانازییەیان پێنەبڕا پەسند کرا، جگە لەو دووە ئەوانی دیکە بە تایبەتی یەکێتی و پارلەمانتارەکانی یەکیتی نیشتمانی پێسوو بەشداریان کرد و پارلەمان بە بڕیاری زۆرینە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ڤپەسند کرد. ئیستا برادەر بێ دوایب ئەو هەموو یاسا وڕێسایە و دوای دەنگدانی پارلەمانیش هەر گومان بخاتە سەر دروستی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەویش کورد بی دەی چۆن مرۆڤ سەری لە کاری ئەو کەریمی کارسازە سووڕ نەمێنێ کە ئەو کوردەی ئاوا عەجایب وغەرایب خولقاندووە؟، خۆ دیارە ئەو کاتیش هەندێ لە پارلەمانتارانی یەکێتی دەنگیان بۆ ڕێفراندۆم نەدا واتە ئەوانەی لە بنەوە دەستیان دەگەڵ خائینان تێکەڵ بوو بەلام ئیتر پارلەمان بە زۆرینەی دەنگ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی پەسند کرد، دەی تۆ نە ڕێز لە بڕیاری پارلەمان بگری و نە بایەخ بۆ دەنگی خەڵک بە بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم بگری ئاخر ئەمە کوێی شرۆڤە ولێکدانەوەیە من نازانم.

ڕێفراندۆم لە ٢٥ - ٩ - ٢٠١٧ بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا، گەورەیی ڕێفراندۆم وای کرد کە تەنانەت مەلا عەلی باپیر و سەرکردە ڤین لەدڵەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیش قامکی شین مۆرکراویان بەرەو ڕووی تەلەویزیۆنەکان دەگرت و دەیان کوت هاها تەماشا کەن دەنگمان داوە بە سەربەخۆیی، کە من دڵنیام هیچ یەک لە سەرکردەکانی گۆڕان وبەشی هەرە زۆری یەکێتی و کۆمەڵ دەنگیان بە بەڵێ نەدا بۆ سەربەخۆیی بەڵام ئیتر ئەوان لەبەرمبەر ئیرادەی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی بە چۆکدا هاتن و دەبوو درۆ بکەن وپۆز لێبدەن کە بەڵێ ئێمەش هەین!

ڕێفراندۆم تەواو بوو، لە دووکان کۆبوونەوەی هاوبەشی یەکێتی و پارتی بەبەشداری زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی هەردووک لا ئەنجامدرا و لەوێ سوێند خورا و بەڵێین درا کە بۆ داکۆکی لە ئامانجەکانی ڕێفراندۆم و بۆ داکۆکی لە خاکی کوردستان لە بەرامبەر هێرشی داگیرکەردا دیفاع لە کەرکووک و ناوچە ڕزگار کراوەکان بکەن.

تا ئێرە کەس ناتوانێ یەک وشەش لەو نووسینە وەپاش داتەوە. دەی کە هیرش نزیک بۆوە یەکێتی خەیانەتی کرد و لە بنەوە بە فەرمانی قاسم سولەیمانی دەستی دەگەڵ حەشدی شەعبی تێکەڵ کرد و کەرکووکی تەسلیم بەداگیر کەر کرد! ئایا ئەوە دەگەی نامەرتدانە، لە پشتەوە خەنجەر لێدان، خەیانەت نەبێ هیچ ناوێکی دیکەی هەیە؟ دەی ئەمە چی بە ڕێک نەبوونی ناومالّی کورد داوە؟ خۆ ئەوەی دیتمان و لەو نووسینەدا بە کورتی شی کرایەوە ڕوونە کە لە سەر مەسەلەی داکۆکی و دیفاع لە ناوچە ڕزگار کراوەکان بەڵینی دیفاع و بەرنگاربوونەوەیان دابوو، ئیتر ڕیک نەبوونی ناومالێ کوردی چی و شتی چی؟ ئەوجار زۆر چاکە تۆ لە ناوخۆت دا ڕیک نی کێشەتان هەیە کە لە هەموو پارچەکان ئەو کێشەیە بۆتە سەرەتانی ناومالّی کورد ، ئەوە چۆن پاساوێکە کە لایەنێک بچێ و خاکی نیشتمانە کەی خۆی کە پێشمەرگە بە خوێن لە چنگ داعش



سەرچاوە
Serchawe

ئازادی کردووە تەسلیم بە داگیر کەری بکات و نووسەری کوردیش بۆ پاساودانەوەی خەیانەت بڵێ چۆن نێوماڵی کورد ڕێک نەبووە و ڕێفراندۆم لە کاتی خۆی دانەکراوە (کە هەرگیز ئەو کاتە بوونی نابێ ئەگەر خۆت ئیرادە نەکەی) بۆیە دەستەیەک مەیلی خەیانەتیان دەبزوێ و نیشتمانی خۆیان هەرزان فرۆش دەکەن!!

من زۆر جاران کوتوومە و دەیڵێمەوە کە چ ئەوانەی ناوخۆی کوردستان کە لە ژێر دەستی داگیرکەران دان و چ ئەوانەی لە باشوور دەژین ئەگەر ناتوانن ڕاستیەکان وەک خۆیان باس بکەن کە منیش دەزانم باسکردنی مەترسیدارە با بێدەنگەی لێبکەن باشترە،

هیچ نەکوتن باشترە لەوەی سبەی ئەو نووسیینە پاساودەرانەیەیان لەسەر ببێ بەماڵ. ڕاستی ڕیفراندۆم و ئاشکرا بوونی خەیانەتی یەکیتی بە کورد وبە کوردستان ئیتر بوو بە مێژوو و بە هیچکەس پاساو نادرێتەوە ئیدی بۆ هەندێ کەس خەریکن بەڕۆژی ڕووناک خۆڵ لە چاوی خەڵک بکەن و لە هیچ و خۆڕاییش خۆیان پیاوخەراپ بکەن من لەو رازە سەردەر ناکەم.

١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

---

# حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە کوێوە بۆ کوێ

ماندوو مردوو لەسەر کار هاتمەوە کە پۆستێکی کامرانی قازیم دیت وەک هەمیشە هەتا بڵێی تۆند، هیچم نەکوت و لینکەکەی کە دایناببوو کردمەوە و گوێم لەقسەکانی کاک حەسەن شێخانی ئەندامی ڕێبەری حدک ڕاگرت زۆر بەوردی، ئەگەر بڵێم قسە نا خەیاڵ پڵاوباشترە چون بەڕاستی ئەوەی ئەو بەڕێزە باسی دەکرد دەخەیاڵیش دا نەدەگونجا.

"کام یەک لە میتۆدەکان دەتوانن باشتر خزمەت بە هەدەفەکەی تۆ بکەن، تۆ ئەگەر چاو لە ئەزموونی هەندێ وڵاتان بکەی شۆڕشی گەورە بوون و گۆڕانکاری بنچینەییشیان هێناوەوتە ئاراوە بەڵام لە میتۆدگەلی توندو تیژ کەڵکیان وەرنەگرتووە؟ مەسەلەن گاندی لە هیندوستان مەسەلەن ئەفریقای جنووبی نیلسون ماندیلا....

ئیتر ئەندامی ڕێبەری حدک پێدا دەچێیتە خوارێ ئەوەی دەیڵێ نایڵێتەوە. دیارە هەموو هەوڵ و تەقەلای کاک حەسەن ئەوەیە کە فکرەی ئیسلاح تەڵەبی یان وەک هەندێ دەڵێن تەسلیم تەڵەبی وەک فکرەیەکی غاڵب بەسەر فەزای گفتگۆکە دا سوار بکات و ئەلحەق ئەوەی کە دیمانەکەشی دەگەڵ دەکا چاکی لەبەر دەگێڕێتەوە و بەجووتە وەک ئەندامی حیزبێکی تازەی کوردستانی هەڵوێستی یەکجار تازە بە گوێمان دا دەچرپێنن، بۆ دەڵێم حیزبێکی تازە چون بەڕاستی بە هەموو پێوەرێک ئەو بەڕێزە لە ئوسوول و لە بەرنامە و لە ئامنج و لە تاکتیک و ستراتیژی حیزب لایدابوو بە فەرسەخ!

من ناچمە نێو تاک بە تاکی باسەکان بەڵام پرسیار لە ڕێبەری حیزب و لە کادر و لە ئەندامانی حدک دەکەم کە بۆ منی لایەنگرێکی خۆتان، بۆ کەسێک کە بە شاهیدی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەری لە ساخ کردنەوەی حدک دا و لە نەشونماکردنیدا کەمم نەکردووە. دەی مافی خۆمە بڵێم بۆم ڕوون بکەنەوە قازانجی ئەو دیمانەیە لەوڕۆدا و ڕاست لە چلەی کۆمەڵکوژیەکەی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادر و پێشمەرگەکانی حدکا دا بە کام ئامانج؟

کاک حەسەنی بەڕێز دەقیقەن ڕوو بەحدکا بێئەوەی ناویان بێنێ دەڵێ قاسملوو دەڵێ گرتنی پایگا باشە، زەبر لێدان لەدوژمن باشە بەڵام بە خەسارەتی کەم،(یانی حدکا خەسارەتی زۆرە) ئیتر ئەمەیە دیپلۆماسی ئەندامی ڕێبەری کە قسە دەکات هێندە ورد بینە مەبەستەکەش دەگەیەنێ بەڵام ناهێڵێ کەس سۆسەی بکا یان کەس قسەکەی لەسەر بکا بە ماڵ!!! ئیدی ئەو برادەرە لە بیری چۆتەوە کە مەسەلەن ٥٠٠٠ شەهیدی پێشمەرگە وئەندام کە بە دەیان جار لە ڕاگەیاندنەکانی حیزب دا بە حیساب دێن و هاتوون خەسارەتی کەمە کە نزیک بەهەموویان لە دەورانی قاسملوو و شەڕەفکەندی دا شیهید

بوون؟ یان دەڵێ دوژمن لەو مەیدانە دا تۆ بە چالش دەکێشێ کە خۆی تێدا دەستی باڵای هەیە و لە تۆ بەهێزترە واتە مەیدانی سەربازی و چەکداری، یانی ئەو کاتەی بۆ ماوەی ۲ دەیە خەباتی توند و تیژ و چەکداریمان کردبوو دۆژمن هەر کەلاشینکۆف و ژ - س ی پێبوو و ئێمەش تانک و تۆپ و تەیارەمان هەبوو؟!خۆلاسە ئەو برادەرە وەها نوقمی خەیالات بووە و وەک دەڵێن جەو گرتوویەتی و بە ئاشکرا دەیهەوێ بڵێ کە چمان بۆ ناکرێ و خەباتی توند و تیژ واتە پێشمەرگانە کەڵکی نیەو بەکاری ئێمە نایە دەنا خەسارەتی زیاتری بەدوادا دێ وەک ئەوەی بڵێی مووشەکەکانی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران لە ۱۷ی خەرمانانی ڕابردوو بە کولاهەکی لۆکە دا پۆشرابوون!

سەرکردایەتی حدک دەبێ دەگەڵ خەڵک ڕووراست بێ، ئەو دیمانەیە بێ ئیزنی سەرکردایەتی ئیمکانی بڵاو بوونەوەی نەدەبوو، دەنا چۆنە نووسینی کەسێکی ئەندامی حیزب لە هێڵەگ دەدرێ و بڵاو نابێتەوە بەڵام ئەو دیمانەیە کە ڕاستەخۆش نییە بڵاو دەبێتەوە؟ کەوایە ئەو ڕا و بۆچوونی سەرکردایەتی حدک ە، کە ئەگەر خۆیان ساخ کەنەوە بەڕاستی و لە دڵەوە دەڵێم هیچ کێشەیەکی نیە بەڵام کورد گوتەنی هەم خودا و هەم خورما ئەویش لەو جەوەی ئێستای ڕۆژهەڵات دا دەست نادا. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە بینش و هەڵسەنگاندنی سیاسیی سەرکردایەتی حدک بۆ هێندە بەرتەسک بۆتەوە ئاخر لەو کاتەدا کە ڕێژیم لەوپەڕی لاوازی و بێهیزی دایە کوا کاتی ئەو شرۆڤەکارییە سەقەتەیە! مرۆڤ جار جارە بەڕاستی دڵی بۆ ئەو هەمووە فیداکاری و دڵسۆزی ئەندامان و لایەنگرانی حدک دەسووتێ کە بە دووقسەی بێسەرەوبەرەو ناپێویست هەموو ریسەکەیان لێدەکەنەوە بە خوری!

خاڵێکی گرینگی دیکە لەو باسەدا ئەوەیە کە با هەموو لایەک ویژدانی خۆمان بکەینە قازی دەی بەو تێڕوانینە حدکا چۆنتان دەگەڵ یەکبگرێتەوە؟ یان کوا ئەو دوو بینش و تێڕوانینە سەتا سەت جیاوازە دەکرێ لە حیزبێک دا یان لەبەرەیکدا بە یەکەوە کار بکەن؟!!

ئێمە حیزبی باشوور نەماوە داینەپاچین دەڵێین دەگەڵ خەڵک ڕوو ڕاست نین، دەی ئەگەر ئەوانەی خۆشمان هەر وابن ئیدی ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتمان لە چیە؟ ئەو فکرە تەسلیم تەڵەبییە کە بە ئاشکرا لە تەلەویزیۆنی کورد کاناڵ بڵاو دەبێتەوە یەکەم یانی بە فێرۆدانی خوێنی هەموو شەهیدانی حیزب بە تایبەتی ئەوانەی بەم دواییە و لە کارەساتی جنایەتکارانەدا بە مووشەکی فاشیسمی مەسەبی خەڵتانی خوێن کران، دووهەرم یانی پێشێلکردنی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبێک تاکتیک و ستراتیژی ئەو حیزبەکە کۆنگرە بڕیاری لەسەر داوە. هەر بۆیە سەرکردایەتی حدک ئەگەر ئەوە باوەڕێتی با هەرچی زووترئەو گەنج و لاوانە و ئەو ژن ومنداڵە لە ژێر نشانەی مووشەک و فرۆکەکانی ڕێژیم بێنێتە دەر و دووبارە دوچاری کارەساتیان نەکا.

با ئەووەش بڵێم من سیاسەت بۆ حدک دیاری ناکەم هەر کەسەو و هەر حیزبەی خۆی سیاسەتی خۆی دیاری دەکات بەڵام کورد گوتەنی دوو شووتی بەدەستێک هەڵناگیرێ، ئەوەی کاک حەسەن شێخانی فەرمووی دەگەڵ ڕووحی شۆڕشگێری و دەگەڵ خەسلەتی حیزبێکی شۆڕشگێڕی وەک حدک نایخوێنێتەوە و زەمین و ئاسمانیان نیوانە، هەر بۆیە دەبێ سەرکردایەتی ئەو حیزبە بۆ خەڵکی کوردستانی ڕوون کاتەوە کە ستراتیژی ئەو حیزبە و تاکتیکی ئەو حیزبە چیە بەرامبەر بە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران. ئەوجار ئێوە کە بە شێوەی نیلسۆن ماندیلا و گاندی سیاسەت دەکەن ئەویش دەگەڵ دڕندەترین فاشیزمی سەردەم وناتان هەوێ کوڕی خەڵک بە کوشت بچێ ئیدی دەورەی پێشمەرگایەتی بۆ بۆ گەنج و لاوی کورد دەکەنەوە؟ کەس نیە نەزانێ پێشمەرگە ناوی خۆی بەخۆیەوە وبە شریخەی ئارپیجی و ڕێژنە و قرمەی گوللە نەبێ دەگەڵ داگیرکەر نادوێ.

وتەی ئاخر: من لە ژیانمدا بە هیچ حیزبێکم نەکوتووە دەبێ پێشمەرگە بنێرییەوە شەڕی چەکداری بکەی بەڵام ئەگەر ناردبێتییەوە ڕێزم لێگرتووە و پشتیوانی بووم، هەربۆیە ئەو مافەش بە خۆم نادەم کە بە حدک بڵێم دەبێ پێشمەرگەی هەبێ و دەبێ هەڵکوتێتە سەر پایەگا و دوژمن ئاور بدا، ئاخر هێندە خام هەر نیم لە کاناداوە فەرماندەیی شەڕ بکەم یان خوازیاری شەڕێک بم کە بچووکترین بەشداری کردەییم تێیدا نیە، بەڵام حیزبێکی کوردستانی کە دروشمەکەی کۆمارێکی کوردستانی بێ و تەڕەفەکەی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران بێ دەبی خۆی دەگەڵ ئەو خەیاڵپلاوە کە خەریکە بە نێوی سیاسەت دەرخواردی خەڵکی دەدا ساخ کاتەوە.

١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## ئەگەر ئازادیش بێ ئازادی جادەیەکی یەکتەڕەفە نییە

ئەگەر بەڕێز شێخانی ئازادە لە تەلویزیۆنێک و ڕاگەیاندێکی زل وزەبەلاح را قسەی خۆی بکا و بیروباوەڕی خۆی بۆ خەڵک بڵاو کاتەوە کەمنیش یەکێک لەو خەڵکەم کەوایە منیش مافی خۆمە وەک لانی کەم یەکێک لەو خەڵکەی کاک حەسەن قسەیان بۆ دەکا وڵام بدەمەوە و پرسیار ئاراستە بکەم، ئاخر ئازادی خۆ جادەیەکی یەکتەڕەفە نیە هەر یەکێک پێیدا لێخوڕێ! لەو پێوەندیەدا کێ وڵامی پێیە با وڵامم بداتەوە مەمنوونی دەبم دەنا تکایە با کەس نە نەسیحەتم کات نەتانەو تەشەرم تێگرێ.

بیروڕا ئازادە و لە نووسینەکەی خۆشم دا بە ئاشکرا کوتوومە لێرەش دەڵێم تەنانەت ئەگەر سبەی حدک فڕێدا و بچێتەوە ناوخۆی ئێرانیش بۆ خەباتی سیاسیی و مەدەنی هەموو دنیا بە شاهید دەگرم کە من هەرگیز دوژمنیایەتیان و ئەوە وەک فکرەیەکی سیاسیی و حەرەکەتێکی سیایی قەبووڵ دەکەم ڕێزیشم بۆ خەڵکەکە هەیە، بەڵام موخالفیان دەبم و لەسەریان دەنووسم، لەو دیوارەکورتەش زیاتر هیچی دیکەم بە دەستەوە نیە و نە خاوەن دەستە و گرووپ و نە حیزب ونە ڕاگەیاندنیشم.

ئەوەی لای من عەجایبە هەڵوێستی نەشیاوە کە بە ناوی بیروڕای جیاواز پێمان بفرۆشنەوە. ئەوەی لای من نەشیاوە ئەوەیە کە دەبینم حدک خەریکە بە کردەوە لەت دەبێتەوە و ئەوە ژانەجەرگم پێدەگرێ، ئەوەی لای من نەشیاوە حیزبێک لەسەر بنەمای بەرنامە و ئەساسنامەیەک دادەمەزرێ و ئەگەر بەرنامە و ئەساسنامە گۆڕانی بەسەر دابێ لە کۆنگرە دا دەبێ ئاڵوگۆڕی فکری لەو بەرنامەیەدا بگونجێ نەک پێش کۆنگرە، ئەوە لادانە لە هەموو ئوسوول و پرەنسیبێکی حیزبی، دیارە من وەک ئوسول باسی دەکەم دەنا کەیفی خۆتانە حیزبی ملکی ئێوە خۆ هی من نیە چۆنی پێتان خۆشە بە دیفاعە کوێر کوێرانەکانتان وێرانی کەن! برە خۆشەویستی و حەزی ئێمەش بە جەهەنەم وەک هیچ بایەخێکتان بۆ دانەناوە بۆی دامەنێن بەڵام لەوە دڵنیا بن ئەوەی من دەیڵێم قسەی هەزاران و هەزاران ئەندام ولایەنگری خۆتانە ئەوان ناکرێ و نابێ بێڵێن و من خوێنی خۆم تاڵ دەکەم و دەیڵێم.

**بژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان**

١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# ون بوون لە گێژاوێک بەناوی حیزبدا

زۆر جاران بەو قەناعەتە دەگەم کە ئەو فەیسبووکە جێگای من نیە، ئاخر مرۆڤ کە خۆی بوو، پیاوی کەس نەبوو، عەبدی کەس نەبوو، مرید و دروێشی فلان سەرکردە و فڵان حیزب نەبوو، سەربەست و سەرکەش و بۆخۆی بوو، ملۆزمێکە بۆ باوەرە "بلە" کان، بۆ سەوداگەرانی سیاسەت!

سیاسەت و بەشداری کردن لەو فەیسبووکە بۆ دوو تیرە باش ڕێککەوتوە، یەکەم ئەوانەی سەربە یەکێکن، پیاوی یەکێکن، یان بەردەو و عەبدی حیزبن، ئەوان هیچیان نیە بە حیزبی ببەخشن بەڵکوو لە کەسێتی حیزب دەخۆن ئەو حیزبەی بە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی فیداکاری گەلی بەشمەینەتی کورد گەیشتۆتە ئێرە. دووهەم بۆ ئەوانەی نان بە نرخی ڕۆژ دەخۆن، با لە کوێیەوە بێ لەوێ شەن دەکەن، کە بابەتێک ڕوودادا ڕادەوەستن تا بارگرانیەکە هەڵسەنگێنن بە کام لا دا کەوت ئەوانیش بەولای دا دەکەون.

چالاکی لە تۆڕەکۆمەلایەتیەکان بۆ ئەو کەسانە گونجاوە و بە پیت وبەرەکەتە کە بەهەمان میتۆدی سیاسەتی ڕەخنەگرتن لە باشوور واتە فیفتی بە فیفتی شرۆڤەی ڕووداوەکان بکەن و هەرگیز نەهێڵن دڵی کەسیان لێبێشێ! تاکتی لای ئەوان ئاوهایە کە هەر شتەو لە جێگای خۆی هەڵ نەسەنگێنن بەڵکوو بە پێی ویست و حەز و ئارەزووی خەلک لێکی دەنەوە!

سیاسەت ئیتر بۆتە توجارەت، توجارەت بە مرۆڤەوە کردن، بەهانەکەش خەلک و خزمەتی خەلک و ئازادی خەڵک و ئەو دروشمانەن، حیزب بەهانەیەکە بۆ خۆ دەرخستن، بۆ خاڵی کردنەوەی ڕق لەوی دیکە کە وەک تۆ نیە، حیزبێک لە حەیفی حیزبێکی دیکە مەسەلەن نیوەی کوردستان بە لاش دەدا بە داگیرکەر، ناویشی دەنێ سیاسەت، عەبد و بەردە و دەرویشە حیزبیەکانیش چەپڵەی بۆ لێدەدەن، دەڵێین ڕاست دەکا، حیزبەکەم لێزانەو کاری چاک دەکا. حیزبێک یان یەکیک لە حیزبێک هەڵەیەک دەکا ، تۆ ڕەخنەیەک بگرە ڕەخنەکەت مەنتیقیش بێ ئەوان بە نامەنتیقی وڵامت دەدەنەوە، لە ئەسڵی باسەکە خۆ دەدزنەوە، پرسیارەکانت ولام نادەنەوە، بە سەفسەتەو خۆدزینەوە لە ئەسڵی باسکەت تانە و تەشەردەکەن بە چەکی دەستیان و لەمێشکی بەستەزمان کەڵک وەرناگرن بۆ ولامدانەوە و بیرکردنەوە وڕامان. پاساو بۆ هەڵەکەی خۆیان دێننەوە و لەهەمووشی خەراپتر داکۆکی لە هەڵە دەکەن کە ئیتر ئەمایان سەرەتای وێرانبونی حیزبە.

لە کێ بەرکێی حیزبەکاندا و لە نێوان دووحیزبی یەک نەتەوە ویەک نیشتمان، ڕکەو ڕقەبەرایەتی لەوپەڕی خۆیدایە،

هەرکەسە و دەیهەوێ لەسەر حیسابی مەرگی ئەودیکە شایی بکا وبوونی خۆی و سەلماندنی خۆی و بەهەق بوونی خۆی بسەلمێنێ، بەناوی ڕەخنە ناشیرینترین جنێوەکان ئاراستەی یەکتری دەکرێ، لێک لەبەهانەن سیمای یەکتری تا سنووری ڕووخاندن و وێرانکردن دەڕووشێنن، هیچ ڕەحمێک بەیەکتری ناکەن، هەر ئەمانەش کە چوونە بەردەم کامێراکان، پیاوماقوولێکن کەس تایان ناکات.

سەرکردەکان لە دوورەوە تەماشای ئەو فیلمە دەکەن، ئەوان کەیفیان بەوە دێ کە خەڵک خەریکە شەڕەچەقۆیان لەسەر دەکا، دەستیان وەبەر چەناگە داوە و سەیری ویدۆیەکی کورتی خۆیان دەکەن و گەزگەز باڵا دەکەن کە دەروێشێک بۆی نووسیون، سلاو لە سەرکردە تاک وتەنیاکە، سڵاو لە تاکە ڕیبەری ڕۆژهەڵات، سڵاو لە... سەرکردە بزیەکی بە گۆشەی لیویدا ڕەت دەبێ و ئەوجار لە سەر موبلەکەی پاڵ دەداتەوە دەفکران رادەچێ...

پۆپۆلیسم لە کوردستان باشترین کاڵایە هەر حزبێک و هەر سەرکردەیەک پتر کەڵک لەو مەتاعە وەرگرێ بازاڕی گەرمەو سەرکەوتووترە.

بێ حیزب و بێ ڕیبەر و بێ سەرکردە خۆم وەی لە خۆم فەقیرێ...

٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ئێمەو ئەرکە هەنووکەییەکان

لە هەلوومەرجێکدا کە ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران لە هەموو لاوە لە گەماۆی ئابووریدایە و ئەوکی رۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ڕێکدەگوشرێ، باسکردن لە بێمانابوونی خەباتی چەکداری یەکجار سەقەتخوێندنەوەیە و بێمانا یەو یەکجار یەکجار بێ مەوریدە و نازەرووری، ئەوباسە کاردانەوەی خێرای لێکەوتەو ئەوانەی دەگەڵ ئەوبۆچوونە نەبوون هیچ کەسیان نەیانکوتووە بچن بیڕۆخێنن کەسیش لەدوورەوە فەرماندەیی پێشمەرگەی نەکردووە و ناکات، کارم بە قسە و وردە فەرمایشتی هەندێ فالانژ نیە کە لەهەردووک لاوە کەخۆیان بە حیزب هەڵاوەسیوە و شەخسیەتی لێوەردەگرن دەنا یەک دڵۆپیان ئارەقە لەو حزیبە دا نەڕشتووە.

ماوەیەک خەباتی مەدەنی بۆتە بنێشتەخۆشکە، خەباتی مەدەنی تا ئێرە پێوەندی بە هیچ حیزبێکەوە نەبووە، راستە حدک زیاتری سەرنج داوەتە ئەو بابەتە بەڵام تا ئەم چرکە ساتەش بچووکترین پرۆژەی بۆ بەهێزکردنی خەباتی مەدەنی نەبووە تەنانەت یەک بەرنامەی فیرکاری و باس وبابەتی پێوەندیدار بەو مەسەلەیەی لە کوردکانالێس نەبووە. دەی بۆچی هەرجوولەیەکی مەدەنی خەریکن بە نێوی خۆتان سەبت دەکەن؟ خەڵک بۆخۆیان لە ناوخۆ بەگیان لەسەردەست دانانیان خەریکن حەڕەکەتێکی بچووک بکەن بۆ لێیان دەبن بە ساحەب؟

لە مێژووی خەبات و حەڕەکەتی مەدەنی ڕۆژهەلات دا بە دیاری ئەگەر باسی سەرکەوتنی یەک حەڕەکەتی مەدەنی بکەین کە حیزبەکان ئەویش نەک بەتەنیا بەڵکوو هەموو پێکەوە بە هاوکاری چالاکانی مەدەنی دەرەوە وناوخۆ توانیان تێیدا سەرکەون، حەڕەکەتی ۲۱ ی خەرمانان بوو کە لە یەک ڕستەدا دەتوانین بڵێین بەرهەمی کۆدەنگی هێزەسیاسەکان وڕەنگدانەوەی لە ناو خەڵکی ناوخۆ بوو نەک هی تاکە حیزبێک جا بە هەر لایەنگرانی حدکا بڵێین ئەوە پەیامی راسان بوو ئەوانی دیکەش بڵێین ئەوە سەرکەوتنی تێزەکانی کاک خالیدی عەزیزی بوو.

بەڵام ئەگەر باسی خەباتی چەکداریش بکرێ ئەوەی خەباتی چەکداری بێ زۆربەمان دەزانین کە ئوسوول و پێداویستی و کەرەسە وئەبزاری خۆی هەیە، من وەک خۆم دەیان جارم کوتووە پێشمەرگە ئەگەر لە ئەرک و چالاکی واقعی خۆی دوور کەوتەوە زەرەبە دەخوا.

ڕاسانی حدکا خەساری گەورەی بەدواوە بووە، بڕینی شەهید بوونی پۆل پۆل پێشمەرگە زامێکە لە سەر دڵ و هەناوی هەموو

کوردێکی نیشتمانپەروەر، هۆکاری ئەو بە کۆمەڵ شەهید بوونەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە پێشمەرگە وەک خۆی و وەک جێبەجێکاری ئەرک وفەرمانی پێشمەرگە نەچۆتەوە ناوچە، هەربۆیە زەبری زیاتر دەخوات، دەنا بە دڵنیاییەوە ئەگەر دەرفەتی ئەوەی هەبێ و هەلوومەرجی ئەوەی هەبێ کە پێشمەرگە هەمان زەبروەشێنەکەی جاران بێ خەسارەتەکە نیوەی نیو هێندە نابێ و دوژمنیش دە ئەوندەی زەبر وێدەکەوێ. بەڵام لەگەڵ هەموو ڕەخنە وگلەییەکان لە ڕاسانی حدکا دەبێ ئەو ڕاستیە قەبووڵ بکەین کە چوونەوەی پێشمەرگە بەو دەستبەستراوییەش ئوباهەت وهەیبەتی ڕێژیمی داگیرکەری شکاندووە و لەخۆرا نیە ئاوری گرتووە و داوا دەکا کە با ڕێگریان لێبکرێ و سنوور نەبەزێنن!

ئایا ئێستا دەرفەتی ئەوە هەیە و هەلوومەرجەکە ئامادەیە بۆ ئەوەی حیزبەکان بتوانن پێشمەرگە وەک جاران و بەهەمان ئەرک وفەرمان بەڵام لە دەشتی کۆیە ڕا بنێرنەوە، یان دەفکری ئەوە دا دەبن وەک پ ک ک دۆڵێک بۆخۆیان ئاوەدان کەنەوە تا ئەو دمی سەروەر و سەردار هەرخۆیان بن، ئیتر ئەوە باسێکە کە دەبێ بەرپرسەکان سەرنجی جددی بدەنێ و وڵامی بۆ بیيننەوە.

ئەو باسانە هیبچیان بڤە نین و خۆزگە لە فەزایەکی ئارام دا و بەدوور لە فاڵانژ و شارلاتانەکانی هەردووک لا کە جگە لە جنێو سووکایەتی هەر لە بنەماڵەرا هیچ فێر نەبوون، بووبا بەباسی ڕۆژ و قسە و گفتگۆی لەسەر کرابا، خۆزگە لەجیات ئەو هەمووە وزەیەی بۆ دژایەتی یەکتر بەکار دێ لانی کەم لە جێگایەکەوە دەست پێبکەین و بوێرێن لە گفتگۆیەکی دۆستانە و دڵسۆزانە دا خەسارناسی بۆ ئەو وەزعیەتە بکەیەن کە هەیە.

لەهەموو حاڵەتێکدا نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئێمە چ ئەوانەی جێگایان سارده و چ ئەوانەی جێگایان گەرمە ڕەتێندراوی ڕێژیمێکین کە تا ئەو هەبێ ئێمە هەر هەڵوەدا و هەر دەبێ ئەوە حاڵمان بێ کە هەیە، کەوایە با هەموو کار و کردارمان لە پێناو وێرانکردنی ئەو بنامایانە بێ کە ئەو ڕێژیمە داگیرکەرەی لەسەر بنیات نراوە. لەهەلوومەرجی ئێستا دا هیچ ئەرکێک لە نزیککردنەوەی حیزبەکان و کۆکردنەویان لانی کەم لەبەرەیەکی دیمۆکراتیکی کوردستانیدا واجبتر نیە، باسی بێسوود و شرۆڤەی رووکەشانە و ناپێویست وتەنیا بۆ بەگژداهاتنەوەی یەکتر و سووکە پۆزێکی رووناکبیرانە ڕەنگە ڕێزێ چەپلەی دەروێشەحیزبیەکانی بەدواوەبێ و بە بژی وبمرێ بە پیر بۆچوونێکی واوە بچن بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە هیچ خزمەتێک نە بە دۆزی سیاسیی حیزبەکان دەکات و نە بە هی خەڵکی کوردستانیش.

٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## با حدک پەرە بە جیاوازیەکەی خۆی دەگەڵ حیزبەکانی دیکە بدا و شانازیشی پێوەبکات

من یەکەم کەس بووم کە زۆر بەتوندی بەرامبەر قسەکانی کاک حەسەن شیخانی ئەندامی ڕێبەڕی حیزب بابەتم نووسی و ئەزقەزا زۆریش بە تووڕەیی نووسیم ، تا ئەم چرکە ساتە یەک کەس بە ڕونی کە دلنیام لەوانی بەهەڵە حیزبییە لەسەر دیوارەکەی خۆم و لە سەر دیوارەکەی خۆشی تانەی لێداوم وبوختانیشی پێکردووم و بێئەدەبیش دواوە دەنا نەمبیستووە یەک کەس بەرامبەر بەو وڕەخنە توندەی من بچووکترین بێڕیزی کردبێ.

ئەورۆ کاک ڕەحمانی سەلیمی کە لە بابەتەکەی خۆمدا نقورچم لەویش گرتبووەهەم ڕوونکردنەوە و هەمیش باسێکی تازەی لەو بارەوە هیناوەتە گۆڕێ بەو مانایە داوا لەە ئەنددمانی حدکا دەکات کە بێین و بە دیاری کراویش داوای لە کاک ڕوستەم جەهانگیری کردووە کەە بێت و وەک ڕەخنەگرێکی قسەکانی کاک حەسەن شێخانی تریبوونی کوردکاناڵی لە ئیختیار دایە و قسەی خۆی بکا کە بەداخەوە کاک ڕۆستەم بەهەر دەلیلێک بێ رەتی کردۆتەوە. ئەوە خۆی جارێ هەنگاوێکی گەورەیە بۆ ولامدەربوون لەبەرامبەر ڕەخنەو لێرەوە ئافەریم بۆ کاک ڕەحمان و بۆ حدک. بەڵام من لەوێشدا دووبارە من بۆچوونی خۆم وەک موخالیفی پێشنیارەکەشی و وەک لێدوانەکەی بەڕێز کاک حەسەنی شیخانیش دووبارە کردۆتەوە، حەز دەکەم سەیری گفتگۆی ئەندامانی حدک بکەن کە ئەلحەق بێڕێزی زۆریان پێکرا، بێئینسافی زۆریان دەبارەیدا کرا بەڵام ببینن دەگەڵ هەموو ئەوانە دا لاوەکان و گەنجەکانیان چۆن باسی ئەو بابەتە دەکەن،.

ئەوان لەجیاتی لەبەرامبەر ڕەخنەگرەکاندا سەنگەر لێبدەن پێشنیار دەکەن کە ڕەخنەگران قسەیان دەگەڵ بکرێ و وڵامی کاک حەسەن شێخانی لە کورد کاناڵ بدەنەوە، لەو بارەوە یەک دوو کەسیان بە دیاریکراوی من وکاک ئاواتی عەلیاریان پێشنیار کردووە ، جگە لەمانە خودی کاک ڕەحمانی سەلیمی ئەو پێشنیارەی بەمن کردووە، لێرە بۆئەوەی کەس وابیر نەکاتەوە کە ئەوە نان بە قەرزدانە تا دڵنیابم کە وتوویژم دەگەڵ دەکەن و سیمام دەچێتەوە سەر کوردکاناڵ هەمووڵایەک دڵنیا دەکەمەوە کە من لە گەڵ کوردکاناڵ ئە و وتوویژە ناکەم بەڵام یەکجار بە باسە خۆشحاڵ بووم و هیوادارم ئەندامان و لایەنگرانی حدک ئەو پرستیژەو ئەو کەسایەتیە بپارێزن کە ئەمە سەرمایەیەکی گەورەیە. لەهەمان کاتدا من پێشنیارم کردووە کە حەتمەن لای خۆیان خەڵکێک هەیە وەک ڕیزدار کاک حەسەن شیخانی بیرنەکاتەوە کەوایە باشترە دەگەڵ ئەوان ئەو باسە درێژە بدەن ئەگەرچی قسەی سەرەکی من لە سەر رەخنە کە کاک حەسەن شێخانی ئەوە بووە کە ئەسڵەن ئەو باسە هیچ زەروورەتێکی نەبووە و حدک و حدکا و هەموو هێزە سیاسیەکان کاری زۆر لەوەی گەورەتر و شرۆڤەی زۆر لەوە پێویستریان لەبەر دەمدایە تا قسەی لەسەر بکەن.

ڕێزو خۆشەویستی بۆ کاک ڕەحمانی سەلیمی وکاک حەسەن شێخانی و ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆز و ڕێزادار و تێگەیشتوو و پێگەیشتووی حدک کە لەفەزای گفتگۆی سالم و دۆستانە دا ئەوپەڕی ڕێزیان لە موخالیفان ولە ڕەخنەگرانی حدک گرتووە. ئەمە یانی ئاڵوگڕی گەورە وبۆ یەکەم جارە من وەک خۆم دەرفەت و بەستەرێکی ئاوا لەکێشەو گلەیی وگازندی نێوان ئەندامان ولایەنگرانی حیزبەکاندا ببینم.

٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# جیۆازی نەتەوەیی بوون و حیزبی بوون

باوەڕ ناکەم ئیدی کەس هەبێ هەستی بەوە نەکردبێ کە نەتەوەییەکان ستراتیژیان ڕوون و ئاشکرایە و ئەویش ڕزگاری نەتەوە و نیشتمانە لە ژێردەستەیی داگیرکەران و بەسەربەستی گەیشتنی کورد و کوردستان. دژبەرانی ئەو بیرە نەتەوەییە واتە حیزبییەکان، ئەوانی پێیان وایە ئەگەر حیزب بەو ساختار و بەو سیاسەت و تاکتیک و ستراتیژییە ئێستایەوە نەمێنێ کەوایە ئەوانیش لە دنیای هەراوی کوردایەتی دا بزر دەبن و کەس ئیدی هەر بە خاتری چەپڵەکانیان بۆ هەموو هەڵە وپەڵەی حیزبەکەیان بە پیاویان نازانێ! ئاخر لە کوردایەتی دا و لە نەتەوەییی بووندا هەموو تواناکان تێکەڵ بەیەک دەبن و ڕەنگە ئەوانەی ئێستا وەک سەرکردە دەناسرێن و بە دەیان کەسن و بە هەزارانیش لە دەوروبەریان بن ئیدی وا نەمێنن وبەڕێوبەری و سەرکردایەتی دەکەوێتە دەستی هەندێکیان ئیدی ئەو لەشکرە سیاسەتمەدارە خۆخۆرەو خۆ ویستە نامێنێ.

لە کوردایەتی دا دوودێمۆکرات مانا نادا کە هیچ کۆمەڵەو دێمۆکراتیش نامێنی، نموونەی هەرە بەرچاو وڕوون لە سەر بیری سەربەخۆیی خوازی لەو یەکدوو ساڵەی رابردوو بە دەیان کەسی دێمۆکرات و کۆمەڵە و پاک و خەبات و یەکێتی پێشوو و پارتی و توودەیی و کۆنگرەی ٤ یەکان و فیدایی و بەگشتی هەرچی چالاکی سیاسی وکۆمەڵایەتی و مەدەنی کوردە و باوەڕی بە سەربەخۆیی هەیە لە پڕ و بێ ئەوەی زۆربەی زۆریان یەکتریشیان دیبێ وناسیبێ و هیچ سوێند و قورعانێکیان بۆ هاوکاری و هاوخەباتی دەگەڵ یەکتری خواردبێ ئوتوماتیکییەن بوون بە برا و پشتوپەنای یەکتری وهاوڕێ وهاوسەنگەر. لەنێوا ئەم باوەڕەدا کەس بیری لەسەرکردەش نەدەکردەوە ئاخۆ کێ ڕێبەرەو کێ نییە؟ ئیدی ڕەنگ و حیزب نەمان و هەستەکان وهەوڵەکان بوون بە یەک.

کەسەرنجت دابێ هەرگیز داگیرکەران وەک ئەوکاتەی باسی سەربەخۆیی بوو نەهاتوونە دەنگ، کێچیان دەکەوتێ نەکەوتووە! ئەی بۆ ئەوان قەت خۆیان بە حیزب حێزبێنە ماندوو نەکردووە؟ ئەوان دزانن تا حیزب زیاتر بن ڕیزی گەل پتر لەبەر یەک دەترازێ! کێ دەڵێ خۆیان بنیاتنەری ئەو هەموو بەلبەشۆییەو حیزب بازیە نین؟ بەڵام سەربەخۆیی خوازی بۆیان مەترسیدارە بۆیە لای ئێمەش سەبەخۆیی خوازی بۆتە بڤە. ئەها سەبر قسەی وانەکەی با بۆنی تەجزیە تەڵەبیمان لێێنەیە؟ یا بەتەزیەتەڵەب تۆمەتبارمان نەکەن؟ ئیدی تۆ سەرکردە و حیزب نابینی بوێرێ بڵێ بەڵێ من سەربەخۆیی خوازم . چون وایان ڕاهێناوین، وا فێرکراوین کە دوو هێندەی داگیرکەر لە وشەی سەربەخۆیی خوازی بترسین.

وا فێر کراوین بۆیە بێ مناسبەت و بە مناسبەت تانە لەسەربەخۆیی خوازەکان دەدرێ؟ لە باشوور هەموو حیزبەکانی سەر بە بەرەی ئێران بە پ ک ک شەوە گەپیان بە دەولەتی کوردی دەدا، سێ هێندەی داگیرکەران دژی دەوەستان و تەبلیغیان لە دژی ڕیفراندۆم و بیری سەربەستی کورد دەکرد، بەڵام کاتێ ئاپۆڕای خەلکی کوردیان دیت وکاتێ بڕیاری گەل و سەرکردەی بوێری کورد مەسعوود بارزانیان دیت ئیدی لە ڕۆژی دەنگدان سەرشۆڕانە هاتنە بەر تی ڤی یەکان وقامکی شینکراویان بەرووەڕووی کامێراکان دەگرت و دەیانگووت ها ئەوەتا منیش سەربەخۆیی خوازم!!

لە ڕۆژهەلاتی بناخەدانەری یەکەم کۆماری کوردستان ڕێڕەوانی پێشەوا وڕێڕەوانی کۆمار هەستی کوردانەی خۆیان نەشاردۆتەوە و بە گەرمی ئەوانەی بە باوەڕەوە دەگەڵ ڕەوتی سەربەخۆیی خوازی کەوتبوون نەک ئەوانەی وەک مۆد هەر ڕەگەڵ کەوتبوون ئێستاش بۆ سەربەستی کورد هەوڵ دەدەن، فکری سەربەخۆیی خوازی بێ ڕێکخراو بێ بوونی حیزبێکی سەربەخۆیی خواز بە پرتاو خەریکی گەشەسەندنە، لەبەرامبەریشدا هەندێ کوردی خۆ پێ ڕۆشنبیر هەر قسە لە قسەی دەکەوێ گەپ بە سەربەخۆیی خوازی دەدەن، برادەرێک ئەو ڕۆژانە لە سەر پۆستی دۆستێکی دیکە نووسیبووی "تازە خەریکن دەوڵەتیشت بۆ دروست دەکەن؟!" قسەکەی هەرچەند هیچ پێوەندی بە پۆستەکە نەبوو بەلام ناخی هەندێ کەسی دژی دەوڵەتی کوردی نەدەشاردەوە کە بەداخەوە ئەمانە خۆشیان پێ نوخبە و ڕۆشنبیری کوردە. ئەوان بۆ سەفسەتە و بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە فکرییەی تێیکەوتوون ڕەنگە باشترین گوزینەو ڕێگایان ئەوە بێ هێرش بکەنە سەر سەربەخۆیی خوازان بەڵام دڵنیا بن سبەی ئەگەر دوکتوری زانستە سیاسیەکانیشی هەبێ و پرۆفیسۆری فلان زانکۆی بە ناو ودەنگیش بێ لە ناو لێشاوی کوردپەروەران و سەبەستی خوازان وئازادیخوازانی ڕاستە قینە بزر دەبێ و ناوی لەکوولەکەی تەڕیشدا نامێنێ. جا بۆیە با هەموو کەس لە گفت ولفتی خۆی بەرپرسیار بێ و پاسەڕۆژی خۆی تووشی خەوش و لێڵی نەکات.

سەربەخۆیی خوازی تاکە ڕێگای ڕزگاریمانە، تەنیا بە و فکر و فەلسەفەو باوەڕە دەتوانین کورد لەسەری یەکتر و لە دەوری ئالای کوردستان کۆ کەینەوە، ناکۆکییەکان لەگۆڕ بنێین وبەکردەوە و بە دڵ و بە گیان هەموو برای یەک بین، ئائەمەیە دوژمن لێی دەترسێ و ئا ئەمەیە کە بۆ نموونە دەگەڵ ڕاگەیاندنی بڕیاڕی ڕیفراندۆم لە باشوور، تورک و عەرەب وئێرانی فارس وێکرا هاواریان لێ بلێند بوو کە ئێمە ناهێڵین ئیسرائیلی دووهەم دروست بێ! هەر بۆیە گەورەترین ئیمتیازایان دا بە یەکێتی نیشتمانی پێشوو تا خەیانەت لەگەلی خۆی بکا و ببێتە لەمپەر لەبەر دەم سەربەخۆیی کوردستان.

بەڵێ زوو یا درەنگ هەستی سەربەخۆیی خوازی ڕیزەکانی گەلی کورد یەک دەخا و کۆتایی بەو پەرتەوازەیی و پرشو بلاوییە دێنێ و دل و دەروونەکان یەکدەخاتەوە و کورد بەقەڵەمبازی گەورە بۆ سەربەخۆیی هەنگاو دەنێ.

٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# قۆنتراتی موخالیفەت

قسەکانی کاک خالید دۆینێ لە دیداری میری دا لە دوو تەوەری تەواو جیاواز دەگەڵ ڕابردوو پێکهاتبوو، یەکەمیان کە دەڵێ دەساڵ ئەو دەستەم بڵێدکرد بۆ دیالۆگ بەڵام ٤٠ شەو لەمەو پێش بە مووشەک وڵامیان داینەوە و تازە ئەو دەستە هەڵنایەتەوە، خۆی لەخۆیدا ئەرینی و گۆڕانێکە کە بۆچوون وهەڵسووکەوتی کاک خالید بەرامبەر بەڕێژێم و بەرامبەر بەو خۆشبینییەی لە پێشدا لە بارەی ئەو ڕێژیمە هەیبووە هەر ئەو روانگەیەش بوو مکە لە ناو خودی حدک دا مشت ومڕی زۆری لێکەوتۆتەوە وببووە هۆی لەبەرامبەر یەک ڕاوەستانی دوو ئیدەو باوەڕی جیا لەیەکتری، ئومێدەوارم کاک خالیدی عەزیزی دەس بەجێ و لەدوای ئەو گوتارە یەکەم کاری ئەوە بێ کە هەوڵ بدا هیچ ئاسەوارێکی دووبەرەکی و ناڕێکی لە حدک دا نەهێلێ، حدک یێکی بێهێز گەورەترین زەبرە لە پەیکەرەی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات و بەهێزی حدک یش بە دڵنیاییەوە ئومێد و هیواکان بە خەباتی لەبڕان نەهاتوو و شێلگیری گەنجان ولاوانی نیشتمان زیاتر و زیاتر دەکات.

کاک خالیدی عەزیزی دۆینێ لە قسەکانی دا گوتی ئیتر ئەو دەستە بۆ دانووستاندن و دیالۆگ دەگەڵ ئەو ڕێژیمە هەڵنایەوە و لە دوایی دا دەڵێ هەمیشە دیالۆگ ئەسڵێکە تۆ ناچاری بۆ چارەسەری کێشەکان دیالۆگ بکەی وبگەڕیوە تاران، لێرەدا وەک ئەسڵێک باس لە دیالۆگ دەکات کە باوەڕ ناکەم کەسمان لاریمان لەوە هەبی، ئەمن لەوە دڵنیام کە کاک خالید ئیتر بیرۆکەی هەرچەشنە دیالۆگێکی دەگەڵ فاشیزمی مەسەبی وەلاناوە ئەو زەرورەتە نابینێ، جا ئیتر هەندێ لە دۆستان پێیانوایە کە ئەوەی بەڕیزاین دوایە دووبارەی دەکاتەوە هەر هەمان شتەو ئەمەش واتا ڕەددانەوەی قسەکەی پێش خۆیەتی من دەدەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم و داهاتووش هەموو شتێک ڕوون دەکاتەوە.

دوکتور قاسملوو چەندین ساڵ لەمەوبەر وابزانم لە ساڵی ٨١ - ١٩٨٢ وکاتی گوتوبێژەکانی حکوومەتی عێراق و یەکێتی نیشتمانی لە کووبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ڕوو بەوان کوتبووی، کورد خەراپییەکەی ئەوەیە نە دەزانێ دەگەڵ کێ تەرەفە و نە دەزانێ چی دەوێ؟

ئەمرۆش کاک خالید بە بارێکی دیکەدا هەمان قسەی کردەوە و کورد لایەنێکی مەسەلەکەیە و دەبێ بزانین بەرامبەرەکەی کێیە، کوردفاکتەرێکە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەلام موخاتبەکانی کێنە؟ بۆ نموونە کوردلە عێراق دەگەڵ حکوومەتێک تەرەفە کە بە هەڵبژاردن هاتۆتە سەر کار و ئەوەی گارانتی مافەکانی کورد دەکات تەوافوقە لە نێوان حکوومەتی بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەک دێمۆکڕاسیی. "من خۆم کەسێکی چەپ بوومە دوایە هاتوومە نێو حیزبی دێمۆکراتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان و لە زۆر کۆڕ وکۆبوونەوەی حیزبە سۆسیالدێمۆکراتەکان دا بەشدار بوومە بەو قەناعەتە گەیشتووم کە کێشەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستان بە دێمۆکراسی چارەسەر نابێ."

ئەو دووباسە سەرەکیترین بابەتی قسەکانی کاک خالید بوون کە من هەردووکیان بە مەنتیقی و بە دروست دەزانم. ئێستا هەم لایەنگر و هەمیش موخالیفانی کاک خالید بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و لە تەعەسوب و دەمارگژی دوور کەونەوە، دەبێ هاریکاری ئارامبوونەوەی ئەو گرژیە بن کە لە چەند ساڵی رابردوودا لە نیوان ئەو دوو دێمۆکراتە دابووە. ئەوجار ئەوەی پێی دەکوترێ عەقڵانیەتی سیاسیی خۆ هەر ئەو لایەنە ناگرێتەوە کە خۆت بە کەم بگرێ ئەو لایەنەش دەگرێتەوە کە تۆ پاش ٤٠ ساڵ ئیدی شناخت و ناسیاوی تەواوت هەبێ لەسەر ئەو ڕێژیمە کە نە ئەهلی دیالۆگە و نە باوەڕی بە بچووکترین مافی گەلە بندەستەکانی ئێران و خاک و نیشتماندا‌گیرکراوەکانە. هیوادارم کاک خالید ئەو لایەنە گرینگە لە شناخت و پێناسەی مخاتەبەکەی لەبیرنەکات وهەموو لێدوان و گوتار و سیاسەتێکیشی هەر لەسەر ئەو ناسیارییە هەڵبچنێ کە ئەوە کوتایی بەهەموو ئەو موخالیفەتانەش دێنێ کە دیارە بەشێکیان موخلیفبوونیان بە قۆنترات هەڵگرتووە و ئەوان چارەیان نایە.

حدک لەو هەلوومەرجە یەکجار حەساسە دا پێویستی هەرچی زیاتری بە یەکگرتوویی و هاودەنگی هەیە و لە هەلوومەرجێکدا کە ڕێژیم لەوپەڕی لاوازی و کلۆڵیدایە باشترین شرۆڤەکان دەبێ لەدەوری ئەو بابەتە واتە وەزعی کلۆڵی ڕێژیم و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووداوی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو خول بخۆن.

ئەو ڕوانگەیە نوێیەی کاک خالید، حدکا و حدک لە ڕووی روانین وهەڵوێستەوە لێکنزیک دەکاتەوە، هەڵوێستی لێک نزیکی حدکا وحدکیش ووەک یەک ڕوانین لە زۆربابەت و مەسەلەدا دووبارە هەرچی زیاتر ئەو دوو لایەنەی دێمۆکرات لێکنزیکدەکاتەوە و لەهەمان کات دا ڕوانگە ستراتیژی و تاکتیکیە زۆر جیاوازەکانی ئەو دوو حیزبە هەرچی زیاتر لە یەکیان دوور دەکاتەوە. هەمووشمان دەزانین کە دوورکەوتنەوەی ئەو دووە جگە لە بەرژەوەندی ڕێژیم و دوژمنی داگیرکەر هیچ قازانجێکی نیە و نابێ.

قسەی کۆتاییم، حدکێکی بەهێز ئیمکانی یەکگرتنەوەی دوو دیمۆکرات زۆر زیاتر دەکات و ئەوانەی باوەڕیان بە یەکگرتنەویە با هەوڵی بەهێز بوونی حدک بدەن، ئەوانەش حدکیان خۆش دەوێ و خۆیان بە ئەندام و لایەنگری ئەو حیزبە دەزانن با خۆیان لە دەستەبەندی و دووبەرەکی دوور بگرن و ئیزن نەدەن هیچ کەس لە پێگە و لە لەسەر حیسابی حیزبی دێمۆکرات خۆی هەڵسووڕێنێ بەناوی ڕەخنە هەوڵی خەوشدارکردنی مێژووی ئێستا و ڕابردووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بدات.

٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# ڕۆژی ڕۆناکبیری

لە پێشدا با ئەوە بڵێم ئەو قسەیەم ڕو هەندێ کەس هەیە کە بە ئاشکرا بۆ ئەوەی چەپڵەیان بۆ لێدەن دنووسن و خۆیان بە ڕەخنەگری رابردوو بناسن، زوڵم لە خۆیان ولە مێژووی حیزب وگەلەکەشیان دەکەن چییە ئەوان ئازان و ئاوڕ لەڕابردوو دەدەنەوە، بەتایبەتی ئەو نەریتە لە ناو هەندێ لە چالاکانی سیاسیی و نووسەران و ڕۆشنبیران بیدعەتێکی خەراپە کە تۆ بوختان بە ڕابردووی خۆت بکەی و زولم لە خۆت و لەگەلەکەو لە حیزبەکەی خۆت بکەی چییە پێت بڵێین رۆنشبیر، پێت بڵێین ڕەخنە گر؟

هەر بۆ ئاگاداری ئەو دۆستانە حیزبی دێمۆکرات ئەبەد چەکی دەست نەدایە ئەویش تا ببێ بە حزبێکی چەکدار، کوردیش وێڕای هەموو گەلانی ئێران بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سیستەمی پاشایەتی نەگەڕێتەوە بتوانێ خۆی پارێزەری خۆی بێ لە ئەگەری دروست بوونی بۆشایی دا، ژاندارمەری و شارەبانی و لە هەندێ شوێندا پادگانیشی چەک کرد، بەڵام حیزب نەچووە سەنگەرەوە لە ڕێژیم و بلێ ئیلا دەتکوژم ئەگەر دان بە مافی کورد نەنێی. حیزب وەک حیزبێکی سیاسیی مەدەنی لە هەموو تاقیکردنەوە مەدەنیەکان، پرسە مەدەنیەکان، هەڵبژاردنی پارلەمان و تەنانەت خیبرەگانیش کە پێوەندی بە کوردەو هەر نەبوو بەشداری کرد. ئەوە مانای ئەوەیە حیزب باوەڕی بە خەباگتی سیایی وپارلەمانی هەبووە نەک چەکداری بەلام ڕێژیمی سەدەکانی ناوەراست هەرگیز باوەڕی بە هیچ چەشنە ئازادیەک نەبووە ولامی کوردی بە ئاگر و ئاسن دایەوە.

لەهەموو ئەوانە زیاتر کورد و حیزبی دێمۆکرات هرچی بن نە دەتوانن لە حیزبی توودە و فیدائیانی ئەکسەریەت و ئیسلاح تەڵەبەکانی ناوحکوومەت مەدەنیتر بن ونە جێگای متمانەتر چارەنووسی ئەوانە وەبیرخۆتانی بێننەوە هەموو لایەک پەند وەرگرن، ئەندام ولایەنگری حدک و موخالیفانی حدکیش دۆینێ گوێیان لە قسەکانی کاک خالید بوو ئیتر ئەو گومانی بۆ کەس نەهێستەوە کە تازە بیرۆکەی دیالۆگ دەگەڵ فاشیزم و حکوومەتی سەدەکانی ناوەراست لە گۆڕ نراوە.

تێبینی: ئەو بابەتە زیاتر لە یەکسەعاتە نووسراوە بەلام تازە دامنا با کەسی تایبەتی بە خۆی نەگرێ.

٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## هەر سەبارەت بە کەر و سەنتوورەکە ئیسلاح تەڵەبی گوناە نیە

خۆزگە خوێنەری هێژا بڕێک لە خوێندنەوەدا ورد بووبا، من وەک خۆم هەرگیز بێ سەرنجدان بە وشە کە دەبێ لە کوێ و چۆنم بەکار بێ هیچ ڕستەیەک تێکناکەمەوە. هەربیە لە کورتە پۆستی پێشوم دا سەبارەت بە کەر و سەنتوور رووێ قسەم بە ڕوونی دەگەڵ ڕێژیمە نەک دەگەل خەڵکی ریفر = ۆورمخواز و ئیسلاح تەڵەب.

لێرە بە ڕوونی ڕادەگەیەنم کە من باوەڕم وایە ئیسلاح تەڵەبی فکرە، هیچ گوناە و تاوان نیە ئەگەر کەسێک باوڕی بە ئیسلاح تەڵەبی و ڕیفۆرموازی هەبێ بەتایبەتی ئەوانەی ناوخۆ، ئەز قەزا ڕیفۆرمخوازی یەکێک لە ئیدە پێشکەوتنەکانی هەموو کۆمەڵگایەکە، کەمهەزینەترین ڕیگایە بۆ گەیشتن بە ئامانج، من وەک خۆم چۆن مافی ئەوە بە خۆم دەدەم کە سەربەخۆیی خواز بم یان یەکێک ریفراندۆمی بوێ و یەک خودموختاری بوێ بۆ هەر ئەوەندەش ماف بۆ هەر کەسێک کە باوەڕی بە چاکسازی هەبێ قایلم.

بەڵام قسەی من ئەوەیە کە ناکرێ تۆ دوای نزیک بە ٤ساڵ عکوومەتی فاشیستی مەسەبی ئێران هێسات بەو ئاکامە نەگەیشتبی کە ئەو ڕێژیمە قابیلی گۆڕان و ئیسلاح نیە. ئەگەر ئەوانیش لەمن بپرسن کەوایە دەبێ چ بکرێ و چۆن چۆنی کورد بە مافی خۆی بگا، ئەوەش پرسیارێکی بەجێیە.

کورد یەک کێشەی هەیە ئەویش کێشەیەکە بە ناوی ستەمی نەتەوایەتی، ئەو ستەمە هەموو بوارەکانی ژیانی تاک بە تاکی کوردی گرتۆتەوە، ئایا ڕێگای ئەوە هەیە هەموو ئەو بیرە جیاوزانە بەیەکە و هەریەکەو لە ریگایەکدا هەوڵی خۆیان بدەن تا کورد بە مافەکانی خۆی بگا؟ بەو نزیکانە لە بابەتێکدا لەو بارەوە ڕاو سەرنجی خۆم دەنووسم.

٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# پرسیار عەیب نیە

ئەرێ دۆستان یەکێ ئەوە بۆمن حەل بکا و ئەو پرسیارە ولام بداتەوە کە ئێمە بە دووی چیدا دەگەڕێین، ئەوە چ عەقلیەتێکی نەگۆڕە کە یەک زەڕە سازش و یەک میلیمتر بیر لە حاوانەوە دەگەڵ یەکتری ناکاتەوە و جودایی و لێکدوورکەوتنەوەی لا جوانترین بیرۆکەیە؟

کاک خالیدی عەزیزی ئەو کاتی کە باسی لە گوتوبێژ و دیالۆگی دەکرد زۆر یەک لە ئەندام و کادرەکانی حدک یەکەم کەسەکان بوون کە ڕەخنەیان لەو هەڵوێستە گرت، بەدوای ئەواندا لێشاوی ڕەخنەی و ڕووخاندنی بەتایبەتی برایانی حدکا دەستی پێکرد. لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا کاک خالید لەبەر دەم کامیرا و بە ئاشکرا پێی لەهەڵەی خۆی ناو کوتی دەسال دەستم ڕاگرت بۆ دیالۆگ بەڵام ئەو دەستە ٤٠ شەو لەمەو پێش مووشەکی وێکەوت ئیدی ئەو دەستە تازە هەڵنایەوە، واتە بەکوردی باوەڕ بە دیالۆگ دەگەڵ ئەو دڕندانە و ئەو فاشیستانە کۆتایی هات.

لێرە چەند تێبینی و پرسیار دێتە گۆڕێ، گەلۆ ئێمەی خۆ بە سیاسی زان یان خۆ پێ سیاسەتمەدار مەگەر نالێین یەکێ لە هەرە کارە عەیبدارەکانی ئێمەی کورد و حیزب و سەرکردەی کوردی ئەوەیە ئامادە نییە ڕەخنە لە ڕابردووی خۆی بگرێ؟ مەگەر نالێین ڕەخنە نیشانەی بە خۆداچوونەوەو پێ لەهەڵە نانە و ئەوەش بە هەموو کەس ناکرێ ! ئەوە قسەی زۆربەمانە کە شوغلەکەمان بۆتە ڕەخنەگری!

دەی کاک خالید شەهامەتی ڕەخنەگرتن لە خۆی هەبووە و بە ڕوونی لەبەردەم کامێرای تەلەویزیۆنێکی پڕبینەری وەک ڕووداودا پێی لە هەڵەکەی خۆی ناوە، چما هەندێ کەس بوون بە قازی و دادگایی دەکەن؟ بۆچی لە هێرشکردنە سەر کاک خالید یەک چرکەش خافڵ نین و هۆکار چیە واز ناهێنن؟ ئەو برادەرانەی حدکا ئاخر زوو زوو بەیاننامەی تەشکیلاتی حدکا بڵاو دەکەنەوە کە کوتوویە واز لە پۆست و لیدوانی کێشە خوڵقێن بێنن بەتایبەتی لە سەر تۆڕوەمەڵایەتیەکان! من ئیدی وردە وردە هاتوومە سەر ئەو باوەڕەی ئەوبەیاننامەیە زیاتر باری تەبلیغاتی هەیە تا باوەڕمەند بووی پێی؟ دەی ئەو ئاڵۆزییە چیە ئێوە دنەی دەدەن و بۆچی دەست ڕاناگرن؟

خالیدی عەزیزی ئەندامی ڕێبەری حدکە، ئەو حدکەی بەرەبەری کۆنگرەی ١٦ ئێوە بوون بە دووبەش و لێی چووبوون دەسەبەگەرێیەوە، بەشێکتان کاک خالیدتان دەکوتا و بەشێکتان مامۆستا و کاک ئاسۆ حەسەنزادە کە گۆیا مامۆستا خەریکە

کورەکەی خۆی دەکاتە سکرتێر! دەی پێم نالێن ئێوە بەچی ڕازین و لە چی دەگەڕێین؟

دۆستانە پێشنیارتان پێدەکەم لەو دەقیقەیەرا دژایەتیەکانتان ڕاگرن خەریکی کاری خۆتان بن و لەوە دڵنیا بن هەتا ئێوە دژی کاک خالید بن ئەو لە ناو حدک دا خۆشەویستر دەبێ، دژایەتیە بێسەمەرەکانتان بگوازنەوە بۆ دیدێکی مەنتیقیتر و گفتگۆیەکی دۆستانەتر لەسەر بابەتە هەنووکەییەکانی ناوخۆی ئێران و کوردستان. لەوە دڵنیا بن حدک نە بە ئێوە دەڕووخێ و نە بە ئێوەش دەچڕژێ و هەتا ئێوەش بەگژی دابچنەوە قایمتر و خۆڕاگرتر دەبێ و ئەندامانی سوورتر دەبن لە سەر باوەڕ بە حیزبەکەیان. شتێکی تێدا بێڵنەوە کورد گوتەنی "بەراز داعبایەکی سەیر هێلکەی کرد کردی!" ئەوە هاتوو ئەو دوو حیزبە لێکنزیکبوونەوە و لە بەرەیەکدا یان لە ناو حیزبێکی یەکگرتوودا خودای نەخواستە! یەکیان گرتەوە با ڕوووتان ببێ سبەی چاو لەیەکتری بکەن.

٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

---



سەرچاوە
Serchawe

## شەریف هەژاری هەژار لە نووسیندا

لەمێژە ناوی شەریف هەژاری وەک قەڵەم ژەهراوێکی کۆلکە ڕۆشنبیر وسەقەت نووس لێرەو لەوێ دەبیسرێ، من وەک خۆم چەندین جار شتی زۆر نابەجێ دوور لە واقعم لێ بینیوە و بەلام چون شتەکان بە ڕوونی دیاربوون کە لە مێشکێکی قورمیش کراو دێنەدەر گوێم نەداوەتێ، بەڵام ئەو جارە لەسەر چەواشەکارییەکی زەق و لەسەر درۆیک یان لەسەر نەزانینییەکی کاک شەریف ئەو چەند دێڕەی لەسەر دەنووسم.

شەریف هەژاری کە دڵنیام تەنیا بۆ ئافەرینی ئەم و ئەو دەنووسێ و هیچ باوەڕێکی بە دروست بوون و ئەخلاقی نووسین نیەو ستراتیژی نووسین و باوەڕیشی هەر دیار نیە لە تازەترین چەواشەنووسی دا دەڵێ:

"دوو (بە پلە) سەرکردەی سیاسیی، مەلا بەختیار و خالید عەزیزی، هەردووکیان سەر بە مام جەلال، هەردووکیان پێشتر پڕوپاگەندە نەماوە سەبارەت بە مارکسیزم نەیکەن و، مارکسییەکی دەروێش سیفەتیش بوون. دواتریش هەڵگەڕانەوە بۆ دیموکراسییەت، بەئێستاشەوە نە لە مارکسیزم تێ گەشتن و، نە لە دیموکراسییەت. چونکە لە سەرەتادا دەروێشانە خۆیان بە مارکسیزم و، دواتریش بە دیموکراسیی دا هەڵواسی."

### دوایەش درێژە دەدا و دەڵێ

"ئێستا مەلا بەختیار لەسەر تێرمی (یەک کورسیش بێنین هەر دەبێت دووەم هێز بین) و، خالیدی عەزیزیش لەسەر تێرمی (دیموکراسی چارەسەری کێشەکان ناکات) دژی دیموکراسیەتیش دەوەستنەوە! تۆ سەیر ئەم مۆتەکە (بەپلە) سەرکردانەی کورد بکەن. بڕوایان بە دیموکراسی نەماوە. چونکە لەڕێی دیموکراسییەوە پۆستەکانیان لە دەست دەدەن."

ئەوە سەرەتاو دەسپێکی ئەو هەژارنووسەیە کە جارێ ئەوەی ئەدەب ونەزاکەتی نوویسن بێ لە نووسراوەکەی دا نیە، کەس نیە بڵێی کاک شەریفی هەژاری خۆ دەتوانی هەر ئەو هاتەران پاتەرانە بنووسی بەڵام وشەکان ئەوە نەبن کە تۆ بەکارت هێناون، مەسەلەن "مارکسیەکی دەروێش سفەت بوون" یان هەردووکیان جەلالی؟! یانی کەشفیاتی گەورەت کردووە، لە باسی مارکسی دا دەی مەگەر قاسملوو مارکسی نەبوو؟ مەگەر توودەیی نەبوو و بەرپرسی یەکێتی لاوانیش نەبوو لە حیزبی توودەدا، ئەی چۆن بوو ئەویان هاتە دەر و بوو بەو قاسملوویە کە تۆ و هەزارانی وەک جەنابت لە سایە و سێبەری ئەو

گەورە پیاوە پشوو دەدەن و خۆتان بە ناووناوبانگییەوە هەڵواسیوە؟ مارکسیەکی دەروێش سفەت بوون؟! ئەو کاک شەریفە هەر دەی هەوێ قین وبوغزی خۆی بەرامبەر بە خالیدی عەزیزی هەڵڕێژێ دەنا کاک خالید ڕاست وەک دوکتور قاسملوو باوەڕی بە خۆی هەبووە و لە ڕیزی حیزبێک دا نەماوەتەوە کە پێی وابووە لە بازنەی بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد دوور کەوتۆتەوە. دەی کاکی سەقەت نووس خۆ ئەوە هوونەرە، ئەوە زانستە، ئەوە باوەڕێکی پیرۆزە وا ئازایەتی بڕیاڕدانی دەوێ. خۆ ئەمە دەستخۆشی دەوێ و دەبێ خۆزگە بخوازین کە مارکسیەکانی بە قەولی جەنابت دەروێش سفەت واز لە مارکسیەت بێنن و بێنە ڕیزی حیزبە ناسیۆنالیستەکان! تۆ بۆ باوەڕە و ئەو بڕیارە ئازایانەی کاک خالید نابینی و هەر بۆ ئەوەی دێڕوڕستە تێک کەیەوە دەستت کردووە بە وڕێنە و پرتە پرت!

ئەوجار تۆ بۆ درۆ دەکەی؟ بۆ خەڵکی چەواشە دەکەی؟ بۆ دەگەڵ خۆتو دەگەڵ نووسین و دەگەڵ قەڵەم ناراستی؟ چۆن لەڕووت هەڵدێ بە ئاشکرا بوختان بە کاک خالید یان هەر کەسێکی دیکە بکەی؟ کاک خالیدی عەزیزی یەکێک لەجوانترین قسەکانی کە شەهامەتی کوتنی ئەو قسەیە لای هەموو کەس نیە ڕاست ئەو ڕستەیە بوو کە کوتی : "من باوەڕم وایە کێشەی کورد لە هیچ یەک لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە بە دێمۆکڕاسی چارەسەر نابێ"! خۆ ویدۆکە ماوە، لانی کەم گوێی لێبگرەوە، ئیتر کە تۆ لەمە تێنەگەی و بێی و قسەکە چەواشە بکەی کە کاک خالید باوەڕی بە دێمۆکراسی نییە ئەوە بەڕاستی ڕوویەکی دەوێ شمشیری میسری نەیبڕێ! بەڕاستی دوای ئەو درۆو بوختانە دەبوو سەرت لە ئاست چالاکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و حیزبی هەڵنەیە. ئەو قسەیەی کاک خالید هەر بە هیچ جۆرێ لەسەر دێمۆکراسی و جۆرەکانی دێمۆکراسی و باوەر بوون و نەبوونی کاک خالید بە دێمۆکراسی نیە چۆنت جورئەت بە خۆت داوە ئاوا بەزەقی درۆبکەی و چەواشەکاری بکەی ئیتر دەبێ ئەو شتە خۆت وڵامدەر بی و ئەوانەی چەپڵەت بۆ لێدەدەن.

قسەی کوتاییم، کاک خالید و هەر ئینسانێکی دیکەش هەم هەڵەیان هەیەو هەمیش دەبێ ڕەخنەیان لێبگیرێ و بە بڕوای من کاردانەوەی ڕەخنەکان لە سەر کاک خالید لەو دانیشتن و دیداری میری چەند ڕۆژی رابردوو دیار بوو، بەڵام ئیدی نابێ ڕێگا بە هیچ ئینسانێک بدرێ بۆ مەرامی تایبەتی هەرچی پێی خۆش بوو لەسەرئەو ئەم بینووسێ. و مەدەنگ نەهاتن لە هەژارنووسێکی وەک شەریفی هەژاری ڕێگا خۆش دەکات تا سبەی لڤین پڕێسەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەر هەڵبدەن و ئەوەی ئەخلاق بێ لە کۆمەڵگا دا نەیهێڵن.

٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## ڕاستی وناراستی لە کوێی هەڵویستەکاندا خۆی حەشار داوە

کە پێشەوا قازی بۆ دیالۆگ و گفتگۆ دەگەڵ دەسەڵاتتدارانی ڕێژیمی پاشایەتی بەرێکەوت دەڵێن ئەو دەیزانی کە هەرچی بێ ئەو دوژمنە لێی خۆش نابێ و بەدارییەوە دەکەن، وە ئەوە ئەو پەڕی فیداکاری ئەو مرۆڤە بوو کە توانی پێش بە کوشتاری خەڵکی بگرێ و تەنیا خۆی فیدا بوو.

بەڵام ئایا ئەگەر وەک بارزانی دابایە شاخ و شەڕی کردبا ئەو کات ئێمە دەمانکوت نا دەبوو خۆی فیدا بکات با شەڕ ساز نەبێ یان دەگەڵ هەر ڕووداوێک دا ئێمە دەگەڕێین بۆ فاکت و دۆکۆمێنتی شرۆڤەکارانە تا بیسەلمێنین کە هەم ئێمە و هەمیش بەرامبەرەکەمان راستی کردووە.

من پێموایە ئەوەی پێشەوا کردی ئەو پەڕی فیداکاری بوو بەڵام لەهەمووش گرینگتر هەڵوێستی پێشەوا بوو لە دادگا و بە ناو مەحکمەی قازیەکاندا، ئەوان ئازایانە بێ ئەوەی سەر لە ئاست داگیرکەردا شۆر بکەن و هیچ سازشێک بکەن دادگە و مەحکەمەیان کردە بلیندگۆیەک بۆ بەگژ داهاتنەوەی داگیرکەران و ئەوەی ئەوان بە تایبەتی پێشەوا بە قازی و بەبێداگای ڕێژیمی پاشایەتی کرد مەگەر هەر با بەدەواری شڕی کردبێ. بەڵام قسە لێرەدایە ئایا ئەگەر مەسەلەن وەک ئەوانەی ئەمڕۆ ئەوانیش لامە لامەیان لەبەر داگیرکەران کردبا خەڵکی نەدەهاتن پاکانەیان بۆ بکەن و بڵێین چاکیان کرد بۆ لە خۆڕا تێدابچن با بمێین، کورد بۆ دوا ڕۆژ پیویستی بەمانە دەبێ؟

من بۆیە ئەو نموونە زۆر زەقەم هێنایەوە کە ئیتر ئەمە بابی هەموو قسان بێ جا لەوێڕا فارس گوتەنی "خود حدیث مفصل بخوان از این مجمل". ئایا ئێمە هەرگیز تەحلیلمان لێدەبرێ؟ ئایا هیچ ئوسولێک و پێوەرێک هەیە کە نێوانی خادم و خائین و ئازا و ترسەنۆک و کورد و دژە کورد لێک جیا کاتەوە؟

٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# بابەتی ساڵی ٢٠١٩

--------------------------------------------

## سەعد قازی لەژێر تیغی بێ ئینسافیدا

لە پێشدا سەلامو عەلیکوم

قەدەری ئەولای دەمەو ئێواریٚ بوو و بەتەنێ لەدووکان دانیشتبووم، دۆستێک زەنگی لێدا و کوتی فلاّن کەس ئاگات لە شەڕی دوکتور ئاوات و سەعدی قازی هەیە؟ کوتم ناوەڵا چی بووە؟ کوتی حاڵ و نەقڵ ئاوهایە. بە ناچار چوومە سەر لاپەڕەکانیان چاوێکم بە نووسراوەکانیان دا خشاند، ڕاستتان بوێ دڵم گیرا، خەمێکی قووڵ وەک پەڵەهەورێکی بۆر و چلکن بەری چاوی گرتم! ئاخ ئەو کوردە چەندە بێمشوورە و چەندە بەش مەینەت و چەندە بێبەختە.

دەس بە جێ زەنگم بۆ هەردووک لایان لێداو هەم داوای ئەهوەن بوونەوەم کرد و هەمیش لەسەر شێوازی نووسینەکانیان گلەییم لێکردن.
ئەوەی لەو چەند ساڵەی ڕابردوو منی ناسیبێ دەزانێ ئەگەر قەرار بێ من لە نێوان کاک سەعدی قازی و دوکتور ئاواتی عەلیار دا لە بیر و ڕوانینی یەکیان نزیک بم ئەوە بە دڵنیاییەوە لە دوکتور ئاواتی عەلیار نزیکترم تا کاک سەعدی قازی. جاریٚ ئەگەر قسەی دڵم بکەم من حەز دەکەم ئەو ئێرانە وەها تەفرو تونا بێ کە داری بەسەر بەردییەوە نەمینێ، یەکەم هێندەم نەفرەت لەو سیستەم و دەسەڵاتە فاشیستییە هەیە کە بە هیچ جۆریٚ سازشی دەگەڵ ناکەم و کێش بە خەیاڵی خاوی خۆی دڵی بە هەر چەشنە چاکسازی و گۆڕانێک لەو سیستەم و دەسەلاتەدا خۆش کردبێ و کیسەی بۆ ساندنی مافۆکەیەک بۆ گەلی کورد لەو دەسەڵاتە هەڵدروویێ نایشارمەوە وەک شەخش پێم گەمژەیە!

دووهەم ئەو دەسەڵاتە بۆیە تەفروتوونا بوونی باشە و خێر و بەرەکەتی پێویە چون وڵاتی ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە، خەڵکەکەی لەسەر دەریای نەوت دانیشتووە، هەر دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیک لەو وڵاتە بێتەسەر کار دەتوانێ ئەو وڵاتە بکاتەوە ئێرانی سەت قات لە ئێستا باشتر، لەهەمانکاتیشدا مانەوەی ئەو سیستەم و حکوومەتەش جگە لە شەڕ وکاولکاری



سەرچاوە
Serchawe

بۆ هەموو ناوچەکە ئەوەی خێر بێ نایبێ و نەیبووە.

ئیتر ئەمە تا ئێرە ڕوونە کە من کێم وچیم دەوێ. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە دامانئا ئەو دەسەڵاتە تەفروتونا بێ ئێمە وەک کورد چیمان دەست دەکەوێ؟ ئایا ئێمە لەو ناوەدا لەکام نێوەندی باسو خواس دا جێدەگرین؟ کەس حیسابمان بۆ دەکا؟ ئایا لەو سەروبەندەدا کە بۆنی شەڕ و تێسرەواندنی زەبری سەربازی لە حکوومەتی فاشیستی مەسەبی ئێران هەیە و ئیمکانی ئاڵوگۆڕ بەدوور نازانرێ کورد وەک یەکەیەکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بوونی هەیە؟

هەموو دەزانین حیزب و سێبەری حیزب حیزبێنە باڵی بەسەر بەستێنی سیاسیی و کۆمەلایەتی ڕۆژهەڵات دا کێشاوە و تا ئەم چرکە ساتەش کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە، کەوایە پرش وبڵاوین، کەوایە هێز نین، کەوایە کەس حیسابت بۆ ناکا! ئاخر ئەگەر تا ئێرە نەمانزانیبێ کە هەموو کەس کاتێ حیسابت بۆ دەکا کە هێزت هەبێ،هێزی چەکدار و جەماوەر، هێزی ڕێکخراو، ئیتر لەدنیا حاڵی نەبووین وبۆخۆمان دەخولێنەوە لە هەمان بازنە بەناوبانگەکەدا. من جارێکی دیکەش کوتوومە بەداخەوە حیزب کوردستانی وەها دابەش کردووە بە فیلوزەفتیش پێکەوە نانووسێ. دەتەماشای هەموو پارچەکان بکەن بزانن ئەوە راستیەکی تاڵە یان نا؟ ئەمە ئیتر کارساتێکە و بەرۆکی کوردی گرتووە لە هەموو پارچەکان بە تایبەتی ڕۆژهەڵات ئەو سەرەتانە بەدخیمە جارێ لە نەشونمادایە.

باوەڕ کەم تا ئێرە زۆربەی ڕەخنەگر و ڕووناکبیری کورد دەگەڵم هاوران، بەڵام پرسیار ئەوەیە دەی لەدەرەوەی ئەو حیزبانە خۆ ڕەخنەگر و نووسەر و ڕووناکبیری کەممان نین، زۆربەی ڕەخنەکان ورەخنەگرەکان کاتێ گلەیی وگازندە لە حیزب دەکەن لەسەر هەقن، چون ئەوان لایان وایە حیزب دەبێ لەو هەلوومەرجە دا بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمانیان لەبەرچاو بێ و یەک بگرن وبەرەیەک پێک بێنن. دەی کە یەکنەگرتن و پەرتەوازە بوون خەراپە لەدەرەوەی حیزبەکان بۆ خەڵک لەبەر یەک ڕادەچن و شەڕێکە لە نێوان جاش و باش کەوچکی تێناگەڕێ؟ ئەی بۆ بۆخۆمان وێک هەڵناکەین؟ ئەی بۆ دابەش بووین بە سەر چالاکی ناوخۆ و دەرەوە؟ بۆچی خەڵکێکی تێگەیشتوو و پیگەیشتوو بە بەهانەی ئەوەی کە دەقاو دەق وەک ئێمە نین کە ناشتوانن ببن دەبێ بە جاش و خائین لەقەڵەم بدرێن؟ ئەو شێوە نووسینەی من هی ئەمڕۆ نیە و ئەو ڕوانگەیەم تازە نیە، ڕەنگە لەسەر لاپەرەکەم چەندین بابەتی لەو چەشنەت بەرچاو بکەوێ کە لەساڵانی ڕابردوودا نووسیومن و داوام کردووە کە با وێک هەڵ بکەین.

وێک هەڵکردن بەومانایە نیە هەرچی ئەو دۆستانە نووسیان ئێمە بڵێین قەیدی ناکات، چون لە ناوخۆن با هەرچی دەنووسن بنووسن، من دەزانم کە دوکتور ئاوات خەنجەری رووتی لە کالان دەرکێشاوە بۆ ئەوەیە کە هەست دەکا هەندێ لە نوسین بۆنی سازش ومماساتی لێدێ دەگەڵ فاشیستترین ڕێژیمی سەردەم، هەندێ نوسین لاوی بەهەستی کورد کە دەبێ یاخی بێ

لەو دەسەڵاتە وببێتە چقڵی چاوی ئەو داگیرکەرە خیلەسەرە لەخشتەدەبا، لە حاڵێکدا دەبێ ئەو لاوە لە لایەن کەسانێک کە ئیمکانی دەربڕینی دەقاودەقی ڕاستیەکانیان هەیە و لەباری ئەمنیەتییەوە مەترسییان لەسەر نیە وشیار بکرێنەوە وئەو نووسینانەی بۆنی پاساو هێنانەوە بۆ ڕێژیم دەدەن دەبێ بدرێنە بەر قەلەمێکی ڕەخنەگرانە بێ ئەوەی ڕووح و ڕەوانی کەسی ڕەخنە لێگیراو برووشێنین، ئاخر لە نهایەت دا ئێمە هەر یەک خوێن و هەر یەک ڕەگەز و هەر یەک نەتەوەین.

من دەگەڵ هاوڕانەبوونەکەی کاک ئاوات لەمەڕ نوسینەکەی کاک سەعد هەم بەلام دەگەڵ بە جاش ناساندنیان نیم. دەگەڵ دانانی وێنەیان لەپەنا کەسانی گەلفرۆش و نیشتمان فرۆش نیم. دەگەڵ رەخنەی بەجێم لێیان و وەک دەشبێنن لێنکێک لە کۆتایی بابەتەکە دادەنێم کە کاتی خۆی گلەییم لە کاک سەلاحی خەدیو کردبوو.

سەعد قازی مەغدوورە تا ئێرە، چون نە بۆخۆی دەتوانێ ئەو جۆرەی کە پێویستە داکۆکی لە خۆی بکا نە کەس دەتوانێ، خۆ من سەعد چاک دەناسم بەڵام منیش دەستم کورتە لە ناساندنی وەک خۆی، نەدەتوانم باسی رابردووی بکەم نە دەتوانم پێتانی بناسێنم ئەوجۆرەی کە هەیە، بەڵام بەگشتی من ئەوەندەی سەعدی قازیم ناسیبێ دڵسۆزێکە وەک هەمووی ئێوە، ئەویش دڵی بۆ کوردستان لێدەدا ئەگەرچی بەهەق هەندێ نووسینی لەوپەڕی لاوازیدان کە نەنووسینیان زۆر بەنرخترە بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگای کوردەواریش. ئیتر مرۆڤ هەڵە دەکات و دڵنیام، هەمووی ئێمەش هەر کەسە وبە بارێکدا تووشی هەڵە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچکات نەبووە و ناکرێ بەو هەڵانە یەکتر دەباوەشی دوژمن باوێن و یەکتری بە خائین وجاش بناسێنین.

کاک سەعد ئەو نووسینە دەبینێ و خودی خۆی بە شاهید دەگرم، لەسەر ئەو جۆرە نووسینانە پێش غەیبەتی کوبرا دەبەریەک ڕاچووین زۆر بەتوندی و ئەو کات پێم کوت تووشی سەرئێشەی زیادی دەبی برام ئەوە ڕوانگەی چاکسازی و خێرخوازی نیە بەڵکوو خۆش باوەڕییە کەلە هەندێک لە نووسینەکانتدا ڕەنگ دەداتەوە.

سەرباقی هەمووی ئەوانە من وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە نە سەعدی قازی و نە سەلاحی خەدیو و نە هیچ یەک لەو نووسەر ورووناکبیرانەی ناوخۆ سەرەرای شێوازی یەکجار جودای نووسینیان بە خائین نازانم وهەر لەخۆشمیان دەزانم و هەرگیز دەباوەشی داگیرکەریان ناوێم، ئەو وەلانان و پاکتاوکردنە نەرێتێکی یەکجار خەراپە، ئەوە ئەو سەرکوتکردن و پەراوێزخستنەیە کە لە کولتوری حیزبایەتیدا بۆمان بە میرات ماوەتەوە و زۆربەشمان دەگەڵی ئاشناین.

کاتێ دەگەڵ کاک سەعدی قازی قسەم دەکرد و گلەییم لێکرد کە نابێ بێلێ لەسەر دیوارەکەی ئەو بێڕێزی بە کاک ئاوات بکەن، چون ئاوات عەلیار کەسێکی نەتەوەیی و کوردپەروەرە و مەمانان پێویستیمان بەو کەسانە هەیە، ئێستا دەگەڵ

هەموو ئەو کەسانەی ئەو بابەتە دەخوێننەوە ئەو مەسەلەیە دێنمەگۆڕێ کە سەعدی قازی ڕەنگە هەڵەی نووسینی هەبێ، ڕەنگە روانگەو ڕوانینی بەدڵی ئێمە نەبێ بەڵام هەرگیز خائین نیە ودڵنیا بن کورد پێویستی بە سەعدقازیەکان هەیە، هەر وەک پێوسیتی بە دوکتور ئاواتەکان هەیە.

## وتەی ئاخر

وێک هەڵبکەن، رێز لە بیروبۆچوونی جیاواز بگرن، رەخنەش بگرن بەزمانی گوڵ، بیرەجیاوازەکان بخەنە مەیدانی زۆرانبازی کە هەمان دیالۆگ و گفتگۆیە و بکەونە گفتگۆ و بکەونە تەتەڵەکردنی نووسیەکانی یەکتری بەڵام حورمەتی یەکتر بگرن، سنووری ڕێز مەبەزێنن، گەورەترین مەترسی لەسەر کورد داگیر کەر نیە باوەڕ بکەن مەترسی هەرە گەورە ئەو کولتوورە زاڵەیە کە کەس کەسی قەبوول نیە، مەترسی هەرەگەورە لەسەر کورد کولتووری مەترسیداری خۆ بە هەقی موتڵەق زانینە و هەر ئەوەش وای کردووە کە حیزبەکان وێکهەڵناکەن و بەرەیەک پێک ناهێنن. وەرن هەموو دەست بدەینە دەستی یەک ئەو کولتوورە سەقەتە بۆ هەمیشە لەگوڕ بێین.

٢٢ی جوونی ٢٠١٩

## ڕۆژهەڵات تەوەرەکان بۆ لەئاست ترۆر و کوشتنی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات بێدەنگن؟

### سەرنجێک لەسەر کوشتنی سامان دانشور بەدەستی پ ک ک

گەپ بە کەس نادەم، تانەو تەشەریش دەکەس ناگرم دەقاودەق دەگەڵ بەشێک لەو کەسانەمە کە لە کاتی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان - باشوور لۆمەی ئێمەیان دەکرد کە بۆ خۆ بە پارچەکانی دیکەوە ماندوو دەکەن و ئاوڕ لە ڕۆژهەلات نادەنەوە؟ ئەنەما وایان دەنواند کە ئەوان ڕۆژهەڵاتتەوەری ٢٤ عەیارن و ئێمە ٩ عەیار، کەچی لە ئاست کوشتنی ڕۆلەکانی ڕۆژهەلات بە دەستی پ ک ک متەقیان لێوە نایە، یەکەم ئەوانە ڕۆناکبیری چەپڵەخوازن، لایکی فەیسبووکیان پێ لە خوێنی لاوێکی بێتاوان، کوڕە هەژارێکی هەناسەسارد گرینگترە، ئاخر هەرچی بە خشکەش پ ک ک بێ خۆ لایکی بابەتێک ناکات کە جنایەت و ترۆری لاوانی ڕۆژهەلات بەدەستی پ ک ک ریسوا دەکات، دەی خۆ جەماعەتی ١٦ ئوکتوبریش لایکی هەر ناکەن، ئاخر ئەوانیش لە سەرچاوەوە هەر هاوپەیمانی پ ک ن! کەوایە بۆ لایکیان کەم بێتەوە ! بۆخۆیان لەو کێشەیە بدەن و خودای نەخواستە دوژمن بۆخۆیان ساز بکەن! هەر وا بە خشکە بە پەنای دا تێپەڕ دەبن و سبەی ڕۆژێش لەسەر ئێمە دەبن بە عەزیا.

نازانم بۆ جاری وایە ئەوانەم وەک عەلی باپیر دێتە بەرچاو، جارێک لەگەرمەی شەڕی داعش تەلەویزیۆنێکی کوردی لێی پرسی رات چیە بەرامبەر بەو تاوان وجنایەتانەی داعش دەیانکات، ئیر مەلا عەلی باپیریش ئەوەندە بەرێزەوە باسی لە داعش دەکرد و بە موجاهید و ئەو برا موجاهیدانە ناوی دەبردن هەر مەپرسە!

ئەو جۆرە چالاکی سیاسییەش کە لە ئاست ئەو جنایەتە بێدەنگە راست وەک عەلی باپیرم دێتە پێش چاو.

لیرەوە زۆر بەجیدی هیوادارم هەموو ئەوانەی بە جۆری هاوسۆزی پ ک ن، هەموو ئەو نووسەرانەی لە ناوخۆ زۆر جار مەیلە پ ک ک شتیان دەنووسی و خەڵکی دیکەیان لە بەرامبەر دا دادەپلۆسی لە ئاست ئەو ترۆرە و ئەو جنایەتە بێدەنگ نەبن، ئاخر کێ دەڵێ سبەی حیزبەکانی دیکەش بۆیان نابێ بە بەهانەو کوری خەڵک کوشتن نەبێ بۆ مۆد بێ هیچ دەلیل وهیچ لێدوان وهیچ بەڵگەو دیکۆمێنتێک!!!

با کەسیش دووبارە نەڵێ لەدژی پ ک ک شت دەنووسم چۆن من هەر لەئەساس دا موخالیفی پ ک ک م، نا زۆر زیاتر و بۆ

یەکەم جار و یەکەم کەس من لەسەر ترۆرەکانی حیزبەکەی خۆم بە دژی لاوانی ڕۆژهەلات و بە ناوی ئیعدامی شۆڕشگێڕانە بەلام ترۆری جیابیران نووسیومەو وەدەنگ هاتووم.

شەرمەزاری بۆ ئەو حیزبەی لەسەر واز هێنان لەحیزب یا بیر وباوەڕی جودا کوڕی خەڵک خەڵتانی خوێن دەکا.

٢٤ی جوونی ٢٠١٩

## قاسملوو

لە ژیانمدا باوەڕم بە تۆڵە و تۆڵەکردنەوە نەبووە، هەمیشە بیری تۆڵەکردنەوەم بە بیرێکی دواکەوتووانەوعەشایەری زانیوە، تەنانەت چەندین ساڵ لەمەوبەر کە لە سەر دیوانی تاریک وڕوونی مامۆستا هێمن کارم دەکرد و ئەو شێعرەم بۆ یەکەمین جار وەبەرچاو کەوت:

پیرە پیاو بانگ دەکا ڕۆڵە
لەبیر نەکەی تۆڵە، تۆڵە

لام سەیر بوو کە مامۆستا چۆناوچۆن ئەو شیعرەی لە ناو دیوانەکەی دا هێشتۆتەوە؟
کورد زۆر کەسێ هەڵکەوتەی لە پێناو ڕزگاری نیشتمانی دا لەدەست داوە، بەڵام لە هەندێکیاندا ستەمگەری و نامەردی بو بێئەخلاقی وەها تێیدا دەستیان داوەتە دەستی یەک کە مرۆڤ هەرچی دەکا ناتوانێ خۆی لەبیری تۆڵەکردنەوە دوور خاتەوە، سمکۆی شکاک و جەوەر ئاغای شکاک و قاسملوو سێ سەرکردەی کوردن کە بە دەهۆی نامەردانە ڕاست لە بانگهشتن بۆ وتووێژ دا خەڵتانی خوێن کراون، برینی ئەو سێ کارەساتە هەرگیز لای من قەتماغە نابەستێ.

لە ڕۆژی تیرۆری قاسملوودا من لەبیرمە لە ماڵە خەزوورم بووم، سفرە ڕاخرابوو، بابم و مامە حاجی ساڵەم هەردووکیان وێکڕا وەژوور کەوتن، جەژنەپیرۆزەیان نەکرد و بابم بەدەنگێکی لەرزۆک پرسی ئەرێ برایمە خەبەرەکەت بیست؟ کوتم کام خەبەر؟ کوتی دەڵێن قاسملوو ترۆر کراوە؟
سفرە لە گۆڕێ بوو، بەڵام ئیتر کەس چی بۆ نەخورا، تاوم دایە رادیو و هەرچی گەڕام هیچ کوێ نەمابوو، تازە ئەوەی هەش بوو پارازیت خۆ نەیدەهێشت وا بە هاسانی گوێت کە هیچ بێ. ئەو کات ڕادیۆ ئاڵمان دۆیچەویلە دەگیرا، بەڵام کاتی بەسەر چوو بوو، لە بابم پرسی لە کوێت ئەو خەبەرە بیست، کوتی هەم رادیو کوێت وهەم ڕادیۆ ئاڵمان باسیان کرد!
فەزایەکی زۆر ناخۆش بوو، هەستام و وەدەر کەوتم، لەوەدەر کەوتن دا دیتم فرمێسک بە سەر گۆناکانی مامە حاجی ساڵەم دا شۆڕ بوونەوە. نەمدەزانی چ بکەم بە پەلە خۆم گەیاندە لای دۆستێکم ، هەرکە منی دیت ڕاست وەک بابم لێی پرسیم برایم خەبەرەکەت بیست...
من لەو ڕۆژەوە لانی کەم تا سێ ڕۆژ بەتەنێ لە ماڵ سەرم دەخستە سەر باڵنجێک ، سەنیرێک و دەگریام بێ ئەهوەن بوونەوە، ئاگرێک لە ناخم بەربببوو کوژانەوەی نەبوو. لێوە لەرزەکانی بابم لەیەکەم باسی خەبەری ترۆری قاسملوو دا و فرمێسکەکانی مامە حاجیم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

هەتا لە پووشپەڕ نزیک دەبمەوە ئەو برینە بەسۆیە دوبارە سەرهەڵدەداتەوە وچ بڵێم و چ نەڵێم لە ناخمدا ئاگرێک هەڵمدەقرچێنێ. بۆیە بەدڵ ئارەزوو دەکەم تەواویەتی ئەو دسەلات و رێژیمە وەها لەبەر یەک هەڵتەکێ ئاداری بەسەر پادارییەوە نەمێنێ، ئەگەرچی وەدی هاتنی ئەرو ئارەزووەش هەرگیز قەرەبووی نەمانی سەرکردەیەکی وەک قاسملوو ناکاتەوە. ئیتر جا تۆ کوشتاری بیرەحمانە و ئیعدامی سەتان و هەزاران لاوی کوردیشی وەرەسەر جا ئەوە دەم خۆت و ئەو رێژیمە لەبەر یەک ڕاگرە.

هەر لەسەر ئەو ئەساسەش، هەر لەسەر ئەو وستەم و غەدرە گەورەیەشڕا کە ئەوەی من گێڕامەوە نموونەیەکی هەرەبچووکی حاڵو هەوای زۆربەی ماڵە کوردان بووە لەو کاتیدا، من دەگەڵ ئەو ڕێژیمە بچووکترین سازشم نیە، تا ئەو ڕۆژەی هەم و هەناسە دەدەم بە زمان و بە قەڵەم لە ڕیشەی ئەو ڕێژیمە دەدەم ئەوەی بەنێوی سیاسەتیش بۆنی سازشی دەگەڵ ئەو رێژیمە لێبێ دەگەڵی نیم و لەسەری دەنووسم و دەدوێم.

با کەسیش نەڵێ سیاسەت لەسەر عەرزی واقح دەکرێ، دەی کە تۆ پێتناڕووخێ و دەسەڵاتی لێدان و زەبرلێدانیت نیە بۆ هەوڵی دیکە نادەی؟!! ئەوە ڕێگا خۆشکردنە بۆ سەردانەواندن دەنا سیاسەت بەڵێ لەسەر ئەرزی واقع دەکرێ، دەی کە تۆ دەسەڵاتت نەبێ لێی بدەی و زەبری لێدەی و بیچوخسێنێ ئەو ڕێژیمە فاشیستیە خۆ گێژداغ نەکراوە بێت و دەگەڵت ڕێک کەوێ و ماف و ئازادیت بۆ دابین بکا؟ خۆ ئەگەر ڕیککەوتنیش هەبێ بەدڵنیاییەوە ئەوە تەسلیم بوونە بە خواستی ڕیژیم دەنا هەرگیز ئەو ڕیژیمە تەسلیمی خواستی ئەوان کەسان نابێ کە لە خەیاڵ دا ماڵێکی خنجیلانە بنیات دەنێن.

ئەگەرچی من لاموایە کۆی گشتی ئوپۆزیسۆنی کورد دژ بەڕێژیم بێدەسەلات نیە، یەکەم زرووفێکی نالەبار چەندین ساڵە بەسەر کار و کردەوەی هێزە سیاسیەکان دا زاڵە و کە ئیمکانی هەیە لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا شتەکە تەواو پێچەوانە بێتەوە. دووهەم هێز هەر ئەوە نیە کە هەندێ لە دۆستان لە کاتی وەادا دەفەرموون دەی فەرموو بیڕووخێنە؟ هێز کۆمەڵانی خەڵکن کە ٩٠ لەسەدیان دژی ئەو ریژیمەن بەڵام زەبر و زەنگ و کۆشتار و تۆقاندن جارێ بەری بە لافاوی نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکان گرتووە کە ئەویش لە پلە بەندە.

لە کورتی ببڕمەوە بەقەد ئارەزووی سەربەخۆیی کوردستان ئارەزوو دەکەم تەفروتونابوونی ئەو ریژیمە ببینم، لاشم گرینگ نیە کێ تەفروتونای دەکا، ئەمریکا یان ئیسرائیل یان خەڵکی ناوخۆ، ئەو ئارەزوویە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەقڵانی و ئیحساسیش دا بەتەواوی تێکەڵاوە.

٢٤ی جوونی ٢٠١٩

# تاڵە ژین

ئەوڕۆژانە وەها دەفکرانەوە چووبووم دەت کوت گەمێم غەرق بووە، هەرچی دەمکرد خۆم لە جەغزی بیرەوەریەکانی ڕابردووە ڕزگار بکەم نەمدەتوانێ بەیانی سێ جار و ئێوارێ سێ جار خۆم هەڵدەداشتە ناو هەروا هوریای شارە زل و زەبەلاحەکەی تۆرۆنتۆ و بووق و ئاژیری ماشێنە ئاگر کوژێنەوەکان کە ڕۆژانە وەک شتێکی ئاسایی ئیتر بە هات وهاوار بە بەردەم دووکانەم دا تێدەپەڕین بۆ چرکە ساتێک داوی خەیاڵی ڕابردووی دەقرتاندم بەڵام دیسانەوە پاش ماوەیەکی کورد سیمای بابم دەهاتەوە بەرچاو و دووکانەکەی و گەرەکی سەربەرداشی، هاتو هاواری چەرچی و پاتۆڵ فرۆشەکان و فەرش و کەنارە لەسەر شانەکان، زرینکەی ئیستیکان وژێرپیالەی قاوەخانەکەی مامە ڕەحمان کە لە ڕووبەڕووی دووکانەکەی بابم لە زارکی مزگەوتی حاجی ئەحمەدی و خانەقای شەمزینان پاش دەروێش مەحموودی جمەی دەهات لە مشتەری.

بیری ڕابردوو ئەو خەیاڵە رەنگینەیە کە وەک پەپوولەی باڵنەخشین هەموو ڕۆژێ بە نەرمەفڕ بەبەرچاومدا تێدەپەڕێ، دەگەڵی دەژیم و لە هەمان کاتتدا لە تێپەڕینی ئەو ڕۆژگارە بەو خێراییە سەرم سووڕ دەمینێ. زۆرجاران دەس بەجێ تاو دەدەمە تەلەیفوونەکەنم، زەنگ بۆ دایکم لێدەدەم کە ئیتر ئێستا پیر بووە عەجاییب. چەند دەقیقەیەک قسەی دەگەڵ دەکەم پاشان ماڵاوا دایە گیان... بەڵام لەجیاتی ئەهوەنتر ببمەوە زیاتر تامەزرۆی نیشتمان و بیرەوەریەکان دەبم و دیسان بە هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ ڕابردوو بەجێ دێلم و دەگەڕێمەوە ناو ژیانی هەنوەدایی و هەستێکی غەریبی غەریب دوور لە خزم و دۆست و هاوڕێ و کەسوکار تێکمەوە دەپێچێ.

ئەوڕۆژانە بیرم لەوە دەکردەوە کە کاتی خۆی و ڕۆژانی هەینی بابم دەگەڵ خۆی دەیبردمە دووکان و دەیکوت با دەگەڵ منداڵە وەرکان فێری قومار نەبێ، ئەوکاتیش قومار!! وەک خۆڵێ وابوون، بانژۆر و ئەسکەملە و جگێن و تەوغێن و مێشێن لەسەر تەپە جکۆلە لە کازینۆیەک دەچوو قەرەباڵغ ئاشی پێدەگەڕا، ئەگەرچی کازینۆم هەر لە فیلمەکاندا دیوە. بەری بەیانیان بابم سەری یەکجار زۆر قاڵ دەبوو، منیش چوست وچالاک یارمەتیم دەدا، خەڵکێکی زۆری محال و شامات و شاروێران ڕسق و بەرووبوویان دێنایە دووکانی بابم و مامە حاجی ساڵە بۆ فرۆشتن کەئەویش ڕاست لە ڕووبەڕووی دووکانی بابم هەمان دووکانی هەبوو، هەر لەوێش قەند و چا و برینج و پێداویستیەکانی خۆیان دابین دەکرد. ئەوکات بەیارمەتیدانی بابم زۆر کەیف خۆش دەبووم، هەر خۆم دەزانم کە بابم دەیکوت برایم دا ئەو کارە بکە، ها برینجی دەو کیسە نایلۆنییە بکە و بۆم بێنە، دا سێ کەللە قەندانم بدەیە... ئیتر تا سەعات نزیک یەکی نیوەڕۆ ئەوە حاڵمان بوو، دیارە هەر کە بانگی نیوەڕۆیەی دەدا بابم یەکسەر دچووە مزگەوتی حاجی ئەحمەد و نوێژی دەکرد و دەگەڕایەوە.کەسەرمان



سەرچاوە
Serchawe

چۆل دەبوو دەمەو نیوەڕۆ دەیکوت دانیشە ئێستا دێمەوە.
وەدەر دەکەوت و لەو دەروبەرە دەچوو دوو هەندێ باینجانی (تەماتە) بچووک بچووکی وەک دەنکە گوێز دەهێنا و دەیکوت وەرە با بچین نانێکی بخۆین. دەستی دەگرتم و بە پلیکانەکانی مزگەوتی حاجی ئەحمەدی دا شۆڕ دەبووینەوە بۆ ئەو کەبابییە ی ڕووبەڕووی شارەبانی کە بەداخەوە ناوم لەبیر نیە. هەر لە دوورەوە بۆنی کەباب تێکەڵ بە چرەدووکەڵی برژاندنی کەبابەکان مرۆڤی سەرخۆش دەکرد. ئیستاش کە ئێستایە من لەززەت وتامی ئەو کەبابانەم لەبیر ماوە . بۆ من دوو کەباب و باینجانێک وبۆخۆشی سێ کەباب و لەوێ خواردنی نیوەڕۆمان دەخوارد. کە دەگەڕاینەوە زۆر بێتاقەتی تەپەچکۆلەی دەبووم، هەستم دەگرد دەستەکانم وەخروو دەکەون بۆ هەڵخلاندنی مستێک قرانی و دووقرانی و پەنابادی. بەڵام بابم نەیدەهێشت لە دووکان بچمەدەر.

دوای نیوەڕۆیان بەدەرکی دووکان دەبوو بە هەراو گرمەیەک باب ئاگای لەکوڕێ نەبوو، دامەی بابم و لەتیفی یاهوو هەردووک بەڕەحمەت بن، دەستی پێدەکرد دامە نەبوو ئێستا کە بیر لەو دیمەنە دەکەمەوە وەک ئەو لەبەر یەک خوێندنەی بوکسێرەکانم دێتە بەرچاو پێش دەستپێکردنی کێ بەر کێ. ئەی بابم و ئەوها و هاها و هۆهۆی ئەو دووە وایدەکرد کە گەرەک بەتەواوی لەبەر دووکانی ئێمە کۆدەبوونەوە ، بابم تەختە دامەی بە سەری سیپەی چای کە لە دووکان وزۆر و زەوند بوو و خولخولەی پلاستیکی و دارین مکە دەیکردن بە دووکوتەوە ساز دەکرد و پاشان دەیدا بە حاجی ساڵەی خمگەر کە هەر دوو دووکان ئەولاتری دووکانی بابم بوو ئەویش بۆی ڕەنگ دەکرد. وەک ئیستا لەبیرمە کە خولە خولە یان داشەکانی دامەی دە قوتوویەکی تەنەکەی چکۆلە دەکرد و دەگەڵ تەختەکە لە گۆشەیەکی هەرزاڵی دووکانەکە دایدەنا. ئیتر ئەوە کاری هەموو ڕۆژێیان بوو.

درنگانێک لای ئێوارێ و پێش بەرەوماڵ بوونەوە دووکانی بابم دەبوو بە شوێنی کۆبوونەوە، خالە محەمەد و کەریم بەفراو وئاغای زەبیحی و سەعید ئاغای مفتی و کاک لەتیفی یاهوو کۆدەبوونەوە بابم دەس بەجێ دەیناردمە لای مامە ڕەحمانی و دەیکوت بڕۆ بڵێ کەشەفێکمان چا بۆ بێنێ. ئیتر دەبوو بە بازاڕێ سیاسەت ، بی بی سی وای کوت، ئالمان وای کوت و گازەرد وابوو و واچوو.
ئێستا کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە و لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا ئاوڕ لە رابردوو دەدەمەوە بە تەواوی باوەڕ و هەست دەکەم کە ژیان تەنیا لە سێ برگەی زەمانی یەکجار کورت دا خۆ دەبینێتەوە ئەویش دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی کە هەرچەندنیش ساڵانێکی دووردرێژ بژی یان کەم بژی دیسان هەر دوێنێ وئەمڕۆ و سبەینێ زیاتر نیەو ئەوان چۆن وا بە هاسانی هاتن و چوون ئێمەش هەروا.

٢٩ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## جنێوفرۆشی لەجیات ڕەخنە کولتوورێکی مەترسیدار

جنیو فرۆشی ئەو زەرەرە گەورەی هەیە کە هەندێ کەس لە ژێر سێبەری جنێوفرۆشان رەخنەی دڵسۆزان و رەخنەی مەنتیقی لە هیچ بوارێک دا نەبینن و رێگا نەدەن گەل و نەتەوە بەدەر لە پێخۆش بوون یان پێناخۆش بوونی حیزب و بەدەر لە بۆچوونی حیزب رەخنە لە هەڵسووکەوتی هەندێ کەس و لایەن بگرێ کە جێگای ڕەخنەو گلەیی و گازندەن..

جنێوفرۆشی رێک ئاو دەکاتە ئاشی داگیرکەر و هەقی نابەهەق دەدا بەو موخالیفە فکری و هزریانەی دۆستان بە ئەدەبەوە لەسەریان دەنووسن، بە مەنتیق ڕەخنەیان لێدەگرن، ئەدەبی نووسین فەزای لێک هەڵبەزینەروە و دووبەرەکی ساز کردن و دابەش کردنی خەڵک بە سەر ناوخۆ و دەرەوە و بە سەر جاش و باش بەرتەسک دەکاتەوە و هەموان دەتوانن لە باسەکاندا شوێن لەسەر یەکتری دابنێن و بە بۆچوونەکانیان لەسەر یەکتری کاریگەر بن.
تکایە مەنتیقی نووسین زۆر لە جنێو و بەجاش ناساندنی خەڵک بەهێزترە ئەو جنێوبازارییە و ئەو بە جاشکردنەی خەڵک و مەکینەی جاشسازیە ڕاگرن. دڵنیام تۆ بێ ئەوەی سووکایەتی بە کەس بکەی، بێ ئەوەی کەس بە جاش لەقەڵەم بدەی دەتوانی بەو پەڕی ڕێزەوە قسەی خۆت بکەی و کەسیش توانای ولامدانەوەتی نەبێ، چون هەقت پێیەو دەشزانی چۆن لەو ماف و هەقە کەڵک وەرگری.

نووسەر و چالاکی مەدەنی سەر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ئەرکی ئەخلاقیان لەوبارەوە لە ئەستۆیە کە هەرچی زیاتر ئەو فەزا ژاراوییە بەرتەسک بکەنەوە وەک دۆست وهاوڕێ دەگەڵ یەک لەسەربابەتە جیاوازەکان و بۆچوونە جیاوازەکان بکەونە گفتگۆو دیالۆگ، دواکەوتوویە و ئەوپەڕی دواکەوتووییە کە نەتوانین بە زمانێکی دۆستانە و پاراو و دوور لە ڕووخاندن دەگەڵ یەکتر و دەگەڵ موخالیفانی فیکری یان دەگەڵ کەسانێک کە لامان وایە هەڵەیەکیان کردووەو قابیلی لەسەر نووسین و رەخنە لێگرتنن بەرەچاوکردنی مەنتیقی ڕەخنە لەسەریان بنووسین کە سەت جار کاریگەرترە لە سووکایەتی پێکردن وتانەو تەشەرلێدان.

رێز بۆ هەمووولایەک وهیوادارم ئەو بۆچوونە بە دڵێکی فراوان وەرگرن و ڕەچاوی بیرۆکەکەم بکەن کە پێشنارو وەردانەوەیەکی گچکەی دۆستانەیە.

٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## جنێودان محەکی شۆڕشگێری نیە

ماوەیەکە هەست دەکەم ئەگەر لەسەر بابتێک جنێونەدەی و گەورەترین تۆمەتەکان ئەویش بەهاسانی ئاوخواردنەوە نەخەیتە پاسڵ ئەم وئەو ئیتر ئەوا عەیاری شۆڕشگێریت خەوشی تێدەکەوێ و لە ٢٤ و دادەبەزی بۆ مەسەلەن ٧ و ٨.

من وەک خۆم هەرگیز ڕادیکالیزمم لە هیچ بوارێکدا قەبووڵ نیە. بۆ؟ رادیکالیزم لە مێشکی مرۆڤ دا قەتعیەت بەرهەم دێنێ، ئەو قەتعیەتە دەیانگەیێنێتە توندوتیژی، جا جەستەیی یان فکری بەلام بە دڵنیاییەوە توند و تییژی بەرهەمی رادیکالیسمە. مەسەلەن مرۆڤە رادیکاڵەکان خۆیان سەتا سەت پێ هەقی موتلەقە، و باقیش باتڵی تەواو. هەر بۆیە هەموو جۆرە هەڵسووکەوتێک بە رامبەر بە خەڵکی دیکە بەڕەوا دەزانن، تازە شانتاژ و پرۆپاگەندە و ریکلامی ئەوەش دەکەن کە ئێمەمانانیش دەبێ وەک ئەوان بین دەنا هەونین، بەدەڵێن.

کۆمەڵگای کوردەواری بە گەشەکردنی پ ک ک و دوای جودا بوونەوەی گۆڕان و پاش سەرهەڵدانی لاهوور و پاڤێل و نەوەی نوێ... بەگشتی دوچاری جۆرێ لە دارمانی ئەخلاق هات، بەدەیان پەیج و لاپەڕەی ساختە لە لایەن ئەوانەوە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان سازکران کە بە مونتاژ و فتۆشۆپ وێنە و قسەی ئەم و ئەویان دەگۆڕێ، ژاری بێئەخلاقیان لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری کە خۆی لە خۆیدا کۆمەڵگایەکی دواکەوتوی شوێن کەوتەیە وەها بڵاو دەکردەوە کە ئیتر بەشی زۆری خەڵکی خۆیان سوور دەیانزانی مەسەلەن فلانە بابەت درۆیەکی شاخدارە بەلام دیسان وەک هەوال دەیانگواستەوە و ڤیت ڤیتیش هەڵدەپەڕین وەک نەبایان دیبێ و نەباران بە سادەیی ئەو بێ ئەخلاقییەیان بەسەر دا تێدەپەڕی.

بەداخەوە ئەو ئافەتە لە باشوورەوە هێدی هێدی باڵێ بەسەر ڕۆژهەڵاتیشدا کێشاوە، ئەگەرچی جارێ نەگەیشتووینە ئەو ئاستە و پەیج و لاپەڕەی ساختەمان لانی کەم وەک ئەوان بەلێشاو نین بەلام سەرەتا و نیشانەکانی ئەو سەرەتانە بەدخیمە خەریکە لە ناو ئێمەێ ڕۆژهەڵاتیشدا بە پرتاو خۆ دەردەخا. لەوەها هەلوومەرجێکدا ئەرکی تاک بە تاکی کورد و ڕۆشنبیر و چالاکی سیاسیی وکۆمەلایەتی کوردە کە بە جیدیی دەگەڵ ئەو دیاردە قێزەونە ڕووبەڕوو بێ، با وانەزانین ئەوە هەر ئێمەین کە بە کەیفی خۆمان ئەسپی هەوا وهەوس و خۆلیای خۆمان تاوددەین و چیمان پێخۆش بێ بەرامبەر بە خەڵک دەیڵێین ودەیکەین، بە دڵنیاییەوە ئەوان دۆستان خۆشیان لەو ئاهۆیە قوتاریان نابێ و لێرەو لەوێ لە لایەن کەسانی دیکەوە دەکەونە بەر هەمان شالاوی جنێو و بێڕێزی کردن ئەو ڕەوشتەی کە خۆیان مامۆستا و فێرکاری بوون.


سەرچاوە
Serchawe

هەڵەی هەرە زەقی ئەو دۆستانەی چالاک لە تۆڕەکۆمەڵایەتیکان بەتایبەتی فەیس بووک ئەمەیە کە کاتێ کەللەیان گەرم داهات ئیتر وەها مەست و سەرخۆش دەبن ئاگایان لەوە نامێنێ کە ئەو باس و بابەتانەی ئەوان بەو زمانە زبر و بەو خەستییە دەیوروژێنن دایک و خۆشک وبرا و کەس و کار و ڕەفیق و دۆستی هەردووک لایان دەیبینن، دەی لە لایەک تۆ ئەوانیش بەو زمانەت گۆڕەوشار دەدەی و لەهەمان کاتیشدا خزم وکەست سەریان لە هەڵسووکەوتی تۆ بە تایبەتی دۆستانی ئوروپا و ئامریکا نشین سووڕ دەمینێ گەلۆ ئێوە چما؟ ئێوە قەرار بوو گەنجان ولاوانی نیشتمان فێری جوانتری ئاکار وڕەفتارەکان بکەن کەچی؟؟!

ئەو دەردە دڵەم بەو قسەیەی قاسملووی نەمر کۆتایی دێنم کە دەیگوت" ئێمە یەکەم حیزبی کوردی بووین کە ئەخلاقمان هێنانە ناو سیاسەت". هیوادارم هەموو لایەک ڕەچاوی ئەو وتەیە بکەن بە تایبەتی ئەوانی خۆیان بە ڕێڕەوی دوکتور قاسملووی نەمر دەزانن. جارێکی دیکەش گوتوومە و دووبارەی دەکەمەوە، تۆ دەتوانی بە ڕەچاوکردنی هەموو بنەماکانی ئەخلاقی قسەی دڵی خۆشت بکەی و باوەڕ و ڕەخنەکانت دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێنییە گۆڕێ و بە دڵنیاییەوە بڕشتی قسەکەت زۆر زیتاترە لەو کاتەی بە زمانی دوور لە ئەدەب دەدوێی و دەنووسی.

٤ی جوولای ٢٠١٩

## دوو هۆکار بۆ زیندوو مانەوەی کورد

ئەوەی کوردی لەسەر پێ هێشتۆتەوە و نەیهێشتووە داگیرکەر بیسڕێتەوە دوو شتە:

یەکەم کولتوور و کەلەپوورێکی بەهێز، هەر لە ئەدەبیات و هونەری مۆسیقا را بگرە تا دەگاتە گەڕی ڕەشبەڵەک و هەڵپەڕکێی جوانی کوردەواری،.

لە ٢٠٠٣ کاتێ لە تورکیا و لە شاری وان بووم و پەنابەر بووم دەنگی دەهۆڵ لەکوێ هاتبا دەگەیشتمە سەری، لەوێ گەڕی داوەتی کوردانە بە هەواو ئاهەنگ و وشەی کوردی تەواو فەزایەکی جیاوازی لە ناو شار و لە ئاخاوتنی خەڵک بە زمانی تورکی کە گۆیا شیرینە! ساز کردبوو. کورد لەوێ یەک نەتەوە و یەک گەلی بە تەواوی جیا بوو لە تورک.
ئەو کاتی بە دیتنی ئەو دیمەنانە زۆر جار بزەی شادیم تێکەڵ بە فرمێسک دەبوون و لە دوورەوە و لە ناو خۆمدا بۆ ئەو گەلە بندەستە ستەملێکراوە بەڵام دەوڵەمەند بە کەلەپووری خۆی وەها دەکوڵیم هەر خۆم دەزانم.

هەر ئەو کاتی هاتبوومە سەر ئەوباوەڕەی کە ئەوەی لە وتورکیا کوردی لە فەوتان و سڕینەوە و پاکتاوی نەتەوەیی و کولتووری ڕزگار کردووە هەر ئەو کولتوور وکەلەپوورە دەوڵەمەندیە ئەگەرچی بەمدواییانە خەباتی کوردانی باکوور لە ڕیزەکانی پ ک ک دا لەسەرەتاوە ئەو ڕەوتەی پڕڕەنگتر کرد.

دووهەم شت کە کوردی وەک نەتەوەیەکی زیندوو لەبەرامبەر هەموو سیاسەتە دژی ئینسانیەکانی ڕێژیمە داگیرکەرەکاندا هێشتۆتەوە ئیرادەی بەگژداهاتنەوە و بەرخۆدانە. گرینگ نیە ئەگەر لای هەندێ کەس پرسیارە کە ئەدی کوا دەسکەوت و دەسکەوتی مەبەستی ئەوان جارێ دیار نەبێ! ئەگەرچی لە دوو بەشی کوردستان جارێ کورد دەسەلاتی بەشی هەرە زۆری خاک و نیشتمانی خۆی دەبەردەستیدایە و ئەگەر خەیانەتی خائینانی ١٦ ئۆکتۆبریش نەبا ئێستا یەکەم دەوڵەتی کوردیمان دەبوو یان شەڕمان بوو لەسەر بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی. بەڵام هەر ئەوەی کە کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان دا بۆتە ڕۆژەوی باس و خواسەکان خۆی یانی دەسکەوتی گەورە، یانی کورد ئیتر بۆ پەراوێز خستن نابێ و هەمیشە مەترسی سەرەکیە لەسەر دەسەڵاتە ناوەندیەکان، باشوور و ڕۆژئاوا دوو نموونەی دیارن.

کەوایە ئەوەی هەیە لە ئیستا دا وکوردی لەسەر پێ هێشتۆتەوە ئەو دوو هۆکارەیە بەگشتی و تا کوردیش ئەو دووەی هەبێ،

هەیە و دەمێنێ و سەرئەنجام بە ئامانجی دەگات.

بژی کوردو قەڵای لەگیران نەهاتووی کەلەپووری کوردی.

بژی ئیرادەی بەگڕ داهاتنەوە و بەرخۆدانی ڕەوا.

٧ی جووڵای ٢٠١٩

## قاسملوو و ڕێڕەوانی

"ئێمە یەکەم حیزبین کە ئەخلاقمان هێناوەتە ناو سیاسەت."

ئەو ڕستەی سەرەوە یەکێک لە وتە بەنرخەکانی قاسملوویە، کاکی پەیرەوی ڕێبازی قاسملوو ویژدانەن لە خەلوەتی خۆتدا کڵاوی خۆت بکە قازی، لەو ئەخلاقەی قاسملوو باسی دەکا چەبدی لێفێربووی، لە ئاخاوتن، لە نووسین، لە هەڵسووکەوت و لە کرداردا!

قاسملوو لە گوفتار و لە کردار ولە هەڵسووکەوت و لە سیاسەت و ئەدەبیات زۆر شتی هەیە بۆ لێفێر بوون، لێفێربوونی بە کردەوە! بە هەڵاوەسینی وێنەیەکی قاسملوو لەماڵەکەت، یان ئارمێکی وێنەداری قاسملوو لەسەر سینگدان نابی بە شاگرد و ڕێرەوی قاسملوو.

ئەگەر کۆی ژیان وبەسەر هات و بڕیار و ئەخلاق و هەڵسووکەوت و بیر و هزری قاسملوو کۆ کەیەوە مەکتەبێکە بۆچۆن ژیان، فەلسەفەی خەباتە بۆ ڕزگاری نیشتمانی داگیرکراو، عەقڵانیەتە لە سیاسەتدا، لە کۆمەڵناسی، قوتابخانەیەکە بۆ ئەخلاق و ئەدەب و ئادابی گفتگۆ، دەی تۆ بەو هەڵسووکەوتەت، بەو ئەدەبیاتە شرو شپرێوت، بۆچی و بە کام هەق خۆت بە شاگردی قاسملوو دەزانی؟ دەت هەوێ قاسملوو لە بەرچاوی خەڵک ناشیرین بکەی؟ ئەگینا بەو ڕەفتار و کردارەت پێم بڵێ خێرت بۆ ڕێبا زو ناو ناوبانگی قاسملوو چیە؟

قاسملوو، ئێتر بوو بە مەکتەب، بۆ بەفەلسەفەی ژیان و بەرخۆدان و بوو بە ڕێباز، ڕیباز کامەیە؟ خۆ ئەو بەجەستە لە ناوماندا نەماوە، ئەوەی شوێنی لەسەر داناوێن و هەمیشە لەدڵماندا خۆشمان دەوێ، قسە و گوفتار و هەڵسووکەوتێتی. تو بزانە لە ئاخری قسەکانی دا دەگەڵ دیپلۆمات ترۆریستەکانی تاران و پێش شەهید بوونی دەڵێ چێ:

"ئێمە ئێستا داوای خودموختاری دەکەین، بەڵام نەسلی دوای ئێمە چی دەوێ ئێمە لێی بەرپرسیار نین، ئایا فیدراڵیان دەوێ یان سەربەخۆیی یان ..."

ئەوە کەسایەتی و ئەو دووبینی و ئەوە شەهامەت و سەداقەتی قاسملوو بوو دەگەڵ گەل دۆست و دەگەڵ دوژمنانی خۆی، بیر

بکەوە کاکی برا خوشکی هێژام، ئەی گەنج ولاوی تازە پێگەیشتوو، تۆ کە خۆت بە ڕێڕەوی قاسملووی نەمر دەزانی هەڵسوو کەوتت لەسەر ئەو حیساب دەکرێ، بزانە چەندە لە قاسملوو فێر بووی؟ ئەگەر نا، ناتهەوێ لێی فیر بی دەی تکایە بەس گۆڕەوشاری بدەن بەو زمانە شڕ و بەو هەڵسووکەوتە دواکەوتووانەیەتان، بەس بە ناوی داکۆکی لە حدک و لە حدکا خۆ لەسەر خەڵک و لەسەر یەکتری هەڵزووڕێنن، ڕێز گرتن لە بەرامبەر یەکێک لە خەسلەتەکانی قاسملوو بوو.

کەم نین ئەو کەسانەی لە هەردووک لای دێمۆکڕات و تەنانەت لەدەرەوی ئەو حیزبەشدا کە لە قاسملووی نەمر فێربوون و بەڕاستی قوتابی ڕێبازی قاسملوون، ئەوان و تێکڕای ئەو کەسانەی بە قاسملوو وڕیبازەکەی وەفادارن نابێ ئیزن بدەن کەسانێکی بە هەڵە حیزبی، ڕێ لێونبووی بەسەرحیزبداکەوتوو، بە نێوی داکۆکی لەم لای دێمۆکڕات یان لە ئەوی دیکەیان مەیدانی جنێو سووکایەتیان بۆ ئاوالا بکرێ، هەرچۆن ئەگەر ئەو تاکە کەسانەش بە ناوی داکۆکی لە قاسملوو وبیر و هزری قاسملوو هەڵسوو کەوتی نابەجێ دەکەن وخەڵکی نەیار و ناحەزی قاسملوو دەڵێین ها ئەوەتا ئەوە شاگرەکانی قاسملوو!!! هەر بەو پێیەش ئەندام و لایەنگری هەر لایەنێک هەر چەشنە هەڵسووکەوتێک بکات لەسەر ئەو حیزبە ماڵە بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک.

١٥ی جوولای ٢٠١٩

# من بۆ باوەڕەکانی خۆم دەنووسم

لەوەتا هەم هەر وابووم، ئەوەی باوەڕم پێی بووبێ داکۆکیم لێکردووە، هەوڵم بۆ داوە، قسەم بۆکردووە و بۆم نووسیوە، هەرگیز دەربەستی ئەوە نەبووم کێ چۆنی بیر لێدەکاتەوە، دیارە هەوڵم ئەوەیە کە بۆ ئەو باوەڕەم خەڵکی زیاتر پەیدا بکەم، بتوانم بە نووسین و بە قسەکردن شوێندانەر بم، بەتایبەتی لەسەر بەرەی لاو کە ئیتر بەداخەوە خەریکە لە لایەن هەندی لە حیزبەکان بەتەواوی هەست و نەستیان داگیر دەکرێ.

بۆ نموونە من کە دژایەتی دانیشتن وگفتگۆ دەگەڵ ڕێژیم دەکەم تەنیا بۆ ئەوەیە کە پێموایە ئەو ڕێژیمە هەرگیز دان بە ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد دا نانێ، بەلام خۆ قسەی من حوکمی حاکمێ نیە، قسەی یەک تاکی ئەو کۆمەڵگایەیە، راو بۆچوونێکە کە ڕەنگە زۆران دەگەڵی بن و زۆریش نا، بە تایبەتی ئەوانەی دژی ئەو بۆچوونەن ڕێفۆرمیستە خەیاڵیەکانی ناوخۆن و بەم دواییانەش هەندێ لە ئەندامانی حدک، کە ئیتر لێیان بووە بە کوردە نامووسی دەنا مالم قەبرە ڕەنگە کاک خالید ئێستا وابیر نەکاتەوە ئەوەندەی هەندێ لە ئەندامەکانیان خۆی بۆ دەکوتن. ئاخر لە تازە ترین دیمانەی دا گوێم لێبوو کاک خالید دووبارە باسی ڕیفراندۆمی کوردی ڕۆژهەلاتی دەکرد بۆ چەندمین جار.

ئێستا ئەمن سوور دەزانم کە ئەو پۆستەم ئەندامانی حدک ئەو حیزبەی ئەوکاتی کە من شەووڕۆژم بۆ داکۆکی کردن و وەسەرپێ خستنی تەرخان دەکرد و ئێستاش لە هەموانم خۆشتر دەوێ ئەوانەی ئەوڕۆ بە تانە و تەشە لە سەر پۆستەکانم دەدوێن و دەنووسن و یان خەڵک هاندەدەن تا لە دژم هەڵویست بگرن، بەرخی بن سەوەتە بوون!

من بۆ باوەڕەکانی خۆم دەنووسم، گوێم لێنیە تۆ چەندت پێخۆشە یان نا، ئەو باوەڕی منیش لە گۆترە نەهاتووە، لەوەرا سەرچاوەی نەگرتووە کە مەسەلەن قیت و قنجی فلانە سەرکردەم کردبێتە سووژە و کردبێتە سێمبول و دوای کەوتبم، نا، ئەو باوەڕە بە بیرکردنەوە لە ئێستا و لە داهاتوو و بە تەجرەبە لە ڕابردوو لە مێشکم دا چرۆی کردووە ئێستا ئیدی درەختێکە بە سەدان ڕەگ و ڕیشەوە.

من هەرگیز کە یەکێک قسەی کرد دەس بەجێ چەپلەی بۆ لێنادەم ، هەڵیش ناکوتمە سەری ئەگەر جار و بارەش لە هەڵوێستێک دا پەلەم کردبێ بەو هەمووە تەجرەبەی خۆم باوەڕم پێیەتی بە دڵنیاییەوە تووشی هەڵە بووم.

من هەرگیز بێ ئەوە قسە و گفت ولفتی سەرکردەو سەرۆکێک وحزبێک لانی کەم لە مێشکم دا بۆ ماوەیەکی کورت سنگ و سووک بکەم بڕیار نادەم، ئەگەر شتێکیشم بیست و بۆم پرسیار بوو وەدوای وڵامی پرسیارەکەم دەکەوم، ئەگەر وڵامی مەنتیقی هەبوو ئەوە لەسەر چاو ئەگەر نا هەرگیز ئەو لێدوان وئەو بۆچوون وئەو سیاسەت ناچێتە مێشکمەوە.

جارێکیان لەسەر سفرەی نانی نیوەڕۆ دانیشتبووین، ئەوە قسەی نزیک ٢٥ ساڵ لەمەوبەرە، هێمن کوڕە چکۆلەکەم ئەوکاتی لە باخچەی منداڵان بوو، لە پارووی یەکەم دابووین هێمن کوتی ئەرێ دایە، دایە، ئەویش کوتی ڕۆڵە نانەکەت بخۆ دوایە قسان دەکەین، کوتی نا نا ، ئەورۆ خانمەکەمان شتێکی کوت! منیش پرسیم چی کوت کوری من، هێمن کە ٥ - ٤ سالان دەبوو کوتی بابە ئەو کوتی خودا چاوی نیە دەبینێ، گوێی نیە و دەبیسێ، ئەوە چۆن دەبێ ئاوا؟؟.... دایکی بە تووڕەییەوە کوتی ئەیەڕۆ کوڕە چیت بەو قسانە داوە نانەکەت بخۆ، من هەر وا تێێ ڕامابووم، لە دڵەوە خۆشحاڵ بووم کە ئەو پرسیارە چۆن بۆ ئەو منداڵە ساز بووە، کوتم ڕۆڵە گیان کە چوویەوە باخچەی منداڵان لە خانمەکت پرسە بلێ ئەوە چۆن دەبێ ڕەنگە ئەو وڵامت بداتەوە. ئاخر بەڕاستی چیم کوتبا؟

ئێستا بیردەکەمەوە کابرای ئەندامی حیزبە و دۆێنیی خۆی لە بیربردۆتەوە سووریش دەزانێ وەک کەو سەری لەبن بەفر ناوە خەلک هەموو دەیبینین کەچی ئەو چون خەڵک نابینێ ئیتر وادەزانێ خەڵکیش ئەو نابینن. ئەو دەیهەوێ ئەوەی دەمێشکی دا هەیە وەک هەقی موتڵەق بەسەر ئێمەی دا بسەپێنێ، چیە مەسەلەن ئەو حیزبییە و ئێمە نین!

هاوڕێ و هەڤاڵی زێدە ئازیز، مرۆڤ دەتوانێ لەکاتی ئاستەم و هەندێ جار لانی کەم بێدەنگە لە هەندێ شت بکا، ئەوەیان باشترە لە خەراپ قسەکردن، واتە قسە نەکەی باشترە لەوەی خەراپ قسە بکەی. خەراپ قسەکردن لەسەرت دەبێ بە ماڵ بەڵام قسە نەکردن هیچ گرفتێکت بۆ دروست ناکا، دەەزانی ناتوانی قسەی دڵت بکەی، جێگات خەتەرە، دوو شێعر بڵاو کەوە و دوو وێنەی یادگاری دابنێ دوو قسەی خۆش بگێڕەوە.

من بۆ باوەڕەکانی خۆم دەنووسم، دەی کەوایە لە زۆر باردا من و تۆ هاوبیر و هاڕا نین، وەک یەک بیر ناکەینەوە، بەڵام دەتوانین هەر هاوڕێ بین، دۆست بین، کەوایە سەنگەر گرتن وئەو مانگرتن و زیزبوونەت لە چیە کاکی برا! ئیتر دنیاکە لای من گۆڕاوە، ڕووڕاست بڵێم من هاوڕێی کۆمەڵە هەیە لە زۆر باراندا لێی نزیکترم تا هاوڕێی دێمۆکرات، هۆکار ئەوە نیە کە من بوومە کۆمەڵە، نا، هۆکار ئەوەیە کۆمەڵەکان لە زۆر جێگا دا کوردایەتی دەکەن و تۆ نا، کوردایەتی شەق و القەمەر نیە، هەڵکوتانە سەر پایگاو بنکەی سپا نیە، کوردایەتی هەڵوێستی کوردانەگرتنە. بەرژەوەندی نەتەوە نیشتمان لەبەرچاو بوونە. بەهەموو ئەو جوداییانەوە و بە هەموو ئەو جیاوازیانەوە دیسانیش من هەر ڕووحا دێمۆکراتم و هەوڵیش دەدەم لە پێشدا لەناو دێمۆکراتەکان دا ئەو بیرە زیاتر پەرە پێبدەم، یەکەم چون کوردایەتی و بیری نەتەوەیی تاکە بیر

وهـزرێکە کە دەتـوانێ ئەو دۆردۆنـگ بـوون وئەو کێبەرکێـیەی حیزبیمـان لەنـاو دا بنەبـڕ بکـات. دووهەم تـاکە بیـرێکە کە دەتوانی بمانکاتە هێزێکی پتەوی نەتەوەیی و نیشتمانی و ببین بەو دەریایەی بە شێعر نەتەوەی پـێ دەشوبهێنین. ببین بە هێزێکی لەبن نەهاتووی داگیرکەر تۆقێن. ببێن بە هیزێک کە ئـازادی نیشـتمان و سەربەسـتی خـاکی کـوردانی لـێ چـاوەڕوان دەکرێ.

١٨ی جوولای ٢٠١٩

## ویدۆی وەحشیگەری تورک بەرامبەر بە ئالای کوردستان وچەند سەرنجێک

من کە ئەو ویدۆیەم دیت بە تایبەتی هەندێ کەسو لایەن بڵاویان دەکردەوە دووبارە نەفرەت و بێزاریم لە خەیانەتیی ١٦ی ئۆکتوبر کڵپەی سەند و بیرم کەوتەوە کە ئەگەر ئەو خائین و نیشتمانفرۆشانە نەبان ئایا ئەمرۆ لە تورکیا دیسان هەمان بێڕێزی بە خەڵک وبە ئالای کوردستان دەکرا؟

ئەوکاتە زیاتر لە ناخەوە هەژام کە دیتم ئەوانەی دژی بەدەوڵەتبوونی کورد سینگیان دێنا پێش و فەلسەفەیان هەڵدەڕشت وپێیان وابوو بە سەربەخۆیی کوردستان پرۆژەی براتیا گەلان تێک دەچێ و دنیا کاول و وێران دەبێ ئێستا ویدۆکە بڵاو دەکەنەوە ودەڵێین دەی حکوومەتی هەرێم لەسەر ئالای کوردستان وەجواب وەرە!

من لەجیات ئەو تاقمە سەرلێشێواو و دوژمن بە کوردە بوایەم هەرگیز لە ڕووم هەڵنەدەهات ناوی ئەو ئالایەش بێنم، ئاخر بەتۆ چی؟ تۆ کەباوەڕت بەو ئالایە نیەو لە کاتی ڕیفراندۆمیشدا خەڵکی خۆت وا فێرکردبوو کە ئالای کوردستان بە پەڕووی پیس و بە ئالای پارتی بناسن وبشوبهێنن ئێستێ بۆ هاتووی و دروزنانە بووی بە خەمخۆری ئالای کوردستان؟! لەبیرت چۆتەوە کە لە سەفەری بارزانیدا بۆ ئانکارا ئەردوغان ئالای کوردستانی لە تەنیشت ئالای تورک دانابوو بۆ ڕێز گرتن لە کورد و حکوومەتی هەرێم؟ لەبیرێشتە کە تۆ چۆن کێچت دەکەوقڵێ کەوتبوو و چۆن لێکدانەوەی سەراقوونت بۆ ئەو سەرکەوتنە سیاسییە دەکرد و ئاورت دەجەرگی بەربوو؟

بەڵێ ئێستا کە تورک بەوپەڕی وەحشیگەریەوە هێرش دەکەنە سەر خەڵکی کورد وبێڕێزی بە ئالای کوردستان دەکەن ئەوە بەرهەمی خەیانەتی ١٦ی ئۆکتوبر و ئێوەی زرەکوردە دەنا پێش ئەوەی داگیرکەر هەست بە خەیانەتی بەشێکی بەرچاو لە هێزەسیاسیە کوردستانیەکان بکا ڕێزی لە ئالا و لە سیمبولەکانی نەتەوەکەمان دەگرت. بۆیە هەموو جارێ برینی خەیانەگتی ١٦ی ئۆکتوبر و دوژمنانی سەربەخۆیی کوردستان تازە دەبێتەوە و لەبیر نیشتمانپەروەری کورد ناچێتەوە، چون ئەوانەی ئێستا دەیانبینین لە بێڕێزکردن بەرامبەر بە سیمبولی نەتەوەییمان هەموو بەرهەمی هەڵوێستی خەیانەتکارانەی ئێوەیە.

١٩ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# تکایە وڵامەکان لە کۆتایی ئەو پرسیارەدا بخوێنەوە

پرسیار

زۆربەی سیاسەتمەدارانی دنیا لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە سیاسەت دا نە دۆستایەتی و نەدوژمنایەتی تا سەر نیە، ڕەنگە ئەو قسەیەمان زیاتریش هەر لە سیاسیەکارەکانی خۆمان بیستبێ، ئەوەی دیارو ڕوونییشە ڕەنگە قسەیەکی خەراپ نەبێ. هەر بەو پێیەش لەو دواییانە دا حیزبەکان بە گشتی دەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دانیشتنی سەرەتاییان هەبووە بە نیازی دەستپێکی گوتوبێژ لەسەر داوارەواکانی گەلی کورد.

لێرەدا یەک پرسیار لای من دروست بووە کە بەرەورووی ئەو دۆستانەی دەکەمەوە ئەویش ئەمەیە:

مادام دانیشتن دەگەڵ ئەو ڕێژیمە یەکێک لە قەواعیدی یاریە سیاسییەکانە ئایا دانیشتن دەگەڵ ڕەزا پەهلەوی و موجاهیدین خەڵکیش بۆ پێک هێنانی بەرەیەکی ئێرانی دژی ڕێژیم بەشێکە لە قەواعیدی یاری سیاسی یا نا؟ ئەگەر وایە بۆ تا ئێستا بۆ ئەوەی ئەو بەرەی ئوپۆزیسیۆنە دژی ڕێژیم بەهێز بێ ئەوەتان نەکردووە؟

ئەو پرسیارەم بۆیە بەڕوونی ڕوو لە ئێوە کرد چون من وای دەبینبم لە ئێراندا لەو دووە بەهێزتر وەک ئۆپۆزسیۆن نابینرێ، ئیوەش کە مەبەستتانە لە ئێران دا ئاڵووگۆڕی دیمۆکڕاتیک بکرێ و ڕێژێمێک بێتە سەر کار کە خواستی کوردان لەبەرچاو بگرێ بۆ دەگەڵ ئەو دوو هێزە دانانیشن هەم داوای خەڵکی کوردیان دەگەڵ بێننە گۆڕێ و هەمیش هەوڵی بەهێز کردنی بەرەی دژی ڕێژیم بدرێ؟
تێبینی: تکا و ڕجای دۆستانەم لە هەموو لایەک ئەوەیە کەهیچ کەس لاتاو و تەشەڕ و بوغزاندن بەرامبەر بە هیچ کەس و لایەنێک لەسەر ئەو دیوارەی من بەکار نەهێنێ. لە دیواری خۆت و لاپەڕەی خۆت ئازادی چ دەنووسی چۆن دەنووسی ئەوە خۆت لێی بەرپرسیاری.

پرسیارەکەم ڕووی لەو بەڕیزانەیە:

١- قادر وریا

٢- روستەم جەهانگیری

٣- سەعیدی بیگزادە

٤- عومەری غولام عەلی

٥- رەزا کەعبی

٦- حەمەی موهتەدی

٧- حوسێن یەزادنپەنا

٨ - بابا شیخ حوسێنی

هیوادارم ئامادەیی وەیان هەبێ وڵامی پرسیارەکەم بدەنەوە.

**Qadir Wrya,Rostam Jahangiri,Saeid Bigzadeh,Omar Gholamali,Reza Kaabi,Hama Mohtadi,Hussein Yazdanpana,Babeshex Husaini**

**وڵامی کاک قادر وڕیا وێرای سپاس و پێزانین بۆ بەڕێزیان**

مادام دانیشتن دەگەڵ ئەوڕیژیمە، یەکێک لە قەواعیدییاریە سیاسییەکانە ئایا دانیشتن دەگەڵـرەزا پەهلەوی و موجاهیدین خەڵکیش بۆ پێک هێنانی بەرەیەکی ئێرانی دژیرێژیم بەشێکە لە قەواعیدییاری سیاسییا نا؟ ئەگەر وایە بۆ تا ئێستا بۆ ئەوەی ئەو بەرەی ئوپۆزیسیۆنە دژیرێژیم بەهێز بێ ئەوەتان نەکردووە؟

---

## وڵامی من(قادر وریا) بەم پرسیارە:

ئەگەر چی من ئەوەندە لە پێوەندی و هەوڵە شاراوەکانی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات ئاگادار نیم، بەڵام لەو بڕوایە دام کە هەوڵ دراوە لە گەڵ ئەو دوو لایەنەش (کوڕی شا و موجاهیدین) دیالۆگ بکرێ. خۆ ئەوەندەی پێوەندیی بە کوڕی شاوە هەیە، ئەگەر لایەنە کوردییەکان خۆشیان بە میدیاییان نەکردبێ، دوایە هەر ئاشکرا بووە. کە دیارە من دانیشتن و دیالۆگ لە گەڵ کوڕی شا یا موجاهیدین بە عەیب و تاوان نازانم و پێویستیشە. بەڵام بۆ چی هەتا ئێستا نەتیجەیەکی ئەوتۆی نەبووە و هیچ هاوپەیمانی ویەکگرتوویەکی لێ نەکەوتووەتەوە؟ وڵامەکەی ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ڕەزا پەهلەوی، بە داخەوە(بە تێگەیشتنی من) ناوبراو، بڕوای بە مافی نەتەوایەتی نەتەوەکانی ئێران نیە و تەنانەت لە گەڵ سەرەتاییترین مافی هەر نەتەوەیەک کە خوێندنە بە زمانی خۆیان، کێشەی هەیە. هێزە کوردەکان چۆن دەتوانن لە گەڵ



سەرچاوە Serchawe

ناوبراو و لایەنگرانی لە بەرەیەک دابن کە ڕابردووەکەیان (ڕێژیمی شایەتی) شتێکی تێدا نابینرێ جگە لە دوژمنایەتی مافی نەتەوەیی و سەرکوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی؟ ئێستاش، ئامادە نین کورد و پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران وەک نەتەوەیەک بە ڕەسمی بناسن و دان بە مافەکانیان دا بنێن و ڕێز لە ویستەکانیان بگرن؟

لە پێوەندی لە گەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینیش دا، ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەوڵ دراوە دەرگای دانیشتن و دیالۆگ لە گەڵیان بکرێتەوە و ئەگەر ئامادەییان تێدا هەبێ، پێوەندیی ئاسایی لە نێوانمان دا هەبێ و تەنانەت بیر لە شتی تریش بکرێتەوە. ئەوەش وەبیر دێنمەوە کەلە درێژایی ئەو ساڵانەی دوایی دا کە لە نێو عێراق لە کەمپی ئەشرەف و لە لیبرتێ، موجاهیدین دەکەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەموو جارێ بە دەنگی بەرز و بە ڕەسمی ئەو تاوانانەی مەحکووم دەکرد و هاودەردیی لە گەڵ دەکردن و، سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتیی بۆ ئەم دۆخە دڵتەزێنەی ئەوان ڕادەکێشا. بە داخەوە ڕێکخراوی موجاهیدین، لە جیاتی پێشوازی لە هەوڵەکانی حیزبی ئێمە بۆ هەبوونی پێوەندی و دانیشتن،بەردەوام مەرج و بیانووبهێناوەتەوە. ئەوان ئێستاش پێیان وایە بۆ وێنە حیزبی دیموکرات دەبێ پێشەکی تەعەهود بەوان بدا کە بیر لە وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ناکاتەوە. زۆر پێشتر، جگە لەم مەرجە، مەرجی وەک مەحکووم کردنی لایەنێکی سیاسیی باشووری کوردستان سەبارەت بە تێکهەڵچوونەکانی خۆیان و ئەو لایەنەیان هەبوو. بە کورتی، ڕێکخراوی موجاهیدین، ئیستیعدادی دامەزراندنی پێوەندیی هاوسەنگی لە گەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە نیە. نەک هەر لە گەڵ حیزبەکانی کوردستان، هەر لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش دا، ڕێکخراوێکی ئەوتۆ بەدی ناکەین کە پێوەندییەکی دۆستانەی هاوسەنگیان لە گەڵ موجاهیدین هەبێ. ئەگینا ئەو ڕێکخراوە بە هۆی ڕابردووی قبووڵکردنی داوای خودموختاریی خەڵکی کوردستان و، پەسندکردنی گەڵاڵەلەیەک لەم بارەیەوە- لە سەردەمێک دا کە لە گەڵ حیزبی دیموکرات پێکەوە لە شووڕای بەرگریی نیشتمانی دابوون- بۆ دیالۆگ و پێکهێنانی هاوپەیمانی لە گەڵ هێزە کوردەکان، لە کوڕی شای و لایەنگرەکانی، هەنگاوێک لە پێشترە. هەر چەند لە بەرامبەریش دا، بڕوایەکی ئەوتۆیان بە حکوومەتی دیموکراتیک وهەڵبژاردنی ئازاد و پلۆرالیزمی سیاسی و... نیە.

بە دڵنیاییەوە، پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لە گەڵ هێزە سەرانسەرییەکانی ئێران، یەکێک لە پێویستییەکانی بە ئاکام گەیاندنی خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دیموکراتیک لە ئێرانی داهاتوویە. بەڵام بۆ ئەوەی هێزە کوردەکان هاوپەیمانەتییان لە گەڵ بکەن، پێویستە ئەو هێز و لایەنە سەرانسەرییانە، هەم باوەڕیان بە دیموکراسی هەبێ، هەم دان بە فرەنەتەوە بوونی ئێران دابنێن و مافە نەتەوەییەکانیان قبووڵ بکەن.

(لە گەڵ ڕێزم دا بۆ کاک برایم جەهانگیری کە دەرفەتی کردنەوەی ئەو باسەی بۆ پێک هێنام)

قادر وریا

٢٦ - ٧ - ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# وڵامی کاک سەعید بەیگزادە، ڕیز و سپاس هاوڕێی ئازیز

کاک برایمی خۆشەویست!

بەسەر چاو ولامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە. دەگەڵ جەنابت بۆ چل سال دەچێ دۆستم و ناکرێ یەکەم جار ولامی نەخێرت عەرز بکەم. بەلام قەول نادەم لە درێژەی باس و ئێدامەی پرسیاراندا بەشداری بکەم. ئەووش تەنیا لەبەر کات و دەرفەتە. خۆت دەزانی پرسیار ئەوەندە زۆرن کە کاتی نەفەرێک هیچ، ئەگەر وەخت و دەرفەتی چوار کەسانیش قەرز بکەی، هێشتا بە هیچ راناگا.تازە بۆ مەمانانیش کە جیا لە حیزبایەتی دەبێ بەشێکی زۆری کاتەکانمان بۆ بژیوی مال و مندال و ژیان بفرۆشین.

دەگەل ئەووش ولامی ئەم پرسیارانە کات و شی کردنەوەی باشیان دەوێ و ولامێکی کورت ناتوانێ تێرە خۆرە بێ.

دەگەل ئەوەی کە من ئەندامی حیزبی دێمۆکراتم و ولامەکانم ناتوانن بۆنی سیاسەتەکانی ئەم حیزبەیان پێوە نەبێ، دەجوابی ئەم پرسیارانەدا تەنیا خۆم لێیان بەرپرسیارم.

بە کورتی، ئەو دوو جەریانەی جەنابت ئاماژەت پێداون، هەردووکیان دەیانهەوێ رێژیمی ئێران بروخێنن و خۆیان ببنە جێگرەوە و جلەوی دەسەلاتی سیاسی ئێرانیان بکەوێتە دەستی. ئێمەش وەک کورد هەتا بەشی روخانەکە دەگەل ئەوان و هەموو بە قەول بەرئەندازان یەک نەزەرین. بەلام کێشە و باسی ئێمە وەک کورد و هێزی کوردی هەر ئەوە نییە کە هاوبەشی بکەین و حکومەت بۆ ئەم یان ئەو بروخێنین، دەبێ بزانین ئەو جەریانانە بۆ کورد چییان پێیە.دەگەل ئەوەی کە بۆ ئێمە کورد گرینگە کە چ حکومەتێک دەسەلاتی تارانی پێ دەبێ، بەلام ئەمە بە هیچ جۆر کافی و ولامدەر نییە، بەلکو دەبێ بزانین بۆ کورد چی پێیە و چی دەلێ؟. دەبێ دیار بێ کە چەندەی بروا بە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی هەیە ،یان چۆن بۆ تەمەرکوزی دەسەڵات دەروانێ.

دەهەموو حالەتێکدا ئێمە دەبێ ئەوەی بەلامانەوە گرینگە ئەوە بێ کە سەرنویشتی سیاسی خۆمان بەدەست خۆمان بێ.جا ئەوە هەرکام لە جۆرەکانی رزگاری یان دەسەلاتی کورد لە دەرفەتەکاندا دیاری دەکا.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەندەی بۆ مجاهیدین دەگەڕێتەوە، ئەوان بەدەر لەوەی چۆن بیر دەکەنەوە یان لە نێو ئێمەی کورددا چەندە خۆشەویست یان بێزراون، هەتا ئێستا تەنیا هێزێکن کە بەشێکی کەم لە داخوازییەکانی کوردیان قبوڵ کردوە و زاهیرەن پێی رازین. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی حیزبی دێمۆکرات دەگەڵیان دە شورای بەرگریدا بووە و شەهید قاسملوو دەگەڵیان رێک کەوتوە. بەلام بۆ هاوکاری و دۆستایەتی کۆمەلێک مەرج و شەرتیان هەیە کە هیچ دەبەرژەوەندی هێزێکی کوردیدا نییە کە لێیان قبوڵ بکا.

ئاغای رەزا پەهلەوی،بەرنامە و قسەکانی بۆ ئێمەی کورد زۆر جەزابیەتیان نییە، جاری وایە شتێک داویَ و پاش ماوەیەک پێچەوانەکەی دەڵێ. ئەو ئاغایە ئەگەر خۆشی برێک کراوەیی تێدا بێ،دەوروبەر و دەمراستەکانی زۆر ئینحیسار تەڵەب و تەمەرکوزگەران. بۆیە هەتا ئێستا بۆ سازان دەگەل ئەوانە دەراوێکی روون نابیندرێ.

دانیشتن و راوێژ دەگەل ئەوانەش کفر نییە و زۆریش دروستە، بەلام دەبێ ئەوە بزانین کە دانیشتن و گفتگۆ و سازان دوو شتی تەواو لێک جیاوازن. دەگەل ئاغای پەهلەوی دانیشتنیش بووە، بەلام هیچ تەواوفوقێک رووی نەداوە. دەگەل مجاهیدین ئالوگۆری نەزەر کراوە، بەلام شەرتەکانیان گرانە.

بۆیە بەکورتی عەرزتان بکەم، من دەگەل دانیشتن و ئاڵوگۆری بیرورا دەگەل ئەم دووانە و دەگەل هیچ لایەنێکی دیکەش بە تاوان و کفر نازانم، بەلام هەر تەوافوق و سازانێک دەگەل هەر کەس و هەر لایەنێک دەبێ، سەربەخۆیی سیاسی و قبوڵی مافی کوردی دەگەل بێ و، هاوکات هەر دانیشتن و پەیوەندیەک دەبێ بە لەبەرچاو گرتنی هێز و پێگەی ئەو جەریانە بێ کە تەرەفی بەرانبەرتە.

تەنانەت ئەگەر ئێستا هەموو هێزەکانی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان وێکرا داوای سەربەخۆیی کوردستانیش هەلبگرن، دەبێ بۆ چارەسەری کێشەکان و لێکدابرانێکی دروست واریدی موزاکرە و دانیشتن دەگەل هەموو لایەک ببن. بەلام ئێمە نابێ بکەوێنە داوی ئەوەی کە لەسەر "ئەسپی تۆپیو شەرت بەندی"بکەین!

لە دەرفەتێکی کورتی سەر کار ولامم نوسی، بۆیە حەتمەن بێ هەڵە و نارەسایی نییە،ببورن

# ولامی بەڕێز ڕۆستەم جەهانگیری

سلاو

کاک ئیبراهیم

وڵامی رۆستەم جەهانگیری

بەنەزەری من هەر حیزبیک حەقی خویەتی چون سیاسەت دادەریژێ و لەگەل کام لایەن یان دەوڵەت پیوەندی دەگرێ ئەوە بەتەواوی بە حیزب ویا ئەو سازمانە گرێدراوە.

هەر وەک دەزانێن وتوویژ لە حیزبی ئیمەدا لەمیژ سالە بوتە پرەنسیپ ،ئیمە بوچونمان ئەوەیە کە شەرناکەین بوشەر.یان شەرناکەین کە فیلانە لایەن یان فیسارە لایەن پێخوشە یان پێناخوشە، کەوابو مەسەلەی کورد جیاوازە، چۆن کورد دەتوانێ لەگەل تاران بو چارەسەری خواستەکانی خوی بکەوێتە گفتگو، هەرواش دەتوانێ دیالوگ بە بەشەک لەخەبات دابنێ بو گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد.

بویە بەنەزەری من کورد داوای مافی خوی کەدەکا جا چی خودمختاری یان فیدرالی و تەنانەت سەربەخویش بێ دەبێ رێگای دیالوگ هەمیشە وەک یەکێک لە تاکتیکەکان لەبەرجاو بگرێ.

لەگەل ئەو دو لایەنەی باست کردوون دەبی بیم کە هەتا ئەو شوێنە من ئاگادار بم

١- قەت هیچ لایەنەکمان نادیدە نەگرتوە تەنانەت سەلتەنەتخوازەکانیش. هەرچەند لەگەل ئەو لایەنە کە تا لە حکومەت دابون کورد نرخی کەمی نەداوە بەلکو یەکجارزوری خوینی خورتەکانی خۆی بو گەیشتن بە ئاواتەکانی خۆی پێشکێش کردووە، مەنزورم ئەوەیە کە تاقیکراونەتەوە.

بەلام دیسان لەگەل ئەوانیش بەنەزەری من دەبێ دو شت لەبەرچاوبگیرێ ئەویش ئەوەیە ئەوان دەبێ لە بەرێوەبرینی سیستمی ئیدارەی وڵات دا قەبولی بکەن کە سیستمەێکی دێموکراتیک بو بەرێوەبەی ولاتیان شتێکە کە ئەوان باوەڕیان

پیەتی.

دەبێ رابگەیەنێن کە باوەریان بەچارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان لە ئیران دا هەیە.

قەبولی بکەن لە ئیراندا تەنیا یەک میلەت نیە بەڵکو چەند میلەت هەیە دەیێ بە پێویستی بزانن و بەڵێین بدەن کە کێشەی نەتەوەکان چارەسەر دەکەن.
بەلام پێموایە حەتا ئیستاش لەگەل بیت ئەو لایەنانە هیشتا باوەریان بە چارەسەری مەسەلەی کورد دا نیە یان لە رارابیدان،

بویە لەگەل ئەوانە دەبێ شەرتی هاوکاری یان دیالوگ ئەوەبێت کە پروژەیان چیە لە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان و بەتایبەتی چارەسەری مەسەلەی کورد.
لەسەر موجاهیدین من پێموایە کە هەتا ئیستاش لەگەل بێت گەورەترین هێزی ئوپوزوسینی سەراسەری ئیرانە دەکریت و زوریش باشە کە پیوەندی لەگەل ئەو ریکخراوە دا هەبیت ویا دیالوگ بکریت

من پیموایە کە یەکەم ریکخراوی ئیرانە کە بە شێوەی رەسمی مەسەلەی کوردی قەبول کردوە و لەگەل کورد گەیشتوە تەوافوق و ئیمزای کردوە.

جا ئەوە ممکینە بەدلی زور لایەن نەبیت بەڵام بەنەزەری من لە جێی خویدا رووداوێکی تاریخی بووە هەتا ئیستاش لەگەلبیت هیچ ریکخراویکی ئیرانی کە سەراسەری بیت لە چەپ وراست ئەو جورئەتەیان نەبوە وەک موجاهدین بێنە پیش و تەوافقی مەسەلەی کورد ئیمزابکەن.
بەلام ئەوەی هەتائیستا لەگەل ئەوان دانیشتن و دیالوگ نەبوە، ئەوەی بیستومە گویا دەبێ ئەوە مجاهدینی خەلکی ئیران بن کە شەرت دادەنێن بو دانیشتن، بەنەزەری من هەر هیزەکیشئەوەی لیان قەبول بیکا ئیتر سەربەخوی سیاسی خوی لەدەست دەدا.

چەندین جار داوا کراوە کە پیوەندیان لەگەل بگرن بەڵام هێشتا هەر ئەو شەرتەی خۆیان مەترەح دەکەن، دەبێ مەسەلەی دیالوگ لەگەل ئیران بەتەواوی رەد بکەنەوە

وێدەچێ تەنانەت لە پێوەندی گرتن لەگەل هەر هیزەکی دیکەش هەر ئەو شەرتە دابنێن



سەرچاوە
Serchawe

بەنەزەری من مجاهیدین بەو سیاسەتە خویان تەریک ختسووە و هەم زەرەریان لە خویان داوە وهەمیش زەربەیان لە بزوتنەوەسەراسەری ئیران داوە.

بویە دەلێم پیوەندی ودیالوگ و تەنانەت هاوپەیمانی و ئیتلاف بە کارێکی باش دەزانم دەبێ هەبیت بەلام بەو شەرتە کە بو هیزەکانی کورد مەسەلەی نەتەوەیی و ئازادی ودێموکراسی پایەی ئەساسی ئەو دیالوگ و هاوپەیمانیە بیت.

سپاس

روستەم جەهانگیری

بژیت

٢٦ - ٧ - ٢٠١٩

## وڵامی بەڕێز حوسێن یەزدانپەنا بە پرسیارەکەی من

بەڕێز کاک ئیبراهیم جەهانگیری

وێڕای سڵاو، ئەمە وەڵامی منە، بە پرسیارەکەی جەنابت:

١- پرسیارەکەی بەڕێزتان هێندێک پێشفەرزی تێدایە. من وێڕای راوەستان لە سەر ئەو پێشفەرزانە، دەچمە سەر پرسیارە دیاریکراوەکەتان. یەکێ لە پێش فەرزەکانتان ئەو وتە بە ناوبانگەیە کە "لە سیاسەت دا نە دۆستی تا سەر هەیە، نە دوژمنی هەتایی؛ بەڵکوو بەرژەوەندیی هەتایی هەیە". ئەم وتەیە بۆ سیاسەتی دەوڵەت دەشێ لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. هەر ئەو کەسەی خاوەنی ئەم وتەیە، لە قسەیەکی دیکەیدا دەڵێ: ئەگەر ئەو کارانەی لە دەرەوەی بریتانیا بۆ دەوڵەتی بریتانیام کردوون، لە ناوخۆی وڵاتەکەم بمکردبان، حوکمی زۆر قورس دەدرام. کورد نەتەوەیەکی بێدەوڵەتەو لە قۆناغی رزگاریی نەتەوەیی - نیشتمانییدایە. بۆیە زۆر لەو وتە بەناوبانگانەی لە سەر سیاسەت و بۆ سیاسەتکردن وتراون، بۆ کورد و بزووتنەوەکەی نابن، تا کاتێ نەبێتە دەوڵەت. بە پێی ئەم تێبینیەی من، حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، دەبێ، هەتا سەر یەکتر وەک دۆست بناسن و هەرگیز، وەک دژمن یەکتر نەبین. بەرژەوەندیی هەتایی لەم تێگەیشتنەدایە. هەر بەو پێیەش، داگیرکەرانی کوردستان، هەمیشە دوژمنن و هەرگیز نابنە دۆست، چ ئەو کاتەی لە شەڕداین لە گەڵیان، چ وەو کاتەی لە چاوپێکەوتن و چ ئەو کاتەی لە گفتووگۆداین.

٢- وتووێژ لە گەڵ دوژمن، نابێ نە وەک ئەسڵ پیرۆز بکرێت و نەوەک ئەسڵ، مەحکووم. بەڵکوو دەبێ تابعی ستراتیژییەکی روون یان پلانێکی شاراوەی ئامانجدار، بێ. کوردی رۆژهەلات هەر لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵاوە تا سمکۆی مەزن و پێشەوا و دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد و د.قاسملووی شەهید، نە وتوێژی سەرکەوتووی لە گەڵ تاران هەبووە و نە هیچ سەرکەوتنێکی بە وتووێژ دەستکەوتووە.

٤ ساڵ لەمەوبەر تاران داوای چاوپێکەوتنی لە حیزبەکانی رۆژهەڵات کرد. حیزبی وا هەبوو قبووڵی کرد و کردی. PAK رەتی کردەوە و نەیکرد. هەروەها، ئەو رێکخراوە نۆرویژییە، جارێ لە ئەمریکا و جارێک لە سوید، چاوی بە هەڤاڵانی PAK کەوتبوو. ئەوان تێگەیشتبوون کە سیاسەت و ستراتیژی PAK بۆ ئەو جۆرە دەعوەتانەی وەک ئۆسلۆ نامەشێ.

من لە حاڵی حازردا، هەر جۆرە چاوپێکەوتنێک لە گەڵ نێردراوانی تاران لە هەر پلەو پایەیەکدا و لە هەر کوێ بێ، بە

قازانجی تاران دەزانم و و ڕەتی دەکەمەوە. ئێمە لە گەڵ ئەوەداین کە درێژە بە خەبات بدرێ، ماڵی کورد یەکبخرێ و هاواهەنگ بین لە گەڵ ئەو سیاسەتەی خەریکە، زۆربەی دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان، لە دژی ئێران لە سەری ڕێکدەوکەن و حەولی دەرفەت بدەین و لە بۆسەدا بین بۆ کەڵکوەرگرتن و قۆستنەوەی دەرفەتەکان.

٣- ستراتیژی ئێمە دێمواکراتیزەکردنی ئێران نییە. نە بەتەمای ئاڵووگۆڕی دێموکراتیین لە ئێران و نە پێمانوایە، ئێران رووی دێموکراسیی بەخۆیەوە دەبینی. بۆیە نە خۆمان بەو تراویلکەوە ماندوو دەکەین و نە بەشدار دەبین لەو حەولانەی کە تەنیا هێز و وزەی کورد بە هەدەر دەدا. دێموکراسیی، بە گۆڕان لە سنوورەکان و هەڵوەشانەوەی ئێران، وەدیی دێت. وەک یوگوسلاویا، وەک یەکێتی سۆڤییەت. ئێمە حیزبی پرسی کورد و رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانیین و گشت بەهاکانی وەک دێموکراسی و دادپەروەریی و ئازادیی و پلۆرالیسم لەو چوارچێوەیەدا بۆ ئێمە مانادارە.

ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو، باردوخ خۆش دەکا کە ئێران وەک دەوڵەتێکی سادە، هەڵوەشێتەوە، کوردی ڕۆژهەڵات نابێ، هەڵەی کوردی باشوور دووبارە بکاتەوە، کە چوون، دەوڵەتێکی هەڵوەشاوەیان، بنیاتنایەوە.

٤- ئێمە پێمانوایە، بەر لە گفتوگۆ لە گەڵ لایەنە فارسەکان، (ئەوەی پێیان دەگوترێ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی)، سەرەتا دەبێ، گفتوگۆی کورد - کورد(ڕۆژهەڵات) پێک بێت و هێزە کورستانییەکان، بەر لە هەر هاوپەیمانییەک لە گەڵ ئەو کەس و گرووپانە، لە گەڵ خۆیان پێکبێن. پێکهاتنێک لە سەر بنەمای پرەنسیپی مافی چارەنووسی کورد. پێکهاتنێکی بەهێز و تۆکمە لە بەرەیەکدا. بەرەیەکی سیاسی - سەربازیی، دیپلۆماسی و هتد.

ئەگەر بێتوو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرە و میساقێکی نەتەوەیی پێکنەهێنن، سازان و هاوپەیمانی ئەم حیزب و ئەو حیزب لە گەڵ گرووپە سیاسییەکانی فارس، لە سەر حیسابی مافەکانی کورد دەبێ و دواجار دەچێتە خزمەت ئەجندای سیاسیی فارسەکان. ئەوەش هەم ساتوسەودای لە چەشنی ١٦ی ئۆکتۆبری باشووری لێدەکەوێتەوە و هەم کەلێن و ناکۆکیی ناوخۆیی قووڵ دەکاتەوە.

٥- هەتا ئێستا، هەر لایەنە کوردییەکان بوون، بە داشکاندنی سیاسیی، ڕوویان لە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی فارس کردوە. کەچی هیچ سوودێکی بۆ کورد و بزاڤەکەی نەبووە و تەنیا ئەو گرووپانە قازانجیان کردوە. نموونە وەک ئەزموونی یەکگرتنی کۆمەڵە وسەهەند، شۆڕای میللی مقاوەمەت، شۆرای دێموکراسیخوازان و دوا نموونەش هەمبەستەگی و بەیاننامە مێژووییەکەیان!

لە روانگەی ئێمەوە، دەکرێ، لە پێناو بەرژەوەندیی تاکتیکیی یان ستراتیژیکیی بزووتنەوەی کوردا، لە گەڵ کەسان و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی فارس، پێکهاتن و رێککەوتن هەبێت. بەڵام، یەکەم: لە پێگەی هێزەوە نەک لاوازیی؛ دووهەم: هێزە کوردییەکان، داشکاندنی سیاسیی بەوان بکەن، نەک خۆیان بۆ ئەوانی دایبشکێنن. بە بڕاوی ئێمە، دەبێ دانان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە رێگای دەنگی ئازادانەی دانیشتوانەکەیەوە، مەرج و بنەمایەک بێ کە بکرێتە شەرتی هاوکاریی وهاوپەیمانیی لە گەڵ هەر کەس و گرووپ و دەستەیەکی ئۆپۆزیسیۆن.

٦- هەڵوێست و رەفتار لە گەڵ موجاهیدین و کوڕی شا لە روانگەی ئێمەوە، بەشێوەیەکی گشتیی ئەو چوارچێوەیەیە کە لە سەرەوە باسم کردوە. بەڵام لە گەڵ کوڕی شا، خاڵێکی دیکەمان هەیە. ئەو میراتگری سیاسیی بنەماڵەی پەهلەوییە. پەهلەوی یەکەم واتە باپیری، سمکۆی مەزنی تێرۆر کرد؛ پەهلەوی دووهەم واتە باوکی، پێشەوا قازی محەمەد سەکۆماری کوردستانی لە سێدارە دا. ئەوە بێجگە لەو هەموو تاوانەی لە دژی خەڵکی کوردستانیان کردوە. بۆیە ئەو دەبێ، جیاواز لە هەموو بابەت و پرسەکانی دیکە، ئەو تاوانانە مەحکووم بکات. خۆ نەکوڕی شا لە گێرهاردشرۆدێری ئاڵمان گەورەترە، نە خەڵکی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتی باوک و باپیری ئەودا، کەمتر لە خەڵکی لەهێستان، کوشتار و ئازاریان چێشتووە؛ بەڵام سەدری ئەعزەمی ئاڵمان، بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندیی لە گەڵ لەهێستان، لە وارشۆ دەچێتە سەر گۆڕی سەربازی ونی لەهێستان، تاجە گولینە دادەنێ و داوای لێبووردن لە خەڵکی ئەو وڵاتە دەکا.

٧- بەهێزەکان کێن؟ من گومانم لەوە هەیە کە کوڕی شاو و موجاهیدین لە هەرە بەهێزەکان بن. من پێموایە، بنکە و پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزب و رێکخراوەکانی نەتەوە نەفارسەکان، زۆر لەوان بەهێزترن. بەڵام، هێز و بەکارهێنانی هێز دوو شتی لێک جیاوازن، ئەگەر ئەو حیزب و رێکخراوانە، لە ئێستا و داهاتوودا، هێزەکەیان دروست بەکار بێنن، بە هاوپەیمانێتی لە گەڵ کورد، دەکرێ، کۆتایی بە سەروەریی سیاسیی نەتەوەی فارس بە سەر کورد و ئەوانیشەوە، بهێندرێت.

بەڕێزەوە

حسین یەزدانپەنا

٥ی گەلاوێژی ٢٧١٩کوردی = ٢٧ی ژووڵای ٢٠١٩ زایینی

٢٧ - ٧ - ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# وڵامی کاک ڕەزا کەعبی

سەبارەت بە پرسیاری بەڕیزتان، من پێموایە:

١- ئەم پرسیارە بابەت و پرسێکی زۆر گرینگی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و حیزبەکان لە خۆ دەگرێ. وەڵامی دروست بەو پرسیارە و لەوە گرینگتر کۆدەنگی ناو بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکان و بیرورای گشتی کوردستان، هەم بزووتنەوەی کوردی پتەوتر و قایم تر دەکا هەم رو لە دەرەوەی خۆی قورسایی و یەکگرتویی ئێمە نیشان دەدا و هەم لە ئەگەری گۆڕانکاری و روودانی هەر پێشهاتێکدا، سەرجەمی بزووتنەوە و حزبەکان لە ترازان و لادان و کەوتنە ناو گەمەی "سات وسەودا" و سازانی نابەجێ دورە دەخاتەوە.

٢- پێناسە و ئەگەر دەقیقتر بڵێم "شووناس" و ناسنامەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، تابلۆیەکی مۆدێرن و شارستانییە لە خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادی و سەربەستی و خۆفیداکردن لە پێناو دەنگ و ڕەنگی ئازاد و سەربەست. بەگشتی بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، مۆدێرن و ئەمرۆیی، دژی چەوسانەوە، دژی هەڵاواردن و جیاکاری رەگەزی و نەتەوەیی و مەزهەبی، ماک و کانی دیمۆکراسی و پلۆرالیزم،بەستێنی گەشانەوە وچەکەرەی مافەکانی ژنان و،کۆمەڵێک پارامێتر و پێناسەی مۆدێرن شارستانی و خاوەن چەمک و ئادرێسی مۆدێرن تا هاتوە سیمای بزووتنەوەی کوردستانی ئیسنانیتر و بەرابەریخوازتر کردووە، خەبات بۆ ئازادی و گەیشتن بە کۆمەڵگایکی دور لە سەرکوت و زۆرەملی زۆر زۆر جەماوەری و فیداکاری لە زیندانەکان و سەنگەری پێشمەرگایەتی وەها داستانگەلێکی هەیە کە بۆ نەوەکانی داهاتو ناتۆانن بیری لێبکەنەوە.

لە دەرەوەی کوردستان، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەمیشە پاڵپشتی بزووتنەوە پێشکەوتوەکان، پشت و پەنای تێکۆشەرانی سیاسی نەتەوەکانی ژێر دەستە و حزبە ئۆپوزیسیونەکان بووە، سیمای بزووتنەوەی کورد، سیمایێکی خۆڕاگر و پڕاوپڕ لە مقاومەت و خۆڕاگری بووە کە متمانەی زۆری بۆ خۆی لە ناو گەلان و حزبە "سەراسەری"یە غەیرە کوردیەکان دەستەبەر کردووە. لە کاتێکدا لە دەرەوەی کوردستان بزووتنەوەی سەراسەی کپ و بێ دەنگ دەکرا، کوردستان مەڵبەند و سەنگەر و مەکۆ و مەتەرێزی تێکۆشەران و هەموو ئازادیخوازان بووە کە ئەوە خەسڵەت و شووناسی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد بووە و دەبێ. لەگەڵ تێپەربوونی کات و خۆراگریی گەلی کورد بەرامبەر بە داگیرکاری و سەرکووتی دەسەڵاتی ناوەندیی، بزووتنەوەی کوردستان تا هاتووە لە دەرەوەی کوردستان متمانە و سەنگ و قورسایی زۆرتری پەیدا کردووە، هەر بۆیە کوردستان و حزبەکانی زۆر لەوە گەورەتر و بە هەیبەت ترن کە مامەڵە و سات و سەودایان لەسەر بکرێ. حزبە

کوردستانییەکان هەڵقولاوی وەها بزووتنەوە و کۆمەڵگایەکن، جەماوەرین، قسە و سیاست و روڵی رابەرانی کاریگەری کردەیی لە سەر بزووتنەوەکە و جەماوەر و چارەنوسی خەڵک هەیە، هەر بۆیەخاوەن پێگە و رەسانایەتیەکن کە نموونەیان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست زۆر دەگمەنە. قسەکانیان بە بایەخەوە وەردەگیرێ. سیاسەتی دروستیان بە خێرایی هێزیان بۆ کۆ دەکاتەوە و هەڵەکانیشیان بە هەمان خێرایی هێزی جەماوەریان لێ دوور دەخاتەوە.

٣- ئەوەی کە "لە سیاسەت دا نە دۆستایەتی و نە دوژمنایەتی تا سەر نیە" دەبێ لە قۆناغی دیاریکراو و هێزی دیاریکراو و توان و پێگەی هێزەکان لێکبدرێتەوە. خۆی لە خۆیدا هەم دەتوانی قسەیەکی دروست بێ و هەم بە هەڵە بە کار بهێندرێ. بزووتنەوەی کوردستان دەبێ ئەم حوکمە بکاتە پرنسیپی سەرەکی خۆیی کە "ئێمە ناچینە نێو هیچ پرۆژە و هاوپەیمانەتییەک مادام مافی نەتەوایەتی گەلی کوردی بە رەسمییەت نەناسێ". بە گشتی بەرژەوەندی "پێگە" دیاری دەکا،بۆ ئێمە بەرژەوەندی گەلەکەمان گرینگە و بە دڵنیایەوە ئەوەی لە بەرژەوەندی گەلەکەمان و بە دیاریکراوی لە بەرژەوەندی چین و توێژی چەوساوە و ژێردەستە بێ ئەولەوییەتی کار و ئەرکمان دەبێ.

٤- جیاوازیش هەیە لە نێوان هاوپەیمانی لە گەڵ هێزە ئۆپوزسیۆنەکان و دەسەڵاتداران و دەوڵەتی لە سەر کار. لە قوناغی ئێستادا هیچ هێزێک لە "ئێران" نە ئەو سەنگ و پێگەیەی هەیە و نە خاوەنی ئەو متمانە و ئەمانەیە کە کورد هاوپەیمانی لە گەڵ ببەستێ. بە تایبەت موجاهدینی خەڵکی ئێران و پاشماوەکانی سەڵتەنەت و پاشایەتی زۆر دژ بە یەکن و کۆ کردنەوەیان لە ناو یەک هاوپەیمانی بە تایبەت لەم کاتەدا تۆزێک دوور لە واقیع و لۆژیکە.. تەنانەت ئەگەریش قورسایی ئەوەیان هەبێ، بۆ کورد و بزووتنەوەی کوردی کە ئێعتبار و قورسایی و خۆشەویستیەکەی لە ناو گەلانی ئێران و جەماوەر زۆر جیاوازە، لە ئێستادا نەک پێویست نییە بگرە زیانباریشە. بزووتنەوەی کوردستان(بەو تایبەتمەندیانەی کە پێشتر باسم کرد) ئازادیخواز، سێکۆلار، مۆدێرن و پێشکەوتنخواز، ناتوانێ لە دەرەوەی خۆی هەوێنی سەقامگیریی سیستەمێک بێ کە ئاسۆ و روانگە و پێگەکانی دامەزرانی لێڵ و تەماوی و ناروونن. بزووتنەوەی کورد و حیزبەکانی ناتوانن لە کوردستان ئالاهەڵگری شۆرشی رزگاریخوازیی و پێشرەوی مافخوازی گەلانی ئێران بن، بەڵام هاوپەیمان و پاڵپشتی هێز و لایەنێک بن کە نە جێگەی بروایە و نە هیچ ئاسۆیەکی روون لە داهاتووی بە دی دەکرێ.. ئێمەی کورد کە خاوەن مێژوویەکی پرشنگدار و روون و درەوشاوەین لە خەبات بۆ رزگاری و ئازادی و یەکسانی،قەرزداری کەس نین و ناچار نین کە بچینە ناو پرۆژە و هاوپەیمانەتی و هاوکارییەکی نادیار و بێ بنەما. لەم دەورە کە خەباتی جەماوەری ئەگەرێکی بە هێزە، لە کاتێکدا کە لە یەک ساڵ و نیوی رابردو شۆرشی نزیک لە ١٦٠ شار کۆماری ئیسلامی هەژاند و شۆرش و راپەرین هەر دەم لە هەستانەوە و جارێکی تر تەوژمی ئازادی و بەرابەری و رزگاریی گەلان و هیوا بە داهاتوێکی گەش تیشکی خستوەتە سەر رووداوەکان، بۆ کورد زۆر زیانبارە کە لە موجاهدینی خەڵک و پاشماوەکانی سەڵتەنەت نزیک بێتەوە و ئەوان وەک هاوپەیمان هەڵبژێرێ.

٥- کورد پێویستی بە هاوپەیمانی "سەراسەری" نیە. دەبێ سەربەخۆیی خۆیی ڕاگرێ و کار بکات بۆ ڕێکخستنی نێو ماڵی کورد کە هەم ئاواتمە و هەم دڵخۆشم بەوەی کە لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا وەک ئۆرگانێک خۆی و داواکان و چاوەروانییەکانی بەرجەستە بکات کە ئەو کات کورد وەک پێکهاتە و یەکەیەکی تاک و تۆکمە بۆ باقی هێز و لایەنەکان دەبێتە دەرهاویشتەیەکی "دوفاکتۆ" کە بۆ هاواهەنگی لەگەڵی لە درگای دەدەن.

٦- فاکتۆری سەرەکەی ئەویە کە کورد کۆ دەنگ و هاویەیمان بە پێشۆازی هەر چەشنە دانوستانی هاوپەیمانی یا دانوستان لە گەڵ دەسەلات (هەر دەسەلات و دەوڵەتێک) بڕوات. سەردەمی تاک حیزبی و تاک بریاری بە سەرچووە. تەنانەت ئەگەر حیزبێک متمانەی زۆرترین ڕێژەی جەماوەری مسۆگەر کردبێ، ناتۆانێ بە تەنیا بریار لە سەر چارەنوسی بزووتنەوەکە یا دانوستانەکان بدات.

١ - ٨ - ٢٠١٩

## دۆڕان کاڵکان: نابێ بە تەنها باشووری کوردستان ئیسراحەت بکات

پ ک ک مەیدانی سیاسەتی کوردیان وا لە بن سێبەری شانتاژیاندا خستۆتە ژێر چوکی خۆیان هەر چەشنە قۆڕپاتێک بەنیوی سیاسەت و شرۆڤەی سیاسیی دەرخواردی خەڵک دەدەن، بە مانەوەی ئەوانە کارەساتێک لەدواڕۆژدا چاوەڕێی ئەو گەلە دەکات لە ئەنفال خەراپتر، ئەنفالێک کە کورد خۆی بەدەستی خۆی یەکتر ببڕیتەوە، پ ک ک ئەساسەن هەر بۆ ئەوە لە لایەن دەسگا ئەمنیەکانی وەک رووسیا و ئێران ساز بوون و پشتیوانی دەکرێن.

ڕۆژئاوایان داگیر کرد و بە سات وسەودا نەیان هیشت دەستی کوردی بەسەرەوە بێ، لە باشوور پ ج د ک یان ساز کرد کاتێ دیتیان بۆیان ناچێتە سەر تەڤدەمیان ساز کرد کاتێ دیتیان ئەوەشیان بۆ ناچێتە سەر ئەوجار بە پشتیوانی لە لایەنێک لە ناو یەکیتیدا وەها دووبەرەکیان نایەوە و کێشەی نێوانی پارتی و یەکێتیان هیندە قووڵ کردەوە کە لە ١٦ی ئوکتۆبری ٢٠١٧ بە هاوکاری پ ک ک گرووپی خەیانەتکاری ١٦ی ئۆکتوبر کەرکووکی دڵی کوردستان وباقی ئەو ناوچانەی بە قوربانیدانی پێشمەرگە و بە خوێن خرابوونەوە ژێردەستی هەرێمی کوردستان ڕادەستی داگیرکەری عەرەب و سپای پاسدارانی ئێران کرانەوە.

ئێستاش هەمان سیاسەت لە ڕۆژهەلات پەیرەو دەکات، پژاکی بۆ ساز کردن کاتێ بۆی سەلما پژاک ناتوانێ وەک هێزێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوێندانەر بێ ئەوجار خەریکە بە نزیک بوونەوە لە لایەنە کوردیەکان ئەوان لەبەرامبەر لایەنێکی دیکەدا بەهێز بکا و وا بکا ناکۆکی و دووبەرەکی بەهێزتر لە جاران لە نیوان هێزەسیاسیە کوردستانیەکان بەردەوام بێ، تا نەکا کومنیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان ببێتە بەرەیەکی کوردستانی لە دواڕۆژدا!

لەڤاو نەدانی ئەو دەستە خەتەرناک و مەترسیدارەی بە ناوی کوردەوە لاوانی کورد لەخشتە دەبەن و لەوەتی هەن جگە لە وێرانکردنی ناومالی کورد هیچی دیکەیان دەسکەوت نەبووە مەترسی دواڕۆژی نەتەوەکەمانە. بێدەنگە لێکردنی تاک لەبەرامبەر ئەو تاقمە سیاسەتبازە بێ مەنتیقە لە دواڕۆژدا وەها گران و کارەساتبار دەبێ مێژوو بە داستان بیگێڕێتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر پ ک ک نەبا و ئەو سیاسەتە مندالانەیە بەدەست ئەو دەسەڵاتە تاکرەوو دیکتاتۆڕەوە نەبا کورد لەمێژ بوو لەو دەرفەتانەی لێی هەڵکەوتبوو خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بوو.

ئاخر چ عەقڵێک ئەوە قەبووڵ دەکا لە وڵاتێکدا تۆ ٨٢ نوێنەری پارلەمانت هەبێ پەنا بۆچەک بەرییەوە و ئەو دەسکەوتە

گەورەیەی کە کورد لە باکوور بەدەستی هێنابوو واتە دانیشتن و ناچار بە دانیشتن وگوتوبێژ کردنی فاشیزمی تورک دەگەڵ کورد لەکیسە خۆت بدەی و بە دروشمی هەڵخلێتێنەر و بریقەدار خۆسەری لە شارەکانی باکوور دامەزرێنی و چەکداداری دەمامکداری کەلاشینکۆف بەدەست بۆ چەپڵەی لایەنگرە دوگم و مێشک چەقبەستووەکانت نیشان بدەی کە وا خەریکی شکست دانی فاشێزمن و ڕزگاری باکوور نزیکە؟!!... دوایەش شار و گوند بە وێران کردن بدەی کە چی کەس متەقی لێوە نەهات، کادرە فەیلەسووفەکانیان لە جێاتی ڕەخنەی جیدی بەرەورووی ئەو دەستە دەستەمۆیەی داگیرکەران بکەنەوە هەر خەریکی چەپڵە لێدانن وبە بەژن وبالا هەڵکوتنی ک ج ک و سەرکردایەتی پ ک ک بوون.

لە ڕۆژئاوا دەچوون قەڵسەیان لە تورک دەگێرا و وێنەی ئۆجالانیان بە درێژایی چەند سەد میتر بەرەو ڕووی پێگەی قەرەقۆڵی تورک ڕادەگرت و جار جارەش خۆمپارەیەکیان دەودیوی سنوور هەڵدەکرد تا چۆن تورکیان دەعوەتی باشوور کرد ئاواش بانگهێشتی ڕۆژئاوای بکەن، کە دیتمان ئەویش دەعوەتەکەی قەبووڵ کردن و دیتیشمان چۆنیان عەفرین بە فیکە لێدانێک تەسلیمی تورکیا کرد؟! ئێستا تازە بە تازە بەڕیوەبەری پ ک ک ی ڕۆژئاوا دەڵێ ئێمە ئامادەین دەگەڵ تورکیا کێشەکانمان بە گفتگۆ چارەسەر بکەین!

لاوانی نیشتمان، ڕۆشنبیرە بوێرەکان، قەلەمبەدەستانی نەتەوە غەدرلێکراوەکەمان تکایە وشیار ببنەوە، تکایە وشیار بکەنەوە، تکایە لەقاو بدەن ئەو دەستە دوژمن بە کوردەی ئامانجی تەنیا تێکدانی کوردستان و تەفرەقە نانەوە و دووبەرەکیە لە ناو هیزە سیاسیە کوردستانیەکان. ئەوڕۆ وەدەنگ نەیەی سبەی هەم شەرمەزاری مێژوو دەبی وهەمیش دەبێ لەسەر تەرمی لە خوێندا شەلاڵی لاوان، خزم و کەسی خۆمان کە بەدەستی یەکتر کوشتوبڕ دەکرێن ماتەم بگێڕێن، ئەو ڕۆژە ناچار دەبن پرسیارە لە خۆتان بکەین گەلۆ بۆ ئەوەی ئەوڕۆژە نەیەتە دی چیتان کرد؟!

٢٧ی جوولای ٢٠١٩

## پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە نان وئاو پێویستترە

رەزا پەهلەوی سەت قات لە دار ودەستەو حاکمانی ئێران پێشکەوتووترە، دێمۆکراتترە، ئەو ساڵەهای ساڵە لە هەندەرانە، لە پێشکەوترین وڵاتی پێشەازی و دێمۆکراتترین سیستەم دا دەژی، بە دڵنیاییەوە دەبێ زۆر شتیان لێ فێر بووبێ و بە دڵنیاییەوە لێیان فێر بووە بەڵام بۆ فارس.

رەزا پەهلەوی بەو مواسفاتە لە گوتوبێژێکدا سەبارەت بە خوێندن بەمانی دایک لە ئێران دا بە بەفەرزێک ئەگەر ئەو دەسەلاتی گرتە دەست بە جۆرێکی هێندە منداڵانە باسی زمان و خوێندن بە زمانی دایک دەکا کە کاربەدەست مەلا دواکەوتووەکان تا ئێستا باسیان نەکردووە.

مەبەست لەو کورتە نووسینە ئەوەیە کە بەرچاوروونیەک بێ بۆ کاربەدەستانی سیاسەت و دەسەلاتدارانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان کە با لەسەر ئەرزی واقع سیاسەت بکەن، تئوری سیاسەت لە هەموو کات و شوێنێکدا وەک یەک دانابەزێنرێ و پیادە ناکرێ، ئەو رێژیمە موتڵەقەن باوەڕی بە ماف و ئازادیەکانی تاک و کۆ نیە لە هیچ بوارێکدا بە موتڵەقی! بەڵێ بە موتڵەقی.

ئێوە تاکە یەک طێگاتان لەبەرە کە بێ سێ و دوو بەرەیک پێک بێنن و بە روانیین بەو هەلوومەرجە ئاستەم ویەکجار هەستیارەی ئیستا پالن وبەرنامەیەکی هاوبەش دابرێژین وخۆی تێکەن، لە پێناو دەرەپەراندنی داگیر کەر لە خاکی کوردان یان ڕووخاندن و هێنانە سەر کاری یەکێ لەوە باشتر بە بۆچوونی ئێوە. بەلام لەهەر حالدا بێ هیچ شک و گومانێک بێ پێک هێنانی هەرچی خێراتری بەرەیەک دێمۆکراتیکی کوردستانی کورد نە هیچی پێدەکرێ و نە هیچی دەسدەکەوێ.

### بەرەی کوردستانی چۆن پێک دێ

دۆینێ شەو ئەو باسەم دەگەڵ ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکیک لە حیزبە خەباتکارە کوردستانیەکان هێنایە گۆڕێ ژوتم:

بەرە تەنیا لە یەک حاڵەت دا پێک دێ کە هەرکەسە و دەست لە خۆمە خۆمە هەڵگرێ بەس هەر کەسە وبەرنامەیەک بلاو کاتەوە و بلێ ئەوە بەرنامەی ئێمەیە بۆ پێکهێنانی بەرە، بەرە بە لە خۆ بردووی و دەسبەردان لە مەنفەعەت و بەرژەوەندی

خۆیی - حیزبی ئیمکانی پێکهێنانی هەیە، با حیزبەکان فیداکاری بکەن و بفەرموون ئێمە لەو بەرەیەدە بەکەمترین ئیمتیازی حیزبی ئامدەین کار بکەیەن، ئەوجار ڕێگای پێکهاتنی بەرە تەخت دەبێ،

پرسی پێکهێنانی بەرە گرینگترین مژاری ئێستایە بۆ کوردی ڕۆژهەلات، ئەو بەرەیە دەبێ بە زووترین کات لە هەموو حیزب ولایەنەکان پێک بێ بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ خۆی پێ حیزبی قەبارە زلەو کێ حیزبی بچووک! ڕۆژهەلاتی کوردستان ملکی هەموانە، هی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر.

ئەو بەرەیە پێکنایە ئەگەر کادر وئەندامانی حیزبەکان بەجیدی گوسار نەخەنە سەر ڕێبەرایەتی و ئەو وەزعە هەستیارەیان بە جیددی قەوبیر نەهێننەوە، تا ئەوان شەڕی حیزب حیزبێنە بکەن و دەگژ یەک ڕابچن ئەو سەرکردایەتیە گوێ بە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی نادات، بۆیە هەموو لایەک لەو بارەوە بەرپرسایرەو دەبێ ئایندەی لەبەر جاو بێ بەو حالەوە هەرچی ڕوو بدا لە ئێران کورد لە پێشدا دەبێ تەسویە حیسابی حیزبەکان دەگەڵ یەکتری ببینێ دوایە بیر لە ڕزگاری نیشتمان بکاتەوە، بە بارێکی دیکەدا لە ئەگەری هەرچەشنە ڕووداوێک و ئالووگۆڕێکی لەنەکاو لە ئێران ئەوەی لەسەرەتای ئازادی کوردستان لە باشوور ڕوویدا و چەند ساڵی کێشا دەقیقەن لەڕۆژهەلاتیش دوبارە دەبێتەوە چا پەردەکان یەک لە دوای یەک بێنە بەرچاوی خۆت تازە ئەوان بڕێکیش باشتر بوون ئەوان لانی کەم لەسەرەتاوە بەرەیەکی کوردستانیان هەبوو.

١ی ئاگۆستی ٢٠١٩

## مرۆڤ و ژیان و سەربردە

مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا گەلێ جاران خەڵکی وا دەبینێ کە هەرگیز لەبیری ناکات، ئەو خەڵکانە یەک نین و دوون، واتە دوو جۆرە خەڵک هەرگیز لەبیر ناچن، ئەوەی کە لەناو دڵت دا جێی گرتووە و ئەوەی دڵت لێی ڕەش بووە.

با باسی ئەوەی دووهەمیان بکەم، من ئەوەی دڵم لێی ڕەش بووبێ یان وەبەر دڵم نەکەوتبێ یان دڵی ڕەنجاندبم لەبەر مەسەلە جیدییەکان، هەرگیز ئەو دڵشکاندنەی لێ ناکەم بە کینەو بوغز بەڵکوو لە مێشک و زەینی خۆمدا وەلای دەنێم، ئیتر بیری لێناکەمەوە چۆن بەکەڵکی کات بۆ دانان و بیرلێکردنەوە نایە نە بەچاک ونەبەخەراپ، من ئاوا ئاسوودترم.
بەڵام مرۆڤە جوانەکان، دڵجوانەکان، سادقەکان، یەکڕوو و بێ گرێو گۆڵەکان لەبیر ناکەم، ڕەنگە چوونە سەرەوەی تەمەن و سەرقاڵی زۆر بەکار و بە نووسین بە چەرمەسەرییەکانی ژیان و... نەتوانم ونەپرژێمە سەر ئاوڕدانەوە لییان بەڵام کە دەنگیان ببیسم، باسێکیان ببیسم، وێنەیەکیان ببینم، ئیتر دەس بەجێ بیریان دەکەم.

لەم چەند ساڵەی دوایی دا و لە ناو هاوڕێیانی حیزبیدا من عەبدوڵا سەیدا م ناسی، ئەو پێشمەرگەیەکی کەم ئەندامە، بەڵام یەک دەریای بێئامانە لە ورە، لە ئیمان وباوەر، ئاسمانێکی ساف و بێگەردە لە پاکی، ڕەفیقێکی بێ غەلو غەشە، خاکیی خاکی.

لێرەو و تا کۆیە سلاوت لێبێ هاوڕێم کە من زۆر شتت لێفێربووم، خۆزگە ئەوانەی تانەو تەشەر بوغز و کینیان هەیە بەرامبەر حیزب و پێشمەرگە یەک جار سەردانی ئەو بنکانەیان کردبا و لە نزیکەوە دەگەڵ ئەو مامۆستایانەی ژیان، خەبات و تێکۆشان، دەگەڵ ئەو سیمۆلانەی بەرخۆدان و خۆڕاگری، کە بە دڵنیاییەوە گەلێک زۆرن ئاشنا دەبوون بان و بیاندیبا کە ئەوە هەر ئەوان نین کە بە قسە باوەڕ و فکریان هەیە بەڵکوو خەڵکی دیکەش باوەڕ و بڕوایان هەیە، بڕوایەک کە پۆڵا تای ناکات.

٥ی ئاگۆستی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# مرۆڤ و خوو و خدە

مرۆڤەکان جیاوازن، جیاواز بیردەکەنەوە وتا ئە جێگایەی پێوەنبی بە بیرکردنەوە هەیە دەبێ ڕێز لە بیرە جیاوازەکان بگیرێ، ئەگەر وا نەکەین چی وا لە داعش و لە ئێران و لە تالیبان و لە کۆمۆنیستە سووننەتیەکان چاکتر نابین.

بەڵام هەندێ کەس خۆیان لە پەنا بیر و ڕای جیاواز حەشار داوە، ئەوان نەبیر بەرهەم دێنن، نە پرسیار دەخوڵقێنن، نە پیاوی دیالۆگ و گفتگۆن وەک ڕووبەڕەو بوونەوەی مەنتیقی بیرەجیاوازەکان، ئەوان تەنیا وتەنیا چۆن خۆبەزلزانی لە هەناویاندان گەیشتۆتە لووتکە ئەوەی دەیکەن بۆ ناودەرکردن و تەسفیە حیسابی شەخسیە.

تۆ بە وردبوونەوە لە دێڕ و پاراگراف و وشەکانیان ئەگەر تۆزێ وشیار بی هەست دەکەی چ درۆیەکی شاخدار لە پشت نووسراوەکانیەوە دیارە، ئەوان وەها خۆلیای دەسەڵات و ناو و ناوبانگن ئامادەن بە هەر نرخێک بێ بەو ئاواتە شێتانەیە بگەن! تەنانەت بە فیداکردنی هەرچێ هەیە لە مێژوو و لە ڕابردوو و لە ئایندە.

ئەو مرۆڤانە بدوێنە، بیانخوێنە ناخی بەتاڵ و قرێژگرتوویانت بۆ دەر دەکەوێ، فریوی سیمای جوان و وشە نەرمە دەسکردە کانی مەخۆ!

جاری وایەو هەست دەکەم خووخدە دەگەڵ مرۆڤ لەدایک دەبێ، جوانیەکان و ناحەزییەکان، فەرق ناکات، ئیتر لە کوێ پەروەردە بووبێ و لە چ کۆمەڵگایەکدا گەروە بووبێ و چەندی خوێندبێ و نە خوێندبێ هیچ کاری تێناکا، تۆ سەیر کە خەڵک هەیە دەیان ساڵە لەو ئرووپاو ئەمریکا وکانادایە واتە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهاندا دەژی، کەچی لە هەڵسووکەوت دا هەمان کەسی ٣٠ ساڵ لەمەوبەرە کە ڕێڕەوارێکی ئەو کوردستانە ژیاوە، لیباسەکانی گۆڕاون، شەڵواری کورت و کراسی قۆڵ قوڵە لەبەر دەکا، عەینەکی دژە خۆر لەچاو دەکا، بەڵام ناخی و زمان و ئاخافتنی هەمان ناخ و ئاخاوتنی چەندین ساڵ لەمەوبەرە. ئەو خووخدەیە وەک قیلی کەوای سپی پێیوە نووساوە وبەری نادا، دیارە خۆشی هەوڵ نەدا تا کەواکە فڕێ بدا ویەکی دیکە بکڕێ! جا ئەوانە زەمانێ وایان لێدێ تۆ بە چەکوچیش بت هەوێ شتێکیان بە مێشک دا بکەی ناچی دەکەلەیانەوە.

ئەو مرۆڤە هەرچی بکا ئەو خوو خدەیەی دەگەڵە، دەگەڵێتی واتە دەخوێنیدایە، بۆتە بەشێک لە ژینی نەگۆڕی ئەو مرۆڤە،



سەرچاوە
Serchawe

خۆبەزلزانی یەکێکە لە سفەتە دزێوەکانی مرۆڤ، کە دەتوانێ هەم ئەو باسەی سەرەوە بەرهەم بێنێ و هەمیش دەتوانێ لە مرۆڤێکی بە ڕواڵەت جوان و چازان ڕێوییەک دروست بکا لە ڕێوی گەرمێنێ خەراپتر، زیانیخورۆتر. تەنیا یەک شت هەیە مرۆڤ دڵی پێی خۆش بێ ئەویش ئەمەیە کە ئەوانە هەرگیز تا سەر ناتوانن درۆ دەگەڵ خەڵک بکەن، کڵاو لەسەر خەڵک بنێین، ڕۆژێ دادێ سیمای ڕاستەقینەیان بۆ هەموو کەس ئاشکرا دەبێ، لەوە دڵنیام سادەترین و ساکارترین کەسەکانیش لە ڕۆژی خۆیدا ئەو زاتانە دەناسێ بەڵام ئاخۆ تا ئەو کاتی کۆمەڵگا بە بوونی ئەو جۆرە مرۆڤانە چها زەرەری کردووە و چها خەسارەتی دیوە؟

٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## خەباتی مەدەنی چیە خەباتکاری مەدەنی کێیە

لەمێژە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەو چەمکە بە ئانقەست شێوێندراوە، وایان لە خەباتکاران و شۆڕشگێڕەکان کردووە لە ترسان بە هەرجووڵەیەک تەنانەت هاوتەریب دەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیمیش بێ یا بڵێین خەباتی مەدەنی یان نەوێرن بڵێین ئەوەی ئێوە دەیکەن هەموو شتێکە خەباتی مەدەنی نەبێ.

هەموو کەس دەزانێ مەسەلەی فەلەستین لە مێژساڵە لە ناو کوردان دا مەسەلەیەکە کە حیزبەکان ئاوڕیان لێداوەتەوە و پێیان وابووە و وایە کەگەلی فەلەستینیش مافی خۆیەتی لە سەر خاکی باب وباپیرانی خۆی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ. بەڵام ئەتۆ دایبنێ سبەی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەستەیەک سمینارێک بگرن لەسەر داکۆکیکردن لە ماڤی خوراوی گەلی فەلەستین، دوایە بیکەنە ڕێپێوان و لە دژی ئیسرائیل دروشم بدەن و داوای مافی خەڵکی فەلەستین بکەن، خۆ دەس بەجێ لە ناو خۆ ڕەنگە خەڵکیان ڕەگەڵ کەوێ، بەڵام ئایا ئەوە مەسەلەن بە خەباتی مەدەنی دێتە ئەژمار؟ خەباتێک کە خەباتکارەکەی لە لایەن ڕێژیمەوە نەک هیچ ئاستەنگێکی بۆ دروست نابێ بەڵکوو دەستە گوڵیشی دەمل دەکرێ چۆن خەباتێکی مەدەنییە!

ئەوەم وەک نموونەی زۆر زەق هێنایەوە تا هەموو ئینسانێک بزانێ خەڵکێک هەیە فریو دەدا و خەڵکێکیش هەیە فریو دەخوا بەڵام خۆ نەهەموو کەس ونە هەموو کاتیش ئیمکان هەیە کە خەڵک فریو بدرێ.

ئەو ڕۆژانە کۆمەڵێ چالاکی مەدەنی نامەیەکیان نووسی و داوای ئازادکردنی ئۆجالانیان کرد کە لە زیندانی تورکەکان دایە و منیش خوازیاری ئازادی هەرچی زووتری ئەو ئینسانەم، ئارەزووم ئەوەیە بە ئازادی بیبینم و ئەگەر هیچ سیاسەتیش نەکات باقی تەمەنی لانی کەم وەک مرۆڤێک مافی ئازاد ژیانی هەبێ، کە ئەوە بە مافی بێئەملاو ئەولای ئەو سەرکردەیە دەزانم. بەڵام ئایا ئەو داوایەی ئەو خەڵکە کە لە لایەن ئەو چەند کەسەوە ڕووبەڕووی دەسەلاتتدارانی تورکیا دەچێتە خانەی خەباتی مەدەنییەوە؟ خۆ دەستیان خۆش بێ بەلام دەکرا لەپەناوە بە خشکەش بێ داوای ئازادی ئەو هەموو کوڕ وکچە بکەن کە هەر لەسەر خەباتی مدەنی لە سیاچاڵەکانی ڕێژیمدان. ئەوودەم منیش ئۆباڵی بە ملم بۆ دەکێشان کە ئەوان خەباتی مەدەنی دەکەن و خەباتکاری مەدەنین.

جارێکیان ئەو کاتەی هێشتا لە مەهاباد بووم لە دووکانێ ڕا بەرەو ماڵ دەبوومەوە، لە نزیک مزگەوتی سوور لە بەر دەرکی

دووکانەکەی مهەندیس شەریفزادە خەلک کۆ ببوونەوە و گوێیان دابۆوویە قسەکانی ئیمام جومعە، ئەو دەم ئیمام جۆمعە ماموستا قەرەنیزادە بوو. قسەکانی ئێستاش دەگوێم دا دەزرینگێتەوە کە دەیکوت:

بە درۆ دیفاع لە خەلکی فەلەستین دەکەن کەچی ئەوەتا فەلسەستین لەبن گوێیانە، مافی ئەوان لە ژێرپێ دەنێین، کورد چی لەفەلەستین کەمترە بۆ داکۆکی لە مافی کورد ناکەن بۆ مافی کورد نادەن بۆ باسی مافی فەلەستیندەکەن! مەگەر کورد مەزلووم نیە؟ مەگەر موسوڵمان نیە؟ مەگەر....

ئەوە کۆی گشتی قسەکانی بوو کە بۆ سبەینێ لە ئیمام جوومعەیی کەوت، گەلۆ لە نێوان ئەوە دووە کامیان خەباتی مەدەنی کردووە کامەیان خەباتکاری مەدەنییە؟!

لەو ئان وساتە دا خەراپتر لە هەمووی ئەوەیە کە هەندێ لە ئەندام ڕێبەری حیزبەکان، هەر کەکس لە ناوخۆ ولەدەرەوە وە زێکی هات بێب ئەوەی ئامانجی وزە وزەکە بزانن وسەرنج بدەنە وشەو ڕستەکان ئەوا ن دەسبەجێ چەپلە بارانی دەکەن ئیدی بیر لەوە ناکەنەوە کە بەو کارەیان چ ستەمیک لەو خەڵکە دەکەن کە لەسەر یەک دروشم نووسین، یەک قسەکردن لە مەجلیسێکدا بێ ئەوەی ئەو کەسە تۆق تۆقەیەکی بە مۆلگەیەکی ڕێژیم دادابێ، بێ ئەوەی بە قۆچەقانیش بەردی تێگرتبێ تووشی دەیان ساڵ زیندان و تەنانەت ئیعدامیش دەبنەوە!؟ ئاخر خەباتی مەدەنی و خەباتکاری مەدەنی لای ئەوان پێناسەی گۆڕاوە دەنا چۆن دەبێ ئەوەش خەباتکاری مەدنی بێ و ئەوانیش خەباتکاری مەدەنی بن؟

وەرن ویژدانتان بکەن بە قازی هەر بەتەنیا ئەو شێعرەی ماموستا حامید ڕەشیدی زەرزا بخوێننەوە ئەو دەم دەزانی خەباتی مەدەنی چیە و خەباتکاری مەدەنی کێیە؟ ئەو شێعرە کاتی خۆی و ئەوکاتەی ماموستا لە کوردستان بوو لە سروەدا چاپ بوو و لە ناو خەلک دا تەقییەوە.

تێبینی: هەر ئێستاش نموونەی ماموستا حامید ڕەشیدی زەرزامان زۆرە لێرەوە دەست و قەڵەمیان ماچ دەکەم.

(فریزوو) شێعری حامیدی ڕەشیدی زەرزا

من فریزوو نیم فریزووم پێدەڵێن
پێنج و ڕیشەم سەختە ئەمما خوێن دەڵێن
چەرخی چەپ ئەمنی وەها خوڵقاندووە

بەژن و باڵامی بە هەرزە نواندووەوا
وا دەڵێن من خوێنی هەردم مشتووە
تازە ئاوێکە و وەهایان ڕشتووە
با سەرەو ژێر و سەرەو ژوورم بکەن
با لە مووچە دوور و مەجبوورم بکەن
با لەبۆ فەوتاندنم سەر هەڵبڕن
با ڕەگ و ڕیشەم بە گاسن هەڵدڕن
گڵمەت و گڵ نیم ئەمن ناتوێمەوە
پاشی سەر قرتاندنیش دەڕوێمەوە
با بژارم کەن لە شێوەرد و پەرێز
من زەوی م گرتۆتە ئامێزم بە ڕێز
ڕنج و ڕیشەم داکوتاوە من لە هەرد
کوا دەرۆستم دێت بژار و شێو و وەرد
هەر خوناوێک بێ لەشم تەڕ کاتەوە
تۆزی خەمباری م لە ڕووی بشواتەوە
ڕنج دەکەم ڕنجم لە سەر ڕنجی ڕواو
نادیارە لێم ڕەگ و ڕیشەی خوراو
من لە چوار سووچی زەوی دا نیشتەجێم
وا ڕواوم ناڕوێ بەرگر لە ڕێم
بۆ ڕەگ ئاژۆ بەسیە بۆ من نەختێ خاک
دەرفەت و مەودام بدەن وەک پیاوی چاک
کەس نەکێڵێ خۆم دەنێ جێ ناگرم
هەرد و مووچەی هیچ گوڵێک داناگرم

٩ی ئاگۆستی ٢٠١٩

# لەباسی ئەحمەد تۆفیق دا

ڕۆژی ڕابردوو و دوای ئەوەی کە بابەتێکم لەسەر ئەحمەد تۆفیق لە دیواری دۆستێک کۆپی وبڵاو کردەوە حەساسیەتێک دروست بووووباسێکی زۆری لێکەوتەوە، من وەک خۆم لە نێو باسەکان دا گەلێ بۆچوونی بەسوود و زانیاری بەسوودم دەست کەوت.

ئیتر بە دوای ئەو دا زەنگم بۆ دووکەس کە لاموابوو دەبێ ئاگایان لەو کێشە ناوخۆییەی حیزب هەبێ لێدا و بە وردی لەوبارەوە قسەمان کرد، مامۆستا محەمەدی خزری و کاک جەلیلی گادانی، مامۆستا محەمەدی خزری دەس بەجێ وڵامی پرسیارەکانی دامەوە و فەرمووی کە من ئەوەی لازم بووە لەو بارەوە نووسیومە و ئەگەر بزانم پێویست دەکا دووبارە دەنووسم.

کاک جەلیل کە لەمێژ بوو دەنگیشم نەبیستبوو دوو پرسیارم لێی هەبوو کە هەردووکیانی زۆر بەوردی وڵام دایەوە، یەکیان سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق بوو کە بەڕیزیان فەرمووی، کێشەیەکی ناوخۆیی بووە. پاشان درێژەی دا و کوتی تا دەوروبەری ٢٨ گەلاوێژ(مورداد)ی ١٣٣٢ و دواتریش نێوانی ئەحمەد تۆفیق و قاسملو یەکجار خۆش بوو و هیچ کێشەیەکیان دەگەڵ یەکتری نەبوو، بەڵام دوکتور قاسملوو لەو ساڵانەدا هەتا دەچووە تاران سەردانی حیزبی توودەی دەکرد و دەگەڵیان دادەنیشت، حیزبی توودەش لە لایەن دەوڵەتەوە لەژێرجاوەدێریدا بوو و جاسووسیشیان لەناو حیزبی تووددا هەبوو، جارێکیان لە ١٣٣٥ دوکتور قاسملوو کە دەچێتە تاران و لای حیزبی توودە دەس بەجێ دەگیرێ پاشان کە گیرا دەگەڵ سمایلی برای دوای ٤٨ سەعات ئازاد بوو، ئەو زوو ئازاد بوونە هەندێ گومانی لای برادەران دروست کرد. ئەو باسە لە لاپەڕەی ١٠٥ و ١٠٦ ی کتێبی ٥٠ ساڵ خەباتی کاک جەلیل گادانیش دا هەر هاتووە.

کاک جەلیل لە درێژەی قسەکانی دا کوتی هەر ئەو سەردەمە لەو ساڵانەدا فستیواڵی لاوان هەبوو لە مۆسکۆ، قاسملوو دیاری کرابوو بۆ ئەو فستیوالە بەڵام کە ئەمەیان زانی و لە دەرێش هەستمان کرد کە دوکتور قاسملوو سەردانی حیزبی توودەی کردووە ئەویان لە نوێنەرایەتی خست و ئەحمەد تۆفیق وەک نوێنەری لاوان بەڕێکرا و لە چیکوسلۆاکی پاش چەند مانگ مانەوە نەیتوانی بەشدار بێ و کە هاتەوە دەیکوت حیزبی تووودە و تەنانەت کاک "ڕەحمانیش" (مەبەست دوکتور قاسملوو بوو ئەو کاتی کە هێشتا دوکتوراکەی وەرنەگرتووە) دژایەتی بەشداربوونی منیان کردووە بۆیە نەمتوانیوە بەشداری فستیوالەکە بم. کاک جەلیل لە درێژەی قسەکانیدا وتی، ئەوە سەرەتای نێوان ناخۆشی قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق بووە.

من لێرەوە جگە لە کێشە ناوخۆییەکان دووبارە دێمەوە سەر ئەو مڵۆزمەی بە ناوی حیزبی توودەوە هەر لەسەرەتاوە دەستی خستۆتە ناو کاروباری حیزبی دێمۆکرات و هەرچی جوادابوونەوە و کێشە وگرفتی ناوخۆیی بووە لە ناو حیزبی دێمۆکرات دا دەستی ئەو حیزبە یان کارتێکەری ئەو حیزبەی تێدا بووە.

ئەوەی کە قاسملووی ئیتر دوای ئەو ماجەرایە چۆن بە یەکجاری پشت دەحیزبی توودە دەکات هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ناخی ئەو حیزبەی چاک ناسیبوو و دەیزانی چەندە زیانیخرۆیە بۆجەستەی کورد. بۆیەش ئیتر ببرا ببڕای ڕووی تێنەکردنەوە و بۆ بە یەکێک لە بەرهەڵستکارەکانی سیاسەتە خۆ سەپێنەکانی ئەو حیزبە.

بەلام ئەوە کۆتایی کارەکە نیە و ئیتر دوای ئەوەی ئەو نێوان ناخۆشیە درێژەی دەبێ ئەوجار پارتی و باڵی برایمەئەحمەد کە پاشان بوو بەیەکێتی هەر کام پشتی لایەنێک دەگرن و کێشەکە ئەوەندەی دیکە قووڵ دەبێتەوە. کاک جەلیل لە کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات دا و لە لاپەڕەی ١١٥ دا دەڵێ ئەو ناکۆکیانە لە نێوان ئەو دووە تا هەبوون درێژەی هەبووە و ئەو دووە واتە قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق قەت ئاویان بە جۆگەیەک دا نەڕۆیشتووەو هەتا هەبوون ئیختلافیان هەبوو.

من لە درێژەی ئەو باسەدا بە ئاکامە دەگەم کە کوردی بە کولتوور دواکەوتوو کە شتێکی چوو دەمێشکییەوە ئیتر زەحمەتە گۆڕانی بەسەر دابێ، زەحمەتە قەناعەت بە خۆی بێنێ و بەیەکجاری لەو بیرە شکستخواردوویە جا لەوی هەرە چەپی را بگرە تا ئەوەی هەرە ڕاست واز بێنی. لانی کەم ڕێشە و باگراوەندی ئیدەو باوەڕەکە دە زەین وهۆشی دا هەر دەمێنێ. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەوەی لە رابردودا هەبووە وەک دووبەرەکی یەکترناخۆشویستن جا ئەگەر ئەو کاتی لەسەر باوەڕی چەپ بوون و ڕاست بوون بووە یان هەرشتێکی دیکە بەلام ئەمڕۆ لەسەر هیچ و لەسەر کورسی و دەسەڵات هەروا درێژەی هەیە. من لەوە دڵنیام سەرکردەکانی ئێستای دێمۆکراتیش لە ڕەوان شاد ئەحمەد تۆفیق وڕەوانشاد دوکتور قاسملوو زیاتر یەکتریان ناخۆش دەوێ و تا هەشن هەر وا دەبن.

لەگەڵ هەموو ئەوانە دا حیزبێک بە گەورە گرانیە و بە و مێژووە ناکرێ خۆی لە ئەحمەد تۆفیق بێبەری بکا و بێ ئەوەی هیچ ئاوڕێکی لێبداتەوە ئەو مرۆڤە بە فەرامۆشی بسپێرێ. ئەو لا لێنەکردنەوە و ئەو تەمومژەی لەسەر ژیان وبەسەرهاتی ئەحمەد تۆفیق هەیە زۆر جار باس و خواسی وای لێدەکەوێتەوە کە ڕەنگە هەموو هەر سەرچاوەگرتوو لە دەسەتەبەندییەکانی ناو حیزب یان حەز و خۆشەوسیتی یەکیان و ڕق لێبوونەوە لە ئەویتریان بێ و زیاتر بۆ تەسویە حیساب و پاکانە حیسابی لایەنەکان بێ دەگەڵ یەکتری تا خەسارناسییەکی مەنتیقی و بە سوود بۆ تەجرەبە وەرگرتن. دیارە لەو نێوەشدا خەڵکی هەلپەرەست هەیە کە دەیهەوێ لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ وئەویش خۆی تێدەکا و هەلەکە



سەرچاوە
Serchawe

دەقوازیتەوە بۆ زەفکردنەوەی بەشێک لە بابەتەکە کە بە قازانجی بیرە چەقبەستووەکەی خۆی و ئەوەندەی دەتوانێ تـرش و خوێی پێدادەکا.

سپاسی بێپایان بۆ مامۆستا محەمەدی خزری و کاک جەلیلی گادانی کە بە دڵفراوانی وڵامی پرسیارەکەمیان داوە.

١١ی ئاگۆستی ٢٠١٩

## قسەیەک دەگەڵ کاک کاوە ئاهەنگەری

دۆێنێ کاک ئازادی مستەوفی پۆستێکی کورتی دانابوو کە تانەی تێدابوو، منیش نەمدەزانی مەبەستی کییە، هەر بە جەفەنگ بۆم نووسی ئەوە کێیە هێندەی زەحمەت کێشاوە و رەنج بەخەسار بووە؟

هەر لەو لاپەڕەیە دا دوای ئەوەیکە موختار نەقشبەندی بۆی نووسیم کە کاکە باسی کاوەی ئاهەنگەریە و منیش کوتم من بابەکانی نابینم یان بلاکی کردووم یان ئانفرێند، داوام لە کاک ئازاد کرد و کوتم:

"کاک ئازاد خۆزگە نەقدی نووسراوەکەی کاک کاوەت کردبا، من ئێستا دەزانم باسی چیە."

ئێستا کاک کاوەی بەڕێز لە وڵامی ئەو کارەدا وێنەی بۆچونەکانت هەڵگرتۆتەوە و بە ئانقەست یان بە هەڵکەوت تەنیا ئەو بۆچوونەی تێدایە کە من نازانم مەبەستی کاک ئازاد کێیە وپاشان کە زانیومە مەبەست جەباتی شتی دیکەم نووسیوە و ئەوانی دوایی حەزف کراون کە داوام کردووە کاک ئازاد وڵامی نووسراوەکەت بداتەوە ، واتە من دەگەڵ تانەو تەشەرەکە نەبووم و کوتوومە با ببێتە باسێکی منەتیقی و گفتگۆیەکی دۆستانە.

کاک کاوەی بەڕیز کاتێ لە حدک ڕا چوویە ناو حدکا وابزانم من یەکەم کەس بووم کە لەسەرم نووسی و لەبیرمە و کوتم جێگا گۆڕێنەکە هیچ عەیبی تێدا نیەو ئەو دوو دێمۆکراتە هەردووک شوێنی ئەوەی هەن کە مرۆڤ بتوانێ خزمەت بەگەل ونیشتمانی بکا و هیوام خواست کە وەک ئەوانی پێشە خۆت نەبی، بە کوردیەکەی مەبەستیشم ئەوە بوو کە بە دژایەتی حدک لای دۆستانی حدکا خۆت شیرینتر نەکەی. واتە سەنگ و نرخی خۆت لای هاوڕێیانی پێشووت راگری کە بە داخەوە وات نەکرد.

ئێستا هاتووی و لەو بابەتەش دا بێئینسافیت ڕەچاو کردووە و منیشت خستۆتە ناو کەوانەی ئەو ئیتیهامانەی ڕیزت کردوون کە بێڕێزیت پێکراوە و بێ ئەوە عەداڵەت بنوێنی و لانی کەم وێنەکان وەک خۆی بڵاو بکەیەوە. کاکی برا تۆ کێشەت دەگەڵ حدک یان دەگەڵ کاک خالید هەیە کەیفی خۆتە بەڵام من دۆستانە یەک پێشنیارت پێدەکەم.

سوێند بە کوردستان بێ ئەوەی بچووکترین کینەم بەرامبەرت هەبێ ئەو پێشنیارەت پێدەکەم، تۆ غرووریکی زیادە لە حەدت

هەیە ئەو غرووره فرێ دە و وەک مرۆڤێکی ئاسایی و تێکۆشەر لە ناو هاوڕێیانی حدکا دا کە هیچ فەرقیان لای من دەگەڵ حدک نیە کار و خەباتی خۆت درێژە پێبدە، لە کۆڵ ئەوەی بەوە کە لە رابردوو دا چی گوزەراوە، دە رابردوو دا مەژی و ئەو ڕووداوانە لە بیرە خۆت بەرەوە، ئەگەر تۆ دڵت لە حدک و لە کاک خالید هێشاوە دڵی هەزاران کەسیشت لەو حیزبە دا شکاندووە و ڕەنجاندووە. خۆ ناکرێ ئەوانە هەموو رۆژێ ئابدەیت بکرێنەوە!

کە پێت دەڵێم غرووری بێجێت هەیە لە خۆارا ناڵێم ، باوەڕ بکە ئەوە نەخۆشیەکی کوشندەیە و هەوڵی لە نێوبردنی نەدەی لە ناوت دەبا. ئەو ڕۆژانە بەڕیز حاجی ئەحمەدی دەگەڵ کاک قادر وریا لە دیمانەیەکی وابزانم ستێرک تی ڤی بوو قسەی دەکرد، هێندە بە هاسانی لە باسی دوکتور قاسملوو دا بیرەوەری دەگێڕایەوە دەیکوت: کوتم کاک ڕەحمان وا نابێ و کاک ڕەحمان وابوو و کاک ڕەحمان واچوو ، ئەو لای وابوو کە کوتی کاک ڕەحمان نەیکوت دوکتور قاسملوو ئیتر لەگەوەریی قاسملوو کەم دەبنێتەوە و بە باڵای ئەو دا زیاد دەکرێ، جەنابیشت هاتووی باسی خاتیرەیەک دەکەی کە ڕیک ئەوەی وەبیر من هێنایەوە، گۆیا لە دانیشتنێکدا بە کاک خالیدت کوتووە:

"زۆر راشکاوانە پێت دەلێم، خۆت کۆ کەوە دەنا کۆت دەکەمەوە."

ئەوەڵەن ئەوەتا قسەکەت نەهاتۆتە دی! دووهەم پێتوایە قسەی چاکت کردووە ؟ پێتوایە ئەوە ئازایەتیە؟ خۆ زۆر کەس لەوە خەراپتریان بە کاک خالید کوتووە کەسیش چاوی لە پشتەسەر را دەرنەهێناون. ئەو کاتی کە جەنابت ڕێبەری بوو و کاک خالید باسی ئەسڵی ١٩ و ١٥ یاسای بنەڕەتی ئێرانی کرد من وکاک هەیاس یەکەم کەسەکان بووین زۆر بەتوندی لەسەرمان نوسی لە حاڵێکدا هەردووکمان بەرپرسایەتی حیزبایمان هەبوو. کەسیش سزای نەداین و لە حیزب دەری نەکردین وسەرکۆنەش نەکراین. دەی ئەوە خۆهەڵکیشانی بۆ چیە.

ئەو قسەیەی جەنابت هەمان ئەو غرووره ماڵوێرانکەرەیە کە باسم کرد، کاک کاوەی بەڕێز خۆت لە کۆڵ ئەو مڵۆزمە کوشندەیە بکەوە دەنا بڕستت لێدبڕێ، جەنابت توانای ئەوەت هەیە لە ڕێزی تێکۆشەرانی حدکا دا خزمەتی بەرچاو بە گەل و نیشتمانت بکەی. با پێتوانەبێ هەر خەلک هەڵەی کردووە ئاورێک لە خۆشت بدەوە و بە خۆداچوونەوەی خۆ بەشێکە لە ئاکاری مرۆڤی تێکۆشەر و خەباتکار.

هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بی.

لەخوارەوە ش وێنەی ئەو بۆچوونانەی کە بەرێزت سڕیونەتەوە دایاندەنێم تا عەدەلەت ڕەچاوکرابی.

٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## تۆ بڵێی ئەو خەوە هەستانی بێ

هەڵسووکەوتی فاشیزمی تورک لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەگەڵ خەڵکی باکووری کوردستان کە بە شێوەیەکی مەدەنی ودژی ئەو بڕیارە زالمانەیە واتە وەلانانی سێ سەرۆک شارەوانی هەڵبژێردراوی خەڵک لە سێ شاردا وەستاونەوە ئەوەی سەلماند کە دروشمی "براتیا گەلان" دروشمێکی رووکەشانەیە و تەنیا بۆ دنیای دەرەوە سیمایەکی جوانی هەیە بەڵام بەهیچ جۆرێ دەگەڵ واقع ناگۆنجێ ولە ڕاستی بە دوورە.
ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کورد خۆی لەو کۆت و بەندەی بە ناوی سیاسەتەوە تووشی بووە ڕزگار بکا و شەرمی کوردبوون توور هەڵبدا وداوای مافی بە هەقی خۆی واتە سەربەخۆیی و دروست کردنی دەوڵەتی کوردی بکات.
لە هەموو ئەوانە گرینگتر سەرکردایەتی پ ک ک دەبێ بە هەموو سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە بە تایبەتی بەرانبەر بە حیزب و بەپارچەکانی دیکەی کوردستان سیاسەتێکی دۆستانەو بە دوور لە دەست تێوەردان بگرێتە پێش کە لەوە بترازی کورد هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەر نیە.

سیاسەتی دەستتێوەردان لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان دوو زەرەری گەورەی بۆکورد و بۆ پ ک ک هەیە، یەکەم دووبەرەکی وپرش و بڵاوی زیاتری لە ناو کورد دا دروست کردووە وئیتر ئەوە ئاکامەکەی لەبەرچاومانە وبۆ حاشا لێکردن نابێ، دووهەم پ ک ک بەشێکی زۆری هۆش و بیر و وزەی خۆی بۆ ئەو دەستتێوەردانە تەرخان کردووە و کە جگە زیان گەیاندن بەو بەشانە و بە خودی خۆشی هیچ خێری بۆ ئەو نەبووە و نابێ. ئەوجارهەر لەبەر ئەوە پرسی باکووریشی زۆر جاران وەک پرسێکی لاوەکی لە چاو باشوور و رۆژهەلات و ڕۆژئاوا سەیر کردووە ولە ڕاستیدا ئەوێی لەبیرچۆتەوە کە مەڵبەندی تێکۆشانی واقعی پ ک ک هەر باکوورە.
با گومانمان نەبێ کە دوژمنی داگیرکەر گۆڕانی بەسەردانایە، چمان دیوە لە لەڕابردوو چاکتریان لێنابینین.کەواتە با ئێمە خۆمان بگۆڕین( لێرە مەبەستم هەموو حیزبە کوردیەکانە) و ئەوەی چەندین ساڵە کردوومانە با بێنین و هەڵیسەنگێنین، ئایا ئەوەی کردوومانە لەجێگای خۆیدا بووە؟ ئایا قازانج ودەسکەوتی ڕابردوومان زۆرو کەم لە چیدا بووە؟ ئایا ئەو ڕەفتار و ئەو هەڵسووکەتە و ئەو جۆرە سیاسەت کردنە لە ناوخودی حیزبەکان و لەدەرەوەش جگە لە زەرەر و جگە لە بە فیڕۆدانی کات و قوربانیدانی بی ئەژمارهیچ بەرەو پێش چوونێکی مەیدانی و واقعیمان هەیە؟ ئاخ و هەزار ئاخ تۆ بڵێی ئەوە خەوە هەستانی بێ!

٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## کورد وەستای لەدەست دانی دەرفەتەکان

لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا لە هەرچوار پارچەی کوردستان کورد دەرفەتی زێڕینی لێهەڵکەوتووە بەڵام نەیتوانیوە ئەو دەرفەتانەی بۆ هەڵکەوتووە بیقوازێتەوە و دوچاری شکستی گەورە هاتووە. ئەگەرچی لە باشوور تا ئێرە بە قارەمانەتی و قوربانیدانی پێشمەرگە هێشتا هەیکەلی نیمچە دوڵەتێکی کوردی کە بۆتە چقڵێ چاوی هەموو نەیاران و ورکەخۆرانی داگیرکەران هەر لەسەر پێیە، بەڵام هەر ئەو باشوورەش لە لێواری بەدەوڵەتبوون را بە هۆی خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبر نیوەی خاکە ئازادکراوەکەی لەدەست دا و کەرکووکی شاد ەماری ئابووری کوردستانی تەسلیم بە داگیرکەر کردەوە.

لە باکوور کورد باشترین دەرفەتەکانی بە هۆی چەپڕەوی پ ک ک لەدەست دا و لەحاڵێکدا ٨٢ نوێنەری پارلەمانی هەبوو و ە د پ دەیتوانی تەنانەت لە پێکهێنانی دەوڵەت دا ببێ بە شەریک و هاوبەش پ ک ک بە کوشتنی دوو پۆلیس و وەعۆدەگرتنی کوشتنەکە ئیتر وەرەق وەڕگەڕا و میلی کاتژمێری بەختی کورد دەستی کرد بە پێچەوانە خولانەوە دوایەش بۆئەوەی سەقەتکاریەکەی پ ک ک خەستتر بێ ئەوا ڕاگەیاندنی شەڕی شارەکان و "شەڕی خەندەق" خۆسەری ئەو دروشمە بێبنەمایانەی پ ک ک ی بەدوا داهات پاش وێرانکردنی چەڵد شارو شارۆچکەی باکوور و ئاوارە بوونی دەیان هەزار کوردی لێقەوماو ئەوەی هەش بوو لە دەست چوو و ئەمڕۆ کورد بەداخەوە لە ئاستیکی زۆر نزمدا خەریکە لە ژێڕ بەرداشی هاری فاشیزمدا پەلەقاژەیەتی تا بەیەکجاری نەهاڕدرێ.

لە ڕۆژئاوا هەرلە سەرەتاوە بە دەستتێوەردانی پ ک ک سیاسەتی لەو پارچەیەی کوردستان کەوتە پاوانی پ ک ک و ئایش لەجیاتی هەوڵی یەکگرتنی هێزە سیاسیەکان و ڕێکخستنی ناوماڵی کورد بدات هەرچی هێزی کوردی بوو دەری پەڕاند و گرتن ولێدان و ڕاوەدوونان لە دژی جودا بیران وهێزەکانی دیکەی کوردی لە زەمانی بەعسی سووریا خەراپتری لێهات، پ ک ک لە ڕۆژئاوا دەستی دەگەڵ بەشار ئەسەد تێکەڵ کرد و ڕاستەو خۆ کەوتە دژایەتی وتەحریکی تورکیە، ئەو تورکیەی کە چاوی بە هیچ جورێ بە بوونی دەسەڵاتێکی کوردی لە ڕۆژاوا هەڵنەدەهات. ئیتر دیتمان عەفرین لە دەست دەسەلاتی ڕۆژئاوا چوو ە دەر و ئێستاش ڕۆژدەگەڵ ڕۆژ دەسەڵاتی خۆسەری پ ک ک لە لاوزر و ڕۆژئاوا دەگەڵ پیلانگێڕی تورک وحکوومەتی بەشار ئەسەد ئەو حکوومەتی خودی پ ک ک یەکێک لە فاکتەرە گرینەگەکانی مانەوە و سەقامگیربوونی بەشارئەسەد لەسەر حوکم بوو کە وا خەریکە وەک ماڕێ سڕی بووی گەرم داهاتوو دەلێنگی خۆیان دەئالێتەوە.

ڕۆژهەڵات لە هەمووان بیکەسترە، ئەوەی هەیە بە قسە و بە دروشم وجوودی هەیە و هیچ کەس جگە لە دڵسۆزی بۆ

حیزبەکەی خۆی و لە ناو حیزبەکەش دا بۆ باند و دەستەو گرووپەکەی خۆی نەبێ دەفکری دڵسۆزی بۆ ڕۆژهەڵاتی مەینەت دیتووی ڕەنجەڕۆ دا نیە. شەڕی دەسەڵات تەنیا لە ڕاگەیاندا و پێکدادانی ئەندام و لایەگرانی حیزبە دوو لەت و سێ لەتبووەکان هەروا بەگەرمی دەچێتە پێش. ئەوەش وای کردووە کە حیزبەکان هەرچی زیاتر لێک دوور کەونەوە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەوڕۆ لە هەموو کات زیاتر کورد و هێزەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵات پێویستیان بەیەکگرتن و بە هاوخەباتی هەیە. ئەوەش شتێک نیە کە ڕێبەر و سەرکردەی حیزبەکان نەیزانن بەڵام ئەوان هەرگیز بۆ یەک جاریش نە گوێیان لە ڕەخنەی دۆستان گرتووە و نە گرنگیان داوە بە داوخوازی میلۆنها ئینسان لە ڕۆژکهەڵاتی کوردستان کە خوازیاری کۆتایی هاتن بەبکێشەو دووبەرەکیەکانن و داوایب یەکگرتنەوە و یەکگرتنیان لێدەکەن.
شیرازە و تەونی ئەو هێزانەی ڕۆژهەڵات وەها لەبەر یەک چووە کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە. ئەو هێزانە و ئەنمدام ولایەنگرانیان تەنانەت لە دژایەتی دەگەڵ یەکتریدا هیچ پرەنسیبێک ڕەچاو ناکەن و هیچ ئوسوولێکی حیزبی و ئەخلاقی بەلایانەوە گرینگ نیەر.

ئەگەر بە چاوی واقع بینییەوە سەیری ئەو وەزعەی ئیستا دەکەی بە تەواوی لەو هێزانە ناهومێد دەبی بە تایبەتی کاتێ دەبینی شەخس پەرەستی وکۆیلەیی دڵخواز لەلایەن ئەم و ئەو هێشتا لە حیزبێکدا کە ئیدیعای سۆسیال دێمۆکرات بوونی هەیە لە ٤٠ لەمەو پێش خەراپترە. فەرد لەحیزبدا وای لێهاتووە هەرگیز لە زەمانی قاسملوو دا شتی وات بۆ تاقە جارێک نەدیوە، حیزب لای هێندێکیان ون وبزرە و تەنیا یەک کەس لەوحیزبەدا بۆتە تاقە هیوا و هومێد وئیتر باقی ئەندامانی ڕێبەری وکادر و پێشمەرگە هیچ مانایەکی نەماوە، جومگەکانی دەسەلات لە هەموو تەشکیلاتەکان خەریکە لە لایەن دەستەیەکەو وەها قۆرغ دەکرێ کە لە مێژووی حیزبدا نموونەی نەدیتراوە، تەشکیلاتی وئەساسنامە وەک ئاو خواردنەوە پێشێل دەکرێ چیە بەرەو کۆنگرە دەچن و پێویستیان بە دەنگی زیاترە.

بەداخەوە هەتا دێ مەودای دوو دێمۆکرات و لە ناو دێمۆکراتیش دا مەودای بیرە جیاوازەکان پتر دەبێ و کەلێنەکە گەورەتر لە جاران خۆ دەنوێنێ بە جۆرێ کە ڕەنگە لە چەند مانگی داهاتوودا ئەگەر بە ناو ڕێبەرە سیاسیەکان بیرێک نەکەنەوە لە کەری شەیتانی نەیەنە خوار لە جیاتی خۆزگە خواستن بۆ وێرانی بوونی یەکتر دەستی دۆستایەتی و هاوکاری جیددی بۆ یەکتر درێژ نەکەن ئەوا دەبێ چاوەڕێی وێران بوون و هەڵتەکانی زیاتری ئەو حیزبانە بین ڕووداوێک کە لەپێشدا ئەندام و کادرە بێ باوەڕ وبێ مەبدەئەکان تێیدا بەرپرسیارن.

ئەو وەزعەی لە ئێران و لەڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و ئەو کێشە و ململانییەی لە نێوان ئێران لە لایەک وئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی دا هەیە ئەگەر لە دواکەوتووترین وڵاتی ئەفریقاییش بوایە هێزەکانی ئەو وڵاتە یەکیان دەگرت و

دەبوون بە فاکتۆرێکی جیددی بۆ ئەو کێشەیەی هەر هێستا هەیە و سەرنجی هەردووکلای کێشەکەیان بە جیددی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا. کەچی لەو هەلوومەرجەش دا حیزب ئەو ئامرازەی دەبوو بۆ وەدەست هێنانی گەل بەکار هاتبا ئێستا بۆتە قیبلەگاو سەت کوردستان و کوردی بە پانەوە بە قوربان دەکرێ و بەرژەوەندی نیشتمان ونەتەوە تەنانەت لە سەر کاغەز و بەیاننامەکەنیش دا باسی لێوە ناکرێ.

ئیتر ئەمەی حاڵی ئێمەی کورد وجا سبەی ڕۆژێ کە دۆڕاوی سەرەکی لەو کێ بەرکێیانە کورد بوو دووبارە خەتاکە داوێنە سەر داگیر کەر و پیلانگێڕ و ئەم وئەو بەڵام لانی کەم ئەوجارەیان کورد خۆی بەدەستی خۆی ماڵی خۆی وێران کردووە و هەر خۆشی هۆکارە بۆ بەردەوامی داگیرکاری خاک ونیشتمانەکەی و هەر خۆی بەرپرسیارە لەو شکستە گەورەیەی دووبارە چاوەڕوانیەتی.

٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٩

# لە خۆبایی

ساڵی ٥٧ گەرمەی کێ بەرکێی حیزبەکان بوو، ئەو کات حیزبی توودە دەقاو دەق لەبەرامبەر حیزبەکان و بە گشتی ویستی خەڵکی کوردستان راوەستابوو و بە ئاشکرا داکۆکی لە رێژیم دەکرد چیە لە نوێژی جومعە دەڵێن مەرگ بر ئامریکا.

باوەڕتان بێ لەوە زیاتر نەبوو، ئاخر بە قەولی قاسملووی نەمر لە راپۆرتی دەفتەری سیاسیدا کەبۆ کۆنگرەی ٥ ی ئامادەکردبوو ، ئەو رێژیمە ئەوەندەی دژی ئەمریکایە ئەوەندەش دژی شوورەویە. دوایە دیتیشمان کە ئەو دروشمە پەرەی ساند و بوو بە "مرگ بر ئامریکا، مرگ بر شوروی، مرگ بر منافقین و سدام".

توودەییەکان دەیانخوێندەوە، هەم ڕۆژنامەی مەردوم ئورگانی حیزبەکەیان دەخوێندەوە و هەمیش ئەدبیاتی مارکسیستی چیان دەست کەوتبا دریغیان نەدەکرد هەمووشی بۆ ئەوە بوو بتوانن لە باس و دەمەتەقەکاندا فاکتیان لێ بێننەوە، دەنا ماڵم قەبرە بەشێکی بەرچاو لە وانیش وەک هێندێک لە مەمانان چەندە لە کوردایەتی و لە حیزبایەتی تێگەیشتووین هەر ئەوەندە مارکسیسم تێگەیشتبوون.

ئەو کاتی "دولت و ئینقلاب" نووسینی لێنین دەوری دەگێڕا، دۆستانی توودەیی کە دەگەڵ دێمۆکرات وکۆمەڵەکان دەکەوتنە قسان هەر رستە قسەیەک و فاکتێکیان لە لێنین یان مارکس دەهێنایەوە جا ماڵم قەبرە جاری وابوو ئەو فاکتە هەر هیچ پێوەندی بە باسەکەوە نەبوو بەڵام خۆ ٤ گەنجی لەلاوە هەبووون کە بەو فاکتانە سەرسام دەبون ئای لەو کابرایە چەندە باسەوادە!

ئەورۆ سەردانی لاپەڕی دۆستیکی حیزبیم کرد و چەن بابەتی یەک لەدوای یەکی بە تووڕەیی دانابوو لە ناویاندا شتێکم دیت کە ڕاست وەبیر ئەو باسە کەوتمەوە، خەریک بوو بۆی بنووسم کاکە ئەوە مۆدێلی ٥٧ بووە وکۆن بووە برا ئەو هاتەران پاتەرانە چییە دەسەر یەکت کردۆتەوە، هەر کەس سەری بەسەر کتێبداگرت و دەستەواژەکانی راستەوخۆ گواستەوە بۆ نووسینەکانی نابێ بە شرۆڤەکارو کارناسی رووادوەکان، نابێ بە بیرمەند و فەیلەسووووف، بەڵام ئابرا دیاربوو خۆی لێ ون ببو، لە خۆ بایی ببوو...ئەگەرچی دیارە وەک ساڵی ٥٧ چەند کەس هەر بەدەوریەوەن و چەپڵەی بۆ لێدەدەن ئای لەو کابرایە چەند باسەوادە! سروشتیە ئەویش راست بۆ ئەو چەپلانە بنووسێ.



سەرچاوە
Serchawe

پێشنیار: لە خەلوەتی خۆت دا بیر لەخۆشت و لەوکەسانەش بکەوە کە دەگەڵت هاورا نین، دڵنیا بە دوژمنت نین ڕەنگە ڕەخنەکانیان بەجێ بێ. خاوەن بیر ئەو کەسەیە کە هەر بەخەڵکدا نەچیتەوە بە خۆشیدا بچێتەوە.

٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## یاد و ناوی تازەترین شەهیدانی حیزب و گەل لە دڵدا زیندوو

تەنیا ئەوەندە دەڵێم پێشمەرگە کە چەکی کردە شانی شەهیدبوونی لە پێش چاوی خۆی داناوە، بەڵام لە یەک هەفتەدا ٤ - ٥ شەهید ؟ ئەو تەشکیلاتە دەبێ وڵامدەر بێ ! ناکرێ هەموو گوناهەکە هەر باوێنە سەر جاش و جاسووس، ئەوە خۆپەڕاندنەوەیە لە ژێرباری بەرپرسایەتی و لەوە زیاتر هیچی دیکە نیە.

کوردستان ٢٤: "حزبی دیموکراتی کوردستان شەهید بوونی دوو ئەندامی لە مهاباد راگەیاند و ئاشکرای دەکات، ئەو ئەندامانە لەلایەن چەکدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دراونەتە بەر دەستڕێژ.

ئەمڕۆ شەممو ٣١ی ئاب، کۆمسیۆنی رێکخستنەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا هەواڵی شەهیدبوونی دوو ئەندامی لە ناوچەی مهاباد راگەیاند.

لە راگەیەندراوەکەی حدک دا هاتووە، هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مەهاباد لە تاوانێکی دیکەدا دوو ئەندامی حزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتیان دایە بەر دەستڕێژ و لەم پەلامارەدا ئەو دوو ئەندامەی حزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون.

زیاتر روون کراوەتەوە، رۆژی هەینی ٣٠ ئاب "هەشتی خەرمانان" هێزێکی زۆری رێژیم هێرشیان کردە سەر ئاوایی "حەسەن چەپ"ی سەر بە ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباد و دوو کەسیان بە تۆمەتی هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە دایە بەر دەستڕێژ.

کۆمسیۆنی تەشکیلات "رێکخستن"ی حزبی دیموکراتی کوردستان ناسنامەی دوو ئەندامەکەی ئاشکرا کردووە و رای گەیاندووە، لەو پەلامارەدا بەداخەوە سادق دێهکوردی، ناسراو بە سادق ئاگوشی و بایز رەسووڵی شەهید بوون.

"شەهیدان سادق ئاگوشی، کوڕی کاوەی برایم پیرۆت و خەڵکی پیرانشار، و بایز رەسووڵی، کوڕی عەلی خەڵکی ئاوایی حەسەن چەپ، دوو ئەندامی چالاکی رێکخستنەکانی نێوخۆی وڵاتی حزبی دێموکراتی کوردستان بوون و بە دڵسۆزی و ئەرکوەخۆگرییەوە بەرپرسایەتی و ئەرکە حزبییەکانیان ڕادەپەڕاند" لە راگەیەندراوەکەدا وا نووسراوە.



سەرچاوە
Serchawe

دووپات لەوەیش کراوەتەوە، کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی شەهیدبوونی ئەم دوو ئەندامەی حزب لە نێوخۆی وڵات، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدان سادق ئاگوشی و بایز ڕەسووڵی و هاوسەنگەرانیان لە حزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان دەکا.

ئەو هەواڵە لەکاتێکدایە رۆژی سێشەمی هەفتەی رابردوو لە ناوچەی سەردەشت، لە گوندی "قەڵەڕەش" چەکدارانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر ئەو گوندە و دوو ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانیان بەناوەکانی ئیبراهیم عەزیزنیژاد و عەلی بایزپەروەر شەهید کرد و هاووڵاتییەکی مەدەنیش بریندار بوو.

٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

# بزووتنەوەی کوردایەتی و چەند سەرنجێک

دۆێنێ کە ڕۆژی پشوودانم بوو ئەو پۆستەی خوارەوەم دیت کە هاوڕێم مەریوان نەستانی لەسەر لاپەڕەی خۆی دانابوو، منیش بۆم نووسی زۆرجوانە و قسە هەڵدەگرێ با لە راو بیمەوە دوو قسەی لێدەکەین.

"کورد پێش ئەوەی وڵاتەکەی لە دەستی داگیرکەران ڕزگاربکا، دەبێ بیر و ستراتیژی نەتەوەیی خۆی لە سەرکردە ترسنۆکەکانی ڕزگاربکا." م ن

بەڵێ منیش دەگەڵ ئەو قسەیە هەم بەڵام بۆ ئەوکارە زۆر کۆسپ هەن، نموونەی هەرە بەرچاو ئەوەیە لەو نێوەدا هەندێ کەس بە ناوی بیری ئازادەوە بیری کوردایەتی بن کوڵ دەکەن، دژایەتی دەکەن ولە ئاکام دا ئەگەر بۆیان گونجا خەیانەتیشی لێدەکەن وەک ئەوەی لە باشوور دیتمان. دەی لە وەها حالەتێکدا چ کەردەن؟

کۆسپی هەرە گەورە لە مێژووی کورد دا بۆ دروست کردنی کیانێکی سەربەخۆ دوو شت بووە یەکەم یەکنەبوون ونایەگرتوویی و دووهەم خەیانەت. ئەگەرچی خەیانەت بەرهەمی ئەو یەکنەگرتوویی و پرش وبڵاویە و خۆمە خۆمە و حیزب حیزبێنە بەڵام بە بڕوای تا دەگەڵ خائین وەک خۆی ڕەفتار نەکرێ کورد بە هیچ ناگا.

ئەوە بەومانایە نیە کەمن حوکمی دادگام بەدەستە، و قەزاوەت دەکەم، نا، هەڵسووکەوت دەگەڵ خائین لای من و گەورەترین زەبر لێدانی ئیفشا کردن ولەقاودانی خائینە، تا کورد و ڕووناکبیری کوردی لە ڕێگای نووسین ودەربڕینەوە سیمای خائین بۆ خەڵک ئاشکرا نەکات تا مەترسی بیری چەوت و دژە کوردایەتیە ئاشکرا نەکرێ ئەوان خەڵکی خەیانەت کار بەرهەم دێنن و خەیانەت نابڕێتەوە و تازە خەریکە دەبێ بە مۆد!

تا تۆ خۆت مات بکەی و لەترسی ئەوەی خەڵک دڵی دەڕەنجێ ماتە هەڵگری ڕێگای خەیانەت ناگیرێ و سبەی ئەو کۆسپەی بەرێزت باسی دەکای هەرگیز لەسەر ڕێ لاناچی. ئەوە مێژووی هەموو گەلانی جیهان لەو بارەوە بخوێنەوە و ببینە باوەڕ ناکەم کەس پارووی بە دمی خەیانەتکارەوە کردبێ ، کەس پاکانەی بۆ خائین وخەیانەتکار کردبێ کورد نەبێ.

ئەوجار هاوکات دەگەڵ ئەو ئەرکە گرینگە پەروەردە و بڵاوکردنەوەی بیری ژیرانەی کوردایەتی. کە دەڵێم بیری ژیرانەی کوردایەتی مەبەستم ئەوەیە کە دبێ هەموو ئەمما و ئەگەرەکان هەموو هەلوومەرجەرکان، هەموو دۆست و دوژمنەکانت لەبەر



سەرچاوە
Serchawe

چاو بێ و وێڕای دروست کردنی لۆبی زۆر بەهێز لەدەرەوەی وڵات کە ئەمەیان مەگەر بەیەکدەنگی ویەکگرتووی دەنا مومکین نیە ئەوجار دەکرێ هەنگاوی گەورە بۆ نەتەوەیی بوون ونەتەویی بیرکردنەوە باوێژی.

خاڵێکی گرینگی دیکە ئەمەیە کە بیری کوردایەتی وناسیۆنالیستی کورد بەبەژنی هیچ کەس و لایەنێک نەبراوە، لە پاوانی هیچ کەس دانیە، هەموو تاکێکی کورد لە چەپ ولەراستەوە دەتوانێ ئاوێتەی بیری کوردایەتی بێ و ئەوە ئەوپەڕی پێشکەوتن و جێگای دڵخۆشیە. کوردایەتی حیزبایەتی نیە بەرتەسکی بکەینەوە و لە چوارچێوەیەکی بچووک دا لە قالبی بدەین، کوردستان مڵکی هەموو کوردێکەو کوردایەتی ئەرکی هەموو کوردێک.

کورد بە گشتی ئیستاکە هەستی نەتەوەیی لەوپەڕی خۆیدایە بەداخەوە کۆکردنەوە رێکخستنی ئەو هەستە و بە رێکخراو کردنی هێشتا دەستی پێنەکردووە. بە بڕوای من دەبێ لە لایەن کوردانی شارەزای بواری سایسەت و دڵسۆزانی نیشتمان و رووناکبیران وچالاکانی سیاسیی ومەدەنی هەرچی زووتر بیرێک لە دامەزراندنی رێکخراوێکی نەتەوەیی گشتگیر و ناحیزبی بکرێتەوە. بەرنامەی تۆکمەی بۆداڕێژرێ و چەخماغەی یەکەمین هەنگاوی بزووتنەوەی کوردایەتی لێبدرێ.

٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

## شەهیدانی ١٧ی خەرمانان

نازانم شێعر بۆ پێشکەشی دەبێ یان نا بەڵام ئەگەر شیعر بۆ پێشکەشی ببێ ئەوا ئەمن ئەو شێعرە کە چەندساڵ بەر لەوکارەساتە وبەر لە شەهید بوونی ئەو پۆلە هاوڕێیە نووسراوە پێشکەش دەکەم بە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، هیچ بۆنەو هیچ مناسبەتێکم لەوە زیاتر بە شایانی ئەو هەستی دەروونەی خۆم نەزانی با دوژمنی داگیرکەر بزانێ ئەو کاروانە تا وەدەست هێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد نابڕێتەوە.

### ئەوین

بە مەرگم قەت مەترسێنە
من ئەو کەسەم
تازە لەودیوی مردنڕا گەڕاومەوە
کۆتەڵێکی سووتێنراوم
لە جەستەی پڕ برینی خۆم
سەرم هەڵدا،
چرۆم دەرکرد،
ڕوامەوە...
من ئەو دڵۆپە بارانەم
لە کەوانی دڵی هەور رەهابووم و
تازە گەڕانەوەم نییە..
لە فەرهەنگی رووحی شڵەژاوی مندا
بۆ هەندێ وشە مەگەڕێ
ڕق و تۆڵە و سرەوتنی تێدا نییە!

*****

بە مەرگم قەت مەترسێنە
من ئەو کەسەم
تازە لەو دیوی مردنڕا گەڕاومەوە



سەرچاوە
Serchawe

بە ئەستێرەی ئەم ئاسمانە تاریکەش

هەرگیز هەوڵی خاوبوونەوەی

خۆشەویستی خۆرم مەدە

شەوانی شەو

تاریکی بێ بڕانەوەی ئەم ئاسمانەم بە چاو دیوە

قەت ئەستێرە نەیانتوانی

هەر بارتەقای جێ خەرمانێک

لە رووپەڕی ئەم تاریکییە بسڕنەوە

کەچی تەنیا

بە تیریژێکی بەربەیان

هەم ئەستێرە،

هەم تاریکی،

باریان کردو پووچ بوونەوە....

*****

بە مەرگم قەت مەترسێنە

من ئەو کەسەم

تازە لەودیوی مردنڕا گەڕاومەوە

ئەمن قامکی ئەو نازادارەم

لە حەوشەی باخچەکەی خۆی دا

ئاوی حەوشەی سەری مەیدان

بە سەر گوڵان دابەش دەکا

ئەمن هەناسەی ئەو دایکەم

لەزستانی تووش و سەخت

پەنجەی سڕبردووی ڕۆلەکەی گەرم دەکا

من ئەو کەسەم....

کەسم نەدی ژاری ژینم لێوەرگرێ

من ئەو کەسەم ...

دایکم دیوە ڕۆڵە بە بانۆک وەرنەگرێ...



سەرچاوە
Serchawe

*****

به مەرگم قەت مەترسێنە

من ئەو کەسەم

لە ژیندا سەت کەڕەت مردووم

ئەویندارم...

ئەوینی من مەتەڵێکە هەڵنەهێنراو

تاسەیەکی دووره دەستە

لە مێشک و خوێنی من چزاو

ئەوینی من

خەیاڵێکی سرک و سڵە

هەرچی کردم کەوی نەبوو...

ئەوینی من..

قژزەردێکە روومەت سپی

چەپک چەپک دڵدارەکانی گرداوە

ئەوینی من هەوێنی ژیانی خونچەیە

باوەشێنی هەردوو باڵی پەپوولەیە

بۆیە هەرچێ بەیانییە

لە توولە ڕێی هەزار خانی خۆشەویستی

کاروان کاروان

هەر دڵدارە بەرێوەیە...

ڕەوەند - ١٣٧٩ ی هەتاوی

ئەو شێعرە هەر ئەو ساڵە لە ئەنجومەنی ئەدەبی مەهاباد خوێندراوەتەوە.

٨ ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## مودیڕنیەت و خێڵ لە ڕوانگەی چەپڕەکەکانەوە

جاران، ساڵانی نە هێندە دوور لە ڕوانگەی هەندێ لە چەپڕەکەکانەوە بۆ نموونە حیزبی توودە وا دەبینرا کە ئەوەی لەدەرەوەی بازنەی مارکسیست لێنینیستەکەی حیزبی توودەیە ئەگەر خۆی پێ چەپە ئەوە زڕە جەپە، ئەگەر میللی و ناسیۆنالیستە ئیتر ئەوە کاری تەواوە و پیاوی ئیمپریالیزم!

ئەوان کۆمەڵەیان وا پێناسە دەکرد و وەهایان هێرش دەکردە سەری قەت ڕێژیم وای هێرش نەدەکردە سەری، چیە چەپە و دژی فاشیزمی مەسەبی و لە ژێر دروشمی داکۆکی لە زەحمەتکێشانی کوردستاندا مقاوەمەتی چەکدارانەی لە دژی فاشیزمی مەسەبی هەڵبژاردووە. ئەوان ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵک کە نێوانی دەگەڵ حیزبی دێمۆکرات زۆر خۆش بووو و لە ئاخریەکانیدا چەند بەیانییەی هاوبەشی دەگەڵ حیزبی دێمۆکرات بڵاو کردەوە بە لادەر لە ڕێبازی مارکسیستی دەزانی. حیزبی توودە بەو بەیاننامانە هەر شێت وهار ببوو، بەداخەوە چی نەبرد کەو ئەوانیشی لەت وکوت کرد و ئەو ڕێکخراوە تازە پێگەیشتووە چەپە خۆش فکر و خەباتکارەی وا لێکرد ئاداری بەسەر پاداریەوە نەهیشت.

دیارە خۆ دەشزانین بە بوونی چەند کەسی جاسووس پێشە لە ناو حیزبی دێمۆکراتیش دا زەبرێکی گەورەی لە حیزب دا و بەشێک لە کادر و ئەندام و پێشمەرگە دڵسۆزەکانی حیزبی لە خەباتی ڕەوا بە دژی فاشیزمی مەسەبی دابڕی و وەک خۆی کردنی بە کەوا سووری بەرلەشکری سەقامگیربوونی ڕێژیم کە ئیتر دوایی خۆشی و کۆنگەری ٤ و فیدائیانیش کەوتنە ژێر زەبری ئەرباب و ئیتر چییان لێنەما جگە لە ناوێکی نامووبارەک.

دوای نەمانی حیزبی توودە بەشێکی بەرچاوی کادر و ئەندامانیان دەس بە جێ بە هەڵەی سەرکردایەتیان زانی و زۆر زوو تێکەڵ بە کاروانی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بوون و تا ئێستاش زۆربەیان لە چالاکی و خەباتی سیاسیی و مەدەنی دا شان بە شانی ئەندامانی حیزبەکان یان لەدەرەوەی حیزبەکان بەڵام بۆ گەل و نیشتمانی خۆیان کوردستان، تێدەکۆشن.

لەم نێوەدا بەداخەوە هەندێکیان هەر بەعەقڵییەتی ساڵی ٥٧ و ٤٠ ساڵ لەمەوبەر تەنیا بۆ دژایەتی بیری ناسیۆنالیستی و کوردایەتی ڕەگەڵ پ ک ک کەوتن و ئێستاش بە هەمان عەقڵیەت بەهەمان دید وبۆچوون واتە خۆ بە هەقی موتڵەق زانین و خەڵک پێ ناهەقی موتڵەق دەنووس و دەدوێن، ئەوان لە کوێ یەک هەنگاو بەرەو کوردایەتی بێ لەوێ دەگەاڵ

داگیرکەران لە سەنگەر دان دژی کورد، ئەوانە لە کاتی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەو پرسە دیمۆکراتیکەیان بە مافی گەلی کورد نەدەزانی و لە پێش تورک و ئێران و عێراقدا بە گژ ئەو بیرە داهاتنەوە و بۆ فریودانی خەڵکیش بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و ئەو بزووتنەوەی کوردانەیان بە بزووتنەوەیەکی خێڵەکی لەقەڵەم دەدا و ئێستاش هەر هەمان قەوانە کۆنەکە دەکوتنەوە. ئیتر نەبوو جارێک دەست لەو درۆ و چەواشە کاری و فریودانی خەڵکە هەڵگرن وبلێین فەرموون ئەوەی ئەوان خێڵە وئەوەیە بەرنامەی ئێمە بۆ کورد و بۆ ڕزگاری کورد لە ژێردەستەیی؟! بەداخەوە ئەوان لەوەتا هەن تەنیا خوویان بە یەک شت گرتووە ئەویش دژایەتی بیری نەتەوەیی و ئێستاش بە هەمان عەقڵیەتی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر و بەهەمان ڕوانینی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر دەڕواننە کێشەی کورد و جگە لە دژایەتی بچووکترین بەرنامەیەن بۆ ڕزگاری ئەو گەلە بەش مەینەتە نیە.

ئەدەبیاتی توند و تیژ و سەقەتی حیزبی توودەی ڕابردوو، لە بوختان و لە تۆمەت و لە بەگژ یەکداکردنی خەڵک لە هەموو نووسین ولیدوانی ئەو کەسانە دا بە ئاشکرا دەبینرێ، بەداخەوە دار وبەرد گۆرا عەقلێیەتی چەقبەستووی ئەو کۆمەلە خەڵکە نەگۆڕا، ئەوان ڕەنگە پێیان وابێ ئەوە مەسلەن وەفادارییە!! مانەوەیە لەسەر ڕێباز و ڕابردوو!! کاکی برا خوشکی هێژاو بیری سەقەت و تەجرەبەکراوەی رابردوو، بیری دۆڕاو وشکست خواردوو بۆ فرێدان دەبێ بۆ شانازی پێکردن نابێ، هەنگاو نان دەگەڵ گۆرانکارییەکان،

خۆگۆڕین وڕیخنە لە ڕابردوو و تووڕ هەڵدانی ئەو بیرە ویرووسا ئاسایە بۆ خستنە ناو زبڵدان دەبێ! داکۆکی کردن لە مافی گەلێکی بن دەست بۆ ئازادی وبۆ سەربەخۆیی بچووکترین ئەرکی چەپی کوردە ،ئەگەر ئێوە ئەوە گۆی و ئەوە مەیدان ڕێگای ڕزگاری وبەرنامەی خۆتان بۆ رزگاری نیشتمان لە ژێر دەستەیی بخەنە ڕوو! ئەگەر هەر وشیا نابنەوە لەو خەوەگرانەی تێی تێیکەوتوون ئەوجار بڕۆن لە چەپرەک بوونی خۆتان بەردەام بن دڵنیام لە شکستی ڕابردووی حیزبی توودە زۆر خەراپترتان نەسیب دەبێ، ئەمجارەش چیدیکەتان دستگیر نابێ و ئیتر بۆ هەمیشە وەک سیاسییەکی دۆرا و هیچ منداڵێکی گەڕەکیش گوێتان بۆ ناگرێ.

٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## دوایین نامە

**هاوڕێی بەڕێز، کاک مستەفا هیجری بەقسەت نەکردم دیتت زەرەرت کرد**

کاتی خۆی نامەیەکم بۆ هاوڕێی بەڕێز کاک مستەفا هیجری نووسی، راست پێش لێکدابرانەکان، پێش ئەوکاتیش چەند جارم ڕوو لە کاک مستەفا هیجری کرد کە بە دڵێکی برایانە هەڵسوکەوت بکات و ئاوێک بەو ئاگرە دا بکات کە سبەی پێی خۆشی دەگرێتەوە، بەداخەوە گوێی نەدامێ. ئاخر خۆ هەر ئەو نا کەمتر سەرکردەی کورد هەیە گوێ لە داواکاری دڵسۆزان بگرن و ڕەخنەو گلەییەکانیان لەبەرچاو بگرن ، ئەوان عادەتیان بە گوێدانە خەڵک نەکردووە بەداخەوە.

ئێستا کە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوە دا دەگوزەرێ دەبینی حیزب و بە گشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەتەنیا هیچ سوودێکی لەو لێکدابڕانە نەکرد بەڵکوو هەردوولا زەرەری زۆر گەورەیان کرد، حیزب کەسایەتی و کارکرد و پرستیژی لە ناو خەڵک دا وەها دابەزیوە کە سەیری سوشیال مێدیا دەکەی تەنانەت ئەوانەی سەردەمانێک بەسیجی سیاسییش بوون گەپ بە حیزبی دێمۆکرات دەدن و ماڵم قەبرە هەڤیشیانە، ئاخر ئەوەی دڵسۆزی بۆ نیشتمان هەیە لەو سەرکردانەدا نابینرێ. دنیا تێیاندا شل وکوت بوو یەک بگرنەوە، گوێیان نەدایە کە نەدایە.

هاوڕێی ماندوو نەناس کاک مستەفا هیجری ئێستا ئاگات لێیە کە سەخسی خۆشت خەریکە زەرەری گەورە دەکەی، نیوەی حیزبەکەت لە دەست چووە، ئەو نیوەیە ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ سەهلە لێت دوورتر دەکەوێتەوە بەڵکوو بە دەستێکی ناپاکی داگیرکەران خەریکە دوژمنایەتی نیاوان هەر دوو لەتی جەستەیەکی خوێنای کورد، دوو بەشی مێژووی پڕ لە خوێن و قوربانیدان و فیداکاری ڕۆژهەڵات دەبنە دووژمنی قەستە سەر. دڵنیام ئاگات لێیە و ئەگەر ئاگات لێ نیە ئیتر ئەوە کارەساتێکە لە دابڕان کارەساتبارتر.

هاوڕێی ڕێزدار کاک مستەفا هیجری لەم ئانو ساتە دا ئەوە ئاخرین شانسەکانە کە لە کارەساتێکی چاوەڕواننەکراو پێشگیری بکەی و هەوڵی سادقانە بدەی بۆ تێکەڵکردنەوەی ئەو دووبەشەی حیزب. چاوت لێیە ئەو بەشەی خۆشت تێیدا سەرکردە وریبەری خەریکە لەدەستت دەردەچێ و ئیتر ئەو حیزبەی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بە جارێ سست و بێ ڕەمەق دەبێ. کێشە لە دوای کێشە لە ناوی دا سەرهەڵدەدا و وەک سەرەتانێک خەریکە هەموو لەشی دادەگرێ! دیوتە کێشەناوخۆوییەکان خەریکە بڕستی لێدەبڕن، لەو بارەوە وەزعی هیچ کامتان لە لایەکەی دیکە باشتر نییە. بۆیە دەڵێم

ئەوە دوایین شانسە کە گوێ نەدەیە نەیارانی یەکگرتنەوە و قوڵی هیمەتی مەردانە و کوردانەی لێهەڵکەی و دڵی ئەویدنارانی ئازادی کوردستان کە وەک پشکۆی ژێرخۆڵەمێش بێ تین و گەرما ماوەتەوە بگەشێننەوە. ئەولینکەی خوارەوە ئەو نامەیەیە کە لە کۆتاییەکان وپێش لەت بوونی حیزب بۆ بەڕێزتانم نارد. ئەو کات گوێت نەدامێ هیوادارم ئەوجار گوێ لە دڵسۆزێکی نەتەوە نیشتمانی ئەنجن ئەنجن کراو بگرێ. دڵنیا بە ئەو داوایە داوای میلیون میلیۆن ئینسانی کوردە.

وێڕای ئەو پەڕێ ڕێز

برایم جەهانگیری کانادا

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---

## عەداڵەت

### یان لە دوژمنان فێرِ بن یان لە دۆستان

ئەگەر تا بە ئێستا کورد نەیزانیوە دنیای سیاسەت لە سەر بەرژەوەدنی ڕۆنراووە خۆ لەمەوبە دوا دەبێ بزانێ کە بەرژەوەندی سیاسیی و بازرگانی لە هەموو دنیادا قسەی یەکەم دەکا، ئازادی و دیمۆکراسی کە هیچ مافی مرۆڤیش ئەوەتا بە بەرچاوتانەوە لە لایەن پێشکەوتووترین وڵاتەکان وئەو وڵاتانەی کە ئیدیعای پاراستن و ڕێزلێنان لە مافی مرۆڤ دەکەن هەر بایی تووڕێکی قانگە.

ئاخرکەس هەیە نەزانێ کە ئێران خاوەن دەسەڵاتێکی مەسەبی دیکتاتۆرە کە بە هەموو پێوەرو‌پێوانەیەک لانی کەم لە ڕفتاردا فاشیزمێکە قەت موسوولینی و پینووشە تایان نەکردووە، دەی خێرە ئەو هەموو دنیای پێشکەوتوو و دێمۆکراتە خەریکن ملی خۆیان دەشکێنن تا دەگەڵ ئەو فاشیزمە دەستیان لە قاپە شۆرباوێک دابێ؟

ئەوەتا بە بەرچاوی دەیان ماهوارەو کامیرای جاسووسی سەر زەوی و بان زەوی ئاشکرا بووە کە ئێران دەستی هەیە لە هێرش کردنە سەر عەرەبستانی سعوودی و ئەوەش پێشێلکارییەکی ئاشکرای نێودەوڵەتییە کەچی فەڕانسەی مەهدی پێشکەوتن وتیکنۆلۆژی و لانکەی دێمۆکڕاسیش دەفەرموێ،" کەس نازانێ ئەو بیبهادانە لە کوێرِا هەستاون وهێرشیان کردۆتە سەر عەرەبستان"! وەک ئەوەی لە ئاسمانی حەوتەم را هاتبنە خوار! هەر ئەو حکوومەتەی فەرانسە و ئەو حکوومەتە لانکەی دێمۆکڕاسییە پشیلەیەک نێوەشەوێ لە بیابانێک وەبەر سەیارە وماشێن کەوێ و سەکەت بێ بە ٢٤ سەعات کابرای شۆفێر دەبیننەوە و بە درۆ بۆ ئەوەی بڵێین ئەوانە پارێزەری مافی بوونەوەرانن چ دەگا بە مرۆڤ! دەیبەنە بەردەم دادگا.کەچی ڕۆژنیە لەو ئێرانە چەندین لاوی بێتاوان نەبرێنە بەر پەتی سێدارە بەڵام ئەو ئورووپای مەهدی دێمۆکراسییە ئامادە نیە بۆ یەک چرکەش بیر لە پچراندنی پێوەدنیەسیاسیی وبازرگانی دەگەڵ فاشیزمی سەردەم ئێرانی ئیسلامی بپچرِێنێ!

تەماشا کەن ئەوانە چۆن بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەموو یاسا و ڕێسدایەک تەنانەت باوەڕەکانی خۆشیان دەژێر پێ دەخەن؟ جا سەیری دوژمنانیش کەن.

دوێنێ بابەتێکم وابزانم لە سایتی بی بی سی خوێندەوە کە ئێرانیەک نووسیبووی مووشەکەکانی ئێران "هێزی بەرپێگرتنی "

(نیروی بازدارندگی) کردەی سەربازییان بڕۆتە سەرێ. ئاکام و پەیامی نووسەر ئەوە بوو کە لەترسی ئەو مووشەکانە ڕۆژئاوا ناوێرێ هێرش بکاتە سەر ئێران و بەجۆرێک ڕۆژئاوای لە مەترسی شەڕ وشیارکردبۆوە، واتە بە ئاشکرا کابرای فارسی ئۆپۆزسیۆن داکۆکی لە ڕێژیمی مەلایان دەکرد و شانازی بەو هێزەوە دەکرد کە وڵاتەکەی هەیەتی ئیدی لەبیری چووبۆوە کە ئەو ڕێژیمە چ کارەساتێکی بەسەر ئەو گەل ونەتەوانەی ناوخۆی ئێران و گەلانی ناوچەش هێناوە.

خۆزگە کورد ئەو دوو دەستەیەی دەکردە نموونە بۆ ئەوەی ئەویش دەفکرێ نەتەوە ونیشتمانی خۆی دابێ سوور بزانێ کە دنیا لە سەر بەرژەوەندی سیاسیی و و ئابووری ساخ بۆتەوە و لەوە بترازێ هیچی دیکە نیە، ئەوە هەر کوردە کە ئێستاش پێیوایە ئەگەر باسی مافی مرۆڤی کرد و ئەگەر کوتی من دژی خشوونەتم ئەوە خەڵکی دنیا حیسابی بۆدەکا کە هەرگیز وا نیە و ئەو دەورانە تێپەڕیوە، خەڵکی دنیا، دوژمن و دۆست تەنیا حیساب بۆ هێز دەکات و وەسەلام! تالیبان ببینە، حەماس و حیزبوڵا و حووسیەکان ببینە کە هەموویان سەریان بە ئێرانەوە بەندە وبەشێکی دانەیراوەن لە تڕۆریسمی نێودەوڵەتی بەڵام چون هێزن جارێ بەردەنگی هەموو وڵاتانن لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا و رووس.

وەدووی عەدالەت و داد مەکەون نایبیننەوە وبە هەڵکەوتیش تووشی نایەن ، خۆشتان بەو دروشمە زەقانەی ڕابردوو مەخافڵێنن و تئورییە سواوەکان دەرخواردی خەڵک مەدنەوە ئەگەر جاران دەیان کوت هەق لە لوولەی تفەنگ دایە و ئەگەر تفەنگ بە مانای هێز بێ کە هەیە ئەوا دڵنیا بە لەوەی کە عەداڵەت و هەق تەنیا لە بەهێزی خۆت دا دەستەبەر دەبێ دەنا دەبێ هەر ژێرچەپۆکە و ژێردەستەو مەیتەری ئاغا بی! بۆ عەداڵەت و داد و مافی مرۆڤ ئیتر هەر لە ناو کتێبە تۆزلێنیشتووەکاندا دەبێ بۆی بگەڕێی و لە بێدەسەلاتی خۆت دا بیکەی بە بابەت و ستاتووسێکی فەیس بووک دەنا باوەڕ بێنە ئەوانە دروشمێکن بۆفریودان و بە کوردیەکەی بۆ بەکەرزانینی خەڵکی هەژار و بێدەسەڵات.

١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## کۆمەڵە و نەبوونی ئاڵای کوردستان لە یادی شەهیدی نەمر کاک فواد

ئەوەی کە کۆمەڵە ئاڵای کوردستانی لەو مەراسیمە دانەناوە هیچ شک و گومان نیە بەر لەهەموو کەس خۆیان زەرەر دەکەن، ئەو چەند وتووێژەش کە لەو بارەوە دەگەڵیان کرا و وڵامەکانیان بیسران نەکەسی قانع کرد و نەهەر بەقەرا نووکە دەزرییەک لە هەڵەی گەورەی کارەکەیانی کەم کردووە. بەڵام..

من لەوەتا لەو فەیسبووکە هەم ڕەنگە ئەوە یەکەمجار بێ لەسەر کۆمەڵە شت بنووسم زیاتر وەک ڕەخنە هەر لەسەر خۆمانم نووسیوە ، بەڵام لێرە دوو نوکتە هەیە دەبێ هەموو لایەک لەبەرچاوی بگرین، یەکەم ئەوەی کە کۆمەڵە هەڵەی کردووە و جێگای ڕەخنەیە ئەوا منیش زۆر بەراشکاوی باسم کرد و ڕەخنەی خۆم گرت.

دووهەم ڕەخنەم لە ڕەخنەگرانی ئەو بابەتە هەیە. براو هاوڕێ و دۆستانی زیدە ئازیز، با ڕەخنە بە نیازی پاکتاوکردن وەلا بنێین، کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاکە هێزی چەپ بووە کە داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد کردووە وێڕای دێمۆکرات سەتان پێشمەرگەی قارەمانی لەو ڕێگایەدا فیدا کردووە. ئەگەر زەمانێک زیاتر بە لای ڕووناکبیرانی ناوەند نشێن دا دەشکا و فەرمانی لەوان وەردەگرت بەڵام ئەوان لە مێژە لە ڕیزی خەباتکارانی کورد وکوردستاندان و لە هیچ جێگایەک لە مەمانان کەمتر نەبوون لە هەست وکرداری کوردبوون دا. قازانجی چییە بە ناوی ڕەخنە هەوڵ بدەین لە ڕیزی کوردستانیان دەریاوێن جگە لەوەی بیری پاوانخوازی نەبێ کە پێمان خۆشە مەیدان کەسی تێدا نەبێ جگە لە خۆمان!؟

کوردانی دڵسۆز پێویستیان بە کۆمەڵە و بە دێمۆکرات وبە خەبات و بە پاک و بە یەکێتی شۆڕشگێران و بە... هەیە بۆ ئەوەی لەو سەختە ڕێگایەدا هاوسەنگەر و براو پشت وپەنابن. بەڵێ بە باوەڕی تەواو داوام لە هەموو تێکۆشەرێکی کورد هەیە کە هەوڵی وەلانانی کۆمەڵە و هیچ ڕێکخراوێکی دیکەی کوردی نەدەن و داواشم لەسەرکردایەتی و هەموو کادر وئەندامانی کۆمەڵە هەیە کە وەک رابردوو لەسەنەگەری ماف و ئازادیەکانی کورد بە سیمبول ورەمزی کورد واتە ئاڵای کوردسات دا بمێننەوە.

١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## مەرگ بر سەربەخۆیی خواز.... مەرگ بر سەربەخۆیی!

ساڵی ١٣٦٢ بوو وابزانم کاتێ یەکێتی نیشتمانی دوای دانیشتن وگفتگۆ دەگەڵ بەعس هێرشی کردە سەر پشتئاشان و قەندیل وسەر بارەگای ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق. ونەوشیرەوان مستەفا کە فەرماندەی ئەو هێرشە بوو ئەوەی بۆی کرا لە کوشت و کوشتار درێغی نەکرد تەنانەت ئەحلام ژنە پێشمەرگەی حیزبی شیوعیان تەنیا لەبەر ئەوەی پارەیەکی حیزبی لا بوو بە زیندوویی کوشت تا پارەکە شورت وگوم بکەن.

ئەو ڕۆژانە منیش لەوێ بووم، یادی بەخێر ئارێز واتە ئەفراسیاب حەلیمی وکوڕێکی دیکە بە نێوی چالاک لەوێ بوون، من دەگەڵ کوڕەکانی ئیقلیمی کوردستان و ئەو پێشمەرگانەی ناچار بوون پاشەکشە بکەن و بە شێک لەسەرکردایەتی حیزبی شیوعی بەرەو دیوی ئێران ئاوەژوو بووینەوە. ئەوەی من لەبیرم بێ کۆتایی زستان وسەرەتای بەهار بوو.لەو کویستانانە ئەو کاتی هەوا یەکجار زۆر سارد بوو. قادر رەشید خۆی ئەکێک لە بەرپرسانی حیزبی شیوعی بوو ئەو شەرە ئاوا دەگێڕیتەوە.

### سوکایەتیکردن بەئافرەتە شیوعیەکان

ئەنجامی شەڕەکە شکانی هەر سێ لایەن و سەرکەوتنی یەکێتی لێکەوتەوە، لەو شەڕەدا زیاد لە "٨٨" ئەندامی حزبی شیوعی لەناوچون و ژمارەیەکی زۆریش بەدیلگیران، ئەوەی توانیان لەکوشتن و تالآن و برین کردیان، خێزانەکان بەدیل گیران، (فریشتە و فەیروزی) خێزانی فاتیح ڕەسوڵیان بەدیلی برد بۆ بارەگاکانی خۆیان و سوکایەتیان پێکردبوون. حزبی شیوعی و ئەو کەسانەی کە لەشەڕەکەدا بەشداربون و لای یەکێتی دیل بوون باسی چەندین سزاو سوکایەتیان کردووە.

"قادر رەشید لە کتێبەکەیدا "پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگیدا" نووسیویەتی "نەوشیروانییەکان پەنجەی کچێکیان بەناوی "ئەحلام" بڕیوە بۆ ئەوەی ئەڵقەکەی لێ ببەن، تەرمی پێشمەرگەیەک بە ناوی عەلی حوسێن لە ژێر خاک دەردێنن بۆ گەڕان بە دوای چەکەکەیدا و تەرمەکەشی لە ڕۆخی رووبارەکە بە جێدێڵن، کەسێک بە ناوی ئەبو مەکسیم کە خاوەنی ٧ منداڵ دەبێت بە بێ ئەوەی دەست بکاتەوە دەدرێتە بەر ڕێژنەی گوللە و دەکوژرێت، ئەو دیلانەی پارەیان پێبووە رووت دەکرانەوەو دەکوژران".

نەوشیراوان مستەفا و پشت ئاشان: یەکێک لەو پێشمەرگانەی کارەساتی پشتئاشان ڕزگاری بووە هاوڕێ سەربازە، لەو



سەرچاوە
Serchawe

سەنگەرە بووە، کە لە ٢٥ پێشمەرگە تەنیا ٥ پێشمەرگە رزگاریان بووە، ئەوانی تر کوژراون، بەم شێوەیە رووداوەکە دەگێڕێتەوە: رۆژی ١ی ئایاری ١٩٨٣ نەوشیروان مستەفا نامەیەکی بۆ بارەگای ئێمە نارد، هاوڕێ قادر نامەکەی بۆ خوێندینەوە، کە ناوەرۆکی نامەکەی دەڵێت: هاوڕێیانی حیزبی شیوعی مەترسیتان نەبێ، ئێمە پابەندی رێکەوتننامەی نێوانمانین، ئەو هێزەشمان بۆ سەرکردایەتی سۆسیالیست کۆکردۆتەوە، بەلای ئێوەدا ڕەت دەبین، تکایە رێگامان لێ مەگرن، بۆ گرتنی سەرکردایەتی سۆسیالیست. لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکە هاوڕێ مام رەسو گومانی هەبوو ئەو نامەیە بۆ خافڵاندنی ئێمە بێت. گوتی: دەڕۆم بۆ مەکتەبی سیاسی ئاگاداریان دەکەم، من لەگەڵیدا ڕۆیشتم کە گەیشتینە مەکتەبی سیاسی ئەبو عامل بەرپرسی مەکتەبی سەربازی حزب لەوێبوو، مام رەسول هەموو ئەو مەترسیانە و نامەکەی نەوشیروان و ئەو هێزە زۆرەی یەکێتی کە دەوروبەری ئێمەیان گرتووە و قەناعەتی خۆشی بۆ ئەبو عامل روون کردەوە. گوتی: یەکێتی لێماندەدات بائاگاداربین، بەڵام ئەبو عامل بەرپرسی سەربازی حزبی شیوعی بەدووریزانی شەڕ لەنێوان ئێمە و یەکێتی رووبدات، گوتی ئێمە رێکەوتنمان لە ٢٦ - ٤ - ١٩٨٣ واژۆ کردووە، ئەو هێزانەش بەعس و جاشەکان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە هاتون مەترسییەکە بۆ هەموو حزبەکانە، بێگومان مام رەسو زۆر هەوڵیدا قەناعەت بە حزب بکات، بەڵام بێ سود بوو، مام رەسو بەدڵگرانیەوە بە پەلە گەڕایەوە بۆ ساوێن کە گەیشتینەوە کاتژمێر ١٠ بوو، هاوڕێیانی کۆکردەوە کە ٢٥ هاوڕێ بووین، دانیشتین مام رەسو بەپێوە وەستابوو قەناسێکی لەشان دابوو قسەی بۆ دەکردین لەسەر ئاڵۆزی ناوچەکە و رووبەڕووبوونەوە لەکاتی شەڕدا لەم قسانەدابووین گولەیەکی قەناس لەسەری مام رەسوی دا بەخێرایی هاوڕێ هەندرێن پەلاماری دا نەکەوێتە خوارەوە، ئیتر لەهەر چوارلاوە ئاربێجی و بیکێسی دەستیپێکرد، شەڕێکی دەستەویەخە رووی دا، تا توانیمان شەڕمان کرد و دواتر بەجیاجیا بەهۆی شارەزاییمان لەناوچەکەدا خۆمان گەیاندە ئاشقوڵکە، بەڵام جگە لەهاوڕێ قادر بەبرینداری بەدیل گیرا و دواتر شەهیدیان کرد، بەداخەوە لەو سەنگەرەی ئێمە ٢٠ هاوڕێمان لێ شەهیدبوو، کە دوویان برابوون شەهید قادر و شەهید عەبدوڵلا. هەروەها دەڵێت نازانم ئەو هەموو تووڕەییەی یەکێتی بەرامبەر بەحزبی شیوعی چیبوو! چونکە لەم شەڕەدا کەسیان نەدەپاراست، تەنانەت دیلەکانیشیان کوشتن! نەوشیروان مستەفا ٧٥ کەسی لێ کوشتن". باسەکەی من زۆر پێوەندی بەو مێژووە نیە بەڵام چون خۆم شاهیدی بەشێک لەو کارەساتە و جنایەتەم لە هەرجێگایەک دەرفەت هەبووبێ باسیم کردووە باسی دەکەم.

دوای ئەمە ئێمە بە گرووپێکی ٥٠ کەسی بەرەو سنووری ئێران هەڵکشاین. کە گەیشتینە لای ڕەشماڵەکان هێشتا لە لەسەر لووتکەی چیاکان شەڕ هەر بەردەوام بوو و پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی کوریدۆرێکی ئەمنیان بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە پێیدا تێپەڕی ساز کردبوو و قارەمانانە بەرگریان دەکرد و لە م نێوەدا ناکرێ دەورێ پێشمەرگەی ئازا و چاونەترسی شیوعی کاک حەسەن خدر لەبیر بکرێ.

کە ئاوا بووینە دیوی ئێران هەوا زۆر سارد بوو، نە خواردن و نە ئاو و نە هیچ شتێکمان پێنەبوو. وابزانم یەک دوو شەو

بەو چیایانەوە ماینەوە و پاشان بە هاوکاری پارتی راگوازراینە گوندێک کە ناوەکەییم لە بیر نیە ولەسەر جادەی سەردەشت پیرانسار هەڵکەوتبوو، من یەکجار ناسینەوەی خۆم زۆر نیگەرانی خۆم بووم بەلام لەنێو ئەو خەڵکەدا بزر ببوم. بە شێکمان لە مزگەوتی ئەو گوندە جێگیر بوون. دوای یەک دوو رۆژ بە ماشێن بەرەوسێلوێ وەرێ کەوتین.

جا کاکلی باسەکەی من لێرەوە دەست پێدەکا، لە سەر هەر دیوارێک دەتدیت نووسدرابوو، مرگ بر قاسملوو، مرگ بر حیزب دمۆکرات. هاورێیەکم لە لا دانیشتبوو کوتێ هاوڕێ ڕەوەند دەزانی ئەو مانای چیە کوتم فەرمووو؟ کوتی ئەوە مانای بوونی ئەو حیزبەیە لە ناو جەرگی میلەتەکەی خۆیدا. کە دوژمن ترسی لێت هەبوو جنێوت پێدەدا، دژت دەوستێ، ئیتر شانازیە بۆ حیزبێک کە دوژمن ئاوا بە خەستی خوازیاری مەرگی بێ.

قسەکەی راست بوو، ئەو کات حیزبی دێمۆکرات هەر لە ناو شارەکاندا دەسەڵاتی نەبوو، دەنا دەرەوەی شار بەتایبەتی دوای سەعاتی ٢ی پاش نیوەڕۆ لە کۆنترۆڵی حیزب دابوو، وەک ئێستا نەبوو جاش و پاسدار نە شەو ونەڕۆژ لە ترسی پێشمەرگە حەجمینی نەبوو.

ئەورۆژانە راست قسەی ئەو هاورێیەم بیر کەوتەوە کاتێ دەبینم بیری سەربەخۆیی خوازی کورد بێ ئەوەی جارێ تەنانەت بیرەکەش فۆرمۆڵە کرابێ و بە قەولی کاک عەبدوڵا کەریمی دەڵێ تەنانەت تئورییەکی دیار و ڕوونیشی نیە ئاوا کەوتبێتە بەر هێرش و پەلاماری کوردە بێباوەڕەکان، تەسلیم تەڵەبەکان، رووناکبیرە خۆ پێزل وبێناوەرۆکەکان. ئاخر جارێ بیری نەتەوەیی و هەر لە هەستی کوردان دا هەیە و تا ئەم چرکە ساتەش هێزێکی گشتگیر و کارای کورد هەڵگری ئەو بیرە نیەو ناوێری بەلاشی دا بچێ جگە لە پاک.

سەربەخۆیی خوازی جارێ لە سەرەتای بیر و هزر و گەلاڵەکردنی ئەندێشەی کوردان دایە، و با کەس نە نان و پیوازی پێوە بخوا و نە کەس خەڵکی پێچەواشە بکات بڵێ لە فەیسبووک سەربەخۆیی دەست ناکەوێ! زەحمەتت کێشا هاورێ! کەراماتت نواند برا؟! چانەبوو زانیمان لە فەیس بووک سەربەخۆیی دەستەبەر نابێ؟ دەی خۆ دەنا جارێ سەربەخۆیی خوازی هەر قسە و هەر نووسین وهەر لێدوانە لانی کەم لە ڕۆژهەلات، ئەدی ئێوە بۆ زراوتان چووە و بێ موناسبەو بە موناسبەت هێرش دەکەنە سەر بیری سەربەخۆیی خوازی؟ کام سەربەخۆیی خواز کوتوویە سبەی تارانت بۆ دەڕووخێنم و کوردستان ڕزگار دەکەم؟ ئەو چەواشەکارییەتان لە چیە؟ بۆ ئەتۆ کە بووی بە سوالکەری سیاسیی لەبەر دەم فاشیستەکانی تاراندا تا ئێستا حیسابی پووشێکت بۆ کراوە کە پێتوابێ سەربەخۆیی خوازی دروشمی بێناوەرۆکە! چاو لەو شەرمە بکە!! ویستی گەلێکی چەندین میلۆنی بۆ سەربەخۆیی بە دروشمی بێناوەرۆک بقەبڵێنی؟!؟ ناکا بڵێی تۆ دروشمەکانت وەدی هاتوون و دەسکەوتەکانت شان لە شانی هەواران دەدن کە وا گەپ بە سەربەخۆیی خوازی کورد دەدەی؟



سەرچاوە
Serchawe

کۆتا قسەم وەک هەمیشە، کورد ئەگەر سەربەخۆ خواز نەبێ دەبێ لەکوردبوونی خۆی شک بکا، بیری سەربەخۆیی خوازی چ لە فەیس بووک چ لە ناوخۆی کوردستان ولەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا و چ لە جێگای گەرم ونەرم چ لە چ لە ناو ڕیزی پێشمەرگەو سەرکردە و کادری حیزبەکاندا لە گەشەکردندایە و خەتەرە بۆیە ئەو برادەرانە پێی تەنگاو بوون و وەک ئەو باسەی پێشوودەفەرموون... مەرگ بر سەربەخۆیی خواز، مەرگ بەر سەربەخۆیی! خۆ دەکرێ لە باسی جیددی دا بفەرمووی کاتی نییە ئەوە قسەیەکی دیکەیەو هەر وەک کاتی خودموختاریش و فیدرالیش جارێ هەر نەهاتووە، ئاخر ئێوە چاوەڕێی ئەوەن کە خودموختاری و فیدرالی ببێ بە دیارریەک لەسەر کەشەفێکی زێڕین و داگیرکەران پێتانی ببەخشن!

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## ئەوڕێژیمە بە تۆ ناڕووخێ دەزانم بەڵام ...

ئەو ڕێژیمە بە تۆ ناڕووخێ دەزانم، نەک من هەموو کەسیش تەنانەت منداڵێکیش دەزانێ تاران بە کورد ناڕووخێ و بە کوردیش بنیات نانرێ، بەلام ڕەنگە کورد لە داهاتوودا سەبەبێک بێ بوو رووخان یان بۆ شەرعیەت دان و سەقامگیربوونی ڕێژیم.

ڕووم لە هەموو هێزەسیاسییەکوردستانیەکانە، بەتایبەتی ئەوانەی بە ئاشکرا سواڵی سیاسەت دەکەن، ئەگەر لە جێگای خۆت مایەوە و بەرامبەر بە فاشیزمی مەسەبی بەچۆک دا نەهاتی هەمیشە قەدرگران و هەمیشە وەک مرۆڤی شۆڕشگێڕ و بە باوەڕ لای خەڵکی خۆت و خەڵکی ئازادیخوازی دنیاش خۆشەویست وڕێزداری. بەڵام ئەگەر بە هەر بایەک وەلەرزە کەوتی و دڵت خۆش بوو بە سیلەی رەحمی فاشێزمی داگیرکەر دڵنیا بە وێران بووی و دڵنیا بە مەرگی سیاسیی خۆت بەدەستی خۆت ئیمزا دەکەی. مێژووی سیاسەت و مێژووی خەبات وتێکۆشان بۆ ئازادی گەلان ڕەنگە نموونەی هەردووک لایەنی کەم بەخۆیەوە نەدیبێ.

هەرچەند جاری پۆستی لایەنێکی کوردی لەو فەیسبنووکە دەبینم کە خەریکی سواڵی سیاسەتە وەک کورد بە خۆم دا دەشکێمەوە ، خۆ سواڵی سیاسەت لە خەڵک و حکوومەتێک بۆ بەرژەوەندی میلەتەکەی خۆت شانازییە بە مەرجێک ئەو حکوومەتە جا هەر حکوومەتێک بێ وهی هەرکوێ بێ بە باوەڕی بە بچووکتریان بنەماکانی مافی مرۆڤ هەبێ و هیچی دیکە... بەڵام سواڵی سیاسەت لە کۆنەپەرەستترین و دڕندەترین و دیکتاتۆرترین حکوومەتی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی خۆسووک کردن و کورد سووک کردنە. لە هەمان کات دا دڵنیام ئەو شێوازە لە سیاسەتکردن مەرگی خۆ ئیمزاکردنە!

٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## پرسیار، خودموختاری تا سەربەخۆیی

حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات یەکدەست ویەکدەنگ چوون بۆ ئەمریکایان ڕەت کردەوە چون گۆیا ئەو لایەنەی ئۆپۆزیسیۆن کە ڕێکخەری ئەو کۆنفرانسە بووە باوەڕی بە مەسەلەی کورد نەبووە، بەو بەئاکامگەیشتنەی حیزبەکان دەکرێ بکوترێ ئۆپۆزیسیۆن ورێژیم لەسەر مەسەلەی کورد لە کردەوەدا سەربەسەرن.

ئەوجا کە بەو قەناعەتە گەیشتوون کە قەناعەت وباوەڕێکی ڕاستیشە ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئەدی ئێوە دەگەڵ کێ حکوومەتی فیدراڵی یان دووفاکتۆ و سێ فاکتۆ لە تاران پێکدێنن، دا زەحمەت نەبێ تاقە یەک کەس پێم بڵێ کام ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، کام لایەنی سیاسیی ئێرانی، کام لایەن لە حکوومەتی ئێرانی باوەری بە مافی کورد هەیە؟ خۆ من دڵنیام هەتا ٦ مانگی دیکە لەسەرتان ڕاوەستم وڵامی ئەو پرسیارەم نادەنەوە چون ئەو کەس ولایەن و ئۆپۆزسیۆنە نابیننەوە کە باوەڕی بە مافی کورد هەبێ ئێوەش سوێندێکە و خواردووتانە بە کەڵەگاییش بێ هەر دەبێ فیدرالیزم بۆ ئەو ئێرانە عەزیزە دابمەزرێنن!.

با لە خۆمانی نەگۆڕین لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو تۆ بڵێ سەتساڵی ڕابردوو تا ئێرە، کورد و لایەنە سیاسیەکانی دەگەڵ زۆر لایەنی ئێرانی دانیشتووون وقسە و وگفتگۆیان کردووە جا چ بە ئاشکراو چ لە ژێرپەردەدا کە دوایی ئەوەی ژێرپەردەکەش ئاشکرابووە، ئایا یەک کەستان دیت جگە لە دەستەواژەی پاراستنی "تمامیت ارضی" یەک بابەتی دیکەیان بۆ گرینگ بێ؟

دەی ئەمە یانی نەدانی ماف، لەو هەمووە ئۆپۆزیسیۆن و حیزبی ئێرانی کێ دانی بە بچووکترین مافی گەلی کورد ناوە لانی کەم ئەندام ولایەنگرانی ئەو حیزبانە یەک نموونەم بۆ بێننەوە.

دەی کاکی خۆم نایبیننیەوە، تێیدا نییە، شتێک بە ناوی مافی کورد و مافی نەتەوکانی دیکە لە مێشکی هیچ ئێرانییەک دا تا ئەم چرکە ساتە جێگیر نەبووە. (حیسابنی دوو کەس ناکەم لە ٣٠ میلۆن فارسی دەسەلاتتدار دا) کەوایە بۆچی خۆت ساخ ناکەیەوە؟ ئاخر خۆ سوور دەزانی ئەوان ئەتۆیان تەنیا وەک مەرزداری غیور قەبووڵە، واتە پارێزەری نیزامێک کە لە تاران حوکمی سەراسەری خەلکی نیشتەجێی ناو جوغرافیای ئێران دەکات و هیچی دیکە.

ئەگەر کەسانێک بەو باوەڕە گەیشتوون کە سەربەخۆیی خوازی تەنیا ڕێگایە و هەر ڕۆژێک زووتر ئەو داوایە ڕاگەینرێ هێشتا هەر درەنگە لەسەر ئەو ئەساس وبنەمای تێگەیشتنەی شوێنیسم ورەگەزپەرەستی ئێرانییە، سەربەخۆیی خوازی دروشمی بریقەدار نیە، سەربەخۆیی خوازی واقعگەراترین دروشمە بۆ ئێستا، سەربەخۆیی خوازی لە ولاتێکدا کە تۆی کورد تەنیا وەک بەردە وئەبزارێکی کار سەیردەکات ڕاستترین باوەڕ و واقعبینانە ترین دروشمە.

بەس بڵێین بە کام زەمینە سەربەخۆیی خوازی و بە پێی کام هەلوومەرج دەبێ کورد داوای ئەو مافە بکات؟ ئەدی بە کام زەمینە خودگەردانی و خودموختاری و فیدراڵیزم داوا دەکەی؟؟ لەوەتا هەی کێ لەوبارەوە گوێی بۆ گرتووی؟ دەکرێ زەمینە و بەستێنی لەباری فکری و هەلوومەرجی ناوخۆیی و دەرەکی ئەو خواستانەم پێنیشان بدەن؟

نیە هاورێم زەمینەی لەبار هەرگیز وجوودی نیە، مەگەر چاوەڕێی قەزا و قەدەر و جەنگێکی جیهانی یان ناوجەیی بی کە خۆت و سانسی خۆت بەڵکوو خێری بۆ تۆ تێدا بوو، خۆ ڕەنگە شەرێشی پێوە بێ، ڕەنگە لەحاڵەتێکی وادا جیات ٤پارچە ئەو جار ببێ بە ٦ پارچە؟ هەر بۆیە چاوەڕێی قەزاو قەدەر و هاتنە ئارای زەنمینەی لەبار مەبە.

زەمینەی لەبار بە خوێن و قوربانیدان دەستە بەر دەبێ. هیچ کەس بە زەمینەی لەبار و بێ قوربانیدان بە ئازادی و سەربەخۆیی نەگەیشتووە، خۆ کورد بۆ خودموختاری و فیدرالیسم و سۆسیالیسم کەمی خوێن و قوربانی نەداوە؟ ئەی کوا دەسکەوتی ئەو هەموو خوێن و قوربانیدانە؟ دەی کە زەمینەی لەبار نەبووە تۆ ئەو هەموو شیرِ وشووڕ و کاولکارییەت بۆ تووشی خۆت کرتدووە؟

هێز و لایەنە سیاسییەکوردستانیەکان، لە ئێستاوە شەهامەت بنوێنن و بێ سێ و دوو ئەو دروشمە واتە سەربەخۆیی خوازی بەرز کەنەوە و خەلکی بۆ خواست ومافێکی ئاوا مەزن ئامادە بکەن، زەمینە و بەستێن تەنیا خۆت دەبێ ئامادەی بکەی، کاری بۆ بکەی خائین و هەلپەرەست لە ناو خۆت لە قاو بدەی، یەکگرتوو ویەکدەنگ و یەکپارچە بانگی سەربەخۆیی کوردستان بدەی جا ئەو دەم کارتێکەری دروست بوونی دروشمەکەت دەبینییەوە. ئەوە تاکە ڕێگای واقعی کوردستانە بۆ ڕزگاری.

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## ڕۆژێک پڕ لەشانازی و شکۆ.

٩/٢٥ ئەوڕۆژەی کورد شکۆو کەرامەتی نەتەوەیی خۆی پاراست و بڕیاری لە چارەنووسی خۆی دا. ڕۆژێک کە من وەک سەربازێکی بە وەفای ئەو ڕێگایە لە ماوەی دوو هەفتەدا ئەوەی لەتوانام دابووم کردم بۆ سەرخستنی ئەو پرسە نەتەوەییە و ئەوڕۆژە یەکێک لە گەورەترین شانازیەکانی منە.

٢٥ - ٩ تەنیا ڕۆژێک کە کوردی هەرچوارپارچەی کوردستان بێ غەلوغەش و بێ ئەوەی ئینتیما و هۆگری هیچ حیزبێک لەبەرچاو بگرێ لەدەوری یەک کۆ بوونەوە تا بە ئازادی و بێ گوێدانە هەڕەشە و گوڕەشەی ئێران وتوورکیا و عێراق پشتتیوانی براکانیان بن لە باشووری نیشتنمان بۆ ئەوەی بە ئازادی بڕیارڕ لە چارەنووسی خۆیان بدەن، ڕۆژێک پڕ لەشانازی و شکۆ.

٢٥ - ٩ ڕۆژێک کە کورد بۆ یەکەم جار و لە دوای کوماری کوردستان و پێشەوا قازی بە ڕێبەری سەررکردەیەکی بوێر و نیشتمانپەروەر "مەسعوود بارزانی" لاپەڕەیەکی زێرینی دیکەی خستە سەر لاپەڕەی مێژووی خەباتی ئازدیخوازانەی خۆی.

٢٥ - ٩ لە هەموو خەباتکارانی سەربەخۆیی خواز ولە هەموو نیشتمانپەروەرێک و دڵسۆزێکی کورد و ڕێبازی کوردایەتی پیرۆز بێ.

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ ئەوانەی نایان هەوێ بزانن کە ڕیفراندۆم دەسکەوتی چی بوو

دەمهەوێ وڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئایا ڕێفراندۆم سەر کەوت یان نا؟ ئەگەرچی لەناخی پرسیارەکەدا ناڕاستیەک خۆی مەلاس داوە دەنا گەورەیی و شکۆی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان لای ئەو کەسانەش کە بە دانسقە ئەو پرسیارە دەکەن وباوەڕیان بە پرسیارەکەی خۆشیان نیە ڕوون و دیارە.

یەکەم ڕێفراندۆم پرسێکی نەتەوەیی بوو کە لەدوای کۆماری کوردستان جارێکی دیکە توانی کورد لە دەوری یەک کۆ کاتەوە، باشووریی وباکووریی وڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی ئەو کەسانەی نەتەوەیی و کوردانە بیریان دەکردەوە خۆیان لەو پرۆسەیەدا دەدیتەوە و بۆ سەرکەوتنی هەوڵیان دا بێ ئەوە هیچ حیزبێک لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی ڕوون و دیار دەگەڵ حیزبەکانی دیکە بەرەیەکی پێکهێنابێ ئەوا ئەوو خەڵکە خۆی تەنیا لەسەر بنەمای هەستی کوردبوون خۆی لەبەرەیەکی فراوانی نەتەوەیی دا دەدیتەوە.

ڕێفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان حەرەکەتێکی نەتەوەیی بوو، دەکرێ بڵێم لووتکەی ئەو بزاف و حەرەکەتە بوو کە لەو دا، کۆمەڵە و دیمۆکرات و خەبات وپاک و پارتی و بەشیک لەیەکێتی (خائیانی لێدەرچێ) بەشێک لە گۆڕان( سوێندخواردوانی مەکتەبی کینە و بوغزی لێدەرچێ) ، شیوعی و سۆسیالیست و ئیسلامیەکان( دژەکوردی وەک مەلاعەلی باپیری لێدەرچێ) کوردی باکوور و ڕۆژئاوا پ ک ک ییەکانی لێدەرچێ، بەشدار بوون و هەرکەس بە پێێ توانای خۆی هەوڵی سەرخستنی ئەو ڕێفراندۆمەی دا کە بە مافی ڕەوای گەلی کوردی دەزانی. ئەو خەڵکە بێ ئەوەی هیچ لایەنێک داویان لێبکا خۆیان بە باوەڕی خۆیانەوە ڕەگەڵ ئەو تەوژمە نەتەوەییە کەوتن و ڕیفراندۆمیان سەرەڕای پیلانگێڕی دوژمنان و هەوڵی خائینانی ناوخۆ و نەیاران وناحەزانی سەرلێشێواو بۆ دڵساردکردنەوەی خەڵکی بە سەرفرازییەوە سەرخست.

ڕێفراندۆم بوو بە دەنگی گەلێک و بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ کوردستانی بوونی ئەو ناوچانەی ئێستا حکوومەتی عێراق بە پێی یاسا و عورفی ڕێفراندۆم و دەنگی خەڵک داگیری کردوە. تا پێش ڕێفراندۆم کەرکووک وناوچەدابڕێنراوەکان کێشە لەسەر بوون بەڵام ئێستا کوردستانین و داگیرکراون.

خۆ ماندوو کردنی ناوێ، خۆگێلکردنیشی ناوێ، ڕێفراندۆم بوو بە مێژوو، ئیتر وەک ٢ ی ڕێبەندان هەموو ساڵێ ڕێبوارانی ڕێگەی کوردایەتی یادی دەکەنەوە و ساڵ دەگەڵ ساڵیش ئەو یادە مەزنتر دەبێ و زیاتر خەڵکی وێهەڵدەگەڕێ.

ئەگەر کۆماری کوردستان خەڵکی ئەرکدار کرد کە ئاڵایەک هەیە و سیمبولی کوردستانی بوونە و نەوەو بەرەی دوای سەردارانی کۆمار دەبێ پارێزەری ئەو سیمبۆلە بن. ئێستاش ڕێفراندۆم بەنەوەی دوای خۆی دەڵێ گێڕانەوەی ئەو شوێنانەی بە دەنگی خەڵک کوردستانی بوونیان سەلمێنراوە بۆ سەر خاکی کوردستان ئەرک و ئامانجی ئێوەیەو دەبێ ئەو مافە بۆ گەلی کوردستان بگەڕێتەوە.

ڕێفراندۆم بە هۆی بالادەستی هێزەسیاسییە کانی ڕۆژهەڵات لەو بەشەی کوردستان وبوونی هەستێکی نەتەوەیی لە ناو ئەندام ولایەنگرانی ئەو هێزانەدا و لە ناو خەڵکی ڕۆژهەڵات دا بە تایبەتی ئە دووبەشەی وەها لە یەک گرێداوە کەئەنئەما ڕێفراندۆم لە ڕۆژهەڵات کرابوو، خۆ ئەوەتا ئێستاش ڕۆژهەڵاتیەکان لە باشووریەکان ماندووترنەبن بۆ یادکردنەوەی ڕیفراندۆم کەمتر ماندوو نین. هەر بۆیە ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران پیلان لە دوای پیلان دەگێڕێ تا ئەو دوو بەشەی کوردستان لەیەک دابڕێ و لێکیان بکاتە دوژمن، هەوڵێک کە زۆر کەسی بەناو چالاکی سیاسیی لە ڕۆژهەلات بە ئاشکرا خەریکی پیادەکردنی ئەو سیاسەتەی ڕێژیمن لە ژێر دەمامکی سیاسیی بوون وخەباتکاربووندا خەریکی بەلاڕێدابردنی لاوانن و هەرچی دەینووسن لەدژی ڕیفراندۆمەو لە دژی تاکە حکوومەتی شەرعی ودانپیانراوی هەرێمی کوردستانە. ئەوان چالاکانی سیاسیین بەڵام لەوانەی پێشقەڕاوڵی داگیرکەرانن و جگە لە نابووتی حکوومەتی هەریم بیر لە هیچی دیکە ناکەنەوە و ئەویش ئەو ستراتیژییەی قاسم سولەیمانی و داگیرکەرانی کوردستانە کە دایان ڕشتووە، ئێستا بەداخەوە لە لایەن کوردەوە بەتەمای پیادەکردنیتی. بەڵام سێڵاوی بەتەوژمی کوردایەتی بە دڵنیاییەوە هەموویان ڕادەماڵێ و ئەو بیرە ئاوێتە بوو بە سللوولە سەرەتانیەکانی بزاڤی رزگاری خوازی کورد بۆ هەمیشە لە گۆڕ دەنێ.

بەڵێ ڕێفراندۆم بوو بە مێژوو و تازە بەکەس بچووک ناکرێتەوە و ساڵ دەگەڵ ساڵ بە بەرییەوە دەڕوات. ڕێفراندۆم ئەو ڕۆژە بوو کە کورد بە دەنگی ئازاد وبە بەشداری هەراوی گەل و بە دەنگی زیاتر لە ٩٠ لەسەدی بەشداربووانی و بە بەرچاوی دەیان نوێنەری ئورووپایی و ئەمریکایی و وڵاتانی دیکە کوتی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

بژی کورد، بژی کوردستان

٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## ئافەریم ئیلهام ئەحمەد

کە گوێم لە قسەکانی بوو ئاوا بە ئارامی و ئاوا بە دەقیقی و ئاوا دیپلۆماسیانە باسی لە ئازار و ڕەنجی خەڵکی ڕۆژئاوا دەکرد، بە دێکۆمێنت وبە ئاماری دەقیق بێ ئیغراق و بێ زیادەڕۆیی باسی لەو کارەساتە دەکرد کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەسەر ڕۆژئوای کوردستان هاتووە، کە گویم لێبوو زۆر شارەزایانە ڕەخنەی لە بڕیارەکەی ترامپ دەگرت و بە هەمان شارەزاییش داکۆکی لە هەڵوێستی سیاسەتی بەڕێوبەری ڕۆژئاوا دەکرد کە بچووکترین مەترسی نەبوون بۆسەر تورکیا و تورک بەهانەیان پێدەگرێ و خەریکە ڕۆژئاوا کۆمەڵ کوژ دەکرێ و... سەرباقی رەخنەکانم لە شێوەی بەڕیوەبەری و سیاستکردنیان لە ڕابردوودا لە ناخی دڵەوە ئافەریمم بەو خەباتکارە کوت.

ئیلهام ئەحمەد شارەزا و لێزان لە عورف و تەقالیدی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی، بە زمانێک دوا کە ئەگەر یەک زەڕرە وێژدان لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا و دنیا دا هەبێ دەبێ دەس بەجێ هەرچی پەیماننامەی زاڵمانەی دووقوڵی نێوان داگیرکەر و زلهێزەکان هەیە هەڵبوەشێرێتەوە و پەیماننامەیەکی نوێ بە بەشداری بەرێوبەرایەتی خۆسەری ڕۆژئاوا دوبارە و بە پەسەندی ئەوان بنووسرێتەوە.

لیرەوە من وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە دوای ماوەیەکی زۆر کە هیچ قسەیەکم لەسەر ئەو هەلوومەرجەی ڕۆژئاوا نەکردووە ڕای خۆم بە ڕوونی دەردەبڕم و دەڵێم:

یەکەم ئەمریکا وێڕای ئەو پەڕی بێئەخلاقی و خەیانەتی ئاشکرا بە نزیکترین هاوپەیمانی خۆی لەشەڕی داعشدا بەڵام بە گوشار هێنانە سەر تورکیا بۆ ئاگر بەستی ٥ ڕۆژە دەرفەتی ئەوەی دا بە خەلک و بەشەڕوانی کورد تا لە گەمارۆی چەتەکان و دەستوپێوەندیەکانی تورکیا و سپای دڕندەی تورکیا و بۆمباران و تۆپبارانی بێڕەحمەانەی ئەو ڕێژیمە لە سەرێکانی قوتاریان بێ و قەبووڵ کردنی ئەو ئاگربەستە ئەگەرچی شکستی سەربازی و سیاسییە بۆ ڕۆژئاوا بەلام پێشی بە کارەساتی گەورەی مرۆیی گرت و لەوبارەوە ە س د کاری زۆر بەجێی کرد کە ئەو شارەی بەجێ هێشت.

لێرەوە ڕووی قسەم دەکەمە دۆستان و ئەوانەی لایان وایە ڕەخنەگری ڕۆژئاوان لەو هەلوومەرجە دا داوایان لێدەکەم لێیان گەڕێن با بۆخۆیان لەمەودوا بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، جگە لە کوردستان و لە خاکی کوردستان ئەو ئینسانانەی لەسەر ئەو خاکە دەژین قسەی یەکەم دەکەن، ئەوان دەبێ گیانیان پارێزراوبێ، شەڕوانی کورد کورد پۆڵا نیە، لەبەرامبەر

پێشکەوتووترین تانک و زرێپۆشەکان بە ئارپیجی شەڕ ناکرێ! لەبەرامبەر فانتۆمی ف ١٦ و بالاتریش بە کەلاشینکۆف و بە تیربارێک شەڕ ناکرێ! لەبەرامبەر بۆمبی فوسفۆری نەک ئەوان کەس هیچی لەدەست نایە.

ڕۆژئاوا کوردستانە و خەڵکەکەی کوردن، سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا هەرگیز نەیان کوتووە ئێمە سەربەخۆیی کوردستانمان دەوێ و قەت باسی جودا بوونەوەیان نەکردووە. لێگەڕێن با بزانین ئاکام بە کوێ دەگات، لە لایەک تورکیا و سپای ئازاد و گرووپە جیهادیەکان ولە لایەک ڕێژیمی ئەسەد کە تازە خۆی گرتۆتەوە دەورەی ئەو کوردەیان داوە، ئەوەی تا ئێرە دیتوومانە لە کاولکاری و لەکوشتاری بێڕەحمانە دەکرێ زیاتری بە دوودابێ و دەکرێ ئەو شەڕە نگریسە وئەو پەلامارە دڕندانەیە کۆتایی پێ بێ، هەموو هەوڵی ئیلهام ئەحمەد بە دروستی جارێ برانەوە وڕاگرتنی ئەو شەڕ و پەلامارانەیە کە ئەوان لە ئێمە باشتر دەزانن چەندە زیانبارە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان. ئەوەش لە ڕوانگەی منەوە گەورەترین کاری ئینسانی و باشترین کارە بۆ پاراستنی کچان وکوڕانی شەروانی کورد لە چنگ دڕندە چنگ بە خوێنەکانی عوسمانی. بۆیە دووبارە دەڵێم ئافەریم هەزار جاری ئیلهام ئەحمەد.

٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## کورد شەڕکەری چاکە!

نازانم ئەوە چ ملۆزمێکە و چ بێ بەختێکە بەرۆکی کوردی گرتووە کە تەنانەت ترامپیش هەر وەک داگیرکەرانی کوردستان دەڕوانێتە کورد و هەر بەشەڕکەری چاکی دەزانێ، بۆیە تا ئێستا چەندجاری کوتووە کوردەکان شەڕکەری چاکن! هەڵبەتە مرۆڤ لە ئینساف نەگوزەرێ لە نێو ئەو هەمووە قسە هاتەران پاتەرانانەی ترامپ لە بارەی رۆژئاوادا کردوویە ناوبراو یەک قسەی کردووە کە تەنانەت خۆدی بەرپرسانی باڵای خۆسەری دێمۆکراتیک ئەو قسەیان تا ئێستا بە زاری دا نەهاتووە.

ترامپ کوتی "ئەوان بۆ خاکی خۆیان شەڕ دەکەن". ئەوە پەیامێکی زۆر گرینگ بوو ئەگەر قواسترابایەوە و ئەگەر رێچکەی ئەو پەیامە لە باری سیاسیەوە گیرابا. ئێستا چۆناوچۆن ئەمەیان دەبێ ئەو سیاسەتمەدارانە وڵامی بدەنەوە کە لەمەیدانی کردەوەدان. بەڵام قسەی ترامپ قسەیەکی گەورەو قسیەکی مانادار بوو کە بەداخەوە کەس بەهێندی نەگرت.

لەو باسە بگوزەرێین لە سەر دیواری دۆستێک لەگەڵ پۆلێ لە دۆستانی پ ک ک یی (باشووری ورۆژهەلاتی) کەوتینە مناقشە و باسێکی گەرم وگوڕ و چەندین بۆچوونی لێساز بوو، ڕاست کاتێکیش باسەکە گەرم داهات کە من لە وڵامی ئەو دۆستەی پۆستەکەی دانابوو نووسیم کورد هەر شەڕکەری چاکی ناوی سیاسەتمەداری چاکیشی دەوێ! زۆریان تانەو تەشەر هاویشت کە دیارە تۆ سیاسەتمەداری چاکی و یان فلانە سیاسەتمەداری چاکە کە چی کردووە چی نەکردووە .

ئەوەندەی من بیستبێتم سیاسەتیش وەک زۆر بوار و بابەتی دیکە زانستێکە کە لەو دا دەبێ هەموو پلان و بەرنامەیەک بە لەبەرچاوگرتن وهەڵسەنگاندنی ورد لێک بدرێتەوە ستراتیژی بە پێی دووربینی و وردبینی هەمە لایەنە هەڵبژێردرێ.

کوردی رۆژئاوا هەر لەشەڕی کۆبانێ ڕا تا بە ئەمرۆ سەلماندوویانە کە ئازا وبەجەرگن و بە چۆکداهاتنیان بەرامبەر بە داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان ئەستەمە. کوردی رۆژهەلات لە ساڵانی ٦٠ و ٧٠ دا ئازایەتی وقارەمانەتی وایان نواندووە کە ئەگەر ئەو کات بە ویدۆ هەر یەک لەسەدی ئەو قارەمانیتیە تۆمار کرابان ئیستا مرۆڤ سەری لەو هەمووە ئازایەتیە و ئەو هەمووە بوێرییە سووڕ دەما، باشوور و باکووریش هەر وەتر. بەڵام ئایا کورد لە دوای ئەو هەمووە شەڕە قارەمانانەیە هیچ دەسکەوتێکی هەبووە؟

کارم بە سوێندخواردووانی چاو وگوێبەستراو نیە کە هەرچی باشوور کردی ئەوان هەر نکۆڵی لێدەکەن، کارم بەو بەمۆد

سیاسەتکردنەش نیە کە هەرچی باسی هەر سووچ و قوژبنێکی ئەو جیهانە بکات بۆ ئەوەی عەیاری ڕۆشنبیرییەکەی بڕێک بچێتە سەر نقورچێک لەباشوور دەگرێ و بە دەسەڵاتی دوو بنەماڵە و دەسەڵاتی دز و چەتەی لە قەڵەم دەدا بەڵام باشوور تاکە دەسکەوتی سیاسیی کوردە لە هەموو مێژووی کوردستاندا.

باشوور لە سیستەمێک و داڕشتێکی دێمۆکراتیک پەیرەوەی دەکات کە لەوێ دا بەداخەوە زۆرجاران سنووری دێمۆکراسی وبەرەڵایی تێکەڵ دەبن و باشت بۆ لێک جیا نابنەوە لەکوێدا دێمۆکڕاسی پەیرەو دەکرێ کامەیان بەرەڵلاییە، لەوێ بەڵێ دێمۆکڕاسییەک هەیە کە لەهیچ یەک لەو دەوڵاتەنەی دەوروبەر کە سەتان ساڵە وڵاتن و دەوڵەتن وجوودی نیە، باشوور خاوەن حیزب و دەستەو گرووپی جودا جودا و ئازادە، ڕاگەیاندن تا سنووری بەرەڵایی ئازادە، ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەویزیۆن لەچاو دەوڵەتانی داگیرکەرو دەوروبەر لەزۆریان لەسەرترە، هەڵبژاردنی ئازاد و دێمۆکراتیک( بە پێوەری کوردستان نەک سوێد و ئاڵمان و ئەمریکا) لە کوردستان هەیە، لەهەمووی گرینگتر لە کوردستان پارلەمان هەیە. لەهەموو ئەوەانە گرینگتر ئیعترافێکی نێودەولەتی بەو تەشکیلات و سیستەم و دەسەڵاتی باشوورە وەک حکوومەتی هەرێم کوردستان هەیە و لە لایەن دەوڵەتی ناوەندیش دانی پێدا نراوە. لە یاسای بنەڕەتی ئەو ولاتە سەلمێنراوە. کوردستان حکوومەت و سەرۆکی حکوومەت و وەزیر وکابینەو دەوڵەتی هەیەو هەڵسووکەوتێک کە دەگەڵ ئەو دەولەتە کوردیەدەکرێ هەمان هەڵسووکەوتە کە بە شێوەی فەرمی و وەک دەوڵەتی ناوەندی لە لایەن دەوڵەتان و ولاتانی دیکەی دنیایەوە دەگەڵی دەکرێ. ئەوجار کوردستان ئالای نەتەوەیی هەریە ئەو ئالایەی داگیرکەران لە داخانی خەو خۆراکیان لێهەڵگیراوە. جا ئەوجار ڕێفراندۆمی پڕ لە شانازی و سەروەریش بکە بە تاجی سەرکەوتنەکانی باشوور سەرەڕای هەموو کەموکووڕییەک..

ئەگەر ئەو بەراوردە و ئەو لێکدانەوەی سەرەوە هیچ بڕلە ڕاستی تێدابێ کەوایە کورد لە هەرچوار بەشی کوردستان ئیدی دەبێ چیدیکە کلاوی ئەم و ئەوی نەچێتە سەر و هەوڵی سازکردنی هەیکەلێکی سیاسیی هاوشێوە ی باشوور بدات، جا ئەو گەندەڵە تۆ مەبەم، ئەو بنەماڵە بەڕیوەی دەبا تۆ مەبە، ئەو حیزب دەسەڵاتی هەیە تۆ وامەبە. ئەگەرچی لە هەموو دنیادا کە هەڵبژاردنی ئازاد هەبوو هەر حیزبێک تێیدا سەرکەوت ئەو حیزبە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ نەک کەسی دیکە.

کەوایە کورد پێوستی بەوە هەیە کە واقعی کێشەکەی خۆی بناسێ و بزانێ کە کێشەی ئەو بەر لەهەموو شتێک کێشەی سیاسییە و ئەو کێشەیەش تەنیا بە دەسکەوتی سیاسیی و لە ئاکام دا بە بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی چارەسەر دەکرێ دەنا هەتا هەین هەر دەبێ شەرکەری چاک بین، بۆ ئەم و ئەو نەک بۆخۆمان.

٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# تەواری ئازادی

### تەواری کورد لە نێو گەمارۆی چەقەڵ و کەمتیارەکانی فاشیزمی تورکیادا

شەڕە و داگیرکاریەو دوژمنێکی دڕندەی بێڕەحم و بێبەزەیی بە هەموو چەکێکی پێشکەوتووە و بە پێشقەراوڵی چەتەو دڵرەشە ئیسلامیەکانی عەڕەب، پەلاماری خاکی ڕۆژئاوای کوردستانی داوە، گەلە کۆمەکی لە هەموو لاوە لەسەر گەلێکی بندەستی ستەملێکراو دەبینرێ، پەیماننامەکان بە پەسندی ئەمریکا و ڕووسیا و بۆ بەرژەوەندی تورکیا یەک لەدوای یەک دەنووسرێنەوە.

دوژمنی داخ لە دڵی فاشیزمی مەسەبی هەرچی ڕق و قینی هەیەتی بەسەر کوردی بێ ئەنوای هەژاری ڕۆژئاوادا هەڵێ دەڕێژێ، بێڕەحمانە ومەغولئاسا وێران دەکا وئاگر لە داروبەرد بەردەدا، چەکی کۆمەڵکوژی قەدەغەکراو بەکار دێنێ کەچی ئەو کوردە هەر لەبن نایە... یاساوڵەکان، پێشقەڕاوڵانی فاشیزمی تورک هێندە زەندەقیان لەو کوردە چووە کە بە دیل گرتنی تاقە یەک تەواری ئازادی وەک ئەوە وایە یەک شاریان گرتبێ، وەک ئەوەی پادگانێکیان گرتبێ، وەک ئەوە بە کیلۆمیتر سەنگەری بەرامبەریان داگیرکردبێ، بۆیە بە کۆمەڵ لەدەوری تەواری دیلی دەستی ستەم کۆبوونەوە خەریکن سیلفی دەگرن کە ها ئەوە ئێمەیەن یاساوڵەکانی سوڵتان ئەردووغان و ئەوە ئێمەین کە ئەو تەوارەمان ڕاوکردووە.

تەواری من، کچی من، هۆ هەناسەی ئازادی، بێخەم بە و دڵنیا بە هەموو شتێک لە باریکی دا دەپسێ بەلام زوڵم لە ئەستووریدا، دوور نیە گوڵم ڕۆژی ئازادیت، دوور نیە تەواری کورد نا نا دوور نیە ڕۆژی دووبارە فڕینت بە ئاسمانی ڕۆژئاوادا بە ئازای.

٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## پەشێویش ئیتر مەزن نەما

مامۆستا عەبدوڵا پەشێو لەو ساڵانەی دوایی دا وەها دەداوی ئەو کەف وکوڵەی سەر شەقام و ئەو خوو و خدەی گۆڕان و یەکێتی کەوت کە بۆڕووخانی حکوومەتی هەرێم هەرچی بەزاریان دا هاتبا دەیان کوت و ئەوەی لەدەستیان هاتبا دەیانکرد، پەشێو ئیتر وردە وردە مەزنایەتی خۆی وەک شاعێرێکی بەهەڵوێستی کورد و عەداڵەتخواز لای زۆران لەدەست دا.

گومان نیە پەشێو ئێستاش لای زۆر کەس خۆشەویستە و ڕێزی لێدەگیرێ وخۆشم یەکێک لەو کەسانەم کە بە چاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە لێی دەروانم بەڵام نایشارمەوە لە مێژە پەشێو لای من ئیتر پەشێوی جاران نیە. دیارە بە دڵنیاییشەوە لای گۆڕان و بەشێک لە یەکێتی و پ ک ک هەمان ڕێزی ڕابردووی هەیە بگرە بڕێک زیاتریش لەهەمانکاتدا لەوەش دڵنیام بەشی زۆری ڕووناکبیر و چالاکی سیاسیی کورد و خەڵکی کوردستان ئیتر ئەو پەشێوەی خەمخۆری کوردیان وەک جاران نایەتە بەرچاو وپێشیان حەیف و جێگای داخە کە مامۆستای شێعری بەرگری ئێستا دەداوی ئەو پۆپۆلیسمە کەوتووە کە ئەوی عەقڵانیەت بێ نایناسێ.

پەشێو لە ئاستەمترین کاتەکاندا هەرگیز ئەو حکوومەتەی هەرتێمی وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی سەیر نەکرد، ئەو وێڕای بزووتنەوەی گۆڕان و گرووپی ١٦ ئوکتوبر هەڵوێستەکانی بۆڕوخان و ناوزراندنی حکوومەتی هەرێم بوو. تەنانەت لە ڕۆژی ڕێفراندۆم بۆسەربەخۆییش ڕاست وێنەی سەرکردەکانی گۆڕان و گرووپی خوڵقێنەری ١٦ی ئوکتۆبر هەر لە ڕووی ناچاری و کاتێ شەپۆلی هەراوی خەڵکی کوردستانیان دیت کە پشتیوانی سەربەخۆیی و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمن قامکی شین ومۆر کراوی نیشانی خەڵک دا!

پەشێو لەو کاتانەدا کە داعش دڕندەترین گرووپی ترۆریستی لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا هێرشی سەرکوردستانی دەکرد و پێشمەرگە و خەلکی بیدیفاع خەڵتانی خوێن دەکرا بە هێرشکردنە سەر پێشمەرگە لەڕاستیدا لای لە داعش دەکردەوە نەک پێشمەرگە! ئەو لەو کاتانەدا دەبوو دوو شێعری بۆ کورە زەحمەتکێش و هەژارانە نووسیبا کە لەسەفی پێشەوەی بەرگریدا و لە جلی پیرۆزی پێشمەرگەدا بەرگریان لە خاک لە نیشتمانی ئەو دەکرد! دەبوو دوو هەڵوێستی کوردانەی لە دژی داعش گرتبا و بە نووووسین و لێدوانەکانی گوڕو تینێکی وەبەر هێزی پێشمەرگەو بەرەنگاری قارەمانانەی ئەو هێزە لە دژی داعش نابا و ئەرکی خۆی وەک شاعیرێکی نیشتمان و نەتەوەی کورد بەجێ گەیاندبا بەڵام مخابن من لێم نەدیت. خۆ ئەگەر شتێکیشی کوتبێ وێڕای داعش حکوومەتیی هەرێمیشی کوتاوە. بەداخەوە ئەویش وێنەی بەختیار عەلی وئەو دارودەستەیە

کوردستانیان تەنیا وەک جادەیەکی بە قەولی خۆیان یەکساید دەدیت و هەرچی لە چوارچێوەی فکری ئەواندا جێی نەگرتبا بۆ وێران ونابووت کردن دەبوو. بۆیە ئەویش و بەختیاری فەیلەسووفی کوردانیش لە کاتی داگیرکردنەوەی کەرکووک و خەیانەتی گرووپی ١٦ی ئۆکتۆبر متەقیان لێوە نەهات!

ئەوڕۆژانە لایڤێکی بەختیار عەلی م دیت بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاوا و دەستی خۆش بێ، بەلام ڕاست لەوکاتەدا هەم پرسیام لە مێشکدا بۆ دروست بوو و هەم لەدڵدا خەمێکی گرانم لەو گەلە چەواشەکراوەی کورد خوارد کە چما کەس لە کاک بەختیاری نەپرسی ئەی بیرمەند و فەیلەسووفی مەزنی کوردان! ئەی کاتی داگیرکاری کەرکووکی دڵی کوردستان و خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبر لە کام هوتێلی کوێستانە زەمەندەکانی ئورووپا داو لە ناو نوێنی پەڕی قوودا خەوت لێکەوتبوو کە خەوت هێندە گران بێ تازە وەخەبەر هاتووی!؟ ئەی بۆ ئەوکاتی کە حەشدی وەحشی هێرشی سەرکوردستانی کرد و بەشێک لە کورد دەستی خەیانتیان دەگەڵ تێکەڵ کردن متەقت لێوە نەهات! خۆ لەوە دڵنیا بە من و بە میلۆنان کورد سوور دەزانین ئەو کات لە دڵەوە ئاخێکی خۆشت هەڵکێشاوە کە ئۆخەی دەسەلاتی هەرێم بەرتەسک بوویەوە و ئیمکانی مادی و سەرچاوە سرووشتیەکانی (خۆی کە ملکی کوردبوون) لەدەست داوە! تۆ تەنیا بەوە نیگەران بووی کە ئەو پێشمەرگانە بۆ ئەو بەرگرییە قارەمانانەیان کرد و نەیان هێشت هەولێریش داگیر بکرێت و کۆتایی بە حکوومەتی هەرێم بهێنرێ؟

هەر لەو بارەوە ئەوڕۆ وێدۆیەکی مامۆستا عەبدولا پەشێوم دیت کە لە پشتیوانی لە ڕۆژئاوادا دووبارە هەڵی کوتاوەتە سەر حکوومەتی هەرێم و وێڕای داوای لێبوردن لەبەرێزیان ڕاست وەک ئەو منداڵ وتوالانەی سەرفەیس بووک دەڵێ حکوومەتە دز و گەندەڵەکەی هەرێم باسی دانووستاندن دەکات؟ کام دانووستاندن؟ دانووستاندن دەگەڵ کێ؟ دەگەڵ ئەردووغان وحکوومەتی ... کە هاتووە ماڵ و حاڵت داگیردەکا و...

سەیرە مرۆڤ لە هەڵویستی کەسانی بەئەزموونی وەک مامۆستا عەبدولا پەشێو بەراستی سەری سووڕ دەمێنێ؟ نازانم لای مامۆستا دەبوو حکوومەتی هەرێم چی کوتبا؟ بڵێ نا دانووستاندن مەکەن دەی بەرخۆدان ژیانەو ڕاویان بنێن و دەریان پەڕێنن؟ ئاخر خۆ هەموو کەس دەزانێ ئەوە لە توانای هێزەکانی کوردی سووریا دا نیە، دووهەم ئەوە کاری حکوومەتی هەرێم نیەو ئەو حکوومەتە بە پێی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکان دەبێ دەگەڵ ڕووداو پێشهاتەکان هەڵسووکەت بکات و هەموو تکنیک و تاکتیکە دیپلۆماسیەکان لە پێوەندی دەگەڵ دەوڵەتان وبەتایبەتی وڵاتانی دراوسێدا لەبەرچاو بگرێ ئەویش لەو هەلوومەرجە ئاستەمەی ئێستا دا کە هەموومان دەیبینین. لەوەش سەیرتر لەو کاتەیدا کە تورک هێرشی سەر ڕۆژئاوای کوردستانی کردووە لە جیاتی هەموو شتێکی بۆ هانای ڕۆژئاوا بێ لە پەنا بە ناو بایکوتی شت و مەکی تورکی هەموو هێرشەکەی هەر بۆ سەر حکوومەتی هەرێمە، بۆ سەر ئەو ڕاگەیاندنانەیە کە زیاتر لە هەموو ڕاگیاندنێک هاواری خەڵکی ڕۆژئاوایان بە جیهان گەیاند، ئەوجا لێرە دووبارە هەمان پرسیار دێتە ئاراوە ئەی مامۆستای ئازیز بۆ کاتی



سەرچاوە
Serchawe

داگیرکاری کەرکووک هەمان داوات بۆ بایکۆت کردنی کاڵای ئێرانی نەکرد؟ بۆ مەگەر قاسم سولەیمانی لە ئەردووگان شەریفترە؟

بۆ مێژوو ماموستا پەشێو دەبێ بزانێ ئەگەر ئەو حکوومەتە هەرێم بە هەر هۆکارێک نەمێنێ کە من وەک خۆم بە زەحمەتی دەبینم ئەو خەونەی داگیرکەران بێتە دی ئێوە ئەو کۆمەڵە نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرە لە ئاست مێژوو گوناهبار دەبن چون نەتانهێشت حکوومەتێک کە هی خۆتانە ، کوردی وخاکی کوردستانی لەبەر دەست دایە ، ئاخێکی خۆش هەڵکێشێ و بۆ یەکجاریش هەوڵی چاکسازی و ئیسلاحی مەنتیقی ئەو حکوومەتەتان نەدا و هەر بە دروشم و قسەی پڕ زەرق و بەرق و بۆ چەپڵەی گەنج و لاوی سەرشەقام و بۆ دڵخۆشی گۆڕان وپ ک ک و گرووپی ١٦ی ئوکتۆبر ئەوەی لەدەستتان هات دژ بەو حکوومەتە کردتان. لە حاڵێکدا:

خەراپترین حکوومەتی کوردی لە باشترین حکوومەتی داگیرکەران باشترە.

ئەوەیە تێز و هزری ئینسانی نیشتمانپەروەر کە دەبوو ئێوە پەرەی پێبدەن. ئەوەی من دەناسێ دەزانێ من چەندە موخالیفی سیاسەتەکانی پ ک ک م و بە تایبەتی ئەو دەستتێوەردانەی لێرەوە لەوێ دەیکا و ئاکامەکەشمان لە ڕۆژئاوا دیت، بەڵام هەر کوردێک بە تێکچوونی ئەو خۆبەڕیوەبەرییەی ڕۆژئاوا دڵخۆش بێ یان گێل وگەمژەیە یان خائینە، چون ئەو حکوومەتە ئەگەر بپارێزرێ ڕۆژێک هەر دادێ کە ئیسلاح بکرێ و ببێتە حکوومەتی هەموان بەڵام کە لەدەست چوو ئیتر تۆ دەبێ جارێکی دیکە ئەگەر هەل و دەرفەت هەڵکەوت ئەوجا لە سفرەوە دەست پێبکەی لە حاڵێکدا تۆ لانی کەم تا دۆینێ ٧٥ لەسەدی دەسەڵاتێکی کوردیت لەو ناوجەیە هەبووە با خۆشیان وایان نەکوتبێ.

لە کۆتایی دا هیوادارم هەموو لایەک کینەو نەفرەت و بیری تۆڵەکردنەوە فڕێ بدن و کوردستان وخاک ونشتمان و دەسەڵاتی خۆجێیی کوردیان پێ لە هەموو خێربەرەکەتێکی داگیرکەران باشتر بێ و هەوڵێ بەهێز کردن و چاککردنی دەسەڵاتە کوردیەکە بدەن نەک ڕووخاندنی.

٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

## ئارامییەک پێش تۆفان

کەس فکری بەلای ئێراندا ناڕوات و هەموو لایان وایە کە ئێران ئێتر وڵاتە ئەمن ئەمانەکەیە. ئەو دنیای پێکوەرکردووە و خۆی ئارام پاڵی لێداوەتەوە.

گەر بە چاوێکی ورد بینانەوە بڕوانینە کێشەو گرفتکانی خەڵکی ئێران بە تایبەتی دوای گەمارووە ئابووریەکان ڕۆژئاوا و لەسەرووشیانەوە ئەمریکا بەو ئاکامە دەگەین کە ئێتر خەڵکی برسی و وەزڵەهاتووی ئێران گەیشتۆتە سەر ئێسکانی هەژاری و نەداری و گرانی برسێتی ژیانی لێبڕیوە و ئەمەش ئەو ئەگەرە زیاد دەکا کە ئێران لە نزیکترین ماوەدا بەرەوڕووی تەقینەوەیەکی جەماوەری دەبێتەوە.

ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاریەوە توێژی ژنان و لاوانی لە خۆی دوور خستەوە، ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرەستە لە هیچ بەرنامەیەکی دا بچووکترین ئیمکانی ژیانی بۆ ئەو ٢ توێژە کاریگەر و چالاکەی ناو کۆمەڵی ئێرانی نەهیشتەوە ، کەواتە ئەوان هەر لەسەرەتاوە دەگەڵی نەبوون، ڕێژیم بۆ ئەوەی بەگژ یەکەم تەوژمەکانی نارەزایەتی ئەو دوو توێژەدا بچێتەوە زۆر بەرنامە و سناریۆی زۆرە ملی ساز کرد و خەراپترینیان هەڵاییسانسدنی ئاگری شەڕی ئێران و عێراق بوو کە لەودا بە میلۆن ئینسانی بێتاوان لە هەردووک لای شەڕەکە بوونە قوربانی، ئەو شەڕە ٨ ساڵی درێژە کێشا بەڵام کە شەر کۆتایی هات ئێتر نە لاو هێزی دەبەردا مابوو و نە ژن بیری لەو کارەساتە دەکردەوە کە دەتوانێ بۆ درێژ ماوە بەسەری بێ.

ئێتر ئەوجار ڕێژیم خۆی ڕێکخستەوە و زەبرو زەنگی کەموێنەی دژی هەرجۆرە موخالیفەتێک کردە هەوێنی هەڵسووکەتی هەموو ڕۆژەو وای لێهات ئێتر کەس نەبوو لە ئێران سەری دڵی هەڵاوێ. بەو حاڵەش هەر دەهات وگوشارەکان لە ناو خەلک دا کەڵەکە دەبوون و دووبارە ڕۆژێک ئیمکانی سەرهەڵدانەویان هەبوو، ساڵهای بەسەر داهات تا ئەوجار تەوژمێکی ئازادیخوازانە لە لایەن نوخبەی فارسەکان و کەسایەتیە دیارەکانی ناو گۆرەپانی سیاسەتی ئێران سەریان هەڵدا لە ئاکام دا بزووتنەوەیەکی ئیسلاح خوازنە سەری هەڵدا و خەلک بە لێشاو و بۆرزگار بوون لە فاشیزمی مەسەبی و بە هومێدی ئەوەی ئاهێکیان بێتەوە بەر روویان تێکرد و بۆ زیاتر لە دەساڵ ئەو ڕەوتە ئیسلاح خوازە کە سەرەتا محەممەدی خاتەمی نوێنەرایەتی دەکرد خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد بێ ئەوەی بتوانێ بچوکترین درز بخاتە دیواری ستەم و بێدادی ڕێژیم، لەو پێوەندیە دا دەیان کەس لە چالاکانی ناوخۆ لە سناریۆیەکی وەزارەتی ئیتلاعات دا بە ناوی قەتڵە زنجیرەییەکان

بوونە قوربانی و ئیتر بە دوای ئەویش دا بزووتنەوی ریفۆرمخوازانە بۆ هەمیشە لە مێشکی خەلکی ئێراندا گوڕ کرا و هیچ پێگەو ئیعتیبارێکی خەڵکی نەما.

ڕێژیم دوای ئەو بەزمە ئەوجار پیتاندنی ئورانیۆم و سازکردنی چەکی ناووکی هێنایە ناو بەرنامەی خۆیەوە و بە ڕواڵەت ئێرانی دەگەڵ دنیای دەرەوە کردە دوژمنێکی دیار و ئاشکرا و ئیتر هەر کەس زمانی گەرابا بە نێوی پیاوی بێگانە و جاسووس و تۆمەتگەلی لەو جۆرە لە هەلوومەرجی ئاستەمی و هەستیار وڵات دا تۆمەتباردەکرا و چەندین گرووپی بە ناوی جاسووسی ئیسرائیل و ئەمریکا گرت و چەندین کەس بوونە قوربانی و ئیعدام کران کە چی ئێستا ڕوون بۆتەوە هیچ یەک لەو کەسانە جاسووس نەبوون و ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ڕێژیم بە زۆر واداری کردوون کە دان بە تاوانێک بنێین کە هەرگیز ئەنجامیان نەداوە.

ئەوە دوایین سناریۆی ڕێژیم بووە تا ئێرە بۆ ئەوەی بتوانێ هەر وەک رابردوو کورسی دەسەلاتی فاشیستی خۆی بپارێزێ بەڵام ئیدی هەموو ئاماژەکان باس لەوە دەکەن کە ئێران ئێستاس بە دوای گەمارووە ئابووریەکان لەسەر لێواری دارمان و هەرەس هێنان دایەو دوور نیە لە نەکاوێک و بەهەر بەهانەیەک خەڵکی وەزاڵە هاتوو لە بچووکترین دەرفەت دا بڕژێنە سەرشەقام و ئیتر ئەوجار کەس لە توانای دا نیە پێش بە سێلاوی ڕق و تووڕەووی خەڵک بگرێ و هیچ بەهانەیەک و هیچ سناریۆ سازییەکیش دادی ڕێژیم نادات.

ئەوەی وەک نارەزایەتی و خۆ پێشاندانی جەماوەری ئێستا لە عێراق دەیبینن بە شێکە لەو شکست و دارمانە ستراتیژیکییەی ئێران، ئەو خۆپێشاندانانە ئەگەرچی سەرەتا بە پیلانی ئێران ساز بوو بەڵام زۆر زوو ڕێکخراوە سیاسیە سەربەخۆکان و کۆمەڵگای مەدەنی و وشیاری ژنان و لاوانی ئەو وڵاتە توانیان ئاراستەی خۆپێشاندانەکان بگۆڕن و ڕاست نووکی هێرشی سەرەکی خۆپێشاندەران لە پێش عێراق دا ڕوو بە کاربەدەستانی ئێران و لە سەروو هەموویانەوە خامنەیی و قاسم سولەیمانی گەورە تروۆریست و فەرماندەی سوپای قودسی ڕێژیم بێ.

ئەوی سەرەوە لێکدانەوەیەکی خیرا و بە پەلەی ڕووداو و پێشهاتەکانی ڕابردوو و بۆچوون و ڕوانینێکە بەرەو داهاتوو، ئێستا وەزعی ڕێژیم لەوپەڕی داماویدایە و خەڵک لە لووتکەی وره بەرزی ونەترسین دان، بە دووری مەزانن لە پڕێکەوە گەردەلوولی ئازادی هەڵبکات و تۆماری ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران بۆ هەمیشە وەپێچرێ، لە خۆرا نیە تەنانەت ئەردووغانی فاشیست نیگەرانی وەرسوورانی شێوەی خۆپێشاندانەکانە لە عێراقەوە بەرەو ئێران.

٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

## چەند سەرنجێک لەسەر هەڵبەز دابەزی فەیس بووک خۆپێشاندانەکان و ئەرک وبەرپرسایەتیەکان

١- لە کۆڵ پارچەکانی دیکە بنەوە بە دەنگمانەوە هاتوون یانەهاتوون هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێ، هەر کەسەو هەرپارچەیەو بە دەردێکەوە گرفتارە، منەتیش بەسەر کەسەوە مەکەن هەرچی کردووتە بۆ خۆت و بە هەستی خۆت بۆپارچەکانی دیکەت کردووە.

٢- هەندێ شار لە خۆپێشاندانانە نەیانتوانیوە بەشدار بن بەهەر دەلیلێک کە هەیە، شەڕی شارەو شارمان بۆساز مەکەن ئەوە ویستی ڕێژیمە و دەسگا ئیتلاعاتیەکانە بێ هیچ گومانێک.

٣- ئەو ڕاپەڕینە خۆڕسک و لەنەکاوە هەموانی شۆک کرد، کەس ئامادەکاری بۆی نەبوو، بەلام بێ گومان لەو نێوەدا حیزبەکان کەمترخەم بوون ودڵنیام زۆر بە گران لە سەریان دەکەوێ، ئەوان دەبوو دەس بەجێ لە ناوەندی هاوکاری کومیتەیەک پێک بێنن بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی دەگەڵ خۆپێشاندەران و ڕێنوێنی پێویستیان بدەنێ بە پێێ ئەو زانست وتەجرەبەی زۆربەی ئەندام و کادرەکۆنەکانی ئەو حیزبانە هەیانە.

٤- جارێ هێشتا هیچ شتێک ڕوون نیە ئەوە نەبێ کە ڕێژیم بەو پەڕێ وەحشیگەری و درندەییەوە خەڵکی داوەتە بەر گولـلەو سلێ نەکردۆتەوە، ئەو ئامارەی جارێ لەبەر دەست دایە باس لە کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ خۆپێشاندەر لە سەرتاسەری ئێران دەکات کە بە دڵنیاییەوە ئامارەکان زۆر لەوە زیاترن.

٥- لە نەبوونی ڕێبەر و ڕێنیشاندەر بەداخەوە وادیارە جارێ ئەو خۆپێشاندانانە سەرکوت کراون و ڕێژیم لە حاڵی حازردا خەریکی گرتن و ڕاوەدوونانی خەڵکی ئازادیخواز و چالاکانی سیاسیی وکۆمەڵایەتیە. ئەگەرچی دووریش نیە دوبارە دەست پێبکاتەوە چۆن خەڵک نیشانیان دا کە نە ترسیان هەیە ونە ئامادەشن چی دیکە ئەو وەزعیەتە قەبووڵ بکەن.

ئەو خۆپێشانانانە هەتا ئێرەش دەرسێکی گەورە بوو بۆ گشت ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی و لە هەمان کاتدا تا ئێرە شکستێکی گەورەش بووە بۆ ئەوان.

ئەو وەزعیەتە ئەوەی سەلماند کە حیزبە کوردستانیەکان ئیتر ئەگەر بێت و یەک ڕۆژیش لە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی درەنگ بکەن ئەوا لە دوارۆژدا کوردستان لە دەست دەدەن و نابێ دڵیان بەو ڕادیۆ و تەلەویزیۆنانە خۆش بێ کە لەو خۆپێشاندانانە دا مەگەر لە دوا کاتەکاندا دەنا ئەوەی دەبوو بیکەن نەیانکرد.

١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## سمایل بازیار و سەرکەوتنێکی دیکە

کاک سمایل بازیار پێشمەرگەو فەرماندە و کادر و ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزبی دێمۆکرات لە تازەترین سەرکەوتنی دا بە دانی تێزی دوکتورا لەسەر" کاریگەریی ئەندێشەی چەپ لە سەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" پلەی دۆکتۆرای لە بواری مێژوودا بەسەرکەوتوویی تێپەڕاند.

کاک سمایل لە پێشمەرگایەتییەوە دەستی پێکرد، چەند جار برینداربوو، پلەکانی سەرکەوتنی لە حیزب دا یەک بەیەک بە شایستەییەوە بڕی تا گەیشتە ڕێبەری. ئینجا وازی لە ڕێبەری حیزب هێنا و خۆی کاندید نەکردەوە و وەک پێشمەرگەیەک زیاتر خۆی سەرقاڵی خوێندن و لە هەمانکاتدا ڕاپەراندنی ئەرکی حیزبی کرد وەک ئەندامێکی حیزب.
لەبیرمە کاتێ تازە لە ڕێبەریێ حیزبدا ئەرکی وەئەستۆ نەگرتبوو زۆر جاران کە قسەمان دەکرد ئەوەم وەبیر دێنایەوە کە ئەوڕۆ کەسانی وەک جەنابت نەدەبوو بکشێنەوە و حیزب وسەرکردایەتی پێویستی بە کەسانی وەک ئێوەیە دەیگوت ، حیزب شوکور خەڵکی باشی هەیە کە بتوانێ ئەرکی ڕێبەرێ ڕابپەڕێنێ و ئەوجار با پێشمان وانەبێ هەرچی لە ڕێبەری نەبێ ناتوانێ لە حیزبدا خزمەت بکا و شوێندانەر بێ، با ئەو نەریتە ببڕێتەوە.

ئەوڕۆ بە خۆشحاڵییەوە هەواڵی کۆتایی هاتنی دەورەی دۆکتوراکەی کاک سمایلی بازیار و پێش کەش کردنی تێزی دوکتوراکەیم بیست و جارێکی دیکەش بۆم دەرکەوت کە مرۆڤە بەئیرادەکان هەرچی بێان هەوێ پێی دەگەن.

کاک سمایلی ئازیز، بەو بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی لەخۆت و سەرجەم هاوڕێ و دۆستانت دەکەم و دڵنیام لەمەو دوا پتر لە جارانیش لەخزمەت دۆزی ڕەوای گەلەکەت دا دەبی.

٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# نقورچێکی بەرەبەیان

گلەیی بێ لێتان ڕووناکبیران، ڕەخنەگران، نووسەران، چالاکانی سیاسی ئەدی کوا هەوڵی یەکگرتووییتان بە کردەوە.

چەندین ساڵە هەموومان هاوار دەکەین حیزبە کوردستانیەکان یەکگرن!! چەندین ساڵە دروشمی یەکگرتن ڕەمزی سەرکەوتنمانە بۆتە وێردی سەرزمانمان، ئەدی ئێستا کە سەرەتای ئەو یەکگرتنە لە ناوەندی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان ڕا دەستی پێکردووە بۆچی کەسم نەدیت لە ڕێڕەوی بەهێزکردن و پشتیوانی کردنی ئەو ناوەندە دوو دێڕ بنووسێ؟ بەڕاستی ئێمە بۆ هەر خەریکین دادەپاچین! بۆ هەر خەریکین وێران دەکەین! ئەرێ ئەگەر جارێک شێوەیەکی دیکە لە هەڵسوو کەوت و کردار و گوتار تاقی کەینەوە کابە کەچ دەبێ؟

هاوڕێیان، دۆستان، ئەندامان ولایەنگرانی حیزبەکان، ڕەخنەگران و دڵسۆزانی نەتەوە ونیشتمان، وەرن با جارێکیش جۆرێکی دیکە خۆمان تاقی کەینەوە و هەوڵی ساز کردن بدەین، ئێستا کە ناوەندی هاوکاری هەیە وەرن بەهێزیان بکەین، وەرن پشتییان بگرین، وەرن ڕەخنەبارانیان بکەین بەڵام پێشنیاری کردەیی و مەنتیقیش بخەیەنە بەردەستیان.

کوردانی ڕۆژهەڵات، نیشتمانپەروەران، نووسەر و چالاکانی سیاسیی، دیارترین دسکەوتی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ئەو ٤٠ ساڵەدا لە باری یەکگرتن و پێکهێنانی بەرەی کوردستانیەوە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە خۆتان ڕا مەڕوانن، دەزانم هێشتاش دڵسۆزترین کەسەکانن بۆ بزووتنەوە مافخوازانەکەی کوردستان، چاوێک لە ناحەزان و دژبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەی ونیشتمانی کوردان بکەن چۆن بەتەمان بە هەموو فێڵ و تەڵەکەو فریوێک ئەو ناوەندە وێران بکەن، وشیار بن دەس بەجێ بە دروشمی پڕ زەرق و بەرقی خەڵکی هەڵمەفریوێن! دە داوی داگیرکەارن و ناحەزان مەکەون، وەرن با ناوەندی هاوکاری بە بەرهەمی چەندین ساڵ گلەیی و گازندەی خۆمان بزانین، وەرن با ئەو دەسکەوتە بە دەسکەوتی خۆمان و هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات بزانین، با ناوەندی هاوکاری بە هی خۆمان بزانین، وەرن با وێڕای ڕەخنە و تیبینی بەجێ پاڵپشتیان بین.

٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

# خۆپیشاندانی ئەمڕۆی تۆرۆنتۆ

نازانم وڵاتانی دیکە چۆن بوون بەڵام ،لێرە لە تۆرۆنتۆ، خەتی یەکەم موجاهیدین بوون دوای وان حەشیمەتێکی زۆر و بە نەزم سەلتەنەتخوازەکان بوون، دوای وان ئێمەبوون کە کەتبووینە نێوان سەلتەنەت تەڵەب و کۆمۆنیستەکان کە خوڵا هەڵناگرێ کۆمۆنیستەکانیش زۆر رێک وپێک بوون.

کورد ئەوەی لەوێ بوو ڕۆژهەڵاتی بوون وباشووریش هاتبوون ماڵیان ئاوەدان، بەڵام من باکوور و ڕۆژئاوام نەدیت یان نەمناسیون، دیارە دوای ئەم نووسینە ئاگادار کرام کە هاوڕێیانی رۆژئاوای کوردستانش هاتوون بەڵام ئەوان لە یێگایەکی دیکە ڕاوەستاون سپاس بۆئەوانیش ئەگەرچی زۆر بەجیددی دەڵێم یەکزەرە گلەییان لێناکەم ئەگەر نەشهاتبان چون کوردی ڕۆژهەلات دەتوانم بڵێم هەر ٥ لەسەدی هاتبوون. دەی کاتێ خودی ڕۆژهەڵاتیەکە نایەتە خۆپێشاندان ئیدی بۆچی گلەیی لە خەڵکی دیکە بکەین! وەنەبی نەیانزانیبێ بە دڵنیاییەوە زانیویانەو بە تەلەیفوون زۆرکەس ئاگادار کرابۆوە.

حدکا تاقە یەک ئالای حیزبیان پێبوو دەنا ئینسافەن هەموو تەنیا بە ئالای کورستانەوە هاتبوون، دۆستانی کۆمەڵەی لایەکیان زیاتر ئالای کوردستانیان پێبوو ئەوی دیکەش ئالای حیزبی و ئالای کوردستانیش هەبوو، دروشمەکان خەراپ نەبوون هەندێ تراکتی جوان وەک "یەکبوون ویەکگرتنمان ڕەمزە بۆ سەرکەوتنمان" کە بە لۆگۆی ناوەندی هاوکاری ئامادەکرابوو جوانییەکی تایبەتی دابوو بە کۆبوونەوە نارەزایەتیەکەی ئێمە، زۆر کەس دەهات و وێنەی ڕاست لەو لۆگۆیە هەڵدەگرتەوە. ئەوەندەی دۆستانی حدک هاتبوون هیچ جیئاوازییەک نەبوو لە نێوانیان دەگەڵ حدکا و زۆر بەگەرمی شان بەشانی یەک راوەستابوون.

لەو گردبووەنوەیە دا کاتێ دەگەڵ کاک ڕەحیمی بیهروز بە یەکەوە ڕاوەستابووین یەکێک دەگەڵ خانمێک لێمان هاتە پێشەوە و سەیرێکی ئاڵاکەی کرد و بە فارسی کوتی من ئێرانی هستنم و پشتیبان شما هستم موفق باشید، کاک ڕەحیمیش کوتی من هم از شما تشکر میکنم، ئەگەر ڕاستتان بوێ من برێک واقم وڕ ما بەڵام لە دڵەوە خۆشحاڵ بووم و کوتم ناکرێ مرۆڤ پێێ وابێ هەموو فارس بە یەک چاو سەیری کورد دەکەن ئەگەرچی من لە ژیانمدا ئەوە یەک کەس ببینم وا بە ڕاشکاوی بێت و بڵێ من پشتیوانی ئێوەم.

خۆلاسە ئەو وێنەشمان بەیەکەوە گرت و بەڵام بە تەواوی وجوووددەوە هەستم کرد کە زۆر وێرانین و بەداخەوە حیزبەکان تا وەخەبەر دێن نیوەی خەڵکی خۆشیان لێدەتەکێتەوە. ئیتر ئەو کات هەزار هاوار بە پوولێکی.

لە کۆتایی دا کاک خالید ئاشتاب وتارێکی کورت و ڕێک و پێکی پێشکەش کرد و دوایە ماڵاواییمان لە یەکتر خواست و هەرکەس بەرەو هێلانەی خۆی ملی ڕێیەی گرت.

٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

# هەندێ کەس ڕەخنە دەگرن

لەو یەکدوو ڕۆژەدا هەندێ کەس ڕەخنەیان لە عەلی جوانمەردی گرت قەدەری ئەولاش رەحیمی ڕەشیدیان بیراز کرد، بێچگە لەو چەند کەسەی کە ڕەخنەیان لە عەلی جەوانمەردی گرت ئەوانی دیکە زۆربەیان ویژدانەن تۆڵەی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێرانیان لە عەلی جەوانمەردی کردەوە.

با ئەوەش بڵێم لەسەر دوایین هەواڵی کاک عەلی جەوانمەردی ئەگەر لەسەر ئەوباوەرە بام شتەکەی راستە من لە جەماعەتی ١٦ی ئۆکتۆبر بێدەنگ نەدەبووم!

دوێنێ دیتم مەزلووم کۆبانێ ڕاست وەک ڕەحیم ڕەشیدی سپاسی ترامپی کردبوو بەڵام نەمدیت کەس یەک ڕەخنەشی لێبگرێ لە حاڵێکدا ڕەحیمی ڕەشیدی لەسەر سپاس لە ترامپ یەک میلۆن جنێوی پێدرا.

هەندێ کەس ڕەخنە دەگرن، هەندێ کەس دوای مەسەلەکان دەکەون و هەوڵ دەدەن ڕاستی و ناراستی ڕووداوێک بە پێی توانا ئاشکرا بکەن، بەڵام هەندێ کەس بەخیلن، هەندێکش سوێندیان خواردووە دژی یەک لایەن یەک دەستەو گرووپ بن، یان باشتر بڵێم دژی هەموو ئەوانە بن کە وەک ئەوان بە قورمیش کار ناکەن.

عەلی جەانمەری زۆر چالاکە، زۆر هەڵسووڕە، هەر بەو پێیە گومان نیە هەڵەش دەکات، لە کارکردن و لە دژایەتی دەگەڵ دوژمن ڕەنگە ئیغراقیش بکات، ڕەنگە بە هەڵە شتێکیش، هەواڵێکیش بڵاو کاتەوە، بەڵام ویژدانەن عەلی جەوانمەردی لە دژایەتی و دوژمانەیەتی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی دا بەقەرا هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کار کردووە، بە قەرا هەموویان شوێندانەر بووە، باسی ئەو حیزبانەش ناکەم کە لە بنەوە کاکە برالەیان دەگەڵ ڕێژیم هەیە دیارە ئەوان کاریان بە ڕێژیمی ئیسلامی هەر نەداوە یان ئەوانەی پێیانوایە کەدوژمنایەتی ئەو ڕێژیمە فاشیستی مەسەبییە بە قازانجی تورکیا و ئال سعوود تەواو دەبێ!!.ئیتر باسیان ناکرێ.

٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

## مامۆستای جوانووس شێرکۆ هەژار لە سەر ئاڵا دنووسێ

خۆیبوون ئاڵایەکی دروستکردووە، ساڵی ١٩٢٧ لەسەر چیای ئارارات، لە ئاگری، هەڵیکردووە. کاتێک کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا، خۆیبوون ئاڵاکەی خۆی بردە مهاباد و پێشنیاری بۆ پێشەوا کرد کە هەمان ئاڵای خۆیبوون هەڵبکەن، ئاڵا ببێتە شتێکی مێژوویی کورد، (وەک ئاڵای هۆڵەندا هی چەندین سەدەیە)، پێشەوا گوتوویە باشە، بەڵام وای پێ جوان بووە کە قەڵەم و گوڵەگەنمیشی تێدا بێت . ئەگەر من ئەوسا یەکێک لە راوێژکارانی پێشەوا بوومایە تکام لێ دەکرد کە دەستکاریی ئەو ئاڵا مێژووییە نەکات و بکرێت بە قانوون کە قەت کەس مافی گۆڕینی نەبێت، هەرچەندە پەرلەمانێک لە کاردا نەبووە، قانوونیش بۆ داهاتوو قسەیەکی سەیرە، چونکە ئەوە داهاتوو خۆی دەزانێت چیی پێ باشە، بەڵام بەهەرحاڵ بۆ ئەوەندەی کە قسەی کۆمار بڕ بکات یا قانوون بێت. بەوە کە دوای کۆمار، ئیتر کیانێکی سیاسی لە دنیادا بە ناوی "کوردستان" لە ئارادا نەبووە، ئاڵاکە بووەتە ئاڵای دڵی "کورد" نەک "کوردستان"ێک، چونکە کوردستانەکە لە دڵی کورددا بووە نەک لە دەستگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا. کوردی باکوور و رۆژئاوا - وەک من خۆم لە ماڵی حاجۆ ئاغا و خەڵکی تر لە قامیشلی دیتوومە - هەر ئاڵاکەی "خۆیبوون"یان لای خۆیان بە ئاڵای "کورد" دیتووە. من منداڵێکی ١١ ساڵانە بووم، فەرهادی کوڕی جەمیل ئاغای حاجۆ بۆ جاری یەکەم لە ژیانمدا رەسمێکی ئاڵای "خۆیبوون"ی بۆ کردم و گوتی: ئەڤ ئالا مە کوردانە. زۆربەی باشوور بەهۆی نیزیکی جوغرافیایی لە موکریان رەنگە بە نوسخە دەستکاریکراوەکەی پێشەوا پتر ئاشنا بووبن، بەڵام بۆ هاسانی، کە هەموو کەسێک قەڵەم و گوڵەگەنمەکەی تێدا بۆ هەڵنەسووڕاوە و، لە قاچاغیدا نەشێوێراوە بە دووی خەڵکدا بگەڕێت کێ بۆی دەکێشرێت، ئەوجا هەر هاسان کردنەوە خۆی کارێکی پراکتیکییە، ئیتر لەوێش وەکو ئەسڵەکەی لێ هاتووەتەوە. ئاڵا هی "کورد"ە تاکو ئەو کوردە دەسەڵاتێکی لە شوێنێک بە سەر بەشێکی خاکەکەیدا دەبێت، ئەوسا بە پەرلەمان یان ئەو دەسەڵاتەی کە شوێنی پەرلەمان بگرێتەوە: سەرکردایەتیی گشتیی نەتەوە، یا فەرماندەیی هەموو هێزەکان یا... هەرچی، بڕیار دەدات. ئەوەش هەمووی پێشەکی روون نییە، جارێ هەر یەک بەشی کوردستان ئۆتۆنۆمییەکی فراوانی بە ناوی فێدەراڵی هەیە و، پەرلەمانەکەی ئاڵاکەی خۆیبوون بە هی خۆی دادەنێت.

سبەی، ئەگەر رۆژهەڵات بە جیا ببێت بە "فێدەرالییەک"، باکوور ببێت بە فێدەڕالییەک، یا شەڕێک لە مەڵبەندەکە لەلایەن ئەمریکاوە دوو بەشی کوردستان یا پتری بکات بە "یەک کیان"، ئەوانە هەموو جارێ دەبێت بێن و بەگوێرەی هەلومەرج بشکێتەوە چۆنیان بۆ دەکرێت. ئێستا "قەوم"ی عارەب و فارس و تورک دەڵێن نابێت "قەوم"ی کورد (لە هەرکوییەکی دنیا) کیانێکی سیاسیی هەبێت. کوردیش دەڵێت: نا من دەبم و ئەمەش ئاڵاکەمە. لە نێوان ئەم رووبەڕووبوونەوەیەی ئێستا و ئیحتیمالەکانی داهاتوو، دەبێت ئێستا بیر لە سەپاندنی مانەوەی خۆمان بکەین و، بیر لە هەرشتێک بکەینەوە کە "یەکێتیی

قەومی کورد" لەبەرانبەر قەومی فارس و تورک و عارەب دابین دەکات. با ئیحتیمالەکانی داهاتوو بۆ داهاتوو دابنێین، ئاخر بۆچی لە ئێستاوە لەسەر کەوڵی ورچی نەکوژراو بیکەینە شەڕ؟ (نەوشیروان هەمیشە بیری لە جیاکردنەوەی سلێمانی لە هەولێر دەکردەوە، دەیویست ئەوە لە دەستووری بەغداشدا بچەسپێنێت کە سلێمانی بتوانێت سەربەخۆ ببێت بە بێ ئەوە کە باسی کێشەی ئالا بکات). گرنگ ئەوەیە "قەوم" دەسەلاتی بەسەر"خاک"ی خۆیدا هەبێت، ئەوسا دەکرێتبییر لە وردەکارییەکانی پێویستی وەزعی ئەوسای بکاتەوە.

١ی دێسەمبەری ٢٠١٩

# بایکۆت تاکە بژاردەی کوردە

## بایکۆتی هەڵبژاردن

نازانم ئەو حیزبانەی ئێمە لە چی دەترسن، ئایا نیگەرانن کە ئەوان بایکوتیان کرد خەڵک نەیکا! جا گریمان خەڵک وڵامی حیزبەکانیشی نەدایەوە بایکۆتی نەکرد کە من پێموایە ئەگەر هەموو بەیەکەوە بایکۆتی بکەن و وەک ناوەندی هاوکاری و کاری بۆ بکەن گەورەترین بایکۆت لە مێژووی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبیدا ڕوودەدا.

ئەوجار خۆ جودا لەوەی خەڵک لە ترسان یان هەندێ کەس لە بەر بەرژەوەندی شەخسی بایکۆتیان نەکرد، دیسان ئەرکی حیزبی سیاسیی ئەوەیە کە هەڵویستی شیاوی هەبێ بەرامبەر بە ڕێژیمێک کە دەستی بە خوێنی ژن وپیاو و پیر و لاوی کورد و هەموو ئاازادیخوازانی دیکە سوور بووە. نابێ هەڵویستی هەبێ بەرامبەر بە ڕێژێمێکی کۆنە پەرەستی، فاشسیتی، دڕندەی، هەڵگری بیر و ئایدیۆلۆژی سەدەکانی ناوەڕاست!

ڕێژیمێک کە ٤٠ ساڵە وەک دۆڵپا لینگی بەسەر ملی خەڵکی هەژار و بێ ئەنوادا هێناوە و بڕستی ژیانی لە خەڵکی بڕیوە وبچووکترین هەناسەی ئازادی لە گەرووی دەخنکێنێ! تەنیا لەگۆڕ نان چارەیەتی، هەوڵ دان بۆ پتەوکردنی ڕیزی یەکگرتووی خەلک کە سەرەتای ئەو یەکگرتنە بە یەککرتنی حیزبەکانەوە بەندە ئەرکی ئەخلاقی مرۆڤی شۆڕشگێر و خەباتکاری ڕێگای ئازادییە. هەرجۆرە لادانێک و هەر جۆرە بەرد خستنە سەر ڕێگای یەکگرتنی هیزەسیاسیەکان جا چ خۆیان بیکەن و چ خەڵکی دیکە بە ڕاستی لە ئاستی خەیانەت دا دەبێ بێتە ئەژمار.

بەس نیە دوای ٤٠ ساڵ و دوای ئەوەی هەزاران و بگرە دەیان هەزار کەس بە ئارەزووی مەرگی ئەو ڕێژیمە بە ئاواتی نەگەیشت و سەری نایەوە دیسان ناوماڵی کورد شپرزەو نارێک ونایەکگرتوو بێ. لێرە کەس خەتابار نیە حیزبەکان نەبێ، لە پێشدا سەرکردەو ڕیبەرەکان دوایە بەدەنە کە نەیتوانیوە بچووکترین گوشار بخاتە سەر ڕیبەری بۆ یەکگرتن و یەکخستنی ڕیزەکانیان لە بەرەیەکی چالاکی یەکگرتووی کوردیدا.

٥ی دێسەمبەری ٢٠١٩

# لە ئیدیعاوە تا حەقیقەتی روون

زۆرن کە ئیدیعای ڕۆشنبیربوون دەکەن، ئیدیعا دەکەن ئەهلی دیالۆگن، ئیدیعا دەکەن باوەڕیان بە دیمۆکراسیە وەک کاک سەعدی قازی! بەڵام لەسەر یەک بابەتی ڕەخنەیی کە زۆر بە زمانێکی دۆستانە لەسەریم نووسی ئەورۆ بلاکی کردم، دیارە دۆساتایەتی ئیتر دەگەڵ کاک سەعد لای من تامی نەما، هەر بەوەێ چاک بوو بلاکی کردم، بەڵام بەحەق دەبوو مەمنوونی من و هەموو ئەو کەسانە بێ کە بە ڕاشکاوی ڕەخنەی لێدەگرن و پێی دەڵێین کە جودا لە ڕوانگەی بەرێزت بۆچوونی دیکەش هەیە! دەربەستی دۆستایەتی بە زۆری نیم بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمەمانان هیچ لەو فێر نەدەبووین چون تازە ئەو ڕێگا لارەکەی گرتووە و خەریکە بە ناوی دیمۆکراسی و ئازادی رادەربڕین و ئازادی هەڵنژاردن خۆڵ دەچاوی خەڵک دەکات. بلاک کردنی هەر یەک لە ڕەرخنە گران ڕووخاندنی دەروویەکی هیوایە بۆ گەڕانەوە بۆ سەرڕاستەرێگەی ئازادی و گەڕانەوەیە بۆ ئەو باوەڕەی قازیەکان لەسەری گیانیان بەخشی، پێشەوای کوردان سەری لەسەر دانا.

ئیتر لێرەوە با هەموو لایەک وریا و چاوکراوە بن و دەداوی قسەی بریقەدار و دروشمی بێبنەما نەکەون، لاوان و توێژی بێدەرامەت بەتایبەتی نابێ ببنە سووتەمەنی ئەو ئاگرەی کە تا ئێستا هەست ونیستی ئەوانی سووتاندووە. ٤٠ ساڵە ئەو دەسەڵاتە فاشیستیە چەندی ئاور لە چینی کەم دەرامەت و هەرژار داوەتەوە بە دڵنیاییەوە لەمەو دواش هەر ئەوەندەی ئاور لێدەداتەوە! دەی ئێوە چیتان هەیە لە دەستی بدەن، سەفی خۆتان لەو خەڵکە جوێ کەنەوە کە تەنیا لەبەر بەرژەوەندی مادی یا بەدەست هێنانی پێگەیەکی دەسەلات خەریکی فریودانی کۆمەڵگای کوردەوارین، سەفی خۆتان لەو کەسانە جوێ کەنەوە کە هێشتا کفنی شەهیدەکانی ئەم دواییانە وێشک نەبۆتەوە هەندێ لە جیاتی سارێژکردنی برینی جەرگی دایکان خەریکن خوێی پێدا دەکەن!

برایان و خوشکانی ئازیزم، نەکەن دەداوی ئەو بێ باوەڕانە کەون کە بە ناوی داکۆکی لە ئازادی تاک خەریکن دەبنە هاندەری خەلک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن و ڕەوایی دان بەو دەسەڵاتەی هەر دوێنێ سەتان لاوی کورد و ئێرانی خەڵتانی خوێن کردووە.

هەر لێرەوەش هیوادارم کەس پێێ وانەبێ من لێرە دژایەتی و دوژمنایەتی سەعدی قازی دەکەم، من دەگەڵ تایفەی قازیان وەک خزمی پشتێ وام، تایفەی قازیەکان وەک دارەگوێزێکی بەهەیبەت وان سروشتییە گوێزێکی پووچی پێوە بێ!

ئەوجار هەرگیز دوژمنایەتی هیچ تاکێک لەو کۆمەڵگایە ناکەم، زۆریشم پێناخۆشە دەگەڵ کاک سەعد بکەومە موناقشەیەک کە بەداخەوە ئەو ئەهلی نیە، دەنا دەکرا وەک پێشتر هەر خۆی ئیدیعای کردبوو دیالۆگێک لە نێوانمان دا دروست بووبا پاشان با خەڵک بووبا حەکەم و دادوەر بێ ئەوەی بە دوژمنی دیمۆکراسی تاوانبارمان بکات!

بەڵێ من دۆژمنایەتی هیچ تاکێک ناکەم و بچووکترین بێڕێزیش لە مەسەلەک و مەرامی من دا نەبووە و نییە، بەڵام ئیترناتوانم واز لەو بیروباوەڕە بینم کە لەسەری هەڵوەدا بووم، کە دەیانساڵە بۆی تێدەکۆشم، ناشتوانم لە ئاست ناهەقیەکان و چەواشەکاریەکان بێدەنگ بم، ملەی من دەگەڵ سەعدی قازی ننیە بەڵکوو دەگەڵ ڕوانگەو تێفکرینە زیانمەندەکانێتی. ئەو جارملەو گرفتی بۆچوون و ڕاو سەرنجم تەنیا دەگەڵ یەک کەس نیە بەڵکوو دەگەڵ هەموو ئەو کەس و حیزب و لایەنانەشە کە ڕوانگەی وەک ئەویان هەیە. بەدڵنیاییەوە وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە ئەو مافەم هەیە کە هەمان هەڵوسیتم لە ئاست ئەوانیشدا هەبێ ئەگەر لە ئاست بایکۆتی هەڵبژاردن بێدەنگ بن و بە سەراحەت ئەو هەڵبژاردنە بایکۆت نەکەن.

١٣ی دیسەمبەری ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

# یان ڕەش یان سپی

ڕەش و سپی دیتن یانی نەدیتنی ئەو هەمووە ڕەنگەی دیکە کە تێکەڵاویان جوانترین دیمەن دەخوڵقێنن.

نەمدەویست لەسەر ئەو بابەتە دیارە هیچ بنووسم بەڵام هەست دەکەم ئاهۆ و کولتوری سەقەتی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران کوردیشی بەپانەوە گرتۆتەوە. ئەو کولتوورەی کە لای وایە تاقە یەک هەقی موتڵەق هەیە ئەویش تەنیا لای ئەوە و بەس! کەوایە نابێ بە موو لە دید و لە بۆچوون و لە شێوازی دەربڕینی ئەو لابدەی دەنا هەو نی، ئەسڵ نی و زڕی!

لە سەر یەکێک لەو چەند ڕۆژە دا بابەتێکم نووسی کە بە هەموو شێوازێک پاکانە بۆ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەکا و هەوڵی خەراپ ناساندنی بزووتنەوەی کورد دەدا و لە بەرامبەر ڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا زۆر جار کورد و حیزب وپێشمەرگەی بە خەتابار زانیوە، ناسیۆنالیزمی کوردی لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی داگیرکەر و دەسەلاتتدار بە سەقەت و بە دواکەوتوو ناساندووە و لەم دواییانەش دا هەموو هەوڵی ئەوەیە کە بیسەلمێنێ بەشداری کردنی خەڵک لە هەڵبژاردن یانی ئازادی ڕادەربڕین و کەس مافی ئەوەی نیە بڵێ هۆ خەڵکینە چیدیکە بە بەشداری لە هەڵبژاردن مۆری تەئیید لە ئەسارەت و دیلی خۆتان مەدەن و لەو ڕێژیمە فاشیستی دژی گەلیە و کۆنەپەرەستە دوور کەونەوە.

ئەو نووسینەی من ئەو برادەرەی تاساند، بێ ئەوەی بچووکترین بیرێزی پێبکەم، وای لێکرد بەقەرا هەموو ئەوماوەیەی بە سووکترین و چنووکترین وشەکان دەگەڵی بەرەوڕوو بوونەوە قەڵس و تووڕە بێ و بگرە زیاتریش بۆیە دەس بەجێ ئەو تووڕەییەی نیشاندا و لە حاڵێکدا خۆی بە مرۆڤێکی دێمۆکرات و ئازادیخواز دەناسێنێ بە توندترین شێوە و بێ ئوسلووبترین شێواز ولامێکی پڕ لە هەڵچوون و دروشمی بێمانای ئیحساسی و تەژی لەتووڕەیی دامەوە.

ئەو برادەرە لە لایەک بە نوسینەکەی من ئەوەندە تووورە بوو کە وەک کوتم لەو ماوەیەی دا جنێوبارانیان کرد قەتی ئەوەندە پێ تووڕە نەبوو، ئاخر ئەو بەشی خۆی زیرەکە ئەو دەزانێ بەرەو ناوخۆ قسە دەکا و جنێویش بۆ ئەو قازانجی زۆر پترە لە هەڵدانەوەی ئەو هەڵوێست و ئەو فکرە کرمۆڵەی کە خەریکە وەک ویرووسێکی مەترسیدار بەرو ڕۆژهەلاتی دەینێرێتەوە، ئەو دەی هەوێ بڵێ موخالیفانی من قسەی مەنتیقیان پێ نیە لە جنێو بەدەر. بۆیە بابەتی مەنتیقی دەیتەزێنێ. ڕیسەکەی لێدەکاتەوە خوری.

لێرە باسی من ئەو شەخسە نیەو من ئیتر ئەوەی دەبوو کوتبام لەو بارەوە کوتوومە و نایکەمە بنێشتە خۆشکە و پێشمەوایە کاری خۆم کرد بەڵام ڕووی قسەم دەگەڵ ئەو کەسانەیە کە لەو ماوەیەدا لێرەو لەوێ بە کرچ و کاڵی تەنیا یەک ڕستەی بچووکی سەردێڕەکەی منیان کردبووە مانشێتی بیرکردنەوەی خۆیان و لێرەو لەوێ بەتەوسەوە باسیان ئەوەیان دەکرد کە من دیالۆگم دەگەڵ فلانە کەس ساز کردووە و ئەوەش یانی هەقانیەت بەخشین بەە ڕەوتێک و نازانم بە چی وبە چی!!!

یەکەم ئەمن شێوازی نووسین ولێدوانم دەگەڵ زۆر کەسان فەرق دەکا نەک بەو مانایەی هی من لە هی ئەوان چاکتر بێ بەڵام من پێمەوایە جنێودان وبێڕێزی کردن ئەوەندەی زەرەر لە خۆمان دەدا نیو ئەوەندە زەرەر لە خەڵکی نادا. هەر بۆیە من لەوەتا هەم شێوازی تایبەتی خۆم لە نووسیندا پەیرەو کردووە و لەو پەڕی دڕدۆنگی ولێک هەڵبەزینەوەش هەوڵم داوە سنووری ڕێز و حورمەت نەبەزێنم، ئێستا ڕەنگە بڵێین دەی فلان کەس کوا بایی ئەوە دەبێ حورمەتی بۆ دانێی!

یەکەم هەر کەس بەردەنگی من وتۆیە، یەک کەس نیە لەو کۆمەڵگایەدا، دایکی هەیە، بابی هەیە و ژن ومنداڵی هەیە، بە بڕوای من هیچ کەس مافی ئەوەی نیە بە جۆرێک دەگەڵ هیچ کەس بدوێ کە بچووکترین کارتێکەری نیگەتیڤی لە سەر ڕووح و ڕەوانی لەسەر ژن ومنداڵ و خزم و کەسی تەرەف و بەردەنگی من و تۆ هەبێ، ئەوجار من لە ولامی کامێنەکانیش دا کوتومە و لێرەش بۆ هەمیشە دەیلێمەوە من کێشەم دەگەڵ هیچ کەس نیە وەک جەستەیەک وهەیکەلێکی مرۆیی، من دەگەڵ تێفکرین وشێوازی بیرکردنەوە کێشەم هەیەو هەر لەو بارەشەوە قسە دەکەم. دووهەم و ئەوەی ئێوە هەرگیز زەرنجتان نەدایە ئەمە بوو کە ئەو برادەرە ماوەیەک لەمەو بەر نووسیبووی:

"بۆ لە نێو ئێمەدا گفتگۆ دروست نابێ"

ئەوە سەردێڕێ بابەتێکی هەستیاری ئەو برادەرە بووو منیش ڕاست ولامی ئەو سەردێڕەی ئەوم دابۆوە، چون دەمزانی ڕاست ناکا و بۆ ئەوەی بیسەلمێنم ئەهلی گفتگۆ نیە ڕوو بەخۆی و بە کەسانەش کە بەردەنگی ئەو بوون وهی منیشن، کە بەداخەوە هیچ یەک لەو کەسانەی کە لەو بابەتە نرازی بوون کە دڵنیام ڕدەشیان لە ئەنگوستی دەستێک تێناپەڕێ ئەو سەردێڕەی منیان کە کوتبووم "بە نیازی دیالۆگ و گفتگۆ" بەر هێند ورنەگرت و بچووکترین سەرنجی ناوەرۆکی بابەتکەی منیشیان نەدا کە هەمووی دەگەڵ بیر بۆچوون و ڕوانگەی ئەو دۆستانە یەکی دەگرتەوە و لەڕاستیدا داکۆکی کردن بوو لە هەموان، لە بەرەی بایکوت و دژی ڕێژیمی فاشسیتی مەسەبی ئیرانیش بوو، بەڵکوو تەنیا بەو سەردێڕەوە نووسابوون و لێرەو لەوێ بە تانە باسیان دەکرد.

بێجگە لەوە با یەک شتی دیکەش بڵێم بەڵێ کاتێ تەڕەفەکەم چەکی بەدەستەوە نەگرتووە و قەڵەمێکی بەدەستەوە گرتووە و دەنووسێ بەڵام خەراپ دەنووسێ من وەک خۆم بێ ئەوەی بچووکترین بێڕێزی پێبکەم بە ئسلووبی خۆم ولامی دەدەمەوە و

تۆش سەربەخۆیی لە جنێودانی خۆت بەردەوام بە! من دەمهەوێ کارتێکەریم لەسەر ئەو خەڵکانە هەبێ کە بابەتی من و ئەو دەخوێننەوە و زەحمەت دەکێشم بۆ ئەوی دەلیل و فاکتی مەنتیقیم پێ بێ بۆ ئەو کەسانەی بابەتەکەی من و ئەویش دەخوێننەوە تا بەلای خۆمیان دابشکێنم و نەهێڵم فریوی تەبلیغاتی نابەهەق و ژاراوی ئەو کەسانە بخۆن کە بە دروشمی بریقەدار خەریکن کڵاویان لەسەر دەنێن. ئامانجی من لە نووسین ڕێک ئەوەیە نە زۆرتر نە کەمتر.

ئیتر ئەو نووسینە بۆ هەمیشە و بۆ هەموان کە هێشتا منیان بە تەواوی نەناسیوە با ببێ بە دەروویەکی ڕوون کە بزانن من کێم و چۆن بیردەکەمەوە، کە منتان وەک دۆست قەبووڵە من ئەوەم، من دەگەڵ دوژمنانیش بە زمانی ئەدەب دەدوێم چ دەگا بە موخالیفانی فکری و بۆچوونی جیاواز.

ڕێز بۆ هەموو ئەوانەی لەو نووسینەدا بەردەنگی منن.
ڕێز و خۆشەویستیم بۆ خوێنەری بابەتەکانی خۆم بە موخالیف و مەوافقەوە.

١٥ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## یۆسفی قازی کەسایەتی خۆش نێو و خێرخوازی مەهاباد یادت هەمیشە سەوز

من کاک یوسفی قازیم لە نزیکەوە ئەو کاتە ناسی کە لە دەورەی سەشەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا لە سەر پێشنیاری خزم و دۆستان و ڕاست ئەو کاتەی کە حیزبی دێمۆکراتیش بایکۆتی هەڵبژاردنی نەکردبوو و بە خشکەش ڕێگەی بۆ خەڵک ئاواڵە کرد کە بەشداری هەڵبژاردن بکەن.

کاک یوسف ئینسانێکی بەئەدەب، تێگەیشتوو و کوردپەروە بوو، ئینسانێک بوو خێرخواز و یارمەتیدەری خەڵک، من یەک شتم ئەو کاتی لەسەر گەورەیی ئەو ئینسانە بیست لێرە تەنیا ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە.

دەوڵەت و بەتایبەتی سپاسی پاسداران لە تەپەی قازی مڵکێک لە کاک یوسف و براکانی دیکەی داگیر دەکەن و دوای چەندساڵ شکایەت و شکایت کاری هەندێ لەو زەمینانە واتە یەکی دوو سێ قەتعەیان دەدەنەوە و کاک یۆسفیش قەتعەیەکی گۆیا ٢٥٠٠ متری دەدرێتەوە.

کاک یوسف دوای ئەو حوکمە یەکسەر دەچێتە ئیدارەی خوێندن(آموزش و پرورش) و دەڵێ جا ئێستا کە هەقی خۆم وەرگرتۆتەوە من ئەو زەمینەم ناوێ و ئەوە دەیدەم بە ئێوە وبچن بیکەن بە مەدرەسە. ئیتر مەدەرسەی یوسفی قازی لەو شوێنە ساز دەکرێ.

لە پیاوچاکی و خێرخوازی کاک یوسف دا زۆر شتم بیستووە بەڵام هەر ئەوەندە بەسە بۆ مرۆڤێک کە لەو کاتەدا دەست لە ٢٥٠٠ متر زەمین هەڵگرێ کە سپا لێی داگیر کردبێ و دوای ئەستاندنەوەی یەکسەر بیدا بۆ مەدەرەسە و قوتابخانە دروست کردن.

ڕەوانت شاد کاک یوسفی قازی و لێرەوە سەرەخۆشی دەکەم لە بنەماڵەی قازی و بە تایبەتی لە براکانی و کوڕ وکچ و خێزانی کاک یوسف و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## نقورچێکی بەرە بەیان

### ڕەخنەگر یا بەهانەگر

کاتێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بووم ڕاست ئەو فەزایەی ئەمڕۆ لە ناو فەیسبووک دا هەیە دەقاو دەقا ئەو فەزایەم لە مەهاباد هەست پێدەکرد، لەوێ زۆر جاران کابرایەکی لاپرەسەن کە لە ژیانیدا بەردێکی بۆ نەتەوەکەی لەسەر بەردێک دانەنابوو دەبوو بە پاڵەوانی مەیدان چۆل و ئەوەی دەیکوت نەیدەکوتەوە.
ئەو کات بابەتێکم لە ژێر سەردێڕی چۆن لە ڕەخنە تێگەیشتووین نووسی دۆستێکی خۆشەویست کە کاری گرافیکی دەکرد بە ناوی کاک عەلی کە بابەتەکەی دیت سەردێڕەکەی وەها ڕازاندەوە کە ئیتر لە بابەتەکە گرینتر بوو، ئەو ڕاست بە شێوازێکی جوان "تێگەیشتن" ەکەی بەراووەژوو کردبووە.

لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی منیش لە نووسیی ئەو بابەتەی ئەو کاتی وئێستاش چەوت تێگەیشتن و لینگاو`قووچ تێگەیشن بووە لە چۆنیەتی تێگەیشتن لەچەمکی ڕەخنە و ئەرکی ڕەخنە گر. بەداخەوە ئێستاش ڕێک هەمان حاڵەت لەو فەیس بووکە هەیە، کابرای ڕەخنەگر خۆلا خولایەتی کە مەسەلەن حدک بایکۆتی هەڵبژاردن نەکا، چون ئەگەر بایکۆتی کرد ئیتر ئەو بازاڕی قسەکردن و خۆ دەرخستنی نامینێ! بۆ دەڵێم بازاڕی خۆدەرخستن چون بەراستی بەشیکی بەرچاو لەو دۆستانە مەبەستیان لە ڕەخنە چاکسای و چاککردنی رەخنە لێگیراو نیە بەلکوو خۆ کردنە پاڵەوانی ناو فەیس بووکە. هەر بۆیە ئەو بەلبەشۆ ئەو هەرکەس بە هەرکەس ساز بووە و کەس خەتی کەس ناخوێنیتەوە. لە هیچ مەبەست و ئامانجێک یەکدەنگ و یەک ئاهەنگ نین و هەر کەسە و بۆلایەکی دەکێشێ.

لە هەموو دنیادا ڕەخنەگرتن بۆ ئەوەیە کە کەس یان لایەنی ڕەخنە لێگیراو کە هەڵەیەکی کرد بە ڕەخنەکەی تۆ هەڵەکەی ڕاست کاتەوە، رەخنە بۆ ئەوەیە کە تۆ دەسەلات و سیستەمێکت پێ هەو نەبوو ئەگەر رەخنەی لێدەگرێ بۆ ئەوەیە کە چاکی بکەی، بۆ ئەوەیە کە ئەو سیستەم و دەسەلاتەبەڕەخنەکانی تۆ ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ، ڕەخنە دەبێ جۆرێک دڵسۆزی بێ لە لایەن ڕەخنەگرەوە. دیارە کەس و ڕەخنە لێگیراو و دەسەلات و کەسی ڕەخنە لێگیراو زۆرجار تەحەمولی هیچ جۆرە ڕەخنەیەک ناکات و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەمکوتکردن وبەلاڕێدابردنی ڕەخنەگرەکان دەدات بەڵام ڕەخنەگر لەو کاتانە دا نابێ گوێ بەو قسانە بدات و ئەوەندەی مەنتیق ڕێگە دەدا دەبێ لە ڕخنەگرتن و بیرازکردنی کەس ولایەنی لاڕێ و هەتڵە بەردەوام بێ. ئەوە ئەرکی ڕووناکبیری دەرووست و ڕەخنەگرە.

لێرەدا با ڕوونتر بڵێم کە مەبەستی من لەو باسە چیە. ئایا کەس هەیە نکۆڵی لەوە بکات کە چەندین ساڵە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات هاوارمان دێ و ئەوحیزبانە خوری شۆر دەکوتین ودایاندەپاچین کە بۆ بەرەیەک پێک ناهێنین و بە دڵنیاییەوە هەقیشمان بووە لەو بیرازکردن و داپاچینە ؟ دەی ئێستا رووی قسەم دوو کۆمەڵە خەڵکەیە کە چۆنە کە ئیستا سەرەتای ئەو هەنگاوە بە ناودندی هاوکارییەوە دەستی پێکردووە ٤ کەس لەو تۆڕی کۆمەڵایەتیەی فەیس بووکدا لەسەر ئەو ناوەندەی نەنووسی و هەوڵی نەدا بیناسێنێ و هەڵی سەنگێنێ و رەخنە و پێشنیاری جیدییان بخاتە بەر چاو بۆ باشتربوون وچالاکتربوون ؟!

ئایا لەوماوەیە دا کە دەنگۆی ئەمە هەبوو کە حدک بایکۆتی هەڵبژاردن ناکات، یان کۆی ئەوانەی لە ناوەندی هاوکاریدان لەبەر ئەوەی بە قسەی هەندێ لایەن خەریکی وتووێژن دەگەڵ کاربەدەستانی ئێران بایکۆتی هەڵبژاردن ناکەن کەممان رەخنە لەو وەزعە گرت؟ کەممان سەروگوێلاکی ئەو حیزبانە تێککردووە؟ دەی کە ئیستا ئاسەواری ئەو بایکۆت کردنە لە وتەی بەرپرسانی حدک و حدکا را دیارە ڕەخنەگرانی ئەو دوو لایەنەی دێموکرات بۆ بێدەنگن یان بۆ لێرەو لەوێ هەر ئەوە وڕێنەیە دووپات دەکەنەوە کە ئەو حیزبانە بایکۆتی هەڵبژاردن ناکەن یان ناوێرن بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن! ئایا ئێمە لە ناخی خۆماندا دووڕووییەکی زل و زەبەلاحمان حەشارداوە و پێمان خۆشە بایکۆتی نەکەن تا بلێین ئەها نەمان کوت بایکۆتی ناکەن و قسەی ئێمە وەراست گەرا؟

دۆست و هاوڕێی ئازیز، تۆ نابێ وا بۆ مەسەلەکە بچی ئەگەرچی بەداخەوە دڵنیام ئەوکەسانەی ئاوا بیر دەکەنەوە کەم نین؟ بەڵام هاوڕێ و دۆستی ئزیز تۆ نابێ ئەوە ستراتیژی بیرکردنەوەت بێ، بەڵکوو تۆ ئەگەر دژبەری ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانی دەبێ خۆشحاڵ بی کە یەکەم ڕەخنەکانت کارساز بوون و ئەو لایەنانەی کە دووچاری هەڵەی هەڵسەنگاندن بوون هەرنەبێ بەشێکی لەژێر کارتێەکری ڕەخنەکانی ئێوەش بووبێ وشیار بوونەوە ئیتر ئەوە دەبێ ببێتە جێگای خۆشحاڵی تۆ و ئەوجار ئەرکی سەرشانتە هانی ئەو لایەن و کەسانەش بدە کە دەگەڵ تۆ و ئامانجەکانی تۆ یەک دەنگ و یەک رەنگن.

لەو بابەتە دا ئەگەر گرینگترین مەسەلەی ئایندە لەبەرچاو بگرین دەبێ هەموان بە هاوئاهەنگی و بە کارکردنی بە بەرنامە هەوڵ بۆ سەرخستنی ئەو شانۆگەریە بدەین کە ناوی نراوە هەڵبژاردن، بایکۆتی ئەمجارە بە شەرتێک حیزبەکان وەک ناوەندی هاوکاری بایکۆتی بکەن و کاری بۆ بکەن بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبێ و شکستێکی گەورە تووشی ڕێژیم دەکات و ئەو سەرکەوتنەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ هاوئاهەنگی زیاتر لە نێوان خەڵک و هێزەکوردستانیەکان. ئەو شتەی ئێمە ساڵەهایە بەدوای دا دەگەڕێن و لە نەبوونی دا گلەیی و گازندەمانە لە حیزبەکان.

١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٩

# بابەتی: ساڵی ٢٠٢٠

## کوردستان، نیشتمانی باب و باپیران، ساڵێ تازەت پیرۆز بێ

چاوم لە ڕووداو دەکرد و گەنج ولاوەکانم دەدیت کە لە دەوری یەک کۆبوونەوە و سەما دەکەن وهەڵدەپەڕن شاد و خۆشحاڵن بە بۆنەی ساڵی تازەوە.

بە دیتنی ئەو دیمەنانە هێندەی دیکە خۆشحاڵ بووم کە دەبینم لانی کەم لە بەشێک لە خاکی نیشتماندا گەلەکەمان بە خۆشی و بە شادومانی ساڵی تازە پیرۆز دەکات.

لاوەکان، کچان وکوڕانی نیشتمان قەدری ئەو وەزعە بگرن، ڕازیش مەبن بەوەی کەهەیە بەڵام کوفرانی نیعمەتیش مەکەن، بەڵێ رازی مەبن وهەوڵی چاککردن وباشتربوونی ژیان وگوزەران بدەن بەڵام ئامان نەکەن جارێکی دیکە دەداوی داگیرکەران کەون وبە فیتی ئەوان دەگژ حکوومەتە کوردیەکەی خۆتان ڕۆ بێن، مەگەر نابینن ئێوە ، نە وەک کۆڵبەر بە گوولەی داگیرکەران خەڵتانی خوێن دەبن، نە لە ڕێگای نان پەیداکردن لەسەرمان ڕەق دەبنەوە، نە بە هۆی باوەڕی سیایی لە شەقامەکان بەدار دا دەکرێن.

چاوکراوە و وشیار بن، بەغدا ببینن کە بۆتە شاری بێدەروازە و ئەو حکوومەتەی هەرێمیش ببینن کە سەرباقی هەموو پیلان و دوژمنکاریەکان، خەیانەتەکان، بەلام لەسەر پێیە ولانی کەم ئازادی و بە سەرفرازی ژیانی بۆ دەستەبەر کردوون. بەڵێ هەم قەدری خۆتان بزانن و هەمیش هەرگیزا و هەرگیز بەوەی هەیە ڕازی مەبن وهەوڵی باشترکردن بدەن بەلام نەک بە شێوازو دڵخوازی داگیرکەران. کوردانەو بەرپرسانە ماڵی خۆتانە و نیشتمانی خۆتانەو حکوومەتی خۆتانە هەم ئەوان لە بەرامبەر ئێوەدا بەرپرسن و هەمیش ئێوە لەبەرامبەر حکووومەت و خاک ونیشتمانی خۆتاندا بەرپرسن.

خۆشیتان ئەوپەڕی ئاواتمە و بەو هیوایە ئەمساڵ ئەمامی ڕێفراندۆم بێتە بەر ویەکەم دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە



سەرچاوە Serchawe

باشووری کوردستان بێتە سەر کار..

باشووری دڵ و باشووری برا و هیوای کوردان ساڵی نوێت پیرۆز بێ.

بەو هیوایە کە دەستی ڕەشی فاشیزم تورک لەخاکی ڕۆژئاوای دڵ ببڕیتەوە و شار وگوندی داگیرکراومان بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خەڵک و چیتر ئەو گەلە هەژار وبەش مەینەتە دەربەدەری وماڵوێرانی نەبینێ.

بەو هیوایە کە باکووری کوردستان لەژێر هەڕەشەی فاشیزمی تورک و حیزبە دڕندەکەی ئەردووغان هەناسەیەکی بێتەوە بەر و بتوانێ بە خەباتی مەدەنی بە گوڕ ئەوەی لەدەستی داوە وەری بگرێتەوە و ئەو حکوومەتە خیلەسەرە فاشیستییە لە لایەن خەڵک تورک و کوردەوە بۆ هەمیشە لە گۆڕ بنرێ و کورد لەو بەشە لە کوردستان دوای ئەو هەمووە خوێن و قوربانیدانە بە مافی ڕەوای خۆی بگا.

بەو هیوایە ڕۆژهەڵاتی هەست وهەناسەم لەساڵی داهاتوودا جارێکی دیکە رووی ئازادی وئارامی بە خۆیەوە ببینێ و لەو ساڵە دا ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران بەدەستی بەهێزی گەلانی زۆرلێکراوی نیشتەجێی ئێران تەفروتونا بێ و ڕێبەر و سەرکردە ئینسانکوژەکان بەسزای ئەو جنایەتە بێ ئەژمارانە بگەن کە دەرهەق بە خەڵکی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان کردوویانە.

دۆستان و خزمان و هاوڕێیان، بەو هیوایە ساڵێ داهاتوو ساڵی وەدیهاتنی ئاوات وئاوەرزووەکانتان بێ.

١ی جانیۆیری ٢٠٢٠

## هۆکاری کەمی بەشداربوانی مەهاباد لە مەراسیمی بە خاکسپاردنی قوربانیانی فرۆکە ئوکرایینییەکە چ بوو؟

ڕۆژهات موکریانی خۆی خزمی قوربانیەکانە و سپاس بۆ ڕوونکردنەوەکەی کە ئیتر قسەی بۆ کەس تێدا نەهێشتەوە، بەڕێزیان لەسەر بەخاک سپاردنی قوربانیانی کارەساتی فرۆکە ئوکرایینییەکە دەنووسێ:
هۆکاری کەمی بەشداربوانی مەهاباد لە مەراسیمی بە خاکسپاردنی قوربانیانی فرۆکە ئوکرایینییەکە چ بوو؟

بەشی یکم (١)

هاوڕیان و ئازیزانی خۆشەویستم هەر وەک ئاگادارن لەماوەی چەن ڕۆژی ڕابردو بە هۆیی جەنایەتی ڕەژیمی پەت و سێدارەی ئیسلامی ئێران و کەوتنە خوارێ فرۆکەی مسافیر هەڵگری ئوکراین ١٧٦ کەس بونە قوربانی ئەو جەنایەتە کە ١١ لەو پەپولە بێ تاوانانە هاوڵاتی کورد بون و پێنج لەوان مەهابادی.

لێرە دەم هەوێ ئاماژە بە چەن خاڵێک بکەم بۆ وەی چی دیکە هێندێ هاورێ بە ناحەق هێرش نەکەنە سەر مەهاباد.

هاورێ بەرێز کە تۆ دێ و بە بێ هیچ چشنە پرنسیپێکی ئەخلاقی و زانستێک هێرش دەکەیە سەر مەهاباد ، با هێندێکت بۆ رون کەمەوە:

چەن ڕۆژ پێش من شۆرشی کوری خاڵم و چەن دۆستی بەرێز حەولمان دا بووین کۆڕ یادێک بۆ ئەو شەهیدانەی مەهاباد، لە مەیدانی چوارچرای سەربەرز وەرێبخەین و لە کورتە پۆستێک دا بە تکا و ڕەجاوە داوم لە هەموو هاوریان کرد بە بەربلاوی لە تۆرە کۆمەلایەتێکان و دونیای سوشیاڵ مێدیا کە رۆڵێکی گرینگ دەگرێ بۆ ڕاگەیاندنەکان بلاوی کەنەوە هەتا جەماوەری دانیشتوی مەهاباد و دەورو بەری ئاگادار بن و بەشداری ئەو کۆریادە بن.

چەن کەستان زەحمەتان بە خۆتان دا قامکێک بە بلاوکردنەوە بنێن یان بە قەولی فەیس بوک شەییری کەن؟

چەن کەستان بە خزم و دۆست و هاورێانی خۆتان کوت بەشدار بن؟

هاورێان رۆژنامەنوس و سیاسەتمەدار و خاوەن قەڵەم چەن کەستان بە تێر و تەسەلی هاتن ئەو کارەساتە شیوو بکەنەوە و چەن لایڤ و بەرنامەیی لەسەر ساز بکەن؟

گلێی و رخنە خۆم ئاراستە بەرێزانی حێزبەکانی رۆژهەڵات بە تایبەت دێموکرات و کۆمەڵە کرد کە بۆچی پاش پێنج رۆژان ئەویش لە رێگای ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەڵات سەرەخۆشی خۆیان ئاراستەی بنەماڵەی قوربانیان کرد ،بۆچی هیچ کام لە بەرپرسان و سکرتێرەکان و لیپرسراوەکانی حێزبەکان ڕاستەوخۆ پەیامی هاوخەمی خۆیان بۆ بنەماڵەی جەرگ سووتاوی ئەو رووداوە خەفتەبارە دەرنەبری؟ لە کاتێکدا ٢٠ لە ١٠٠ خەڵکی رۆژهەڵات نازانن ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەڵات چیە.

کام یک لە رێکخراوە مەدەنێکان،
کۆمەڵایێتیکان، ئەنجومەنەکان، کەسایەتێ دیارەکانی ناو خۆ و دەرەوەی وڵات، گروپەکانی چالاکی نێو خۆ یا دەرەوەی وڵات، نوسەرەکان، بە رەسمی یا غیر رەسمی یان بە بگرە بە نوسینی بابەتێک، شێعرێک هونراوەییێک یان ناردنی چەپکە گوڵێک یان بەنێرێکی دڵسۆزی بۆ ئەو بنەماڵانە هاوخەمی خۆیان دەربری؟

بەڵام هۆکاری بەشدار نەبونی خەڵکی مەهاباد لە تەسلیم بە خاک کردنی ئەو گوڵە جوانانە
هەر وەک دەزانن مەهاباد لە کۆنەوە شارێکی مەترسی دار بوە بۆ رژێم و هەر واش دەمێنێ هەتا کۆتایی بەو رژێم جەنایەتکارە دێ.

وەک ئاگادارن چەن کەسی خۆشەویستم لەو کارەساتە دڵتەزێنە لەدەست دا بۆیە زۆر لە نزیکەوە ئاگارداری هەموو شتێک هەم و لێرە با بۆتان روون دەکەمەوە.

شش رۆژ پێش بە بنەماڵەی ئێمەیان ڕاگەیاند کە تەرمەکان مانگێک دەکێشێ بیاندەنەوە.

لەوماوەیەش دا خودا هەڵناگرێ لە حەق لا نادەم ئێستاشی دەگەڵ دابێ خەڵکی دڵسۆزی مەهاباد بەشدارێکی بێ وێنەیان لە پرسەو ماتەمی ئەو کۆچکردوانەن کرد و ئێستاش پۆل پۆل رو لەماڵەکانیان دەکەن و هەتا درەنگانی شەو لە خەمیان دا بەشداری دەکەن.

بۆیە ئەو بنەماڵانە کە زانیان مانگێک دواتر تەرمەکانیان دەدەنەوە سەبارەت بەوەی کە زۆر یک لە میوانە ئازیزەکان بە ساردی بەستەڵەکی زستان هاتبون و ماندوو بونێکی زۆریش بە بنەماڵەکانیانەوە دیار بو، بریاریان دا بۆ وەی چی دیکە ئەو خەڵکە ئەزێت نەبن و پرسەو سەرەخۆشی بە ڕەسمی لە مزگەوتەکانی مەهاباد دانێن،

خۆتان ئاگادارن پرسەی جوانەمرگ سروە و سنور دوێنێ ئێواریّ تەواو بو

باشە ئەگەر زانیبایان ئەورۆ تەرمەکانیان دەدەنەوە نەیان دەتوانی وەک عورفی کۆمەڵگا کە دەڵێن هەتا مردوو تەسلیم بەخاک نەکردریّ پرسەیی بۆ دانانێن بە شێوازی رەسمی ، ڕاوەستابان؟

بەگومان ڕادەوەستان و پاش ناشتنی تەرمەکان سەرەخۆشی ڕەسمیان بۆ ئەو شەهیدانە ڕادەگەیاند.

دوێنیّ درەنگانێکی شەو جەماعەتێکی کەیخودا و ڕدێن سپی بانگ دەکرێنە شوێنی تایبەت و لەویّ پێیان دەڵێن تەرمەکان هاتونەوە و سبەی بەیانی ساعات ٨ دەیانێژین و چەن کەسی ئێوەش دەتوانیّ بەشدار بیّ، هەرچەند ئەو کەیخودا و ڕدێن سپیانە و خاوەن تەرمەکان لەویّ هات و هاوارێکی زۆریان کردبوو بەڵام هیچیان بۆ نەچۆبو سەریّ و بگرە قەراریشان لیّ هەستاندبوون کە نابیّ بە هیچ شێوەییێک خەڵک ئاگادار کەنەوە دەنا تەرمەکان نابینن و خۆمان بە بیّ دەنگی دەیانێژین ، ئەوانیش لەژێر گوشار و فشارێکی زۆر ناچار قەبوڵیان کردبوو.

بە شاهیدی چەن کەسایەتی دیاری نشتیمان هەر ئەویّ شەویّ من حەولێکی زۆرم دا کە لێان لە قاوو دەم و نەهێڵم ئاوا بە بیّ دەنگی تەسلیم بە خاک بکردرێن.

یەکەم کار هەر زۆر بە پەلە دەگەڵ شۆرشی پەساوەند (خاڵۆزام) پۆستمان لەسەر فیس بوک و اینستاگرام و... داناو و داوامان لە هاورێان کرد بڵاوی کەنەوە کە دیسان بە داخەوە چەن کەسی دڵسۆز نەبیّ کەس بڵاوی نەکردوە. بەڵگە و سەنەدمان لەبەر دەستە بۆ چەن کاناڵ دەرەوەی وڵاتیش کە بینەر و خوێنەریان لە نێوخۆی وڵات زۆرە نارد، ئێستاڕێگای تەلێفون و واتسپایش ئەوەندەی بۆمان کرا هاورێانم ئاگادار کردەوە.

پاش نیو ساعەت لە دانانی پۆستەکەمان سەبارەت بە ناشتنی ئەو پەپولانە بە بیّ دەنگی، چەن کەسێک چوبونە ماڵی خاوەن سەرەخۆشێکان و هەرەشێکی زۆریان لێکردبون کە ئێوە قەراری خۆتان نەبردۆتە سەر و تەرمەکان نابینن و چی و چی، پاشان بە دەیان تەلێفون بۆ من و شۆرش کرا و تکا و ڕەجاییێکی زۆر کە پۆستەکانمان بسڕینەوە، بەڵام ملمان نەدا و

کاتمان دەکری کە جەماوەرێک زۆرتر ببیینێ و بڵاوی کاتەوە، کە بەداخەوە ئەویش نەکرا.

پێداگر بوین لەسەر ئەوەی نەیبسرینەوە بەڵام هەموو مرۆڤێکی کەللە شەق لە ڕاست کەسێک کە زۆر لە لایی بەرێزە هیچی پێ ناکرێ و ئەو خۆشەویستەش کە زۆر بو ئێمە جێگای ڕێزە لە تاو گریان و ڕۆ ڕۆیی ئەو دایک و کچانە ڕوی لەئێمە نا کە پۆستەکان لابەین و ئێمە ش نەمان توانی قسەی لە حەرزێ دەین و پۆستەکانمان سڕیوە.

هەستم بە سرینەوەی خۆم کرد و هەتا بەری بەیانی بە خەم و خەفەتەوە چاوم لە بەری میچی ژورەکەم بریبو و فرمیسکەکانم لەگەڵم دەدوان.

پاش سرینەوەی پۆستەکە و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە سەبارەت بەو هەموو زوڵم و زۆرەی لە لە گەلەکەمان دەکرێبە زەینم گەیشت لە ڕێگایی کەسایەتێ دیارەکانی فیس بوک و توێتر و اینستاگرام بەناوی وان و بە تکای من بڵاوی کەنەوە

پۆستەکەش هیچ شتێک نەبوو کە خەڵک بهاروژێنێ یان هیچ چەشنە بۆن و بەرامێکی سیاسی لێ بێ

دەقی پۆستەکە ئەوەی کە لە ژێروە دەی نووسم

"دانیشتوانی بەشەرەفی خەڵکی مەهاباد، سبەی ٢٥ بەفرانبار کاتژمێر ٨ بەیانی تەرمی شەهیدانی فرۆکەی ئۆکراین لە گۆرستانی مەهاباد تەسلیم بە خاک دەکری"

هەر وەک دەی بینن تەنیا و تەنیا ڕاگەیاندن بو، تەنانەت داوای وەشم نەکردبوو بەشدار بن.

بەڵام بەداخەوە دوو کەسیان نەبێ هیچیان بڵاویان نەکردەوە.

١٦ی جانێوێری ٢٠٢٠

# هاوارێک کە نازانم ئایا گوێ فاشیستەکان دەیبیسێ یان نا

چەند ساڵ لەمەو بەر برایەکی محەیدین ئیبراهیمی تان کە کۆڵبەر بووە شەهید کردووە، ئەوەندەی ئاگادار بم بابیشی هەر ئێوە شەهیدتان کرد، ئێستا ئەو محەیدین خەرج و بەخێو کردنی ١٦ کەسی دیکەی لە ئەستۆیە، ئەو نەبێ کەس نییە ژیان ورسق و رۆزیان بۆ دابین بکا، دڵنیا بن ئەگەر ئەم مرۆڤەتان نە کوشت و ئازادتان کرد ئەوە بۆ هۆی ئەو ئینسانەوە لایەکی ڕێژیم لێنابێتەوە، دڵنیاش بن ئێوە کەلاقێکتان لەسەر لێواری گۆڕە بە کوشتنی ئەو جۆرە ئینسانانە نەتەنیا بناخەی حکوومەتەکەتان قایمتر نابێ بەڵکوو ڕق و تووڕەیی خەڵک بۆ تێکەوە پێجانی دەسەڵاتە فاشیستیەکەتان توندتر دەبێ و خێراتر دەبێ. لەم چارەنووسی ئاخرشەڕەتان را بنواڕن ئەوەندەی تا ئێستا کوشتووتانە ئایا بناخەی ڕێژیمەکەتان قایمتر بووە یان پتر لەرزۆک بووە؟ ئەگەر دوای ئەو هەمووە کوشتارە ئێستا پێگەتان قایم وپتەوتر بووە دەی دەست لە کوشتن مەپارێزن بەڵام کە بناخەی ڕێژیمەکەتان لەرزۆکتر لە هەموو کاتە ئێتر دەبوو ئەو کوشتارە ڕابگرن.

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان، بە ویژدانی بێدارەوە هەڵوسیت بگرن و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆتان دەکرێ هەوڵ بدەن تا پێش بە ئێعدامی محەیدین ئیبراهیمی بگرن.

ئەو سەرنجەی کاک سەید خدر لەو بارەوە بخوێننەوە و ئەوجار هەوڵ وهیمەتێک بەڵکوو گیانی ئەو ئینسانە لە چنگ ئەو فاآشیستانە ڕزگار بکەن تا ١٦ ئینسانی دیکەش لەو دوای ئەو دا بێ هیوا نەبن.

کاک سەید خدر میر سەیدی لەبارەی ئەو ئینسانە ئاوا دەنووسێ:

ئازایەتی و بوێری ئەو کورە بێ سنوورە حەیف خەڵکی ئێمە گرینگی بە کوری هەژار و لێقەوماو نادا ئەو کورە ١٦ کەس بەخێو دەکا منداڵەکانی برایەکیشی کە سێ ساڵ پێش لە سنور بوو بە شەهیدی نان ئەوانیش بە خێو دەکا ! مخابن بە پیلانی سپای پاسداران هێندێک بەڵگە ساختەیان بۆ دروست کردوە و ئەو جار بە یەکجاری حوکمی ئێعدامیان پێداوە!

٢٤ی جانێوێری ٢٠٢٠

# حکوومەتی هەرێم و هەڵوێستە فەرمیەکان

قسەکانی نێچیروابن بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دوو تەوەردا جێگای تێڕامانن، یەکەم کاتێ دەڵێ ئێمە مەوقیفی خۆمان بە سەراحەت کوتووە و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ هەموو عێراق پێویستە و لەو بارەوشەوە بەیانمان دەرکردووە.

دووهەم سەبارەت بە ئاڵای کوردستان دەڵێ دانانی ئاڵای کوردستان جێگای خۆشحاڵییە بۆ هەموو کورد، ئەوە ڕێزلێنان نیە بۆ شەخسێک بەڵکوو ڕیزلێنانە لە خەبات و قوربانیدانی هەموو میلەتی کورد سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەروەها درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ، من پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو گەلی کورد و لە هەر کوردێک لە هەر شوێنیک بێ.

ئەو دوو هەڵوێستە فەرمیە چ وەک هەڵویست و چ وەک سیاسەت و بۆچوونی سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی هەندێ قین لەدڵ، بە پێچەوانەی هێندی کەچە ڕۆشنبیر، سیاسەتی سەربەخۆی خۆی هەیە و ئەگەرچی جارجارە لامە لامەی دیپلۆماسی لە بەرامبەر داگیرکەراندا ناحەز دەنوێنێ و ئازارمان دەدا بەڵام لە ئاکام دا هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی سەربەخۆیە و ناتەبایە یەکەم دەگەڵ سیاسەت و هەڵویستی ئێران و دووهەم دەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستی شیعەکانی بەغدا. ئەمەش وادەکا کە لەمەو دوا کێشەکانی بەغدا و هەرێم قووڵتر ببنەوە و کوردستان ناچار بێ روو لە ڕێگای دیکە بکاتەوە یەک لەوان سەربەخۆیی و بڕیارێ یەکلاکەرەوە.

لێرەوە ئەوراستیەمان بۆ دەردەکەوێ کە پاراستنی تاکە دەسکەتی کورد لە ئێستادا واتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرە و هەرجۆرە هەوڵدانێک بۆ دژایەتی کردنی حکووومەتی هەرێم وکەلێن خستنە نێو خەڵکی پارچەکانی کوردستان دەگەڵ باشوور بەتایبەتی ڕۆژهەڵات و باشوور با بڵێین لە هەندێ جێدا هەوڵ و تەقەلایەکی نائاگایانەیە کە قازانجەکەی تەنیا دەچێتە گیرفانی داگیرکەرانی کوردستان.

٢٤ی جانێوێری ٢٠٢٠

# ڕۆژهەڵاتتەوەری لە دروشمەوە بۆ کردار

لە کۆڵ مەلا مەزهەر بنەوە کاری گەورەترتان لەبەرە

ئەوەندەی کورد و نووسەر و چالاکی کورد خۆی بەرامبەر شتە بچووکەکان بەرپرسیار دەزانێ خۆی پێوە ماندوو دەکات. هەرگیز نیو ئەوەندە بەرامبەر کێشەسەرەکیەکەی کورد واتە ڕزگاری نیشتمانی خۆی بە پەرپرس نازانێ.

مەلا مەزهەرێک قسەیەکی کردووە کە لە ناخی هەموو ئیسلامییەکی شەریعەتخواز دا هەیە بە دەیانجار لە بلێندگۆی مزگەوتەکان ئەوشتەمان لە زاری مەلاکان بە برێک شلتر یان توندتر بیستووە. کەچی بەشی هەرە زۆری ئەوانەی خۆیان بەو کێشەوەماندوو دەکەن لە پرسە نیشتمانیەکانی دیکە بێدەنگ بوون یان بەلایانەوە شتێک بووە ]پێوەندی بە ئێمەی ڕۆژهەڵاتییەوە نەبووە! دەگەڵ ئەوەی ڕەنگە هەقی زۆربەیان بێ بەرامبەر بەو هاتەران پاتەرانانە ناڕازی بن بەڵام لەو پرسە گرینگتر بۆ مەمانان ئاوڕدانەوەی جیدییە لە ڕۆژهەڵات و هەوڵدان بۆ یەکخستنی زیاتری ناوماڵی کورد.

لێرە وەبیر هەموولایەکی دێنمەوە ئەوکاتەی ئێمەمانان خۆمان بە پرسی سەربەخۆیی کوردستانی باشوورەوە ماندوو دەکرد کە پرسێکی نەتەوەییە هەندێ لەو دۆستانە ئێمەیان بە باشوور تەوەر و نازانم چی و چی تۆمەتبار دەکرد لەحاڵێکدا ئەو ئەرک بوو و دەبوو دەگەڵی باین وسەربازی ماندوو نەناسی ڕێگەی سەربەخۆیی باین بەڵام ئەوەیان نە ئەوەندە دەێنێ کە خۆی زۆر پیوە ماندوو کەی نە هێندەش شتێکی عەجایبە و وەک کوتم ئەوە ناخی هەموو مەلایەک و مامۆستایەکی ئاییننیە کە شەریعەت بە سەرچاوەی حوکمی کۆمەڵگا دەزانێ.

بێجگە لەمە ئەگەر واقعبینانە بڕوانینە چارەسەر کردنی ئەو پرسە هەستیارە بەو ئاکامە دەگەین کە بەگژداهاتنەوەی وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی کورد لە توانای حکوومەتێکی ناسەقامگیر دەوراندەور پڕ لە دوژمن دانیەو ئەو مافی خۆیەتی لەو کات و دەمەدا وەکوو ئێمە هەڵسووکەوت نەکا وبەشێکی ئەو خەلکە دیندارە کە بە خورافات مێشکی شۆراوەتەوە لە خۆی نەهارووژێنێ.

سیاسەت لەسەر فەیسبووک و لە مەیدانی واقع و بەکردەوەدا وبەتایبەتی کە بەرپرسیارەتیت لە ئەستوو بوو یەکجار یەکجار فەرق و جیاوازی هەیە. با ئەو پرسە بۆ ڕۆشنبیران و چالاکانی سیاسیی و مەدەنی باشووری بەجێ بێلێن و بەکارێکەوە

سەرقاڵ بین کە ئەرکی سەرەکیمانە.

ڕۆژهەڵاتتەوەری دەبێ لە دروشم بێتەدەر و بەرەو واقع پەل بکوتێ و لە دروشمەش دا هیچ شتێک لەپێشەوەی یەکگرتنی هەموو هێزەکوردستانیەکانەوە نیە، لە هەلوومەرجی ئیستادا ئەرکی تاک بەتاکی ڕووناکبیر و نووسەر و چالاکی سیاسیی کوردە کە ئەو خالە بکاتە ئەسڵ و هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی لەو پێناوە دا بخاتە گەڕ.

لە دەورانی قاسملووی نەمر دا یەکێک لە دیارترین دروشمەکانی حیزبی دێمۆکرات ئەوە بوو:" ڕێکخراو چەکی هەرەگرینگی ئێمەیە" ئەو دروشمە لەسەر بەرگی هەموو ژمارەیەکی تێکۆشەربڵاوکراوەی تەشکیلاتی حیزبدا دەبینرا. مانای ئەو دروشمەش گرینگی دانی هەرچی زیاتر بوو بە ڕێکصراو وتەشکیلات لە حیزبدا، بەڵام ئێستا ئەو دroوشمە بە تەنیا لە دێمرات دا بەرتەسک نابێتەوە، ئەو دروشمە لەم کات ودەمەدا دەبێ ببێتە دروشمی کورد و ڕۆشنبیرانی کورد بۆ بەهێزکردنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کە هەموو حیزبەکان لەو ڕیکخراوەدا بەهەستی برایەتی هاوکار و هاوخەباتی یەکتر بن بۆئەوەی لە داهاتوودا ولە ئەگەری ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانەدا کورد دوای ئەو هەمووە قوربانیدانە و ئەو هەمووە ماڵوێرانییە ڕەنج بەخەسار نەبێ. ئەو ڕێکخراوە هەمان ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانە کە دەبێ پەرەی پێ بدرێ و بە کردەوە ببێتە بەرەیەکی دێمۆکراتێکی کوردستانی وهەموو حیزبە وهێزەسیاسیە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆ بگرێ.

٢٨ی جانێوێری ٢٠٢٠

## بایکۆتی هەڵبژاردن

بەدڵنیاییەوە، دیسانیش بە دڵنیاییەوە خەڵک ئامادەیی تەواوی هەیە بۆ بایکۆتی هەڵبژاردن، تکایە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان چالاکتر بن و لە تەلەویزیۆنەکان و ڕاگەیاندنەکاندا خەڵک لەو بارەوە وشیار کەنەوە. هەلوومەرجێکی هەستیار و چارەنوسسازمان لەبەردەم دایە، بێ خەم مەبن و گووڕوتینێک بە ڕەوتی # بایکۆتیهەڵبژاردن ببەخشن.

چالاکی سیاسیی وکۆمەڵایەتی کورد لە دەرەوە وناوخۆی وڵات، تکایە هەموو نووسین و لێدوانتان تەنیا لە ڕێگای بایکۆتی هەڵبژاردنەوە بێ و هەموو هێز و تواناتان بۆ ئەو بایکۆتە بخەنە گەڕ. بێ هیچ دوودڵییەک هەر کەس لە ئێمەمانان ئەوەندەی لەدەستی دێ خزم و کەس وندۆستانی خۆی لەو بایکۆتە ئاگادار نەکاتەوە و هەوڵ نەدا بۆ سەرخستنی لانی کەم قەرزداری ویژدانی خۆی دەبێ.

کوڕان وکچانی نیشتمان، ژنان وپیاوانی خەباتکار، ئیتر ئەمڕۆ ڕۆژی تاقیکردنەوەیە، ڕۆژی دەرخستنی ئیرادە وباوەڕ بە خۆ بوونە، تێکڕا بڕیارڕ بدەن نەچنە سەرسندووقەکانی دەنگدان و لە ماڵە خۆتان دا بمێننەوە. چارەنووسی هەموومان بەندە بەو هەڵوێستە نیشتمانیە. ڕیژیم نە هێزی جارانی هەیە و نە وزەی جارانی لە هەناویدا ماوە بۆ سەرکوت و بۆ داپڵۆسین، ئەوان ترسی ڕاپەڕین خەڵک و ڕامالینی تەخت و بەختیان ڕێنیشتووە. خەڵک و خزم و دۆست وئاشنا ئاگادار بکەنەوە با کەس نەچێتە سەر سندووقی دەنگدان. ئەم هەفتەیە، هفتەیەکی چارەنووسسازە و بە یەکگرتوویی و بڕوابە خۆبوون کارێک بەداگیرکەرانی کوردستان دەکەین کارستان.

٨ی فیبریوێری ٢٠٢٠

## مەلاڕەسوڵی پێشنماز، قوتابخانەی دێمۆکڕات

من لە مێژ بوو هیچ بابەتێکی کاک مەلاڕەسووڵی پێشنمازم نەدەدیت، وامدەزانی دۆست وهاوڕێی فەیسبووکی نین، ئەورۆ بە هەڵکەوت برادەرێک بابەتێکی کاک مەلاڕەسووڵی بۆناردم، کە لینەکەکەم کردەوە دیتم خۆ دۆستایەتی فەیسبووکیشمان هەیە بەڵام هۆکارەکەم نەزانی کە بۆ دەبێ من هیچ بابەتێکی کاک مەلاڕەسووڵی تێکۆشەر نەبینم.

من یەکەم جار کە کاک مەلاڕەسووڵم دیت وابزانم لە کردەیەکی پێشمەرگانە بوو ئەوکاتەی کە لە بنکەی محەمەدیاری درا و لە شەوێکی تارتیک وتنووکی ئەنگوستە چاودا دەگەڵی بووم. بێجگە لەوە زۆر جاری دیکەش لە نزیکەوە دیتووومە و هاوسەفەر بووین و ئەگەرچی لەمن بەتەمەنترە بەڵام ناسیاویمان هەیە و لە مێژە یەکتر دەناسین، بێجگە لەمە کە بۆرە خزمایەتییەکیشمان هەیە.
دواجار کە دیتمەوە ئەو کاتە بوو کە لە قەڵای دێمۆکڕات و پێش لەتبوونی حیزب لە سکرتاریا تووشی هاتم و سڵاو چاک وخۆشی و بە پێکەنینەوە کوتی چیە دیسان خۆت تووش کردەوە.
ئەورۆ دوای دیتنی ئەو بابەتە بە لاپەرەکەیدا چوومە خوار و هەرچی لێم دیت جگە لە بەرژەوەندی نەتەوە نیشتمان، جگە لە وره بەخشین، جگە لە باوەڕ و ئیمان بەرێبازێک کە خووی پێوە گرتووە لێم بەدی نەکرد. دەەس بەجێ ئەو پرسیارەشم بۆ قوت بووە کە گەلۆ چما چالاکی سیاسیی و دێمۆکراتی ئەورۆ وا بیرناکاتەوە و قەڵەم و گوتار وکرداریان تەنیا وتەنیا ناخەنە خزمەت گەل ونیشتمانەکەیان؟
بەبڕوای من مەکتەبی راستەقینەی دێمۆکرات ئەوانەی وا پەروەردە کردووە، ئەمانەی کە رۆژگارێکی سەخت و دژواریان لە خەبات دژی داگیرکاری و فاشیزمی مەسەبی ئێران و رێژیمی پاشایەتی دا تێپەڕاندووە، ئەوان قەدری کوردو بزافە هەستیارەکەی و پڕ لە دوژمنەکەی دەزانن بۆیە قەڵەمیان تەنیا بۆ هێز و ورەبەخشینە بە بەرخۆدان و بە مقاومەتی ڕەوای خەلکی کوردستان.
لێرەوە با ئەوەندەش بڵێم دەزانم و هەست دەکەم کە ڕەنگە لە هەندێ بواردا من وبەرێزیان هاوڕا نەبین بەڵام کاک مەلاڕەسووڵ زۆر شتی هەیە بۆ لێفێربوون دەبێ.

**بە هیوای ساخی و تەمەندرێژی کاک مەلا ڕەسووڵ و باقی تێکۆشەرە دێرینەکانی حیزب و گەل.**

١٣ی فیبریوێری ٢٠٢٠

# ئێران ناوەندی بڵاوبوونەوە وایرۆسی کرۆنا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

تەنیا بەکار هێنانی هێز و بە زەبری هێز حکوومەت کردن بەسەر خەلک دا هونەر نیە، ڕابردوو هیچ، بڕواننە سیستەم و ئیدارەکردنی وڵات لە لایەن فاشیزمی مەسەبی ئێران تەنیا لە ماوەی یەک هەفتەدا، ئەو ڕیژیمە بە هەمووی دنیای سەلماند کە بێ کفایەتترین حکوومەتە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا.

کرۆنا ئەو وایرۆسە ماڵوێرانکەرە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوینی گرتەوە تەنیا لە ڕێگای ئێرانەوە. لە ناوخۆیێ ئێرانیشدا بە دەیان کەس بەو وایرۆسە گیانیان لەدەست داوە و بە سەتان تووشبوو هەر ئێستا بە دەست ئەو وایرۆسەوە گیرۆدە بوون.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کاتێ من دەمدیت لەو بارەوە خەلک دەیانکوت تەنیا خۆمان دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێ جار جارە پێکەنینم بەو قسەیە دەهات بەلام ئێتر ئەوڕۆ ئەو ڕاستیە دەرکەوت کە خەلک تەنیا خۆیان دەبێ ئاگایان لە خۆیان بێ و لەوە خاترجەم بن ئەو ڕێژیم وئەو سیستەمە هی ئەوە نیە دەفریای کەس بێ. ئەگەر وابوایە لە ماوەی ٤٠ ساڵ حکوومەتداریدا لە جیاتی بە لێشاو پارە بۆ سازکردنی مووشەک خەرج بکات تا ئیسرائیلی لەسەر نەخشە پێ بسڕێتەوە ئەوا دەفکری ڕەخساندنی ئیمکاناتی خۆشگوزەرانی و ئاسایش و ئاسوودەیی و سلامەتی خەڵکەکەی خۆی دا دەبوو.

پێتانوانەبێ لە باری باوەڕ و عەقیدەی ئەو دڕندانەوە ئەوە شتێکی خیر نەبێ و کێ دەڵێ بە مژدە گەورەکەی دەرکەوتنی ئیمامی زەمانی نازانن هەر بۆیە هاوکار دەبن بۆ لە ناوچوونی مرۆڤایەتی لانی کەم لە ناوخۆیان و دەوروبەریان دا.

٢٥ی فیبریوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## دیاری هیوا و دەردەسەرییەکی تازە

دۆینێ چووبووم بۆ هێنانی هەندێ کەلو پەل بۆ دووکان، کە هاتمەوە تانیا کوتی بەستەیەکمان بۆ هاتووە و هێنای و لەسەر میزەکەی دانا. هەرچی بیرم لێکردووە هیچی تازەم نەکڕیبوو کە بۆمان بێ و بەستەکەش زۆر گەورە نەبوو، کارتۆنەمان هەڵپچری و سەیرم کرد هیوای کوڕم لە ئەمریکا را کۆمپیۆتێرێکی APPLE بۆ ناردووم.

دەس بەجێ زەنگم بۆ لێدا و کوتم ئەوە ئەتۆ ئەو کۆمپیۆتێرەت ناردوو؟ کوتی ئادی ویستوومە سووڕپرایزت کەم.

ڕەنگە لە ژیانمدا ئەوە یەکەم شت بێ لەلایەن کوڕەکانمەوە بە من بگا ئەگەرچی شوکوور پێویستیم بە هیچیان نەبووە بەڵام ئای کە کوڕ یان کچ شتێک هەرچەندی بایەخی هەبێ کەم یان زۆر بۆ باب یان دایکی دەنێرێ چەندە مرۆڤ پێی دڵخۆش دەبێ، نەک بە نرخ و بەهای دیاریەکە بەڵکوو تەنیا بۆ لەبیربوونەکە و وەفاداریەکە.

ئێستا ئەوە لە دۆینێوە دەگەڵی پێوەبووم، لە پێشدا فۆنتی کوردیەکەم پێویستە و بۆم جێ بەجێ نەبووە. شتەکانی دیکە وردە وردە خەریکم دادەبەزێنم و کاری پێدەکەم. جا ئەگەر خێرخوایەک هاوکاری کردم بۆ دابەزاندنی یان چۆنیەتی کار کردن بەفۆنتە کوردیەکە ئەوە قەرزاری چاکەی خۆییم دەکا.

لە ناخی دڵمەوە هیوای ساخی و سلامەتی بۆ کوڕ و کچانی کورد دەخوازم و ئارەزوومە هەموویان لە ژیان و کار و تێکۆشانیان دا سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

٣ی مارچی ٢٠٢٠

## کورد لەبەردەم تاقیکارییەکی کەموێنەدا

دەستتان خۆش بێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی بە دیتنی هەندێ دیمەنی پاککردنەوەی ناوشار و پشکنینی تاک بەتاکی خەڵک لە سەر ڕێگاوبانەکان نیشانتان دا یەکەم خەمخۆری گەلەکەتانن و دووهەم سەلماندتان کە لە پێناو سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی دا، کورد نابێ لە هیچ قوربانیدانێک سڵ بکاتەوە.

ئەوەی ئێوە لەو ماوەیەدا کردتان و تا ئێرە زۆربە باشی تێیدا سەرکەوتوو بوون لە هیچ یەک لە ولاتانی دەوروبەر، ئەوانەی چەند سەت ساڵە حکوومەت ودەوڵەتیان هەیە نەبینراوە، ئێوە لە بارەی پاراستنی هاوولاتیان و بەرەوڕووبوونەوە دەگەڵ ئەو پەتاماڵوێرانکەرەی وایرۆسی کرۆنا تەنانەت لە هەندێ حکوومەتی ئوروپاییش لەپێشترن.

بەڵێ دەستتابن خۆش بێ چۆن پاک و خاوێنی هەر پارچەیەکی کوردستان، هەر شارێکی کوردستان، شوێنی ڕاستەوخۆ لەسەر خەلکی بەشەکانی دیکە دا دەنێ. بۆیە تا ئێرە لەگەڵ ئەوەیدا کە ئێران بۆتە سەرچاوەی دووهەمی ئەو ویرووسە و هاوکات مەکوی هەناردە کردنی ئەو وایرۆسە بۆ ولاتانی دەوروبە، بەڵام هەم ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هیمەتی چالاکانی مەدەنی ناوخۆ تا ئەم دەقیقەیە زۆر چاکی ئاگا لە خۆ بووە، هەمیش باشووری کوردستان و حکوومەتی هەرێم بە گرتنەبەری ڕێوشوێنە تەندروستیەکان تا ئێرە سەرکەوتووب بوون وهەر بۆیە کەمترین خەسارەت وە کورد کەوتووە، هیوادارم هەمووڵایەک زیاتر لەجاران و جیدیتر لە پێشوو، گوێڕایەڵی ڕینماییە پزیشکیەکان بن و گرینگترین مەسەلەش لە لە ماڵ نەهاتنە دەرە.

سپاس دوکتور و پەرستارە ماندوونەناسەکان، ئێوە پێشمەرگە فیداکارەکانی گەل و نیشتمانی خۆتانن و لە کاتی تەنگانەدا نیشانتان دا گەل و نیشتمان دەبێ شانزایتان پێوە بکات.

سپاس بۆ ئەو هاووڵاتیانەی لە ڕەچاوی ڕینماییەکانی تەندروستی دەکەن، هیوادارم زیاتر و زیاتر هەمووو ڕێوشوێنەکان بۆ خۆپاراستن لە تووش بوون بە وایرۆسی کرۆنا ڕەچاو بکەن.

بە هۆی دووری ڕۆژئاوای کوردستان لە ئێران و باکووریش بە بوونی حکووومەتی تورکیا و کۆنترۆڵ کردنی سنوورەکان وادیارە وەزعیان باشترە و هیوادارم لە بەڵای کرۆنا بە دوور بن.

١٣ی مارچی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## قسەیەک دەگەڵ خوشک وبرایانی موسوڵمانی کوردستان

جارێ لە پێشدا ئەوەی من وبنەماڵەی ئێمە بناسێ دەزانێ باب وباپیرانی ئێمە لە کەسانی هەرە دیندار و خۆش نێو وسەخاوەتمەند و خێرخواز بوون، حاجی جانگیر بابی من تا لە ژیاندا ما، ئەوەندە ساڵەی توجارەتی کرد و پارەی هەبوو و پارەی لە بانکەکان دا دەنا هەرگیز بۆ یەک جار فلسێکی لە بانک وەک سوود وەرنەگرت. باشم لەبیرە کە گوشارمان خستبووە سەر بۆ ئەوەی خانووەکەی تێک بدا و لەسەررا سازی کاتەوە دەیکوت پارەی تەواوم نیە و تا بە پارەی خۆم نەیکەم بە پارەی بانک ئەمن خانوو تێک نادەم و سووت نادەم بە بانک، من نە سووتم خواردووە و نە سووت دەدەم بە بانک.

ئەوەم بۆیە باس کرد کە جار جارە ئەگەر نقورچێک لە ئیسلامی توندئاژۆ و خورافاتی دەگرم کەس پێی وانەبێ بنە جووم! نا لە ماڵباتێکی موسوڵمانی دیندار چاوم بە دنیا هەڵیناوە و هیچ نەبێ لە بەر خاتری دایک وبابی خۆم ڕێز لە کەسانی باوەڕمەند و باوەڕەکانیان دەگرم.

لەو ماوەیەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاڕی داخستنی مزگەوتەکانی دا هەندێ کۆلکە مەلای قازانج پەرەستی هیچ نەزان دەمەلاسکەی حکوومەتیان دەکردەوە و لەبەردەرگای مزگەوتەکان نوێژی جەماعەتیان دەکرد. ئەمن لەوە دڵنیام ئەگەر حکوومەت بە جیددی پێشی بەوانە نەگرتبا ئەو مەلایانە زۆر یەک لەو خەڵکە موسولمانە وئیمانداراەیان تووشی ئەو بەڵایە دەکرد و ماڵ ومنداڵیان بێسەرپەرەست دەمانەوە. جا با لەو بارەوە داستانێکی واقعی و ڕاستەقینەتان بۆ بگێڕمەوە. من لێرە و لەکانادا دووکانم هەیە و شتو مەکی ڕاوەماسی و کەمپینگ، چادر و کۆڵە پشتی و بەلەم و وەرزشە سەرئاویەکان دەفرۆشم، دووساڵ لەمەوبەر یەکیک هاتە دووکان و کوتی من تازە دەمهەوێ فێری ڕاوەماسی بم، دەبێ یارمەتیم بدەی و قولاپێکیشم بۆ دەسەریەک کەوە بە هەموو شتێکەوە. بەڵام جارێ نا دوایی دێمەوە.

کە ئەو ڕۆی بە تانیا م کوت ئەوە بۆ مشتەری نابێ، ڕۆیی وباوەڕ ناکەم بێتەوە، بەڵام لە دڵەخۆمدا لەشتێکی دڕدۆنگ بووم، هێندی بوو، موسوڵمانی حەنەفی بوو، ڕدێنێکی کەمی هەبوو، کڵاوێکی سپی لەسەر کردبوو، حەنەفیەکانی هێند ئەوەی من لێرە دیبێتم زۆر نەرم ونیانن، کاریان بە کەس نیەو هەمیشە پێم لەوانی دیکە باشتر بوون، ئاخر هەموو جۆر هاتووچۆی دووکان دەکەن، باوەڕ بکەن لەسەتا ۹۰ ی موسوڵمانی لای خۆمان یەک قسەی ڕاستی لێنابیسی.

زۆری پێنەچوو ئەیاز هاتەوە، ئەوەی کوتبووی هەموویم بۆ هێنا و دەسەریەکم کردەوە و ئیتر هەم بوو بە مشتەری هەم بوو بە دۆست، دووساڵ دەبی یەکتری دەناسین، لە ژیانمدا ئینسانی هێندە دروست و ڕاستگۆ بە دڵ و دەروونم نەدیتووە، لە ماوەی ئەو یەکدووساڵە دا گەلێ جاران یان دەگەڵ گرووپی راوەماسیان هاتۆتە دەرێ و دیتوومە یان جار جارە بە یەکەوە چووینە ڕاوە ماسی، ئەگەر هەموو موسوڵمانی دنیا وەک ئەوە بان دنیا دەبوو بە شامی شەریف، ئاخر ئەو ئینسانە یەکجاری لەمن نەپرسی ئەرێ نوێژ دەکەی یان نا؟ بەڕۆژوو دەبێ یان نا!

لە تورکیە دۆستێکم هەبوو ناوی یەشار بوو، سەری چووبا نوێژ و ڕۆژووی نەدەچوو، بەڵام ئێوارە نەبوو راکی نەخواتەوە، پێکەوە بووینە دۆست، دەچووینە راوەماسی. جارێکیان لە راوەماسی بووین کوتی:

ئیبۆ ئەتۆ هەر دەڵیی کوردیش موسوڵمانە و مەزلوومە ئەدی زاڵم ئەتۆ بۆ نوێژ ناکەی؟

کوتم برادەر یاشار دیسکم هەیە!

چاوێکی لێکردم و بڕێک تووڕە وبڕێک بە پێکەنینەوە کوتی ئەدی بۆ بەڕۆژوو نابی؟

کوتم "زەخمی مەعدەم هەیە"، نەیدەزانی تووڕە بێ یان پێبکەنێ. بەڵام یەشار سەت جاری لێدووبارە دەکردمەوە کە ئیبو لانی کەم نوێژ ناکەی ڕووژوو بگرە با لەو دنیای کەممان تێهەڵدەن!

ئەیاز وا نەبوو هەرگیز کاری بە من نەبوو، ئەورۆژانە کە ئەو وایرۆسە بڵاو بۆوە دووسێ جار دیتم و پێم کوت تکایە مەچۆ نوێژی جەماعەت، لەوێ خەڵکێک هەیە گوێ بە هەموو شت نادات، کوتی دەوڵەت ناهێلێ لە ١٥ کەس زیاتر بچێتە ناو مزگەوت ئەویش دەبێ ئانلاین نۆرە بگرییەوە. کوتم ئاخر هەر نابێ دەگەڵ یەک کەسیش دابنیشی.. بابت پیرە و دایکت نەخۆشە و دەبێ لە بەر خاتری ئەوان خۆشت و بابیشت ئەوە ڕەچاو بکەن.

پێش قەرەنتینە هاتە دووکان وکوتی بابڕۆین بۆڕاوەماسی بۆ دوو سەعات وەڕەز بووم لە کار کردن، کوتم ئەمن نایەم و خۆت بچۆ کوتی دەچم بەڵام خۆزگە ئەتۆش هاتبای، کوتم باشە دێم، ماسکم لێدا و دەستکێشم دەدەستی کرد و ماسکێکیشم دا بەوی، ڕۆیشتین و بۆ دوو سەعات لەدەرێ بووین. کە هاتینەوە لەڕێگا پێم کوت کوتم ئەمن ئەتۆم خۆش دەوێ ئینسانی چاکی تکایە هاتووچۆی مزگەوت مەکە کاکە لە ماڵە خۆت عیبادەت بکە، خۆت لەمن باشتر دەزانی خۆ خودا نەیکوتووە لە

سەر ئاوریش دەبێ عیبادەتی من بکەن! ئەو ویروسە ئاوورە ئەویش کوتی خۆ دەوڵەت لە پێرییەوە بەتەواوی مزگەوت کلیسای هەموو داخستوون.

چەند ڕۆژێک بوو ئاگام لێی نەبوو، دوێنێ ئێواری تەلەیفوونم بۆ کورد و کوتم چۆنی دیار نی. کوتی حاڵم خەراپە، شۆک بووم کوتم بۆ؟ کوتی هەم تام هەیە و هەمیش کۆخەیەکی زۆر، دەس بەجێ و زۆر بە جیددی کوتم، تکات لێدەکەم هەر ئێستا زەنگ لێدە با بێن بتبینن، خۆشت لە منداڵ و دایک و بابت دوورکەوە هەرچی زووتر زەنگ لێدە. کوتی وەڵا دوێنێ بابمیان برد بۆ بیمارستان.

دوێنێ شەوی پەیامم بۆدانا و وڵامی دامەوە لە بیمارستانم، بۆم نووسی تکایە ئاکامی تێستەکەتم پێ بڵێیەوە و نیگەرانیش مەبە چون ئەتۆ وەرزش دەکەی و بەهێزی ئەگەر وایرۆسیش بێ هەر سڵامەت دەبێ. کوتی ئاگادارت دەکەمەوە.
ئەو بەیانییە دووجارم پەیام بۆ نارد و ئەحوالم پرسی، ئێستا سێ سەعات دەبێ وڵامی نەداومەوە. بابی پیرە هیوادارم هیچی لێنەیە بەڵام هەموو دەزانین پیرەکان یەکەم قوربانی ئەو پەتا ماڵوێرانکەرەن.

ئەیاز خۆی دوومنداڵی هەیە، دایکێکی پیری دەماڵێ دایە، خەزووری پارەکانێ مرد، ئەوساڵ بە هەموو خەرج و پارەیەکی خۆی هەوڵی ئەوەیدا و قەرار بوو تا یەک مانگی دیکە بخەسووی بهێنێتە کانادا، دەیکوت فەقیرەو هیچیان نیە، با لێرە لە ماڵی ئێمە بێ لای کچەکەی خۆی. لە ناخی دڵمەوە و هیوادارم ئەیاز و باوکی و هەموو ئێسنانێکی گیرۆدەی ئەو پەتایە چاک ببنەوە و بەسڵامەتی بگەڕێنەوە نێو ماڵ ومنداڵی خۆیان.

ئێستا ئەگەر هاتوو ئەو باب و کوڕە لەو پەتایە ڕزگاریان نەبوو بزانن چ کارەساتێک بەرۆکی ژن و منداڵ و دایک و خەسووی ئەو مرۆڤە دەگرێ، بۆیە هیوادارم هەموو لایەک لەکوردستان بەتایبەتی پابەندی ڕێنماییەکان بن و گوێیان بە مەلاعەلی کەڵک و ئەو کۆلکە مەلایانەی لەم کاتەدا مەترسیدارەداهانیان دەدەن کە نوێژی جەماعەت وابوو واچوو نەبزوێ، باخۆیان و ماڵ و منداڵی خۆیان بە مانەوە لە ماڵ لەو پەتایە بپارێزن.

٢ی ئەپریلی ٢٠٢٠

## دەوڵەت و نەتەوە ونیشتمان و چەپی سەقەتی کوردی

کرۆنا جارێکی دیکە بە هەموو دنیای سەلماند کە هەرکەسەو نەتەوەکەی خۆی خۆشتردەوێ پێش خۆشەویستی خەڵکان و نەتەوەکانی دیکە، هیچ کەس پارووی لەزاری خۆی نەگێڕاوەتەوە و منداڵی خۆی برسی نەکردووە تا منداڵی خەڵکی تێر بکا با جار جارە سیلەی ڕەحمێکیشی بۆیان بزووتبێ.

لە چەپی سەرلێشێواوی کوردی بەدەر هیچ چەپێک نابینیەوە لەسەرتاسەری ئەم جیهانە لە هەلوومەرجی پەتایماڵوێرانکەری کرۆنا دەحکوومەت و دەسەڵاتی خۆی هەڵپێچی چەپرەک و چەپی سەقەتی کوردی نەبێ، ئەو توێژە کە دڵنیام ڕێژەیان زۆر کەمە ئێستاش مێشکیان وبیریان هەر لەدەوری ئوردوگای سۆسیالیزم و حکوومەتی پرۆلیتاریا و حیزبەبراکان خول دەخوا! دنیا گۆڕانی بەسەر داهات، دار و بەرد وەک خۆی نەما، تەنانەت کێوەکانیش بە هۆی باران وبەفر و بەسەتەڵەک بە دلنیاییەوە وەک خۆیان نەماون، هەندێکیان تاشەبەردەکانیان خزیون، هەندێکیان لە بەر بارانی بەخوڕ لایکیان جمیوە، کەچی ئەو چەپە سەرلێشێواوە هەر وشیار وبە ئاگا نەبۆوە و ئەوەی سی چل سال لەمەوبەر لە لاپەڕەی کیب و گۆڤارەکان دا فێری بووە هەربەهەمان عەقڵیەت و لێکدانەوە خەریکە تیۆریە ماوەبەسەرچووەکان، ئێکسپایەرەکان لەسەر کۆمەڵگای دواکەوتوو و فەقیر و نەداری کووردی دا تاقی دەکاتەوە.

هەر وڵاتەی ئیستا و هەر لەسەرەتای دەسپێکی ئەو پەتا ماڵوێرانکەرەی کرۆنایە یەکسەر هەموو ڕێکارەکانی گرتە بەر بۆ ئەوەی وڵات و نیشتمان ونەتەوەکەی خۆی لەو بەڵایە بپارێزێ، چەپ وڕاست ولیبراڵ و دیندار و بێدین لە ناویان دا نەما هەموو خەریکن وک یەک دەستەو گرووپ بەگژئەو پەتایەدادەچنەوە و هاریکارن بۆ ڕزگار کردنی خەڵک و ئابووری وڵاتەکەیان لەوهێرشە ماڵوێرانکەرە. یەکیتی ئورووپا کە تا ماوەیەک لەمەوبەر هیچ سنووڕیکی لە نێو ولاتانی ئورووپایی دانەهێشتبۆوە، دەس بەجێ هەر وڵاتەو بەجیا ئەو پەیمانەی بە کردەوە هەڵوەشاندەوە و سنوورەکانی بەڕووی ئەوانی دیکە داخست و هەرکەسەو لەبەرە خۆیەوە بۆ نەتەوە و نیشتمانی خۆی لەهەوڵ دایە تا لەوبەلایە بە کەمترین خەسارەت و زیان دەربچێ.

ئەمریکا کە هەمیشە بە میلیارد میلیارد دۆلار یارمەتی هاوپەیمانانی داوە و دەستی لە هیچ هاریکاری و یارمەتیەک نەگێڕاوەتەوە ئێستا ناهێلێ ماسک و دەمپۆش تەنانەت بۆ کانادای دەستە برای بچێ، هەر دوێنێ بوو سەرۆک وەزیرانی کانادا گلەیی لە دەوڵەتی ترامپ کرد لە ناکرێ پێش بەو مامەڵە و گرێبەستە بگرێ کە لەپێش فەرمانی ترامپ دا بۆ

قەدەغەکردنی هەرجۆرە کەرەسەیەکی پزیشکی بۆ دەرەوەی وڵات هەیبووە. هەر دۆینێ دۆناڵد ترامپ لە بەرامبەر پرسیاری هەوڵنێرەکان دا دووبارەی کردەوە و کوتی ئێمە هاریکاری هەموو لایەک دەکەین بە هەموو جۆر بەڵام کاتێ خۆمان پێویستیمان پێیەتی ناکرێ جاری ئەو کەرەسانە بۆدەرەوەی ئەمریکا بەرێ بکرێن.

ئەمە کورتەیەکە لە ژیان و گوزەران وهەڵوێستی هەموو ولاتانی جیهان سەبارەت بە هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی خەلکی خۆیان جا برۆ سەیری چەپە سەقەت بیرەکەی کوردیش بکە ڕۆژی چوار پۆست دەکا لە دژی تاکە و نیوە حکوومەتێکی کوردی. لەوەش خۆشتر لە سەر دیوارێ چەپێکی کورد و دڵسۆزێکی کورد دیتم ڕەخنەی توندی پۆستی یەکێک لەو نەخۆشانە گرتبوو کە داوای لەخەلکی باشووری کوردستان کردبوو کاتی هاتووە لەو دەمەدا ئەو دەسەڵاتە پەلامار بدرێ و رابماڵدرێ! دووبارەی دەکەمەوە ئەو تاقمە سەرلێشێواوە یەکجار کەمن و لەدەوری یەک کۆبوونەوە چەپڵە بۆ یەکتری لێدەدەن دەنا دڵنیام ئیتر خەڵک ئەوان وئەو فکرە سەقەت و ئیکسپایەرەی بە مێژوو سپاردووە بەڵام دیسان دەکرێ هەندێ گەنجی کورد فریوی ئەو ژاررشتنانە بخۆن بۆیە ئەوەم تەنیا وەبیر گەنجەکان هێنایەوە کە، وشیار بن دەداوی ئەو فروفیشاڵانە نەکەون، بەتەواوی گوێڕایەڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەسگا پێوەندیدارەکان بن لەسەرتاسەری کوردستان و خۆتان وبنەماڵەتان لە بەڵایەکەی ماڵوێرانکەر بپارێزن.

٤ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## شاعیری کوردپەروەر ناسری ئاقابرا بەجێی هێشتیین

ئەورۆ بە بیستنی ئەو خەبەرە وەها داچلەکام بۆماوەیەک شۆک بووم وتەنیا چوومەوە سەر لاپەڕەی بیرەوەریەکان دووبارە بەئارامی خزیمە ناوچیرۆکە تاڵ و شیرنەکانی ژیان.

ئەو ڕۆژانەم وەبیر هاتەوە کە لە ئەنجومەنی ئەدەبی کە بۆ شێعر خوێندنەوە بانگی ناسری ئاقابرایان دەکرد بە چ ئیرادەو باوەڕ بە خۆبوونێکەوە بەرەو پشت میز و مایکرۆفۆنەکە هەنگاوی دەنا.

من جگە لەوەی لە ئەنجوومەنی ئەدەبی دەیان جار دەگەڵی دانیشتووم و ڕاز و نیازی زۆر تایبەتیشم لە نێوان خۆم و ئەو لایە زۆر شەوانیش وەک دەورە میوانی دەگەڵ کۆمەڵێ لە دۆستان وشاعیران وئەدیبانی خۆش زەوق و پڕ بەرهەمی مەهاباد هەر شەوە و لە ماڵە یەکێک کۆ دەبووینەوە.

ئەو کۆبوونەوانە بۆ هەمووومان ئاسایی بوو هەموو دەمانتوانی خۆمان بگەیینینە ئەو ماڵەی قەرار بوو لێی کۆبینەوە، بەڵام ناسر چۆن هاتبا، خۆ ئەو چاوی نەیدەدیت، بینایی لە دەست دابوو، ئەو باسە لێرە بۆیە دەگێڕمەوە تا هاو کات یادێک بکەم لە کاک سەلاحی پایانیانی کە ئێستا خاوەن بەرهەمی ڕەنگینی "فەرهەنگی زارەکی موکریان"ە لە چەندین بەرگ دا، لەو کاتانە دا بە زۆری ئەرکی هێنان و بردنەوەی کاک ناسری لە ئەستۆ بوو، کاک سەلاحی خاکە ڕا و بێ ئیدیعا و خاکی و خەڵکی.

ناسر جگە لەوەی کە شاعیرێکی خاوەن هەست بوو، کوردێکی بێ غەلوغەش بوو، من ئاگاداری حەز و خۆشەویستی کاک ناسر بووم بۆ چ لایەنێک بەڵام ئەوەی بەسەر هزر وبیری ناسر دا زاڵ بوو کوردبوون و کوردایەتی بوو، بۆیە کە سەیری شیعرەکانی دەکەی کەمتر واهەیە تۆ هەست بەو باوەڕ و بەو هزرە نەکەی.

"قەندیل دەڵێ من سەر بە تەمم قەندیلم
تا خێڵی کوڕانم دەگەنێ هەر دیلم"

ئیتر خۆت دەبێ هەر لەو بەیتە ڕا پەیام و باوەڕی ناسری ئاقا برات بۆ دەرکەوێ.



سەرچاوە
Serchawe

تا ئەو جێگایەی من بزانم کەژاوەی دڵ و تریفەی ئاوات دوو دیوانی چاپکراوی شاعیری ڕووناکدڵی کورد ناسری ئاقـابرایە و بەرهەمی دیکەشی ئامادەی چاپ بوون کە نازانم چاپ کراون یان نا.

ڕوانی شاد و خزم وکەسی سڵامەت بن ، یادی ناسری ئاقابرا شاعیرە دڵسۆزو کوردپەروەرکەی کوردستان لەدڵ دا زیندوو.

٥ی ئەپریلی ٢٠٢٠

## ئێمەو کەیسی مستەفا سەلیمی غەدرلێکراو بەرەو کوێ؟

من وەک خۆم تا ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو ناوی قوربانی دەستی خەیانەتی کورد و ذرندەیی داگیرکەر کاک مستەفا سەلیمیم نەبیستبوو، بەڵام لە ماوەی دوور سێ ڕۆژ دا مستەفا سەلیمی بۆ سیمبولی مەزلوومیەتی کوردی ڕۆژهەڵات کەدەنگدانەوەی ئەوەندە بەهێزی لێکەوتەوە کەس نەیتوانی خۆی لێ بێدەنگ بکات، هەدنێ کەسی مووچەبگیری یەکیتی نەبێ.

لەم نێوەدا هەرکەسەو بە جۆرێک ئەو کەیسە کردە ئامانج و یان بۆ دیفاع کردن لە کوردی ڕۆژهەڵت یان بۆ کوتانی یەکێتی کە بەرپرسی یەکەمی ئەو کارەساتەیە یان بۆ کوتانی حکوومەتی هەرێم کە لەباری ئیداری و حکوومییەوە بێ هیچ گومانێک بەرپرسایەتی ڕاستەخۆی لانی کەم لێکۆڵێنەوەی لەو بابەتەی دەکەوێتە ئەستۆ.

لە سەرئەو بەبەتە تەنانەت داگیرکەران و کەسانی سەر بە نەتەوەی دەسەڵاتداریش بە مەبەستی تایبەتی هەڵیان کوتایە سەر حکوومەتی هەرێم ولەم نێوەشدا لەپێشدا فارسەکان ئەو کەیسەیان کردە گۆپاڵێک بۆ لەسەردانی کورد کە من وەک خۆم ناهەقیان ناگرم ئاخر ئەوەی کورد دەگەڵ کورد کردی هیچ میلەتێکی دیکە دەگەڵ خۆی نایکا. ئەوانی دیکەش وەک چالاکی سیاسیی ومەدەنی کورد لەو دوو سێ ڕۆژەدا هەرکەس بە هەر بارێکدا ئاوڕی لەو بابەتەو دابێتەوە کە ئامانجی مەحکووم کردنی ئەو تاوانە بێشەرمانە و خەیانەتکارانە بووبێ دەستیان خۆش بێ.

لێرەدا من دەم هەوێ لەو پێوەندیەدا بەکورتی ئاوڕ لە چەند بابەت بدەمەوە، یەکەم ئەگەر بمانهەوێ ئەو کەیسەش وەک کەیسەکانی دیکە پووشبەسەر نەکرێ دەبێ کەمپەینێکی جیددی وەڕێ بخرێ بە دوور لە جنێودان و سووکایەتی و بەم وبەو، دەبێ لینکێک ساز بکرێ و بە ئینگلیسی و ڕوو بە ڕێکخراوە بەشەردۆستەکانی دنیا و نەتەوە یەکگرتووەکان و خەڵک خۆیان بتوانن ناویان بنووسن وئیمزای بکەن، لەو لینکە دا ڕێک دەبێ ڕووبکرێتە ئەو ڕێکخراوانە کە لە حکوومەتی هەرێمیان بوێ ئەو مەسەلە ڕوون کاتەوە و خۆشیان دەستەیەک بنێرن بۆ کوردستان با سەرپەرەستی ئەو کەیسە بکات، بەم شێوەیە نەبێ ئێمە رەنج بەخەسار دێننیە دەرێ و ئەو بابەتەش وەک ئەوانی دیکە بە هیچ کوێ ناگات. دیارە ڕێکخراوە بەشەردۆسەتەکان لە کوردستان ئەو هەوڵەیان داوە و ئەمنیستی ئینترناشنال و چەند ڕێکخراوێکی دیکەیان لەو کارە ئاگادار کردۆتەوە بەڵام ئەگەرئەو لینکە بۆ ئیمزا کۆکردنەوە بە زوویی ساز بێ تا خەڵک سارد نەبوونەوە دەکرێ بە دەیان هەزار ئیمزای بۆ کۆ کرێتەوە ئەمەش پشتگیرییەکی باش دەبێ بۆ بە دوا داچوونی ئەو کەیسە.

دووهەم، لەو ماوەیەدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشووری کوردستان بەرەوڕووی گلەیی وگازندە و ڕەخنەی نامەتیقی و مەنتیقیش بوونەوەکە لەو کەیسەدا بە گوێرەی پێویست وەدەنگ نەهاتوون، ئەگەر تەنیا چاو لەبەیاننامەکان بکەین و بەتایبەتی ڕوونکردنەوەکەی دۆستانی کۆمەڵە ببینین کە پەشیمانی پێوەدیارە بە نیسبەت بەیاننامەکەیان و کڵاوی خۆمان بکەیەنە قازی و ویژدان لەبەرچاو بگرین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوحیزبانە لە ژێر چ گوشاریکدان؟ چاوەڕیی زیادەڕۆیی لەو حیزبانە یانی نەخوێندنەوەی واقعی ژیان و گوزەرانی ئەوان لە ژێردەسەلاتی بکەرانی تاوان و خەیانەت دا، من داکۆکیان لێناکەم بەڵام بە دیتنی ڕوونکردنەوەکەی کۆمەڵە کە وەک پەشیمانناماە دەچوو ئەو ڕاستیەم جارێکی دیکە بۆ دەرکەوت کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەوە زیاتر و بێ ئیزنی ئەوان بنووسن خاپوور دەکرێن و پێشیان دەکرێ وەک ئاوخواردنەوە. کە وایە من وەک خۆم ئەو حیزبانە لە ئێستا دا وەک بارمتە حیساب دەکەم و هیچ گلەییەکیشیان لێناکەم، هەموو ئەوانەی دادەگرێنە حیزب وکۆمەڵە کە لە ژێردەسەڵاتی یەکێتی دا دەژین بە دڵنیاییەوە ئەگەر خۆیان یەکێک لەو کەسانە بان کە لەوێ ژیابان لەوە زیاتریان نەدەکرد کە ئەو حیزبانە دەیکەین.

سیهەم، لە جیاتی بە گژعەلی جەوانمەردی یان ئەم وئەو دابچن کە پیاوی کێیە وهی کێ نیە، لە جیاتی ئەو تەعەسوب و دەمارگرژی حیزبی ماڵوێرانکەرە، هەست بە هەلوومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، من وەک خۆم خۆزگە دەخوازم ڕۆژهەڵات ٥ کەسی وەک عەلی جەوانمەردی هەبا یەک کەمە، با ڕەخنەی لەسەر بێ باهەندێکمان بە دڵمان نەبێ بەڵام لە عەلی جەوانمەردی بترازێ کێ هەیە ئێستا و لەم دەم و دەستە دا لە سەر کوردی ڕۆژهەڵات لە کەیسی لەم چەشنە وەدەگ بێ و دەنگی بە گوێ خەڵک بگا و کارتێکەری هەبێ؟

ئێمە لە ڕۆژهەڵات لە بەر نەبوونی کانالێکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ کوڵ وکۆڵەوارین تا ئەو کاتە لە جیاتی دژایەتی عەلی جەوانمەردی کەیسە بەڵگەدارەکانی لێ قەبووڵ بکەن، ئەوانەی بە قازانجی ڕۆژهەلاتە پشتی بگرن ئەوانی دیکەش مەجبوورنی گوێی مەدەیە! لەو فەیس بووکە خەڵک هەیە ڕۆژێ بە نووسین وبە لایف جگە لە جنێودان و تۆمەت و بوختان بۆ خەڵک چی دیکەی لەدەست نایە و کەچی ئەوانی هەرە خۆ پێ ڕۆشنبیر هەر چە چەهوبەە بەهیانە بۆی، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەویش و هەموو ئەوانەی جنێو دەدەن و سووکایەتی بە عەلی جەوانمەردی دەکەن سەرچاوەی هەواڵ و دەنگ وباسەکانیان هەر عەلی جەوانمەردییە.

١٢ی ئەپریلی ٢٠٢٠

## پرسیارێک بۆ ڕەخنەگرانی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە

با لە پێشدا من خۆم لە وتووێژێک دەگەڵ رادیۆ دەنگی ئەمریکا گوتم حیزبەکانی رۆژهەڵات بارمتەن وهیچ دەسەڵاتێکیان نیە، حیزبێک نەتوانێ یەک بەیاننامە بەدڵی خۆی بڵاوکاتەوە وەک نەبێ وایە. ئەوە واقعی ئەوڕۆی حیزبەکانە، دیارە لەوەش دڵنیام ئەوە دڵخوازی هیچ یەک لە حیزبەکان بە کادرو پێشمەرگەوە نیە بەڵام ئێتر لە هەلوومەرجێک کەتوون کە بە بڕوای من چوونە دەر لێێ هاسان نیە.

ئێستا پرسیار ئەمەیە کە ئەو حیزبانە بە بڕوای ئێوە دەبێ چ بکەن؟ تکایە ورد بین بە لە وڵامەکەت، بێ پێشنیاری مەنتیقی و لانی کەم بێ دوودێرشی بیرکردنەوە مەلێ با بچنەوە شاخی! بە بچنەوە رۆژهەڵاتی کوردستان؟ با... کە ئەوانەش بڵێێ لە ڕوانگەی منەوە قەیدی نیە بە مەرجێک چۆناوچۆنی ئەو رێکارە بخەیە بەر دیدی خوێنەرانی ئەو بابەتە. دیارە ئەو پرسیارە بۆ کۆمەڵەکانیش هەر هەیە جا ئەوانیش دەتوانن بەشدار بن و سپاسیان دەکەم.

تکام وایە ڕێز بگرن وبە ئەدەبەوە لەسەر ئەو بابەتە بدوێن بەڵکوو لە نێو پێشنیارەکانتان دا پێشنیاری وای تێدا بێ بەکەڵکی سەرکردایەتی ورێبەری حیزبەکان هات وئەوانیش ڕەچاوی ئەو پێشنیارانەیان کرد.

تێبینی: دڵنیام سەرکردایەتی حیزبەکان ئەو بابەتە دەبینن، دیارە بە تەمام ئەو پرسیار و پێشنیارانەی ئێوە هەر دوای یەک دوو رۆژ لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵەکان و دێمۆکڕات بخەمە بەر باس و هەرچی جواب و ولامی ئەوان بوو هەر لێرەوە بۆتانی بڵاو دەکەمەوە.

١٧ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# ترامپ و بێبەختی خۆی

ماوەیەک لەمو بەر سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا کوتی Hydroxychloroquine واتە ئەو دەرمانەی بۆ مالاریا لە پێشدا بە کار هاتووە کاریگەری چاکی لەسەر وایرۆسی کرۆنا هەیە، هەر ئەوەدەمی هەندێ شرۆڤەکار و چالاکی سیاسی کورد دیسانەوە سەرۆک کۆماری والاتێکی ٣٥٠ میلۆنیان بە گێل وگەمژە ناساند کە گۆیا باسی تەبابەت دەکا.

ترامپ نە ئەوە یەکەمجاری بووە باسی دەرمان و شێوەی پێڕاگەیشتن بە نەخۆشەکان و ئەو ئامرازانە بکات کە بۆ نەخۆشی کرۆنابەکار دێن، ئەو یەکێک لە باشترین تیمی دوکتورەکانی کردۆتە بەرپرسی بەرەنگار بوونەوەی ئەو وایرۆسە وسەرپەرستی تیمەکەش Mike Pence جێگری سەرۆک کۆمارە کە لە کۆتاییدا سەرەداوەکە هەر دەگاتەوە خۆی وهەر خۆی دەبێتەوە بەڕیوەبەر و مودیریەتی قەیرانی کرۆنا. کە قسەش لە دەرمان و پێداویستیەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتایە دەکا ئەو قسانە دەکا کە تیمی سەرپەرشتیاری بەرەنگار بوونەوەی کرۆنا کە لە ژێر دەستی دوکتور Anthony Fauci کار دەکەن.

ئێستا و بە دوای طبیپەڕ بوونی نزیک مانگێک لەو لێدوانە زۆربەی وڵاتانی جیهان یەک لەوان لە کوردستان ولە سلێمانی باشووری کوردستان بە خۆشییەوە ئەو دەرمانە بەرهەم دێ، هەفتەی رابردوو رووسیا بە فەرمی ڕایگەیاند Hydroxychloroquine وەک چارەسەرئەو نەخۆشیە بەکار دێنێ و دۆنیش کانادا ٥ میلۆنی لەو حەبە ئۆردیر داوە. وادیارە سەرۆک دۆناڵد ترامپ هەر لای کورد بە گێل وگەمژە ناسراوە دەنا بە کردەوە نیشانی داوە هێندەش لەو گێلانە نیە کە کورد وا دەناسێنێ.

١٩ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# سەرکردەکان بەویژدانەوە چاوێک لە چاوی شەهیدان بکەن

ئەوشەهیدانەی لەو وێنایە دا دەبینرێن ٤ کۆمەڵە و ٤ دیمۆکراتن، سێیان پوورزامن وپێنجیان بن ئامۆزامن، من وەک خۆم کە چاو لە چاویان دەکەم، کە بزەیان دەبینم، کە قامەت و باڵای جوانیان دەبینم و کەو ئەوروژگارەش دەبینم شەرمێک دامدەگرێ بێ کۆتایی.

خۆ وەنەبێ تەنیا خزم وکەسی ئێمە ئەو حال و ڕۆژگارمان بێ، دڵنیام لە ئێمەمانان زیاتر هەن و زۆر زیاترو فیداکارتریش هەن. دەمهەوێ ئەورۆ بە کورتی ڕوو بکەمە سەرکردە و ڕێبەرایەتی حیزبەکان، ئایا بەڕاستی چۆن چاو لە چاوی ئەو شەهیدانە و هەزاران ڕۆڵەی گیان فیدای ئەو گەلە دەکەن لە حاڵێکدا یەک تۆزقاڵ ئەو ئامانجانەی ئەوانە و هەزارانی وەک ئەو شەهیدانە خۆیان بۆ کردە قوربانی وەدی نەهاتوون؟

ئەورۆ دەگەڵ مامۆستایەکی پێشمەرگە کە هەمووتەمەنی لە ڕێگای خەبات بۆ ئازادی گەلەکەی بەخت کردووە و لەیەکێک لە وڵاتانی ئورووپایی دەژی قسەم دەکرد. باسی ئەو وەزعەی ئەمڕۆمان دەکرد کە چەندە وێرانین، چەندە پرش و بڵاوین، ئەو ئینسانە گەڕاوە و گوتی:

ئەگەر ڕاستت بوێ من خۆم بە شەرمەزار دەزانم، خۆم بە شکست خواردوو دەزانم، ئاخر کوا دەستکەوتمان چی بووە؟ ئەو هەمووە خوێن و قوربانیدانە ئاکامەکەی ببێ بەو پرش وبڵاوییە؟ جا لەو قسەیە ڕا دلنیام کەم نین ئەوانەی ڕێک ئەوە حاڵ و هەوای ڕووحی و دەروونیانە.

ئیستا جارێکی دیکە ڕوو لە سەرکردایەتی حیزبەکان دەکەم، بەتایبەتی کۆمەڵە و دیمۆکرات، شەڕی خۆبەزلزانی و شەڕی کورسی تووڕ هەڵبدەن وئەو حیزب و ڕێکخراوە وەسەر یەک خەنەوە با لانی کەم ئەگەر هاتوو دڵتان نەرم بوو تا ئەو حیزبانە لەداهاتوودا تەسلیمی نەسلی دواڕۆژ بکەن، حیزب و ڕێکخراوێکی یەکگرتوو کە خەمی خاک و خەڵکی لەبەر بێ تەسلیم بکەنەوە.

هەر ئەورۆ چاوم، لە سایتی شەهید و کاروانی نەمرانی دیمۆکرات دەکرد ئەو هەمووە ئینسانە بە ئیمانە و ئەو هەمووە لاوە جوانچاکەی لە ڕێگای ئازادی کوردستان دا گیانیان بەخت کرد ئاخر کوا ویژدان هەڵدەگرێ ئەو حیزبانە ئاوا لە ت کوت

کرێن.

هیوادارم سەرکردایەتی حیزبەکان یەک بڕیاری بوێرانە بدەن و لەسەر ئەو هەمووە خاڵە هابەشە جارێکی دیکە ببنەوە بەیەک و دەس بەجێش بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژهەڵات دابمەزرێنن ئەوە کەمترین ئەمەگناسییە بۆ شەهیدان.

هەرسێک قادرییەکان شەهیدی ناو ڕێزەکانی کۆمەڵەن و کوڕی یەک بنەماڵەن.
یادی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان لە دڵدا زیندوو.

١- شەهید ئەبووبەکر جەهانگیری ٢- شەهید محەمەد ئەمین قادری ٣- شەهید عەلی جەهانگیری ٤- شەهید عەلی قادری ٥- شەهید محەمەد جەهانگیری ٦- جەلال جەهانگیری ٧- مستەفا قادری ٨- یوسف جەهانگیری

٢٤ی ئەپریلی ٢٠٢٠

---



سەرچاوە
Serchawe

## کورتە پەیامێک بۆ کاک مستەفا هیجری و موخالیفانی لە ناو حدکا

هاوڕێی خەباتکارو ڕێزدار کاک مستەفا هیجری، لە دوورەوە و لە پەڕی دنیاوە سڵاو و هیوام سڵامەتیتانە.

ئەوڕۆژانە دیسان دەنگۆی کێشەناوخۆییەکانی حدکا هەموو بنەماڵەی دێمۆکراتی نیگەران کردووە، ئێمە لە هەندەران هەمووومان بە نیگەرانییەوە دەڕوانینە ئەو دەنگۆو مقۆمقۆیەی سەر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، لە خۆم ڕا دەڕوانم، لانی کەم من کە لەسەرەتای لەتبوون دا دەگەڵ بەرامبەرەکەی ئێوە واتە حدک کەوتبووم هەست بەهەمان ئازار و هەست بەهەمان دەرد و ژان دەکەم، ئاخر هیچ ئینسانێکی بە باوەڕی دێموکرات ناتوانێ بنەماڵەی گەورەی دێمۆکڕات لە زۆر بارەوە بە چاوێک سەیر نەکات و جیاوازیان لە نێو دابنێ. دڵنیام وێنەی من لەناو حدک دا زۆربەی هەرە زۆریانن، بۆیە من ئەو پەڕێ نیگەرانی ئەو دەمگۆیانەم و هیچ لەو دەمی ئاسوودەتر نیم کە کێشەکانی دووبەشی حیزب ١٦ - ١٧ ساڵ لەمەوبەرگەیشتبووە ئاستی تەقینەوە.
جا ئەو جار لەمن ڕا بڕوانە ئەندام و لایەنگرە دڵسۆزەکانی حدکا دەبێ چ حاڵێکیان هەبێ و چۆن لە حەژمەتی ئەو ژانەی بە جەستەی دێمۆکراتەوە نووساوە و واز ناهێنێ گینگڵ دەدەن.

هاوڕێی بەڕێز، ئێستاش نامەکەی ئەو کاتی پێش لەتبوونم ماوە و دڵنیام بەڕێزیشت لە بیرتە کە پێش لەتبوونی حیزب نووسیبووم، بەڕێزتان مادام ڕێبەری حیزبن و باری مەسئولیەتی حیزبیتان لە هەموان زیاترە لە ئاکام دا و بە شێوەیەکی مەنتیقی لە هەر کێشە و گرفتێکدا و لە هەر سەرکەوتنێکیشدا پشکی زیاترتان لەبەرپرسیاریتی بەر دەکەوێ. وە نەبێ بم هەوێ لە بابەتی لەتبوون و ئەو کێشانەی ئێستادا بەتەنیا بەڕێزت تۆمەتبار و گوناهبار بکەم و خەڵکی دیکە لە خەتا و هەڵە و گوناهباربوون دەرباوێژن بەدڵنیاییەوە هیچ کەسمان، لە ئەندامی هەرە سادەی هەردووک لا تا دەگاتە ڕێبەری ناتوانین لە ژێرباری ئەو مەسئوولیەتە مێژووییە خۆمان دەرباوێین و تازە تا دنیا هەیە لەسەرمان ماڵە.

ئێستا کە دووبارە کێشەکان هێندە زەق بوونەوە کە پەلووپۆیان هاویشتۆتە دەرەوەی تەشکیلاتەکانی حیزب و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی ئاخنیوە، ڕاست هەلوومەرجی دوای کۆنگرەی ١٣ م دێتەوە بیر، ئەودەم لە کۆتایی نامەکەمدا کوتبووم کە ئازایەتییەکی ئێوە دەتوانی پێش بە لەتبوون و پارچە پارچەبوونی حیزب بگرێ، ئێستاش هەمان ڕستە دووبارە دەکەمەوە و دەڵێم، لە جێگەو پێگەی کەسی یەکەمی حیزب دا ئەوە ئێوەن کە دەتوانن بە بە گوێگرتن و ڕەچاوکردنی هەندێ راو

سەرنجی موخالیفان کۆتایی بەو کێشانە بێنن کە هەموو لایەکی نیگەران کردووە، ئەویش لە هەلوو مەرجێکدا کە هەموو کەس چاوەڕوانی ئەوە دەکا کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات هەرچی زیاتر لە یەک کۆ ببنەوە و لە ئاکامدا یەکبگرنەوە.

هاوڕێی بەڕێز کاک مستەفا هیجری، ئەوددەمی کوتبووم و ئیستاش دەڵێم لە حیزبی دیمۆکرات دا هەرگیز لەسەر بنەمای دیمۆکڕاسی کەمینە و زۆرینە و تەنیا بە دەنگدان ناکرێ کێشەکان یەکلایی ببنەوە. ئاخر ئەگەر بڕیار بە پێوەری دەنگدانی کەمینەو زۆرینە یەکێک لە بنەماکانی دیمۆکڕاسی بێ ئەوا ڕەچاوکردنی ڕاو سەرنجی کەمینەش دیمۆکڕاتیکترین شێوازی دیمۆکڕاسییە و دەشتوانێ پێش بە هەموو کێشە ناوخۆوییەکانی حیزب بگرێ تا نەگەنە ئاستی تەقینەوە.

بەڕێزان موخالیفانی ئێستای کاک مستەفا لە ناو حدکا دا(نامهەوێ ناو بێنم و بەدروستی نازانم)، تکای برایانەم لێتانە تەجرەبەی لێکترازانی حیزب لە ١٧ ساڵ لەمەوبەر بێننەوە بەر دیدی خۆتان و مەهێڵن کێشەکان بگاتە ئاستی ڕق و کینە لێبوونەوە، ئێوە نەتەنیا بەرپرسی پاراستنی ئەو یەکرێزییەی ناو حدکان بەڵکوو هەموو بەیەکەوە دەگەڵ ڕێزدار کاک مستەفا و باقی هاوڕێیان بەرپرسی وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیمۆکڕاتن، هەتا ئەو حیزبە درەنگتر بەرە و یەکگرتنەوە بچێ و هەنگاوی کردەیی هەلنەهێێتەوە کێشەکان قووڵتر دەبنەوە چارسەریەکان دژوارتر.

چارەسەری ئەو کێشانە ئاسانن ئەگەر قامک لەسەر چۆنیەتی کێشەکان دابنێین، ئەگەر هۆکاری سەرهەڵدانیان ئازایانە و بە دروستی بدۆزنەوە. هەربۆیە هیوادارم کەس دووبارە لەو کێشانە دا بە موتڵەقی بە پێی ئەساسنامەو پرەسیبی زۆرینەو کەمینەو بۆچارەسەری کێشەکان نەچێ کە ئەگەر وابێ هەرگیز هیچ گرفتێکتان پێ چارەسەر ناکرێ. چارەسەری کێشەکان لە پێشدا توورِ هەڵدانی رق و تووڕەیی دەوێ و پاشان بە بیری خۆ فیداکردن بۆ ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی حیزب دەبێ بە پیر چارەسەریەکانەوە بچن. ئەوجار ئومێد بە گەیشتن بە خواستی خەڵک و ئەندامانی بنەماڵەی گەورەی دیمۆکرات واتە یەکگرتنەوەی یەکجارەکی زیاتر دەبۆژێتەوە لە واقعی نزیکتر دەکاتەوە.

هیوادارام هەرچی زووتر بە هەواڵی خۆش دۆستان شاد و دوژمنان و ناحەزان ناهومێد بکەن.

١٠ی مای ٢٠٢٠

## وشیاری هەمە لایەنە و خوێندنەوەی ڕووداوەکان وەکوو خۆی ئەرکە

لەسیاسەت دا قەت بەگژ فریوخوراوان دا مەچۆوە ئەگەر وێرات راست لەسەری ئەوانە بدە کە ماکە وپیلانگێڕی ئەسەڵێن. لە قاودانی دەستی داگیرکەری ئێران کە لە قوڵی زڕەشۆڕشگێرەکانەوە دێتە دەر و سیلە لە حیزبی دێمۆکرات و لە سەرکردە فیداکارەکانی وەک قاسملوو و شەڕەفکەندی دەگرێ و خەریکی ڕەشکردنی مێژووی پڕ لەسەروەری قارەمانەتیی ئەو حیزبەیە بەدڵنیاییەوە بێ وڵام نامێنێتەوە.

با لێرە کەس خۆی لەسەر من ڕانەنێ و باسی رەخنەم نبۆ نەکا، هیچ کەس بە قەدەر من لەسەر حیزبی دێمۆکراتی نەنووسیوە، ڕەخنەی لێ نەگرتووە! هیچ کەس تا ئەو کاتەی من باسی ئەو ترۆرانەی دەیەی ٦٠ م کردبوو کە بە دەستی کۆمەڵە و دێمۆکرات کراوە جورئەتی نەبووە لە کۆڕ و کۆمەڵە تایبەتیەکانیش باسیان بکا، ئەو کات من بەرپرسی حیزبی بووم لە ڕۆژهەلاتی کانادا.

بەڵام ڕەخنە بۆ ئەوەی وشیارییەک بدرێتە دەسەڵاتداران و خەڵکیش، دەگەڵ ڕەش کردنی مێژووی حیزبێک کە هەزاران رۆڵەی ئەو نیشتمانەی لە ڕیزەکانی خۆیدا کردۆتە قوربانی و سێ سەرکردە و ڕابەرێ بە دەستی داگیرکەران شەهید و دەیان ئەندامی ڕێبەری ترۆر و لە مەیدانەکانی شەڕی ئازدیخوازیدا شەهید بوون و دەریای خوێنی لە پاشەخۆی بەجێ هێشتووە زۆر جیاوازە.

دەستێک خەریکە چۆن باکووری پاکتاوی فکری و فیزیکی کرد، چۆن تێکۆشەرانی ڕۆژاوای کوردستانی لێک کردە دوژمن و دوایەش دەگەڵ باشووریشی کردنە دوژمن، هەمان ئەو دەستەی کە بوو بە هاندەری یەکێتی تا وەک هێزێکی سەرەکی کوردستانی لە جیاتی هاوکات دەگەڵ پارتی و باقی هێزەسیاسیەکانی ئەو بەشە خەمێک لە گەلی ستەمدیدەی کوردی باشوور بخۆن هانی دان تا بەگژپارتیدا بچێتەوە و بە خەیاڵی خۆیان پەیمانی کۆتایی هێنان بە پارتی واژۆ بکەن! هەمان ئەو دەستە خەریکە زۆر ناجوانمێرانە هەم هێزەکانی ڕۆژهەلات لێک دوردۆنگ دەکا و هەمیش بە ناوی باسی مێژوویی دەچێ دەبن کەسانێکەوە و ئەوەی دەقاودەق دوژمن پێی خۆشە بۆلێکترازاندنی بۆ نموونە کۆمەڵە و دێمۆکرات بە بەرنامە پەیرەوی دەکات. درۆی شاخدار و تۆمەتی ناڕەوا بێ هیچ بەڵگەیەک و دیکۆمێنتێک دەکەنە فیلم و بە پێی بەرنامەش بلاوی دەکەنەوە! ئەو هێزە دەستەمۆیەی داگیرکەران جگە لە پ ک ک هیچ هیزێکی دیکە نیە؟ ئەو دەیهەوێ لە ڕۆژهەلاتیش هەمان سناریۆی باشوور دوبارە بێتەوە. ئەو مایە فیتنەو ماکەی دووبەرەکی ناو هێزەسیاسییەکانی کوردستانە، هەر کە دوولایەن نزیک



سەرچاوە
Serchawe

**دەبنەوە ئیتر ئاور دەگرن و سناریۆ لە سەر سناریۆ بە دەستی خێڵی درۆ وەک ژار لەناو کۆمەڵگادا بڵاو دەکەنەوە. سەیری مێژووی ئەو ڕێکخراوە بکەن لەوە زیاتر لەدەستی نەهاتووە. هیوادارم کوردی ڕۆژهەڵات بە وشیارییەوە لەم بابەتە بڕوانن و لە داوی ئەو سناریۆیە نەکەون کە ڕێک پیلانی داگیرکەرانی کوردستانە.**

**١٠ی مای ٢٠٢٠**

---



سەرچاوە
Serchawe

## دیمۆکراتەکان با دەداوی پیلانی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی نەکەون

من پێشتریش ئاماژەم بە پیلانێکی ڕەشی دوژمنکارانەی ڤین لە دلانە کرد دژی حیزبی دیمۆکرات، ئەو دەم زۆر کەس باوەڕیان بە بۆچوونەکەم نەکرد، ئێستا ئیتر زۆر ڕوون و شەفاف دیارە کە سیستەماتیک بۆ ژیاندنەوەی کۆنە ڤین هەوڵێکی نەزۆک لە ئارادایە تا لە حاڵێکدا کە کورد ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە یەکڕیزی و یەکدەنگی هەیە لە دژی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران دووبارە دووژمنایەتی و دووبەرەکی نێوان هێزەسیاسییەکان بژیننەوە.
لەو بارەوە ویدۆ کۆنەکان دەکەنە بەهانەو دەستمایەی ئەو هێرشە و بەڕۆژی دەکەنەوە و بەداخەوە بەشێک لە کۆمەڵە و کادرە کۆن و تازەکانیان دەستی باڵایان لەو هێرشانە دا هەیە. ڕەش کردنی مێژووی حیزب و هێرش کردنە سەر سەرکردە بلیمەتە مێژووییەکەی کوردستان دوکتور قاسملوو هەنگاوی یەکەمیانە بە نیازی خەوشدار کردنی مێژووی حیزب. کار گەیشتۆتە جێگایەک کە هەندێکیان تەنانەت باسی هاتنە دەر و هەڵوەشانەوەی ناوەندی هاوکاری هێزە کوردستانیەکان دەکەن کە تەنیا ناوەندێک و تاکە هومێدی خەڵکی ڕۆژهەڵاتە تا بەڵکوو پەرەی پێبدرێ ببێ بە بەرەیەکی دێمۆکراتیکی کوردستانی. هەموو تەما و هەوڵی ئەوانە ئەمەیە تا خەڵکی دیکەش بەڵگەکانی بە پێچەوانە دژی کۆمەڵە بخەنە ڕوو و ئەو دەم ئیتر سناریۆ و پیلانەکە تەواو دەکەوێتە بواری جێ بەجێکردن و سەرکەوتن بەدەست دێنێ. وادیارە هەندێ کەس هێشتا لە خوێنڕشتنی کورد بە دەستی کورد تینوێتیان نەشکاوە!
بۆ لە گۆڕانی ئەو پیلانە وێرای وشیاری و ناسینی تەما و تینی دوژمناکارانە تەنیا یەک ڕێگە هەیە ئەویش ئەمەیە کە دڵسۆزانی دێمۆکرات بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی ئەو بابەتە ئیتر ئیهمال بکەن و خەریکی کاری خۆیان بن وهەوڵەکانیان لەوە دا چڕ کەنەوە کە ماڵە گەورەکەی دێمۆکرات وەسەر یەک خەنەوە. ئەوە باشترین وڵامە بۆ پیلانگێڕی و باشترین کاردانەوەیە بە جێبەجێکارانی بەرژەوەندیەکانی فاشیزمی مەسەبی ئێران.

١٣ی مای ٢٠٢٠

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٠ی کوردی - مای ٢٠٢٠ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe




**سڵاو و ڕێز لە هاوڕێ برایم جەهانگیری**

**نووسەر و تێکۆشەری دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**




# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ  برایم جەهانگیری  بۆ نووسین و ئامادەکردنی بابەت و نووسراوەکان،**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**




سەرچاوە
Serchawe